تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە
هەتا شەڕی دووەمی جیهان

محەمەد رەسوڵ هاوار

بەرگی سێیەم

2007

وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
زنجیرە (٥١٠)

کورد و باکوری کوردستان

لە سەرەتایی مێژووەوە

هەتا شەڕی دوهەمی جیهان

بەرگی سێهەم

نووسینی
محەمەد رەسول هاوار

چاپی دووەم

سلێمانی ٢٠٠٧

کوردو باکوری کوردستان

له سەرەتایی مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان

نوسینی: محەمەد رەسوڵ هاوار

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

نەخشەسازی بەرگ: دیاری جەمال

سەرپەرشتیاری چاپ: کەنعان خەلیل

چاپی یەکەم ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك

چاپ: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی ٢٠٠٧

تیراژ : (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردنی (٥٧٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

ناونیشان

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سلێمانی- گردی ئەندازیاران: ١٠٥ کۆڵانی: ٣٤   ژمارەی خانوو: ١٠

ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

ناوەڕۆکی بەرگی سێهەم

پێشەکی.. ٥

بەشی یەکەم: شۆڕشی ئارارات (ئاگریداغ)......................... ٨

باسی یەکەم: هەڵوێست لەباکوری کوردستان بەشێوەیەکی گشتیو
لەناوچەی ئاراراتدا بەشێوەیەکی تایبەتی ١٠

باسی دوهەم: هۆی هەڵبژاردنی ناوچەی ئارارات بۆ شۆڕش ١٨

باسی سێیەم: خۆیبون: ٢٢

١-هۆی دروستبوونیو چۆنێتی دروستبوونی ٢٢

٢-چالاکی‌یە سیاسیەکانی خۆیبونو ئەندامە چالاکەکانی ٣٢

باسی چوارەم: پەیوەندیو هاوکاریکردنی کوردو ئەرمەنی لەخۆیبوندا ٤٢

باسی پێنجەم: پرۆگرامو پێڕەوی خۆیبون بلاوکراوەو چاپەمەنییەکانی ٥٣

باسی شەشەم: خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ٧٦

باسی حەوتەم: تەقەلای تورك بەدرۆ بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شۆڕشگێڕان... ٩٢

باسی هەشتەم: ڕوو بەڕوو بوونەوەو شەڕە گرنگەکانی شۆڕشی ئاگریداغ .. ١٠٢

باسی نۆهەم: دوا هێرشو شکاندنی شۆڕش ١٦٩

باسی دەهەم: سزادانو کاولکردنو ئاوارەکردن ١٨١

باسی یازدەهەم: هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبەر کورد لەشۆڕشی ئاراراتد... ١٨٥

باسی دوازدەهەم: هەڵسەنگاندنی شۆڕشو کەمو کوورپییەکانیو ئەو ڕەخنانەی
لەشۆڕش گیراوە ١٩٤

باسی سیازدەهەم: بارودۆخ لەدوای شکانی شۆڕشی ئاگریداغ ٢٠٦

بەشی دووهەم: شۆڕشی درسیم ١٩٣٦ ـ ١٩٣٨ .... ٢٣١
باسی یەکەمی شۆڕشی درسیم: هەڵوێست لەباکوری کوردستانابەشێوەیەکی
گشتیو لەناوچەی درسیمدا بەتایبەتی بەر لەدەسپێکردنی شۆڕش ٢٣٣
باسی دووەم: هۆی دەسپێکردنی شۆڕشو بەشداربوانی شۆڕشوسەرکردەکانی
شۆڕش.. ٢٧٠
باسی سێهەم: سەرەتای دەسپێکردنی شۆڕشو ڕوو بەڕوو بوونەوە ٢٨١
باسی چوارەم: شکاندنی شۆڕشو سەرەنجامەکەیو سزادانو ئاوارەکردنی
دانیشتوان ٣٠٣
باسی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی شۆڕشو کەمو کوورییەکانی ٣١٦

بەشی سێهەم.. ٣٢٢
باسی یەکەم: ئەو ڕەخنانەی لەشۆڕشەکانی کورد گیراوە بەشێوەیـــەکی
گشتیو لەشۆڕشەکانی باکوری کوردستان بەتایبەتی ٣٢٣
باسی دوهەم: ئەو دەرسو پەندانەی پێویستە کورد لەشۆڕشەکانی کورد بەشێوەیەکی
گشتیو لەشۆڕشەکانی باکووری کوردستان بەتایبەتی وەربیگرێت.................. ٣٤٠
باسی سێهەم: هەڵوێستی حکومەتی تورك بەرامبەر کوردو ئەو یاساو
بڕیارانەی دژی کوردو مافی کورد دەری کردبوو ٣٦٤

پێشەکی

لەگەڵ ئەوەشدا لەهەردوو بەرگەکەی پێشوودا بۆ هەریەکەیان پێشەکیەکم پێشکەشکردووە بەخوێنەرانی بەڕێز، بەڵام بەپێویستم زانی لەم بەرگەی دواییشدا پێشەکی‌یەك بخەمە بەرچاو.

لەهەرسێ بەرگەکەدا باسی زنجیرەیەك شۆڕش‌و ڕووداوو بەسەرهات‌و ڕاپەڕین کراوە کە بەداخەوە ئەو شۆڕش‌و ڕاپەڕینە یەك بەدوای یەکانە هەموویان کپ‌و خامۆش کراون‌و هەموو جارێك کورد لەئەنجامیا تووشی زیانێکی زۆری ماڵی‌و گیانی‌و ماڵ کاولی بووەو لەهیچیانا سوود لەڕووداوەکانی بەرلەخۆی وەرنەگیراوە.

مامۆستای مێژوونووسی گەورەی کورد ئەمین زەکی بەگ لەهەموو کەس زۆرتر هەستی بەوە کردووە کە کورد دەرس‌و پەندی لەڕووداوو بەسەرهاتەکان وەرنەگرتووەو لەلاپەڕە (٢٤٤)ی کتێبە بەنرخەکەیدا (مێژووی کوردو کوردستان)، هەروەکو لەباسی دووهەمی بەشی سێهەمی ئەم بەرگەدا ئاماژەمان بۆ کردووە بەدورودرێژ باسی هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کردووە بەشێوەیەکی گشتی‌و هی شۆڕشەکانی باکووری کوردستان بەتایبەتی‌و منیش پوختەی بۆچوونەکانی ئەوم لەوەرگێراوە عەرەبیەکەی ئەو کتێبەوە کردوە بەکوردی‌و ئەمین زەکی بەگ داخ‌و خەفەتی خۆی هەڵڕشتووە بەرامبەر بەو کەم‌و کووڕییانەی لەشۆڕشەکانی کوردا بەدی کرابون‌و هەروەکو مێژوونوسوو زانایەکی دووربین ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە کلیلی سەرکەوتنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بریتییە لە

سەرکەوتنی خەبات و شۆڕشی کورد لەباکوری کوردستانداو بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە پیرۆزە پێویستە لەسەر کورد ئەو ڕاستییە بخاتە پێش چاو.

کاربەدەستانی ڕژێمی تورك هەر لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی کە زۆربەی میللەتان مافی ڕەوای خۆیان دەسگیربوو، ئەوانەی لەژێر باڵی عوسمانیدا بوون یەك لەدوای یەك لەتورکیا جیابوونەوەو تەنها مایەوە سەر کورد کە بەداخەوە نەخۆی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست کەوتە خۆی بۆ دەسگیربوونی مافەڕەواکانی و نەبارودۆخی ناوچەکەو نە هەڵوێستی دەوڵەتان لەوەدا بوو ببێت بەلایەنگری کورد وەکو لەبەرگی دوهەم و سێهەمدا دێتە بەرچاوو حکومەتی تورك لەئەنجامی ئەمەدا نەخشەی توانەوەو لەناوبردنی کوردی کێشاو توانی گەلێك یاسای ناڕەوا دەربکات دژی کوردو بۆ قەدەغەکردنی زمانی کوردی و ڕێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەو پەرەپێدانی ڕۆشنبیری لەناوچە کوردنشینەکاناو شان بەشانی ئەمە ئەوپەڕی جەوروستەمی بەکارهێنا بۆ سەرگرتنی نەخشەکانی و بۆ ماوەی (٦٠-٧٠)ساڵ هەرچی لەتوانایدا بوو دژی کورد کردی و بەهەزارانی لەسێدارەداو سەدان هەزار خێزانی لەخاکی نیشتمانی خۆی دوورخستەوەو پەرەوازەی کردن و هەرچی بۆنی ناوی کوردو کوردایەتی لێ بهاتایە بەوپەڕی دڕندەییەتیەوە لەناوی دەبرد، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو تەقەلاو ئەو هەموو نەخشانەی بۆ لەناوبردنی کوردو توانەوەی کورد کێشابووی بەهاوکاریی ئەو دەوڵەتە سەرمایەدارو ئیمپریالیزمانەی حکومەتی تورکیان کردبوو بەکوتەکی دەستی خۆیان بۆ بەکارهێنانی لەناوچەکەدا، ئەو هەموو تەقەلایانە هەمووی بێ سوود بووەو کورد لەباکوری کوردستانا کۆڵی نەداو ئامادە بوە جار لەدوای جار تاقمێك لەتێکۆشەران و خەباتکەرانی ڕووبەڕووی ئەو ڕژێمە فاشستە بوونەتەوەو ئامادەیە تا بەمافی خۆی نەگات کۆڵنەدات.

لەڕاستیدا ڕژێمی تورك لەكۆنەوە تەنها بەوە وازی نەهێناوە مافی كورد لەباكووری كوردستانا پێشێل بكاتو ووشەی كوردو كوردستان لەهیچ چاپەمەنی‌یەكی ناو ولآتیا ڕێگەی پێ نەدرێت ناویان بهێنرێت، بەڵكو هەوڵێكی هەمیشەیی داوە كورد لەبەشەكانی تری كوردستاندا بەمافی نەتەوایەتی خۆی نەگات كە نموونەی ئەمە لەشۆڕشەكانی شێخ مەحمودی قارەمانو سمكۆی شكاكو كۆماری كوردستان لەمهاباد بەسەرۆكایەتی قازی محمدی شەهیددا دەردەكەوێت، بۆیە لەم سەدەی بیستو یەكەمەدا پێویستە كورد هەنگاوێكی تازە بنێت بۆ پووچەڵكردنی نەخشەكانی ڕژێمی فاشستو بۆ گەیشتنی بەو قۆناغە پیرۆزە لام وایە ئیتر كاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەكی زانیاریانە نەخشەی چۆنیەتی گەیشتن بەمافە ڕەواكانی بكێشرێتو میللەتانی تری وەكو كورد لەژێر چەپۆكی داگیركەران ڕزگاریان بوە هەر هەمان ڕێبازیان گرتۆتەبەرو هەوڵێكی زۆریان داوە كۆنگرەیەكی نیشتمانی پێك بێننو كوردیش هەروەكو ئەو میللەتە ڕزگاربوانە ئیمڕۆ لەهەموو كاتێك زۆرتر پێویستی بەپێكهێنانی كۆنگرەی كوردستانی هەیە كە بتوانێت نوێنەرانی هەموو بەشەكانی كوردستانی تیادا بەشدار بنو یەكێك لەئەركە گرنگو سەرەكی‌یەكانی ئەو كۆنگرەیەش بریتیە لەدەستنیشانكردنی ستراتیژییەكی زانیاریانە بۆ خەباتی هەموو بەشەكانی كوردستانو لاشم وایە دوژمنانی كورد لەبەرئەوەیە خۆیانو نۆكەرو وابەستەكانیان كە هەندێكیان لەژێر پەردەی كوردایەتی‌دا دژی پێكهێنانی ئەو كۆنگرەی كوردستانیە دەوەستن، بەڵام خەیاڵی دوژمن خاوەو كورد واز لەمافە ڕەواكانی خۆی ناهێنێت تانەگات بەئامانج.

لەندەن —هاوار

بەشی یەکەم

شۆڕشی ئارارات (ئاگریداغ)

پێشەکی:

لەدوای شکانی شۆڕشی پیران و ئەو کارەساتەی بەسەر کوردا هات، حکومەتی تورکی فاشستی لەدڕندەیەتیی خۆی نەکەوت و لەجاران زۆرتر کەوتە سەر سەودای لەناوبردنی کورد بۆ ئێجگاریی و دەستیکرد بەبەجێهێنانی ئەو نەخشەیەی لەمێژبوو ئامادەی کردبوو بەنیازی ئەوەی جارێکیتر کورد لەباکووری کوردستانا لەتوانایدا نەبێ هیچ جۆرە بزوتنەوەو جموجولێك بکات بۆ داواکردنی مافی کوردو بۆ ئەو مەبەستە وەکو لەدوا باسی شۆڕشی پیراندا باسکراوە دەستیکرد بەلەسێدارەدان و زینداکردن و کاولکردنی ماڵ و دێهاتی کوردو گواستنەوەی بەکۆمەڵ بۆ شوێنە دوورەکانی دوورلەکوردستان بۆ توانەوەیان لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا.

بەرامبەر بەو هەڵوێستەی حکومەتی تورکیا تێکۆشەران و سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی کورد کەوتنە خۆیان و بڕیاریاندا دەست بەشۆڕشێکی جەماوەری بکەن بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو نەخشەیەی بۆ لەناوبردنی کورد کێشرابوو، لەهاوینەهەواری (بحمدون) یەکەم کۆبونەوە بەسرا کە لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا ڕێکخراوو کۆمەڵەکانی کورد کە هەبوون هەموویان هەڵوەشێنرێتەوەو لەهەموویان کۆمەڵێکی یەکگرتوو پێك

بێت بەناوی (خویبون)ەوەو کۆمەڵی خۆیبون بڕیاریدا یەکێك لەناوچەکانی کورد هەڵبژێرێت کە بکرێت بەبنکەی ئەو شۆڕشەو بۆ ئەو مەبەستە ناوچەی ئارارات (ئاگریداغ) هەڵبژێرراو (احسان نوری پاشا) کرا بەسەرکردەی ئەو هێزانـــەی لەئاگریداغـــدا بڕیـــاردرا دەســـت بەشـــۆڕش بکرێـــت تیایـــاو بەڕەزامەنـدێتی (خویبـون)، احسـان نـوری پاشا دەستیکرد بەهەڵبـژاردنی کاربەدەستانی ناوچەی شۆڕش‌و دانانی سەرکردەکانی هێزەکان‌و بۆ ئەو مەبەستە (ئیبراهیم پاشای هسکی) کە هەندێ لەسەرچاوەکان بە •برۆ) یا بە •ئیـبراهیم هسـکی تیللـی) ناویـان بـردووە کـرا بەلێپرسـراوی بـەڕێوەبردنی کاروبـاری ڕۆژانـەی ناوچـەکانی شـۆڕش، کـە ئـەو ئیـبراهیم پاشایە تـا دوا هەناسـەی وەك شۆڕشـگێڕێکی دلێـری کۆڵنـەدەر لـەپێناوی ئـەم شۆڕشـەدا خەباتی کرد.

لەباسـەکانی شۆڕشـی ئاگریداغـدا کـە کـراوە بـە ١٣) بـاس بـەپێی ئـەو سەرچاوانەی دەستگیرمان بوەو لەشۆڕشەکە دواون هەوڵئـەدەین تـا کۆتـایی هێنـان بەشۆڕشـەکە هـەموی بخەینـە پـێش چـاوی خوێنـدەوارانی بـەڕێزو لەناوەڕۆکی ئەم بەرگەدا (فهرست) ئەو سیازدە باسە دەبینرێت.

باسی یەکەم:

هەڵوێست لەباکوری کوردستانا بەشێوەیەکی گشتیو لەناوچەی ئاراراتدا بەشێوەیەکی تایبەتی

لەبەرگی دوهەمدا لەکۆتایی باسی شۆڕشی پیراندا باسی تاوانی تورکەکان کرا دژی دانیشتوانی ناوچەکانی شۆڕشو کار بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو تورکە دڕندەکان دەستیانکرد بەکوشتنو سزادانو ئاوارەکردنو ڕاگوێزانی کورد بەکۆمەڵ بۆ ناوچە تورك نشینەکان بەنیازی توانەوەیان لەپۆتەی تورکداو ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد لەوانەش کە بەشدارییان لەشۆڕشی پیراندا نەکردبوو لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە ڕاونرانو ناچارکران وڵات بەجێ بێڵنو ڕووبکەنە وڵاتانی بێگانە بۆ ئەوەی لەوێوە نەخشەی ڕاپەڕینو شۆڕشێك ئامادەبکەن دژی ئەو حکومەتە دڕندەیەی بەشێکی زۆری لەناوچەکانی کورد کاولکردبوو، وەلەجیاتی ئەو کوردانەی بەکۆمەڵ گوێزرابوونەوە بۆ شوێنە دوورەکان ئەو تورکانەی لەناوچەی (کوسوفو)دا بون پەلکێش کرانو لەخاکی کورددا نیشتەجێ کران.

بەداخەوە هەروەکو لەزۆر شوێنی تریشدا بەرلەمە باسمانکردووە, کورد لەدوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی بەدواوە گەلێك ڕاپەڕین و شۆڕشی بچڕبچڕی کردووەو ئەگەر لەشوێنێکدا شۆڕش بەرپاکرابێت کوردی ناوچەکانی‌تر لێی بێدەنگ بون و بەبیریانا نەهاتبوو کە دوای سەرکەوتنی حکومەت بەسەرشۆڕشی ئەو ناوچەیەدا نۆرەش دێتە سەر ناوچەکانی‌تر, کە ئەم ڕاستیە لەبێدەنگ بوونی کوردی ناوچەکانی ئاراراتدا زۆرباش بەدی دەکرێت کەچۆن ساتێك شۆڕشی پیران دەستی پێکرد لەناوچەکانی ئاراراتدا هیچ جۆرە جم‌وجوولێکی کورد ڕووی نەدا بۆ ئەوەی باری شۆڕشگێڕانی پیران سووك بکرێت, بەڵکو شۆڕشی ئاگری داغ کاتێك ڕوویدا کە حکومەتی تورك دەستی خۆی لەشۆڕشگێڕانی پیران وەشاندبوو, خۆی بەهێزکردبوو, کارێکی واشی کردبوو لەو شۆڕشەدا هەڵوێستێکی وای هێنابوە پێشەوە کورد لەناو خۆیدا دووبەرەکی‌یەکی ناخۆش و خراپی تیادا پەیدا بوبوو کە بریتی بوو لەکولاندنەوەی کۆنە برینەکانی ناکۆکی نێوان سونی و علوی کەکاتی خۆی بەهۆی سوارەی حمیدیەوە پەیدا بوبوو, ساتێکیش کورد لەدەرەوەی وڵات بیری لەپێکهێنانی شۆڕشێکی‌تر کردەوە بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی و لەخاکی نیشتمانی خۆی, باروودۆخی ئەو ڕۆژانەو هەڵوێستی دەوڵەتان گەیشتبووە قۆناغێك کە کورد بەئاسانی نەیدەتوانی شۆڕشێکی‌وا بەرپا بکات کە بتوانێت دوژمن ناچاربکات واز لەو نەخشە جەهەنەمییەی خۆی بێنێت کە بۆ نەمان و لەناوبردنی کورد دەمێك بوو نەخشەی کێشابوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆڵی نەداو شۆڕشی ئاگریداغ هەڵگیرسا ئەگەرچی بەداخەوە سەرەنجامی ئەمیش وەکو هی شۆڕشەکانی‌تر وابوو, باشترین سەرچاوەیەك کەباسی ڕەفتارو دڕندەیەتی تورك و هەڵوێستی کاربەدەستانی

تـوركی كردبێـت بەرامبـەر بـەكورد بريتييـە لەسـەرنجی چـەند نووسـەرێكی بێگانـە كـە (سـريا بـدرخان) لەپاشـكۆی كتێبەكەيـدا سەرچـاوە/ ٧٩ ئـەو سـەرنجانەی بلاوكردۆتـەوەو ئێمـەش لێرەدا سـەرنجی ئـەو نووسـەرانە وەردەگێڕين بۆ كوردی بۆئەوەی خوێنەری بەڕێز باشتر ئاگاداری دڕندەيەتی توركە كماليەكان بێتو باشتر لەمەڵە زلەكانی ميللەتەكەی خۆی تیٚ بگات.

لەلاپـەڕە(٦٩)ی كتێبەكـەی سورە يابدرخانـدا سەرچاوە/٧٩ ئـەو باسـەی بلاوكردۆتـەوە كـە لەلايەن (Harry.a.framk) لـە ٢ی نـوڤمبری ١٩٢٧دا بـلاوی كردۆتـەوە دەربـارەی سياسـەتی حكومـەتی توركيـا بەرامبـەر بـە كـورد كـە وتوويەتی:

((لەم ڕۆژانەدا لەو گەشتەی بۆ توركيام كردبوو گەڕامەوە, بەلاَم بەداخەوە گەشـتەكەم تـەواو نـەكردبوو چـونكە كاربەدەسـتانی تـورك ڕێگـەی ئـەوەيان لێگرتم بچم بۆ (ئەرزروم).

لەكاتێكـدا بـەر لەئيسـتە بـەناو (٦٠)ولاَتـدا گـەڕابووم لـەهيچ لايـەكيان ڕێگەی هاتوچۆم لیٚ نەگيرابوو سـاتێك هـۆی ئـەو ڕێگرتنـەم لەكاربەدەسـتانی تورك پرسی هۆی چيە ڕێگە بەبێگانە نادرێت بچێتە ئەو ناوچانە لەوەرامدا بەئاشكرا پیٚيان ووتم نەك هـەر لـەتۆ بـەڵكو ڕێگـە بـەهيچ بێگانەيـەكی تـريش نادرێت بچێتە ئەو ناوچانە.

سـاتێك ويستم بچم بۆ (خربوط)و (دياربكر)و (قارص) بۆ ئـەو شـوێنانەش هـەمان وەراميـان دامـەوە چـونكە ئـەو ناوچـانە لەلايـەن حكومـەتی توركيـاوە بەناوچــە داخراوەكــانی ولاَت دەژمێــررێنو نــابیٚ بێگانــە بۆيــان بچــێتو لەدواييدا ئەو ئەمريكاييانەی ماوەيەكی زۆرە لەتوركيادا دەژينو قسەكانيان جێگـەی بڕوايـە هـۆی ئـەو ڕێگرتنـەيان بـۆ ڕوون كردمـەوە. سـەير ئەوەيـە,

لەگەرمەی شەڕی جیهانیدا, لەولآتانی ڕۆژئاوادا مەگەر تەنها شوێنی کۆڕی شـەڕەکان ڕێگـەی هاتوچـۆیان بگیرایـە, بـەلآم والێـرە لـەتورکیا کوردەکـان تووشی کارەسات دەبن کەچی ڕێگەی بێگانە لەهاتوچۆکەران دەگیرێت...

تورکـەکان بـەوە ناسـراون زۆر دڕنـدەن‌و پێویسـتیان بـەوە هەیـە یـەکێك جڵەویان بگرێتە دەست‌و ڕێگەی ئەو دڕندەیەتیەیان لێ بگرێت.

بێجگە لەکورد, گەلێك یۆنانی‌و ئەرمەنی‌و کریستیانەکانی تر لەتورکیادا تووشـی کارەسـات‌و ئەشـکەنجەو لەناوچـوون هـاتوون تـەنها لەبەرئـەوەی باوەڕیـان بەئاینەکـەی خۆیـان هـەبوە, بـەلآم وا لـەدوای ئـەو کریسـتیانانە نۆرەش هاتۆتە سەر کوردەکان کە بەزۆری وایان لێ دەکەن کلآوی نیشتمانی خۆیان داکەنن‌و بەزۆرەملی کلآوی ئەوروپییان پێ لەسەر دەکەن.

هەندێجار تەنها هەر لەبەرئەوەی پارێزگاری هێشتن‌و مانەوەی هەندێ لە کەلـەپووری باووبـاپیرانی خۆیـان دەگـرن ئـەم پارێزگاریکردنـەیان تووشـی ئەشـکەنجەو کوشـتن‌و ئـاوارەکردن دەبـن‌و هـەموو مـاڵ‌و موڵکیـان لێ زەوت دەکرێت سەیریش ئەوەیە ئەگەر کورد پارێزگاری لەو مافە ڕەوایەی خۆی بکات ئەمەی بەیاخی بون‌و دژایەتیکردنی حکومەتی کمالی‌یان لەسەر حساب دەکەن.

ئێمـە زۆرجـار لـەدەرەوەی تورکیـادا هـەواڵی کوشـتاری یۆنانیـەکان‌و ئەرمەنیـەکانمان دەبیسـتەوەو هەواڵـەکانیان دەگەیشـتە دەرەوە چـونکە دۆسـتی وایـان هـەبوو ئـەو ڕووداوو کارەسـاتانەیان دەگەیانـد بـەولآتانی دەرەوەو هەنـدێ جـار لەئـەنجامیا پروپاگەندەیـەکی زۆریـش دژی تـورك دەکرابەلآم کورد ئەو جۆرە دۆستانەی نەبوەو نیەتی کە دەنگ‌و هاواریان

بگەنێتە دەرەوە بۆیە هەمیشە دەنگ و هاواری کوردەکان بەئاسانی لەلایەن تورکەکانەوە کپ وخامۆش دەکراو کەس پێی نەدەزانی.

زوربەی ئەرمەنی خاکی ولأتی خۆیان بەجیٚ هێشتووە لەناو تورکیاداو ئەو مسینیرە کەمانەش کە ماونەتەوە تەنها ڕێگەی ئەوەیان هەیە لەقوتابخانەکاندا هەر ئەو دەرسانە بلێنەوە کە لەقوتابخانە تورکیەکانا دەوترێتەوەو بۆ وتنەوەی هەر دەرسێکی تریش پێویستە حکومەت پێشەکی ئەو دەرسانە پەسەند بکات و ڕێگەش بەهیچ تورکێک نادرێت فێری دەرسەکانی ئەو مسینیرانە ببێت.

حکومەتی تورکیا فەرمانی دەرکردووە کە پێویستە منداڵە ئەمریکاییەکان لەناوچەکی وەکو (طوروس)دا پێویستە لەسەریان ڕۆژانی یەکشەممەش هەر دەبیٚ دەوامی قوتابخانە بکەن و لەجیاتی انجیل دەبوایە قورئانیشیان فێربکرایە (ئەوسا هێشتا تورکیا وەکو ئەمڕۆ ڕۆژی یەکشەموو نەکرابوو بەڕۆژی پشوودان لەجیاتی ڕۆژی هەینی و ئیمڕۆ خوێندنی قورئانیش لەقوتابخانەکانا قەدەغە کراوە).

نووسەر ئەڵیٚ: لەڕاستیدا ئەم هەڵوێستەی تورك تەنها لەبەر دڵسۆزی نەبوە بۆ ئاینی ئیسلام بەڵکو بۆ ئەوە بووە ئەو منداڵانە ناچاربکرێن زمانی تورکی فێربىن.

ئەو خەستەخانانەی مسینیرەکان بەڕێوەیان دەبردن جاریٚ هێشتا ماون بەڵام دەبیٚ هەموویان بەفەرمانی کاربەدەستانی تورك بڕۆن بەڕێوەو مووچەی کارگوزارەکانی ئەو خەستەخانانەش دەبوایە هەر لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە دەستنیشان بکرایە.

لە (ئانا دۆل)دا تاقە دەزگایەکی میسینری ئافرەتانی تێدایەو ساتێك هەوڵدرا ئەندامێکی تازە بخرێتە سەر دەستەی بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە حکومەت بەهیچ جۆرێك ڕێگەی ئەوەی نەداو ساتێك هەر یەکێك لەو میسینرانە بیویستایە بچێتە دەرەوە دەبوایە هەرچی ماڵو موڵکی هەبوو دەسکاری نەکردایەو بەجێی بهێشتایە کە ئەمەش بۆ ئەوە بوو ئەوانە نەچنە دەرەوە نەوەکو هەواڵو دەنگ‌وباسی ناوچەکەیان بگەیەنن بەدەرەوەو بەفەرمانی مستەفا کەمال پاشا خەستەخانەی ئەمریکاییەکان لە (Marsivam) داخرا چونکە سیخوڕێکی تورك ڕاپۆرتێکی دەربارەی قسەیەکی بەڕێوەبەری خەستەخانەکەی بەحکومەت گەیاندبوو کە وتبووی دیموکراتیەت بەهەڵواسینی خەڵكو بەدکتاتۆریەت سەرناگرێت.

پەنجا پرۆفیسۆری ئەمریکی لەقوتابخانەی میسینرەکانا هەڵواسران چونکە هەندە فۆتۆگراف لەقوتابخانەکەدا بینرابوو کە تاقمێك فتبولیانکردبوو، کراسەکانیان شین‌و سپی بوو کە ئەو دوو ڕەنگە ڕەنگی ئاڵای یۆنان بوو لەکاتێکدا ئاڵای تورکیش بەسەریانەوە هەر هەڵواسرابوو.

نووسەر لەسەر باسەکەی دەڕواو دەڵێت:

وەکو چۆن میسینیرەکان ناچاردەکران تورکیا بەجێ بێڵن، بەو شێوەیە بازرگانەکانیش نەیان دەتوانی بەپێی پێڕەوو بڕیارەکانی حکوومەت کاروباری خۆیان ببەن بەڕێوەو ژیانی خۆیان مسۆگەر بکەن بۆیە ئەوانیش ناچاردەبوون تورکیا بەجێ بێڵن.

یەکێك لەکۆمپانیا گەورەکانیان کەهی توتنە سیٚجار کەل‌وپەلی خۆیان پێچایەوە بۆ ئەوەی لە ئەستەمبوڵەوە بگوێزنەوە بۆ یۆنان بەڵام هەموو

جارێك ڕێگەیان لێ دەگیراو بۆ دواجار كە لێپرسراوی كۆمپانیاكەم بینی هێشتا هەر بەئومێدی ئەوە بوو ڕێگەی ڕۆیشتن و دەربازبوونی پێ بدرێت.

نووسەری ئەو باسە بەدوورو درێژی باسی ئەوەی كردووە كە مستەفا كەمال بەناوی پێشكەوتنخوازیەوە هەرچیەكی كردبوو بۆ دانیشتوان هەمووی بێ سوود بوو, هەموو چالاكی یەكانی كاربەدەستانی حكومەت بریتی بوو لەپروپاگاندە كردن بۆ (غازی مستەفا كەمال) و بیریان لەخەڵكی برسی و دواكەوتووی وڵات نەدەكردەوە..)

سریا بدرخان لەكتێبەكەیدا لەلاپەڕە (٧٣)یدا چەند برگەیەكی لەو كتێبە بڵاوكردۆتەوە كە لەلایەن (G.Bie Rovmdal) لەساڵی ١٩٢٦دا لەلایەن قونسوڵی تەی ئەمریكاوە لە ئەستەمبوڵ چاپكراوە لەوەدا دەربارەی توركیا وتراوە:

١- ژمارەی توركیا ئیمڕۆ لە(٧,٥)ملیۆن تێپەڕناكات كە ساڵانە (٩٠)ملیۆن دۆلار بۆ ئەو ژمارەیە تەرخان دەكرێت.

٢- ئەو قەرزانەی لەسەر توركیا كۆبۆتەوە بریتییە لە(٧٩١,٩٨٥,٨٧٧)دۆلار حكومەتی توركیا پێشنیازی كردوە بایی (٥٨٦)ملیۆن موڵكی حكومەت بفرۆشرێت بۆ ئەوەی بەشێكی ئەو قەرزەی پێ بداتەوە.

٣- لەكاتی خۆیدا ئەوانەی لە بازرگانیدا كاریان دەكردو خەریكی هێنان و بردنی كەل وپەلی بازرگانی بوون لە(٦٦٪)یان یۆنانی و ئەرمەنی بوون, كە زوربەی ئەوانە دەركران باری ئابووری وڵات تەواو شلۆق بوو خۆشیان نەیان دەزانی چۆن چارەسەری ئەو كێشەیە بكەن.

لێرەدا ئالەم بارودۆخەی ئەو ڕۆژانەی تورکیادا لەجیاتی ئەوەی کەمالیەکان کاروباری وڵات چارەسەر بکەن, هەرچی لەتواناییاندا بوو تەرخانیانکردبوو بۆ کڕینی چەكو زۆرکردنی ژمارەی سەربازو جندرمەو پاش شۆڕشەکەی پیران کوردیان ناچارکرد دوو شۆڕشی تریش بەرپا بکات دژی حکومەت بۆ ئەوەی واز لەو ڕەفتارە دڕندەییەی خۆی بێنێتو دەستبەرداری ئەو نەخشەیە بێت کە بۆ لەناوبردنی کوردو کاولکردنی کوردستانی ئامادەکردبوو.

دوای ئەو چەند یاداشتە, سورەیا بدرخان لەلاپەڕە(٧٥)ی کتێبەکەیدا کورتە باسێکی گەشتێکی گەریدەیەکی ئاوسترياسی کردووە کە لە٢٨ی دیسمبری ١٩٢٨دا چووە بۆ تورکیاو لەو یاداشتەیدا بەدووررو درێژ باسی دواکەوتنی باری ئابوریی تورکیای کردووە کە بێگومان چ کوشتاری ئەرمەنیو چ دەرکردنی یۆنانی چ ئەو زنجیرە شۆڕشانەی کورد کە بەناچاری دژی تورکی کەمالی کردبووی هەموویان هۆی سەرەکی بوون بۆ ئەوەو نووسەر لەکۆتایی گەشتەکەیدا وتوویەتی:

(کەمالیستەکان بەهیوای ئەوەن لەماوەی (٢٥)ساڵدا باری وڵات بەتەواوی بگۆڕن کە دڵنیام ئەو بۆچوونەیان شتێکی زۆر دوورە بەم عەقڵیەتەی هەیانە بەو ئاواتەی خۆیان ناگەن..

خەڵك لەوپەڕی برسێتیو کەساسیدایە, کاروباری بازرگانی ڕاوەستاوە, پیشەسازی لەپلەیەکی زۆر نزمدایە.. خەڵك بیٚ پارەو پوولەو حکومەتیش موفلیسەو ئەوروپاییەکان هەروەکو جاران قەرزیان نادەنیٚ).

باسی دوهەم

هۆی هەڵبژاردنی ناوچەی ئارارات بۆ شۆڕشێکی تازە..

لەبەرگی یەکەمدا لەبەشی جوگرافیای باکوری کوردستاندا باسی چیای ئارارات کراوە کە بەچیای (ئاگری) بەناوبانگەو بەرزترین چیایە لەباکوری کوردستانداو لای ئەرمەنیەکان بەشوێنێکی زۆر پیرۆز دەژمێررێت کە پێی دەڵێن (ماسیس).

چیای ئارارات دەکرێت بەدوو بەشەوە, ئاراراتی گەورەو ئاراراتی بچووك‌و بەپێی بۆچوونی دکتۆر (ولید الأعظمي) سەرچاوە (٢٣) بەرزترین لووتکەی چیای ئاراراتی گەورە بریتییە لە(٥١٦٨) مەترو بەرزترین لووتکەی ئاراراتی بچووك (٣٩١٤)مەترە بەڵام دکتۆر عبدالرحمن قاسملو لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (١٦) بەرزترین لووتکەی چیای ئاراراتی بە (٥٢٢٦)مەترو کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٤١) بەرزترین لووتکەی ئاراراتی گەورەی بە(٥١٧٥)و هی ئاراراتی بچووکی بە(٣٩٩٦)مەتر داناوە بەڵام (منذر الموصلي) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٢٥) بەرزترین لووتکەی ئاراراتی گەورەو بچووکی هەروەك‌و ئەوەی (ولید الأعظمي) داناوە کە دیارە سەرچاوەی هەردوکیان هەر یەکێکە.

احسـان نـوری کـه سـەرکردەی شۆڕشـی ئـارارات بـووە لەکتێبەکەیـدا سەرچاوە(٦١) لەباسی ناوچەی ئاراراتدا وتوویەتی:

((لای کریسـتانەکان وایـە کەشـتی نـوح لەسـەر چـیای ئـارارات گیرساوەتەوەو ئاشـوریەکان بـە(ئورارتـو)و عبرییـەکان بـە (ئـارارات)و (هـیردوت)ی یۆنـانی بـە(ئـالارد) ناویـان بـردووەو هـەروەکو وتمـان ئەرمەنیەکان بەئاراراتیان وتووە (مارسیس)و وەکو احسان نوری باسی کردووە بۆ یەکەم جار ناوی (ئورارتو) لەسەر تاشەبەردێك نوسراوە کە لەلایەن (شلما نصر)ی پاشای ئاشورییەکان لەساڵی ١٢٦٠ی پێش زایین نوسـراوەو مێژوونووسـی بـەناوبانگ (مورگـان) وتوویـەتی دەوڵـەتی ئارارات دوو هەزار ساڵ پێش زایین هـەبووەو بەپێی کتێبەکەی (مورگان) ئەو دەوڵەتـەی پێـی ووتـراوە (کاردوکیا) وەیا (توسباس) کە پایتـەختی دەوڵەتی ئورارتوی کورد بوە.

لەسـاڵانی (٨٢٥-٨٠٠)ی پـێش زاینـدا پادشـای ئـاگری نـاوی (منڤاش)بوە کە بریتییە لەهەمان ئەو (مناش چغا)یەی کە لەئاوێستادا ناوی هاتووەو لەشانامەی فردوسیدا بە (منوچك) ناوی هاتوە.

(هـیرودوت)ی مێژوناسـی یونـانی لەکتێبەکەیـدا باسـی عەشـیرەتی (ئالاروت)ی کردووە کە عەشیرەتێکی بت پەرست بون لەناوچەی (نـاین)دا کە دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتە گەیشتبوە روباری (ئاراس) کـە ئـەم ناوچەیە بەشوێنی طائفەی (ئاریزانت)ی (میدی)ش بوەو وادیارە ووشەی ئارارات لەناوی ئەو طائفەیەوە هاتووە.

منـذر الموصـلي لەکتێبەکەیـدا سەرچـاوە (٢٥) وتوویـەتی: چـیای ئارارات سنورێکی خۆڕسکی نێوان تورکیاو ئێرانەو لەخاکی ڕوسیاشیان

جیا دەکاتــەوەو بەشــی زۆروی ئــەم چــیایە بەســەر دەشــتی(ئــاراس)دا دەڕوانێت و ئەو بەفرەی لەم چیایە دەتوێتەوە بەو دەشتانەدا دەڕوات و کاتی خۆی ئەم شاخانە پڕلەدارستانی چڕوپڕ بوە بەلام ئیستە هەمووی ڕووتە جگە لەناوچەکانی ناوەڕاستی کە هاوین بەهۆی توانەوەی بەفر گژوگیاو بنچکی لێ سەوز دەبێت و باشترین لەوەڕگا پێك دەهێنێت بۆ مەڕو مالات و ئاژەل.

صادق شرفکندی لەلاپەڕە(١٤٨)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە(٧١) هۆی هەلبژاردنی چیای ئارارات بۆ بەرپاکردنی شۆڕش تیایا بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

((هەلبــژاردنی چــیای ئــارارات بــۆ شــۆڕش لەبــەر ئــەوە بــووە لــەڕوی جوگرافیــەوە شــوێنێکی ئێجگــار بــاش و لــەبار بووە بۆ شــۆڕش و دراوســێی ئەرمەنســتانیش بــووە کــە بــەر لەمــە لەســالی ١٩٢٠دا ئەرمەنیــەکان لەلایــەن تورکەکانــەوە لەشوێنی خۆیــان هەلکەنرابوون, بــەلام هەمیشــە ئەو شوێنەی لێــی دەرکرابــوون لــەدل و مێشــکیانا هــەرمابوو, لەولاشــەوە ئــەم ناوچــەیە کەوتووەتە ســەر سنووری ئێران کە بەشێك لەئاراراتی بچووك دەچێتە ناو خاکی ئێرانەوە.

ئەو ڕۆژانەی کە کورد بڕیاری شۆڕشی دابوو لەئارارات, شاری (تەورێز) مەلبەنــدێکی ســەرەکی ((داشــناق))ە ئەرمەنــەکان بــوو, لــەوێوە بەئاســانی دەتوانرا چەك و تەقەمەنی بگەیەنرێتە شۆڕشگێڕەکان و, ئینگلیزەکانیش لەو ڕۆژانــەدا یارمــەتی ڕەزا شــایان دابــوو بۆیــە هــەتا ڕادەیــەك هەلوێســتی شــای ئێران بەرامبەر داشناقەکان خراپ نەبوو, هەر لەبەر هەمان هۆش بوو کە ڕەزا

شـا پەیوەنـدی بەکوردەکانیشـەوە هـەبوو، بۆیـە چ ڕاسـتەوخۆ چ لەڕێگـەی داشناقەکانەوە بەڵێنی یارمەتی بەبزوتنەوەکەی (ئاراراتی) دابوو)).

لەباسـەکانی داهـاتوودا ڕوون دەبێتـەوە کەپشـت بەسـتن بەبێگانەیـەك کەخۆی دوژمنی کوردی ڕۆژهـەڵات بووبێت شتێکی زۆر کورت بینانـە بوەو دەردەکـەوێ چـۆن لـەکاتی شۆڕشـەکەدا هێزەکـانی ڕەزا شـا دژی کـورد وەستان و بون بەلایەنگری تورکەکان.

باسی سێهەم

خۆیبون

۱- هۆی دروستبونی خۆیبون و چۆنێتی دروستبوونی

۲- ئەندامە چالاکەکانی خۆیبون و چالاکیەسیاسیەکانی خۆیبون

یەکەم: هۆی دروستبوونی خۆیبون و چۆنێتی دروستبوونی:

لەدوای شۆڕشی پیران و گرتن و لەسێدارەدانی زۆربەی شۆڕشگێڕان و ئەندامانی (ئازادی) ڕۆشنبیرانی کورد لەوانەش کە بەشدارییان نەکردبوو لەشۆڕشی پیراندا بۆ ئەوەی لەجەورو ستەمی تورك دوربکەونەوە بەشێکی زۆریان ڕوویانکردە دەرەوەی وڵات و هەندێکیان بۆ ئەورووپاو ئەمریکاو هەندێکیشیان ڕوویانکردە سوریا کە لەو ڕۆژانەدا لەژێر سایەی فرنسیەکاندا بوو، لەسەرەتادا فرنسیەکان بۆ ماوەیەك ڕێگەیان لە چالاکیەسیاسیەکانی ئەوانەیان نەگرتبوو کە ڕویانکردبوە سوریاو لوبنان و لەوێ وەکو لەدوایدا باسی دەکەین توانیبویان لەهاوینە هەواری (محمدون) یەکەم کۆبونەوەی (خویبون) بکەن.

دەربارەی چۆنیتی دروستبوونە(خویبون)و هۆی دروستبوونیو کۆبونەوەکانی هەندێ سەرچاوە لێی دواون و هەوڵئەدەین کورتەیەکی ئەو سەرچاوانە باس بکەین.

قدری جمیل بەگ (زنار سلوپی) لەلاپەڕە (١٣١)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) لەباسی چونیتی پێکهاتنی خویبون و هۆی پێکهاتنی وتوویەتی:

((دوای شۆڕشی پیران و ئەو جەورو ستەمە زۆرەی تورکەکان بەرامبەر کورد دەیان نواند کوردی ناچارکرد بیر لەپێکهێنانی ڕێکخراوێکی گشتی سیاسی کورد بکاتەوەو بۆ ئەو مەبەستە ڕێکخراوی (کورد تەشکیلاتی اجتماعیە جمعیتی) دوا کۆبونەوەی خۆی لەخانویەکدا کەناوی ((ئەحوالی مەدەنی عوسمانی)بوو بەست و لەو کۆبونەوەیەدا بریاردرا ئەو ئەندامانەی لەئەستەمبولدا بون ئەوێ بەجێ بێڵن چونکە لە ئەستەمبول ماوەی هیچ جۆرە چالاکیەکیان نەبوو, ڕێگەی ئەوەیان نەبوو هیچ جۆرە جموجووڵو چالاکییەك بکەن, بەڵام هەندێ لەئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی خۆیان نەیانتوانی ئەستەمبوڵ بەجێ بێڵن.

هەر لەو سەردەمەدا حزبی (کورد میللەت فرقەسی) کە هاوکار بوو لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا نزیك بووەو کۆمەڵی (بووژانەوەی کوردستان-کە لەوەرگێڕانی کتێبەکەی (زنار سلوپی)دا بۆ عەرەبی بە (بعث کردستان)ناوی بردووەو ئەم کۆمەڵە کە ماوەیەك بوو چالاکییەکانی خۆی وەستاندبوو, بەڵام لەگەڵ ئەوانەی تردا هەموویان بڕیاریاندا هەموو ڕێکخراوەکان خۆیان هەڵوەشێننەوەو حزبێکی تازەی یەکگرتوو لەهەمووان پێك بهێنرێت.

ئەسکەندەر بەگ کە کاتی خۆی ئەندامو نوێنەری حزبی (شعبی کوردی)بوو پاش دامرکانەوەی شۆڕشی پیران چاوی بە (محمد شوکری سەگڤان) و (احسان نوری)و هەندێ لەهاوڕێکانی تری کەوت وەکو ملازمی یەکەم (راسم بەگی خەڵکی وان) و ملازمی یەکەم (خورشید خەڵکی خرطوتە) لەگەڵ هەندێك لەکوردەکانی تری باشووری کوردستانو هەموویان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە پێویستە بایەخ بدرێت بە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی ئەو ڕۆژانەی کورد, بەلأم لەسەرەتادا نەگەیشتنە ئەوەی لە چ ڕێگەیەکەوە بچن بۆ ئەو مەبەستە, پاش ئەمە ئەسکەندەر بەگ پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ (علی رضا ئەفەندی کوڕی شێخ سەعیدی پیران) پەیدا کردوو بۆی دەرکەوت ئەمیش لایەنگری پێکهێنانی کۆنگرەیەکی گشتی نەتەوایەتی بوو, شەریف پاشای خەندانیش کە لەپاریس بوو ئاگادارکرا لەنیازی پێکهێنانی ئەو گۆنگرەیە بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەوروپا بەهەموویان چالاکی‌یەکی سیاسی دەست پێ بکەن.

دوای ئەوەی ئەسکەندەر بەگ بۆی ڕوون بوەوە زۆربەی کوردەکان بەپەرۆشن بۆ پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیە ئیتر کەوتنە سەر بیرکردنەوە لەچۆنێتی بەستنی ئەو کۆنگرەیەو دەستنیشانکردنی شوێنێك بۆ بەستنی کۆنگرەکەو هەموویان بۆیان دەرکەوتبوو ئەگەر بەدەستو بردی شتێك نەکرێت ئەوا تورکەکان زۆری پێ ناچێت کوردیش بەدەردی ئەرمەنەکان دەبەنو نوێنەری ئەرمەنیش لەگەڵ بیروبۆچونی کوردەکانا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئیتر پێویستە ئەرمەنیەکانیش پڕوپاگەندەکانی خۆیان دژی کورد واز لێ بێنن.و لەکۆبونەوەیەکدا بڕیاردرا پێویستە ئەرمەنەکان هاوکارولایەنگری هەموو جۆرە چالاکی‌و

بزوتنەوەیـــەکی کـــوردبن چ لەئـــەوروپاو چ لەئەمریکاشـــداو لـــەو کۆبونەوەیـــەدا ئەرمەنیـــەکان بـــەڵێنی ئەوەشـــیان دا جـــۆرە پەیوەندییـــەك ســـازبکەن لەگـــەڵ کـــوردە ئاوارەبووکـــانی دەرەوەی وولآتو واز لـــەو داخوازییـــە ســـەرنەگرتووەی جـــارانیش بێـــنن کـــە داوای دروســـتکردنی ئەرمـــەنیای گـــەورەیان دەکـــرد(لەباســـی کێشـــەی ســـیڤەردا بەدووروودرێـــژی باســـی ئـــەوەمان کـــردووە چـــۆن بـــەپێی مادەکـــانی ســـیڤەر هەنـــدێ لەناوچـــە کـــورد نشـــینەکان خرابوونـــە نـــاو چوارچـــێوەو ســـنووری ئـــەو ئەرمەنیایـــەی نیـــاز بـــوو بەپێی ســـیڤەر پێك بهێنرێـــت کـــە ئەمـــە هـــۆیەکی زۆر گـــرنگ بـــوو تورکـــەکان کردیـــان بـــەبیانو, توانیـــان ژمارەیـــەك لـــە کوردەکـــان بکـــەن بەلایـــەنگری خۆیـــان دژی ئـــەو بڕیـــارە کـــە کـــورد لەمـــەدا زیـــانێکی زۆری پـــێ گەیشت).

بەپێی کتێبەکەی زنار سلوپی بڕیاردرا لـەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧دا بەســـەرکردایەتی محمـــد شـــوکری صـــگبان لەدواییـــدا لەترســـی تورکەکان رایکردوو خۆی گەیاندە عێراق بەلآم زۆری پێ نەچوو لـەوێ ورەی بـەرداو لـەو کوردایەتیـە خەسـتو توندوتیژییـەوە دەسـتیکرد بەلآوکردنـەوەی گـەلێك قسـەی بـێ سـەروبەر دژی بزوتنـەوەکانی کـورد بەئومێـدی ئـەوەی تورکەکان وازی لێ دێنن و لێی خۆش دەبن و رێگەی پێ ئەدەن بگەرێتەوە بۆ تورکیا.

لەنامیلکەیەکیدا کەلەپاریس بەزمانی فەرەنسی لەسـاڵی ١٩٢٣دا بـەناوی (کورد مسئلەسی)یەوە بلآوی کردبووەوە هێرشێکی زۆریشی کردبووە سـەر شۆڕشـەکانی کـوردو صـلاح الـدینی ئەیوبییشـی بەرەگـەز بردبـووەوە سـەر

طـورانیـــەکان و بـــەپێچ و دەورە لەنامیلکەکەیـــدا داوای لـــەکورد کردبـــوو واز لەکوردایەتی بهێنێت و خۆی لەبۆتەی تورکدا بتوێنێتەوە.

دەربارەی ئـەو هەڵوێسـتە ناپیرۆزانـەی محمـد شـوکری صـگبان، مامۆسـتا رفیــق حلمــی بــۆ پەرچــدانەوەی درۆو دەلەســـەکانی و بــۆ ریســـواکردنی، لەرۆژنامــەی (الأیـام)ی عربیـدا لەسـاڵی ١٩٥٤ بەچـەند زنجیرەیـەك وەرامـی محمـد شـوکری صـگبانی داوەتـەوەو لەدوایـدا ئـەو زنجیرانـەی لـە(الأیـام)دا بـڵاوی کردبـووەوە کردبـووی بەنامیلکەیـــەك لـــەژێر نـاوی (مقـالات)و لـــەو نامیلکەیەدا بەتایبەتی لەلاپەرە (٢٤)یدا شـوکری صـگبانی کردووە بـە دوو شوکری صـگبان، یەکەمیان بریتـی بـووە لـەو کـوردەی وەکـو شۆڕشـگێڕێکی سەرگەرم کوردایەتی کردووەو ئەوەی دوهەمیان ئەو شوکری صەگبانەیە کە ورەی بەرداوەو کورد ووتەنی وەکو رێوی لەکونەکەی خۆی هەڵگەڕابووەوە).

دەربارەی ئەوانەی کە بەشدارییان کردبوو لە(خۆیبـون)دا، سـریا بدرخان لەکتێبەکەیـدا کـە لەفلادلفیابـە ئینگلیـزی بـڵاوی کردۆتـەوە، سەرچاوە(٧٩) لـەوەدا پێشــەکیەکی تیادایــە بــە پێنوســی (Perlinde) لەمــەدا نـاوی هەنـدێ لەئەندامانی دامەزرێنەری خۆیبونی باسکردووە وەکو: ممـدوح سـلیم، محمـد شوکری صگبان (کە لەهەندێ سەرچاوەدا بە صـگڤان نـاوی هـاتووە)، مـولان زادە رفعـت، احسـان نـوری پاشـا، ئـەوانی تـریش بریتـی بـوون لـە بنەماڵـەی بدرخان وەکو سریا بدرخان، خلیل رامز (نوسەر وتوویەتی مامی سریا بوە- بەپێی ئەمە بێ برای ئەمین عالی بدرخان بووە) لەگەڵ براکانی تـری سـریا کـە بریتی بوون لە جلادت و کامەران.

لەکتێبەکەی ئـەمین زەکـی بەگدا سەرچاوە (٣٢) نجـم الـدین کـوری محمـد علی عونی وەکو لەپێشەکیەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە وتوویەتی (محمد علی

عونی)ی [illegible] ـرینەری حزبی خۆیبون لـەقاهرەو سـوریەو ناوچـەکانی تـری کوردسـتاندا لەگـەڵ بنەماڵـەی بدرخانیەکان و تێکۆشەرەکانی تری کوردا چالاکو [illegible]

دوکتـور عبدالسـتار طـاهر شـریف لەلاپـەڕە[illegible] کتێبەکەیـدا سەرچاوە(٤٠) دەربارەی چۆنێتی پێکهاتنی خۆیبون وتوویەتی:

((لـەمانگی تشـرینی یەکـەمی ١٩٢٧دا لەهاوینەهـەواری (بحمـدون) لەلوبنان یەکەم کۆبونەوە لەلایەن ئامادەبوانەوە کرا بۆ پێکهێنانی حزبێکی نەتـەوەیی یـەکگرتووی کـوردو لـەو حزبـەدا چـوار ڕێکخـراوی کـورد تیایـا بەشداری کرد کە بریتی بوون لە:

١- ڕێکخراوی پێشکەوتنی کوردستان (کۆمەڵی تعالی کوردستان)

٢- ڕێکخـراوی کوردسـتان (صـادق شـرفکندی لەکتێبەکەیـدا سەرچاوە(٧١)بە (حزبی میللەتی کورد) ناوی بردووە).

٣- ڕێکخراوی نەتەوەیی کورد.

٤- کۆمەڵی سەربەخۆیی کورد

لەئەنجامـدا بەشـداربوانی ڕێکخراوەکـان و ئەوانـەی‌تر کـە ئامـادەبوون هـەموو یـەکیان گـرت و ڕێکخراوێکـی یـەکگرتوویان سـازکرد بـەناوی (خویبـون)ەوە کـە مانـای سـەربەخۆیی دەگرتـەوەو بڕیـاردرا بزوتنـەوەی خۆیبـون لەلایـەن لیژنەیـەکی هەمیشـەییەوە ببرێـت بـەڕێوە کـە بارەگاکـەی هـەتا سـاڵی ١٩٢٨ لـەحلب بـوو, بـەڵام دوای ئـەوە ئەندامـەکانی لەترسـی استعماری فەرەنسی خۆیان شاردەوە.

بەپێی بۆچونی سەرچاوە (٤٠)جلادت بدرخان سەرۆکی ئەم کۆمەڵە بوە (جلادت بدرخان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٦٠) باسی ئەوەی نەکردووە کەخۆی سەرکردەی خۆیبون بووبێت).

(لەباسی یەکەمی بەشی سێهەمی بەرگی دوهەمدا لەباسی بنەماڵە ناسراوە چالاکەکانی باکوری کوردستانا باسی چالاکیی جلادت بدرخانمان کردووە بۆیە پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

دوکتور کەمال مەزهەر لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا ژمارە ١٤١ی ساڵی ١٩٩٨ لەلاپەڕە ٤ی دا باسی خۆیبون و چەند ئەندامێکی ئەو حزبەی بەم جۆرەی خوارەوە کردووە:

((دوکیومینتەکانی وەزارەتی فرۆکەوانی حکومەتی بەریتانیا پەنجا جار ناوی (حاجو ئاغای هڤرکی)یان هێناوە کە سەردارێکی هۆزی هڤرکی بووە کە هۆزێك بوە لەناوچەی (طور عابدین) لەکوردستانی تورکیادا.

وەکو لەو باسەی دوکتور کەمالدا دەردەکەوێت تورکمانەکان فشارێکی زۆریان خستۆتە سەری و ناچاریان کردووە پەنا بباتە بەر سوریاو لەناوچەی (قبور البیض توریاسی)ی سەر بە(قامشلی) نیشتەجێ بووەو یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی خۆیبون کە حاجۆ ئاغا سێهەمین ناوی ئەو هەشت ڕابەرانەی خۆیبون بوو کە لەگەڵ (هاڤان پاپا زیان)ی نوێنەری بەناوبانگی داشناق ڕێککەوتن و بەهەموویان نامەیەکیان مۆرکرد کە ناوی ئەو هەشت ڕابەرە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١-شێخ علی رضا ئەفەندی (مەبەستی علی رضای کوڕی شێخ سعیدی پیرانە کە لەباسی شۆڕشی پیراندا ناوی هاتووە).

٢-مصطفى شاهين بەگی بەرازی (لەباسی سێهەمی بەشی شەشەمدا وێنەیەکی بلاٚوکراوەتەوە).

٣-حاجو ئاغای هەڤیرکی

٤-ئەمین ئاغای سەرۆکی هۆزی (رامان)

٥-کریم روستەمی خەڵکی سلێمانی

٦-ممدوح سلیم

٧-جلادت عالی بدرخان

٨-دوکتۆر شوکری صکڤان

حاجۆ ئاغا هەموو ماڵو سامانی خۆی بۆ ئەو شۆڕشە تەرخانکردبوو بەپێی ئەو دوکیومینتانەی وەزارەتی فڕۆکەوانێتی حکومەتی بەریتانیا باسی دوو نامەی حاجو ئاغای تیادا کراوە کە ناردویەتی بۆ شێخ احمد.(لام وایە مەبەستی شێخ احمدی بارزانی بێت) وە بۆ ئاغاکانی (مدیات) لەباکوری کوردستان (سەرچاوەی دوکتۆر کەمال بۆ ئەم باسە بریتی‌یە لە دوکیومینتی ژمارە (ibid.i.m.13a لەڕۆژانی (٨ و ٢٤/ ٨/١٩٣٠). هەروەکو لەو باسەدا وتراوە, ساتێك تورکەکان فشاریان خستۆتە سەر حاجو ئاغاو ناچاریانکردبوو ڕووبکاتە سوریا تەنها تاقە کوڕێکی مابوەوە کە ناوی (نایف) بوە تورکەکان دەیگرنو لەدیاربەکر لەسێدارەی دەدەن.



ئەندامانی خۆیبوون لەکۆبونەوەی (بحمدون)دا

دوکتۆر کەمال مەزهەر لەباسێکی تریدا لەگۆڤاری (ڕەنگین)ی بغدادی ژمارە ٠٨٧)ی ساڵی ١٩٩٦دا لەلاپەڕەی شەشدا باسی دوکیومێنتێکی کردووە کە لەبەشی شەشەمی فایلی ژمارە (٢٣-١٤١٦)ی وەزارەتی فرۆکەوانێتی بەریتانیادا ڕاپۆرتێکی تیادایە کە لەڕۆژی (١٩٣٠/٢/٢٦)دا لە (موصل)ەوە نێرراوە کە لەوەدا وتراوە.

(نیشانە بە/ ئای م/٤٢ب: بۆ

ئەرکانی هێزی ئاسمانی (استخبارات) بنکەی هێزی ئاسمانی، سەرکردایەتی عێراق بنکەی (هنێدی) وە وێنەیەکی ئەو ڕاپۆرتەش نێرراوە بۆ سەرپەرشتیکەری پۆلیسی موصلو بۆسەرپۆلی ژمارە (٣٠)ی فرۆکە بۆمباهاوێژەکانی سەربەهێزی ئاسمانی ملکی بەریتانی لەموصل:

بابەت: دەربارەی بزوتنەوەی کوردایەتی کۆمەڵەی (خۆیبون) :

ئەمەی خوارەوە بریتییە لەنمونەی ئەو سوێند خواردنەی دەبوایە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بیخۆن:

(بەشەرەفو بەئاینم سوێند دەخۆم لەڕۆژی مۆرکردنی ئەم بەڵێنەوە هەتا ماوەی دوو ساڵ چەك دژی هیچ کوردێك بەکارناهێنم مەگەر ئەو کوردە خۆی هێرش بهێنێتە سەر ژیانو ناموسم وەیا بۆسەر ژیانو ناموسی ئەوانەی بەپێی ئیلتیزاماتی خێزانی یا نەتەوەییەوە من لێیان بەرپرسیارم.

هەروەها لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا دەست لەهەموو تۆڵەسەندنەوەیەکی خوێنو هەموو جۆرە دوو بەرەکییەکیتر هەڵدەگرمو گشت توانای خۆم بۆ بەربەستکردنی خوێن ڕشتن تەرخان دەکەم کە لەنێوان هەر دوو کوردێکدا لەسەر ناکۆکی تایبەتیی خۆیان ڕووبداتو هەر کوردێك بەپێچەوانەی ئەم

بەڵێنــە ڕەفتــار بکــات بــەخائینی نەتــەوە دائــەنرێتو کوشــتنی هــەموو خائینێکیش کارێکی پێویستە).

دوهەم: چالاکیەسیاسیەکانی خۆیبونو ئەندامەکانی خۆیبون:

لەدوای ئەوەی کۆمەڵی, یا حزبی (خۆیبون) پێکهات ئەندامە چالاکەکانی هەریەکـەیان بـەپێی توانـاو لێهـاتوویی خـۆی دەسـتی کـرد بەچـالاکی کـە بەرلەدەستپێکردنی شۆڕش نواندنی چالاکی سیاسی یەکێك بوو لەکاروبارە گرنگـەکانی شـۆڕش کـە سـەرکردایەتی خۆیبـون بایـەخی پێدابوو کـە سـریا بدرخان یـەکێك بووە لـەو ئەندامـە چالاکانەی بەپێی بڕیـاری خۆیبـون بـۆی دانرابـوو بچـێتە ئـەو شـوێنانەی کـە پێویسـتە دانیشـتوانی ئـەو وڵاتانـە لەکێشەی کوردو لەتاوانبارێتی تورك بەرامبەر بەکورد ئاگاداربکرێن.

لەپێشـەکییەکی کتێبەکـەی سـریا بدرخانـدا, سەرچـاوە(٧٩)بەپێنوسـی (perlinde) باسێکی تیایە دەربارەی ئەو چالاکیە سیاسـی‌یەی سریا بدرخان کە وتوویەتی:

((هەرچـەند خۆیبـون لەلایـەن کوردەکانـەوە پێکهـاتبوو بـەڵام یارمـەتیدانی ئەرمەنیـەکانیش بـۆ هاوکـاریکردن لەگـەڵ کـوردا لەچالاکییەکانی خۆیبونـدا کـارێکی زۆر گـرنگـو بەسـوود بـوو, وەڕۆڵێکـی زۆر باشـی هـەبوو بـۆ ئـەوەی خۆیبـوون بتوانێـت پەیوەنـدی بـەزۆر شـوێنی جیهانـەوە بکـات بەتایبـەتی لەگــەڵ کــوردە ئاوارەکــانی ئــەمریکاو فەرەنســادا. تــوانرا ئــەو کوردانــەش لە(ئەنطاکیە)دا بون کە لەو ڕۆژانەدا لەژێر سایەو دەسـەڵاتی فەرەنسـەدا بـون لەگەڵ شۆڕشدا لەیەکتر نزیـك بکرێنـەوەو بەهۆی تەقەلای (سـریا بـدرخان) و (مـولان زادە) خۆیبــون تــوانی پەیوەندییــەکی بــەهێز لەگــەڵ ئەرمەنیــەکانا سازبکاتو پێوەندیش بەشریف پاشـای خندانیشەوە کرا کە لـەپاریس بوو

بۆ ئەوەی ئەویش چالاکی خۆی بنوێنێت و لەڕاستیشدا توانی بیروبۆچوونی ئەرمەنیەکان بەرامبەر کورد بگۆڕێت و لەئەمریکادا دەستیکرد بەنوسین و بلأوکردنەوەی مقالات و چاپکردنی نامیلکەو کتێب لە(فلادلفیا) و لەو کتێبەیدا کە بلأوی کردەوە لەساڵی _١٩٢٨ دا بەناوی (the case ofkurdistan Against turkey) لەوەدا بەدورودرێژ باسی دڕندەیەتی و ڕەفتاری تورکەکانی ڕوونکردنەوە بەرامبەر بە کوردو یونان و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکی خستۆتەبەرچاو.

دەربارەی ئەو چوونەی سریا بدرخان کە(perlinde) ئاماژەی بۆ کردووە لەدوکیومنتیکی ناو ئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی بریتانیادا ژمارە (fo.371-13826) ڕۆژی (١٨/٤/١٩٢٩) نامەیەکی قونسولی بریتانیای تیادایە ژمارە (no.21) کە لە(دترونیەوە) ناردویەتی دەربارەی چالاکی سریا بدرخان کە ئەمە کورتەکەیەتی دەربارەی ئەوەی پەیوەندی بەکوردەوە هەبوە:

((لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشەو گوڕەشانەی تورکەکان دەیکەن، بەلأم ڕوشنبیرانی کورد لەدەرەوەی ولأتەکەیان لەچالاکی خۆیان نەکەوتون کە یەکێك لەو ڕۆشنبیرانە (سریا بدرخان)ە کە زەعیمێکی کوردی خەڵکی ناوچەی بۆتانە (جزیرة ابن عمر)وا لەئەمریکا چالاکییەکی زۆر دەنوێنیت و بۆ باسی کوردو ڕونکردنەوەی کێشەی کورد هەوڵ و کۆشش دەکات و جەورو ستەم و تاوانەکانی کورد ئاشکرا دەکاو ڕوونیان دەکاتەوە. دوکیومنیتەکە لەسەری ئەرواو دەڵێت:

لەڕۆژی ١٨/٤/١٩٢٩دا سریا هاتە (دترویت)و لەوێوە چوو بۆ فەرەنسا کە هاوڕێیەکی ئەرمەنیشی لەگەڵدا بوو ناوی (گریگور وارتانیان-

ڤارتانیـان)بـوو کـه نوێنـەری وەفـدی ئەرمەنیـەکان بـوو خـەڵکی شـاری (یەریڤان)ە.

لەدوترویت نزیکی (١٠تا ١٢هەزار) کوردی لێیەو لەوانە پارە کۆکرایەوەو ئەرمەنیەکانیش کە ئیستە لایەنگری کوردن ئەوانیش پارەیان بۆ کۆکردەوەو نزیکەی (٥٠ تا ٦٠هەزار) دۆلارێك کۆکرایەوە (نەوتراوە ئەو ژمارەیە چۆن‌و کـەی گەیشـتونەتە ئـەمریکا) بەرلـەوەی ئـەمریکا بـەجێبێڵێت‌و ڕوبکاتـە فەرەنسـە نامەیـەکی بڵاوکـردەوە بـۆ ڕەئـی گشـتی لەئـەمریکادا دەربـارەی تاوانەکانی تورك.

سـریا کـە لەئـەوروپاوە هـاتبوو بـۆ ئـەمریکا لەلایـەن (موسـولینی)یـەوە دەعوەت کرابوو, پازدە ڕۆژ لای ئەو مابووەوە بەئومێدی ئەوەوی موسـولونی یارمـەتی کـورد بـدات‌و لەگەڕانەوەشـیدا لەئـەمریکاوە بـۆ ئـەوروپا وەزیـری دەرەوەی یۆنـانیش ٠ڤنزیلـوس) سریای دەعوەتکردبـوو بـۆ (ئـەثینـە) بـەڵام کاربەدەسـتانی بـەریتانیا لەموصـل ڕێگـەیان بـە سـریا نـەدا,لقێکی خویبـون لـەویێ بکاتـەوە, بـەڵکو فەرەنسـیەکان لـە(حلـب) ڕێگـەیان پێـدا (بنکەیـەك-مکتبیك) بکاتەوە.

رووسە سوڤیتەکان زۆر مەبەستیان بوو پیوەندی بەخویبونەوە بکەن‌و بۆ ئـەو مەبەسـتە نوێنـەری سـۆڤیەت لەویلایـەتی متحـدە داوای لەسریا کردبوو بەرلەوەی ئەمریکا بەجیێ بیێڵێت سەرێك لەویش بدات.

دوکیومنتیەکە لەسەری ئەڕواو دەڵێت:

((سـریا لەگەشـتەکەی ئەوروپایـدا وای ڕادەگەیانـد کـە کـورد لەتوانایدایـە (١٥)هــەزار چــەکدار ئامادەبکــات لــەژێر ســـەرکردایەتی ئەفســـەرە کــوردە خانەنشینەکانا کە پلەی هەندێك لەو ئەفسەرانە لەسوپادا گەیشتبووە ڕادەی

جنرال‌و بلاوی دەکردەوە کورد تەنها پێویستی بەچەك‌و جبەخانە هەیەو سریا لەزۆر شوێندا ئەو نامەو بەڵگەو دوکیومنیتانەی پیشانی خەڵك ئەدا کە هەموویان نیشانەی ئەوە بوون تورکەکان خۆیان ئامادەکردبوو بۆ لەناوبردنی کورد بۆیە داوای لەلەندەن‌و پاریس دەکرد فریای کورد بکەون)).

دەربارەی ئەو باسەی لەو دوکیومنیتەدا بلاوکراوەتەوە, دوکتور کەمال مەزهەر لەگۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا, ژمارە(١٤١)ی ساڵی ١٩٩٨ ئاماژەی بۆ ڕاپۆرتێکی تر کردووە کە فایلی ژمارە (٢٣-٤١٥-٨٨٠×٤٥٨٣)دا پارێزراوە دەربارەی بزوتنەوەی کورد لەنێوان ١٩٢٩/٤/١٨ هەتا کانونی یەکەمی ١٩٢٩ (لام وایە مەبەست ئەو ماوەیە بوە کە سریا بدرخان لەچالاکیدا بووە لە ئەورووپاو ئەمریکا), بەپێی ئەو دوکیومینتەی دوکتۆر کمال ئاماژەی بۆ کردووە, کاربەدەستانی ئینگلیز کەوتبوونە سوراخی ئەو زانیاریە گرنگانەی (جون کامیرون)ی قونسولی بەریتانیا لە (دترویت) بۆ (چەمبرلن)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیای ناردووەو ئەم کاربەدەستەی ئینگلیز پەرێشانی ئەوە بووە بزانێت هۆی بایەخدانی سۆڤێت بە خۆیبون چی بووەو دەستیانکرد بەوەی بزانن ئاخۆ ئەو (ڤارتانیان)ەی لەدوکیومینتی قونسولی بریتانیادا لە (دترویت) باسکراوە کێ بووەو چی کردووە (بەر لەمە ئاماژەمان بۆ ناوەڕۆکی ئەو دوکیومینتەی قونسولی بریتانیا کردوە لە دترویت).

زۆری پێ ناچێت ئینگلیزەکان لەفایلەکانی خۆیاندا لە بغداد زانیارییەکی بەنرخ دەربارەی ڤارتانیان دەدۆزنەوەو یەکسەر سکرتێری باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەبەغداد کە کابتن (ڤیڤان هولت) بووە هێزی

ئاسمانی بەریتانیا لە بغداد ئاگادار دەکات و پێی دەڵێت ئەو ناوی (ڤارتانیان)ە ناوێکی نەهێنییەو بەپێی زانیارییەکانی ناو فایلەکان کاتی خۆی لە شوباتی ساڵی ١٩٩٢دا ملحقی سەربازی بەریتانیا لە تاران پێی ڕاگەیاندبوین (مەبەست لەبالیوزخانەی بەریتانیا لە بەغداد) کە وەزیری مفەوەزی ئەوسای یەکێتی سۆڤیەت لەئێران وەکیلێکی ئەرمەنی بەناوی (وایز مبیگوڤ)ەو ناردبوو بۆ بەغداد کە ناوە ڕاستیەکەی (ڤارتانیان یا ڤارتانوڤ) بوە, بەسەروسیماو بەقسەکردنیا لەتورك دەچێت و تەنها هەر ئەو زانیاریەمان لایە کە لەدەوروبەری ساڵی ١٩٢٢دا کاری بۆ (روتشین) دەکرد کە ئەمە ڕاست لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی دترویدا دەگونجێت.

(إمزا – هولت)

دوکتور کەمال لەباسەکەیدا وتوویەتی: کار هەر تەنها بەوەوە نەوەستا بەڵکو بەدوای ئەمەدا (سیر گلبەرت کلایتون)ی مندوبی سامی وەلأمنامەیەکی تێروتەسەل دەنێرێت بۆ وەزیری مستعمرات لەلەندەن و جگە لەباسی ڤارتانیان باسی پەیوەندی سۆڤیەت و خۆیبون دەکات و بێ پێچ و پەنا سەغڵەت بوونی بەرزترین دەزگاو کاربەدەستی ئینگلیز دەخاتە پێش چاو, لەنامەکەیدا وتوویەتی:

((لەبارەی نوێنەری بالأوە – بغداد ڕۆژی ١٩٢٩/٦/٧

١–شەرەفمەند دەبم بۆ نامەی نەهێنی ڕۆژی ١٩٢٩/٥/٦ تان کە ڕاپۆرتی قونسوڵخانەی بەریتانیا لە دترویت دەربارەی چالاکیەکانی سریا بدرخان و ڤارتانیانی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی پێ ڕاگەیاندوین.

٢–لەدوای ناردنی تلگرافی ژمارە(٢١٣) کە ڕۆژی ١٩٢٩/٥/٧ ناردبووم, لەدوای پشکنینی فایلەکانی ئەرشیفی بارەگا(مەبەستی

دائیرەی مەندوبی سامی‌یە) ئەوەمان بۆ ساغ بوەتەوە لەساڵی ١٩٢٢دا (ڤارتانیان) وەکیلی (م.روتشین)ی وەزیری مفەوەزی ئەوسای یەکێتی سۆڤیت بوە لەتاران و ئەمە بۆمان ئاشکرا دەکات بەڵشەویکان لەنزیکەوە پێوەندییان بەکۆمەڵی خۆیبوونەوە هەیەو لەوانەیە سۆڤیتەکان بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکاربهێنن.

٣-بەپێویستم زانی دەزگای تحقیقاتی جنائی (کە ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا هەر خۆیان دەیانبرد بەڕێوە) ئاگاداربکەم لەناوەڕۆکی ئەو نامەو ڕاپۆرتەی ناردبووتان و ئەوا منیش لەو ڕووەوە هەر زانیارییەکمان دەسکەوێت یەکسەر ئاگادارتان دەکەم.

٤-دائیرەی تحقیقاتی جنائی داوای وێنەیەکی سریابدرخان و ڤارتانیان دەکەن بۆ ئەوەی وێنەکەیان یارمەتیمان بدەن بۆ دۆزینەوەیان.

دەربارەی ئەم باسە, هەروەکو دوکتور کەمال ئاماژەی بۆ کردووە, لەدوکیومینتیکی تردا ژمارە(No:g.o.960) ڕۆژی ١٩٢٩/٩/١١ باسی ئەوە کراوە کە دەزگاکانی بەریتانیا لەلەندەن بەوەیان زانیوە کە سریا بدرخان و ڤارتانیان دەیانەوێ بچن بۆ عێراق بۆ ئەوەی لەوێوە بچن بۆ ئێران و هندستان و بەرامبەر بەوەزیری مستعمرات ڕۆژی ١٩٢٩/٥/٦ (گلبەرت)ی مندوبی سامی ئاگادار دەکات و ئەویش لە ١٩٢٩/٥/٢١دا داوا لەوەزیری مستعمرات دەکات بەهیچ شێوەیەك لەهیچ بالیوزخانەو کونسولخانەیەکی بریتانیادا لەهیچ شوێنێك ڤیزەی هاتن بە سریا بدرخان و ڤارتانیان نەدرێت بێن بۆ عێراق وەفەرمانێکی تایبەتیش دەرچێت بۆ ئەوەی ئاگاداری سنووربن نەوەکو بەقاچاخ و بەبێ ڤیزە خۆیان بکەن بەناو خاکی عێراقدا.

دوکیومینتەکـە دەچـێتە سـەر باسـی جموجـوڵی سـریابدرخان کەچـۆن چـوبوو بـۆ بـیروت و لـەوێ ڕۆژی ١٩٢٩/٧/٨ داوای ڤیـزە دەکـات لـە قونسـولخانەی بریتانیـا کـە نـاوی ئـەو قونسـولەی بیروت (هـ.سـاتو)بـوەو قونسولیش نامەیەك دەنێرێت بۆ مندوبی سامی لە بەریتانیا لەبغدادو بۆی دەنوسـێت: ئیمـڕۆ سـەرلەبەیانی سـریابدرخان هاتـە لامو پێـی وتم ئـەو لەمیصرەوە لەکاتی شەڕی جیهانیدا تۆ دەناسێت و نامەیەکی بەفەرەنسیش بۆخۆت نوسیوە لەسێ لاپەڕەی گەورەدا کە ڕۆژی ٣٠/حزیران نوسیویەتی وا بۆ خۆتانی دەنێرم.

وەکـو لـە دوکیومینتەکـەدا باسـکراوە سـریا بـدرخان لـەو نامەیـەی بـۆ منـدوبی سـامی نـاردبوو پوختـەی مەسـەلەی کـوردو مێـژووی کـوردی هێناوەتـەوە یـادی و داوای یارمەتیـدانی حکومـەتی بـەریتانیای کـردووە بـۆ کورد بۆ ئەوەی کوردیش وەکو میللەتانی تری ناوچەکە بتوانێت لەجەورو ستەمی تـورك ڕزگـاری ببێت(دیـارە نامەکـەی سـریا بدرخان فەرەنسـی بـووە بۆیە دوکتور کەمال مەزهەر لەپـەراوێزی لاپـەڕە (٩)ی گۆڤارەکـەدا وتوویـەتی (سـینەم خـانم)ی بـرازای سـریا بـدرخان (مەبەسـتی سینەم خـانمی کچـی جلادت بدرخانە) ئەو نامەیەی بۆ وەرگێڕام.

سریابدرخان لەو نامەیەدا باسی دامەزراندنی (خویبـون)و ئامانجـەکانی و شێوازی کارکردنی بۆ مندوبی سامی باسکردووەو داوای لێکردووە ڕێگـەی بدرێتێ بچێت بۆ عێراق.

لەوەرامی ئەمـەدا منـدوبی سامی (گیلبـەرت کلایتون) ڕۆژی ١٩٢٩/٧/١٧ لەنامەکەیـدا بەئاشـکرا پـەردە لەسـەر ڕووی ڕاسـتی سیاسـتی حکومـەتی

بەریتانیا لائەداو بەنامەیەك ژمارە س.و.١٤٢٧ ڕۆژی ١٩٢٩/٧/١٧ بۆ (ساتۆ)ی قونسوڵی بەریتانیا لەبیروت دەنوسێتو پێی دەڵێت:

نیشانە بەتەلەگرافی ژمارە(٧٥/س) ڕۆژی ١٩٢٩/٧/١٧دا وێنەی ئەو نامەیەت بۆ دەنێرم کە باسی چالاکیەکانی ئەم دواییەی سریا بدرخان دەکات کە بەئاشکرا دەردەکەوێ چۆن هاتنی ئەم پیاوە بۆ عێراق کارێکی زۆر نابەجێیەو بەحاڵ دێتەوە بیرم من ئەم کابرایەم لەکاتی جەنگدا دیوە کە ئەمیش یەکێك بووە لەو باڵندە شوومە بێ شومارانە کە لەکاتی خۆیدا دەزگای ئیستخبارات پێوەندی پێوە دەکردن, بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستەداو لەبەرخاتری ئامانج پلانە ئاشکراکانی ئەو (مەبەست سریا بدرخان)ە نامەوێ هیچیتر دەربارەی کارە تایبەتیەکانی وەربگرم کە تا ڕادەیەك پیاو بێزار دەکەن.

هەروەکو دوکتور کمال باسیکردووە, مندوبی سامی ئەو باڵندە شوومەی بە (Stormy Petral) ناوبردووە, لەڕاستیدا ئینگلیزەکان ئەمەیان هەر بە سریا بدرخان نەوتووە, بەڵکو هەروەکو لەلاپەڕەکانی (١٧ و ٢١)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ژمارە (١٣٦)ی ساڵی ١٩٩٥ هەمان شتیان بەشێخ احمدی بارزانیش وتووە.

نامەکەی مندوبی سامی بۆ قونسولی بریتانیا لەبیروت لەسەری ڕۆیشتوەو وتوویەتی:

(نازانم ئەوەی سریا بدرخان باسیان دەکات دەربارەی ڕادەی خۆئامادەکردنی کورد هەتا چ ڕادەیەك ڕاستەو لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێن کە لام وایە زیادە ڕوییان تیادا بەدی دەکرێتو ئەوەی ئەو دەیەوێ قەناعەتمان پێ بکات تورکەکان زۆر لەوە زاڵترن بەسەر بارودۆخەکەداو هیوادارم وابێت

(مەبەست ئەوەیە بڵێ هیواداره زاڵ بوونی تورکەکان ڕاست تر بێت), چونکە هەرچۆنێك بێت هەرجۆرە ڕاپەڕینێك ئەو ڕاپەڕینەی بەو شێوازەی ئەو بۆی دەچەپێت تەنها دەبێتە مایەی کارەسات و گۆبەند لەگشت لایەك بۆیە پێویستە بەری لێ بگیرێت (یەعنی ڕێگە بەبزوتنەوەی کورد نەدرێت).

إمزا / کلاتیوف

دەربارەی ئەم هەڵوێستەی مندوبی سامی بریتانیا کە کاربەدەستێکی گەورەی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بووە, ئەمە یەکەم هەڵوێستی ئاشکرای بەریتانیا نییە بەرامبەر بە کورد, بەڵکو وەکو چۆن هەڵوێستی بەریتانیامان لەشۆڕشی پیراندا بەرامبەر کورد شیکردەوە, لەباسی هەڵوێستی دەوڵەتاندا بەرامبەر بە شۆڕشی ئاگریداغ دەچنە سەر باسی هەڵوێستەکانی تری بەریتانیا بەرامبەر بە کورد.

سورەیا بدرخان

باسی چوارەم

پێوەندیو هاوکاریکردنی کوردو ئەرمەنی لەخۆیبووندا

لەدوای ئەو تەقەلا سەرنەگرتووەی کۆمەڵی ئازادی کە نیازوابوە سەرکردایەتی شۆڕشی پیران بکات وەکو لەباسی شۆڕشی پیراندا ڕوون بۆتەوە پاش گرتنی خالد بەگ جبرانو یوسف ضیاء بەگ, ئەو شۆڕشەی نەخشەی بۆ کێشرابوو لەنەورۆزی ساڵی ١٩٢٥دا, ئیتر سەرکردایەتیو ڕێبەرایەتی ئەو شۆڕشە کەوتە دەست شێخو ئاغاو دەرەبەگەکانو لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان بەوپەڕی پاکیو دڵسۆزیەوە خۆیان بەختکرد لەپێناوی کوردو کوردستانداو هەتا دوا هەناسەیان نە لەبەردەمی دادگاکانی تورکداو نە لەبەردەمی پەتی قەنارەدا لەدەربڕینی هەستی پاکی خۆیان بەولاوە ملیان بۆ کاربەدەستانی تورك کەچ نەکردوو لەو خەباتکردنو خۆبەکوشتدانەی بڕیاریان لەسەردابوو پەشیمان نەبونەوە, بەڵام بەداخەوە نەشارەزاییان لەکاروباری شۆڕشگێڕیو لەشکرکێشیداو نەبوونی نەخشەیەکی ڕێكو پێك بۆ شۆڕش کارێکی وایانکرد شۆڕشەکە لەماوەیەکی کەمدا تێکبشکێنرێت, لەبەرئەمە ئەو تاقیکردنەوەیەی شۆڕشی پیران ئەوەندە تاڵو سەخت بوو کوردی ناچارکرد بیر لەپێکهێنانی حزبێکی یەکگرتووی ڕێكو پێك

بکاتەوەو نەخشەی ئەوەی کێشا سەرکردایەتیەکی تایبەتی بۆ کاروباری شۆڕش پێك بێت لەگەڵ سەرکردایەتییەکی تری تایبەت بەکاروباری بەجێهێنانی ئەو نەخشەیەی کە بڕیاردرا بهێنرێتە دی , بەو جۆرە (خۆیبون) پێکهێنراو لەڕێکخراوی ئەم جارەدا حسابێکی وردتر بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی تازە کرا ئەگەرچی بەداخەوە ئەنجامی ئەمیش لەکۆتاییدا هەروەکو ئەوەی شۆڕشی پیرانی بەسەرهات لەبەر ئەو هۆیانەی لەکۆتایی باسی ئەم شۆڕشەدا دەیخەینە پێش چاو.

شۆڕشگێرانی ئاگریداغ بۆ ئەوەی دەرس لە کەمو کورییەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی پێشوو وەربگرن هەوڵی دوو شتیان دا, یەکەم تەقەلایەکی زۆریاندا شۆڕشەکە بکەن بە شۆڕشێکی جەماوەری بەربلاّو نەك شۆڕشێکی ناوچەیی وەکو ئەوانەی (مەلاطیە و کوجیگری و درسیمو پیران),و هەوڵیشیاندا یارمەتیو هاوکاریی‌یان لەلایەن ئەوانەوە دەستگیر ببێت کە ئەوانیش وەکو کورد گیرۆدەی جەورو ستەمو دڕندەیەتی تورکەکان بوبوون کە باشترین نمونەیان بریتی بوون لە ئەرمەنیەکان کە جارەها لەلایەن چ تورکی عوسمانیو چ لەلایەن کمالیەکانەوە کوشتاریان لێ کرابوو, کە لەڕاستیدا دەبوایە لەمێژ بوایە هەردوو میللەتی کوردو ئەرمەنی هاوکاری یەکتر بوونایە بەتایبەتی لەو ڕۆژانەی کە هەردوکیان هاودەرد بوونو دەبوایە ئەو تەباییو هاوکاریکردنەی هەردوولا لەکاتی داڕشتنی پەیمانی سیڤەردا بیری لێ بکرایەتەوەو ئەرمەنیەکان خۆیان نەخستایە گێژاوی ئەو خەیاڵ پلاّوەی دەیان ویست ئەرمەنیای گەورە پێك بێنن بەجۆرێك کە بەشێکی زۆری ناوچە کورد نشینەکانی باکووری کوردستان بخەنە ناو چوارچێوەی ئەو سنوورەی بڕیاردەرەکانی سیڤەر لەژوور هەموویانەوە

بەریتانیا نەخشەی ئەو بارە ناڕێکەیان نەکێشایە کە نەکوردو نە ئەرمەنی هیچیان سوودیان لەسیڤەر وەرنەگرتوو, تورك لەهەردوکیان زۆرتر دەسکەوتی لێ دەستگیر بوو هەرچۆنێك بووبێت تازە کارلەکار ترازابوو, تورکەکان ئەرمەنیەکانیان قەلاچۆ کردبوو ئەوی ڕزگاریشی بوبوو ئاوارەو دەربەدەر کرابوو, کارگەیشتبووە ڕادەیەك وەختێك داواکرا شوێنێك تەرخان بکرێت بۆ ئەرمەنیەکان لەناو خاکی تورکیادا, نوێنەری ئینگلیز لەوەرامی ئەو داخوازیەدا بێ پێچ و پەنا وتبوی: کوا ئەرمەنی لەتورکیادا ماوە هەتا شوێنێکیان بۆ تەرخان بکرێت؟!

چ کوردو چ ئەرمەنی, لەکاتی تەقەلادانی دروستبوونی خۆیبوندا, هەردوکیان تازە بیریان لەوە کردەوە کە پێکەوە هاوکاری بکەن دوای ئەوەی ئەرمەنیەکان مایە پووچ دەرچووبوون لەتەقەلاکانی پێشویاناو حکومەتە بێگانەکانیش دەستیان بڕیبوون و بەهیچ شێوەیەك لایان لێ نەدەکردنەوەو کار گەیشتبوو بەوەی ئەرمەنیەکانی سۆڤێتیش وایان لێ هاتبوو تەقەلاکانی ئەرمەنیەکان بەسەرکردایەتی ئەرمەنیە قەومیەکان کە (داشناق)بون بەبزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی سەر بە ئیمپریالزمیان لەقەڵەم دەدان لەکاتێکدا ئەو ئیمپریالزمەی ئەوان باسیان دەکرد کە لەبەریتانیادا ڕوون دەبووەوە, کاروباری بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ تورکەکانا مسۆگەر کردبوو,و لەلایەکەوە تورکەکانیان لەدۆستایەتی سۆڤیەت دورخستبووەوەو لەلایەکی تریشەوە پاش مۆرکردنی پەیمانی لۆزان تورکیایان ناچار کردبوو ئیتر بیرلەداواکردنەوەی ویلایەتی موصل نەکاتەوە..

ئا لەم بارودۆخە تازەدا کوردو ئەرمەنی ناچاربوون ناکۆکیە کۆنەکانی خۆیان بخەنە لاوەو ئەوەی نەیانتوانیبوو لەو ڕێککەوتنەی شریف پاشاو نوبار بوغوص پاشادا بیهێننەدی بڕیاریاندا لەکۆمەڵی خۆیبوندا لەسەر بناغەیەکی تازە لاپەڕەیەکی دۆستایەتیو هاوکاری بکەنەوە دەربارەی تەقەلادانو چۆنێتی دەستپێکردنی هاوکاری کوردو ئەرمەن لەخۆیبوندا سریا بدرخان لەلاپەڕە/٥٠ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩ وتوویەتی:

((یەکەم کاری خۆیبون ئەوە بوو تەقەلایەکی بێ ووچان بدات بۆ پێکهێنانی دۆستایەتیو هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا.

من(مەبەست سریا بدرخان)ە کە لەم کتێبەدا (مەبەست سەرچاوە ٧٩) دەربارەی پەیوەندیی کوردو ئەرمەنی دەدوێم، لەلایەکەوە هەست بە خەمو خەفەت دەکەمو لەلایەکی تریشەوە هەست بەوە دەکەم کە هەندێك ئیشی چاك کراوە.

ساتێك تورکەکان دەستیان بەئەشکەنجەو سزادانو کوشتاری ئەرمەنیەکان کردو بەوپەڕی دڕندەیەتیو بێ بەزەییانە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکردن ئەوە ئەوپەڕی خەمو پەژارەی ئێمەی تیابوو، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ ئەرمەنیەکانا لەڕووداوو بەسەرهاتەکانمان لەیەکتر خۆشبووین ئیتر ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی خۆشیو شادمانیمان بوو بۆ ساڕێژکردنی زامە کۆنەکانمان.

لەماوەی سێ هەزار ساڵدا کوردو ئەرمەنی هاوسێی یەکتر بوونو لەو هەموو ماوە دورو درێژەدا هەتاکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، هەردولایان پەیوەندییان باشبوو لەگەڵ یەکترداو ڕێزیان لەیەکتر دەگرتو فولکلورەکانی کوردی پڕن لەدەربڕینی هەستی دڵسۆزیو

خۆشەویستی بەرامبەر بەدراوسێکانی لەکاتێکدا ئەو فولکلورانە پڕن لەگلەیی‌و نارەزایی‌و دەربڕینی بێزاری بەرامبەر بە تورکەکان‌و لەگەڵ عەرەب‌و فارسەکانیشدا ئەگەر پەیوەندییەك هەبووبێت نەگەیشتبووە رادەی ئەو دۆستایەتیەی لەنێوان کوردو ئەرمەنیدا هەبووەو ناوی ئەرمەنی لەلای کورد بەهیچ شێوەیەك بەخراپە ناونەبراوە.

بەداخەوە ئەوەی لەنێوان کوردو ئەرمەنیدا ڕوویدا لەپەیمانی (پاریس)ی سالّی (١٨٦٥)ەوە دەستی پێکرد کە تورکەکان(مەبەستی عوسمانیە) دەستی کردبوو بەهاندانی کوردو چرکس دژی ئەرمەنی بۆ ئەوەی ئاگری دوژمنایەتی نێوانیان خۆش بکات (سریا بدرخان) لەباسی چرکسیەکانا وتوویەتی:

ئەمانە بەرەگەز ئارین‌و شوێنی هەرە کۆنیان لەنێوان ژووری سنوری جورجیاو روسیادا بوەو لەپاش شەری (قرم) سالّی ١٨٦٥ ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەکران بۆ تورکیاو هاتنە سەر ئاینی ئیسلام‌و بەناو ولاتی عوسمانیدا بلاّوبوونەوە کە ژمارەیان (١٥٠)هەزار کەسێك دەبوو, هەموویان مرۆڤی ئازاو رەوشت بەرزن.

(لەراستیدا ئەوەی کە سریا بدرخان باسیکردووە کە گوایا ناکۆکی کوردو ئەرمەنی بەهۆی تورکەوە بوە, بریتییە لەنیوەی راستی باسەکە, نیوەکەی تری بریتییە لەرۆلّی میسنیرەکان کە ولاّتانی رۆژئاوا بەناوی پارێزگاریکردن لەئاینی کریستیانەکانەوەدەیان ناردن بۆ ناوچە کوردنشینەکان‌و کریستیان نشینەکان‌و هەتا هاتنی ئەوان دەستی پێنەکردبوو کورد لەگەڵ کریستیانەکانی هاوسێیدا تووشی هیچ گێرەو کێشەو ناکۆکیەك نەبووبوو بەلاّم لەدوایدا هەردوو هۆکە یەکیان گرت‌و بوون

به بەڵا بەسەر کوردو کریستیانەکانیشەوە هەروەکو لەبەرگی یەکەمدا لەزۆر شوێندا ئەم ڕاستیە ڕوون بۆتەوە بەتایبەتی لەباسی دەوڵەتەکەی بدرخان پاشادا).

سریا بدرخان دەربارەی ڕۆڵی تورکەکان بۆ تێکدانی نێوان کوردو ئەرمەنی وتوویەتی:

(کورد هیچ سودێکی لەدوژمنایەتیکردنی ئەرمەنی دەستگیر نەبوو، تورکەکان بەو تێکدانەی نێوان هەردوولا لەلایەکەوە ویستیان ئەرمەنیەکان لاواز بکەن‌و لەلایەکی تریشەوە ویستیان ناوی کورد لای دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بزرێنن، بۆیە ساتێك بیر لەپێکهێنانی خۆیبون کرایەوە دەرسیان لەبەسەرهاتەکانی پێشوو وەرگرت‌و هەردوو لایان دانیان بەهەڵەکانی خۆیانا ناو کوردو ئەرمەنی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە دوژمنی سەرەکی هەردولا تەنها بریتییە لە ڕژێمی تورك‌و لاپەرەیەکی تازەی مێژوییان کردەوە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو).

دەربارەی هاوکاریکردنی کوردو ئەرمەنی لەسەردەمی خۆیبووندا، زنار سلوپی لەلاپەرە (١٤١)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) باسی ئەوەی کردووە کە کورد لەو ڕۆژانەدا پێویستییەکی زۆری بەدۆستایەتی‌و هاوکاریکردنی ئەرمەنی هەبووە، چونکە کورد وەکو ئەرمەنیەکان ئەو توانایەی نەبوو دەنگی بێزاری خۆی‌و باسی هۆی شۆڕشەکەی خۆیبون بگەیەنێت بەولآتان‌و لەلایەکی تریشەوە هەوڵدرا ڕێگە نەدرێت جارێکی‌تر کێشەیەکی تری لەو جۆرە پەیدا ببێتەوە لەنێوان هەردولایانا کە لەکاتی پەیمانی سیڤەردا ڕوویدابوو.

لەلاپـەڕە (٣٢٣) هـەتا (٣٢٧)ی بـەرگی یەکـەمی کتێبەکـەی شـێخ مـەحمودی قارەمـانو دەوڵەتەکـەی خـواروی کوردسـتان, سەرچـاوە (٨٠)کورتـە باسـێکی پەیوەنـدی کـوردو ئەرمـەنیم باسـکردووە, لێـرەدا بەپێویستم زانی ئـەوەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیەو بۆ ڕونکردنەوەی بارو هەڵوێستی کوردو ئەرمەنی پێویست بێت لێرەدا دوبارەی بکەمەوە:

(کورد لەکۆنەوە پەیوەندی بەدەوڵەتی ئەرمەنیەوە هەبووە ئەگەرچی لەکوردستانی تورکیاو ئێراندا عوسمانیەکانو شاکانی ئێران هەمیشە هەوڵیانـداوە هەسـتی ئـاینی ئیسـلام لـەناو کـوردا دژی ئەرمەنیـە کریستیانەکان بۆخۆیان بەکاربێننو ڕووسی قەیسەریشساڵەهای ساڵ هەوڵی ئەوەیان داوە هەستی ئاینی کریستیان لەناو ئەرمەنیەکانا دژی کورد بەکاربێنن.

کـورد لـەناو دەوڵـەتی عوسمانیدا کـە وەکـو سـەرباز لـەکاتی شـەڕەکانی تورکـدا دژی وڵاتـانو میللـەتانی نـەیاری عوسمـانی بـەزۆرە ملـیو بـەناوی غەزاو بەناوی پارێزگاریکردن لەئاینی ئیسلام پەلکێش کرابوون بۆ کوڕی شەڕەکانو بەهەزارانیان بەخۆڕاییو تەنها لەپێناوی تورکدا کوژرابوون کە بەشێك لەو شەڕانە ئەوانە بووە کە تورکەکان چ لەزەمانی عوسمانیداو چ لەزەمانی کەمالیەکانا کوردیان کردووە بەگژ ئەرمەنیەکانیداو بەخۆڕایی ئەو برایـەتیو دۆسـتایەتیو دراوسـێتیە مێژوییـەی سـاڵەهای سـاڵی نێوانیـان تێکچووەو کەللە ڕەقەکانی هەردولایان حسابی ئەوەیان نەکردووە ئەوەی لـەو ناکۆکیانـەیا سـوود بـەخش بـووە تـەنها بریتـی بـووە لەکاربەدەسـتانی تـورکی دوژمـنو خوێنـەخوێی هـەردولایان, بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا وەنـەبێ لەناو هەردولادا هی وا نەبووبێ هەستی بەو هەڵە زلەی هەردولا نەکردبێتو

بارەها لەناو ڕۆشنبیرانی ئەرمەنیدا زۆریی واهەبووە ڕاستیەکان ڕوون بکاتەوەو بۆ میللەتی ئەرمەنی ئاشکرا بکەن کە تاوانی ئەو کوشتارانەی لەئەرمەنی کرابوو ئەکەوێتە ئەستۆی کاربەدەستانی تورك‌و ئەو چەند ئاغاو دەرەبەگەی کورد کە تەنها بۆ سوودی تایبەتی خۆیان بوبون بەبەشێك لەدەزگا شەڕکەرەکانی حکومەتەکانی تورك بەبێ ئەوەی هیچ سودێکی تیابێت بۆ میللەتی کورد.

دەربارەی بیروبۆچوونی هەندێ لەڕۆشنبیرانی ئەرمەنی بەرامبەر بەکورد لەلاپەڕە (٣٢٤)ی بەرگی دووهەمی ئەو کتێبەدا کورتە باسێکی ئەو نامیلکەیەم بلاوکردۆتەوە کە لەلایەن (روبین پاشا)ی ئەرمەنیەوە لەساڵی ١٩٢٥دا لەڕۆژنامەی (تروشاك)ی ئەرمەنی ژمارە (٢٤٣)کە لەشاری (جنوا)ی ئیتاڵی بلاوکراوەتەوەو باسی ئەو نامیلکەیە کاتی خۆی لەگۆڤاری (کاروان)ی ژمارە(٦٨)ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە بەغداد بەپێنوسی ئەحمەد ئیسماعیل بەرزنجی بلاوکراوەتەوە کە نامیلکەکە بەقەوارەی (١٥)لاپەڕە بووەو لەژێر ناوی (کورد لەکەیەوە خەریکە) بلاوکراوەتەوەو دوکتور کەمال مەزهەریش لەکتێبەکەیدا (کوردستان لەساڵەکانی شەڕی جیهانیدا) باسی ئەو ڕۆژنامە ئەرمەنیەی کردووە کە ئۆرگانی (تاشناق)ەکان بوە.

بەپێی ئەو نامیلکەیە تاشناقەکان لەسالآنی نەوەدی سەدەی نۆزدەهەمدا لەگەڵ عەبدولڕەحمان بەدرخان لەجنێف کۆبۆتەوە بەنیازی یەکگرتن‌و هاوکاریکردنی کوردو ئەرمەنی‌و هەروەکو دەردەکەوێت ئیماعیل حەقی شاوەیس نیشتمانپەروەریش بۆ بەهێزکردنی دۆستایەتی‌و بەهێزکردنی پەیوەندی کوردو ئەرمەنی چەند باسێکی لەڕۆژنامەی (تروشاك)دا بلاوکردۆتەوە ئەو نامیلکەیەی (روبین پاشا) کە لەساڵی ١٩٢٥دا بلاوی

کردۆتەوە لەساڵی ١٩٢٧دا لەلایەن (علی عرفان)ەوە کە وەکو علی عرفان خۆی وتوویەتی نامیلکەکەی روبین پاشا لەلایەن دۆستێکەوە لە ئەرمەنیاوە کردبووی بە تورکیو ئەویش کردویەتی بەکوردیو لەساڵی ١٩٢٧دا بڵاوی کردووەتەوەو لەپێشەکیەکەیدا علی عرفان وتوویەتی:((هەر بە ئیملاکەی خۆی بڵاوی دەکەمەوە).

((رجا ئەکەم هەموو لاوانو میللەت پەروەرانی کورد بەدیقەت تەماشای ئەم سێ چوار پەڕە قسانە بکەن, بزانین پیاوێکی ئەجنەبی (مەبەستی روبین پاشا)یە چۆن مەسائیلێکی کوردایەتی ئەزانێو لەجێگایەکی دوورەوە نەشری ئەکات. مع ما فیە ئێمە طبیعی لەوان زیاتر ئەبێ هەموو مەسائیلێکی وەتەنەکەمان بزانین بۆخاتری ئەوەی لەفکر نەچێتەوە)).

کورتە باسەکەی روبین پاشا کە علی عرفان وەری گێراوە بۆ کوردی دەڵێت:

((ئیستا ئەوی زیهنی تورکەکان ئیشغال بکات مەسەلەی کوردەکانە چونکە کوردەکان خەباتی رزگاریو سەربەخۆیی دەکەنو ئەو تۆمەتانەش ڕەت دەکاتەوە کە گوایە حوولانەوەکەیان بەهاندانی بێگانەکانە. من وا ئەزانم ئەمە شتێکی ئەسلی نییە چونکە میللەتانی تر لەژێر زولمو ئیستبدادی تورك نەجاتیان بوو, کوردەکانیش ئەیانەوێ خۆیان رزگار بکەن, سیاسەتی تورکەکان لەگەڵ کوردەکانا وەیا بەرامبەر بەوان هەر ئەوە بوو کە بەرامبەر نەتەوەکانیتر بەکاریان دەهێناو زیاد لەمەش میللەتو عەنعەناتی خۆیان لەبیر ببەنەوەو لەگەڵ تورکەکانی وەسەطی ئاسیادا ئیرتباط پەیدا بکەنو ببن بەیەكو ئەو میللەتانەی لەبەینیاندان مەحویان بکەنەوە, بەرامبەر بەمە کوردەکان کەوتنە خۆیان تا نەتوێترێنەوە,

سیاسەتی تورکیا لەوەدا بوو چونکە ئەو دوو نەتەوەیە(کوردو ئەرمەن) خاکەکەیان لەپاڵ یەکدا بوو بۆیە بەیەکجار نەیانتوانی پەلاماری هەردوکیان بدەن و بەتەواوەتی ژێردەستەیان بکەن, لەبەر ئەوە بەواسیتەی مەعنەویاتەوە دوژمنایەتی خستبوە بەینیانەوە, دەولەتی عوسمانی هەر بەوەشەوە نەوەستا بەلکو هەتا لەبەینی کوردەکانیشدا دیسانەوە بەواسطەی تەفرەقەی مەزاهیبەوە (مەبەستی سونی و علوی)یە, عەداوەتێکی گەورەی خستبوە بەینیانەوە.

بدرخانیەکان زۆر تەرەقیانکردبوو لەناو کوردەکانداو خانەوادەیەکی موقەدەس بون و لەهەموو کوردێك زۆرتر بۆ جیابوونەوە لەتورك و بۆ ئیستقلال سەعیان دەکردو تورکەکان فەرقیان بەمە کردو دەسبەجێ سیاسەتێکی زۆر بەشیدەتیان لەعلیهان تعقیب کردو ئەم سیاسەتە لەساڵی ١٨٤٥-١٨٦٥ دەوامی کرد, نتیجە قسمێکی زۆر لەعائلە گەورەکانی کورد هیجرەتیان پێکرا بۆ قفقاس و تورکەکان حکومەتەکانی ئەوروپایان واتیگەیاندبوو کە کوردەکان زۆر ئەزیەتی ئەرمەنی ئەدەن بۆیە نەفیان دەکات, کە ئەرمەنیەکان بۆ تأمینی ئیستقلال نمایشیانکرد تورکەکان هەست بەم جموجولە دەکەن و سیاسەتیان وەرگیرا بەسەر عەلەیهی ئەرمەنیەکان و کوردەکانیان کرد بەئالەت و هۆزەکانی چەکدارکرد کەزولم لە ئەرمەنیەکان بکەن و ئەم سیاسەتە هەتا سالی ١٨٨٠ دەوامی کرد وەنەتیجە تورکەکان ئەرمەنیەکانیان بەکورد زەعیف و بێ قوەت کرد.

لەدوای محارەبەی روس لە معاهەدەی (برلین)دا موافقی (٦١) لەخصوص ئەم مسئەلەیەوە کوردەکان مسئول کران و تورکەکانیان سەربەست کرد کە تەجزیەی کوردەکان بکاو ئینتیقامی ئەرمەنیان لێ بسێنێت, بەو جۆرە

ئیمجارە تای تەرازووی کورد لەسیاسەتی عوسمانیدا سەری کردو سووك بوو)).

روبین پاشا لەباسەکەیدا بەم جۆرە رەخنەی لەکورد گرتووە کە وتوویەتی:

((عوسمانلییەکان لەناو کوردەکانا سوارەی حمیدییان داناو گەورەکانیان کردن بە سەرکردەو ئیتر بەمە لەخۆیان بایی بوون‌و لەناو میللەتەکەی خۆیانا دەستیان کرد بە دەسدرێژی‌ومسائلی میللی خۆیان لەبیر چووەوە کە ئەمە زەرەرێکی زۆری بەخشی بەکوردو بەئەرمەنی.

کە شەڕی جیهانی دەستی پێکرد تورکەکان بڕیاری لەناوبردنی ئەرمەنیەکانیانداو زیانێکی زۆریان بە ئەرمەنیەکان گەیانو لەو کوشتارانەی کە ڕوویدا کوردەکانیشی گرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەپەیمانی سیڤەردا بەڵێن درابوو کە سەربەخۆیی بدرێ بەکوردو ئەرمەن بەڵام سەری نەگرت‌و دوبارە کورد کەوتە هەڵەیەکی ترەوە کە بەهاندانی تورکەکان دیسانەوە نیوانی کوردو ئەرمەنی‌و ئاسووری تێکچوو)).

روبین پاشا لەباسەکەیدا سەرسورمانی خۆی بەرامبەر هەلوێستی دەوڵەتێکی ئەوروپایی بەم شێوەیە دەربڕیوە کە وتویەتی:

((نازانم لە بێ طالعی کوردەکان بوو یاخود لەبەر سیاسەتی تر بوو کە ئومێد نەدەکرا فرنسیەکان لەجیاتی ئەوەی یارمەتی کورد بدەن کەچی بەپێچەوانەوە یارمەتی تورکیان دا (مەبەستی ئەو ڕێگەدانەی حکومەتی فرنسی بوە بەبەکارهێنانی شمندوفەری ڕێی حلب لەلایەن تورکەکانەوە دژی شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی پیران وەکو لەباسی ئەو شۆڕشەدا ڕوونکراوەتەوە), جگە لەفەرنسە دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش هیچیان نەکرد بەرامبەر بە تاوانەکانی تورك)).

باسی پێنجەم

پرۆگرام، پێرەوی خۆیبون، بڵاوکراوەو چاپەمەنیەکانی

دامەزرێنەرانی خۆیبون، وەکو چۆن دوو سەرکردایەتیان بۆ کۆمەڵەکەیان و بۆ ئەو شۆڕشەی بڕیاری لەسەر درابوو پێکهێنابوو کە وەکو وتمان سەرکردایەتی یەکەمیان بریتی بووە لەو ڕێکخراوە سیاسیەی نەخشەی کاروباری خۆی کێشابوو بۆ بەڕێوەبردن و بەجێهێنانی تەکتیك و ستراتیجی شۆڕشەکەیان و سەرکردایەتی دوهەمیان بریتی بووە لەسەرکردایەتی شۆڕش بەڕێبەرایەتی (أحسان نوری پاشا) وەکو لەدواییدا بەدووروودرێژی باسی دەکەین و خۆیبون یەکەم ڕێکخراوی کورد بووە کە بەر لەدەستپێکردنی شۆڕش پرۆگرام و پیڕەوێکی بۆخۆی دەستنیشانکردبوو بۆ ئەوەی ببێت بە ڕێبازێك لەسەری بڕۆن و پێڕەوی بکەن.

پرۆگرام و پێڕەوی خۆیبوون لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەری خۆیبوونەوە ئامادە کراوە لەژێر ناوی (نظامنا مری عمومی‌وە پیمان میللی) کە لە(١١) لاپەڕەی گەورەدا لەساڵی ١٩٢٨دا بەزمانی تورکی بڵاویانکردوتەوە کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بووە لە(٣٠)مادە کە هەروەکو لەپاشکۆی سەرچاوە(٤٠)دا لەلاپەڕە (٢٩٧)دا بڵاوکراوەتەوە, بەڵام بەداخەوە چ ئەم

بڵاوكـراوەی نـاو سەرچـاوە (٤٠)و چ ئـەو فوتوكوپیـەی مامۆسـتا ئـەنوەر سـوڵتانی بـوی ناردوم كـە وتوویـەتی ئـەو پروگرامـە لـەفایلی ژمـارە(-Ari.23 415)ی سـاڵی ١٩٢٨ لـەناو دوكیومینتـەكانی هێـزی هـەوایی بریتانیـا هـەردوكیان زۆر لـێڵن‌و ناخوێنرێنـەوەو بـۆ ئـەوە ناشـێن فۆتۆكوپیـەكانی بڵاوبكرێنەوە تەنها فوتوكوپیی بەرگەكەی بڵاودەكەنەوە.

خويبون

جڤاتا ولاتێ کوردا

HOYBOUN - L.N.K. - COMITÉ CENTRAL

نظامنامهٔ عمومی

و پیمان ملّی

سرنیورك

١٩٢٨

فوتوکوپی بەرگی نظامنامەکە

نظامنـامەکـە کـراون بـەم بەشـانەی خـوارەوە, هـەروەکو خۆیـان چـۆن نوسراون بەو شێوەیە بلاْوی دەکەینەوە:

١- سەرەتا (کە بەمقصد ناوی هێنراوە)

٢- شرائط دخول

٣- تشکیلات

٤- تشکیلات عسکر وجبهەلر

٥- پروپاغاندا

٦- مرکز عمومی

٧- قونغرە (کۆنگرە)

٨- مواد شتی

٩- پەیمان میللی

١٠- قونغرە قراری صورەتی

(بـەر لەمـە لەباسـی سـێهەمدا چـۆنێتی سـوێندخواردنی ئەندامـەکان بلاْوکراوەتەوە)

دەربـارەی بڕیارەکـانی خۆیبـون, جـلادت بـدرخان لەلاپـەڕە(١٠٨)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٦٠) باسی ئەوەی کردووە چۆن سەرۆك عەشیرەتو پیاوە ناودارو ناسراوەکانی کورد بڕیاری بەستنی مونتەمەرێکیان دابوو کە کۆبونەوەکانی نزیکـی مـانگونیوێکی خایانـدبوو, لـەو کۆبونەوانـەدا بڕیـار لەسەر گەلێك شت درا لەوانە:

١- هەڵوەشانەوەی هەموو کۆمەڵو ڕێکخراوە کوردییەکان بۆئەوەی لەهەموویان کۆمەڵێکی گەورەی یەکگرتووی کورد پێك بهێنرێت کە ئەندامە کۆنەکانی ئەو کۆمەڵانەو ئەندامانی تازە هەموویان تیایا بەشداربن.

٢- درێژەپێدان بەخەباتو شۆڕش دژی حکومەتی تورك هەتا ئەو کاتەی دوا سەربازیان لەخاکی کوردستان دەردەکرێنو نیشتمانی کوردیان لێ پاك دەکرێتەوە.

٣- بەر لەدەستپێکردنی شۆڕش پێویستە ئەمانەی لای خوارەوە بخرێنە بەرچاو:

أ- دانانی سەرکردەیەکی گشتی بۆ هەموو هێزە نیشتمانیەکان.

ب- ڕێکخستنی هێزەکان بەشێوەیەکی سەربازیی ڕێكو پێكو دابینکردنی تازەترین چەكو جبەخانە بۆیان.

ج- دامەزراندنی بنکەیەکی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارو بۆ سەرکردایەتی باڵای کورد لەیەکێك لەچیاکان.

٤- سازکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ حکومەتی ئێرانو شەعبی فارسی برامان.

٥- دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانەی هەمیشەیی لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراقو سوریا وەتەنها داوای ئەوەیان لێبکرێت بڕیارەکانی ئینتیداب چ جۆرە چارەنووسێکی تیادا دەستنیشانکراوە بۆ کورد بەجێ بهێنرێتو لەمە زیاتر داوای هیچی تریان لێ نەکرێت.

جلادت بدرخان لەلاپەرە (١٠٩)ی کتێبەکەیدا باسی پەرەسەندنی خۆیبوونی کردووە کە لەماوەیەکی کەمدا توانرا گەلێك لقی لەناو کوردستان و دەرەوەدا پێکبهێنرێت و دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاریدا (احسان نوری پاشا) بکرێت بەلێپرسراوو دامەزرێنەری هێزی سووپای کورد لە (ئاگری داغ)و ئەویش کاروبارەکانی بەباشی بەجێهێناو ناوچەیەکی سوپایی لەچیا سەخت و گەردن گەشەکەی کوردستان کە ئاگری داغ بوو دامەزراند)).

دەربارەی ئەو بڕیارانەی جلادت بدرخان باسیکردووە, دکتۆر عزیز شمزینی لەلاپەرە(٨٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٤٢) ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (رامبو) کردووە–چاپی پاریس ١٩٤٧ (کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٤١) ناوی کتێبەکەی ڕامبۆی بە– پدر چنگل ناوبردوە), لەکتێبەکەیدا رامبو باسی بڕیارەکانی خۆیبوونی بەم شێوەیەی خوارەوە کردووە.

١– دامەزراندنی سەرکردایەتیەکی گشتی بۆ پێشمەرگەو خۆ ئامادەکردن بۆ سپیکردنی شۆڕشێکی چەکدارانەو دانانی کۆمیتەیەکی ناوەندی, دابینکردنی ئازووقە, پەیداکردنی چەك و کەرەسەی پێویست بۆ شۆڕش.

٢– دەستنیشانکردنی شوێنێك کە بکرێت بە بنکەی سەرکردایەتی شۆڕش و بۆ چالاکیەکانی پێشمەرگە.

٣– بڕیاری پەیوەندی کردن لەگەڵ عێراق و ئێران و سوریا.

٤– احسان نوری پاشا کرا بەلێپرسراوی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری (مەبەست ئیبراهیم پاشای هسکی‌یە کە زۆرجار بە (برو)ش ناوی هاتووە.

زنـار سـلوپی لەلاپـەڕە (١٣٥)ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە(٥٧) وتوویـەتی احسان نوری پاشا تەنها هەر کاروباری شۆڕشگێڕی سوپای نەدەبرد بەڕێوە بەڵکو لەو چیا سەختەدا نەخشەی دامەزراندنی حکومەتێکیشی کێشابوو بەسەرۆکایەتی (ئیبراهیم حسکی - هسکی)، کە احسان نوری لەیاداشتەکانیا بە (ئیبراهیم هسکی تیللی) ناوی بردووە کە یەکێك بووە لەسەرۆکەکانی عەشیرەتی جلالی لەبنەماڵی (هەسووری).

دەربارەی بڵاوکراوەو چاپەمەنیەکانی خۆیبون، احسان نوری پاشا لەلاپەڕە (٧٥)ی یاداشتەکانیا سەرچاوە (٦١)باسی ئەوەی کردووە ساتێك چۆتە ئارارات بۆ دەستکردن بە دامەزراندنی بنکەو بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕش، لەوێ دەستیکرد بەدەرهێنانی ڕۆژنامەیەك بەناوی (ئاگری) بەڵام لەبەر ئەوەی لەوێ بەئاسانی کاغەزی دەست نەدەکەوت بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکە بۆیە لەدەرکردنی چەند دانەیەك بۆ هەر ژمارەیەك بەولاوە توانای چاپکردنی زۆرتریان نەبوو، هەروەکو خۆی باسیکردووەو وتوویەتیلەبەرئەوەی چاپخانەشیان نەبووە بۆیە ناچاربووین بەدەست ژمارەکانمان کۆپی دەکردو هەندێکی ترمان لەسەر (جلاتین) دەنوسیەوەو کە ئەو جەلاتینەشمان بەشێوەیەك بەکاردەهێنا لەپێشدا جەلاتینەکەمان دەکوڵاندو ساردمان دەکردەوە ئەوسا لەسەرمان دەنووسی و بەکارمان دەهێنا.

دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیەی احسان نوری پاشا لەیاداشتەکانیا باسیکردووە، زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٣٥)ی کتێبەکەیدا باسی سرودێکی پێشمەرگایەتی کردووە کە لەلاپەڕە (١٣٦-١٣٧)دا بڵاوی کردۆتەوەو وەرگێڕی کتێبەکەی زنار سلوپی بۆ عەرەبی (ر.علی) وتوویەتی ئەو سرووده

لەلایەن (مصطفى جمعە)و پیاچوونەوەی (محمد علی شمس الدین) کراوە بەعـــەرەبی, کـــە وەرگێـــڕاوە عەرەبییەکـــەی لەلاپـــەڕەکانی (١٣٨-١٤٠)ی کتێبەکـەی زنـار سلوپیدا بڵاوکراوەتـەوە کـە ئەمـەی خـوارەوە فوتوکـوپیی سرودەکەیە بەشێوەکەی خۆیو بەپیتی لاتین.

AGRI

Agri Agrî tu agir bû
Nav dunyayê ser bilind bû
Li kûrdistan tu çira bû
Hêlbe agrî Hêlbe agrî
Ronayî direşand her deran
Agir di rijand ser seran
erd dihejand car caran
Hêlbe agrî Hêlbe agrî
Ji hirsate lav revî bû
Her kevirê te çûn agir bû
Wê çagê te dizanî bû
Turan neyarê arî bû
Hêlbe Agrî hêlbe Agrî
Bê şek disa hirsa te hat
Ew agiran bûne kelat

١٣٦

Kom bûn êdi ser te civat
Hêlbe agrî Hêlbe agrî
Şerq û Gerb basik girtîye
Ser sînga xue lav gırtîye
Kûrmancara sitar bûye
Hêlbe agrî Hêlbe qgrî
Newalên te tijî xûn bûn
Xilxil tijî cendekbûn
Raste berê agir tu bû
Îro agir lawê.te bû
Hêlbe agrî Hêlbe agrî
Roja azadî ser te hilat
Ronika te da besra reşat
nav milleta azadî çand
Hêlbe agrî Hêlbe [illegible]
Ser sînga te sî girtîye
Ala kûrd pêl didîy[illegible]
Kurdanre tu kawe bûye
Hêlbe agrî Hêlbe agrî
Hêlbe agrî Hêlbe agrî
Ji sawa te tirk digirî
te dît çawa rom revî
Hêlbe Agrî Helbe Agri

١٣٧

لاپەرە ١٣٦-١٣٧ی کتێبەکەی زنار سلوپی

بەپێویستم زانی بەپێی توانا وەبەشێوەیەکی نزیک بەوەرگێڕانە عەرەبییەکە کە لەلاپەڕەکانی (١٣٨-١٤٠)ی کتێبەکەی زنار سلوپیدا بڵاوکراوەتەوە ئەو سرودە بکەم بەشێوەی کرمانجی خواروو:

ئاگری....ئاگری... تۆ بڵێسەی ئاگر بووی

تۆ سەربەز بویت لەجیهاندا

مەشخەڵێك بوویت لەکوردستاندا

تیشکی تۆ هەموو شوێنێکی ڕۆشنکردۆتەوە

پشکۆی ئاگرەکەت بەسەر هەموو لایەکدا دەبارێ

بێ پشوودان، جار لەدوای جار زەوی دێنیتە لەرزە

ڕاپەڕە ئاگری.......ڕاپەڕە ئاگری

ئەو پشکۆی ئاگرانە هەمووی دەربڕینی قینە

بەردەکانیشت وەکو پشکۆکان جۆشیان سەندووە

ئەوا ئیتر بۆت ڕوون بۆتەوە (طورانی)یەکان دژی (ئاری)یەکانن

ڕاپەڕە ئاگری...... ڕاپەڕە ئاگری

گڕی ئاگرەکەت بوە بەدروشمو ناونیشان

ئەوا لەپێناوی تۆدا کۆبونەوە ساز دەکەن

ڕاپەڕە ئاگری...... ڕاپەڕە ئاگری

وا ڕۆژهەڵاتو ڕۆژ ئاوا باڵیان کردۆتەوە

هەموویان هەر مەراقی تۆیانە

هەموویان بوون بەلایەنگری کورد

ڕاپەڕە ئاگری...... ڕاپەڕە ئاگری

خوێناو ناو هەموو دۆڵەکانتی پڕکردۆتەوە

دەشت و دەر پڕە لەلاشە
ڕاستە تۆ قیبلەی ئاگر بوویت
بەڵام ئیمڕۆ وا لاوەکانت هەموو بوون بە ئاگر
ڕاپەڕە ئاگری...... ڕاپەڕە ئاگری
ئەوا ڕۆژی سەربەستیت لەگەل هەڵات
ڕووناکی دەسکەوتی زۆرە
تۆ بووی تۆوی سەربەستیت لەناو میللەتا چاند
ڕاپەڕە ئاگری...... ڕاپەڕە ئاگری
واسێبەر باڵی یەسەر سنگتا کێشاوە
ئاڵای کورد بەبەرزییەوە دەشەکێتەوە
تۆ بووی بە(کاوە)ی کورد
ڕاپەڕە ئاگری...... ڕاپەڕە ئاگری
لەترسی تۆیە وا تورکەکان دەگرین
بەچاوی خۆمان بینیمان چۆن (ڕۆم)ەکان ڕایانکرد
ڕاپەڕە ئاگری...... ڕاپەڕە ئاگری

أحسان نوری پاشا لەیاداشتەکانیا سەرچاوە(٦١), لەباسی گەرمەی شەڕەکەدا چەند دێڕێکی ئەو سرودەی تۆمارکردووە کە وادیارە بریتییە لەهەمان ئەو سرودەی زنار سلوپی بلاّوی کردۆتەوە لەگەڵ بوونی چەند جیاوازییەکدا کە بەهۆی وەرگێڕانەکەی هەردوو سەرچاوەکەوە پەیدا بووە, لەدوایدا لەباسی دەسپێکردنی شۆڕشدا ئەو دێڕانەی أحسان نوریش بلاّودەکەینەوە کە لەیاداشتەکانیا تۆماری کردووە.

دوكتـور عبدالسـتار طـاهر شـريف كـه لەكتێبەكەيـدا سەرچـاوە(٤٠) باسی زنجیرە بڵاوكراوەكانی خۆيبـوونی كـردووە كـه يـەكێك لـەو زنجیرانـه بريتی بووە لەكتێبەكەی (بله چ شیركوه – جلادت بدرخان) كه بەعـەرەبی لەژێر ناوی (القضية الكردية – ماضي الكرد وحاضرهم) بڵاوكراوەتەوە.

دوكتـور عبدالسـتار لەلاپـەڕە (٣١٥)ی بـەرگی هەژدەهـەمو نۆزدەهـەمی گۆڤاری كۆری زانیـاری بغداد ساڵی ١٩٨٨, وتوويـەتی نوسـەری ئـەم كتێبـه محمد علی عەونی بووە كه بەزنجیرەی ژمارە (٥) لەسـاڵی ١٩٣٠دا لـه مصر بڵاوكراوەتـەوە بـەڵام مـن هـەر لام وايـه هـەر هـی جـلادت بـەدرخان بـووە بەبەڵگەی ئەوەی لـەو كتێبـەدا باسـی هەنـدێ ڕووداو كراوە كـه هـەر يـەكێكی وەكو جلادت بدرخان كەخۆی لەو ڕۆژانەدا لەكۆڕی شۆڕشەكەدا بووەو دوور نییـە محمـد علـی عـەونی كردبێتـی بەعـەرەبیو چـاپیكردبێتو بەڵگەيـەكی تریش ئەوەيه لەهیچ ڕوداوێكدا ئاماژە بەوە نـەكراوە كه محمد علی عەونی لايـەنگری خۆيبـون بـووەو لەمصـردا چـالاكی نوانـدووە, لەكاتێكـدا وەكـو وتراوە جلادت بەدرخان بەسەرۆكی خۆيبوون هەڵبژێردرابوو).

دوكتور عبدالستار طاهر شريف لەلاپەڕە (٣١٥) گۆڤاری كۆڕی زانیاریدا ئامـاژەی بـۆ ئـەو بانگـەوازە كـردووە كـه خۆيبـوون ئاڕاسـتەی كوردەكـانی ئەمريكای كـردووە بەزمانی توركی كه ئـەو بانگەوازە ژمـارە (٧١)ی پێوەيـه كەلە ١٩٢٨/٦/٣٠دا دەرچووەو دوكتۆر عبدالستار فوتوكۆپی ئـەو بەيانـەی لەلاپـەڕە(٣٢٧)ی كتێبەكەيـدا سەرچـاوە (٤٠)بڵاوكردۆتـەوە كـه لەسـەر ئـەو بانگەوازە نوسراوە:(خۆيبون: ئامريكا دكی كوردلر بياننامەسی) و لەلاپـەڕە (٧٠)ی هـەمان سەرچـاوەدا ئـەو بەيانـەی وەرگێـڕاوە بـۆ زمـانی عـەرەبیو ئێمەش لێرەدا ئەو وەرگێڕانەی ئەو دەكەين بەكوردی(كرمانجی خوارو):

ئەی هاو ولآتیانی بەڕێز

سـەرەنجامی چارەنووســی پـڕ لـەئێش و ژان، ئـەوا سـەدان سـاڵە ئـەو کوردانەی کەوتونەتە ژێر دەسەلآتی تورکەوە، هەر لەسـەرەتاوە هـەتا ئیستە هەمیشەو هەرجارەی بەشێوەیەك تەقەلای لەناوبردنیان دراوە.

ئـەو کوردانـەی لـەناو حکومـەتی عوسمانیـدا بـوون، والـەماوەی بیست و پێـنج ساڵدا لەلایـەن کاربەدەستانی تورکـەوە کەوتونەتـە ژێـر بـاری گرانـی تواندنەوەو داپاچین و لەناوبردن لەناو مەکینەی سیاسەتی تورکدا !!.

باووباپیرانی ئێمـە لەبـەر گـەلێك هـۆ هەمیشـە بـۆ سـوودی تـورك کاریـان کردووەو لەئەنجامی ئـەوەدا سەدان هـەزار کـورد لـەپێناوی گـەورەیی تورکـدا خۆیـان بـەختکردووەو ئەگـەر دەورووبـەری شـورەی شـاری (ڤینـا) هەڵگـەنرێ ئێسك و پروسکی کوردو گەورە پیاوانی کورد لەو میرو شەڕکەرانەی خۆیـان لەپێناوی سەرکەوتنی تورکدا بەختکردبوو لەناو خاکدا دەدۆزرێنەوە.

کاربەدەســتانی تــورك لەســەدەکانی پێشــووەوە کوردیــان بــۆ ســوودو بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکارهێناوەو بەوەشەوە نەوەستاون و دەیانـەوێ کورد بەجارێك لەناوببەن و بەتـەمای ئـەوەن ئیمپراتۆریـەتی طورانـی پێکبێنن و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لەسالی ١٩١٤دا کوشتارێکی زۆریان لـە ئەرمەنیـەکان کـردوو دوای ئـەوانیش دەستیان کـردووە بەکوشـتاری کـورد کـە تـا ئیسـتە ملیونێـك کـوردی بـێ تـاوان بـەخۆڕایی لەسـەهۆڵبەندانی چـلەی زسـتاندا دوورخراونەتەوە بۆ شوێنە دوورەکـان بەبێ ئـەوەی هـۆی گواستنەوەیان بـۆ دابـین بکرێـت و بەبرسـێتی و تینـوێتی پــەرەوازەیان کــردوون و لەشــوێنە جیاوازەکانـدا لەیـەکیان دابڕیـون و نیشـتەجێیان کـردوون کـە بـەهۆی ئـەم ڕاگوێزانەوە پتر لە (٧٠٠)هەزاریان مردوون.

لەدوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی شەڕی یەکەمی جیهانی دۆڕان، بۆ ماوەیەکی کاتی نەخشەی کوشتارو لەناوبردنی کورد وەستێنرا، بەڵام مۆرکردنی پەیمانی لوزان لەجیاتی پەیمانی سیڤەر، تورکەکان بارودۆخی تازەیان بەهەل زانیو دەستیانکرد بەکوشتاری کوردو ئەمە ماوەی چوارساڵە شەوو ڕۆژ قەسابخانەیەکیان بۆ کوشتنی دایكو باوكو براو خوشكو منداڵانی ئێمە خستۆتەکار بەنیازی لەناوبردنی کوردو بەرامبەر بەم هەڵوێستو تاوانانەی لەکورد کرا سەرۆکەکانیان لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧دا کۆبونەوەو بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵی (خۆیبون)یاندا بۆ ڕزگارکردنی کوردو کوردستانو بۆ گەیشتن بەم مەبەستە خۆیبون هەموو کوردی لەژێر باڵی خۆیدا گرد کردۆتەوە چونکە مانەوەی لەژێر دەسەڵاتو جەورو ستەمی تورکدا مانای لەناوبردی کوردو کوردستانە.

میللەتانی جیهان بێجگە لەکورد هەموو مافی خۆیان دەستگیر بووە بەڵام کورد هێشتا هەر لەژێر بەندایەتی تورکدایەو بەزورە ملی وایان لەکورد کردووە بەزمانی دوژمن بنوسێتو بخوێنێتەوە.

ئیتر کاتی خۆڕزگارکردن هاتووەو پێویستە کوردیش وەکو میللەتانیتر ئازاد بێتو حکومەتی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی لەسایەی یاسای ئەو حکومەتەیانا بەباشی بژینو بگەن بە شادیو بەختەوەریو ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە پێویستە کورد لەهێزو توانای خۆی بگاتو بەباشی هەڵیسەنگێنێتو باوەڕی بەوەش هەبێت کە کورد هیچی کەمتر نییە لەتورکو ئێمەی کورد کە کەوتوینە ژێر دەسەڵاتیانەوە خۆمان لەوان بەکەمتر نازانینو بەپێچەوانەوە لەزۆر ڕووەوە لەوان باشترینو بارەها کورد خاکی وڵاتی تورکی پاراستبوو، فریای کەوتبوو، دەبێ هیچ گومانمان لەوەدا نەبێ

بەیەکێتیو تەبایی دەتوانین ولآتەکەمانو میللەتەکەمان لەو زۆرداره ستەمکارو درندەیە ڕزگار بکەینو بەهاوکاریکردنی هەموو کوردێك بەو ئامانجە دەگەین کە ئەمەش پێویستی بەلەخۆبوردن هەیە لەگەلّ پێشکەشکردنی سەرو مالّو لەم ڕێگەیەوە ئاواتەکانمان دێتەدیو شتێکی ئاشکراشە ئەو کوردانەی لەئەمریکادا دەژین ولآتەکەی خۆیان لەبیر نەچۆتەوە پێویستە هەموو کوردێك خەباتکردن لەپێناوی ولآتو میللەتدا بەئەرکی سەرشانی خۆی بزانێتو دەستی یارمەتی درێژبکات بۆ خۆیبون بۆ سەرکەوتنو ڕزگارکردنی کوردستانو پێویستە یارمەتیدانتان بۆ خۆیبون تەنها هەر بریتی نەبێت لەیارمەتیدان بەپارە, بەلّکو ئەو کوردەی لەئەمریکای ولآتی زانستو خوورەوشتی باشدا دەژی پێویستە لەخەلّك بگەیەنیت کە کورد کۆمەلّێکی هەیە بەناوی (خۆیبون)ەوە کەبۆ سەربەخۆییو ڕزگارکردنی کوردستانی ژێردەستی تورك خەبات دەکات کە ئیمڕۆ ئەو تورکە بەو پەڕی دڕندەیەتیەوە کورد دەکوژێ, پێویستە هیچ کوردێکدەقیقەیەك لەکاتی خۆی لەکیس نەداتو هەمیشە ئەوەی لەبەرچاوبێت دەیان هەزار کورد ئیمڕۆ لەچیاکانی کوردستانا بۆ پاراستنی عەرزو ناموسی خۆیان خەبات دەکەنو لەپێناوی پاراستنی ئەو هەموو ژنو منالآنەی لافاوی خوێنیان هەستاوە تێدەکۆشێتو ئەرکی سەرشانی ئەو کوردانەیە کە لەئەمریکادان چەند لقێکی خۆیبون لەناو خۆیاندا پێك بێننو پێویستە لەسەر خوشكو برا هاوولآتیە خۆشەویستەکان هەمیشە ئەوەیان لەبیر نەچێت کێشەی میللەتەکەمان لەسەر بناغەی پاراستنی شەرەفو ناموسو بۆ ڕێزگرتنە لەمیللەتەکەمانو ئەوەی بەتەنگ میللەتەکەی خۆیەوە

نەیە ئـەوە مانـای ئەوەیـە بەتـەنگ ویـژدان و ناموسـی خۆیـەوە نیـەو هـیچ کوردێکیش نییە کە نەیەوێ پارێزگاری لەوانە بکات.

ئەی کوردە بەشەرەفەکان: پێویستە بەوپەڕی تواناو دەسـەڵاتەوە هەستی نەتەوایـەتی بمانجوڵێنێت و بەهـەموو شـێوەیەك و بەهەموو ڕێگەیـەك خـەبات بکـەین بـۆ ڕزگـاربوونی نیشـتمانەکەمان چـونکە ئیمـڕۆ کـاتی بزوتنـەوەو چالاکییە ئەمەش تەنها بەتەبایی و یەککگرتنی ناوخۆمان پێك دێت. با هـەموو جیهـان لـەوە ئاگاداربکـەین کـورد ئەگەرچـی لەوڵاتەکـەی خۆشـی دورکەوتبێتەوە بەڵام هەر کوردەو هـەر نیشـتمانەکەی خـۆی خۆش دەوێت و بەهـەوڵ و تێکۆشـانی هـەموو لایـەك ڕۆژی خۆشـی و شـادی و ڕزگـاربوون لەئاسۆی نیشتمانەکەمانا هەڵدێ، ئەو وڵاتـە ئیمـڕۆ والـەژێر جـەورو ستەمی تورکدا کاولکراوە ڕزگاری دەبێت.

بـژی کوردسـتان... بـژی خەباتکـەران و تێکۆشـەرە قارەمانـەکانی کـورد، بژی میللەتی کورد

مرکزی عمومی خۆیبون

١٩٢٨/٦/٢٠

حسـن عرفـه لەكتێبەكەيـدا سەرچاوە(٥٢) باسـی بـەيانێكی كـردووە كـە وتوويــەتی لەلايــەن ســـەركردەكانی كــوردەوە بــەنهێنی لەتــەواو خــاكی كوردستانی عێـراق‌و توركيادا بڵاوكرابووەوەو ڕونووسێكيشی نێررابوو بۆ كوميسيونی مافی نەتەوە يەكگرتووەكان لەپاريس‌و بيروت بەپێی كتێبەكەی حسن عرفه بەيانەكە بەم جۆرە بوو:

((برايانی كورد, ئێوە كە شايستەی ئەوەن كە نەتەوەيەكی گەورەتان لێ دروست ببێت چۆن ڕێگە بەوە دەدەن بێ دەنگ دەبن كە بەكۆيلەيەتی لەژێر چـنگی توركـدابن, ولاّتــە ئەوروپاييــەكان بــەڵێنی دەوڵــەتێكی گــەورەيان بەئێمەدا لەئێران‌و عێراق بۆ ئەوەی يەكبگرن‌و خەبات بكەن هەتا براكانمان لـەژێر چەپۆكی توركـەكان ڕزگـار بكـەين ولاّتەكـەمان سەربەسـت بێـت كـە لەچەرخەكانی كۆنەوە ولاّتی خۆمانە)).

دەربارەی ئـەم بەيانـەی حسـن عرفـە باسيكردووە دوور نييـە كورتەيـەكی لـەو بەيانـەوە وەرگيرابێـت كـە لەلايـەن دوكتـور عبدالسـتارەوە لەتوركيـەوە كـراوە بـەكوردی وەكـو باسمـانكردو ئـەو بەڵێنـەش كـە وتويـەتی ولاّتـەكانی ئـەوروپا بـەكورديان دابـوو بـۆ پێكهێنـانی دەوڵـەتێكی گـەورە مەبەسـتی پـەيمانی (سيڤەر)ە بـەلاّم لـەم پەيمانـەدا تـەنها باسـی كوردسـتانی باكوورو باشـووری تيـادا كـراوەو كوردسـتانی ئێـران بەشـێك نـەبووە لەدەوڵـەتی عوسمـانی بۆيـە پـەيمانی سـيڤەر كوردسـتانی ئێرانـی نەگرتۆتـەوەو نـازانم حسن عرفه لە چ سەرچاوەيەكەوە وەريگرتووە.

دوكتور عبدالستار طـاهر شريف لەلاپـەڕە (٧٦)ی كتێبەكەيـدا سەرچاوە (٤٠) باسـی بـەيانێكی تـری كۆمـەڵی خۆيبـوونی كـردووە بـۆ وەرامـی ئـەو بڕيـاری لێخۆشـبوونەی حكومـەتی تـورك لـە (٢٩/ی ئۆكتۆبـەری/١٩٢٣)دا

بـڵاوی کردۆتـەوە بەبۆنـەی تێپـەڕبوونی (١٠)سـاڵ بەسـەر دامەزرانـدنی حکومەتی جمهوری تورکیادا, بەیانەکەی خۆیبون دووبارە بەزمانی تورکی بڵاوکراوەتـەوە لـەڕیزی ژمـارە (٨)ی زنجیرەی بڵاوکراوەکـانی خۆیبـون کـە نوسـەری سەرچـاوە (٤٠) لەلاپـەڕە (٢٣١)یـدا فوتوکـوپی ئـەو بەیانـەی خۆیبـونی بڵاوکردۆتـەوە وەلەلاپـەڕە (٧٦)دا هـەمان بـەیانی لەتورکیـەوە کردووە بەعەرەبی کە وەرگێڕانەکەی بۆ کوردی بەم جۆرەیە:

((بـەڵێ تورکیـا هـەرکاتێ بیـەوێ‌و چـۆنی بـوێ دەتوانێـت بـەیانی لێخۆشبوون دەربکات بۆ سیاسیە داماوەکانی تورك بۆ ئەوەی سوود لەو بڕیاری لێخۆشبوونە وەربگرن‌و بەدڵنیاییەوە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان, بەڵام ئەو بەیانە نیشتمانپەروەران‌و خەباتکەرانی کورد ئەو لێخۆشبوونە نایانگرێتەوە چونکە هـۆی بناغـەی نـاکۆکی‌و دوژمنایـەتی کورد بەرامبـەر بەجمهوریەتی تورك لەبەر دواکەوتنی سیاسی‌و بێ مێشکی کورد نییە کە نەیتوانیبێت لەچۆنێتی ڕێبازی بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتی تێبگات هەتا پیاو بیر لەوە بکاتەوە لەوانەیە بەپێی گۆڕینی هەڵوێست‌و بارودۆخی ڕۆژانـە گۆڕانکـاری لـەو ڕێبـازەدا بـەدی بکـات کـە بـەرەو باشـی دەڕوات بـۆ کـوردو نیشـتمانپەروەران‌و خەباتکـەرانی کـورد بەکۆمـەڵی خۆیبونیشـەوە تـەنها بـۆ ئـەوە تێدەکۆشـن‌و خۆیـان بـۆ ئـەوە تـەرخانکردووە ئامانجـە پیرۆزەکانی میللەتەکەیان بهێننە دی.

نیشـتمانپەروەرانی کـورد لـەوە دڵنیـان ئەگـەر خوایـاربێ ڕۆژێـك دێـت بگەڕێنـەوە بـۆ خـاکی خۆیـان بـەڵام بـۆ تورکیـا نـا بـەڵکو بـۆ نیشـتمانی خۆشەویسـت کـە بریتییـە لەکوردسـتان, بـۆ ئـەو وڵاتـە کـاولکراوەی دانیشـتووەکانی لەبچـوکترین مـافی خۆیـان بـێ بـەش کـراون کـە بریتییـە

لەئازادیی گفت‌وگۆ کردن بەزمانی کوردی لەگەڵ فێربوون‌و نوسین بەزمانی کوردی.

بۆ ئەوەی ڕای گشتی دنیای شارستانێتی باروودۆخی کوردستانیان بۆ ڕوون بێتەوەو ئاگاداری کێشەی ئیمڕۆی کورد ببن بۆیە کۆمەڵی نیشتمانی کورد(مەبەستی کۆمەڵی خۆیبون خۆیەتی) بڕیاریدا ئەم ڕاگەیاندنە بڵاوبکاتەوەو جارێکی‌تر ئەوە بسەلمێنێت کە تێکۆشەرانی کوردلەم ڕێبازە پیرۆزە لانادەن کە دەیان ساڵە میللەتی کورد لەپێناوی دەستگیربوونی مافەکانیا سەرو ماڵی خۆی بەخت کردووە, ئەم خۆبەختکردنەی بەهی ئەو هەستی نیشتمانیەوەیە کە لەدێرزەمانەوە لەمێشك‌و دڵی کوردا چەسپاوەو ئەم کۆمەڵە سوورە لەسەر پێڕەوکردنی ئەو ڕێبازەی ئاوات‌و هیوای میللەتی کوردی پێ دێتەدی کە ئەو هیواو ئاواتە بریتی نییە لەهیواو ئاواتی تاقە کەسێك بەڵکو هی هەموو میللەتی کوردە, تاکەکەس دەڕوات بەڵام میللەت هەر دەمێنێت‌و لەناوناچێت‌و ئەوانەی لایان وایە کورد واز لەم ڕێبازە دەهێنێت زۆر بەهەڵەدا چوون چونکە ئەوانەی ئاگادارو شارەزای ئەو بەسەرهات‌و کارەساتانە نین کەبەسەر وڵاتەکەیانا هاتووەو دێت‌و لایان وایە کۆمەڵەکەیان بەرلەوەی بگات بەو ئاواتەی خۆیان بۆ بەختکردووە کۆڵ دەدەن‌و کۆمەڵەکەیان هەڵدەوەشێتەوەو مل کەچ دەکات بۆ جمهوریەتی تورکیا, ئەو جمهوریەتەی هەموو ڕۆژێك بەجۆرێك سزای کورد ئەدەن‌و بەوپەڕی دڵڕەقی‌و بێ بەزەییانەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەو کوردەدا بکەن کە دەیەوێ باشاشتی لەناو خاکی خۆیانا بژین‌و گوزەران بکەن.

لەساڵی (١٩٢٥)ەوە هەموو دەزگاکانی تورك بەجندرمەکان‌و بەدادگاکانی استقلالیانەوە هەرچی نەشێ بەکوردیان کردووەو سەدان گوندو شارۆچکەی

کوردیـان سـوتاندووەو کاولیـان کـردووەو دانیشـتووەکانیان لـەناوبردووەو هەزاران هـاوولآتی کوردیـان بەگوللـە کوشـتووەو لەسـێدارەیان داون‌و هـەموو جـۆرە ڕەفتـارێکی کاولکارانـەیان گرتۆتەبـەرو دەیـان هـەزار کوردیـان بـەپێ خاوسی‌و بەڕووتی بەسەرماو سۆڵەو سەهۆڵبەندانی زستان ئاوارە کـردووەو لـەولآتی خۆیـان دوریـان خسـتونەتەوە, بـەلآم لەگـەلْ ئەمەشـدا بانگـەوازی پیرۆزی نیشتمان هەتا بێت بەرزتر دەبێتـەوەو کۆڵنـادات‌و حکومـەتی تـورکی بەخوێن تینوو بەهـەموو توانـای خۆیـەوە نـەیتوانیوە دەنگـی شۆڕشـگێڕانی کـورد کـپ بکـات‌و لەخـەباتکردن وازی نـەهێناوەو ئازایانـە ڕووبـەڕووی هێزەکانی تورك دەبێتەوەو هـەتا تـورك درێژەبدات بەلـەناوبردنی کـوردی بێ تاوان, چیاکانی کوردستان بێدەنگی بەخۆیانەوە نابینن‌و زنجیرەی خـەبات‌و تێکۆشانی کورد کۆتایی نایەت.

ئـەو تورکـەی کـە تـا ئیسـتە نـەیتوانیوە بەهـەموو هێـزو توانـای خۆیـەوە خـەباتی کـورد لـەناو ببـات پـەنای بردۆتـە بـەر درۆو دەلەسـەو خەڵەتانـدن‌و بـەڵێنی پـڕ لـەدرۆو دەسـتبڕین‌و بارەهـا تـا ئیسـتە بڕیـاری لێخۆشـبونیان دەرکردوە کە ئەمەی دواییان سێهەم جارەو لایان وایە کورد گەمژەو نەزانەو لەدرۆ دەلەسەو نەخشەکانیان نەگەیشتووەو بەئاسانی دەستەمۆی ئەکات‌و تـۆ بڵێـی ئـەوەی ئـەو بڕیـاری لێخۆشـبوونە دەخوێنێتـەوە لای وابێـت ئـەوە بڕیاری دەزگایەکی بەویـژدانی شارستانێتی دۆسـتەو دەتوانێـت بەپێی ئەو بڕیاری لێخۆشبوونە دەرفەتی ئـەوەی هـەبێت بەوپـەڕی سەربەسـتیەوە لـەناو خاکی ولآتی خۆیدا بژی‌و مافی هات‌وچۆکردن‌و قسەکردنی هەبێت؟! نـەخێر چونکە ئـەو لێخۆشبونانەی هـەتا ئێسـتە بـەناو بۆ کـورد دەرچـووە هـەمووی بریتـی بـووە لەتەڵـەو داوو دەسـبڕین‌و ئەوانـەی بـەو لێخۆشـبوونانە

خەڵـەتێنرابوون و لەخشـتە بڕابـوون کـە هاتبوونـەوە ژێـر سـایەی حکومـەت ئەوی لەمردنیش ڕزگاری بوو بێت ئێستە لەناو زینداندان و چاوەڕوانی سەرە مەرگی خۆیانن.

لێخۆشبوونی تورك لەکورد درۆیەکی ئاشکرایەو خەڵەتاندنەو پێویست بە بەڵگە ناکات چونکە ئایا حکومەتی تورك دەتوانێت دانی پیادا بنێت و بـڵاوی بکاتـەوە چـەند کـەس لـەو ئاوارانـەی لـەئێران و سـوریاو عێراقـەوە گەڕابوونەوە بۆ تورکیاو ئەوانەی لەچیاکانی کوردستانەوە هاتبوون و خۆیان دابوو بەدەستەوە ئاخۆ ئیمڕۆ چەند کەس لەوانە لەژیانا ماون؟! ئایا لـە (٨٥٪)ی ئەوانـەی ئەگـەر نەشـوترێت (٩٥٪) لەوانـەی بەسـوێندی شـەرەفی تـــورك هەڵخەڵـــەتابوون دەیـــان درۆو دەلەســـەیان بـــۆ هەڵنەبەســـراوەو بەشێوەیەکی ناجوامێرانەو ناپیاوانە نەکوژراون و لەسێدارە نەدراون؟؟! کە ئەم ڕاستیانە دەری دەخەن هەموو بەڵێنەکانی تورك وەکو صفری لای چەپ وان و هیچ بایەخێکیان نییە!! بەڵام لەگەڵ ئەو هـەموو درۆو خیانەتانـەی لـەو کوردانـەی بـەر لـە پێـنج سـاڵ لەمەوبـەر کـرا (مەبەسـتی ئەوانـەی شۆڕشـی پیرانـە) ئایا بـەهیچ شێوەیەك توانیویانـە هەستی کوردایـەتیان لەمێشکیانا نـەهێڵن؟ ئـەم لێبوردنـەی ئەمجارەشـیان هـەر بـەو ئاواتانـەیان ناگەیـەنێت بـۆ لەناوبردنی کورد.

ئیمڕۆ ئەو کوردەی دوورە وڵاتـە هیچی نیـەو لەهـەموو مافێکی ئاسـایی خۆی بێ بەشـەو ڕێگـەی ئـەوەی لێگیراوە بـەزمانی خـۆی بدوێ و بنوسێت و لـەناو وڵات ڕێگـەی ئـەوەی پێنادرێـت مەراسـیمە ئاینیـەکان بـەجێ بێنێـت و لەهەموو مـافێکی سیاسـی بـێ بەشـەو هـەمووی لێ قەدەغـە کراوەبەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا هــەر بــەئیمانێکی نیشـتمانی بـەهێزەوە بـۆ مەبەسـتێکی

شەریف‌و خاوێن تێدەکۆشێت کە بریتییە لەڕێبازی هەموو مرۆڤێکی خاوەن شەرەف. نمونەی ئەو کۆڵنەدانە بۆ گەیشتن بەئامانجە پیرۆزەکان لەدوو قارەمانی کۆڵنەدەردا دەردەکەوێت کە بریتین لە (أحسان نوری)و (فرزندە) کە هەردوکیان لەدنیایان گەیاند نیشتمانپەروەرێتی کوردو باوەڕکردن بەنەتەوایەتی کورد شتێك نییە بەهیچ جەورو ستەمێك کۆڵ بداتو وازی لێ نەهێنێت.

بەڵێ ئیمڕۆ تورکەکان دەیانەوێ خۆیان لەشتێکی تردا تاقیبکەنەوە بەئومێدی ئەوەی کورد لەناو دەبەن یا هیچ نەبێ لاوازی دەکەن‌و بۆ گەیشتن بەو مەبەستەیان ئەگەرچی نەیانتوانیوە وورەی کورد بەربدەن, دەیانەوێ ڕێگەی فێڵ‌و تەڵەکەبازی بگرنەبەرو سوود لەدڵپاکی کورد وەربگرن بەڵام کورد هەتا بێت وورەی بەرزتر دەبێتەوەو بەرەنگاری هەموو تەقەلاکانی تورك دەبێتەوە.

تورکەکان هەمیشە بزوتنەوەکانی کورد بەبزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەو بەڕێبازێکی چەتەگەری یاخوود بەوابەستەی بێگانەی لەقەڵەم دەدەن, کوردیش بەرامبەر بەو تەقەلایانەی تورك بۆ ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاوای ڕوون دەکاتەوە کە ئەگەر تێکۆشان‌و خەباتی کورد بریتی بوویێت لەچەردەیی‌و چەتەیی, بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کە لەماوەی دە ساڵدا کۆڵنەداتو درێژە بەو خەبات‌و تێکۆشانەی خۆی بدات.

ئایا ئیمڕۆ لەسەر ڕووی جیهاندا لەحکومەتی تورك بەولاوە حکومەتێکی تری واهەیە هەموو دەسەڵات‌و توانای خۆی بۆ ئەوە تەرخان بکات نەتەوەیەکی‌تر لەناوبەرێت‌و هەموو تواناو دەسەڵاتی خۆی بۆ ئەوە تەرخان بکات هەموو جۆرە ئازادی‌و سەربەستییەك لەو میللەتە قەدەغە بکات.

میللەتی کورد کە بازووی خۆی لێ هەڵکردووەو خەبات دەکات لەکۆڕی تێکۆشاناو هەمان ڕێبازی ئەو میللەتانەی تری گرتۆتەبەر کە بەرلەخۆی گرتویانەبەر بۆ مسۆگەرکردنو دەستگیربوونی مافی ڕەوای خۆیانو هیواداره بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی دەستی پیاوەتیو یارمەتی ئەدەبی بۆ درێژبکرێت, بەلآم بەداخەوە لەجیاتی ئەو یارمەتیدانە حکومەتەکان بەپێچەوانەوە نەك هەر یارمەتی نادەن بەڵکو کۆسپو بەرهەڵستیش ئەخەنە بەردەمیو کاربەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو بوون بەلایەنگری تورك بۆ سەرنەکەوتنی کورد لەبزوتنەوە پیرۆزەکەیدا.

هەموو مرۆڤێکی ژیری خاوەن ویژدان ئەبێ دان بەوەدا بنێت ئەم ڕاپەڕینو شۆڕشە نەتەوەییەی کورد زادەی هەستو هۆشی چەند ملیۆنێکە کە ئیمڕۆ ڕوو بەڕووی بەسەرهاتی ترسناك بۆتەوە, بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵنادات لەتێکۆشانو خەبات لەپێناوی ئازادیو ژیانێکی خۆشبەختانەو میللەتێکیش ئامادەبێت گیانی خۆی پێشکەش بکات لەپێناوی ئەم مەبەستە پیرۆزەدا هێز نییە کۆڵی پێ بداتو لەناوی ببات)).

باسی شەشەم

خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بونەوە

لەباسی چۆنێتی پێکهاتنی کۆمەڵی خۆیبوندا باسی ئەوە کرا چۆن دەستەی بەڕێوەبەری خۆیبون بڕیاریدا احسان نوری پاشا ببێت بەلێپرسراوی سەرکردەی هێزەکانی شۆڕش لەچیای ئاراراتداو ئەویش کە چووە ئاراتو دەستیکرد بەڕێکخستنی کاروباری شۆڕشو ڕۆژنامەیەکیشی دەرکرد بۆ ئەوەی ببێت بە ئۆرگانی کۆمەڵی خۆیبونو شۆڕشی ئاراراتو بەرلەمە لەباسی شۆڕشی پیراندا لەباسی پێکهاتنی کۆمەڵی ئازادیدا باسی ئەوە کرا چۆن تورکەکان بۆ زراندنی ناوی احسان نوری پاشا گەلێك درۆو دەلەسەیان دەربارەی هەڵبەست بۆ ئەوەی لای شۆڕشگێڕانی کورد ناوی بزرێننو دڵی ئینگلیزەکانیشی لێ کرمێ بکەن، بەڵام ئەو درۆو دەلەسانە نەیانتوانی ناوی احسان نوری لکەداربکەن هەروەکو روبرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٨٤) ڕوونی کردۆتەوەو ئەو دوکیومینتەی دەربارەی ئەو تەقەلا سەرنەگرتووەی توركی باسکردووە کە ژمارەی دوکیومینتەکە (Air 23-43) ڕۆژی ١٩٢٥/٢/٢٧ ئەوەندەیتر درۆو

دەلەســـەكانی حكومـــەتی كەمالیـــەكانی پووچـــەڵ كردۆتـــەوەو ئـــەم هەڵبژاردنەشـی بـۆ سـەركردایەتی هێزەكـانی شـۆڕش نیشـانەیەكی تـرە بۆنیشتمان پەروەرێتیو بۆ دەم كوتكردنی تورك بەرامبەری.

وەكـو لەبەسـەرهاتو ڕوداوەكـانی شۆڕشـی ئاگریداغـدا ڕوون دەبێتـەوە احسـان نـوری پاشای شازادە بـەكاروباری سـوپاو شۆڕشـگێڕی بریتـی بـوە لەئەندازیارو نەخشەكێشـی كاروبـاری شۆڕشـكە بـەڵام بەداخـەوە ئـەو كـەمو كوڕییانەی لەشۆڕشكەدا ڕوویدا لەگەڵ باری نالەبارو هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبـەر بە شۆڕشەكە بەهـەموویان ڕێگەی سـەركەوتنیان لەشۆڕشكە گرت وەكو لەشوێنی خۆیدا بەدوورو درێژ باس دەكرێت.

احسان نوری لەدوای شكانی شۆڕشكەو ناچاربوونی كە پەنا بباتـە بەر ئێـران وەكـو پەناهەندەیـەكی سیاسـی لـەوێ دەسـتیكرد بـەتۆماركردنی یاداشتەكانی دەربارەی شۆڕشی ئارارات, بـەڵام بەداخـەوە چونكە بیرەوەری یاداشتەكانی لەكاتی خۆیدا تۆمارنەكردووەو هێشتوویەتیەوە بۆ سـەردەمی ئاوارەبوونی بۆیە یاداشتەكان لەزنجیرەی ڕووداوەكانا هەست بـەوە دەكرێت لەسەر یەك زنجیرەو بەپێی بەسەرهاتو ڕووداوەكان تۆمارنەكراون.

احسـان نوری بێجگە لەو یاداشتەی كتێبێكـی تریشـی بـەناوی (ژیـانم)ەوە بـەزمانی كـوردی نوسـیوەو بـەزمانی فارسـیش لەسـاڵی (١٩٥٥)دا لـەتاران كتێبێكـی بـەناوی(تـأریخ ریـش ئـی نـژاد كـورد) چـاپكردووە كـە بریتییـە لە(١٤٦)لاپەڕەو مامۆستا صلاح برواری لەتەمووزی ١٩٩٠دا ئەو یاداشتەی احسـان نـوری كـردوە بەعـەرەبیو لەبـەیروت یەكـەم چـاپی بڵاوكراوەتـەوەو هــەروەكو صــەلاح بــەرواری باســیكردووە (انســتتیوی پــاریس) لەســاڵی ١٩٨٦دا ئـەو یاداشـتانەی بڵاوكراوەتـەوە لـەژێر نـاوی (La Reolte de

Lagridagh-ARARAT) بەزمانی فەرەنسی لە(جنیف) چاپکراوەو هەروەکو صلاح بەرواری لەلاپەرە(١٠)ی پێشەکیەکەی یاداشتەکەدا باسی کردووە ئەو یاداشتە بەزنجیرە بەزمانی عەرەبیش لەگۆڤاری (هیڤی – هیوا)دا بلأوکراوەتەوە لەلایەن انستتیوی کوردەوە لەپاریس.

صلاح بەرواری لەلاپەرە(٦)ی پێشەکی ئەو یاداشتانەدا وتوویەتی:

((سەرکردەکانی ئەو هێزە لەژێر سەرکردایەتی احسان نوریدا بووە زۆربەیان بریتی بوون لە دەرەبەگو سەرۆك عەشیرەتو پیاوە ئاینیەکان کە لەناو ئەوانەدا دوو سەرکردەی زۆر ئازاو دلێریان تیا بووە کە بریتی بوون لە (بروهسکی)و (فرزەندە بەگ)، هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەو شۆڕشە بەهۆی ئەو ناکۆکیەوە پەیدا بوو کە لەنێوان (محمد بگ)و سید رسول)دا پەیدا بوو کە تورکەکان بەهۆی ئەو ناکۆکیەوە خراپترینو خوێنڕێژترین کوشتاریان لەکورد کرد لە(زیلان)دا (لەشوێنی خۆیدا بەپێی یاداشتەکەی احسان نوری ئەچینە سەر باسی ئەو رەخنەیەی احسان نوری لەهەردوکیانی گرتبوو).

صلاح بەرواریش هەر لای وایە کە احسان نوری لەدوا سالأنی ژیانیا کە تەمەنی چوبوە سالەوە ئەو یاداشتانەی تۆمارکردووە کە لەماوەی پێنج سالی بەرلەکۆچی دوایدا کە لەسالی (١٩٧٥)بووە ئەو یاداشتانەی نوسیوەتەوە, بەلگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لەیاداشتەکانیا ئاماژەی بۆ باسێکی ناو رۆژنامەیەکی تورکی کردووە کە لەسالی ١٩٦٩دا باسی ئەو یاداشتەی بلأوکردۆتەوە.

دەربارەی ژیانی احسان نوری پاشا بەپێی پێشەکیەکەی صلاح بەرواری , احسان نوری لەسالی ١٨٩٢دا لەشاری (بدلیس) لەگەرەکی (ئالی کولی)

لەدایك بووەو لەوێ گەورە بووەو (ئەكادیمی حربی) لەئەستەمبول تەواو کردووەو هەروەکو ئەفسەرەکانی تری کورد لەدوای تەواوبونی شەڕی جیهانی لەشەڕی ڕزگاربوونی تورکیادا بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی تورکیاو ڕزگارکردنی لەدەوڵەتە داگیرکەرەکان بەشداری کردووەو لەشەڕەکانا ئازایەتیەکی زۆری نواندووە (روبرت ئولسون لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٨٤) وتوویەتی: کاتی خۆی أحسان نوری سەرکردەی سوپای شەشەمی دەوڵەتی عوسمانی بووەو لەدوای تەواوبونی شەڕی جیهانی یەکێك بووە لە نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی لەمۆرکردنی پەیمانی (مودراس- پەیمانی وەستاندنی شەڕ)و لەکاتی کۆبوونەوەکانی مودراسدا دژی هەڵوێستی ئینگلیزەکان بووە بەتایبەتی لە سیاسەتیانا بەرامبەر بە عێراق).

هەروەکو روبرت ئولسون لەلاپەڕە (١٩٤)دا ئاماژەی بۆ دوکیومینتی ژمارە(Air23-43) کردووە کە لەلاپەڕە (٤٦)یدا وتراوە أحسان نوری پاشا لەساڵی ١٩١٩دا لەکاتی شەڕی (غالیبولی)دا دژی ئەفسەرەکانی تورك یاخی بووە, چەند ئەفسەرێکی تورکی دەستگیرکردوو بۆ ماوەی دوو مانگ خۆی کرد بەسەرکردەی ئەو هێزەی دەستی بەسەردا گرتبوو, لەئەنجامی ئەمەدا دادگا کراو دوورخرایەوە بۆ بدلیس و هەر کە گەیشتە بدلیس پەیوەندی بە جمعیتی ڕاپەڕینی کوردەوە کرد (Society For the Riseof Kurdistan)و بەپێی بڕیاری ئەو جمعیەتە ڕاپەڕینی (بیت الشباب) جێ بەجێکرا (لەبەرگی دوهەمدا باسی ڕاپەڕینەکەی بیت الشباب کراوە), بەلأم هەروەکو روبرت ئولسونیش باسیکردووە بێجگە لەو دوکیومینتە لەهیچ سەرچاوەیەکی تردا باسی ئەو ڕاپەڕینەی أحسان نوری نەکراوە لەشاری غالیبولیدا.

أحسان نوري پاشا

احسان نوری لەسەرەتادا کە هێشتا دەستی کمالیەکان نەکەوتبووە ڕوو بەرامبەر بەکورد, وەکو هەندێ لەکوردەکانی‌تر بوبوو بەئەندامی کۆنگرەی (سیواس) کە لەبەرگی دووهەمدا باسی ئەو کۆنگرەیە کراوە, بەڵام دوای ئەوەی تورکە کمالیەکان لەبەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە کە دابویان بەکورد لەساڵی ١٩٢٤دا ئیتر خۆی پێ نەگیراو ڕوویکردە بەرزاییەکان‌و هەروەکو لەبەرگی دووهەمدا لەباسی ڕووداوی (بیت الشباب)دا باسمانکردووە احسان نوری لەئەنجامی ئەو تلگرافەی یوسف ضیاء بەگ ناردبووی بۆ براکەی کە ئەمیش ئەفسەرێك بووە لەناو ئەو هێزەی احسان نوری پاشا سەرکردەی بووە, احسان نوری لەگەڵ ئەفسەرو سەربازە کوردەکانا کە روبرت ئولوف ژمارەی ئەوانەی بە (٥٠٠)کەس داناوە ڕوویانکردبووە چیاکان‌و لەحکومەت یاخی بوو.

احسان نوری لەدوای شکانی شۆڕشەکەی ئاگری داغ خۆی نەدا بەدەست تورکەکانەوەو هەروەکو لەدواییدا ڕووندەبێتەوە بەڵکو پەنا دەباتە بەر حکومەتی ئێران‌و لەوێ دەمێنێتەوە هەتا ساڵی ١٩٧٥دا موتورسایکلیك دەیکات بەژێرەوەو گیانی دەردەچێت لەکاتی پەڕینەوەیدا لەسەرجادەیەکی تاران‌و لەو ڕۆژانەدا وابڵاوبوبوەوە لەمەدا ساواکی ئێرانی دەستی تیادا بووەو بۆ ئەوەی احسان نوری بەشداری نەکات لەشۆڕشی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ دا لەباشووری کوردستان کرابوو,لەتەمەنی (٨٣)ساڵیدا لەگۆڕستانی (بهشت زهراء)لەباشوری تاران دا نێژراوە.

احسان نوری پاشا لەیاداشتەکانیا بەرلەوەی بچێتە سەر باسی شۆڕشی ئارارات, باسی ئەوانەی کردووە کە هاوکارو لایەنگری شۆڕش

بــوون و لێــرەدا ئێمـــەش نــاوی ئەوانـــە دەخەینـــە پــێش چــاو کـــە لەیاداشتەکانیا ناوی هێناون کە وتوویەتی:

((عربسـی کـە سـەرۆکی عەشـیرەتی (مکتـوری) بـوو لەناوچـەی (ئەگـدر) لـەباکوری ئاگریـدا دەژیـا, لەلاپاڵەکەی تـری ئاگریدا (علوی بکـر) و (عبداللە خلف)ی سەرۆکی عەشیرەتی (قزلباش ئوغلی) کە یەکێك بـوو لـەلاوە کوردە ئازاو ئازادیخوازانەی بەر لەچەند ساڵێك خۆیو عەشیرەتەکەی لەکوردستانی ئێرانـەوە هاتبوونـە کوردسـتانی تورکیـاو لەڕۆژهـەڵاتی ئاگریـدا نیشـتەجێ بوبـوو, هـەروەها (ئـەنوەر مـزراق) کـە لەبنەماڵـەی سـەرکردەکانی عەشـیرەتی (زیـلان) بـوو ئـەو بنەماڵەیـە هـەموویان بەشـداربوون لـەهێزەکانی ئاگریـدا هەرچـەندە هەنـدێ لـەو عەشیرەتانەی لـەژوور چیاکەدا بـوون هێشـتا وازیـان لەلایەنگرێتی حکومەت نەهێنابوو, بەڵام ئاڵای کورد بەسـەر هـەموو چیاکەدا دەشەکایەوەو هیچ کاربەدەستێکی حکومەتی تورك نەیدەوێرا ڕووبکاتـە ئـەو ناوچەیە.

ئاڵای کوردو دوو پێشمەرگە کە بنکەی سەرکردایەتیان لەئاگریدا دەپاراست (لەلاپەڕە (١٣٩)ی یاداشتەکەی أحسان نوری) وە لەلاپەڕە (٣٠٤)ی کتێبەکەی زنار سلوپی

وێنەی حاجو ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەڤرکی‌و بەڕێوەبەری کاروباری ناوچەکانی مریات، میردین، شرناخ لەشۆڕشی ئاگریدا

لەناوڕاستی هاوینی ساڵی ١٩٢٩دا (مەمۆ) و (نادر) هەردوو کوڕە ئازاکانی حسین پاشای سەرۆك عەشیرەتی (حیدری) لەگەڵ دوبرای تریان‌و ئامۆزایەکیان لەسوریەوە هاتنەوەو خۆیان گەیاندەوە ناو خاکی کوردستان‌و لەکاتی تێپەڕبوونیانا بەناوچەکانی (مدیات, بەشیری,کرزان, هەتاوی هەتاکو دوای موش)و لەوێدا پەلاماردران‌و سیانیان لێ شەهید بوو بەلآم (مەمۆ) و (نادر) خۆیان دەربازکردو گەیشتنە لای ئێمە)).

أحسان نوری لەلاپەڕە (٦٩)ی یاداشتەکانیا دەربارەی (کوڕ حسین پاشا) و (حاجی موسی بەگ) وتوویەتی ((هەرچەند کوڕ حسین پاشا لەشۆڕشی پیراندا لایەنگری حکومەت بوو, بەلآم کە شۆڕکەی پیران تەواو بوو تورکەکان وازیان لەویش نەهێناو لەگەڵ حاجی موسی بەگدا هەردوکیان ئاوارەکران بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ, بەلآم هەردوکیان بڕیاریاندا خۆیان لەشوێنی ئاوارەبوونەکەیان ڕزگار بکەن, حسین پاشا دەوڵەمەندو پارەدار بوو, ئاڵتونێکی زۆری هەبوو, توانی هەندێ ولآخ‌و تفەنگ بکڕێت‌و بیدات بەوانەی توانای چەکهەڵگرتنیان هەبوو, ژن‌و منداڵەکانیان لای دوو کوڕی خۆیان بەجێ هێشت‌و ڕویانکردە سوریاو لەوێ بوون بەمیوانی (حاجو ئاغا) کە یەکێك بوو لەسەرکردە ناسراوەکانی عەشیرەتی (هەڤرکی)و لەوێ بوون بە ئەندامی خۆیبون.

ساتێك ئەوانە گەیشتبونە سوریا بەپۆستەی ڕێکخراوی خۆیبوندا نامەیەکی ئەوانم پێگەیشت‌و منیش داوام لەخۆیبون کرد بیان نێرن بۆ ئاگری‌و ساتێك کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی بگەنە لای ئێمە لەڕێگەی عێراق‌و ئێرانەوە ئینگلیزەکان لەموصڵ گرتنیان‌و ناردنیانەوە بۆ سوریاو لەوێ حاجی موسی بەگ نەخۆشکەوت‌و لەسوریا کوچی دوایی کرد, بەلآم بەپێی

بڕیاری خۆیبون چوار کوڕو کوڕەزایەکی حسین پاشا کە لەکوردستانی تورکیادا بوون لەگەڵ حسین پاشا خۆیو (ئەدۆ)و خوشکەزایەکیو کوڕەزایەکی کە لەکوردستانی عێراق بوون هەموویان ڕویانکردە ئاگریو لەڕێگایانا تورکەکان ڕێگەیان پێگرتنو سیانیان لێ کوژرا (بەر لەمەش باسی هەمان شتی کردووە).

احسان نوری لەباسی چۆنیتی چوونی کور حسین پاشا بۆ ئاگریداغ وتویەتی کە سوریای بەجێهێشت ڕویکردە عێراقو لەوێ بوو بەمیوانی شێخ ئەحمەدی بارزانی کە لەوێ (مدنی) کوڕی حاجی موسی بەگیشی لێ بوو، ساتێك ویستیان لای شێخ ئەحمەد بەجێ بێڵن (نوە بەگ) بەکور حسین پاشا دەڵێ (مدنی) برازام حەزدەکات ئەویش بچێت بۆ ئاگری خۆزگە لەگەڵ خۆتانا بیبەن بۆ ئەوێ . حسین پاشا (مدنی) لەگەڵ خۆیدا دەیبات‌و لەگەڵ چەند سوارێکدا دەکەونە ڕێو لەڕێگادا لەچیایەکدا (مدنی) پلانێکی زۆر ناجوامێرانەو ترسنۆکانە بۆ کور حسین پاشا ڕێك دەخاو حسین پاشاو هاوڕێکەی کە لەشیرین خەودا دەبن هەردوکیان دەکوژێت‌و پاش ئەو کوشتنەی حسین پاشا (مدنی) خۆی ئەدا بەدەست تورکەکانەوە.

احسان نوری لەیاداشتەکەیدا لەسەری ئەڕوات‌و ئەڵێت:

((لەدوای لێکۆڵینەوەو چوونە بنج‌و بناوانی ئەو کوشتنە، بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی دەردەکەوێ (نوە بەگ)ی برای موسێ بەگ دەورێکی سەرەکیو گلاوی هەبووە بۆیە ئەو خیانەتە گەورەیەی کردبوو لەسەر ئەوە بڕیاری کوشتنی دەداو نایەڵێت (نوە بەگ) سوود لەو لێخۆشبوونەی تورك وەربگرێت کە دەریانکردبوو)).

بێجگە لەوەی احسان نوری لەیاداشتەکانیا دەربارەی شێخ ئەحمەدی بارزانی دەری کردبوو بەرامبەر (نوەبەگ) (حسین عرفە)ش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٢) باسی بەشداربوونی شێخ ئەحمەدو هاوکاریکردنی کردووە لەگەڵ شۆڕشگێڕانداو لەو ڕووەوە وتوویەتی:

((شێخ ئەحمەدی بارزانی هێزێکی (٥٠٠) سواری بەسەرۆکایەتی (فەرزەندی کوری حسین کوێر) نارد بۆ پەلاماردانی هێزێکی تورك کە لە(نورامار) بوو, بەلأم ئەو هێزە لەدوای شەڕێکی دوورودرێژ کشایە دواوەو فەرزەندە کوژرا (لەڕاستیدا ئەم فەرزەندەیەی حسین عرفە لێرەدا باسی کردووە ئەو فەرزەندەیە نییە کە لەگەڵ احسان نوری پاشادا لەئارارات بووەو لەگەڵ احسان نوری پاشادا بەشداری کردووە لەو گفت‌وگۆیەی لەگەڵ کاربەدەستانی تورکدا کرابوو وەکو لەدوایدا لەباسی حەوتەمدا ڕوون دەبێتەوە).

احسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەڵێت: بەو جۆرە (کور حسین پاشا) کە کاتی خۆی بوبوو بەلایەنگری حکومەت, ساتێك لەهاوینە هەواری (ئالاداخ) دەگەڕێتەوە لەڕێگایا لەچیای (تندوك) هێزێکی تورك بەرەنگاری دەبێتەوەو ئەوانەی لەگەڵیا بون بەشێکی زۆری کەل‌وپەل‌و مەڕومالأتەکانی خۆیان بەجێ هێشت‌و شێخ صالحی کوڕی شێخ عبدالقادرو شێخ یاسینی ئامۆزای کوژران‌و ئەوانەی‌تر بەشەڕەشەق خۆیان ڕزگار کردوو شێخ عبدالقادریش هیچ چاری نەما ئەویش پەنای بردەبەر شۆڕشگێڕانی ئاگری.

(سەیر ئەوەیە ئەم شێخ عبدالقادرە بەوپەڕی بێ ئابڕووییەوە, لەدوایدا کە شۆڕشی ئاگری‌داغ گەرم بوو لەنێوان شۆڕشگێڕان‌و حکومەتدا جارێکی‌تر

پەنای بردەوەبەر حکومەت وەکو لەدوایدا لەباسی دەستپێکردنی شۆڕشدا دەردەکەوێت).

احسان نوری لەلاپەڕە (٧٩)ی یاداشتە چاپکراوەکەیدا باسی ئەو شێخ عبدالقادرەی بەم جۆرە کردووە:

((لەبەهاری ١٩٣٠دا گوندەکەی شێخ عبدالقادر لەلایەن هێزی حکومەت و چەند کرێگرتەیەکی عەشیرەتی (کسکویی) بەسەرکردایەتی میر ئالای (فەرهاد بەگ) دەورەدراو ئەوانەی لەو گوندەدا بوون وەکو (تمرشملی, ئوس, فتو, چرکو, شێخ طاهر شێخ رەسولی کوڕی شێخ عبدالقادر , علوی, ئیزیدی ئامۆزای) لەگەڵ چەند چەکدارێکی تردا بەجلی شەوەوە لەنوستندا دەستیان دایە چەکەکانیان و ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوەو (٢٠) سەربازیان بەدیل گرت و چەند مەترەلیوزیکی بچووکیشیان دەستگیر بوو.

احسان نوری دەڵێ: لەکاتی ئەم شەڕەدا من و (برۆ – کە مەبەست بروهسکی)یە لەگەڵ شێخ عبدالقادردا کەساتێك باسی ئەم شەڕەمان دەکرد, کوردێکی سەر بەحکومەت لە(ئاگری)یەوە هات بەخۆی و ئێسترەکەیەوە دوو لاشەی کوژراوی لەسەر بوو یەکێکیان لاشەی ئەفسەرێکی تورك بوو ئەوی تریان لاشەی (تمر کسکوی) بوو کە لەعەشیرەتی کسکویی کورد بوو, کاتی خۆی تمر وتبووی : من تورکم و کوڕی تورکم... بۆ وەرامی ئەو قسەیە (بروهسکی) پێی وتبوو, هیوادارم ڕۆژێك لەڕۆژان لەگەڵ برایەکی تورکتا بەجووتە پێکەوە لەیەك گۆڕدا بنێژرێن..

احسان نوری دەڵێ: کە ئەوەم هاتەوە بیر هەروەکو بروهسکی بۆی گێڕابومەوە هەردوکیانمان لەگۆڕێکدا ناشتن و ئەو دیلانەش کە نێررابوون بۆ بنکەی ئێمە, لەوێوە بەچەند پێشمەرگەیەکدا درانە دەست حکومەتی ئێران

بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەوانەوە بدرێنەوە بە حکومەت (لام وایە ئەگەر تورك دیلی وای دەست بکەوتایە هەر لەشوێنی خۆیدا دەیانکوشتن).

احسان نوری لەلاپەڕە (٢٩)ی یاداشتەکەیدا باسی چەند نیشتمان پەروەرێکی کردووە کە چووبونە پاڵ شۆڕش و وتویەتی:((ساتێك لەئاگری خەریکی ڕێکخستنی کاروباری شۆڕش بووین شۆڕشگێڕانی کورد پۆل پۆل ڕویانکردە چیای ئاگری..(فرزندەبەگ) کە لەعەشیرەتی (هسنی)بوو خۆیو کاظم بەگی برایو ئامۆزایەکیو چەند شۆڕشگێڕێکی تریئەو عەشیرەتە گەیشتنە ئاگریو بێجگە لەمانە, چەند سەرکردەیەکی تری کورد وەکو خالص بەگ کوڕی عبدالمجید بەگی سەیکی, تاج الدین لەسەرکردەکانی عەشیرەتی (زرکی), ئەدو عزیز حیدری, ئەحمەد حاجی برۆ لەگەڵ هەندێ لە براکانی, سید عبدالوهاب ئەفەندی وەسید رسول بەرزنجی ئامۆزای کە ئەمانە هەموو ئاوارەکرابوون بۆ (ازمیر) یەك لەدوای یەك خۆیان گەیاندە ئاگریو (هسکی) کرا بەوالی ئاگریو (تمرشمکی) کرا بەسەرکردەی دەرەك لەئاگری.

بەو بونەوە شۆڕشگێڕە نیشتمان پەروەرەکان سرودی ئاگرییان ووت, احسان نوری لەیاداشتەکەیدا ئەم چەند دێڕەی لەو سروده تۆمارکردوە کە لەعەرەبیەکەوە کراوەتەوە بەکوردی.

ئەوا ئیمڕۆ دووبارە جۆشت سەندۆتەوە
کڵپەو گڕی ئاگرەکەت وەکو لووتکەی قەڵاکان بەرزو بڵندە
لەسەر لووتکەکانت کۆبوونەوەکان دەستی پێکرد
دە ئاگری کڵپە بسێنە.. کڵپە بسێنە ئاگری

بێجگە لەوانەی احسان نوری باسیکردون کە چوبونە پاڵ شۆڕش، حسن عرفەش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٢) ناوی چەند کەسێکی تری هێناوە وەکو (حسین کەوسەر، میرا، میری عبدالقادر ئابدال.

زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٤٥)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) ناوی چەند کەسێکی هێناوە کە لەشۆڕشدا کرابوون بە کاربەدەست وەکو:

(تەیمور ئاغا- کە احسان نوری لەیاداشتەکانیا بەتمرشمکی ناوی هێناوە- کراوە بەسەرۆکی دەرەك، ملا حسین ئەفەندی کرا بە قائیمقامی کورخان، ئیبراهیم نانی - کرا بەمیری ناحیەی (بوطي)، حسن ئەفەندی - میری ناحیەی (ئورتی)، موسی ئاغا برکی بۆ ناحیەی (کوری)و عمرین ئاغا کرا بە قائیمقامی (کو ئاخان) کە ئەمانە هەموویان بەرەزامەندیی کۆمەڵی خۆیبون هەڵبژێررابوون و هەموشیان بەوپەڕی پاکیو دڵسۆزیەوە کاروباری شۆڕشیان دەبرد بەڕێوە.

زنار سلوپی (قدری جمیل بەگی دیاربەکری) لەلاپەڕە (١٤٤)ی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە چۆن خۆیو هاوڕێکانی پێوەندیان بەشۆڕشگێڕانی ئاراراتەوەو بۆ بەستنی پەیوەندییەکی هەمیشەیی چۆن بڕیاریاندابوو (z)بەگ دیارە نەیویستووە ناوە ڕاستەیەکەی باس بکات) بنێرن بۆلای شۆڕشگێڕان لەئارارات بەڵام ئەو نوێنەرەیان لەسەر شاخی (تالوری) لەوڵاخەکەی دەکەوێتە خوارەوەو قاچی دەشکێو پەکی دەکەوێت و ناتوانێت بکاتە شوێنی مەبەست و لەجیاتی ئەو (جرجیس زادە.م.ئەفەندی) دەنێرن و دەگەڕێتەوەنەخشەو پلانەکانی شۆڕش لەگەڵ خۆیا دەهێنێت، اکرمی جمیل بەگ (برای قدری بوە) لەزیندانی دیاربکر بەربوبوو بۆیە هەمووومان لەژێر چاودێری کاربەدەستانی حکومەتدا بوین

بۆیــە بڕیارمانــدا هــەموو مــاڵو موڵکمــان بــەجێ بــێڵین و لــەتورکیا دوربکەوینــەوەو چــووینە پــاڵ کۆمــەڵی خۆیبــون و کۆمــەڵیش بــەدڵێکی فراوانــەوە ســنگی بــۆ کردینــەوەو مــن و اکرمــی بــرام کــراین بەئەنــدامی لیژنەی مەرکەزی.

دەربارەی هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر بەو چالاکی جمو جووڵانەی شۆڕشــگێڕان، دوکتــور عزیــز شمزینــی لەکتێبەکەیــدا سەرچــاوە (٤٢)وتوویــەتی بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی شۆڕشــگێڕان حکومــەتی تــورك لەسالی ١٩٢٨دا نەخشەیەکی تازەی کێشا، بەپێی ئەم نەخشە تازەیە وڵات کــرا بەچــوار ناوچــەی ســوپایی کــە بەهەریــەکێکیان دەوتــرا (مفتشیەتی گشتی)و هەر ناوچەیە ئەم دەسەڵاتەی خوارەوەی پێدرابوو.

١- ناوچەی یەکەم (مفتشیەتی گشتی یەکەم) بریتی بوە لەمەڵبەندی دیــاربکر کــە هــەموو ناوچــە کوردنشــینەکانی (دیــاربکرو بــدلیس و وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفە، سعرت)ی دەگرتەوەو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە(ئیبراهیم تالی) کە یەکێك بووە لەدۆستە نزیکەکانی مصطفى کمال و لەگەڵیا وهبی (والی سیواس) و (ئابدین ئوزمان) و (عونی دوغمان) کران بەکاربەدەست و بەڕێوەبەرانی ناوچەکە.

٢- مفتەشیتەی گشتی دوهەم – مەرکزەکەی (تراکیا)بوو.

٣- مفتەشیەتی گشتی سێهەم –مەرکەزەکەی (ئەرزروم) بوو.

٤- مفتەشیەتی گشتی چوارەم – مەرکەزەکەی (ئەلازیك) بوو کە هەموو ناوچەکانی (ئەلازیك، درسیم، نبگول)ی دەگرتەوە.

باسی حەوتەم

تەقەلای درۆی تورک بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شۆڕشگێڕان

ساتێك تورکەکان هەستیان بەو جموجوڵەی کورد کردو هەواڵی چالاکیەکانی خۆیبوون و دامەزراندنی دەزگاو کاروبارەکانی شۆڕشگێڕەکانیان پێ گەیشت کە بەسەرکردایەتی احسان نوری لەئاراراتدا کرابوو, بەنیازی ساردکردنەوەی شۆڕشگێڕان و بۆ تێکدانی ریزەکانیان و بۆ لەخشتەبردنیان بەدرۆ جۆرە لێخۆشبونێکیان دەرکردو تەقەلایان دا بۆ کات بردنەسەرو بۆ خەڵەتاندنی کورد جۆرە لێخۆشبونێکیان بلأوکردەوەو داوای گفتوگۆکردنیان کرد لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا (ئەوەی شایانی باسە بەر لەمە لەباسی پێنجەمدا بەیانێکی خۆیبونمان بلأوکردەوە کە لەسەرچاوە (٤٠)دا کراوە بەعەرەبی و لەو بەیانەی خۆیبوندا بەدوورودرێژ باسی دووڕوویی و فرۆفێڵەکانی تورکی تیادا کراوە).

کریس کوچرا لەلاپەڕە (٤٦٣)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٤١) دەربارەی فروفێڵ و درۆو دەلەسەکانی کاربەدەستانی تورك و دەستبڕینی کورد وتوویەتی:

((تورکەکان لەساڵی ١٩٢٨دا بۆ ئەوە دەگەڕان لەهەل‌ومەرجێکی باش‌و لەباردا کوردەکان بخەڵەتێنن بەگفت‌وگۆکردن بەنیازی لێخۆشبوونی کوردو لەپێشدا خۆیان وانیشان ئەدا کە نیازیان وایە یاسایەك دەرکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری اعدامکردن‌و دەشیانەوێ یاسای لێخۆشبوونێکی گشتی بۆ کورد دەربکەن‌و ڕێگەبدرێت لەماوەی سێ مانگدا ئاوارەبووەکان بگەڕێنەوە شوێن‌و ناوچەکانی خۆیان‌و بۆ ئەو مەبەستە والی (بایزید) یان ڕاسپارد لەگەڵ سەرکردەکانی کوردا دەست بکات بەگفت‌وگۆکردن‌و والیش نامەیەکی نارد بۆ (هسکی تیللو) وەتێی گەیاند ئەو ڕاپەڕین‌و جم‌وجوڵەی ئەوان دەستیان پێکردووە شتێکی بێ هودەو کارێکی سەرنەکەوتووەو ڕەفتارێکی ژیرانە نییەو خوێندەوارەکانتان زۆر باش شارەزای ئەوەن حکومەتی تورك ماوەی (٦٠٠)ساڵە هەیەو هەر دەمێنێت‌و بەئێوە لەناوناچێت‌و بۆیە لێتان دەپرسم: ئایا ئەو هەزاران کەسەی تائێستا بەکوشت درابوون چ ئەنجامێکی هەبووەو ئایا هیچ سەرکەوتنێکتان لێی دەستگیر بووە؟!

حکومەت دەیەوێ فەرمانی لێخۆشبوون دەربکات‌و پێویستە لەسەر ئێوەش بەباشی بەپیر ئەو لێخۆشبوونەوە بچن ومن گلەییەکی زۆرم لە احسان نوری هەیە کە چۆن ئەفسەرێکی وەکو ئەو لەو پلەو پایەدا ئەبێ هەڵوێستی وابێت؟!

کریس کوچرا لەوەرامی ئەو نامەیەی والی بایزیددا ئاماژەی بۆ ئەو نامەیە کردووە کە (هسکی تیللی) لەنامەکەیدا زۆر جوامێرانەو پشت ئەستورانە بووە بەبیرو باوەڕی شۆڕشگێڕان‌و پێی وتووە:

((ئەگەر حکومەت نیازی پاکەو بەڕاستی دەیەوێ فەرمانی لێخۆشبوون دەربکات پێویستە بەر لەهەموو شتێك فەرمانێکی گشتی

دەربكـات بەمـەرجێك سەرانسـەری كوردسـتان بگرێتـەوە كـە لەگـەڵ پێداويسـتيەكان‌و بـارودۆخی ئـەم ڕۆژانـەدا بگونجێـت‌و ئەگـەر فەرمانەكەتان بەشێوەيەك بێت كە بڵێن فەرمانەكەتان بۆ لێخۆشبوونی چەند كەسێكی كێویو وەحشـی دەردەچێت، لام وايە دەرنەچونەكەی باشتربێت‌و هيچ كەسێكيش بەو جۆرە لێخۆشبوونە قايل نابێت‌و وا لەكورد دەگەيەنێت مەبەست لەدەرچونی تەنها بريتييە لەفريودان‌و دەستبڕين.

كورد شارەزاييەكی باشی هەيە دەربارەی نيازو مەبەستەكانتان‌و باش لەدەمارتان گەيوەو كەسيش خۆی بەكێوی نەزان ناژمێرێت، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستە كاربەدەستانی ئێوە لەو ڕاستی‌يە نەگەيشتوون!!

ئەگەر نيازتان باشەو دەتانەوێ فەرمانی لێخۆشبوونی وا دەربكەن ئايا هۆی چی‌بووە هەتا ئيستە ئەو هەموو خاووخێزان‌و ماڵ‌و منداڵانەی دوورتـان خستونەتەوە ڕێگەی گەڕانەوەيانتان نەداوە؟! ئايا تاوانی ئەو دوورخراوانە چی‌بووە كە ئەمە دوو ساڵە ئاوارەو سەرگەردان كراون؟

(دەربارەی ئەو لێخۆشبوونەی لێرەدا باسكراوە لەباسی پێنجەمدا – لەباسی چاپەمەنيەكانی خۆيبووندا – بەيانێكی خۆيبوونمان بەكوردی بلاوكردۆتەوە كە لەسەرچاوە(٤٠)دا بەعەرەبی بلاوكرابووەوە لەوەدا باسی درۆو دەلەسـەی تـورك‌و فرۆفێڵـەكانی كـراوەو پێويسـت ناكـات لێـرەدا دووبارەی بكەينەوە).

كريس كوچرا لەكتێبەكەيدا باسی هەوڵ‌و تەقەلادانی توركی كردووە بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ شۆڕشگێڕانداو بۆ ئەو مەبەستە وەفدێكی ناردبوو كە لەنوێنەرێكی ئەنقەرەو حاكمی (قرەكليسا) كە فەرماندەی هێزی (٢٩)ش بوو لەگەڵ قايمقامی ناوچەی (دياردين‌و بايزيد)و لەگەڵ ئيحسان نوريدا

لە(شیخلی کوپروو) کە (٣٠)کیلۆمەتر دوور بوو لە بایەزید لەڕۆژهەلاتی ئاراراتدا کۆبوونەوە لەناوەراستی مانگی سبتمبری ساڵە ١٩٢٨دا, ئیحسان نوری (٦٠)سواری لەگەڵ خۆیدا بردبوو, هەر لەو کۆبوونەوەیەدا فەرمان بۆ ئیحسان نوری و هاوڕێکانی دەرچوو, وەفدەکە بە ئیحسان نوریان ڕاگەیاند کە حکومەت ئامادەیە بیکات بە ملحقی سوپایی لەیەکێك لەولاتەکانی ئەورووپادا کەخۆی شوێنەکە هەڵبژێرێت.

وەکو کریس کوچرا باسیکردووە ئەنجامی ئەو گفت‌وگۆ کردنە بێ ئەنجام بووە چونکە کوردەکان بەقسەکانی ئەندامەکانی حکومەت قایل نەبوون‌و لێی دڵنیا نەبوون.

دەربارەی ئەو گفتوگۆکردنەی کریس کوچرا لێی دوواوە, دوکتۆر عزیز شمزینی لەلاپەڕە (٨٩)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٤٢) باسی ئەوەی کردووە کە حکومەتی تورکیا لەسەرەتادا بۆی دەرکەوتبوو بەئاسانی بەشەڕ پەلاماردان شۆڕشەکەی کوردی پێ لەناو نابرێت بۆیە دەستیکرد بەفرۆفێڵکردن‌و داوای لە ئیحسان نوری کرد کە لەمانگی ئەیلولی (١٩٢٨)دا لە (شکلی کوپرو – وەکو بەرلەمە باسی ئەو شوێنە کراوە کریس کوچرا بە شیخلی کوپرو ناوی بردووە)و ساتێك ئیحسان نوری لەگەڵ ئەو وەفدە تورکیەی نێررابوو دەستی کردبوو بە گفتوگۆ کردن بەئاشکرا بۆی دەرکەوتبوو تورکەکان نەیان ویستبوو باسی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو داخوازیەکانی میللەتی کورد بکەن‌و بەڵێنەکانیان بۆ کورد بریتی بووە لە لێخۆشبونێکی گشتی‌و بەجێهێنانی داخوازیەکانی تایبەت ئیحسان نوری‌و بەهیچ شێوەیەك بەلای چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی تەواوی میللەتی کوردیان نەکردبوو بۆیە ئەو چوون‌و گفتوگۆ کردنە هیچ سودێکی نەبوو, دوای ئەوە حکومەت دەستی کردەوە بەهەمان ڕەفتاری جارانی.

بەڵام قدری جمیل بەگ لەلاپەڕە (١٤٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) کە وەکو بەرلەمە باسکراوە ئەندامی لیژنەی ناوەندی خۆیبوون بووە، دەربارەی ئەو تەقەلادانەی تورك بۆ ساردکردنەوەی کورد لەو نیازەی بڕیاریان لەسەردابوو وتویەتی: ئیحسان نوری لەگفتوگۆکردنەکەیدا ویستی ڕاستی نیازی تورکەکان تاقی بکاتەوە بۆیە چووە ئەو شوێنەی بۆ گفتوگۆکردن دەستنیشان کرابوو وەلە(پردی شیخلی) چاوی بەنوێنەری حکومەت کەوتووهەولیدا بزانێت ئایا تورکەکان بەڕاستی بڕیاری گەڕانەوەی ئاوارەکان دەدەن و ئەو ماڵ و موڵکەی لێیان زەوت کرابوو هەموویان پێ ئەدرێتەوە یانا؟ بەڵام دەرکەوت نیازیان پاك نەبوو، ئەوەش کە عیصمەت ئینونو لەوتارێکیدا ڕایگەیاندبوو کە پێویستە بەیانی لێخۆشبوون دەربچێت و سەربگرێت بۆ ئەوەی کێشەی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات چارەسەربکرێت هەرشێوەیەك بوو لەزنجیرەی فرتوفێڵی تورکەکان.

لەدوای بۆچوونی نوسەرانی ئەو سەرچاوانەی باسمانکرد، بابزانین ئیحسان نوری پاشای سەرکردەی هێزەکانی شۆڕشی ئارارات خۆی لەیاداشتەکانیا دەربارەی ئەو گفتوگۆکردنە چی وتووەو لەلاپەڕە (٣٩) یاداشتەکەیدا وتوویەتی:

(کە لەهاوینەهەواری (زوزان) بووین، سەرکردەی هێزی جەندرمەی تورك (عارف حکمت) داوای لێکردین چاومان بەیەکتری بکەوێت و ساتێك یەکترمان بینی وێنەی (پاشارخانم)ی خێزانمی بۆ هێنام کە ئەو وێنەیە کاتی خۆی لە (بایزید) گیرابوو.

ئیحسان نوری و خێزانەکەی

عارف حكمت پێی وتم تاقمێك لە ئەنقەرەوە دێنو حەزئەكەن چاویان پێت بكەوێتو ڕۆژی دوایی سەعات (٨) لەگەڵیا لەو شوێنەی دەستنیشانكرابوو یەكترمان بینیو وەفدەكەی ئێمە بریتی بوو لەخۆمو چەند سەرۆكێكی كورد لەگەڵ (٢٠)سواری ئازاو دلێری شارەزاو دنیادیدەو توركەكانیش بە دوو ئۆتۆمبیل هاتنو دە سەربازیان لەگەڵ بوو, لەناو تاقمەكەی توركدا دوو نوێنەری ئەنجومەنی میللی توركی تیابوو كە یەكێكیان نوێنەری ئەستەمبوڵ بوو ئەوی تریان نوێنەری شاری (بایزید) بوو لەگەڵ سەركردەی هێزی (قەرەكوسە)و چەند ئەفسەرو جەندرمەیەكیش.

پێشنیازەكانی كوردەكان لەگفتوگۆكردندا بریتی بوون لە:

١- گەڕانەوەی هێمنیو ئاسایش بۆ ناوچەی ئاگری.

٢- وازهێنان لەڕێگا گرتنو كاولكردن.

٣- گەڕانەوەی مەڕومالآتی بازرگانەكان (جەلەبچی) بۆ خاوەنەكانیان.

٤- ئیحسان نوری ئاگری بەجێ بێڵێتو بەهەر شێوەیەك خۆی بەباشی بزانێت بكرێت بە ملحقی سوپایی.

بەرامبەر بەمانەش بڕیاری لێخۆشبوون دەردەچێت بۆ ئەو هەموو كاولكارییانەی لەئاراراتیەكان كراوەو حكومەت هەموو جۆرە یارمەتییەكیان دەدات بۆ ئەو مەبەستەو دڵنیایان دەكات لەبەجێهێنانی ئەم بەڵێنەدا.

ئیحسان نوری لەیاداشتەكانیا دەڵێت:

منیش ئەمانەم هیچی قبووڵ نەكردوو بۆ وەرامی ئەو قبووڵ نەكردنە پێیان وتم: بگەڕێرەوە بۆ وڵآتەكەتو حكومەت ئامادەیە هەرچیت پێویست

بێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودەیی خۆت هەموویت بۆ جێ بەجێ دەکات...

لەوەرامی ئەمەدا پێم وتن: من ئێستە لەولاَتی خۆمدام و پێویستیشم بەهیچ شتێکی تایبەتی نییە بۆ خۆم چونکە لەڕاستیدا باوەڕم بەهیچ بەڵێنێکی دەوڵەتەکەتان نیە..

دووبارە پێیان وتمەوە تۆ چ دەوڵەتێك هەڵدەبژێریت بۆ ئەوەی تیایا بژیت ئامادەین لەو ولاَتەدا کارێکت پێ بسپێرین و مووچەشت بۆ دەبڕینەوە..

دووبارە لەوەرامدا پێم وتن: نامەوێ ناوم لەپاڵ ناوی دەوڵەتەکەتاندا بێت...

وتیان ئامادەین پەساپۆرتێکی وات بۆ سازبکەین بۆ ئەوەی بەو پەساپۆرتە بچیتە هەر شوێنێك کە بەدڵت بێت و قونسوڵەکەمان لەتەورێز ڕادەسپێرین ئەو جۆرە پەساپۆرتەتان بۆ ئامادەبکات.

لەوەرامی ئەو پێشنیازەیانا پێم وتن: بەخۆڕایی خۆتان لەگەڵ مندا ماندوو مەکەن چونکە ناچم بۆ هیچ شوێنێك و من نۆکەری میللەتی کوردم و تەنها هەر ئەوان دەسەلاَتی ئەوەیان هەیە هەرچیم پێ ڕاسپێرن بەجێی بهێنم و بەپێی بڕیاری ئەوان دەڕۆم بەڕێوەو ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن وەرامی ئەو ئالاَیەی کورد بدەنەوە کە بەسەر لوتکەی چیای ئاگریدا دەشەکێتەوەو حکومەت بەچاوی خۆی دەیبینێت.

دەربارەی ئەو مەڕومالاَتانەش کە لەبازرگانەکان سێنرابوون، باسی ئەوە لەگەڵ (فرزەندە بەگ) و (خالص بەگ)دا بکەن و لەوان بپرسن.

ساتێك یەكێك لەنوێنەرانی وەفدەكەی تورك ڕوویكردە فرزندەبەگ‌و پێی ووت: هەتا ئەو مەڕو ماڵاتانە نەدرێتەوە دەست خاوەنەكانیان حكومەت لەتۆ خـۆش نابێـت‌و فرزنـدەش پێـی ووت: ئێمـەش داوای لێخۆشـبوونمان لەحكومەت نەكردووەو پێویستیشمان بە لێخۆشبوونی ئێوە نیە.

ئیحسان نوری لەیاداشتەكەیدا لەسەری ئەڕوات‌و دەڵێت:

بێگومان توركەكان لەمەبەستی ئێمە باش تێگەیشتبوون كە بریتی بوو لە دوو وشە:

(سەربەستی بۆ كوردستان) كە هەڵكردنی ئاڵای سێ ڕەنگی كورد نیشانەی ئەو داخوازییەی میللەت بوو.

ئەوەی هەردوولامان لەسەری ڕێككەوتین تەنها بریتی بوو لەوەی هێزەكانمان لەئاگری وازبێنن لەهێرش بردن بۆسەر (بایزید)و بەرامبەر بەحكومەتیش هێزی خۆی نەنێرێت بۆسەر ئاگری.

ئەفسەرێكی توركی وەفدەكە پێی وتم: چ ڕاسپاردەیەكت هەیە بۆت جێ بەجێ بكەین؟ لەوەرامدا پێم ووت: ڕێگە بەخێزانەكەم بدەن بچێت بۆ حلب.

ئیحسان نوری لێرەدا لەیاداشتەكانیا دەچێتەوە سەر باسی ئەو شێخ عبدالقادرەی لەباسی شەشەمدا وترابوو شێخ عبدولقادر كاتی خۆی ناچاركرابوو لەلایەن توركەكانەوە كە پەنا بەرێتە لای شۆڕشگێڕان‌و ئەوانیش بەسنگێكی فراوانەوە قبوڵیان كردبوو گرتبویانە خۆیان، بەڵام ئالەم كاتەدا دووبارە بایدایەوەو چووەوە ژێر سایەی حكومەت‌و بەمەشەوە نەوەستا بەڵكو چەكدارەكانی خۆی نارد بۆ بەرەنگاربوونی هێزەكەی (علوبشۆ)، بەڵام ئێمە فریای علو بشۆ كەوتین‌و چەكدارەكانی شێخ عبدالقادرمان ناچاركرد پاشەكشە بكات.

دانیشـتوانی گونـدی (کـانی کـورك) کـه گوندەکـەیان وێرانکرابـوو داوایـان لـه حکومـەت کـرد گوندەکـەیان بـۆ ئـاوەدان بکرێتـەوەو پـاش ئاوەدانکردنـەوەی چـەند کۆبوونەوەیـەکی دۆسـتانەی تیـادا کـرا لـەنێوان سەرکردەکانی کوردو ئەفسەرەکانی تورك لەبایزیدو (حمید ئیسماعیل) که گەورە پیاوی گوندەکه بوو میوانداریێتی ئەو ئەفسەرانەی کرد.

دوای ماوەیـەك لەرێگـەی والیـی بایزیـدەوە ئاگـادارکرام خێزانەکـەم گەیشتبووە سوریا. لەسەر داخوازیی تورك چەند لێپرسراوێکی حکومەت لەبایزید کۆبونەوەیەکیان لەگەڵ سەرکردەکانی کوردا کرد لە گوندی (کانی کـورك)و لـەم کۆبونەوەیـەدا تورکـەکان هەنـدێ لـەو سـەرۆکە کوردانەشـیان هێنـابوو لەگـەڵ خۆیانـا کـە سـەربەحکومەت بـوون, یـەکێك لەوانـە (تـەیمور کسکوی) بوو کە سەرۆك عەشیرەتی کسکوی بوو کە کاتی خۆی وتبووی من تورکم کە بەو قسانەی دەیویست مەرایی بۆ تورکەکان بکات.

(لەباسی شەشەمدا باسی چۆنێتی کوشتنی ئەم تـەیمورە کراوە کـە چۆن لەگەڵ تورکێکدا نێـژرابوو لەسەر داخوازی (بروهسکی- هسکی تیللی) کە دیارە ئـەو کوشـتنەی لـەو بەشـی شەشـەمەدا کـراوە دوای ئـەم کۆبوونەوەیـە بووە کە ئیحسان نوری لەیاداشتەکانیا باسیکردووە).

لـەدوای ئـەو گفتوگـۆ سـەرنەکەوتوانە, زۆری پـێ نەچـوو ڕوداوێـك هاتـە کایـەوە کـە بەتـەواوەتی دەسـتی تورکـەکانی خسـتە ڕوو, وە ئاشـکرای کـرد چۆن هەر لەسـەرەتاوە نیازیـان پاك نـەبووەو ئیحسـان نـوری لەلاپـەڕە (٤٣)ی یاداشتەکانیا باسی نەخشـەی تورکـەکانی کـردووە لـەو شـەڕەدا کـە لـە(کـانی کـورك) ڕوویـداوە, کـە لەباسـی داهـاتوودا بەدووروودرێـژ باسـی ئـەو شـەڕەی کانی کورك دەکرێت.

باسی هەشتەم

ڕووبەڕوو بوونەوەو شەڕە گرنگەکانی شۆڕشی ئاگریداغ

لەدوای سەرنەگرتنی ئەو گفتوگۆیانەی لەنێوان کاربەدەستانی حکومەت و سەرکردایەتی هێزەکانی ئاگریداغدا، حکومەت بەر لەو گفتوگۆکردنانە نەخشەی خۆی کێشابوو بۆ لێدانی هێزەکانی کورد لەئارارات و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەنیازی حکومەتی تورک گەیشتبوو دەیزانی بەلەناوبردنی کورد نەبێت وازناهێنێت لەبەرئەوە بڕیاری شۆڕش بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی حکومەت و پارێزگاردن لەخۆ شتێك نەبوو حسابی بۆ نەکرابێت، بۆیە زۆری پێ نەچوو لەنێوان هەردوولادا شەڕوپێکادان دەستی پێکرد.

ئەو سەرچاوانەی دەربارەی شۆڕشکە دواون زوربەیان باسی چمکێکی شۆڕشەکەیان کردووە جگە لە ئیحسان نوری پاشای سەرکردەی هێزەکانی ئاگری کە لەیاداشتەکانیا بەدووردرێژ باسی شەڕەکانی کردووە ئەگەرچی ئیحسان نوری و چ نووسەری سەرچاوەکان باسی ڕوداوەکانیان بەشێوەیەکی بچڕبچڕو بەزنجیرەیەکی یەك لەدوای یەك تۆمارنەکردووەو ئیحسان نوری

خۆی لەدوایدا کە پەناهەندە بوو لەتاران دەستیکردووە بەتۆمارکردنی ڕووداوو بەسەرهاتەکان وەکو لەبیری مابێت بۆیە نەیتوانیوە لەو درەنگ وەختەدا باسی ڕووداوەکان بەپێی کاتیان تۆماربکات هەروەکو لەیاداشتەکانیا ڕوون دەبێتەوە, بێجگە لەئیحسان نوری ئەو کوردانەی تریش کەخۆیان ئەندامی خۆیبون بوونو هەندێکیان لەکۆڕی شەڕەکاندا ئاگاداری ڕووداوەکان بوون وەکو سریا بدرخانو جلادت بدرخانو قدری جمیل بەگ (زنار سلوپی) ئەوانیش باسەکانیان بەشێوەیەکی بچڕبچڕو لێك دابڕاو تۆمارکردووەو لەکتێبەکانیانا بلاویانکردۆتەوە لەبەرئەوە ناچارین کورتەو پوختەی ئەو سەرچاوانە کە نوسەرەکانیان چۆنیان باسکردووە بیانخەینە پێش چاوی خوێنەوارانی بەڕێز.

کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٤١) هەستی بەم کەموکوڕییە کردووەو ڕەخنەی لەبەشداربووانی شۆڕشی ئاگریو ئەوانەی ئاگاداری ئەو شۆڕشە بوون گرتووە کە هیچ بایەخیان نەداوە بەتۆمارکردنی ئەم شۆڕشە مەزنەی کورد بەپێی زنجیرەی ڕووداوو بەسەرهاتەکان کەوا دیارە ئەمیش وەکو ئەم باسەی من تووشی ئەو ڕاستییە بووە بۆیە ناچاربووە باسەکەی لەژێر تیشکی ئەو سەرچاوانەدا بنوسێت کە بەشێوەیەکی بچڕبچڕو لێك دابڕاو باسەکانیان تۆمارکردووەو لەدوایدا لەکتێبەکانیانا بلاویان کردۆتەوە.

لەباسی چۆنێتی ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی کورد لەگەڵ هێزەکانی سوپای تورکدا هەوڵ ئەدەین کورتەیەکی سەرچاوەکان باس بکەینو بەیاداشتە دوورودرێژەکەی ئیحسان نوری پاشا کۆتایی پێ بهێنین کەچۆن

ئەنجامی شۆڕشەکە بەوە گەیشت وەکو شۆڕشەکانی تری بەرلەخۆی لەلایەن حکومەتی تورکەوە لەناوببرێت.

دوکتـور عزیـز شمزینـی لەکتێبەکەیـدا سەرچاوە (٤٢) لەلاپـەڕە (٩١)یـدا وتوویەتی:

((لـەدوای سـەرنەگرتنی گفتوگۆکـانی نێـوان کاربەدەسـتانی تـورك‌و سەرکردایەتی هێزەکانی کورد لەئاگریداغ, سوپای تورك هێرشی کردە سەر هێزەکـانی پێشـمەرگە کـە بەسـەرکردایەتی ئیحسـان نـوریو فرزنـدەو چـەند دلێرێکـی تـر بـون‌و لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەو ڕووبـەڕوو بوونەوەیـەدا هـەروەکو (ڕامبـۆ) لەکتێبەکەیـدا (کـوردو یاسـا) چاپـی پـاریس سـاڵی (١٩٤٧)دا باسـی کـردووە, هەرچـەند هێزەکـان‌و سـوپای تـورك بـالاَ دەسـت بـوون بـەلاَم پێشـمەرگەکان (١٧٠٠) سـەربازیان بـەدیل گـرت لەگـەڵ (٦٠)تفـەنگ‌و (٢٤) هاون‌و (١٢)فرۆکەی تورکیش خرایە خوارەوە.

بەداخـەوە دوکتـۆر شمزینـی باسـی شوێنی ئەو شۆڕشـەی نـەکردووە کـە ئـــەو ژمارانـــەی بۆباســـکردووە بـــۆ ئـــەوەی بـــەراوردیان بکـــەم لەگـــەڵ سەرچاوەکانی تردا, بەلاَم ئەگـەر ئـەم شـەڕە ئـەوە بێـت کـە جلادت بدرخان‌و زنـار سلوپیو سـریا بـدرخان باسیانکردووە کـە باسـی هەرسـێکیان دەکـەین ئەو ژمارانەی (ڕامبۆ) باسی کردووەو دوکتۆر شمزینـی ئامـاژەی بـۆ کـردووە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەمان باسـیانکردووە یـەك ناگرێتـەوە, بێجگـە لەمـە لـەوەی دوکتـۆر شمزینیـدا وتـراوە شۆڕشـگێڕانی کـورد (١٧٠٠)تورکیـان بـەدیل گرتووە کەچی لەباسی چەکەکانیانا باسـی (٨٤)چەکی کـردووە... تـۆ بڵێـی چەکی ئەوانی‌تر دەست کورد نەکەوتبێت؟

جـلادت بـدرخان لەلاپـەڕە (١١١)ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە (٦٠)باسـی شـەڕێکی کـردووە کـە لـەمانگی نیسـانی (١٩٣٠)دا تورکـەکان هـەتا(٥)ی یۆنیـۆی هـەمان سـاڵ یـەك لـەدوای یـەك پـەلاماری هێزەکـانی کوردیانـداو هـەوڵێکی زۆریانـدا بـەزوترین کـات کۆتـایی بـەو شـەڕە بهێنرێـت بـۆ ئـەوەی بڵاونەبێتـەوە لەشوێنەکانی تـرداو هەرچی جموجـدوڵی هێزەکـانی سـوپایان بـوو هــەموویان لەخــەڵك شــاردبووەوەو باســیان نــەدەکرد. تالــە(١١/ یونیۆ/١٩٣٠)دا پـەلاماری ئاگریداغیانداو گەیشتنە شوێنە سەختەکان‌و بۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ لـەناو دارسـتانە چـڕەکانا خۆیـان حەشـاردا, بـەڵام کاتێـك بەخۆیان زانـی لـە(ئیغـدیر)و (تنـدرك)ەوە ئابڵوقـەدرابون‌و ڕێگـەی (ئـەرجیش, وان, بـدلیس‌و چیای سبحان)یـان لێگیرابـوو توانـای ئـەوەیان نـەبوو بـەرەو پێشەوە بچن‌و ناچاربوون تەنها هەر بەرگری لەخۆیان بکەن‌و شەڕ لـەنێوانی هەردوولادا لە (١٣/یونیۆ/هەتا ١٣/یولیو) درێژەی کێشاو لـەم شـەڕەدا چـەند هەزارێك کوژراووبریندار هەبوو لەگەڵ خستنەخوارەوەی (١٢)فڕۆکەو گرتنـی (٦٠)تـۆپ‌و (٥٠)مـەترەلیۆزو (٦٠)هـەزار فیشـەك‌و (١٥٠)چـادرو (٣)هـەزار تفەنگ لەگەڵ (٤٠)بار جبەخانەو پتر لە هەزار سەربازی تورك کـوژی شـەڕیان بەجێهێشـت‌و ڕایـانکردو تـەنها فەیلـەقی حەوتـەم‌و هەشـتەم مانـەوە لەگـەڵ پەڕاگەندەی چەند فەیلەقێکی‌تر.

لەئەنجامی ئەم شکانەدا حکومەت دەستی کرد بـەگرتنی موالیـدی (١٩٠١ هـەتا ١٩٠٥) و هێرشـەکەیان وەسـتان‌و دوایـان خسـت بـۆ سـەرەتای مـانگی (دیسمبری /١٩٣٠).

لـەپاش ئـەو هـەموو ڕووداوو کوشـتارانە ئیتر حکومـەت نـەیتوانی تاسـەر دەنگ‌وباس‌و هەواڵی شـەڕەکان بشارێتەوە چونکە خـەڵك بۆیـان دەرکـەوتبوو

گرتنی ئەو هەموو موالیدانە بەسەرباز شتێکی خۆڕایی نەبوو, بەتایبەتی گرتن‌و ناردنی سەرباز بۆ بنکەکانی سوپای حکومەت پارەیەکی زۆری دەویست لەکاتێکدا باری ئابووری وڵات لەوپەڕی پلەی نزمیدا بووە.

حکومەت بۆ هێورکردنەوەی ئەو نارەزاییەی لەگرتنی ئەو موالیدانەوە پەیدا بووبوو کەزۆربەیان ناچاردەکران خاووخێزانیان بەجێ بێڵن بەیانێکی دەرکرد بۆ کەمکردنەوەو قەوارەی کێشی ئەو هێزی پێشمەرگانەی کورد کە بەچەتەو ڕێگر ناوی بردبوون‌و وتبووی ئەوانە لەئێرانەوە بۆ دەستدرێژیکردن‌و ڕاووڕووت هاتبوون.

پاش ئەوەی شەڕەکە تەواو گەرم بوو حکومەت بەیانێکی تری بلاوکردەوە ئەم جارە وتبووی: هەندێ مرۆڤی نەزان‌و خەڵەتێنراو, بەهاندانی ئەوانەی دژی جمهوریەتن‌و دژی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەکن کە وڵات بەرەو پێشکەوتنی شارستانی دەبات جموجوڵێکی کۆنەپەرستانەیان دەستپێکردووەو حکومەت بڕیاری داوە لەناویان ببات. پاش ئەم بەیانەش, ساتێك هەواڵی ئەو هەموو زیانانەی لەحکومەت کەوتبوو بلاوبووەوە ناچار حکومەت دانی بەوەدا نا کە یاخی بووەکانی کورد لەو شەڕەیانا دژی حکومەت دەیکەن هەموو جۆرە چەکێکیان هەیەو بەکاریان دەهێنن لەژێر سەرکردایەتی (خۆیبون)داو ئینگلیزو فەرنسیەکان بەوە تاوانبار کردبوو کە هانی کورد ئەدەن یارمەتی ئەو جموجوڵەی باکوور بدەن.

دەربارەی ئەو ڕوداوانەی جەلادت بەدرخان باسیکردووە,. سریا بەدرخانیش لەلاپەرە (٥٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٧٩)تەنها باسی سەرەتای شەڕەکانی کردووە لەساڵانی (١٩٢٧ و ١٩٢٨)داو وتوویەتی:

((لەو شەڕەی لەنێوان شۆڕشگێڕانی کوردو هێزەکانی حکومەتی تورکدا ڕوویدا پێشمەرگەکانی ئاگریداغ توانیبویان (١٥)کەس لەسەرکردەکانی سوپای حکومەتو (٨٠٠)سەرباز بەدیل بگرنو (٢٠٠)تفەنگو (٣٠٠)گوللە تۆپیان دەستگیر بوو.

لەشەڕێکی تریشدا کە لە(دیسمبر/ ١٩٢٧)دا ڕوویدا لەفەوجێکی فرقەی نۆدا کە لەسنووری قەفقاسەوە هێنرابوو چوار ئەفسەری تورك کوژراو چەند سەربازێکیش بەدیل گیرانو (٢)تۆپو (١٥)ڕەشاشو گەلێك جبەخانە دەست شۆڕش کەوت (باسی زیانی شۆڕشگێڕانی نەکردووە).

دوابەدوای ئەمە لە(١٩٢٨/١/٣١) دا هێزی پێشمەرگە ڕێگەی (موتکی – بدلیس)ی گرت وەلەگەڵ چەند بەتالیۆنێکی تورکدا کە لە(موش)و (karo killse) و (وان)دا بوون بەرەنگاری یەکتر بوونەوەو لەشەڕێکی سێ ڕۆژیدا کەلە (dell- tash)دا لەگەروی بدلیسد ڕوویدا کوردەکان سەرکەوتنو هێزی تورك کشایە دواوە پاش ئەوەی (٤٠٠)کوژراوو برینداریان هەبوو کە لەناویانا (١٥) ئەفسەر بوو جگە لە تۆپو ڕەشاشو چەکی سوكو جبەخانە کە دەستگیری شۆڕشگێڕان بوو.

لە (١٩٢٨/٢/٢٤)دا سربیکی فرۆکەی تورك هەوڵیدا بۆردومانی بنکەی شۆڕشگێڕان بکات لەئاگریداو دوو فڕۆکەیان لێ خرایە خوارەوەو لە(١٩٢٨/٣/٢٤)دا هێزێکی کورد بەرەنگاری فوجی ژمارە (٩)ی تورك بووەوە لەناوچەی (بایزید)دا لەنێوان (تاپانلیو kaya burun)و لەدوای شەڕێکی سەختی دووڕۆژە تورکەکان هێزەکەی خۆیان کێشایە دواوە بۆ (zangzon زەنگ زوون) کە پازدە کیلۆمەتر لەبایزیدەوە دوور بوو.

لە(٣/سبتمبر/١٩٢٨)دا لەشەڕێکی تری درێژخایەندا کورد توانی فەوجێکی جندرمەی تورك لەناوچەی (جولەمیرگ)دا لەناو ببات و والیی بایزید لەناو گیراوەکاندا بوو ئیعدام کرا.

سریا بدرخان لەتەواوکردنی باسی شەڕەکاندا وتویەتی:

((تورکەکان لەڕقی ئەو شکاندن و زیانانەی لەو شەڕانەدا لێیان کەوت پەلاماری دانیشتوانی بێ تاوانی بێ چەکیان داو هەرچییەکیان دەست بکەوتایە لەژن و منداڵ و پیر بێ بەزەییانە دەیان کوشتن و هەروەکو چۆن کاتی خۆی کوشتاریان لە ئەرمەنیەکان کردبوو بەو شێوەش بەربوونە گیانی میللەتی کوردو نزیکی ملیونێکیان کوشت و بەو زستانە سەختەی ئەو ساڵە, لەژێر کرێوەی بەفروباراناو بەسەر سەهۆڵبەنداندا ئەو خێزانە کوردانەی گرتبویانن هەموو پێش خۆیان دان و بەسەدان کچی کوردیان لەکەس وکاریان جیادەکردەوەو دەیان ناردن بۆ ئەفسەرەکانی بنکە سوپاییەکان و هەندێکیشیان نێرران بۆ ئەنقەرە بۆ ئەوەی ببن بە نۆکەرو بەردەستەی کەمالیەکان و گوندە چۆڵکراوەکانیشیان هەموو سوتاند.

لەئەنجامی ئەو دڕەندەیەتیەی تورك, جمعیتی خۆیبون بەناوی حکومەتی کوردەوە لەئاگریداغ داوای لە حکومەتەکانی بریتانیاو ئەمریکاو فرنسەو ئیتاڵیاو حکومەتانی تر کرد لیژنەیەکی دوەلی بنێرن بۆ کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەو ئاگاداربوون لەو هەموو تاوانانەی تورکەکان لەساڵی (١٩٢٥)ەوە بەرامبەر بەکورد کردبوویان)).

بەڵام قدری جەمیل بەگ زنار سلوپی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە(٥٧) باسی شەڕەکانی دوایی کردووە کە لەساڵی (١٩٣٠)دا لەئاگریداغ ڕوویدابوو بەبێ

ئەوەی باسی شۆڕشەکانی بەر لەو ساڵە بکات کە جەلادەت و سریا باسیانکردبوو.

سەرچاوە (٥٧) لەلاپەڕە (١٤٨)یدا باسی شۆڕشەکانی ساڵی (١٩٣٠)بەم جۆرە کردووە:

((تورکەکان بۆ لێدانی شۆڕشگێڕان بەسەرکردایەتی (صالح پاشا) هێزێکی (٤٠)هەزار پیادەو (١٠)طوپی بطاریەو (٥٥٠)ڕەشاش و (٥٠)فرۆکەی شەڕکەریان ئامادەکردوو لە (١٩٣٠/٦/١١)دا پەلاماری هێزەکانی شۆڕشیاندا.

بۆ بەربەستکردنی ئەو پەلاماردانە, هێزی شۆڕش بەسەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشا بڕیاریدا ناوچەی دەسەڵاتیان بپارێزن و ئەو هێزەی لەڕۆژهەڵاتی ئاراراتدا هەیان بوو پەلاماری بەشی دواوەی سوپاکەی تورکی‌دا لەناوچەکانی (ضیاءالدین, تندروك, باتنوس, ئالاداغ, سیبان, زیلان)و توانی هێزەکەی تورك بووەستێنێت و نەیهێشت بەرەو پێشەوە بڕۆن و لەو ڕووبەڕوو بوونەوەدا کە هەتا (١٩٣٠/٦/٢٠)ی خایاند حکومەت هیچ جۆرە دەسکەوتێکی دەستگیر نەبوو, کوردەکان توانیبویان پتر لە(٣٠)ڕەشاش و (٦٠)باری حوشتر چەك و (٥٠٠)چادریان دەست بکەوێت و تورکەکانیش بەرامبەر بەمە دەستیانکرد بەسوتاندنی گوندەکانی ئارارات و لەم شەڕەدا ژمارەیەکی زۆریش لەشۆڕشگێڕان شەهید بوون و هەندێکیشیان لێ بەدیل گیراو (٥) فرۆکەیش خرایە خوارەوە.

ئەم شەڕە لەنێوانی (١٩٣٠/٦/٢٠) هەتا (١٩٣٠/٧/٢٧)دا کە لەناوچەی (زیلان)دا ڕوویدا لەهەموو شەڕەکانی تر گەرمترو قورستر بوو.

ڕۆژنامەی (تایمس)ی لندنی لەژمارەی ڕۆژی (١٩٣٠/٧/٢٤)دا ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەکانی تورك کردووە کە لەو ڕۆژانەدا وتبویان هێزی حکومەت پتر لە (٦٠)هەزار چەکدار بووەو هەروەکو تایمس باسیکردووە حکومەت لەو شەڕەدا سەرەڕای ئەوەی (٨٠٠)کوژراوو (٢٠٠٠) بریندارو (٧٠٠)کەسیان لێ بەدیل گیرابوو هیچ دەسکەوتێکی وایان نەبوو، بەپێچەوانەوە کوردەکان چەكو جبەخانەیەکی زۆریان لەهێزەکەی حکومەت دەستگیربوبوو.

تورکەکان بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئەو زیانانەی لێیان کەوتبوو دەستیان کرد بەسووتاندنی گوندەکانی کوردو (١٣٠)گوندیان کاولکردو سووتاند لەناوچەی ئاراراتداو (٢٠٠)گوندیشیان لەناوچەی (زیلان)دا سوتاندو پتر لە (١٠,٠٠٠)دەهەزار کوردی بێ چەكو بێ تاوانیان کوشت.

بەرامبەر بەو دڕندەیەتیەی تورك کوردەکان پەلاماری هێزەکانی تورکیاندا لەناوچەکانی (بۆرسو) هەتا (بایزید)و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن‌و دوو ئالیەی قورس بەچەكو جبەخانەکانیانەوە لەگەڵ (٢٤)ڕەشاش لەجۆری (دیکرن) و (٢٠)ڕەشاشی تر لەجۆری (هوجیگن) و (٦٠٠)تفەنگ‌و ژمارەیەکی زۆر چەكو چەند جیهازێکی تلفونیان دەسگیربوو، بەڕەشاشەکانیان توانیبویان هەشت فڕۆکە بخەنە خوارەوە.

شەڕ لەهەموو جەبهەکاندا هەتا (١٩٣٠/٨/٢٠) درێژەی کێشاو کوردەکان توانیبویان شاخی (غدیر) بگرن‌و لەوێش هەندێك چەكو جبەخانەیان دەستگیربوو، پاش ئەمە دەستیان بەسەر دوو دەربەندی گرنگدا گرت کە بریتی بوون لە(زور) و (درون) کە لەناو ئەو چیایانەدا بوون دۆڵی ئاراراتیان لەدەشتەکانی (بایزید)و ئەشکرد جیا دەکردەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو هێزەی لەژێر سەرکردایەتی (سید ئاغا خان)ی سەرکردەی عەشیرەتی (سیدان)

دابــوو بــەهاوكاری (علــی جــان ئاغــا)ی ســەرۆكی عەشــیرەتی (بــرازان) كــە هــەردوكیان پێوەندییــەكی بــەهێزیان هــەبوو لەگــەڵ خۆیبونــدا لــەدواوە لەهێزەكــەی توركیانــداو لــە(مــوش)و (ملازكــرد) شــەڕێكی قــورس ڕویــداو كوردەكان هەوڵی ئەوەیاندا ڕێگە لەهێزەكەی تورك بگرن بۆ ئەوەی نەگاتە ئارارات و لەگەڵ ئەوەشدا حكومەت لەماوەی سێ مانگدا بەبێ وچان تەقەلای گرتنی ئاراراتی‌دا بەڵام نەیتوانی بەشێكیشی بگرێت و ناوچەكانی ئارارتی گەورەو بچووك وەكو (توبراغ, قلعە, كاردەك, تندروك, ئالاداغ, میلیچ كیریك, ئیرحــیش, زیــلان, ئاغایــا, بــارگیری, ضــیاءالــدین لــەژێر دەســەڵاتی شۆڕشگێڕاندا مانەوەو وورەی تورك لەنزمیدا بوو)).

زنارسلوپی لەو باسەیدا ناوی سەركردەكانی هێناوە لەوانەی لەم شەڕەدا بەشداربوون كە بریتی بوون لە: فرزندەبەگ, خالد بەگ لە(حسنان), سید رسول, حسین ئاغا كە هەموویان لەژێر سەركردایەتی ئیحسان نوری پاشاو ئیبراهیم حسكی پاشادابوو (مەبەستی برۆهسكی تیللویە).

زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٥١)ی كتێبەكەیدا باسی هەڵوێستی كردووە لە گەرمــەی ئــەو شــەڕەداو توركــەكان بــەبیانوی چارەســەركردنی كێشــەی سەرسنوور لەگەڵ ئێرانیەكانا ئەوەیان كرد بەبیانوو, هەندێ زەوی‌وزاری نــاو خــاكی توركیایــان وازلێهێنــا بــۆ ئێرانیــەكان بەمــەرجێك ئــەوانیش دژی شۆڕشــەكەی كــورد بوەســتن و پــاش ئــەو ڕێكەوتنــە شۆڕشــی كــورد كەوتــە نێــوانی دوو ئــاگرەوەو بــاری شۆڕشــەكەیان زۆر قــورس و گــران و ئــاڵۆز بــوو ڕێگرتنــی ئێــران لەگەیشــتنی خواردەمــەنی و یارمــەتی‌تر كــارێكی وایكــرد برسێتی زەیف لەشۆڕشگێڕان بنێت و چاریان نەما دەبوایە ئارارات بەجێ بــێڵن و هــیچ نــەبێ بــۆ پاراســتنی مــاڵ و منداڵــەكانیان خۆیــان بگەیەننــە نــاو

خاکی ئێران و بەرامبەر بەم هەڵوێستە تازەیە ئیحسان نوری نامەیەکی نارد بۆ خۆیبوون و داوای یارمەتی لێکردوو لیژنەی ناوەندی خۆیبون بەرامبەر بەم داخوازیە بڕیاری ژمارە (١١٢)ی دەرکرد لە ڕۆژی (١٩٣٠/٦/١٠)دا کە بریتی بوو لەبڕیاری دەستپێکردنی شۆڕش لەباشووردا دژی سوپای تورك بۆ ئەوەی باری شۆڕشگێڕانی ئارارات سووك بکرێت (لەدواییدا لەباسی شیکردنەوەی یاداشتەکانی ئیحسان نوریدا دەچینە سەر باسێکی ئەو بڕیارەی خۆیبون و سەرکردایەتی هێزەکانی شۆڕش لەئاراتدا).

زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٥٢)ی کتێبەکەیدا باسی ڕاپۆرتێکی ئیحسان پاشای کردووە کە تیایا وتراوە:

((سوپای تورك لە (١٩٣٠/٦/١١)دا هێرشێکی بەرفراوانیان کردۆتە سەر ناوچەکانی ئارارات, لەبەرئەوە دەستکرا بەلێکۆڵینەوە دەربارەی هەڵوێستی ناوچەکەو هەروەکو لەڕۆژنامەکانیشدا بڵاوکراوەتەوە (دیارە ڕۆژنامە تورکیەکان بووە) وادەگەیەنێت تورکەکان لەم هێرشە گەورەیەی ئەم جارەیانا مەبەستیان لەناوبردنی کوردە لەناوچەکانی (ئاگری, وان, بدلیس, ئەرزروم)و هێزەکانیان لەڕێگەیانا هەر گوندێکیان هاتبێتە بەر کاولیانکردووە دانیشتوانی بێ چەکیشیان لەناوبردووەو بەتەمای ئەوەن دوای سەرکەوتن بەسەر ئاراراتدا پەلاماری ناوچەکانی ڕۆژئاواو باشووریش بدەن بۆ ئەوەی هیچ کوردێکی تیادا نەمێنێت.

زنار سلوپی ئەڵێ: ئەگەرچی لەتواناشدا نەبوو ئەو هێرشە بەرفراوانەی تورك بەربەست بکرێت بەڵام لیژنەی ناوەندی خۆیبوون بڕیاریدا هێرشێك لەباشورەوە بۆ باکور دەستپێبکرێت پێش ئەوەی ڕێگە لەپێشکەوتنی کوردەکان بگیرێت.

بۆ ئەو مەبەستە پشت بەخوا بڕیاردرا شەوی دووشەمەی ڕێکەوتی (٣/ ٤ / ٨/ ١٩٣٠)بەپێی ئەو نەخشەیەی ئامادەکرابوو هێرش دەستپێبکرێت.

زنارسلوپی لەلاپەڕە (١٥٣)دا باسی بڕیارێکی تری خۆیبوونی کردووە کە بەرلەمە داوا لە ئەندامانی خۆیبوون کرابوو لەوانەی لەناوچەکانی باشوردا بوون دابەش بېن بە شەش تاقم‌و هەر لەسنوری عێراقەوە هەتا (جرابلس) بگرێتەوەو من خۆم (زنارسلوپی – قدری جمیل بەگ) لەناو ئەو هێزە لەژێر سەرکردایەتی اکرمی جمیل پاشادا بوو (کە برای خۆی بووە)، هێزەکە لەجەبهەیەکدا کە پانایییەکەی لەویلایەتی (ماردین)ەوە گەیشتبووە ناوچەی (دیریك).

بەرلەوەی هێرش دەست پێ بکات ئەو هەنگاوانەی پێویست بوون هەمووی خرایە بەرچاو، پێوەندی بەئەندامانی خۆیبونەوە کرا کە یەکێك لەوانە (محمود علی شیر ئاغا) بوو کە خەڵکی (قرحی) بووە ئەویش بەنهێنی گەیشتە لامان (لەدواییدا محمود علی شیر ئاغا گیراو لەلایەن تورکەکانەوەاعدام کرا) بێجگە لەو (سعدون حمی قاسو ئاغا)ی خەڵکی (مشکینان) و (ئەلیاس ئەفەندی) کە لەبنەماڵەیەکی ناسراوی (دیریك) بوو لەگەڵ بنەماڵەی (حاجی عوسمان رەشو ئاغا)دا هەموویان بوون بە هاوکاری شۆڕش‌و ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ بەشداریکردن، بەڵام بەداخەوە ئەو نەخشەیەی بۆ دەستپێکردنی شۆڕش لەشەوی (٣/٤/ /٨/١٩٣٠)دا دانرابوو سەری نەگرت چونکە بڕیار وابوو، لەو شەوەدا لە(دیاری بیندا) کۆببنەوە کە شەش کیلۆمەتر دوور بوو لە(ماردین)و ساتێك من گەیشتمە ئەوێ (محمود علی شیرو)و (سعدون حمی قاسو) لەجیاتی خۆیان هەردوکیان دەڵێن خۆتان

(مەبەست قدری جمیل بەگ و تاقمەکەیەتی) بچن (ماردین) ئابلوقە بدەن ئەوسا ئەوانیش ئامادەی پشتگیری کردن دەبن کە ئەمە لەگەڵ بڕیاری پێشویانا یەکی نەدەگرتەوە کە بڕیار وابوو ئەوان دەوری ماردین بگرن و هێڵی تەلەفون و تەلەگراف ببڕن پێوەندی ناوشار لەگەڵ دەرەوەدا نەهێڵن.

بەرامبەر بەم هەڵوێستە ناچاربووین واز لەپەلاماردانی ماردین بێنین و لەجیاتی ئەوە بڕیاردرا بەو هێزە کەمەی هەمان بوو ڕوبکەینە چیای (مازیداغ)و خزمەکانی علی شێرو پێیان ڕاگەیاندین هیچ کەس ئاگاداری نەخشەی هێرش بردنی نەکردون و ئامادەش نەبوون لەو ڕاپەڕینەدا هاوکاریمان بکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە (سعدو حمی قاسو) خۆی و ژمارەیەك لەچەکدارەکانی هاتنە لامان بەڵام بەشدارینەکردنی کوردەکانی تر لە(خورس) وورەی ئەویشیان لاواز کرد ئەگەرچی هەر بەلایەنگری ڕاپەڕینەکە مانەوە, بەڵام تاقمەکەی ئەلیاس ئەفەندی کە چاویان بەهەڵوێستی ئەوانی تر کەوت ئەوانیش خاوبوونەوە هەرچەند چەند ڕۆژێك لەناو چیاکان مانەوە بەهیوای ئەوەی ئەو بزوتنەوەیە دەست پێدەکات, ساتێك زانیان هیچ جم وجوڵێکنەبوو ئەوانیش گەڕانەوە بۆلای مرکزی خۆیبون.

لەلایەکی ترەوە, دوو سەرکردەی تر کە (حاجو ئاغا) و (جلادت بدرخان) بوون, هەردوکیان لەگەڵ هاوڕێکانیانا سەرکەوتن بۆسەر چیای (هڤیرکا) وساتێك (حسنانی)یەکان معارەزەیان کردوو نەیانتوانی هیچ پێشکەوتنێك بەدی بێنن ئەوانیش گەڕانەوە بۆ بنکەی خۆیبون.

زنارسلوپی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕواو دەڵێت:

لەهەموو هەڵوێستێك خراپتر هەڵوێستی محمود بەگی ئیبراهیم پاشای میللی بوو کە سەرکردەی ناوچەی چوارەم بوو لەگەڵ هەڵوێستی •بوزان

بەگ)ی سەرکردەی ناوچەی دووەم کە هەردوکیان کاتی خۆی بڕیاریاندابوو هاوکاری بکەن کەچی کە کاتی پێویست هاتە پێشەوە هیچیان لەشوێنی خۆیان نەبزوان و تەنها ئەو هێزەی بوزان بەگ ناردبوی پەلاماری بنکەیەکی پۆلیسیاندا لەنزیك ناحیەی (سورج).

لەئەنجامی ئەم جم و جوڵانەدا حکومەتی ئینتداب (مەبەست حکومەتی فرنسەیە کە لەو ڕۆژانەدا سوریا لەژێر چاودێری ئەودا بووە) هەرچی ئەندامانی خۆیبوون بوو هەموویانی گواستەوە بۆ ناو وڵات و خۆیبوون بەرامبەر بەم هەڵوێستە بەیانێکی بە عربی و فرنسی و ئینگلیزی بڵاوکردەوە لەو بەیانەدا هۆی ڕاپەرینەکەی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند مەبەست لەو جم و جوولە پارێزگاری کردن بووە لەمافی میللەتی کورد بەهیوای ئەوەی لەرێگەی ئەمەوە رەئی گشتی جیهان بەکێش بکرێت بەئومێدی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆی.

پروفیسور حسرتیان لەلاپەرە (١٤٩)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٤٩) بەکورتی باسی شۆڕشەکەی ئاراراتی کردووەو ئاماژەی بۆ ڕوداوەکانی دوایی کردووە لەساڵی (١٩٣٠)داو وتوویەتی:

((دوای سەرنەگرتنی گفتوگۆکانی کاربەدەستانی تورك لەگەڵ کوردەکاندا, لەسەرەتای ساڵی (١٩٣٠)دا کوردەکان لەچیای ئاراراتدا نزیکی (٢ – ٣) هەزار چەکداریان هەبوو, حکومەتی تورکیش بێجگە لەو هێزانەی لەو ناوچانەدا هەیبوو هێزی تریشیان بۆ نێردراو کەشەڕ دەستی پێکرد لەسەرەتادا تورکەکان توشی زیانێکی زۆربوون و نزیکی دوو هەزار سەربازی تورك بەدیل گیرا لەگەڵ (٦٠)تفەنگی ڕەشاش و (٢٤)ئۆتۆمبیلی عسکری و (١٢)فڕۆکە خرایە خوارەوە, بەڵام دوای ئەوە هێزێکی زۆریان بۆ هات و

ژمارەی چەکدارەکانی حکومەت گەیشتە چل هەزار ئیتر بەپاڵپشتی فڕۆکەکان شۆڕشگێڕەکانی کوردیان ناچارکرد ڕووبکەنە سەر سنووری ئێران و تورکیاو کوردەکانی ئێران لەدەوروبەری (ماکو)یارمەتی کوردە شۆڕشگێڕەکانیانداو کوردەکانی (وان)یش بوون بە هاوکاریان و ژمارەی چەکدارەکانی کورد هەمووی گەیشتە نزیکی (١٠)هەزار چەکدار, بەلاّم ئالەو بارودۆخەدا ئێرانیەکان ڕێگەیاندا بە هێزەکانی حکومەتی تورك بچنە ناو خاکی ئێرانەوەو بەمە تورکەکان بۆیان ڕەخسا لەپشتەوە لەکوردەکان بدەن و ڕێگەی هاتوچۆکردنیان لێ بڕن)).

حسرتیان پاش ئەو کورتە باسە ئەچێتە سەر باسی چۆنێتی شکاندنی شۆڕشی ئاگریداغ کە لەدواییدا بەدوورودرێژ باسی دەکەین.

بەلاّم کریس کوچرا لەلاپەڕە (١٥٩)ی کتێبەکەیدا باسێکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ چۆنێتی دەستپێکردنی شۆڕش لەساڵی (١٩٢٧)داو ئاماژەی بۆ ڕاپۆرتی حکومەتی فرنسا کردووە ژمارە (٣٢-٣-٣١١)کە لەتەورێزەوە لەساڵی (١٩٢٧)دا نێردراوە لەو ڕاپۆرتەدا وتراوە:

((یەکەم هێرشی تورکەکان بۆسەر کوردەکان لەمانگی سبتمبری ١٩٢٧دا لەناوچەی (زیلان)دا توشی شکستێکی خراپ بوو, لەم شەڕەدا کوردەکانی ئێران یارمەتی کوردەکانی تورکیایاندا کە لەو شەڕەدا ژمارەی هێزەکەی تورك بریتی بوو لە (٨)هەزار سەربازو کوردەکان (٤)تۆپ و (٣٥)ڕەشاشیانگرت و چەند ئەفسەرو سەربازێکیشیان لێ بەدیل گیران یا کوژران.

حکومەتی تورك بۆی دەرکەوت عەشیرەتی (ماکو)یارمەتی شۆڕشگێڕەکانیان دابوو بۆیە داوای لەحکومەتی ئێران کرد سنوری خۆی

ببەستێت و ڕێگەی ئەو جۆرە یارمەتیدانە نەدرێت و ڕێگەی هات وچۆی کوردەکان بگرێت لەسنوورەکان.

کریس کوچرا لەلاپەڕە (١٦١)ی کتێبەکەیدا چۆتە سەرباسی ساڵی ١٩٢٨/ ١٩٢٩)و وتوویەتی:

((ساتێك بەفری زستان توایەوە, لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٢٩)دا تورکەکان نزیك لەشاری (ئیك دیر) و (بایزید) نزیکی (١٢ – ١٥)هەزار سەربازو (٣٠)فڕۆکەیان لەژێر سەرکردایەتی صالح پاشادا ئامادەکردوو کاربەدەستانی تورك دەستیانکرد بەزیندانی کردنی کوردە ناسراوەکان لەئەرزرومو (٩٥٠)کەسیان خستە زیندانەوە کە یەکێك لەوانە (صلاح الدینی کوڕی شێخ سەعیدی پیران)بوو, دادگای تورك هەندێ لەگیراوەکانی هەڵواسیو هەندێکیشی زیندانی کردن بۆ ماوەی (١٥٩سالْ.

پاش ئەوە حکومەتی تورك لە(١١/تەموزی/١٩٣٠)دا هێزێکی گەورەی ناردو پەلاماری کوردەکانیدا لە ئارارات و شەڕەکە چوار ڕۆژی خایاندو هێزەکانی کورد هەوڵیاندا ڕێگەی هات وچۆی هێزەکانی تورك بپڕن و لەدەشتی (زیلان) کە ژووروی (ئیرس)دا شەڕەکە گەرم بوو, هێزەکانی تورك بەرامبەر بەمە توانیبویان لەناوچەکانی ژوروی (وان)دا چەکدارەکانی کورد لەیەکتری دابڕن و ناچاریانکردن پاشەکشە بکەن و هەندێکیان چوونە ناو خاکی ئێرانەوەو ئەوانیتر گەڕانەوە بۆ چیای ئارارات و لەم شەڕەدا کوردەکان (٩٠٠)چەکداریان لێکوژراو (٢٤٠٠)یان لێبریندار بوو, نزیکی (٣٦٠)کەسیان ونبوون و بێ سەروو شوێن بوون.

بەپێی ڕاپۆرتە فرنسیەکە ژمارەی کوژراوەکانی تورك بە (٢٨٠٠)سەربازو (٤٠٠٠)برینداریشیان هەبووەو (١٧٠)سەربازیشیان لێ بەدیل گیرابوو

لەلایەن شۆڕشگێڕانی کوردەوە ئەگەرچی وەکو کوردەکان خۆیان باسیانکردووە ژمارەی زیانەکانی تورك لەمانەش پتر بوون.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە کوردەکان لەم شەڕەدا (٢٤)تۆپو (٦٠)رەشاشو (٤٠)هەزار فیشەکیان دەستگیربووو (١٢)فڕۆکەی تورکیش خرایە خوارەوە هەرچەند ڕۆژنامەکانی تورك ئەم ژمارانەیان بەدرۆ خستبووەوە.

کریس کوچرا لەباسەکەیدا ئاماژەی بۆ دوکیومینتیکی حکومتی بریتانیا کردووە ژمارە (14580-F 50371) ڕۆژی (١٩٣٠/٦/١٦) لەو ڕاپۆرتەدا باسی ڕاپۆرتی ژنە ئینگلیزیکی کردووە کە هەروەکو ریبورتاجیك ئامادەی کردووە دەربارەی ئەو شەڕە کە ژنە ئینگلیزەکە ناوی (روزیتا فوربس)بوە هەروەکو کریس کوچرا لەپەراویزی لاپەڕە (١٦٧)دا باسیکردووە ئەو ژنە بۆ ماوەیەك لەناوچەی ئاراراتدا بووەو بێجگە لەباسی شەڕەکە ویستوویە لەڕێگەی ئەو ئەرمەنیانەوە بگاتە بدلیس بەڵام شەڕەکەی تورك‌و کورد ئەوەندە قورس بووە ناچاربووە خۆی بگەیەنێتە (ساسون)و لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ روواندوز.

لەڕاپۆرتی ئەو ژنەدا وەکو وتویەتی وێنەیەکی فڕۆکەیەکی گرتووە کە خرابووە خوارەوە لەگەڵ باسی یەکێك لەو تۆپانەی کوردەکان گرتبویان ئەگەرچی کوردەکان نەیان توانیبوو تۆپە گیراوەکان بەکاربێنن‌و داوایان لە (ظفر الدولة)ی فەرماندەی هێزێکی ئێران کردبوو کە لەئازربایجان بوو یارمەتیان بدات بۆ چۆنێتی بەکارهێنانیان بەڵام وادیارە ئەویش حەزی نەکردبوو کورد ببێت بەخاوەنی تۆپی خۆی بۆیە داخوازییەکەی پشتگوێ خستبوو.

وەکو لەڕاپۆرتی روزیتادا باسیکردووە، لەگەرمەی ئەو شەرەدا وتویەتی کوردەکان لەگاڵتەو گەپی خۆیان نەکەوتبونو باسی ژنانی کوردی کردووە لەو شەرەدا منداڵەکانیان بەکۆڵیانەوە بووەو تفەنگەکانیشیان بەدەستەوە بووەو بەکاریان هێناون.

کریس کوچرا دوای ئەمە ئەچێتە سەر باسی (حاجو ئاغا)ی سەرۆکی هفرکی کە لەڕۆژی (١٩٣٠/٨/٥)دا خۆیو چەند چەکدارێك گوندێکی بچوکیان لە مەڵبەندی (نصیبین) داگیرکردبوو، بەیانێکیان چاپکردبوو دەربارەی سەربەخۆی کوردو داوای لەکورد کردبوو یارمەتی شۆڕشگێڕانی ئارارات بدەن، بەڵام بزوتنەوەکەی حاجو ئاغا کەم خایەن بوو چونکە زۆری پێ نەچوو ئەو بزوتنەوەیە لەو ناوچەیەدا خامۆشکرا.

کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ راپەڕینێکیتر کردووە کە شانبەشانی ئەو بزوتنەوەیەی حاجی ئاغا بووە لەناوچەی (جولەمیرگ) لەڕۆژی (١٩٣٠/٨/٧)داو بزوتنەوەیەکیتر لە (١٩٣٠/٨/٦)دا لەناوچەی (سعرت)و لەکۆتایی ئەو مانگەدا لە (لیس)و بەتایبەتی لەدەوروبەری دیاربکر لەڕۆژی (١٩٣٠/٩/٢)دا بزوتنەوەیەکی تریش ڕویدابوو.

دەربارەی شۆڕشی ئارارات ولید حمدی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە(٢٣) ئاماژەی بۆ دوو دوکیومێنت کردووە کە باسی ئەو شۆڕشەیان کردووە یەکەمیان (fo.371-14580) کە ولید حمدی لەلاپەرە (٢٧٠)ی کتێبەکەیدا باسیکردووە وتویەتی دوای ئەوەی تورکەکان (سداد پاشا)ی سەرکردەی فەیلەقی یازدەهەمیان لابردو لەشوێنی ئەو (صالح پاشا)ی سەرکردەی فەیلەقی هەشتەمیان کرد بەلێپرسراوو سەرکردەی ئەو هێزانەی ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕانی ئاگریداغ بوبونەوەو دوو فەیلەقی شارەزاو مەشقپێکراویان

لەژێر دەسەڵاتی (حسین عمر خالص)دا خستە ژێر سایەی صالح پاشاو بەمە ژمارەی چەکدارەکانی صالح پاشا گەیشتە (١٥)هەزار بێجگە لەهێزی احتیاط کە لەرۆژئاوای ئەنادۆڵدا خرابووە ژێر دەسەڵاتیەوە.

صالح پاشا بڕیاریدا لەدوو قۆڵەوە پەلاماری چیای ئارارات بدات، ئەو فەیلەقەی لەباکووردا بوو پەلاماری کوردەکانیان دا بەڵام لەو هێرشەیانا بەئامانجی خۆیان نەگەیشتن و نەیانتوانی کوردەکان ئابلۆقە بدەن چونکە کوردەکان توانیبویان خۆیان بگەیەننە ناو خاکی ئێرانەوەو لەوێ کوردەکانی ئێران یارمەتیان دان و توانرا لەنزیک گۆلەکانی (سەرجۆ) پاشەکشە بەهێزەکەی تورک بکەن و لەو شەڕەدا (٥٠)سەربازی تورک بەدیل گیراو کورد چوار ڕەشاشی دەستگیر بوو، لەهەمان کاتدا ئیبراهیم بەگی سەرکردەی دەرەکی کورد مەبەستی (ئیبراهیم ئاغای هسکی تیللویە-برۆ) بەپێی بڕیاری خۆیبوون خۆی و ئەو چەکدارانەی لەگەڵیابوو بەخێزانەکانیشیانەوە کە ژمارەیان سێ هەزار دەبوو بەرگیریان کرد تا لەحزەیرانی ١٩٣٠دا شۆڕش لەناوچەکانی (موش، وان، بدلیس)دا بڵاوبووەوەو ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی عەشایرو نیشتەجێبوەکان چوونە پاڵ شۆڕشگێڕەکان و لەمانگی تەمموزدا بەسەرکردایەتی کوردەکانی (کورحسین) بەرەو (ئەرزیس) ڕۆیشتن کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی گۆلی (وان)و ژمارەیەك لەچەکدارەکانی عەشیرەتی (جلالی)یش چوونە پاڵ شۆڕشگێڕەکان.

ساتێك هێزەکانی کورد لە(زیلان دیری) لەنزیک چیای (سپیان داغ)دا بەرەو ڕووی تورکەکان بوونەوە لەژوور گۆلی (وان)دا شەڕێکی چوار ڕۆژی بەرپا بوو، تورکەکان لەم شەرەدا جگە لەفرۆکە، رەشاش و تۆپ و هێزی

سوارەشی بەکارهێناو چەند فڕۆکەیەك خرایە خوارەوەو فڕۆکەوانەکانیان بەدیل گیران (سەیر ئەوەیە نە لەم دوکیومێنتەداو نە لەسەرچاوەکانی تردا هیچیان باسی سەرەنجامی ئەو فڕۆکەوانانەیان نەکردووە بەزیندووی بوونێت یا بەدیلی تۆ بڵێی شۆڕشگێڕان بیریان لەوە نەکردبێتەوە سوود لەو دیلانە وەربگرن وەکو لەهەموو شۆڕشێکی تردا سوودیان لێ وەردەگیرێت؟)

دوکیومێنتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێت:((هەرچەند تورکەکان لەم شەڕەدا زیانێکی زۆریان لێکەوت بەڵام لە ئەنجامدا توانیان هێزەکانی کورد بشکێنن و دوای ئەو شکاندنە دەستیانکرد بەکاولکردنی ناوچەکانی کورد)).

ولید حمدی دوای ئەو دوکیومینتەی ئەرشیفی حکومەتی بەریتانیا ئاماژەی بۆ سەرچاوەیەکی تر کردووە (ibia) کە ئەمیش باسی شەڕەکەی بەو جۆرە کردووە کە حکومەت صالح پاشای کردبوو بەسەرکردەی هەموو هێزەکان کە ئاراستەی ئارارات کرابون و لەمانگی (ئەیلول/ ١٩٣٠)دا توانی دەربەندی گەروی (سردار بولاق) کە لەنێوانی هەردوو ئارراتدا بوو بیگرێت دوای ئەوەی زیانێکی زۆری لێ کەوتبوو.

(لەو سەرچاوەیەدا باسی ئەوە کراوە کە حکومەتی بەریتانیاو عێراق هەردوکیان دژی هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکی جیاخواز وەستابون.

لەڕاستیدا نەك تەنها هەر لەو دوکیومێنتەدا, بەڵکو لەگەلێك دوکیومێنت و سەرچاوەی تردا باسی حکومەتی بەریتانیا کراوە کە هەمیشە دژی هەموو بزوتنەوەیەکی کورد بووەو لەو ڕاپۆرتەی (hendersom) بو (mr.helow) ناردبووی کە ئەم ڕاپۆرتە لەدوکیومێنتی ژمارە (fo.371-14580) کە بەرلەمە ولید حمدی بەکورتی ئاماژەی بۆ کردووە. بەئاشکرا دان بەوەدا نراوە چۆن

فرۆكـەكانی حكومـەتی بـەریتانیا لـەهێزو چـەكدارەكانی شـێخ ئەحمـەدی بارزانیانی‌یان دابوو بۆ ئەوەی بزوتنەوەكەی كورد تەشەنە نەكات‌و هەمان دوكیومێنت باسی ئەوەی كردووە كە(توفیـق روشـدی- كە مەبەستی توفیق روشـدی ئاراسـە) دانـی بـەوەدا نـابوو حكومـەتی عێـراق خزمـەتێكی زۆر گـەورەی توركیـای كردبـوو, بـەڵام روشـدی ئـاراس ووتبـوی: مەترسـی لەشوێنێكی تردا هەیە -كە مەبەستی ئێران بوە-

هـەتا ئێـرە بریتـی بـوو لەباسـی ئـەو دوكیومێنـت‌و سەرچـاوانەی هەریەكـەیان بەشـێوەیەك باسـی چـەمكێكی شۆڕشـەكەیان كـردووەو خوێندەواری بەڕێز لەبەراوردكردنی ئەو سەرچاوانەدا هەندێك ژمارەی لەیەك نەچووی دێتـە بەرچـاو دەربـارەی ژمـارەی كـوژراوو دیـل‌و ژمـارەی زیـانۆ دەسـكەوتی چـەك‌و جبەخانـەكان بۆیـە ناچـاربووین كورتـەی هـەموویان باسبكەین‌و كۆتـایی باسـی چۆنێتی دەستپێكردنی شۆڕش‌و ڕوداوەكـان‌و سـەرەنجامەكانیان دەهێڵینـەوە بـۆ ئـەو باسـانەی ئیحسـان نـوری پاشـای سـەركردەی هێزەكـانی شۆڕشـی ئاگریـداغ لەیاداشـتەكانیا باسـیكردووە, هەرچـەند وەكـو وتمـان ئـەویش یاداشـتەكانی درەنـگ تۆمـاركردووەو ئەوانەشی تۆماركردووە كە لەبیریا مابوو, زۆرجاریش لەیاداشتەكانیا وەكو وتمـان هەست بەوە دەكرێت كە پاش‌و پێشـێكی ئاشكرا هەیە لەزنجیرەی باسەكانیا.

ئیحسان نوری بەرلەوەی بچێتە سەرباسی چۆنێتی ڕووبەڕوو بوونـەوەی هێزەكـانی كـورد لەگـەڵ سـوپای توركـدا, لەلاپـەڕە (١١)ی یاداشـتەكانیا سەرچـاوە (٦١) كورتـە باسـێكی مێـژوویی ناوچـەكانی ئـاگری یاداشـت كـردووە لـەكاتی ڕێكەوتنەكـەی نێـوان ئیدریسـی بەدلیسـی‌و سـوڵتانی

عوسمانی کە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ئەمارەتەکانی کورد یەك لەدوای یەك چوونە ژێر باڵی عوسمانی‌یەوەو بوون بەبەشێك لەدەوڵەتی عوسمانی‌و بەزنجیرە باسی شۆڕشەکەی میر محمد پاشای ڕواندز (پاشا کۆرە)و شۆڕشی بدرخان پاشاو شێخ عبیداللە نهری‌و شۆڕشی شۆڕشی (سید علی کوڕی شێخ جلال الدین-لەناوچەی هیزان- بدلیس بەهاوکاری مەلا سلیم)و شۆڕشی پیران‌و چۆنێتی پێکهاتنی ئازادی بەسەرۆکایەتی خالد بەگ جبران‌و چۆنێتی ئیعدام کردنی ئەوو یوسف ضیاء بەگ‌و ڕاپەڕینی ئیبراهیم ئاغا (بروهسکی تیللی) لە عەشیرەتی جەلالی لەساڵی (١٩٢٦)دا لەئاگری‌و چۆنێتی هەڵبژاردنی خۆی لەلایەن خۆیبوونەوە بۆ سەرکردایەتی هێزەکانی شۆڕشی ئارارات.

لەلاپەڕە (٢٠)ی یاداشتەکەیدا کورتە باسێکی ئیبراهیم ئاغا (بروهسکی تیللی) کردووە کە لەشۆڕشی ئاگریداغدا لەبەر ئازایەتی لەلایەن خۆیبوونەوە لەقەبی پاشایەتی پێدراوە.

سەیر ئەوەیە ئەو ئیبراهیم ئاغایە هەروەکو ئیحسان نوری باسیکردووە, بەو هەموو ئازایەتییەوە کەلەشۆڕشی ئاگریداغدا نواندبووی کەچی بەرلەوە لەشۆڕشی پیراندا بەسەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران لەم شۆڕشەدا بێ لایەن بووەو بەشداری نەکردووە تیایا, بەڵام ئایا کە شۆڕشی پیران کۆتایی پێ هێنرا کاربەدەستانی تورك هیچ حسابێکیان بۆ ئەو بێ لایەنیەی ئەو کردبوو؟؟ لەوەرامدا نەخێر... بەپێچەوانەوە تورکەکان لەویشیان هەڵپێچاو گێچەڵیان پێکرد. دەربارەی هەڵوێستی حکومەتی تورك بەرامبەر (بروهسکی تیللی) هەروەکو ئیحسان نوری لەیاداشتەکانیا باسی کردووە وتوویەتی:

لەدوای شۆڕشی پیران تورکەکان دەستیانکرد بەئاوارەکردن و ڕاگوێزانی کورد بەکۆمەڵ و هەروەکو ئیبراهیم ئاغا خۆی بۆ ئیحسان نوری گێڕاوەتەوە داروەستەو قەومەکەی پێیان وتبوو بەلەوەی حکومەت دەستی بمانگاتێ و دەرمان بکات با خۆمان دەرباز بکەین و ئەویش لەوەرامدا پێیان دەڵێت:

من دۆستی حکومەت بووم و شتێکی وام نەکردووە دژیان کە ببێتە هۆی ئەوەی لەشوێنەکەی خۆم دەرم بکەن...

بەڵام هەروەکو خۆی بۆ ئیحسان نوری گێڕاوەتەوە کە وتوویەتی:

((زۆری پێ نەچوو لەبەرەبەیانی ڕۆژێکی کۆتایی ساڵی (١٩٢٦)دا بیست سواری تورك بەسەرکردایەتی ئەفسەرێك هاتبوون بۆ گوندێك و لەوێ هەواڵی منیان پرسیبوو (هی ئیبراهیم ئاغا) کوڕەکە کە ئەم هەواڵە دەبیستێت خۆی گەیاندبووە باوکی کە لە(بایزید) بووم بۆی گێڕامەوە بۆی گێڕامەوە کە بەدواما دەگەڕێن, منیش پێم ووت پێیان بڵێن باوکم چووە بۆ (قیزل دزی). بەکوڕەکەم وت بەڕێگای (قوتیس)دا دەڕۆم تفەنگەکەم بۆ بێنە بۆ ئەوێ و لەڕێگەما بۆ قوتیس کە گەیشتمە قەراغی ڕووبارەکە هەواڵی دەنگ‌وباسم لەشوانێك پرسی لەوەرامدا پێی وتم: تورکەکان بەدوای تۆدا دەگەڕێن))

هەروەکو ئیحسان نوری باسەکەی ئیبراهیم ئاغای یاداشتت کردووە کە دەڵێ:

ئیبراهیم ئاغا دوای ئەمە بەدووردرێژ باسی خۆی بۆ ئیحسان نوری کردووە کەچۆن خۆی و دانیشتوانی ناوچەکە ڕوویانکردە چیاکان و چۆن سوپای تورك بەرامبەر بەئاگری ئۆردوگایەکیان دامەزراندو ئەویش خۆی و هەردوو براکەی و دوو خوشکەزاو سێ کوڕی و چەند ئامۆزایەکی و هەندێ لەچەکدارانی عەشیرەتی (هسەسوری)و تاقمێکی تری عەشیرەتی (موسی

پیرگـی)و پیاوەکـانی (محـوبکر)و هەنـدێ چـەکداری عەشـیرەتی (کسـکوی) هـەموو دەسـتیان دایـە چـەك‌و بڕیاریانـدا ڕووبـەڕووی دوژمـن ببنـەوەو لەپێکادانێکدا ئەحمـەد ئاغـای بـرای ئیبراهیم ئاغاو برایـەکی (محـو ئاغـا) شەهیدکران‌و بروەسـکی خۆشـی برینـدارکراو تورکـەکان بەرامبـەر ئازایـەتی چەکدارەکان خۆیان پێنەگیراو هەندێ چەك‌و جبەخانـەیان لێ بـەجێماو چـەند کەسێکیشـیان لێ بـەدیل گـرتن، بـەڵام ڕەوشـتی کـورد ڕێگـەی کوشـتنی دیـل نادات بۆیە هەموو دیلەکانیان بەردا.

ئیحسـان نـوری لەیاداشـتەکەیدا دەڵـێ: بـەو جـۆرە چـەکدارەکانی بـرۆ سنگی چیای ئاگریان گرت‌و لەم کاتەدا (تمرشمکی) کە سـەرۆك عەشیرەتی (شمکـان) بـوو لەناوچـەی (تـوزهینی)و یـەکێك بـوو لـەکوردە زرنگـەکان ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ فیداکاری‌و خۆبەختکردن لەپێناوی نشتماندا کە (شارخوی) براشی لەگەڵدابوو.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٢٥)ی یاداشتەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێت:

لـەدوای ئـەو ڕاپـەڕینـە تورکـەکان ترسـیان لـێ نیشـت‌و بڕیاریانـدا بەهـەر نرخێك بووبێـت ئـەو شۆڕشـە دامرکێننـەوەو لـە(پـایزی/١٩٢٧)دا هێزێکیـان ئاڕاسـتەی ئـاگری کـرد بـۆ لێـدانی کـوردو گرتنـی ناوچـەکە وهەنـدێ دانیشـتوانی ئاگری کـە لایـەنگری حکومـەت بـوون، حکومـەت تـوانی بـەناو ناوچەکانی ئەوانا بێتە پێشەوەو چەند بەرزاییەکیان گرت‌و لـەنێوان ئاگری گـەورەو ئـاگری بچـووکدا خێوەتیـان هەڵـداو لـەوێوە دەسـتیانکرد بەپـەلاماردان‌و شـەڕکردنو پێشـمەرگەکانی ئـاگری ناچـاربوون مـاڵ‌و منداڵـەکانیان ڕەوانـە کـرد بـۆ ناوچـەی (تامبـات) کـە لـەژێر دەسـەڵاتی عەشـیرەتی (سـاکان)دا بـوون‌و هەنـدێ لەچـەکدارەکانی ئـەم عەشـیرەتەش

بـەهاوارو فریـای براکانیانـەوە هـاتن‌و تورکـەکانیان ناچـارکرد پاشەکشـە بکەن‌و لەم پێکادان‌و شـەڕەدا کورد دەسـکەوتێکی زۆری چەك‌و جبەخانـەی هەبوو, ئەو دیلانەش کە گیرابوون هیچیان لێ نەکراو بەردران.

ئیحسان نوری لێرەدا لەیاداشتەکانیا ئەم چەند دێڕی سرودەی یاداشت کـردووە کـە لەیاداشـتەکەیدا کـراوە بەعـەرەبی‌و ئەمـە وەرگێڕانەکەیـەتی بـۆ شێوەی کرمانجی خواروو:

دۆڵەکانت پڕبوون لەخوێناو
لاشەکان بەوناوەدا پرش‌و بڵاو بوونەتەوە
ڕاستە ئاگری تۆ ئاگریت
بەڵام ئیمڕۆ ڕۆڵەکانیشت بوون بە ئاگر

ئیحسـان نـوری ئـەڵێ: لەگەرمـەی ئـەم شـەڕەدا سـاتێك دوژمـن هێزەکـەی کێشـایەوە ئەوسـا پێـی زانـی کـە ئیحسـان نـوری بـەخۆی‌و (٢٠)سـوارەی عەشـیرەتی (حیـدری)یـەوە لـەو شـەڕەدا بەشـداری کردبـوو کەلـەناو ئـەو سوارانەدا (سیفدین بەگی کوڕی فتح الله بەگی سەرۆکی پێشوو) کە پورزای ئیحسان نوری بوو, لەگەڵ هەندێ لەعەشایری حیدران‌و هسنان لەسنوری پەرپونەوەو ساتێك زانیبویان هەرکەکان هێزیان ناردبوو بۆ ئاگری ئـەوانیش دەم‌و دەست گەیشتبوونە کۆڕی شەڕەکە.



نەخشەی ئەو ناوچانەی شۆڕشەکەی ئاراراتی تیایدا ڕوویدابوو

لەلاپەڕە (١٣١)ی یاداشتەکانی (ئیحسان نوری)

ئیحسان نوری لەیاداشتەکانیا باسی دوو شەڕی گرنگی کردووە کە لەنێوان شۆڕشگێڕانو هێزەکانی حکومەتدا ڕوویدابوو, شەڕی یەکەمیان بریتی‌یە لە شەڕی (کانی کورك) کە لەلاپەڕەکانی (٤٣-٦١)ی بۆ تەرخانکردووەو شەڕی دووەم بریتی‌یە لەشەڕی (زیلان) کە بریتی‌یە لەو شەڕەی کە کوردی تیا شکاو لەئەنجامیا شۆڕشگێڕانی کورد ئەوی لەو شەڕە ڕزگاری بوو ئاوارەو دەربەدەرکرا کە ئیحسان نوری بەدورو درێژ باسی ئەم شەڕەی لەلاپەڕە (٨٦) بەدواوە بۆ تەرخانکردووەو هەوڵ ئەدەین کورتەی ئەو دوو شەڕە بەپێی یاداشتەکانی ئیحسان نوری پێشکەش بکەین.

شەڕی یەکەم: شەڕی (کانی کورك)

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٤٣)ی یاداشتەکەیدا سەرچاوە (٦١)باسی چۆنێتی دەستپێکردنی شەڕی کانی کورکی بەم شێوەیە تۆمارکردووە کەکورتەیەکی پێشکەش دەکەین:

(ڕۆژێکی پایز, سەرلەبەیانی لەگوندی (کردئاڤا) کەنزیك سنووری دەسەلاتی هێزەکانی کوردو حکومەت بوو کاتێکمان زانی تەقەی تفەنگ دەستی پێکردو بەدوای ئەوەدا ئیتر تۆپباران دەستی پێکرد دوای ئەوەی تۆپەکانی دوژمن لەگوندەکە نزیك بوبوەوە, تورکەکان ناوی ئەو گوندەیان لەناوە کوردیەکەیەوە گۆڕیبوو بە (تورکمن)و لەئەنجامی ئەم تەقانەدا هەندێ لەسوارەکانی کورد ڕوویانکردە لووتکەی ئاگری بۆ ئەوەی ڕێگەی ئەوە نەدەن تورکەکان بچنە پێشەوەو ڕێگەی هاتوچۆی سنووری ئێران بگرن.

ژن‌و منداڵانی گوندەکانی (موسی) و (بیرکی) گوندەکەی خۆیان بەجیٚ هێشتبوو، ڕوویانکردبووە سنوری ئێران‌و فڕۆکەی تورك ئیتر دەستیکرد بەبۆردومانی ئەو ژن‌و منداڵانە.

سەرکردەی هێزەکانی کورد مەبەستی (ئیحسان نوری خۆیەتی) لەگەڵ (بروهسکی)و (١٢)پیاوی ناو گوندەکە مانەوە بۆ بەرگری کردن لەگوندەکەو چاومان لیٚ بوو هێزەکانی تورك بەرزاییەکانی (کانی کورك) یان داگیرکرد کە ئەو هێزە بریتی بوو لەچەند سوارو پیادەو تۆپێکیشیان پیٚ بوو دانیشتوانی (کانی کورك) کە گوندەکەیان بەپێی ڕازیبونی حکومەت ئاوەدان کرابوەوە تەنها بریتی بوون لە(٢٥) ماڵ‌و دانیشتوەکانی هیچیان دژی حکومەت نەکردبوو کەچی تورکەکان پەلاماریانداو خاوخێزانەکانیان ناچارکرد بچنە (ئاگری)، برازایەکی (بروهسکی)کە تەمەنی نۆ ساڵ بوو بەتفەنگەکەی لەفڕۆکەیەکی دابوو خستبویە خوارەوە. هەندیٚ لەوانەی لەناو سنووری دەسەڵاتی تورکەکانا بوون خۆیان گەیانە لای ئێمە کە بریتی بوون لە (ئیلخان)ی کوڕە بچووکی بروهسکی‌و (ملا شون الله) کە مەلایەکی کوردی دڵسۆز بوو لەخوتبەی مزگەوتەکەیا خوتبەی بەناوی میللەتەکەوە دەخوێندەوە لەمزگەوتی (ئاگری)و پێنج پێشمەرگەیان لەگەڵدا بوو کە شەوێکی درەنگ گەیشتبوونە کانی کورك‌و ویستویانە بچنە ماڵی (حمید ئیسماعیل)و کاتێك بەخۆیان دەزانن سوارەی تورك ڕوودەکەنە گوندەکە لەبەرئەوە نەیان توانیبوو بچنە کانی کورك بەڵکو ڕویانکردە لای ئێمە.

هێزێکی تورك دوای خەڵکی گوندی کانی کورك کەوتن‌و ڕاویان نان‌و پەلاماری مەڕو ماڵاتەکانیان دان کە بەڕاستی ئەم کردارەی تورك ئەوەندە کاریگەرو دڵتەزێن بوو ئەو چەکدارانەی بەلاپاڵی چیای ئاگریەوە بون کە

چاویان بەو ڕەفتارە کەوت خۆیان پێ نەگیراو شێرانەو دلێرانە دوژمنیان ناچارکرد پاشەکشە بکات.

تورکەکان دەستیانکرد بەگوللەبارانی ڕووبارەکەی سەر سنوور بۆ ئەوەی ڕێگەی پەڕینەوە لەکوردەکان بگرن و نەگەنە ناو خاکی ئێرانەوەو، من لەو کاتەدا تاقە کەس بووم کەسواری ولآغ بوم، خۆم گەیاندە نزیکی پردەکەو لێی پەڕیمەوە، لەو کاتەدا (بادو دلخری) و (عوسمان کیلم)و سێ سواری تر ئەوانیش لەڕۆژئاوای پردی کانی کورك ولاغەکانیان بەستەوە.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە(٤٧)ی یاداشتەکەدا باسی ئەوانەی کردووە کە لەگوندەکەدا بوون، تورکەکان دەستیان بەسەر هەندێ ژندا گرتبوو یەکێك لەوانە ژنێکی سك پڕبوو، ژنێکی تریشیان کوشتبوو لەبەرئەوەی نەچووبوو لەگەڵیانا کە ئەو ژنە خێزانی ئامۆزایەکی (حمید ئیسماعیل)بوو.

(بروهسکی)و هاوڕێکانی کەخۆیان دابوو بەزەویداو ڕووبەڕووی پردەکە شەڕیان دەکرد، ساتێك چاویان بەمن کەوت گەیشتبوومە کانی کورك ئەوانیش پەڕینەوەو هەمووومان ڕوومانکردە پشت دوژمن و دەستمانکرد بەتەقەکردن لێیان و سەرکردەی هێزەکەی تورك چاومان لێی بوو بەپەلە پروسکێ سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو ڕایکردو (بادوزیلانی دلخسری) بەخۆیو تاقمەکەی پەلاماری پشتەوەی هێزەکەی تورکیداو هەندێکی لێ بەدیل گرتن.

ئێمەش لەگوندی (قوتس)ەوە کە بەرامبەر بەچیاکەی پشت بایزیدەوە بوو, لەوێوە دەستمانکرد بەگوللەبارانی ڕۆمەکان (تورکەکان) کە بنکەی تۆپەکانیان تیا دامەزراندبوو.

ئیحسان نوری ئەڵێ: بەڕاستی ئەم شەڕە یەکێك بوو لە شەڕە سەیرەکان کە ئەو هەموو سەربازە زۆرەی تورك لەو ناوچانەدا دوو هەزار دەبوون بەتۆپی گەورەو بچووکەوە بەرامبەر بە ژمارەیەکی ئیجگار کەمی کورد کە هەمووی (١٥) چەکداری پیادەو (٦)سوارە بوون چۆن وایانکرد تورکەکان ڕاوبنێن‌و ژمارەیەکیشیان لێ بەدیل بگرن.

لەگوندی (هلاج) ئیبراهیم ئازۆ لەگەڵ ئەو فڕۆکەوانەی فڕۆکەکەی خرابووە خوارەوە چوو بۆ •بایزید)و لەگەڕانەوەیدا لەبەرزاییەکانی (قوتس)دا بەلای ئێمەدا تێپەڕی‌و بۆی گێڕاینەوە وتی لەگەڵ فڕۆکەوانەکەدا چوومە بایزید لە(قوتس)ەوە ئەفسەرێك بەدووربین سەیری سەربازەکانی خۆیانی دەکردو دەیکێشا بەئەژنۆی خۆیداو دەی ووت: ئەم نەگبەتییە چییە؟! ئائەم هەموو سوارو پیادە پڕ چەکانەی ئێمە بەخۆیان‌و تۆپەکانیانەوە نەیانتوانی بەرامبەر چەند کوردێکی ڕووت‌و کەم چەك خۆیان بگرن!!

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەربارەی ئەمە وتوویەتی: نازانین. ئاخۆ سەرکردەی ئەو هێزەی تورك لەڕاپۆرتەکەیدا ئەبێ چۆن باسی ئەم شەڕەی کردبێت‌و ژمارەی شەڕکەرەکانی کوردی بەچەند دانابێت؟؟, لەڕاستیدا هەواڵی ئەو شەڕە وەکو ئەفسانەیەکی لێهات‌و دەماودەم دەگێڕایەوەو بڵاو دەبووەوە.

ئیحسان نوری لەگەڵ هەندێ لەچەکدارەکانی

لاپەڕە (١٣٦) یاداشتەکەی ئیحسان نوری

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٤٩)ی یاداشتەکەیدا باسی ئەو فڕۆکە خراوەی کردووە کە دوازدە چەکداری کورد بەسەرکردایەتی (ئەیوب ئاغا)ی برای بروهسکی خۆیان گەیاندە ئەو شوێنەی فڕۆکەکەی لیّ خرابوو دەستیانکرد بەتەقەکردنو لەولاشەوە سەربازەکانی تورك لەگردەکانی نزیك گوندی (دودکان) لەسپەرەکانیانا خۆیان حەشاردابوو, چەکدارەکانی ئێمەش دەبوایە لەچیای (قوتس)ەوە کیلۆمەترێك تەختاییەکان ببڕن کەلەژێر مەودای گوللەی دوژمندا بوو, بەلاّم سید رسول بەرزنجیو فرزندە کە هەردوکیان نمونەی ئازایەتیو قارەمانێتی بوون تەقەیان لەتورکەکان کردو دوای ئەوەی تورکە خۆحەشارداوەکان بۆیان دەرکەوت سلّ لەگوللەکانی ئەوان ناکەنەوەو ناگەڕێنە دواوەو بەرزاییەکانی بەردەمی سەنگەرەکانی ئەوانیان گرتبوو ئیتر ئەوان ناچاربوون کشانە دواوەو ئەفسەرەکەی سەرکردەیان لەگەلّ سیّ سەربازی تردا بەسواریی خۆیان دەربازکردو پێشمەرگەکانمان هاواریانکرد ئەوا ڕۆمەکان ڕایانکردو ولاّخەکانیانو سیّ لاشەو چەند برینداریکیان بەجیّ هێشتبوو بەخۆیانو چەکەکانیانەوەو پاش ئەوە هێزەکەی تورك یەك لەدوای یەك ڕایانکردوو خۆیان شاردەوە.

ئێمەش لەگەلّ بروهسکیدا کە گەیشتین نزیك بوین لەفڕۆکە خراوەکەو ئەو تۆپەی تیایا بوو دەرمان هێناو فڕۆکەکە سوتێنراو کلّپەو تەقەی فڕۆکەکە دەنگی ئەدایەوەو ئەوانەشی کەبەدیل گیرابوون بەجلی ژێرەوە نێردران بۆ بایزید بۆ ئەوەی خەلّك لەڕێگا بەو شێوەیە بیانبینێت.

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەلّێت: سەرکردەی هێزی تورك لەسەر سنورەکە کە میر ئالاّی (فەرهادبای)بوو خەبەری بۆ ناردمو پێی وتبوم:

بۆچی ئێمە شەڕکەرەکانی خۆمان بدەین بەکوشت، لەجیاتی ئەوە وەرە با منو تۆ با زۆرانێك بگرین ئەوسا بەکوشتنی یەکێکمان شەڕەکە دەبڕێتەوە، منیش وەرامم دایەوەو پێم ووت: ئەگەر بەکوشتنی یەکێکمان شەڕ کۆتایی پێ بێت ئەوا من بەوپەڕی شانازییەوە ئامادەم هەر ئێستە ئەو زۆرانەت لەگەڵدا بگرم، بەلاَم وادیارە تۆ هێشتا لەهۆی ڕوودانی ئەم شەڕە نەگەیشتویتو نازانی بۆچی ئێمە شەڕ لەگەڵ تورکدا دەکەین!!

ئێمە داوای سەربەستیو سەربەخۆیی میللەتەکەمان دەکەین ئەگەر حکومەت دان بەوەدا بنێت ئیتر نەپێویستی بەشەڕ هەیەو نە بەزۆرانبازی منو تۆ، ئەگەر ئێوە ئەو زۆرانبازیەش بەشتێکی پێویست دەزانن من ئەو زۆرانبازییە لەگەڵ تۆدا ناکەم بەڵکو لەگەڵ سەرکردەی تورکیادا دەیکەم چونکە منیش نوێنەری کوردمو دوور نیە بەرلەوەی شەڕ ببڕێتەوە ڕۆژێ دێ لەکۆڕی شەڕێکدا ڕوو بەڕووی یەکتر ببینەوەو ئەوەشت لێ دیاری بێ کەمن ڕۆژێك لەڕۆژان هەر دەمرم بەلاَم لەناو کوردەکانا هەزارانی لەمن باشتر هەیە کەبتوانێت تۆڵەی میللەتی کورد لەتورك بێنیتەوەو ئەم شەڕە هەر کۆتایی نایەت هەتا ئەنجوومەنی بالاَی میللی تورك دان بەمافی کوردا نەنێت)).

ئیحسان نوری وەکو خۆی باسیکردووە ئەو دیلانەی گیرابوونو نێررابوونەوە ڕای سپاردن بەمیر ئالاَی فەرهاد بڵێن وائیمڕۆ دێم بۆ ئەوەی لەکۆڕی شەڕدا ڕوو بەڕووی یەکتر ببینەوەو هەروەکو تۆ چۆن بەچاوی خۆی منی بینی پێش هێزەکەی خۆم دەکەوم ئەویش وا خۆیم بۆ دەرخاو بەپەلە ڕانەکات.

ئیحسان نوری لێرەدا چوار دێڕی تری سرودێکی بلاَوکردۆتەوە لەیاداشتەکەیدا کە وتراوە:

ڕۆژی ئازادیت لێ هەڵات..
تیشکی ڕوناکیت گەیشتۆتە بەصرە
ئاشتیم چاند لەناو گەلدا
کڵپە بسێنە ئاگری... کڵپە بستێنە ئاگری

ئیحسان نوری وتویەتی:

لەسەر سنووری ئێرانەوە, لەکانیاوەکانی سەر گردەکانی (ئاییەی) بەئاشکرا شەڕی (کانی کورك) دەبینراو لەوێوە نوێنەری (طاشناقی) ئەرمەنی ئاگاداری ئەو ئازایەتیو قارەمانێتییەی کورد بوو چۆن خۆیان بەختکردبوو, دەنگی لاوانی کورد دەلەرایەوە کە دەیان ووت:

کڵپە بسێنە ئاگری... کڵپە بسێنە ئاگری
تورکەکان لەترسی تۆ باوکەڕۆیانەو قوڕ دەپێون
بەچاوی خۆت ڕۆمەکانت بینی چۆن ڕایانکرد
کڵپە بسێنە ئاگری.... کڵپە بسێنە ئاگری

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا لەسەری ڕۆیشتووەو وتوویەتی:

(سەرکردەی هێزەکانی شۆڕش, بەبەیانێك داوای لەڕایی گشتی جیهانی کرد لەکێشەی کورد بکۆڵنەوەو پیّی وتوون.

(لەو شەڕانەدا کە تووشی کورد بووە بەناچاری دژی تورك, ئەو دیلانەی کورد دەیانگرێت دەمو دەس هەموویان بەردەدرێن, بەلاّم تورکەکان بەپێچەوانەوە بەوپەڕی دڕەندەیەتیەوە بەزەییان بەمنداڵیشدا نایەتەوەو دەیان کوژن کەچی سەرڕای ئەمە حکومەتی تورك بەدەوڵەتێکی

پێشکەوتووخوازی خاوەن شارستانێتی دەژمێررێت!! ئایا کامیان دڕندەو کێوین؟!

دوای ئەوە ئیحسان نوری لەلاپەڕە(٥٣)ی یاداشتەکەدا باسی هەندێ کاروباری بەڕێوەبەرایەتی سەرکردایەتی شۆڕشی کردووەو بەو زستانە سەختە کە شۆڕش(١٢) جیهازی تەلەفونی گرتبوو بەڵام پێویستی بەتەل هەبوو کە ناوچەکان بەهۆی ئەو تەلەفونانە بەیەکەوە ببەستیت بۆ ئەو مەبەستە سەرکردەی هێزەکانی شۆڕش کە(ئیحسان نوری پاشا)خۆی بوو لەگەڵ چەند سوارێکی دلێردا پەلاماری بنکەی سوپایی تورکیاندا لەبایەزیدو ئەوی پێویستیان بوو لەتەلی تلگراف دەستگیریان بوو, لەگەڵ خۆیانا بردیان‌و ڕۆژی دوایی ئەو تەلانە هەموو لەگەڵ تەلەفونەکانا لەشوێنی خۆیانا دانران‌و توانرا هەندێ شوێنی گرنگی شۆڕش والێ بکرێت بەو هێڵی تەلەفونانە پێوەندییی بەیەکەوە بکەن‌و دەربارەی چەکدارەکان‌و ئەفسەرەکانی شۆڕشیش بۆ ئەوەی شێوەیەکی ڕێك وەربگرێت هەر چەکدارو ئەفسەرێك پلەو پایەی تایبەتی خۆی هەبووەو بۆ چەکدارەکان نیشانەی ئاگری گەورەو بچووك لەسەر بەردێکی بچووك هەڵکەنرابوو, چەسپێنرابوو بەسەروکڵاوەکانیانەوە ئەفسەرەکانیش نیشانەی (خۆیبون) یان لەسەر شانیان چەسپاندبوو کە بریتی بوو لەوێنەی خەنجەرێك لەناو وێنەی گوڵە گەنمێکداو لەسەر دەسکی خەنجەرەکە وێنەی ڕۆژێکی لێ هەڵکەنرابوو.

وەکو ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٥٤)دا باسیکردووە, تورکەکان لەو زستانەدا هەوڵێکی زۆریان دابوو بۆ کوشتنی خۆی‌و ئەو کارەیان سپاردبوو بەشێخ عبدالقادر کە هەتا ئەوسا هەر لایەنگری حکومەت بوو, ئەویش ئەو کارەی سپاردبوو بە زاوایەکی‌و بە(داڤو)ی کوڕە بچووکی برومسکی, بەڵام

تورکـەکان بەهەڵـەدا چـوبوون لەمـەداو لەڕاسـتی مەسـەلەکە نەگەیشـتبوون کەکورد تینوی ئازادیو سەربەخۆی بوو نەیان زانیبـوو سـەرکردەی شـۆڕش ئاگـاداری نەخشـەی ئـەوان بـوو، ئەوانـەش کـە بـەڵێنی بـەجێهێنانی ڕاسپاردەکەی ئەوانیان دابوو هـیچ شـتێکیان بیَ ڕەزامەنـدی سـەرکردایەتی شۆڕش نەکردبوو.

ئیحسان نوری دوای ئەمە دەچێتە سەرباسی تواناو دەسـەلاَتی شـۆڕشو ڕونکردنەوەی بارودۆخو هەڵوێستو وتوویەتی:

(زۆر بـاش لـەوە گەیشـتبووم کـە هـیچ هیـواو ئومێـدێك نـەبوو کەلـەهیچ لایەکـەوە دەسـتی یارمـەتیمان بـۆ درێـژبکرێتو تواناى فراوانکردنـی کـۆڕی شەڕیش شتێکی ئاسان نـەبوو، ئـەو چەکەی شۆڕشـیش هـەیبوو بریتـی بـوو لەتفـەنگ بەرامبـەر تـۆپو فرۆکـەو دەبابـەی سـوپای مەشـق پێکـراو، بـەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا بەچنگێکی پۆلاَین دەسـتمان بەسـەر چیای ئاگریـدا گرتبـوو، توانیبومان بەرەنگاری هێـزی تـورك ببینـەوەو دەنگـی شـۆڕشو باسـی مـافی کوردمـان گەیانـدبوو بـەجیهانو ئـەو نەخشـەیەی بـۆ شـۆڕش ئامـادەکرابوو تکتیکەکەی لەلایەن (خۆیبون)ەوە پەسەندکرابوو.

ئیحسـان نـوری دەڵـێ: تورکـەکان پەنـدو دەرسـیان لەبەسـەرهاتو ڕووداوەکـانی مێـژوو وەرنـەگرتبوو هـەروەکو چـۆن بـۆ پینـەکردنی ئـەو شکاندنو دۆڕاندنـە زۆرەی سـاڵی(١٩١٢) لەبالقانـدا توشـیان بوبـوو داخـی ئـەوەیان بەعەرەبـەکان ڕشـتبوو بـەهۆی (جمـال الـدین سـفاح)ەوەو بەهـەمان شـێوە دەیـان ویسـت لەگـەڵ کوردیشـدا هـەمان دڕندەیـەتیو خوێنڕێـژی بەکاربهێنن.

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەڵێ:

بۆ ئەوەی خۆیبوون دەست بکات بەچالاکی، بەپێویستم زانی چەند تێکۆشەرێکی لەخۆبردوو بنێرم بۆ ناوجەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی لەلایەکەوە تورکەکان بەوەوە خەریك بکەم لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی پەیدا ببێت لەنێوان بنکەی خۆیبوونو ناوچەکانی تری کوردستاندا، هەرچەند ژمارەی ئەو نێرراوانە کەم بوو بەڵام زۆر بەقوڵایی دەچوونە ناو خاکی کوردستانەوەو بنکەی تریش دامەزراو بەمە بڵێسەی شۆڕشی ئاگری لەشوێنەکانی تری کوردستانا بەرزبوەوە.

لەدوای شەڕی (کانی کورك) وورەی دانیشتوان بەرز بوەوەو هەبوو لەناویانا دەیوت فیرقەیەکی تورك ناوێرێ پەلاماریان بدات.

ئیحسان نوری ئاماژەی بۆ یاداشتێکی(زوهدی گویڤن) کردوە کە ئەفسەرێکی تورك بووە لەباسی یەکێك لەو شەڕانەدا لەیاداشتەکەیدا وتوویەتی:

((لەو شەڕانەی لەنێوان کوردەکانو تورکدا لە(ئوسمان کلم-ئالتون دشمی) کەنزیکی زەویوزارەکانی عەشیرەتی (شمکان)بوو لەناوچەی (توزلجە) هێزی سوپای ئێمە شکاو پاشەکشەی کردبوو ڕۆژی دوایی کەبەناو کۆڕی شەڕەکەدا گەڕام چاوم بەچوار لاشەی سەربازکەوتو ناشتمانن، بەرامبەر بەمە لەناوچە شاخاویو دۆڵەکانا (٦)کوردم بەدیل گرت کە هەر شەشیان شوانو گاوان بوونو هیچ پەیوەندییەکیان بەشەڕەوە نەبوو.

ساتێك حکومەت بەسەرکردایەتی (جنرال صبحی) هێزێکی ناردە سەر عەشیرەتی (شمکان) کە سەرۆکەکەی (تەیمور ئاغا) بوو، شەو لەگوندی (کابلوجە)دا ماینەوەو کاتێك لەتەقەی تفەنگ خەبەرمان بوەوە پاسەوانێك

ووتی: ئەوەتە والەوبەرەوە ڕۆیشت و تێپەڕیکرد. ساتێك چووینە سەر ئەو زەلامەی پاسەوانەکە باسیکرد تماشامان کرد (ئامۆ) بوو، کەهێنایان بریندار بوو دوو گوللەی بەرکەوتبوو یەکێکیان ئێسقانی ڕانی شکاندبوو، کەلێمان پرسی بۆچی هاتوویتە ئەم گوندە لەوەرامەدا ووتی بۆ ئەوە هاتووم تۆڵەی (ئیبراهیم فتۆ) بکەمەوە، بۆ ئەوە هاتووم ئێوەی ئەفسەر هەمووتان بکوژم، بەلاّم بەداخەوە بەرلەوەی بگەمە چادرگەی ئێوە بەر گوللە کەوتم))

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەڵێت ئەو (ئامۆ)یە لەعەشیرەتی شمکان بوو لەتاقمەکەی (کریم قاسو)، بەو جۆرە، بەو برینداریيەش تورکەکان کوشتیان و شەهید بوو.

هەمان (زوهدی گویڤن) باسی ڕوداوێکی تری کردووە کە وتوویەتی:

((ڕۆژێکی تر چەند کەسێکمان لەعەشیرەتی (شمکان) بەدیل گرت و بردیانن بۆ گوندی (قرەکوسە)و لەنزیك (بالکلگول) دایاننە بەر گوللەو کوشتیانن و بۆ پینەکردنی ئەو تاوانە هەر پانزە دیلە کوژراوەکانیان بەمردوویی و کوژراوی بردیاننە سەر شاخەکان و لەڕۆژنامەکانیان بلاّویان کردەوە ئەوانە لەکاتی شەڕدا کوژرابوون.

لەدوای ئەو باسە دوورودرێژەی شەڕی (کانی کورك) ئیحسان نوری لەیاداشتەکانیا لەلاپەڕە (٨٢) بەدواوە یاداشتەکەی بۆ چۆنێتی دەستپێکردنی شەڕی (زیلان) تەرخانکردووە کە لەم شەڕەدا هەروەکو ڕوون دەبێتەوە شۆڕشگێڕان ئەوپەڕی قارەمانێتی و خۆبەختکردنیان پیشاندابوو بەلاّم لەئەنجامدا شۆڕشگێڕان نەیانتوانیبوو هەتاسەر بەرگری هێرشی یەك

لەدوای یەکی هێزەکانی تورك بگرن‌و لەدوای شکانی شەڕەکە باسی هۆی شکانی شەڕەکەو هۆی خۆمانەو هۆی بێگانە ڕوون دەبێتەوە.

باسی شۆڕشی زیلان:

ئیحسان نوری لەلاپەڕە(٨٢)ی یاداشتەکانیا باسی ئەوەدەکا چۆن تورکەکان ویستیان بەبەردێك دوو چۆلەکە بکوژن‌و لەلایەکەوە لەحکومەتی ئێران نزیك بوونەوە بۆ ئەوەی کارێکی‌وا بکەن حکومەتی ئێران کێشە بۆ شۆڕش دروست بکات‌و برادەرانی ئێمە ئاگاداری ئەو گفتوگۆیانە بوون کە لەئەنقەرەدا لەنێوان حکومەتی تورك‌و باڵیۆزی ئێراندا دژی کورد دەکراو لەتارانیش هەمان کۆبوونەوە لەنێوانی باڵیۆزی تورك‌و کاربەدەستانی حکومەتی ئێراندا دەکراو لەو ڕووەوە ڕۆژنامەکەمان (خۆیبون) باسێکی دەربارەی ئەوە بڵاوکردەوە کەتیایا وترابوو:

((تورکەکان دەیانەوێ بەبەردێك دوو چۆلەکە بکوژن, لەلایەکەوە هەوڵئەدەن کوردو ئێران بکەن بەدوژمنی یەکتر بۆ ئەوەی ئێرانیەکان دژی شۆڕش بوەستن‌و لەلایەکی تریشەوە دەیان ویست بەسەرگرتنی ئەو تەقەلایەیان کوردیش بکەن بەدوژمنی گەلی فارسی ئامۆزای کورد بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش بکەن بۆ دەسگرتن بەسەر (ئازربایجان)دا کە دەمێکە خەوی پێوە دەبینن)).

ئێمەش دەستمانکرد بەخۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزی تورك‌و هەموو بەیانییەك فڕۆکەکانی تورك بۆردومانی ناوچەکانی ئاگرییان دەکرد کە ئاگریەکان لەسەر چیاکان ڕەشماڵیان هەڵدابوو.

کاتێك من و مەبەست (ئیحسان نوری)یە شێخ عبدولقادر بەبیست سوارەوە چووین بۆ سەردانی لقی خۆیبوون لەباکوری ئاگری و بەدەشتی (ئاخدری)دا دەگەڕاین کە بۆ یەکەمجار ئالآی کوردستان لەو پێدەشتەدا هەڵکرابوو. لەڕێگامانا چەند تورکێکمان بینی لەوانەی کە حکومەتی تورك هێنابوونی و لەو دەشتەدا جێ‌نشینی کردبوون. بەلآم ئەمانە ناچارکرابوون کە سەردانەوێنن بۆ ئالآی کوردستان کە لەو دەشتەدا دەلەریەوە. هەمووی سێ ڕۆژی پێ نەچوو بەسەر ئەو گەشتەمانا فڕۆکەی تورك دەستیکرد بەبۆردومان کردنمان و خێوەتەکان بەر بۆردومان کەوتن و (پاشاخاتون)ی خێزانم لەخێوەتەکەدا بریندارکراو هەندێ لەمەڕو مالآتەکەمان کوژران و بۆمان دەرکەوت تورکەکان بەتاریکایی شەو طابوورێك سەربازیان هێنابوو لەگەڵ دوو تۆپداو لەسەر ڕێگەی (قاباق تەپە) دایانمەزراندبوو کە ئەکەوێتە سەر ڕێگای ڕۆژئاوای ئاگری کە ئەمە سەرەتای خۆئامادەکردنی حکومەتی تورك بوو بۆسەرمان لەسالی (١٩٣٠)دا.

شوێنی (قاباق تەپە) وەکو قەلآیەکی سەخت وابوو. تەنها ڕێگەیەکی سەخت هەبوو کە بیگاتی و لەو ڕووەوە (زهدی گویڤین) کە ئەفسەرێکی تورکە نوسیویەتی:

((چەتەکان بەهەموو هێزو بەچەکەکانیانەوە ئەو بەرزاییانەیان دەپاراست. بەلآم لەڕاستیدا شتەکە بەو جۆرە نەبوو کە ئەو باسی کردبوو چونکە ئێمە لەو ناوچەیەدا هێزێکی ئەوتۆمان نەبوو بتوانێت هەموو شاخەکەو دەوروبەری بپارێزێت.

فڕۆکەکانی تورك هەرچەند هەموو ڕۆژێك بەسەر ئاگریدا دەفڕین و ژن و منداڵی دانیشتوانیان بۆردومان دەکرد. بەلآم بەبەرزاییەوە دەفڕین و

لەتەقەی ئێمە دەترسان و سڵیان دەکردەوە، بێجگە لەوە شۆڕشگێڕانیش فێری خۆشاردنەوە بوبوون کە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کەمتر زیانیان لێ بکەوێت.

ئالەم هەڵوێستو بارودۆخەدایەکێتی سۆڤیەت هێزێکی گەورەی هێنابووە سەر سنووری ئێران و ئاگری و ئێرانیەکانیش هێزی خۆیان هێنابووە ناوچەی (ماکو).

ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکی لەژمارەی ڕۆژی (٣٠/تەمووزی/١٩٣٠)دا مقالێکی لەژێر ناوی (ئەم گلەییانەی دواییمان لەئێرانە)، لەو مقالەدا نوسراوە:

(هەواڵنێری ڕۆژنامەی (تایمس) لەئەستەمبول هەواڵێکی ناردووە بۆ ڕۆژنامەکەی تیایا باسی ئەوەی کردووە کە بەهەزاران چەتەی کورد کەخۆیان لەلووتکەی چیای ئاراراتدا قایمکردووەو شوێنەکانی خۆیان بەستووەو لەولاشەوە کوردەکانی ئێران یارمەتیان دەدەن و ئەرکانی حزبی تورکیاش بەرامبەر بەمە(٦٦)هەزار سەربازو جەندرمەی ئامادەکردووەو بەپاڵپشتی (١٠٠)فڕۆکە هەمووی ناردوون بۆ ناوچەکانی (وان)و (بایزید) بۆ شەڕێکی سەختی دوورودرێژ)).

وەلەژمارەی هەمان ڕۆژنامەدا لەژێرناوی (ڕوداوەکانی چل ساڵ لەمەوبەر) هەواڵێکی تری بڵاوکردۆتەوەو تیایا وتوویەتی:

((ئەو هەزاران کوردەی ئەرکانی حرب تورکیا باسیکردوون، لەڕاستیدا دەرکەوت ژمارەکەیان لە(٥٠٠)چەکداری کورد بەولاوە تێپەڕی نەکردبوو (بێگومان ژمارەی فڕۆکەکانیش هەر بەو شێوەیە ڕاست

نەبووە)، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی سوپا نەیانتوانیوە بیانشکێنن و شوێنەکانیان داگیربکەن)).

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا وتوویەتی:

((لەڕاستیدا حکومەت کە ئەو هەموو هێزو چەکەی ناردبوو، ئێمە چەکی بەرگریکردنمان زۆر کەم بوو، ئەوەی هەمان بوو ئەوانە بوون لەسەربازە بەدیلگیراوەکان دەستمان کەوتبوو من خۆم تەنها دەمانچەیەکم هەبوو کە کریستیانەکان بەدیاری بۆیان ناردبووم و لەشەڕی (کانی کورد)یشدا بەکارم هێنابوو)).

ئیحسان نوری ئەڵێ: گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئێرانیەکان نیازیان خراپەو بەدەستیانەوەیە شتێك دژی ئێمە بکەن، بۆیە بیر لەوە کرایەوە لەجیاتی ئاگری بنکەیەکی‌تر بدۆزرێتەوە کە بۆ ئەمە (دۆڵی زیلان) و چیای (سیبان) بەباش زانران بۆ ئەوەی پەرەش بەشوێنی بزوتنەوەی تریش بدرێت بۆ ئەوەی تۆزێك باری ئاگری سووك بکرێت و بتوانین بەباشی لەناوجەرگەی هێزەکانی تورك بدەین.

لەدوای چەند ڕۆژێکی‌تر، سەرۆکەکانی دۆڵی زیلان و عەشیرەتی (حیدران) لەگوندی (دردن) بڕیاریاندا دەست بەڕاپەڕین بکەین و منیش بۆم دەرکەوت ئازاکانی حیدران بەتەواوەتی خۆیان ئامادەکردبوو، تورکیش دەستیکردبوو بەسەرەتای پەلاماردانەکەی.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٨٦)یدا بەم شێوەیە باسی (دۆڵی زیلان)ی کردوە کە شەڕەکەی تیادا ڕوویداوە:

((دۆڵی زیلان لەدوای ئاگری دووهەم ناوچە بوو کە کاتی خۆی لەشەڕی جیهانیدا ڕوسەکان نەیانتوانیبوو دەستی بەسەردا بگرن و دیاربوو

شۆڕشـگێڕەکان سـووربوون لەسـەر پـەلاماردانی تورکـەکان, بۆیـە منـیش داخوازیەکانیانم پەسەند کردوو دەربارەی ئەوە بڕیارێکم دەرکرد کە تیایا وتبـووم: لـەپاش پاکردنـەوەی دۆڵـی زیـلان لـەهێزی تـورک نـۆرەش دێتـە سـەرپاکردنەوەی شـارەکانی (بـارگری) و (ئـەرجیش) و ئـەرنیش)و ئەگـەر دانیشـتوانی ناوچـەکە بڕیاریانـدا شـاری (ئادلجوان)یش ئازاد بکرێـت ئـەوا هێزەکانمـان لەناوچـەکانی (جـلالیو حیـدرانو ئـادامیو زیـلان)ەوە ئـەو بڕیـارەش بـەجێ دەهێـنن بـەلاّم پێویسـتە بـەر لەهـەموو شـتێك هێزەکـانی (حیدران) چیای (سیپان) بگرن.

لەئاراراتیشـدا بەپێویسـت زانـرا هێزەکـانی تـورك لەدەوروبـەری چـیاکە پاکبکرێنـەوەو شـاری (باشـکندر) تاگەیشـتە بـاکورو باشـووری چـیاکە داگیربکرێـتو خۆئامادەبکرێـت بـۆ هێـرش بـردن بۆسـەر شـارەکانی (أخـدر)و (بایزیـد)و ئـەرکی ئـازادکردنی شـاری (قولـب)م سـپارد بـە (تمرشملـی) کـە بەخۆیو عەشیرەتی شمکان داگیری بکەنو پەلاماری (قاخزمـان)یش بـداتو دەسـت بەسـەر ڕێگـەی (قـارص-ئـاگری) دابگرێـتو کـاتی هێـرش بـردنم دەستنیشـانکردو وێنەیـەکی ئـەو بڕیـارەم نـارد بـۆ سـەرکردەکانی هـەموو ناوچـەکانمانو دیـاربوو نوسـخەیەکی ئـەو بڕیـارە گەیشـتبووە دەسـت ئەفسـەری تـورك (زوهـدی گـویڤن) کـە لەدوایـدا ئـەو ئەفسـەرە تورکـە لەیاداشتەکانیدا نوسیوێتی:

(حکومـەت خـۆی ئامـادەکردبوو هێـرش بباتـە سـەر ئـاگریو بـۆ ئەمـە هێزەکانمان ڕویانکردە بایەزیدو فەرمان دەرچوو بۆ لـەناوبردنی هێزەکـانی ئـاگریو بزوتنەوەیـەکی فراوان دەسـتی پێکردبـوو هێزەکـانی تـورك (قابـاق تەپە)ی داگیرکـرد کـە دەکەوێتـە ڕۆژئاوای ئاگریو سـەرکردەی چەتەکان کـە

ئیحسان نوری‌یە بەیانێکی دوورودرێژی دەرکردبوو بۆ سەرۆکی عەشیرەتەکان لەوانەی لەدەورووبەری ئاگریدا لایەنگری ئەو بوون)).

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەڵێت: ئەو ئەفسەرە تورکە ئەو بەیانەی منی لەگیرفانی یەکێك لەکوژراوەکانی ئێمەدا دەستگیر بوبوو.

وەکو ئیحسان نوری خۆی باسیکردووە.نوسخەیەکی ئەو بەیانەی دەریکردبوو ناردبووی بۆ سەرۆکی عەشیرەتی (ئادامان) کە ئیبراهیم ئاغا بوو, بەیانەکە لەسەرەوە لەلای ڕاستیەوە نوسرابوو (خۆیبوون)و لەژێریا نوسرابوو (مجلس وطن کورد- ئەنجومەنی نیشتمان کورد)و ژمارەی بڕیارەکەشی نوسرابوو, لەلای چەپی سەرەوەشدا نووسرابوو- ئاگری- مرکزی قیادەو لەژێر ئەمەدا ڕۆژی دەرچوونی بەیانەکەی تیادا نوسرابوو کە بریتی بوو لە (٨/حزیران/١٩٣٠) بڕیاری هێرش بردن:

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٨٨)ی یاداشتە چاپکراوەکەیدا دەربارەی بڕیاری دەستپێکردنی هێرش نوسیوێتی:

ئەو بڕیارە بریتی بووە لەحەوت مادەو هەروەکو (زوهدی گویڤن) لەیاداشتەکانیا کردویەتی بەتورکی (کەدیارە لەیاداشتەکانیا لەزوهدی گویڤنەوە وەری گرتۆتەوە).

بەپێی ئەوەی زوهدی گویڤن بڕیارەکە بەم شێوەیە بووە:

١- دوژمن (مەبەست تورکە) لە(١١/حزیران/١٩٣٠)دا هێرشی هێناو بەرزاییەکانی (قاباق تەپە)ی داگیرکردوو لەباکوری ڕۆژئاوای ئاگری شەش فڕۆکەی دوژمن بەشداری هێرشی کردوو ئاگری‌یان بۆردومان کرد لەماوەی ڕۆژانی (١١/حزیران/١٩٣٠) تا (١٨/حزیران/١٩٣٠) سێ فڕۆکە بەرگولەی

ئێمە کەوتن و یەکێکیان لەبنکەی بایزید کەوتە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەی کوژرا.

٢- پێویستە هێزەکانمان پەلاماری دوژمن بدەن لەدەوروبەری ئاگریداو هێزی ناوەڕاست ڕاسپێررا هێزەکانی خۆی بباتە چیای (تندورك) بۆ ئەوەی ڕێگە لەهاتوچۆی هێزەکانی دوژمن بگرێت (مەبەست هێزەکانی تورکە).

فەیلەقێکی تورك لەباشووری خۆرئاوای ئەنادۆڵدا ڕوویکردە ئاگری بۆ پەلامار‌دانی هێزەکەمان بەلآم نەیتوانی بێتە پێشەوە بەهۆی ئەو خۆئامادەکردنەمان کە لە(درسیم) و (خربوط)و ناوچەکانی باشووردا کە لەسەر سنووری سوریا ئامادەکرابوون.

٣- لەمرکزی بنکەی خۆیبون: پشت بەخوا, بڕیاردرا هێرش ببرێتە سەر هێزەکانی تورك:

أ- پێویستە لەسەر (تەمر ئاغا-تەیمور ئاغا) ی سەرۆکی دەرەکی هێزەکانمان بەخۆیو هێزەکەیەوە بەهاوکاری عەشیرەتەکەی خۆی (شمکان) کە لە(قولب) بوون, هێرش ببەنە سەر مەرکەزی قەزای (قولب) لەڕۆژی (٣/تەموز/١٩٣٠)داو دوای داگیرکردنی شارەکە پێویستە پێشمەرگەکان هەوڵ بدەن دەست بگرن بەسەرناوچەکانی تردا هەتا دەگەنە گوندی (برنافوت).

ب- شەوی (٤/تەموز), سەرکردەی هێزەکانی ناوچەی (قورخان) کە عقید (ولی بەگە), هێزەکانی خۆی بەچەکدارەکانی عەشیرەتی (گزگان)و (زیلان) بەقوەت بکاتو هێرشی ناکاو بکاتە سەر شاری (أخدر)و داگیری بکاتو لەهەمان ڕۆژدا هێزی ئاگری پەلاماری دوژمن بدات لەدەوروبەری ئاگریدا (مەبەست پەلامار بۆسەر هێزەکانی تورك).

٤- ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی لەگوندی (درن)دان پێویستە لەسەریان هێزەکانیان لەرۆژی جومعەی ڕێکەوتی (٤/تەممون)دا دەستبگرن بەسەر بنکەکانی تورکدا لەناوچەکانی خۆیاناو بەم جۆرە کاروباری ناوچەکە ببرێت بەڕێوە:

أ- هێزی (ئەرجیش) یارمەتی لەدۆڵی زیلان وەرئەگرێتو هێرش دەباتە سەر بنکەکانی حکومەت هەتا دەگەنە شاری (ئادلجواز)و دوای دەسگرتن بەسەر ئەو شارەدا دەسدەگرن بەسەر بەرزاییەکانی چیای (سیپان)داو بەسەر ئەو بەرزاییانەی ئەکەونە خواروی ئادلجوازو پاش ئەوەی هێزی سوارە دەنێرێت بەرەو: ئاخلات، تاتوان، شاخی نمرود.

ب- لەسەر سەرکردەی هێزی دیلان پێویستە دوای ئەوەی ناوچەکەی خۆی لەهێزی تورك پاك دەکاتەوە، دەستبگرێت بەسەرناوچەکانی بەشی ڕۆژئاوای چیای (ئالاداغ)و لەوێوە چەند تاقمێك لەسوارەی شارەزاو لێهاتوو ڕووبکەنە (ملازگرت) بۆ یارمەتیدانی عەشیرەتی (هەسنان)و پێویستە دەست بگیرێت بەسەر ئەو ڕێگەو بانانەی ئەگەنە شارەکانی (کوسەر) کە ئیمڕۆ تورکەکان بەم شارە دەڵێن (ئاگری)، ملازگرت (لەهەندێ شوێندا بەملازکرد دەنوسرێت)، باتنوس، ئەرجیش.

ج- پێویستە لەسەر عەشیرەتەکانی حیدری کە لەناوچەی (باتنوس)دان لەگەڵ ئەوانەی لەعەشیرەتی (ملازگرت)دا لەگەڵ ئێمەدان دەستبگرن بەسەر شاری (باتنوس)و ئەو بەرزاییانەی ئەکەونە باشوورو ڕۆژئاوای چیای (سیپان)، پاش ئەوە هێزی سوارە بنێرێت بۆ چیای (نمرود)و (موش) و (کوبی) بۆ ئەوەی ئاگاداری جووڵەو بزوتنەوەکانی دوژمن بین.

د- هێـزی ناوچـەی (بـارگری)-پێویسـتە لەسـەری دەسـبگرێت بەسـەر ناوچـەی (بارگری)و (ئەرنس)داو ڕێگـە لەهاتوچـۆی ئـەو هێزانـە بگرێـت کەلـە(وان, ئـەرجش, سرای)ەوە دێن.

ه- هێزی ناوچەی ناوەڕاسـت: ئـەم هێـزە یارمـەتی هێزەکـانی عەشـایری (جـلالی)و (مللان) ئەدا بـەهاوکاریی ئـەو عەشـایرانەی لەناوچـەی (ئـەلکا)دانو پـاش ئەمـە ئـەو هێزانە لەژێر سـەرکردایەتی خۆمـدان (مەبەسـت ئیحسـان نـوری خۆیـەتی) ناوچـەکانی نێوان: بایزید-ئاگری داگیردەکەنو (٣٠٠)چەکدار دەنێررێـت بـۆ چـیای (تنـدروك) بـۆ بەهێزکردنی شەڕکەرەکانی (بارگری).

پێویستە لەسەر ئەم هێزانە بەگشتی هەڕەشە لەداگیرکردنی (وان) و (سەرای) بکەنو هەوڵبـدرێت زانیـاری کۆبکرێتـەوە دەربـارەی ناوچـەکانی (وان)و (تـارب) و (سـرای)و (باشقەلا) ,و (هەکاری).

و- ناوچـەی (ئـەرجیش):-پێویسـتە لەسـەری بـەپێی توانـای خـۆی یارمـەتی هێـزی ناوەندی بدات.

ز- پێویسـتە لەسـەر قائیمقـام ئیـبراهیم ئاغـای سـەرۆکی عەشـیرەتی (ئادامـان), بـەزوترین کـات کاروبـاری خـۆی لەگـەڵ علـی بـگ میـزاغـا, رسـول زلیو سـەرۆك عەشـیرەتەکانی (قوتـان)و (هسـە سـووری) ڕێـك بخـەنو بەهـەموتان پـەلاماری شـاری (دیادین)بدەن لـەڕۆژی جومعـەی ڕێکـەوتی (٤/تمـوز/١٩٣٠)و پـاش ئـەوە بەتـەواوی دەسـبگرن بەسـەر ڕێگـای (قرەکوسـە-بایزیـد)داو پێویسـتە ئاگاتـان لەهەڵسوکـەوتو جموجوڵی دوژمـن بێت لە(قرەکوسە) بـەهاوکاریکردن لەگـەڵ حمیـد بەگـداو شـتێکی وا بکرێت ئەو ڕێگەیەی ئەچێت بۆ (طاهر) بریتی بێت لەڕێگەی ئاگرباران.

ح- دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانەی باسیانکراوە, هێزەکانی (ئەرجیش)و (بـاتنوس) و (زیـلان) زۆربـەی هێزەکانمـان گـرد بکەینـەوە کـە دەکەونـە پشـتی هێڵـی (دوتـاخ –

ملازگرت)و هەروەها هێزی (بارگری) ئەو هێزانە کزدەکاتەوەو ئامادەیان دەکات کە لە(ئەرنس-نوشارت)ن.

٥- مرکزی سەرکردایەتی لەئاگری دەبێتو هەرچی زانیاریەکتان هەیە هەموی بنێرن بۆ ئەم مرکزە. ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٩٠)ی یاداشتەکانیا پاش بلاْوکردنەوەی ئەو بڕیارانە وتوویەتی زوهدی گویڤن لەیاداشتەکانیا وتوویەتی:

(ئیحسان نوری تاوانباری ڕاکردوو خۆی کردووە بەسەرکردەی گشتیو نەخشەیەکی ئامادەکردووە بۆ دانانی حکومەتێك وەکو چۆن لەو بەیانەدا دەردەکەوێ کە بەئیمزای خۆی دەریکردووە لەسەریەوە نوسراوە: سەرکردایەتی سوپا بەرزەکانی هێزی خۆیبون, وەهەموو هەڵسوکەوتەکانی ئیحسان نوری واپیشانی ئەدەن دەیەوێ حکومەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنێت. ئیحسان نوری لەگەڵ ئەو بڕیارەدا تعلیماتێکی گشتی دەرکردووە لەژێر ناوی :-

(ئەو تعلیماتە گشتییانەی پێویستە لەکاتی شەڕدا بەکاربهێنرێتو بخرێتە بەرچاو) کە لەو تعلیماتانەدا ئیحسان نوری وتوویەتی:

١- پێویستە هەر هێزێك لەناو خۆیا سەرکردەیەك هەڵبژێرێتو ئاگاداری ناوەکەیم بکات.

٢- پێویستە لەسەر هەر ناوچەیەك دەزگایەکی تایبەتی هەڵبژێرێت بۆ کاروباری ناوخۆیو بەپێی ژمارەی شۆڕشگێڕەکانی ئازوقەیان لەناوچەکانی خۆیانا بۆ دابین بکەن.

٣- هەموو جۆرە دەسکەوتەکانی شۆڕش بەچەكو جبەخانەو تۆپو هەرچی دەسگیربێت لەحکومەتو لەسوپاکەی هەمووی بەموڵکی کورد

دابنرێـت و پێویسـته لەعـەماری تایبەتیـدا هـەڵبگیرێت و لێپرسـراوێکی بـۆ تەرخان بکرێت و نابێ بەهیچ جۆرێك دەستکاری بکرێت چونکە موڵك و ماڵی میللەتە.

٤- هەر ئەفسەرو سەربازێك یا فەرمانبەرێکی تورك ویستی یارمەتیمان بدات یا ببێت بەلایەنگرمان، پێویستە سوود لەیارمەتیدان و هاوکاریی وەربگیرێـت بـەلاَم پێویسـتە ئـەوە زۆر بـەوردی و ئاگادارییـەوە بکرێـت و پێویستە بایەخێکی زۆر بدرێت بەدەزگاکانی لاسلکی و چاکردنەوەی هێڵی تەلەفۆنـە لەکارکـەوتووەکان و سـوود لەفەرمانبـەرە شـارەزاکان وەربگیرێـت لەوانەی جێگەی متمانەن و پێویستە تەنها ئەو هێلاَنە ببڕن کە ئێمەو دوژمن بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

(ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەڵێ: لەڕاستیدا زوهدی گویڤن هەندێ لەناوەڕۆکی بڕیارەکەی منی دەستکاری کردبوو، باسی ئەوەی نەکردبوو کە ئێمـە لەبڕیارەکـەمانا باسـی چـۆنێتی ڕەفتارمـانکردبوو لەگـەڵ دیلـە تورکەکانا).

بۆئەوەی سەرپەرشتی هێزەکە بکرێت هەردوو کوڕەکەی کور حسن پاشـا (ممـو)و (نـادر) بـون لەگـەڵ سـید رسـول برزنجـی کـە خـەڵکی (ئەرجیش) لەگەڵ تاقمێ سوارەدا ناردمن بۆ (دۆڵی زیلان).

لـەپاش سـاڵێکی پـڕ لـەگێرەو کێشـەو کارەسـات، بـیرم لـەوە کـردەوە پێویستە بارودۆخی شۆڕش هەڵسەنگێنم و هەندێ دەسکاری و ئاڵوگۆڕ بکەم لەنەخشەی شۆڕشەکەدا کە سوودی بزوتنەوەکەمانی تیادابێت.

شـەوێك تاقمەکـەی (داوو)ی کـوڕی • بـرۆ) بـەتاریکایی شـەو هێڵـی تەلـەفۆنی نێـوان (قابـاق تەپـە)و مرکـزی بـڕی بـۆ ئـەوەی (عمـر بسـی)

لەپشتەوە پەلاماری •قاباق تەپە) بداتو هێزێکی سوپای حکومەت کەلە(١٥)کەس پێکهاتبوو ویستیان تەلەفۆنە بچراوەکە چاك بکەنەوەو ساتێك لەلاپاڵی چیاکە بۆ ئەو مەبەستە بەرەو خوار بونەوە هەموویان کوژران لەلایەن تاقمەکەی (داوو) کە شەڕەکەی نێوان هەردوولا سەعاتێکی خایانو چەکەکانیان دەسگیری شۆڕشگێڕەکان بوو, سەربازە تورکەکان بەبەرزاییەکانەوە چاویان لێ بوو چۆن هاوڕێکانیان دەکوژران بەڵام زاتی ئەوەیان نەدەکرد بێنە خوارەوەو یارمەتی هاوڕێکانیان بدەن.

لەو کاتەدا دوو تاقمی بچووکی شۆڕشگێڕان دەستیانکرد بەتەقەکردن لەبنکەی سوپای تورکەکان بۆ شوێنی ووتنی تاقمەکەی (عمر بسی) کەبەشەو بەنەهێنی خۆیان گەیاندبوە دەوروبەری ئەو بنکەی سوپایەو چەند کەسێکیان لەهێزەکەی تورك کوشتوو چەکەکانیان دەستگیرکرا, بەڵام لەبەرئەوەی شوێنەکە ئێجگار سەخت بوو بۆیە پێشمەرگەکان لەوە زیاتر نەیانتوانی بچنە پێشەوە.

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا ئەڵێ:

گەرمای هاوین لەسەر چیای ئاگری تاوی سەندبوو, گوزەران تیایا ئاسان نەبوو لەبەرئەوە ناچاربووین ڕوومانکردە لووتکەی چیاکان لەلایەکەوە بۆ دوورکەوتنەوە لەگەرماو لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی شوێنی لەوەڕ بدۆزرێتەوە بۆ مەڕو ماڵاتەکان کە مایەی ژیانی شۆڕشگێڕەکان بوو, تورکەکان بەو چوونەی ئێمەیان زانیو ئەمەیان بەهەل زانیبوو هەر بەشەو هێزەکانیان ناردبوو بۆ دەوروبەری گوندی (شخلو)و بەرزاییەکانی ئەو گوندەیان داگیرکردوو چادریان تیا هەڵدا, هێزێکی ئاگری لەچیاوە هاتنە خوارەوە بۆ ئەوەی دوژمن دەرکەنو هێشتا ئێمە نەگەیشتبوینە ئەو

شـوێنەی کـە تفـەنگ هاوێـژێك لێیانـەوە دووربێـت تورکـەکان دەمو دەسـت چادرەکانیان پێچـایەوەو گەڕانـەوە بـەرەو (بایزیـد)کـە ئەمـە زۆر جێگـەی سەرسوڕمان بوو.

دانیشـتوانی دۆڵـی (زیـلان) زۆر دڵیـان بـەوە خـۆش بـوو کـە سـوارەکانی ئـاگری فـەرمانیان بـۆ دەرکرابـوو پـەلاماری هێزەکـانی حکومـەت بـدەن و لەخۆشـی ئـەو بڕیـارە خۆیـان پـێ نـەگیراو بەرلـەکاتی دەستنیشـانکراو دەستیانکرد بەهێرش بردن بۆسەر بنکەی حکومەت لە(حسن ئابدال).

حسن ئابدال بنکەیەکی حکومەت بوو کە (٢٠٠)سەربازی تیابوو, لـەپاش شـەڕێکی گـەرم شۆڕشـگێڕەکانمان بنکەکـەیان داگیرکـردوو ئـەو سـەبازانەی ڕایـان نـەکردبوو بـەدیل گـیران و چـەکەکانیان دەسـگیرکراو پـەلاماری شـاری (نوشار)یشیاندا کە مرکەزی ناحیەی (زیلان) بوو, طابوورێکی تـورکی پیـادە کەلـەناو شـارەکەدا بـوون هەنـدێ تۆپیـان هـەبوو, سـەرکردەی طـابوورەکـە لەقەڵای شارەکەدا خـۆی حەشـاردابوو وەخـۆی قـایمکردبوو, گـەلێك چـەکیان پێ بوو بۆ پارێزگاری خۆیان, لەوە نەگەیشتبوون بەرامبەرەکـەیان (مەبەسـت چەکدارەکانی کوردە) شەڕکەرێکی کەللە ڕەقی چاونەترسن و ئامادەن گیـانی خۆیان لەپێناوی میللەتەکەیانا بەخت بکەن.

لەگەڵ ئەو هەموو چەك و جبەخانە زۆرەو سەختی شوێنی قەڵاکەیان, ئەو هێزەی تورك نەیتوانی بۆ ماوەی بیست و چوار سـەعات زۆرتـر خـۆی بگرێـت بەرامبـەر بەهێرشـەکەی عەشـرەتی (ئادامـان)و زیـانێکی زۆری لێکـەوت و سەرکردەی تورك لەو قەڵایەدا کوژراو ئەوانی‌تر کە لـەمردن ڕزگاریـان بوبـوو بەئەفسەرو سەربازەوە هەموو بەدیل گیران و بۆ ڕۆژی دوایـی شۆڕشـگێڕەکان بەشـێك لەشـاری (ئـەرجیش) و شـاری (بـاگری)یـان بەتـەواوی داگیرکـرد

هێزەکـانی حکومـەت هێشـتا لەبەشـەکەی تـری (ئـەرجیش)دا بـەرگریان لەخۆیان دەکرد کە هێزێکی شۆڕش تاقمێکیان نارد بۆ ئەوەی سەرەڕێگەی (ئـەرنس-وان) بگـرن بـەڵام زۆر بـێ حسـابانە ئـەو کارەیـان ئەنجامـدا بۆیـە لەتەقەلاکـەیانا سـەرنەکەوتن و زیـانێکی زۆریشـیان لێکـەوت کـە ئـەم سـەرنەکەوتنە وورەی تورکـەکانی بـەرزکردەوە لـە(ئـەرجیش)و تورکـەکان لـە(وان)ەوە تاقمێـك تۆپیـان نـارد لەگـەڵ هێزێکـی تـازەدا بـۆ یارمەتیـدانی هێزەکەیان لە(ئەرجیش)و پاش شەڕێکی گەرمی نیوسەعاتی هێزەکەی تورك تماشای کرد ئیتر ناچارە دەبێ خۆی بدا بەدەستەوە, بەڵام چەکدارەکانی (خیـدری) هەڵەیـەکی زۆر گـەورەیان کـردوو لـەجیاتی ئـەوەی بەشـێك لەهێزەکـەیان بەسـەر بەرزاییەکانـەوە بهێڵنـەوەو ئـەوانیتر بنێـرن چـەکەکان لەدەسـگیربووەکان وەربگــرن, بەپێچـــەوانەوە هـــەموویان بـــەجارێك لەبەرزاییەکانـــەوە چـــووبوونە خـــوارەوە بـــۆ کۆکردنـــەوەی چـــەکە دەسکەوتووەکان, ئەنجامی ئەمە بەوەگەیشت کە سەرکردەی تورکەکان بۆی دەرکـەوتبوو ژمـارەی شۆڕشـگێڕەکان زۆرکـەم بـوو, دەسـتبەجێ فـەرمانی دەرکردبوو شـەڕ دەسـت پـێ بکاتـەوەو سـەرکردەی شۆڕشگێڕەکان کوژراو ئەوانیتر هەتا دوا گوللە شەڕیان کردبوو, بەم شێوەیە تورکەکان توانیبویـان هێزی تازەی یارمەتیدەر بگەیەننە (ئەرجیش).

ئەوانەی لەپەلاماردانی (ئەرجیش)دا بەشداریان کردبوو بریتـی بوون لـە چەکدارەکانی عەشیرەتی (بکران) کە چەك و جبەخانەی تەواویان پـێ نـەبوو, ئەوانـەیان کـە پـەلاماری بنکـە ئاسمانیەکـەیان دابـوو هەرچـەند بەتـەورو تـەوراس و کوتـەك هێرشیان بردبـوو بـەڵام توانیبویـان بەسـەر پاسـدارەکانی بنکـە ئاسمانیەکـەدا سـەرکەون و بەلـەخۆبوردنێکی زۆر توانیبویـان ئـەو

پاسدارانە چەك بكەن‌و دەست بگرن بەسەر دوو فڕۆكەدا كە خۆیان ئامادەكردبوو بۆ فڕین.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٩٥) یاداشتەكەیدا باسی (ممد بەگ)ی كوڕی كوڕ حسین پاشا بەخۆی‌و چەند شەڕكەرێكەوە پەلاماری شاری (باتنوس)یانداو چوونە ناو شارەكەوە, بەلاّم بنكە سوپاییەكەی ناوشار زۆر قایم كرابوو بۆیە نەتوانرا زیان بەو بنكەیە بگەیەنن‌و بەرلەوەی بچنە ناوشارەوە لەرێگەی (قەرەكۆسە-ئەرجیش)دا هەندێ ئەفسەریان گرتبوو لەوانەی لەشاری (باتنوس)ەوە هاتبوون كە ئەمانە هەندێ لەسوارەكانی عەشیرەتی (سیكوبی) شیان لەگەڵدا بوو, چەك لەئەفسەرو سوارەكان سێنراو دران بە سید رسول‌و سیف الدین بەگی كوڕی سەرۆكی پێشووی عەشیرەتی (هسنان) كە فتح الله بەگ بوو, لەوێشەوە ڕویانكردە دەشتاییەكەی (ملازكرد)و لەوێ دەستیان كرد بەشەڕێكی قورس.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٩٥)دا ئەڵێ: لەبەرئەوەی شۆڕشەكەی (زیلان) پێش وەخت كرابوو بۆیە هەواڵەكانیان بەباشی نەدەزانراو حكومەت لەهەموو لایەكەوە هێزی ناردبوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی شۆڕشگێڕەكان‌و هێزی حكومەت بەهاوكاری بەكرێگیراوەكانی عەشیرەتی (كسكوی) گەیشتە زیلان‌و توانیبویان شاری (حسن ئابدال) داگیر بكەنەوە.

وەرگێڕی یاداشتەكەی ئیحسان نوری, صلاح بروای, لەپەراوێزی لاپەڕە (٩٥)دا ئاماژەی بۆ نامیلكەكەی (ئاپۆ عوسمان صبری) كردووە كە بەناوی (چوار قارەمان)ەوە بلأوی كردۆتەوە لەو نامیلكەیەدا وتوویەتی توركەكان لەم شەڕەدا (٨٠)گوندی كوردیان سووتان‌و هەموو دانیشتوانی ناوچەی (زیلان)یان قەلاچۆكرد بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئەو

زیانانەی لەو شەڕەدا توشیان بوبوو, فرزندە بەگی پاڵەوان لەو شەڕەدا هێزەکەی تورکی پەرێشان کردبوو, لەتاقە شەڕێکدا (٢٥٠)سەربازو ئەفسەر کوژرابوو لەکاتێکدا هەموو هێزەکەی فرزندە بەگ بریتی بووە لە(٥٠)چەکدار کە تەنها (٣)کەسیان لێ بریندار بوبوو.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٩٧)دا باسی ئەوەی کردووە چۆن عەشیرەتی حیدران لەلایەن تورکەکانەوە ئابلۆقە درابوو بۆیە دەبوایە شتێك بکرایە ئەو ئابلۆقەدانە لابرێت و ئەم کارە سپێررا بە(داوو)ی ئازاو بە(بروەسکی)ی دلێرو کۆڵنەدەر کە تاقمێك سوار ببەن بۆ ئەوەی دوژمن لەگوندەکانی (سوبهان)و (نورشین) پەرەوازە بکەن و بریاردرا لەپێشدا هێرش ببرێتە سەر بنکەی تورکەکان لە(نۆرشین) لەبەرەبەیانداو بۆسەیەك دابنرێت لەرێگەی (سوبهان)دا بۆ ئەوەی پەلاماری ئەوانە بدرێت کە تورکەکان لەسوبهانەوە دەینێرن بۆ یارمەتیدانی (نورشین).

ئەو نەخشەیە بەباشی بەجێ هێنراو توانرا هێزەکانی هەردوو بنکەکە بکوژرێن یا بەدیل بگیرێن کە ژمارەیان (١٢٠)سەرباز بوو, دیلەکان دابەشکران بەسەر خێزانەکانی ئاگریدا بۆ ئەوەی چاودێریان بکەن. ئەو ڕۆژەی کەدەسنیشانکرابوو بۆ هێرش بردن بۆسەر (بورنی سوور)و (بورنی ڕەش), ئاگریەکان دڵیان بەوە خۆش بوو دەتوانن دەسبگرن بەسەر ئەو تۆپە گەورانەی لەبنکەی سوپایی (بورنی)ی سووردا دامەزرێنرابوون کە هەمیشە تۆپ بارانی ئاگرییەکانیان دەکرد لەهاتوچۆکردنیاناو لوولەی ئەو تۆپانە دوای داگیرکردنیان ئاراستەی دوژمن بکرێت.

لەبەرەبەیانـدا پـەلاماری هـەردوو بنکەکـە دراو سـەرکردەی بنکەکـەی (بـورنی سـوور) بەتەلـەفۆن بەرپێبەرەکـەی خـۆی ووت: ئـەوا شـەڕ لـە (بـۆرنی ڕەش) دەستی پێکرد, بـەلاّم هێشتا لای ئێمـە هـیچ ڕووی نەداوە, وادیـاربوو ئـەو ئەفسـەرە تورکـە ئاگـاداری ئـەوە نـەبوو خۆشـی ئابلّووقـە درابـوو ئابلّووقـەدەرەکان گوێیـان لەهـەموو قسـەکانی بوبـوو کـە بەتەلـەفۆن لەگـەلّ سەرۆکەکەیدا کردبووی.

لەبەرەبەیاندا پەلاماری (بورنی سـوور)یش درا کـە سـەربازەکانی لەسـەر گردێك سەنگەریان هەڵکەندبوو خۆیان تێدا حەشاردابوو, لەیەکەم هێرشدا شۆڕشگێڕەکان بەشێك لەگردەکـەیان داگیرکـرد کەتۆپـەکانی لێ بەسـرابوو, تۆپچیەکان ڕایـانکردوو ئەوانـەی لەسـەنگەرەکانا مـابوون کـە شۆڕشـگێڕان نزیکــی (١٥-٢٠)مــەتر لێیانــەوە دووربــوون خۆیــانگرت‌و درێژەپێــدان بەشەڕەکە لەسوودی کورد نەبوو, چونکە ئەگەر درێژەی بکێشایە لەوانەبوو تورکــەکان یارمەتیــەکی زۆریــان بــۆ بێــت لەبەرئــەوە شۆڕشــگێڕان بەسـەرکردایەتی (فتـوشمکی) ئـەو خانووەیـان گـرت کـە کـەوتبووە ڕێگـەی نێوان (بورنی سوور) و بنکەی (بایزید) کە بەوە ڕێگا لـەوە گیرا کە یارمـەتی بگاتە دوژمن.

هێزی سوارەی تورك لەپشت (تـاش بوردن)دا خـۆی مۆڵـدابوو بـەلاّم نـەی ئـەوێرا بـەرەو پێشەوە بڕوات چونکە مەترەلیوزەکانی (فتو) ڕێگەی ئەوەی نەئەدا کەسیان سـەر دەربێنن‌و لەگێـژاوی ئـەو تـەق‌و هـووڕەدا دوو سـواری کـورد لەناوچـەی (هاوروشـخلو) دەرکـەوتن کـە ڕویـانکردبووە ئـەو گـردەی شەڕەکەی تیادا دەکراو تەواو لـەوە نزیـك بوبوونـەوە کە مـەترەلیوزی دوژمـن بیانگـاتیّ, دوژمـن نەیـدەزانی یـەکێك لـەو سوارانە سـەرکردەی شـۆڕش بـوو

(ئیحسان نوری مەبەستی خۆیەتی)و ئەوی تریان (بروهسکی)بوو ئەگەر تورکەکان بەوەیان بزانیایە بەهەر نرخێك بوایە لەناویان دەبردن.

ساتێك دوو سوارەکە چوونە پێشەوە سەرکردەی شۆڕش ڕویکردە دوژمنو هاواری کردوو پێی ووتن:

من ئیحسان نوریم بۆ ئەوە هاتووم پێتان ڕابگەیەنم کورد نایەوێ زیانتان پێ بگەیەنێت، باشتر ئەوەیە چەکەکانتان فڕێ بدەنە سەرزەویو هیچ پێویست بەوە ناکات بترسن.

سەربازەکانی تورك دەمودەست چەکەکانیان فڕێداو شەڕەکە لەوێدا کۆتایی پێهاتو زیانی تورك لەم شەڕەدا زۆربوو، سەرۆکەکەیان کوژرابوو، بەڵام بەداخەوە گەلێك گوللەش بەر سنگی (ادو امکی هسەسوری) کەوتبوو، ئەو سنگەی پڕبوو لەخۆشەویستیو دڵسۆزی خاوێن بۆ خاکی پاکی نیشتمانەکەی.

بەیارمەتی دیلە تورکەکان توانرا ڕووی لوولەی تۆپەکان ئاراستەی سەربازگەی سەربازگەی (بایزید) کراو چەند تۆپێکی پێوەنرا، بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو گوللە تۆپانەی دەستگیرکرابوون تەنها حەوت گوللە بوو، تۆپەکانیش زۆر قورس بوون توانای گواستنەوەیان نەبوو بگوێزرێنەوە بۆ شوێنە بەرزەکانی چیاکە، لەبەرئەوە تۆپەکانمان تێکداو بەجێمان هێشتن بۆ ئەوەی تورکەکان بەکاریان نەهێنن.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٩٩)ی یاداشتەکەیداباسی نوێنەری ئەرمەنیەکانی کردووە کە ناوی (ڤاهان)بوو کە ئەفسەر بوو لەسوپای ڕووسدا، لەو کاتەدا لەگوندی (شیخلو) بوو لەسەر گردێکی نزیکەوە دەیڕوانیە کۆڕی شەڕەکە، کە ئەوانەی ناردبونی بۆ (بۆرنی ڕەش)

بەسەرکردایەتی (فرزندە بەگ)بو کە لەسەرەتای شەڕەکەدابریندار کرابوو، یارمەتیدەرەکەشی کە (نورو)ی کوڕی (موسی بیرکی)ی ئازاو دلێر بوو بەداخەوە لەو شەڕەدا کوژرابوو.

وەرگێڕی یاداشتەکەی ئیحسان نوری،صلاح برواری لەپەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا ئامارژەی بۆ نامیلکەکەی (ئاپۆ عوسمان صبری)کردووە کە لەو نامیلکەیەدا باسی بریندداربوونی فرزندە بەگی کردووە کەچۆن بەو برینداریەش کۆڕی شەڕەکەی بەجێ نەهێشتبوو.(ئەو فرزندە بەگە کە شۆڕشەکە شکاو پاشەکشەی کردوو چووە ئێران لەوێ ئەو زامەی کوشندە بوو لەوێ بەئاوارەیی کوشتی وەکو لەشوێنێی تردا باسی ئەو ئاوارەبوونەی دەکرێت).

ئیحسان نوری لەباسەکەیدا دەڵێت: لەو کاتەدا •بروهسکی) بەتاقی تەنیا لەشاخی (قوتیس)ەوە ڕوویکردە شۆڕشگێڕەکان بۆ یارمەتیدانیان، لەبەرئەوەی فرزندە بەگ بریندار بوو (نورو)ش کوژرابوو، بۆیە لایان وابوو ئەو سوارە (کە بروهسکی بوو) لەلایەن تورکەکانەوە نێررابوو بۆ یارمەتی دوژمن، لەبەرئەوە شۆڕشگێڕەکان کشانە دواوە بۆ ئاگریو بروهسکی‌ش ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ ئاگری.

ئیحسان نوری دوای ئەوەی باسی چەند وردە شەڕێکی‌تر دەکات لەگەڵ بۆردومانکردن لەلایەن فڕۆکەکانەوە لەلاپەڕە (١٠٢)دا وتوویەتی:

حکومەتی تورکیا (کمال الدین سامی پاشا)ی باڵیوزی لەبەرلینەوە هێنایەوەو کردی بەسەرکردەی هێزەکانی دژی شۆڕش‌و ئەو جەنراڵە شاری (وان)ی کرد بەبنکەی خۆی، ئەو (کمال الدین)ە کاتی خۆی لەساڵانی (١٩١٩-١٩٢٠)دا سەرکردەی فرقەی نۆهەمی تورك بوو لەقفقاس‌و نوێنەری

مستەفا کەمالیش بوو لەئەستەمبول و لەو ساڵانەدا ئیحسان نوری دژی حکومەتی فرید پاشا بوو لە ئەستەمبول، بۆیە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ کمال الدین سامی پاشاداو ساتێك حکومەتی فرید پاشا کەوت و علی رەزا پاشا چووە جێگەی کە پێوەندی خراپ نەبوو لەگەڵ مستەفا کمالدا، ئیتر ئیحسان نوری خۆی دورخستەوە لەفەرمانی رەسمیو بۆ جارێکیتر کمال الدین پاشا کرایەوە بەقائدی فرقە، لەبەرئەوەی (کمال الدین پاشا) شارەزاییەکی زۆری هەبوو دەربارەی ئیحسان نوریو ئەو شارەزایەتییەی بەحکومەت راگەیاندبوو، وەکو دەوترا لەبەرئەوە بوو حکومەت کمال الدین پاشای لە برلینەوە هێنابووەوە.

دوای ئەمە ئیحسان نوری لەلاپەرە (١٠٦)ی یاداشتەکانیا چۆتەوە سەرباسی درێژەپێدان بەشەڕو وتوویەتی:

هێرشەکانی کورد لەسەرەتادا بەسەرکەوتووی دەستی پێکرد، بەڵام بەداخەوە سوودی نەبوو چونکە لەڕاستیدا ژمارەی شۆڕشگێڕان بەرامبەر بەهێزەکانی تورك وەکو دڵۆپێك ئاو وابوو لەچاو ئاوی ڕوباری تورکەکانا، لەبەرئەوە تەنها هەر تاقە ڕێگەیەك مابوو کە بریتی بوو لەوەی بکوژێت یابکوژرێت.

ساتێك شۆڕشگێران هێرشێکی توندیان کردە سەر دوژمن لەجەبهەی (قورطان)ی لای باکوری چیای (کوبگول) کە لەژێر دەسەڵاتی تورکدا بوو، توانیبویان هەندێ شوێن بگرن و پاشەکشەیان بەتورك کردبوو بەرەو (قاباق تەپە)و دوژمنیان شپرزەکرد بەڵام لەمە زیاتر نەیانتوانی مەبەستە سەرەکیەکانیان دەسگیر ببێت چونکە ژمارەی هێزەکانی دوژمن ئێجگار زۆربوو، کە شۆڕشگێرەکانمان دیلەکانیان دەگرت یەکسەر چەکەکانیان لێ

دەسەندن و بەرەلأیان دەکردن, ئەو ناوچەیەی لەژێر دەسەلأتی ئاگریەکاندا بوو بێ سووتەمەنی بوو, بێ ئاو بوو, برسێتی کاری تێکردبووین, هەرچۆنێك بوو شەڕ چەند ڕۆژێکی تری کێشاو هەمیشە فڕۆکەکان بۆردومانیان دەکردین و کوژراوو بریندارمان تادەهات زۆرتر دەبوو, لەبەرئەوە پاش چەند ڕۆژێك بەتاریکایی شەو هێزەکانی ئاگری توانییان پاشەکشە بکەن بۆ شاری (باشکند) لەباشووری ڕۆژهەلأتی ئاگریدا کە مرکزی ناوچەی (ئارالۆ). کە دانیشتوەکانی تورکمان بوون کە شارەکە نزیکی ئاوی ئاراسە لەسنوری سۆڤێتداو بەر لەڕۆژهەلأت هێزەکان شارەکەیان داگیرکردوو ئەو هێزەی تورك کەلێی بوو شارەکەی بەجێ هێشت و هێزی کورد دوایان کەوت و لەکاتێکدا لەڕێگەی ١٠اخدر)ەوە دەکشانە دواوە ڕێگەی لێگیراو نەیتوانی خۆی دەربازبکات و ناچاربوو کشایە دواوە بۆسەر سنوری سۆڤێت و پاش ئەوەی زیانێکی زۆری لێ کەوتبوو نیوەی هێزەکەیان کە بریتی بوو لە(١٥٠) سەرباز نیوەیان لێ بەدیل گیران جگە لە(٣٠)کەسی تریان کە لەناو شاردا دەستگیر کرابوون و لەدواییدا حکومەتی سۆڤێت پێشوازی لەو تورکە ڕاکردوانە کرد کە بەخۆیان و چەکەکانیانەوە ناردیاننەوە بۆ شاری (أخدر) لەڕێگەی (نارڤارا)وە.

دانیشتوانی (باشکندر) بەگەیشتنی ئاگریەکان زۆر شادمان بون و پێشوازییان لێکردن و مەڕیان بۆ سەربڕین بەرامبەر بەئالأی کوردستان کەلەجیاتی ئالأی تورك بەرزکرابوەوە لەسەربانی خانووی حکومەت لەناوشاردا.

(ملا حسین) کە تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەری ناسراو بوو لەناوچەی (وان)ەوە هاتبووە ئاگریو لەناو عەشیرەتی (گلتوری)دا گوزەرانی دەکرد, بڕیاریدابوو لەگەڵ (عمر بسی)ی سەرۆکی عەشیرەتی (گلتور)و چەند چەکدارێکی تری لێهاتوو (تاش بورون) داگیربکەنو ڕێگە لەگەیشتنی یارمەتی بگرن بگاتە تورکەکان لەدوای هێرش بردن بۆسەر (باشکندر).

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەڵێ: ئەو (تاش بورون)ە ئەوە نیە کە عائدی بایزیدە بەڵکو شوێنێکی ترە کە کەوتۆتە نێوان (أخدر)و (باشکند).

ئەو شەڕە هەشت سەعات درێژەی کێشاو هەروەکو (زوهدی گویڤن) لەیاداشتەکانیا باسیکردووە ڕۆژی دوای دەستپێکردنی ئەو شەڕە حکومەت فڕۆکەیەك سەربازی نارد بۆ (تاش بورن)و داگیری کردو پاش چەند ڕۆژێك (عمر بسی) سەرۆکی عەشیرەتی کلتوری بۆ تۆڵەسەندنەوەو بۆ پینەکردنی ئەو هەڵەیەی کە کردبووی لەهێرش بردنیا بۆسەر (تاش بورن) و بەو پەڕی ئازایەتییەوە شەڕیانکردو دوژمنیان ناچارکرد بەپەلە پروسکێ لەچادرەکانیان ڕایانکرد, بەڵام بەداخەوە لەکاتی شەڕدا گوللەیەکی دوژمن بەرسنگی ئەم پاڵەوانە (مەبەستی عمر بسی) کەوتو شەهید کرا.

دوای ئەمە شۆڕشگێڕەکان درێژەیان بەهێرشەیەکەیاندا گەلێك شوێنیان لەبەرزاییەکان لەچنگی تورك ڕزگار کرد, بەڵام زۆری پێ نەچوو تورکەکان یارمەتیەکی زۆریان گەیاندە (اخدر) بەئۆتۆمبیلی لۆریو بەرامبەر بەو هێزە زۆرە تازەیە شۆڕشگێڕەکان نەیانتوانی ئەو بەرزاییانەی گرتبویانن بیان پارێزنو ناچاربوون کشانەوە بۆ بنکەکانی خۆیان.

هەروەکو ئیحسان نوری ئاماژەی بۆ کردووە, زوهدی گویڤن لەیاداشتەکانیا نوسیویتی:

((ڕۆژی (٧/مانگی ئاب) چەتەکان لەناوچەی (ئارالق) خۆپیشاندانێکی شیتگیرانەیان کردوو بۆ ئەوەی طابوورێکی پیادەو چوار تۆپ لەژێر سەرکردایەتی (کامل بەگ)ی قائد فرقەدا نێررا بۆ(تاش بوردن)و جگە لەوە فەوجێکی سوارەش لەگەڵ طابورێك لەهێزەکانی بنکەی (اخدر) خرانە ژێر دەسەلآتی فرقەوەو خەریك بوو (تاش بورن) تووشی کارەساتێکی گەورەیان بکات کە لەڕۆژی (٩/ئاب)دا قائدی فرقە بەتەلەفۆن ئاگاداركرا کەوا کوردەکان نیازیان وایە هێرش ببنە سەر (ئارالق)و بۆ ئەوە فەوجێك و طابورێك لەهێزەکانمان بەسەرکردایەتی (فواد بەگ) نێرا بۆ ناوچەی (ئارالق)و پاش ئەوە زانیمان کە کوردەکان بەشەو هێرشیان بردۆتە سەر (تاش بورن) ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرو سەربازیان کوشتووەو بریندار کردووەو ئیحسان نوری بەخۆیو هێزێکی (٤٠٠)چەکدارەوە پەلاماری هێزەکانی ئێمەی دابوو لەجبهەی (ئارالق)بۆ ئەوەی دەستبگرێت بەسەر چەكو جبەخانەکانی ناو (تاش بورن)و ئیحسان نوری هێزێکی بەسەرکردایەتی (عمر بسی) نارد بۆ (تاش بورن)و لەوێ زیانێکی زۆر گەیەنرا بەهێزەکانمان)).

ڕۆژنامەی (جمهوریت)ی تورکی دەستیکرد بەبلأوکردنەوەی بەسەرهاتەکانی چل ساڵ لەمەوبەر کە ئەوەی پەیوەندی بەکوردستانەوە هەبوە بەم جۆرە بوە:

لەژمارەی ڕۆژی (٢٧/تمموز/١٩٣٠)دا لەژێر ناوی (کوردەکانی هەکاری)دا ووتراوە:

((ئەو چەتانەی ئاژاوەیان دەنایەوە لەسەر سنورەکانمانو لەناو خاکی ولأتدا هەموویان بەتەواوەتی لەناوبرانو ڕیشەکێش کران، بەلأم لەمەی ئەم

جارەیانا(مەبەستی شۆڕشی ئاگری‌یە) شتێکی تریان بەرپا کردووە لەلای سنوری عێراقەوە کە (شێخ هرزل) ئەوی لەموصل دادەنیشت هێزێکی (٥٠٠)سواری ناردووەو پەلاماری ناوچەکانی هەکاری داوە لەڕۆژانی (٢١-٢٢/تەموون) پاسدارانی سنوور بەتوندی بەرەنگاریان بونەوەو ناچارکران پاشەکشە بکەن بۆ باشوور دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان لێ کەوت.

لەچیای ئاگری هێشتا هەڵوێست هەروەکو خۆی وایەو (صالح ئومورتاغ پاشا) کە سەرکردەی هێزێکی گەورەیە کرا بە لێپرسراو بۆ هێرش بردن بۆسەر چەتەکانی ئاگری‌و هێرشی دووەمان بەم نزیکانە دەست پێ دەکات‌و چەتەکان جاروبار لەشاخەکان دێنە خوارەوە بۆ پێدەشتی (اخدر)و زیانێکی زۆریان لێ کەوتووەو هەموویان ڕاودەنرێن‌و لەناودەبرێن, ئەوانەشیان کە لەشاخی ئاگریدان لەپشتەوە ئابلوقە دراون‌و ڕێگەی ئەوەیان لێگیراوە بتوانن خۆیان بگەیەننە ناو خاکی ئێرانەوە.

سەرکردەی چەتەکانی ئاگری ئیحسان نوری‌یە کە ئەفسەرێکی یاخی‌بووی ڕاکردووەو ئەو خائنە بەر لەمە لە موئتەمەری ڕاپەڕیوەکانا بەشداری کردبوو (مەبەست ئەو ڕاپەڕیوانەیە کە لەدوای شەڕی جیهانی دژی داگیرکەرانی تورکیا دەستیانکردبوو بەبزوتنەوە)و لەکاتی خۆیدا لەبەر پێی غازی گەورەدا (مەبەست مستەفا کەمالە) زەوی ماچکردبوو ئیحسان نوری لەموئتەمەری شەڕدا هەندێ داخوازی دەربارەی کورد خستبووە بەرچاو, بەڵام ساتێك داخوازیەکانی پشتگوێ خرا پەنای بردە بەر چیا(مەبەستی ڕوداوەکەی بیت الشبابە کە بەرلەدەستپێکردنی شۆڕشی پیران ڕویدابوو وەکو لەباسی چوارهەمی بەشی دەیەمی بەرگی دووهەمدا

بەدوورودرێژ باسی ئەو ڕوداوە کراوە)، ئێستە چەتەکان بە (مشیر – جنرال) ناوی ئەبەن کەخۆی خەڵکی شاری بدلیسەو ژنەکەی بەڕەگەز تورکە)).

لەڕۆژنامـــــەی (جمهـــــوریتی تـــــورکی)دا لـــــەژمارەی ڕۆژی (٢٩/تمـوز/١٩٣٠)باسـێکی دەربـارەی ئـاگری بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمـە کورتەکەیەتی:

((هەڵوێســت لەئاگریــدا هــەروەکو خــۆی وایــەو بۆمبــای فڕۆکــەکانمان چەتەکانی تەواو پەرێشان کردووەو هیوای ئەوەیان نەماوە بەهیچ شێوەیەك ڕزگاریـان ببێـت و توانـای هـیچ جۆرە پـەلاماردانێکیان نـەماوەو بەر لەچەند ڕۆژێك بەیانێکیان بڵاوکردۆتەوە کە تیایا وتویانە: برا کوردەکانمان دەتوانن بـبن بەنەتەوەیـەکی گـەورە، ئیمـڕۆ هـەموو میللـەتێك بـیٚ ووچـان لـەپێناوی سەربەخۆیدا خەبات دەکات و میللەتی ئێمە ئیمڕۆ هێشتا لەژێر باری گرانـی تورکـدا دەناڵێنێـت!! ئایـا لەمـەودواش هـەر دەتانـەویٚ لـەژێر بـاری گرانـی بەندایـەتی تورکـدا بمێننـەوە؟ وڵاتەکـەی ئێمـە فراوانـە، لـەڕۆژئاواوە هـەتا سنووری ئێران دەگرێتەوە لەباشوریشەوە دەگاتە ناو خـاکی عێـراق، ئـەم ناوچانە هەر لەکۆنەوە شوێنی باووباپیرانمان بوون کەوا ئیمڕۆ لـەپێناویا شـۆڕش دەکـەین، کەواتـە هەڵسـن و ڕاپـەڕن و دەسـت بکـەن بەتێکۆشـان و خـەباتی پـیرۆز.... هـەروەها بیسـتومانە بێجگـە لـەخۆیبون کۆمـەڵێکی تریشیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی هەموو کورد یەك بخات)).

ڕۆژنامەی (جمهوریت) لەژمارەیەکی تریا، لـەڕۆژی (٣٠/تمـوز/١٩٣٠) باسێکی تری بەم شێوەیە بڵاوکردۆتەوە:

((هەواڵنێری ڕۆژنامەی تایمس لە ئەستەمبول ڕاپۆرتێکی ناردووە بۆ ڕۆژنامەکەی و وتویەتی:

هەزاران چەتەی کورد لەچیای ئارارات دەستیان بەسەر چەند شوێنێکی قایمدا گرتووەو کوردەکانی ئێران یارمەتیان ئەدەن و حکومەت بۆ کوژانەوەی ئەو شۆڕشە هێزێکی گەورەی ناردووە بۆ ئەو ناوچانە کەژمارەی ئەو هێزە بریتییە لە(٦٦)هەزار سەرباز بەپاڵ پشتی(١٠٠) فڕۆکە)).

ئیحسان نوری دەڵێت: زوهدی گویڤن لەیاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێست ووتوویەتی:

((حکومەتەکەمان بەپێویستی زانی کاروبار لەگەڵ حکومەتی ئێراندا ڕێك بخات و بۆ ئەو مەبەستە دوا احتجاجی بەر لە (٤-٥)ڕۆژ لەمەوبەر ناردووە بۆ حکومەتی ئێران کە ناوەڕۆکەکەی جۆرە هەڕەشەیەك بوو, بۆ وەرامی ئەوە حکومەتی ئێران وتوویەتی:

پێوەندی ئێمەو تورك پێوەندییەکی مێژوویی و دۆستانەیەو ئەوی لەو نامەیەی حکومەتی تورکدا هاتووە جێگەی داخە چونکە ئێمە هیچ پیوەندییەکمان نیە بەو ڕاپەڕینەی لەو نامەیەی حکومەتی تورکیادا باسیکراوە)).

هەروەکو زوهدی گویڤن باسیکردووە حکومەتی تورکیا لەنامەی دوهەمیا کەبۆ ئێرانی ناردووە وتوویەتی:

((پێویستە دۆستایەتی نێوانمان لەسەر بناغەی ئەوە پێك بێت کە هەردولامان سنوری هاوبەش بپارێزین و ڕێگە نەدرێت بەهەندێ کەس لەو سنوورە بپەڕێتەوە کە ئەو پەڕینەوەیە زیان بەدراوسێکەی بگەیەنێت و ئەولایەی پاڵ پشتی ئەو چەتانە بێ‌و یارمەتیان بدات ڕێزی لای لاکەی‌تر نامێنێت و بوونی دۆستایەتی لەو جۆرە هیچ مانایەکی تیادا نیەو ئێمە لای

خۆمانەوە ئامادەین هەموو جۆرە چەکێك بەکاربێنین‌و چەتەکان ڕاو بنێین‌و ئەگەر پێویستی کرد دوایان دەکەوین بۆناو خاکی ئێرانیش)).

ئیحسـان نـوری لەلاپـەڕە (١١٠)ی یاداشـتەکەیدا باسـی ئـەوەی کـردووە کەچۆن یارمەتیـدانی ئێرانیـەکان بـۆ تـوورك بـوو بـەهۆی ئـەوەی ڕیزەکـانی شۆڕشـگێڕان لـەئاگری پـەرەوازەو پـرش‌و بڵاوبینـەوەو بـوو بـەهۆی ڕوخـانی بنکـەی شـۆڕش لـەئاگری‌و ئـەو یارمەتیدانـەی ئێـران بـۆ تـورك لـەدوای هەرەسهێنانی شەڕەکەی (دۆڵـی زیـلان)ەوە دەسـتی پێکردو ساتێك هەنـدێك لەخێزانەکانی ناوچەکە بەناچاری پەنایان بردە بەر عەشیرەتی (جلالی) لـەناو خـاکی ئێرانـدا (عەشـیرەتی جـلالی لـەناو سـنوری تورکیـاو ئێرانـدا بـوون‌و ئەوانەی ناو تورکیا لەناوچەی بایەزیـدا بون‌و ئەوانـەی ئێرانیش لەناوچەی (ماکو)و ئەمانەی ناو خاکی ئێران کاتی خۆی لەساڵی (١٩٢٠)دا لـەتورکیاوە پەنایان بردبوە بەر ئێران‌و لەدوایدا سـەرۆکەکەیان کە لـەتاران بوو لەلایـەن کاربەدەستانی ئێرانەوە گیرا)).

ئیحسـان نـوری لەیاداشـتەکەیدا دەڵێـت: تـیرەی ٠خلکـان) کـە بەشـێکە لەعەشیرەتی جلالی لەمیلی سنووری تورکیـاو ئێرانـدا لەناوچەیەکدا کە پێـی دەوتـرێ (ئوفاجیـك)، تورکـەکان بـەبیانوی ئـەوەی خێزانـە ئاوارەکـانی کـورد لـەتورکیا لەسـاڵی (١٩٣٠)دا لەسـنوور دەپەڕینـەوە بۆنـاو خـاکی ئێـران، فرۆکـــەکانیان لەڕەشماڵـــەکانی تـــیرەی (خلکـــان)یـــان ئـــەدا لەناوچـــەی (چالدێران)دا سەرۆکەکەیان کە (خالد ئاغا)بوو خۆی‌و عەشیرەتەکەی کەوتنە ژێر بۆمبابارانی فڕۆکەکانی تورك‌و خالـد ئاغـا خـۆی‌و تاقمەکـەی ناچاربوون چوونە (ئوفاجیك)و ئێرانیـەکان نـەك هـەرخۆیان بێـدەنگ کـرد بەرامبـەر بـەو بۆردومانکردنە بەڵکو سەرەڕای ئـەوە سـەرکردەی هێزەکـانی ئێـران لـە(مـاکو)

بڕیارێکی دەرکرد کە پێویستە خالد ئاغاو تاقمەکەی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان بۆ ئەو شوێنەی تورکەکان بۆردومانیانکردبوو...

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا دەڵێ: لەڕاستیدا نەدەزانرا مەبەستی ئێرانیەکان لەو بڕیارەیان چیبوو؟ ئایا دەیانویست ئەو هەموو خێزانانە لەژێر بۆمبای فڕۆکەی تورکدا بکوژرێن و لەناوببرێن یاخوود بۆ ئەوە بوو ناچاریان بکات خۆیان تەسلیمی تورکەکان بکەن.

پاش کێشەو بێنەو بەرەیەکی زۆری نێوان کاربەدەستانی ئێران و ئەو عەشیرەتەدا کە ئەمانە سووربوون لەسەر ئەوەی ماڵ و منداڵەکانیان نەنێرنەوە بۆ شوێنی بۆردومانکراو، (فتح الله خان)ی رائد موساعیدی سوپای ئێران لەگەڵ تاقمێك سوار چوونە سەر عەشیرەتەکەو دووبارە هەڕەشەیان لێکردن ئەبێ بڕیاری حکومەتی ئێران بەجێ بێنن و لەئەنجامدا فتح الله خان دەمانچەکەی دەردەهێنێت و محمد ئاغای برای خالد ئاغا دەکوژێت و سواری ولاغەکەی دەبێت و خۆی دەرباز دەکات بەلام ئەو سوارانەی لەگەڵیا بوون هەموویان دەگیرێن و چەکەکانیان لێ دەستێنن و لەپاشدا بەریاندان و عەشیرەتەکە ناچاربوو بەشەو کەوتە ڕێ و کە گەیشتە ناوچەی (گا جوت) سەربازەکانی بنکەی سوپای تورك گوللە بارانیان کردن و ئەوانیش پەلاماری شوێنی سەربازەکانیان داو بەئەفسەرو سەربازەوە هەموویان گرتن و چەکەکانیان لێ سەندن و توانیان بگەنە ئەو شوێنەی کە مەبەستیان بوو.

ڕۆژی دوایی هەواڵی کوشتنی محمد ئەمین ئاغای برای خالد ئاغا گەیشتە ئاگری و بۆ ئەوەی هەڵوێست زۆرتر ئاڵۆز نەبێت لێپرسراوی کورد لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی ئاگری چونە لای عەشیرەتی جلالی و گیراوەکانی

ئێرانیان بەرداو بەخۆیان و چەکەکانیانەوە نێررانەوە بۆ (ماکو)و لێپرسراوی کورد نامەیەکی نارد بۆ (جنرال حسن خان مقدم)و پێی ووت ئێوە چی بەباش دەزانن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئێمەش ئامادەین بەو جۆرە رەفتار بکەین و لەوەرامی ئەمەدا جەنرال حسن خان ئەفسەرێکی نارد کە ناوی (ئاغا لاروف)بوو بەلێپرسراوە نێرراوەکەمانی وتبوو کەوا (موسی ئیبراهیم) راپۆرتێکی بۆ ناردوین و لەو راپۆرتەیدا وتوویەتی سوارەکانی ئاگری خۆیان ئامادەکردووە هێرش ببنە سەر سنووری ئێران و ئەو موسی ئیبراهیمە لەسەر گردی (ئایبەی) رەشماڵی هەڵدابوو, بەڵام وادیاربوو ئێرانیەکان بەزۆر ئەو راپۆرتەیان بەو شێوەیە پێ نوسیبوو، ئیحسان نوری بۆ دڵنیاکردنی ئێرانیەکان خالد ئاغای لەسەرکردایەتی عەشیرەتی جلالی لادەبا وە(ئامۆ)ی کوری لەجیاتی باوکی کرا بەسەرۆك، ئیحسان نوری لەلاپەرە (١١٦)ی یاداشتەکانیا وتوویەتی:(ئاوارەکانی دۆڵی زیلان هاتنە ئاگری و بەمە ژمارەی ژن و منداڵ ئێجگار زۆربوو, کێشەیەکی زۆرمان تووش بوو بۆ دابینکردنی خۆراك.

(لزگین سلو) کە گەورەی سەرۆکەکانی (ساکی) بوو رەشماڵەکانی لەلاپاڵی ئاگریدا هەڵدابوو, لای ئەو ئاوێکی زۆرو مشە هەبوو بۆ هەموو مەڕو ماڵاتەکان, بەڵام بۆ نەگبەتی کە ئەو ئاوارانە گەیشتنە ئەویّ ئاوەکە ووشك بوو کە بەهەزاران ساڵ بوە کەس نەیبیستبوو ئەو ئاوە قەت ووشکی کردبێت.

باسی نۆهەم

دوای هێرش و شکاندنی شۆڕش

ئیحسـان نـوری لەیاداشـتەکانیا, لاپـەڕە (١١٧) باسـێکی تـەرخانکردووە بەناوی (دوا شۆڕش)و وتوویەتی:

((فڕۆکەکانی تورك بێ وچان بۆردومانی دانیشتوانی ئاگرییان دەکردو چەکی کوردیش بەرامبەر بەو فڕۆکانە بریتی بوو لەو تفەنگانەی هەیان بوو, بۆیە ئیتر چارنەماو کاتی ئەوە هات دەبوایە لووتکەی چیاکە بەجێ بێڵین و بگەڕێینەوە بۆناو دۆڵەکان و (نادر بەگ)ی ئازاو نەبەردی کوڕی حسین پاشا خۆی و سوارەکانی ئاگرییان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی خواردن بۆ ئەو هەموو خەڵکە پەیدا بکەن.

ئیحسان نوری دەڵێ: لێرەدا پێویستە بڵێم (مەمۆ, نادر) هەردوو کوڕەکەی حسێن پاشا بەپێچەوانەی باوکیـان, بەجووتـە لەڕێگـەی میللـەتی کـوردا خـەباتێکی سـەختی ئازایانـەیان دەکـردو هـەموو هاوولآتیـان خۆشـیان دەویسـتن و ڕێزێکـی زۆریـان لێ دەگـرتن لەگـەڵ ئەوەشـدا کوشـتنی حسـێن پاشـایان لەلایـەن (مـدنی) کـوری (حـاجی موسـی بـەگی سـەرۆکی ناوچـەی (مـوش) پـێ نـاخۆش بـوو چونکە (مـدنی) کابرایـەکی پیـاوکوژی خـائن بـوو

(لەباسی شەشەمدا – خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە باسی ئەو خیانەتەی (مدنی)کرا کەچۆن حسین پاشای باوکی (ممۆ, نادر)ی کوشتبوو.

ئیحسان نوری لەیاداشتەکانیا دەڵێ: دەربارەی پەیداکردنی خواردن, حاکمی ماکۆ ملازمی یەکەم کە (ئاکالاروف) بوو ناردی بۆلای سەرکردەی شۆڕش‌و پێی ڕاگەیاند کە ئاگری‌یەکان دەتوانن کاروانێك بنێرن بۆ ماکۆ بۆ ئەوەی لەوێ هەرچیەکیان پێویست بێت دەتوانن بیکڕن‌و بیبەن, کاتی گەیشتنی کاروانەکە بۆ (ماکۆ) باڵوێزی سۆڤێت ئاگاداری ئەو گەیشتنە بوو, تورکەکانی ئاگادار کردبوو ئەو کاروانە بۆچی هاتبوون, لەڕاستیدا ئەو یارمەتیانەی حاکمی ماکۆ کارێکی باش‌و پیاوانە بوو ئەگەر ئەمەی بەنیازێکی پاك‌و باش بکردایە لەکاتێی واقات‌و قڕی‌و تەنگانەدا, بەلاّم بەداخەوە دەرکەوت لەسەرەتاوە بڕیارەکە بریتی بوو لەپلان‌و غەدر کردن بۆ ئەوەی خەباتی ئاگریەکان دامرکێنێتەوەو کۆتایی پێ بێت.

ئاگریەکان کەلایان وابوو ئەوانیش وەکو ئێرانیەکان لەڕەگەزی ئارین بەبیریانا نەدەهات ڕۆژێك لەڕۆژان ئێرانیەکان بەو جۆرە خیانەتیان لەگەلاّ دەکەن‌و هەر لەبەر ئەوەش بوو بەخۆشیەوە کاروانێکی گەورەیان ناردبوو بۆ ماکۆ, بەلاّم دوای ناردنی ئەو کاروانە هێزێکی گەورەی تورك کە ژمارەیان (٣٣)هەزار بوو بەپاڵپشتی چەکی قورس‌و فڕۆکە هێرشیان بردە سەر بنکەی ئاگری‌و لەهەمان کاتدا ئێرانیەکانیش لەپشت ئاگریەوە خاکی خۆیان خستە ژێر دەسەلاّتی هێزەکانی تورك بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێڕەکان, بەو جۆرە دەرکەوت یارمەتیدانەکەی ئێران چاوبەست‌و درۆ بوو, ئەم ناپاکییەیان لەوەشدا زۆرتر ڕوون بوەوە کە حاکمی ماکۆ پێوەندی بەعەشیرەتی (قزلباش ئوغلو)ی کورد کردبوو کە ئەم عەشیرەتە

چەند ساڵێك بوو لەخزمەت حكومەتی توركدا بوو, توركەكان لەو ڕۆژەدا ئەوەیان پێ سپاردبوون پارێزگاری لەبەشی باكوری ڕۆژهەڵاتی ئاگری بكەن و هانیان دان كە بچنە ناو خاكی ئێرانەوە كە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان بوو لەڕابردودا پاش ئەوەی بەڵێنی لێخۆشبونیان پێ درابوو (دیارە لەلایەن ئێرانەوە).

ئیحسان نوری لەیاداشتەكەیدا لەلاپەرە (١١٩) باسی تەقەلای توركەكانی كوردووە كەچۆن بەدرۆ بەڵێنیان بەهەندێ كەس دابوو دەتوانن بچنە شوێنی خۆیان ئەگەر واز لەشۆڕش بهێنن و لەو ڕووەوە نامەیان ناردبوو بۆ (بروهسكی) و (شیخ عبدالقادر)و پێیان ڕاگەیاندبوون كەوا حكومەت لێیان خۆش بووە, بەلاًم ئەوان دەمێك بوو لەدرۆو دەلەسەو جەورو ستەمی تورك گەیشتبوون, بۆیە ئەوانەی نامەیان بۆ نێررابوو بێجگە لە(حسن ئاغای حیدری)و بایز ئاغای كوڕی بەولاوە كەسی تر نەچووە لای توركەكان... هەندێ لەعەشیرەتی حیدری ویستیان هەردوكیان بكوژن. بەلاًم ئاگریەكان ڕێگەی ئەوەیان پێنەدان كە پیاوێكی پیری وەكو حسن ئاغا بكوژرێت, هەرچەند لەدوایدا بۆمان دەركەوت توركەكان زۆری پێ نەچوو لەزیندانا ئەشكەنجەیانداو كوشتیان.

ئیحسان نوری لەلاپەرە (١١٩)دا باسی دوا هێرشی توركی كردووە بۆسەر شۆڕشگێڕان و چۆن پەیتا پەیتا هێرشیان بردۆتە سەریان هەتا تەنگیان پێ هەڵچنین.

ئاگریەكان زۆر دڵنیابوون لەوەی هێڵی پشتەوەیان كە بریتی بوو لەسنوری ئێران هیچ مەترسییەكی نەبوو چونكە ئێرانیەكانیان بەبێ لایەن

دەزانی, بۆیە هەموو ماڵو منداڵو مەڕو ماڵاتیان ناردبوو بۆ ئەو ناوچانە بۆئەوەی خۆیان بەئاسانی بتوانن بەرەنگاری تورکەکان ببن.

تورکەکان هەر بەبۆردومانکردنی شۆڕشگێڕان وازیان نەهێنا بەڵکو دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی ژنو منداڵە بێ تاوانەکانیشو بۆردومانکردنەکەیان زنجیرەی نەدەپچڕا.

لەکۆری شەڕەکەدا (بروهسکی)و هەندێ لەچەکدارەکانی (هسەسوری) لای ڕاستیانگرتبوو, بروهسکی سنگی بەسەر زەویدا چەقاندبوو, بریاری دابوو بەهیچ جۆرێك پاشەکشە نەکاتو تەنها مەگەر مردن بیتوانیایە تەقەی تفەنگەکەی بێدەنگ بکاتو ئەو هەموو بۆردومانکردنو پەلاماردانەی تورك کاری تێنەکردوو لەجێی خۆی نەیجولاًن.

لەڕۆژی سێهەمی بەرگریکردن لەو هێرشەی تورك, پێشمەرگەکانی ئاگری پشتیان نابوو بەتاشەبەردەکانی ئاگرییەوەو بڕیاریاندابوو دلێرانەو نێرانە تا دواهەناسەیان شەڕبکەن, بەلأم ئەوەی کارەکەی لێتێکداین ئەوەبو کاتێك بەخۆمان زانی لەسنوری ئێرانیشەوە گرمەی تۆپو رەشاشو تفەنگ لەناوچەی (ئاییە)یەوە ئاڕاستەمان کراو ئەو گولەباران و تۆپ بارانە خەستە زۆر کاریکردە سەر پێشمەرگە, بەلأم بڕیاردرا وەلأمی ئەو تەقانە نەدرێتەوە کە لەسنوری ئێرانەوە دەکرانە سەرمان, تومەز ئەو تەقانە هی ئەو هێزەی تورك بوو کە لەناو خاکی ئێران خۆی حەشاردابوو, لەپشتەوە پەلاماری شۆڕشگێڕەکانی کورد درا کە ئەمە بووە هۆی نیگەرانی ئاگرییەکان لەحکومەتی ئێران کەساڵەهابوو خۆیان بەدۆستی کورد لەقەڵەم ئەداو زۆرجار کورد لەپێناوی ئێرانا دوژمنایەتی لەگەڵ تورکدا کردبوو.

بەو جۆرە گلۆڵەمان کەوتە لێژیو هەڵوێست ئێجگار سەخت بوو, لەبەرئەوە چارنەما دووبارە شۆڕشگێڕەکان ڕویانکردەوە لووتکەی چیاکانو لەڕاستیدا شەڕەکە ئەوەندە قورس بوو صالح پاشای سەرکردەی هێزەکانی تورک ناچاربوو داوای هێزی یارمەتی بکاتو توانرا چەند سەربازێکی تورک بەدیل بگیرێت, بەلأم گەیشتنی هێزەکانی تورکو بەستنی ڕێگەی یارمەتیدان بۆ پێشمەرگەکان کارێکی زۆر سەختی کردە پێشمەرگەکانو هێزەکەی بروهسکی درایە بەرتۆپو ژمارەیەکی لێ کوژراو دیمەنێکی ئێجگار سامناکو پڕ لەخەفەت بوو, لەولاشەوە ژنو منداڵ لەژێر گوللە بارانی دوژمندا پەرەوازەو سەرگەردان بوونو لەکارەساتەکەی کربلا دەچوو لەگەڵ جیاوازی هەردوو هەڵوێستدا چونکە لەوەی کەربەلادا عەرەبەکان دەستدرێژیان نەکردبووە سەر ژنو منداڵ بەلأم ڕەفتاری تورکەکان لەهەموو حسابێك دەرچووبوو, بەوپەڕی دڕەندەیەتیەوە بەنوکی ڕمو شیرەکانیان ورگی ژنو مندالأنیان دەدڕیو پێشمەرگەکان ناچاربوون بۆ پاراستنی حەیاو ئابروی خۆیانو بۆ ئەوەی ژنەکانیان نەکەونە ژێر چنگی ئەو دڕندانەوە وازیان لەئاگری هێناو بۆ ڕۆژی دوایی لەبەرەبەیانا مەڕو مالأت بەجێ هێلرا بۆ ئەوەی نەکەونە کەمینی ئابلوقەدانی تورکەکانو خۆیان دەربازکرد کە ئیحسان نوری خۆشی لەناو ئەو دەربازبوانەدا بوە.

ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا وتوویەتی: لەگەڵ ئەو هەموو بارگرانیو ڕۆژە توشو سەختەدا, لەکاتی کشانەوەماندا توانرا هەندێ سەربازی تورک بەدیل بگیرێتو هەندێ لەشۆڕشگێڕەکان خۆیان گەیانە ناو دۆڵی (ئاخوریك)و لەوێوە لەگەڵ بروهسکیدا خۆیان دەربازکردو (رشویی سلو)ی سەرکردەی ئازای عەشیرەتی (بکران) خۆیو تاقمەکەی لەگەڵ سید رسولو

هەنـدێ لـەپیاوەکانی ڕوویـانکردە دۆڵـی (زیـلان)و تورکـەکان لـەوێ پەلاماریانـدان و (ڕشـویی سـلو) کـوڕاو سـید ڕسـول کـە لەسـەر لوتکـەی چیاکانی نزیکی بایزیـد خـۆی حەشـاردابوو چـەند ڕۆژێـك مایـەوە، بـەڵام برسێتی زەیفی لێسەندو پەرێشانیکردو تورکەکان گرتیان و کوشتیان.

بـەو جـۆرە ئاگری کـە ڕەمـزی سەربەسـتی کـورد بـوو کەوتـە ژێردەسـتی دوژمن و شۆڕشەکەی لەناوچوو.

دەربـارەی ئـەو هەڵوێسـتەی ئێـران کـە ڕێگـەی دابـوو بـەهێزەکانی تـورك لەپشتەوە پەلاماری کورد بدەن، کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٤١) ئامـاژەی بـۆ ڕۆژنامـەی (تـایمس)ی لەنـدەنی کـردووە کـە لـەڕۆژی (١٩٣٠/٨/١٣)دا دەرچـوو بـوو باسـی ئـەو هەڵوێسـتەی ئێرانـی کـردووە هەرچەند تورکەکان ئەوەی ڕۆژنامەی تایمسیان بەدرۆ خستبووەوە، کریس کوچـرا وتوویـەتی: تورکـەکان لـەو هێرشـەیانا کـە لـەڕۆژی (١٩٣٠/٨/١٠)دا کردبویـان کلکـەی (زەیتـونی) لەگـەلیی (سـەرداربلاغ) کـە لـەنێوان هـەردوو ئاراراتـدا بـوو ڕێگـەیان بـەکوردەکان گـرت و پەلاماریانـدان و لـەو شـەڕەدا ئیحسان نوری بەپەلە پروسکێ خۆی گەیاندبووە ناو خاکی ئێرانەوە.

کـریس کوچـرا ئامـاژەی بـۆ دوکیـومنیتی ژمـارە (fo.371-15369) ڕۆژی (١٩٣١/٦/١٦)کـردووە کـە لـەو دوکیومنیتـەدا دوو ڕەخنـەی گرتـووە، یەکـەم ڕەخنەی لەئیحسـان نوری گرتـووە کەوتوویـەتی دەبوایە ئیحسـان نـوری لـەو هەڵوێسـتە ناسـکەدا هەرچـۆنێك بوایـە دەبـوو ناوچـەی شـەڕەکەی بـەجێ نەهێشتایەو نەچوایەتە ئێران بۆ ئەوەی لەوێ ببێت بەپەناهەندە، چونکە کە ئەڕۆیشـت و ناوچـەکەی بـەجێ هێشـت نـەتوانرا سـەرکردەیەکی‌تر لەلایـەن خۆیبونـەوە بـۆ شـۆڕش دابنرێـت بـۆ درێژەپێـدان بەشـەڕو خـەبات، ڕەخنـەی

دووەمیش بەشێوەیەکی گشتی لەشارەزایانو مێژوونوسانی کورد گرتووە کەبایەخێکی ئەوتۆیان نەداوە بەتۆمارکردنو بلاْوکردنەوەی ئەم شۆڕشە مەزنە(بێگومان تا کاتی ئەو دوکیومنیتە یاداشتەکانی ئیحسان نوری بلاْونەکرابوەوە).

پروفیسور حسرتیانیش لەکتێبەکەیدا سەرچاوە(٤٩) دووبارە باسی هەڵویستی ئێرانی کردووە کەچۆن ڕێگەی دابوو بەهێزەکانی تورك لەپشتەوە پەلاماری شۆڕشگێڕەکانی کورد بدەن، کە بەو ڕێگەدانەی ئێران بەتورك توانرا جمو جوڵو هاتوچۆی کورد ببڕن.

حسرتیان لێرەدا ئاماژەی بۆ یەکێك لەبلاْوکراوەکانی (وکالتی هەوالنیرانی ئەنادول) کردووە کە لە(١٢ی تەممووزی ١٩٣٠)دا نوسیویتی:

((بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە لەناوچەی (زیلان) کە یارمەتی لەناو خاکی ئێرانەوە دەهات بۆی پەلاماری (موخادیس، بایزید، باتنوتس، ئەرچیخ) یاندابوو، بەلاْم هەموو تەقەلاکانی ئەو یاخیبوانە بێ هوودەبوو، توانرا لە(١٥ی حزیرانی ١٩٣٠)دا هەموو شتێك کۆتایی پێ بهێنرێت) سەرچاوەی حسرتیان لەباسەکەیدا ئاماژەی بۆ ژمارەی ئەو بلاْوکراوە کردووە کە بریتی بووە لە ژمارە (٨-٩)ی ساڵی ١٩٣٠ لاپەڕە (٨-٩) کە لەطاشقندە دەرچووە).

حسرتیان لەلاپەڕە (١٠٩)ی هەمان کتێبیدا دەربارەی ئەو هەواڵو دەنگوباسانەی کە لەڕۆژنامەکانی تورکدا دەربارەی شۆڕشی ئارارات بلاْودەکرانەوە دەڵێت:

(ئەو پڕوپاگەندانەو ئەو درۆو دەلەسانەی تورکەکان بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی جیهانی بلأویان دەکردەوە هەموویان دووربوون لەڕاستیو لەگەڵ ڕاستی ڕوداوەکانا یەکیان نەدەگرتەوە).

حسرتیان لێرەدا ئامـاژەی بـۆ ڕۆژنامـەکانی (جمهوریـەت)و میللیـەت) کردووە کە وتبوویان ژمارەی چەکدارەکانی ئارارات لەوانەی شۆڕشی پیران زۆرتر بوون, کە ئەمەی ئەوان باسیانکردووە هەتا لەگەڵ ئەوەی وکالتی ئەنادۆڵدا بلأوکرابووە یەکی نەدەگرتەوە کە ئەمەی دوایی وتبووی ژمارەی چەکدارەکانی کورد لەئارارات بریتی بووە لە (١٥٠٠) چەکدار.

حسرتیان دەڵێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەی وکالتی ئەنادولیش بلأوی کردبووەوە هەر لەگەڵ ژمارەی ڕاستیدا یەکی نەدەگرتەوە, چونکە ئەگەر ژمارەی شۆڕشگێڕەکانی کورد لەئارارات هەمووی بریتی بووبێت لە (١٥٠٠) چەکدار ئاخۆ بۆچیو چۆن تورکەکان هێزێکی سوپاییی (٤٥) هەزار چەکداریان ئاڕاستەی ئەو ژمارە کەمەی کورد کردبوو)).

ئەوەی شایانی باسە ئەو ژمارەیەی پروفیسور حسرتیان باسیکردووە کە هێزەکەی حکومەت بریتی بووە لە (٤٥)هەزار, زنار سلوپی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (تایمس)ی لندنی ڕۆژی (١٩٣٠/٧/٢٤) کردووە کە وتوویەتی: بەپێی ئەو هەواڵانەی لەڕۆژنامە تورکیەکان بلأوکراونەتەوە ژمارەی ئەو هێزانەی حکومەتی تورك کە ڕووبەڕووی کورد بوبوونەوە بریتی بووە لە(٦٠)هەزار چەکدار.

بەر لەوەی بچینە سەر باسێکی تازە بەپێویستم زانی بێجگە لەو پڕوپاگەندەو درۆو دەلەسانەی ڕۆژنامە تورکیەکانی وەکو (جمهوریەت) و (میللیەت)و بلأوکراوەی وەکالەتی ئەنادولو درۆو دەلەسەو

پروپاگەندانەی تری تورك بخەینە پێش چاو كە ئەو هەموو درۆو دەلەسەو پروپاگاندە بلأوكراوانە بۆ چەواشەكردنی هاوولأتی توركی خۆیان بووە كە تەنها بەمەبەستی سەرگرتنی چەند كەسێكی ڕەگەزپەرستی فاشستی ئەو هەموو كارەسات و كوشتارو زیانە ماڵی و گیانییانەی بەسەر كوردو توركدا هێنابوویان كردبوویان و بۆ پینەكردنی ئەو سیاسەتە فاشستییەیان كە بەپێی نەخشەی ئەوە هەموو هاوولأتیانی توركیایان خستبووە ژێر بارێكی قورس و گرانی ئابووری لەئەنجامی ئەوەی لەدەمی خەڵكیان دەبڕی و چەك و جبەخانەیان پێ دەكڕی و بۆ لەناوبردنی میللەتی كورد.

دوكتۆر عەزیز شەمزینی لەكتێبەكەیدا سەرچاوە (٤٢) ئامارەی بۆ هەندێ سەرچاوە كردووە دەربارەی پروپاگەندەو درۆو دەلەسەكانی تورك و كاربەدەستانی حكومەت دژی كوردو شۆڕشەكەی كوردو وتوویەتی:

((توركەكان لەشۆڕشی ئاگریدا دەستیانكرد بەبلأوكردنەوەی گەلیك پروپاگەندەو درۆو دەلەسە دژی كوردو لەخەڵكیان دەگەیاند ئەو بزوتنەوەو ئەو شۆڕشەی كورد بەهاندانی دەوڵەتە ئیمپریالزمەكان بووە ئەگەر ئەو دەوڵەتە بێگانانە واز بێنن ئیتر وڵات سەرانسەری دەبێت بەبەهەشتێكی پڕ لەئاشتی و ئاسایش بەتەواوەتی لەهەموو لایەكدا بەرپا دەبێت)).

دوكتۆر شەمزینی ئامارەی بۆ ڕۆژنامەی (وقت)ی توركی كردووە كە لەوتارێكیدا باسی (لورنس) ناوێكی كردووە گوایا سیخوری ئینگلیزەكان بووەو دەربارەی ئەو لورنسە وتوویەتی:

((ئەو چەتانەی (مەبەستی شۆڕشگێڕەکانی کوردە)لەمەوبەر بە بۆمبا لەناومان بردون، وائیمڕۆ بوون بەدەسکەلاو بلوێرژەنی ئەو پیاوکوژەی (مەبەست لورنسە) شەپقە دەکاتە سەریو بەرگی فەرەنگ لەبەردەکاو لەپشت ئەو چەتانەوە ڕاوەستاوە، کەڵبەتیژەکانی هەروەکو کەڵبەی تیژی دێوێکی گەورەو دڕندە دەبریسکێتەوە)).

سەیر ئەوە بووە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئێرانیش هەمان بالۆرەی تورکیان لێ ئەدایەوەو هەروەکو بی‌بی مەتۆ پڕوپاگەندەو ئاژۆو دەلەسەکانی تورکیان دوبارە دەکردەوەو بلاویان دەکردەوە، بۆ نموونە: ڕۆژنامەی (ئیقدام) لەژمارەی ڕۆژی (٢٦ی ئایاری/١٩٣٠)دا هەواڵێکی داتاشراوی پڕ لەدرۆو دەلەسەی بلاوکردبوەوە گوایە لۆرنس بەجل‌وبەرگی ئایینی ئیسلامەوە بینراوەو کوردەکان بەپیاوێکی پاک‌و نورانی تەماشایانکردووەو دەست‌و پێیان ماچ کردووەو ڕێزیان لێگرتووەو گوایا بەخواوەندیشی لەقەڵەم دەدەن (لام وایە ئەگەر تورک‌و ئێرانیەکان ئەم درۆیەیان بۆ هەر میللەتێکی‌تر ڕێك بخستایە دوور نەبوو هەندێ کەس باوەڕی پێ بکردنایە، بەلام بەرامبەر بە میللەتی کورد لەگاڵتەبەخۆکردن بەولاوە تێ نەپەڕیوە چونکە میللەتی کوردی سەرگەرمی ئاینی ئیسلام شتی‌وا پڕ لەسەیرو سەمەرەی بەشتێکی پەشم زانیوە).

هەروەکو ڕۆژنامەی جمهوریتی تورکی بڵاوی کردۆتەوەو ڕۆژنامەی (ئیقدام) ئاماژەی بۆ کردووە پەیامنێری جمهوری بۆ دۆزینەوەی ئەو لورنسە چووە بۆ بغدادو لەوێ بەبێ ئەوەی لورنس بەخۆی بزانێت وێنەیەکی گرتووەو بڵاوی کردۆتەوە کەوێنەکەش گوایا تاڕادەیەك لەشێوەی لورنس چووە.

(ئەو لورنسەی ڕۆژنامەی جمهوریت باسی کردووە, مەبەستی لورنسی ئەفسەری بەناوبانگی ئینگلیزە کەلەلای عەرەبەکان بە ئەبو حنێك ناسراو بوە)

شمزینی بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو درۆو دەلەسەیەی ڕۆژنامەی جمهوریت ئاماژەی بۆ ژمارەکانی (٨-٩ و ١٦-١٧)ی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە کە لەساڵی ١٩٣٠دا لە(طاشقند) دەرچووە کە بەم شێوەیە وەرامی داوەتەوە:

(دیسانەوە بەیت و بالۆرەی (لورنس) هێنرایەوە سەرشانۆ... ئەوی ڕاستی بێ ئەوەندە باسی لورنس کراوە مرۆڤ واڵێ دەکات کەلای وابێ گوایە هەرچی ئەو دام و دەزگا سەرکوتکەرانەی ئینگلیز بەکاریان هێنابوو بۆ سەرکوتکردنی گەلان هەمووی هەر بریتی بووە لە لورنس.

ئەگەر وەکو دەوترێت لۆرنس ڕێکخەری یاخی بوونە کۆنە پەرستانەکەی ناو ئەفغانستان بووبێت و ئیمپریالیزمی ئینگلیز لەمەوپێش لورنس و لەشکرێکی فراوانی خۆی لەدورگەی عەرەبدا خستبێتە کار, کەواتە لۆرنس لەهەموو شوێنێکدا هەبوە(وەکو کورد وتەنی دەبێ خدری زیندە بووبێت), ئیتر ئایا بۆچی ئیمڕۆش ئەو لۆرنسە بەکارنەهێنراوە بۆ دروستبوونی حکومەتێکی گەورەی کوردستان؟؟

بەلآم دیارە لۆرنسی ناو مێشك و خەیاڵی تورکەکان پێوانەیەکی تایبەتی هەیەو دەڵێن ناوبراو جل‌وبەرگی ئاینی دەپۆشێت.. نوشتەو دوعای سادەو ساکار دەنوسێت و خەڵکیش ڕێزو نەوازشیان هەیە بۆی‌و دەست و پێی ماچ دەکەن کە لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەم کابرایەی ئەوان باسی دەکەن دەمێکە مردووەو نێژراوەو هەموو شارەزایەکی ڕۆشنبیر ئاگاداری مردنی ئەو زەلامەیەو دەزانێت کەی مردووە, ئیتر ئاخۆ ئەم درۆو دەلەسەو وڕێنەکردنەی ناو ئەو ڕۆژنامەیەی تورك چەندی بەچەند بێت؟؟)).

ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕواو ئەڵێت:

((ئەوانەی دەیانەوێ گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەی توندوتیژی کوردستان پەردەپۆش بکەن لایان وایە بەمە ئیتر دەتوانن کێشەی کورد لەتورکیادا واپیشان بدەن توانیویانە بڵێن شتێك نەماوە پێی بوترێت کێشەی کورد کە بەوە جەوروستەمی کەمالیەکان بەرامبەر بەکورد بشارنەوەو والەکورد بکەن کۆڵ بدات لەداواکردنی مافی خۆی‌و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکەی لەناو ببەن‌و ئەوانەی بۆ داپڵۆسینی کوردو بەزۆر کردنی کورد بەتورك‌و فارس‌و لەهەموو بستێکی کوردستاندا سەربازگەیەکی سوپایی دادەمەزرێنن, ئەو کەسانە خۆیان بەبلآوکردنەوەی ئەفسانەکەی لۆرنس ڕیسوا دەکەن‌و کورد بەوە ناوی نازڕێنرێت)).

باسی دەیەم

سزادان و کاولکردن و ئاوارەکردن

ئەوەی مەغول‌و جنگیزخان‌و تەیمووری لەنگ لەسەدەی بیستەمدا لەو ڕەفتارەی باووباپیری خۆیان نەکەوتون‌و چۆن باووباپیریان سەدان ساڵ لەمەوبەر لەڕۆژهەلآتی ئاسیاوە ڕویانکردبووە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست‌و ڕۆژئاوای ئاسیاو لەو هاتنەیانا هەرچیەکیان هاتبووە ڕێ هەموویان کاولکردبوو, لەسەدەی بیستەمیشدا نەیان ویستبوو لەپیشەی باووباپیری خۆیان لابدەن‌و لەباسی شۆڕشەکانی بەرلەشۆڕشی ئاگری باسی ئەو هەموو کوشتارو دڕندەیەتیەی ئەوانمانکردووەو لەمەی ئاگریداغ‌و لەدوایدا لە شۆڕشی درسیمدا ئەوەی جاران پێیان تەواو نەکرابوو بڕیاریاندا تەواوی بکەن.

دەربارەی ئەو تاوانانەی لەکورد کراوە لەدوای شۆڕشی ئاگریداغ شتێك نییە مرۆڤ بتوانێت خۆی بێدەنگ بکات لێیی‌و گەلێك نووسەری بێگانەی بەویژدان لەوانەی پێنوسەکانیان بۆ تۆمارکردنی باسی کارەسات‌و تاوانەکانی تورك تەرخان کردووە, هەریەکەیان بەشێوەیەك باسی

دڕندەیـەتی تـورك‌و تاوانـەکانیانکردووە کـە هەوڵئـەدەین کورتەیـەکی ئـەو سەرچاوانە بخەینە پێشی چاو:

پروفیسۆر حسرتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە(٤٩) ئاماژەی بۆ ڕۆژنامـەی (فجـر الشـرق) کـردووە کـە ژمـارەی ڕۆژی (١٩٣١/٣/٢٠)دا وتوویـەتی هێـزی تـورك (٢٠٠) گونـدی کـوردی وێرانکـردوو پێـنج هـەزاری بـێ تـاوانی لـەو گوندانـە بـەناڕەوا کوشـت, بـەڵام لـەو زانیاریانـەی بەخۆیبوون گەیشـتبوو ژمارەی گوندە کاولکراوەکانی کورد لەئەنجامی شۆڕشی ئاگریدا گەیشتبووە (٦٠٠)گوند.

حسرتیان ئەڵێ: تاوانی سوپای تورك بەرامبەر بەکورد لەسنووری هەموو ڕەوشـتێکی خـراپ تێپـەڕی کردبـوو, کـار گەیشـتبووە ئـەوەی هـەتا لـەناو ئەنجومـەنی میللـی گـەورەدا نـائیبێکی خـەڵکی (قونیـە) خـۆی پـێ نـەگیراو لەکۆبونەوەیـەکی ئـەو ئەنجومەنـەدا هەسـتابووە سـەرپێ‌و ڕوویکردبـووە نورالدین پاشـاو پێـی وتبـوو:(تـۆ تاوانباریـت بەرامبـەر بەوانـەی ڕویانداوەو پێویستە لەسەر ئەمە محاسەبە بکرێیت کەوا بوویتە هۆی ئەم هەموو خوێن ڕشتنە).

حسـن عرفـە لەلاپـەڕە (٥٩)ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە (٥٢) ئامـاژەی بـۆ ڕۆژنامەیەکی تورکی کردووە لەوەرگێڕی کتێبەکەی حسن عرفە لەوەرگێڕانی نـاوی ڕۆژنامەکە بەڕۆژنامـەی بەرەبەیانی ڕونـاکیی ڕۆژهـەڵات نـاوی بـردووە کـەلام وایـە بریتـی بێـت لەهـەمان ئـەو ڕۆژنامەیـەی لـەوەرگێڕانی کتێبەکـەی پروفیسـۆر حسـرتیان بـۆ عـەرەبی بـە –فجـر الشـرق) نـاوی بـردووە, لـەو ڕۆژنامەیەدا وتراوە:

((ئەرتەشی تورك پتر لە(٢٠٠) گوندی كوردی وێرانكردووەو دە پازدە هەزار ژن و منداڵی بێ تاوانی كوشتووە, بەڵام حزبی خۆیبون ڕایگەیاندووە كە ئەرتەشی تورك (٦٦)گوندو (١٥٢٠٦) خانووی ماڵە كوردی كاولكردووەو ئەوانەی لەكوشتن ڕزگاریان بوبوو بەناچاری پەنایان بردبووە ناو ئەشكەوت و شوێنە پەناكان.

صادق شرف كندی لەكتێبەكەیدا سەرچاوە (٧١) ئاماژەی بۆ وتارێكی (ئەدموندن) كردووە كە وتوویەتی بەچاوی خۆی هەندێ لەو شوێنانەی دیوە كە شۆڕشی ئاراراتی تیاكرابوو, لەشوێنێكی وەكو (بدلیس)دا كە ژمارەی دانیشتووەكانی لەپێش شەڕدا (٤٠)هەزار كەس بووە لەدوای شۆڕش تەنها (٣)هەزار كەسی تیامابووەوە.

صادق شرفكندی ئاماژەی بۆ باسێكی (ل.رامبۆ) كردووە كەچۆن توركەكان ژمارەیەك لەڕۆشنبیرانی كوردیان بەزیندوویی فڕاندبووە ناو گۆلی (وان)ەوەو هەموویان خنكاندبوون.

كریس كوچرا لەلاپەڕە (١٧٦)ی كتێبەكەیدا سەرچاوە (٤٦), ئەمیش ئاماژەی بۆ كتێبەكەی (رامبۆ) كردووە بەناوی (پدر جنگل كورد) دەربارەی ئاوارەكردنی (جەلالی)یەكان كەچۆن لەو عەشیرەتە نزیكی دوو هەزاریان بەخۆیان و (٤٠)هەزار سەر مەڕو ماڵاتەوە ئاوارەكرابوون لەلایەن حكومەتی توركەوەو بەزۆرەملی و بەپەرەوازەیی لەناوچە تورك نشینەكانا نیشتەجێ كرابون و ئەوانەشیان لەناو خاكی كوردستاندا مابونەوە باری ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپتر بووە لەهی ئاوارەكان.. لەگۆڤاری (the kurds– نوسینی dived mcdowall) لەلاپەڕە (١٢)یدا باسی یاسای ژمارە (١٨٥٠)ی

کردووه که دەقی ئەو یاسایە لەلاپەڕە (٦٥)ی کتێبی: challand opcit که لەلایەن(kendal)ەوە نوسراوە لەم کتێبەدا وتراوە:

یاساکەی حکومەت بەم جۆرە بووە:

(هەر کۆششێك یا هەرکارو ڕەفتارێك لەلایەن کاربەدەستێکی تورکەوە کرابێت, ئەو کارە بەتاکە کەسێك کرابێت یابەچەند کاربەدەستی دەزگایەکی حکومەتیەوە لەناوچەیەکدا, ئەوەی ئەو کارەی کردبێت, چ سوپایی بووبێت یا (civil مدنی) لەنێوان ماوەی (١٩٣٠/٦/٢٠ هەتا دیسەمبری/١٩٣٠) کە بۆ مەبەستی دامرکانەوەی بزوتنەوەی یاخیبووەکان کرابێت یا بۆ دابینکردنی ئاسایش بووبێت لەناوچەکانی :(zelm,ercis,ئاگریداغ agridag, ئورفە arva, لەگەڵ دەوروبەری pulumur لەئیقلیمی ئەرزنجان) یا لەهەرشوێنێکی ئەنادولیا, ئەو ڕوداوو کوشتن و کردارانەی بۆ سوودی وڵات کراون هیچیان بەتاوان نازمێررێن و ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە بەرپرسیار نابن).

لەهەمان گۆڤاری (the kurds دا سەرچاوە (١) لەلاپەڕە (٦٥)یدا ئامارەی بۆ ڕۆژنامەی (میللیەت)ی تورکی ژمارە (١٦٥٥) ڕۆژی ١٩٣٠/٩/١٦ کردووە کە لەو ڕۆژنامەیەدا وتارێکی وەزیرێکی تورکی بڵاوکردۆتەوە کە وتبووی:

(تەنها هەر ئەوە مافی هەیە خۆی بەخاوەنی ئەم وڵاتە بزانێت کە بەڕەگەز تورك بێت و ئەبێ ئەوانیتر تەنها وەکو بەندەو نۆکەر حسابیان بۆ بکرێت!!).

باسی یازدەهەم

هەڵوێستی دەوڵەتان بەرامبەر کورد لەشۆڕشی ئاراراتدا.

هەرچەند لەباسی قۆناغەکانی شۆڕشی ئاراراتداو لەکاتی ڕووبەڕوو بونەوەی هێزی شۆڕشگێڕان و سوپای حکومەتی تورکدا چەند جارێك باسی هەڵوێستی دەوڵەتان کراوە, هەندێ سەرچاوەی تریش باسی هەڵوێستی دەوڵەتانیان کردووە بەرامبەر کورد لەو شۆڕشەدا کە لەو باسەدا نەکراون و هێشتبومانەوە بۆ ئەم باسە, والێرەدا هەوڵ ئەدەین کورتە باسێکی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە بخەینە پێش چاو بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەو باسە دواون کە بەتایبەتی ئاماژەیان بۆ هەڵوێستی سۆڤێت و حکومەتی ئێران کردووەو بەر لەمە چەند جارێك باسی هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیامانکردووە دەربارەی شۆڕشی ئارارات و پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

أ) هەڵوێستی سۆڤێت

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (٦٢)ی یاداشتەکانیا لەباسی پێوەندی کوردو ئەرمەنیدا باسی هەڵوێستێکی سۆڤێتی کردووە بەرامبەر (ئەردەشیر

مرادیان)ی نوێنەری تاشناقی ئەرمەنی کە لەشۆڕشی ئاگریدا تاشناقەکان بوبوون بەلایەنگری خۆیبون و شۆڕشی کورد وەکو لەباسی پێکهاتنی خۆیبوندا بەرلەوە لێی دواین, کە ئیحسان نوری وتوویەتی:

((لەساڵی ١٩٢٩دا کە لەزوزان بوین و (ئەردەشیر مرادیان) لایەنگری شۆڕشەکەمان بوو, لەو ڕۆژانەدا نامەیەك و دیارییەك هاتبوو بۆ (ئەردەشیر)و لەنامەکەدا نوسرابوو: ئامۆزاکەت لە تەفلیسەو هاتوتە (یریڤان)و دەیەوێ بچێتە (ئارالق) کە شوێنێکە لەژووروی روباری • ئاراس)دا لەبەشی روسیا.

ئەردەشیر زۆر بەپەرۆش بوو بۆ بینینی ئامۆزاکەی و هەرچەند من (ئیحسان نوری) نەسیحەتم کرد نەچێتە ئەوێ چونکە ترسی ئەوەم هەبوو ئەمە پیلانێك بێت بۆ گرتنی ئەو, بەڵام سوودی نەبوو)). ئیحسان نوری لەیاداشتەکەیدا بەدوورودرێژ باسی چونەکەی ئەردەشیری کردووە کەچۆن (١٥) چەکداری خۆی لەگەڵا ناردبوو بەسەرکردایەتی (عمر بسی) و کە دەگەنە قراغی روبارەکە عمر بسی بەئەردەشیر دەڵێت نابێ بچیتە ئەوبەر چونکە خاکی روسەو تووشی گێچەڵێکی گەورە دەبیت, بەڵام پاسدارەکانی روس دەیخەڵەتێنن و پێی دەڵێن ئامۆزاکەت لەوبەرە چاوەڕوانت ئەکات, ساتێك ئەردەشیر سووربوو لەسەر پەڕینەوە عمر بسی ناچاردەبێت چوار سواری لەگەڵدا دەنێرێت و کە دەگەنە ئەوێ چەك و ولاخەکانیان لێ دەسێنن و ئەردەشیرو هەر چوار سوارەکە دەنێرن بۆ (یریڤان)و لەوێوە بۆ زیندانی (تفلیس).

ئیحسان نوری ئەڵێ: نامەیەکم نارد بۆ روسەکان و داوام لێکردن ئەردەشیرو ئەو شوارانەی لەگەڵیا بوون بەربدرێن, پاش ماوەیەك سوارەکانیان بەرداو جارێکی تریش نامەیەکم بۆ ناردن به (سید رسول)دا

بەلاّم کە گەیشتنە قەراغی ڕووبارەکە ڕوسەکان تەقەیان لە سید ڕسول و سوارەکانی کردو سید ڕسول بریندار کراو نەیتوانی نامەکەم بگەیەنێتە ڕوسەکان و ئەردەشێر مرادیانیش ئاوارە کرا بۆ (سبریا)و بەمە ئەردەشێر مرادیات دوورخرایەوە لەهاوکاریکردن لەگەڵمانا.

ئیحسان نوری لەلاپەڕە (١٠٣)ی یاداشتەکانیا باسی هەڵوێستێکی تری سۆڤێتەکانی کردووەو ئەڵێت:

((ساتێك هێزێکی تورك لەناو خاکی ئێرانا لەڕۆژهەلاّتی چیای ئاگریدا پەلاماریان داین, لەو کاتەدا حاڵمان زۆر شپرو پەرێشان بوو, ژمارەی چەکدارەکانمان زۆر کەم بوبووەوەو بەرگەی هێرشی لێشاوی سوپای تورکی نەدەگرت, نوێنەری ئەرمەنی لەگەڵمانا بوو پێی وتین: ئەگەر لەماوەی بیست و چوار سەعاتدا خۆمان دەرباز نەکەین تورکەکان هەمووومان دەگرن, بۆیە داوای لێکردین بەو شەوە چیای ئاگری بەجێ بهێڵین, بەلاّم پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان کە ماوەی پێنج ساڵ بوو تامی ئازادیو سەربەستیان چێشتبوو ئەو پێشنیارەیان پەسەند نەکردو منیش لەنوێنەری ئەرمەنیەکانم گەیان هەرچیەکمان بەسەردا بێت هێشتا بیر لەوە ناکەینەوە ئاگری بەجێ بهێڵین.

بەرامبەر بەمە, نوێنەری ئەرمەنیەکان پێی ووتم: تۆ وەکو سەرکردەی ئەم شۆڕشە واباش و پێویستە هیچ نەبێ تۆ خۆت نەدەیت بەدەستەوەو خۆت دەرباز بکەیت و منیش لەوەرامدا پێم ڕاگەیاند مردنم لاباشترە وەك لەوەی ئەم شۆڕشگێڕانە بەجێ بهێڵم (لەڕاستیدا وەکو لەشوێنی خۆیدا باسمانکردووە ئیحسان نوری شۆڕشەکەی بەجێ هێشت و بوو بەپەنابەر لەئێران و ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا بەرامبەر بەمە).

ئیحسـان نـوری لەیاداشـتەکانیا لەسـەری دەرواتو دەڵێـت: نوێنـەری ئەرمەنیـەکان کـە پێنج کەسـی لەگەڵدا بـوو, بەرلـەوەی ئێمـە بەجێ بهێڵێت وتـی: بـا هیچ نـەبێ خێزانەکـەت (مەبەستی یەشار خانمی ژنـی ئیحسـان نـوری بـوە) خـۆی دەربـاز بکـات, بـەڵام خێزانەکەشم هـەروەکو مـن وەرامـی نوێنەکەی دایەوەو پێی ووت: ئێوە بڕۆن خواتان لەگەڵ بێو چۆنی بەباش دەزانن بەو شێوەیە خۆتان دەرباز بکەن.

بۆ ڕۆژی دوایی هێزێکی سوپای سۆڤێت بۆ یارمەتیدانو هاوکاریکردن لەگـەڵ تورکـەکانا لـەناوی (ئـاراس) پەڕییـەوەو بەشـی بـاکوری ڕۆژهـەڵاتی ناوچەکەی داگیرکرد.

پێشـمەرگەکان هەرچـەند دەیـانزانی هـیچ ئومێـدێکی سـەرکەوتن بـەدی نەدەکرا بەڵام ئەوەیان لاباشتر بوو شـەهید بکرێنو لەڕاستیشدا ئـەنجام هـەر بەوە گەیشتو تورکەکان بەوپـەڕی دڕندەیەتیـەوە ڕەفتاریـان لەگـەڵ خۆیـانو خاووخێزانیان کرد بۆ لەناوبردنیان.

ئیحسـان نـوری لەیاداشـتەکەیدا ئـەم چـوار دێـڕ شـیعرەی بـەو بۆنەیـەوە تۆمارکردووە کە وتوویەتی:

شێرو سونگیی تورکەکان ورگ ئەدڕن
دۆڵەکان بەڕەنگی سووری خوێنی کورد ڕەنگین بوون
چیاکان بەقرچەی گوللەی تۆپو تفەنگەکان دەلەرێنەوە
ئەی ئازاو دلێرەکانی وڵات.... فریاکەون.

دەربارەی هەڵوێستێکی تری سۆڤێت بەرامبەر بە کورد گۆڤاری (گـزینگ) کـە لەسـوید دەردەچـێت لـەژمارەی (١١)ی بـەهاری (١٩٩٦)دا باسـی دوکیـومێنتێکی سـۆڤێتی کـردووە لەلایـەن (ئەفراسـیاب حلمـی)یـەوە کـراوە

بەکوردی کە راپۆرتی جێگری سەرۆکی بەشی رۆژهەلات- وەزارەتی دەرەوە (ح.ك.ش/٣٠٠٨ رۆژی ١٩٤٦/١٢/١٣) کەتیایدا وتراوە:

((ئێمە (مەبەست سۆڤێت) نەك تەنها پشتیوانیمان لەخەباتی کورد نەکردوە بەڵکو چاپەمەنیەکانیشمان بەلای باسی خەباتی ئەو میللەتەدا نەچوون و نمونەی ئەمە: لەساڵی ١٩٢٦دا کوردە راپەریوەکان زۆرجار هەوڵیاندابوو بەنامەو بەناردنی نوێنەری خۆیان بۆ (تەورێز)و (ماکو) پێوەندیمان پێوە بکەن کە ناوەرۆکی ئەو نامەیە بەم شێوەیە بوە:

((لەلایەن دەوڵەتی ئاراراتەوە(مەبەست سەرکردایەتی شۆرشی ئاگریداغە) نامەی ژمارە (٢٤) نێررا بەلآم وەرامی ئەو نامەیە نەدرایەوە، بێجگە لەمە ئەو تەتەرە (مەبەست پەیام نێرە)ی ئێمە کە نامەکەمان پێداناردبوو گیراو زیندان کراو هەتا ئیستاش لەماکودا گیراوە))..

دوکیومێنتەکە لەسەری ئەرواو دەڵێت:

ئەگەر بەوردی لەبارودۆخ بکۆڵرێتەوە بەراستی ئەوا دەردەکەوێت کورد بەبێ یارمەتی روسیای شورەوی ناتوانێت رزگاری ببێت، لەبەرئەوەی هەوڵدانی کوردەکان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێمەدا (مەبەست سۆڤێت)ە بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشت بۆیە کوردەکان لەدواییدا بەنهێنی خۆیان گەیاندە ناو خاکی شورەوی بۆئەوەی ئێمە لێرە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەین. (مەبەست ئەو کاتەی پاش روخاندنی شۆرشی ئاراراتە کە پاش چەند ساڵێك دوای شەری دووهەمی جیهانی کە سۆڤێت چوونە ناو خاکی ئێرانەوەو لەئەنجامیا کۆماری کوردستان پێکهات لەمهاباد، بەلآم بەداخەوە زۆری پێ نەچوو سۆڤێت دەسبەرداری بوو، ئێران ئەو کۆمارەی بەجوانەمەرگی لەناوبرد).

دەربارەی هەڵوێستی سۆڤێت بەرامبەر شۆڕشی ئاگریداغ، کریس کوچرا لەلاپەڕە (١٦٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٤١)دا وتوویەتی:

((لەکاتی شۆڕشی ئاگریدا ئاکارو کردەوەی شوورەوی لەگەڵ حکومەتی تورکدا لەنەهێنیدا بوو، هەرچەند شەڕ نزیکی سنووری ئەوان بوبوەوە بەڵام هەڵوێستی خۆیان ڕوون نەکردەوە بەر لەشۆڕشی ئاگریداغ سۆڤێت لەساڵی (١٩٢١)دا پەیمانی دۆستانەی لەگەڵ تورك‌و ئێرانا بەستبوو، بەپێی ئەو پەیمانە بەهیچ جۆرێك ڕێگە بەوە نەدەدرا کە سۆڤێت خۆی لەکێشەی کورد تێوەردا)).

کوچرا لەهەمان لاپەڕەی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ڕاپۆرتێك کردووە ژمارە (ئای ئای -٣١١-٣١٣-١٩٢ ساڵی ١٩٤٧دا لەو ڕاپۆرتەدا وتراوە:

((دەوڵەتی سۆڤێت لەمانگی حوزەیرانی (١٩٢٧)دا لەموسکو دەستووریدا بە(کاراخان)ی کومیسیری کاروباری دەرەوەی سۆڤێت لەگەڵ (ئارالوۆ)ی بالوێزی پێشووی شوورەوی لەتورکیا هەردوکیان لەگەڵ زەکی بەگی تورك پەیمانێك مۆربکەن دژی کوردەکان‌و لەئەنجامی مۆرکردنی ئەو پەیمانەدا سۆڤێت سنوورەکانی خۆی داخست بۆ نیشانەی دۆستایەتی‌و هاریکاریکردن لەگەڵ تورکیاداو لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا بەرلەوەی هێرش ببرێتە سەر ئارارات سۆڤێتەکان (٥٠٠)سواری خۆیان ناردە گوندی (دەوەلوو) کەنزیك بە(ئاراکس) بوو، خەڵکی ئەو گوندە بۆیان دەرکەوتبووئەو سوارانەی سۆڤێت بەشەو بۆ یارمەتیدانی تورکەکان هاتبوون.

کوچرا دەڵێ: ئەمە ڕونی دەکاتەوە، ئەگەر سۆڤێت لەشەڕیشدا شانبەشانی تورکەکان هاوکاری نەکردبێت دژی کورد بەڵام تەنها بەداخستنی سنوور خزمەتێکی گەورەی بەتورکەکان گەیاندبوو)).

لەپەراوێزی ژمارە (١٠)ی لاپەڕە (٥٥١)، کریس کوچرا وتوویەتی:

(ڕوزیتا فوربو) توانیبووی تاقمێکی ئەرمەنی ببینێت کە (١٢)کەس بوون کەلەژێر تۆپ بارانی سۆڤێتەکانا کوژرابوون هەروەکو (وی.هوویل) لەڕۆژنامەی (بين المللى) ڕۆژی (١٩٣٠/٨/٢٨)دا باسیکردووە سۆڤێتەکان دیوارێکی قایمیان دروستکردبوو بۆ ڕێگرتن لەکوردەکان.

ب) هەڵوێستی ئێران:

لەڕاستیدا هەڵوێستی حکومەتی ئێران دژی کورد لەمەی دەوڵەتانی‌تر کاریگەرتربوەو احسان نوری سەرکردەی شۆڕشی ئارارات لەیاداستەکانیا بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە باسی هەڵوێستی ئێرانی کردووەو وتوویەتی من ئێرانم بەدوژمنی خۆمان نەدەزانی لەو کاتە ناسکەدا بەو جۆرە زیانمان پێ دەگەیەنێت. دەربارەی ئەو هەڵوێستەی ئێران احسان نوری لەڕۆژنامەی ئاگریدا کە ئۆرگانی شۆڕشکەی ئارارات بوە ئەو گلەییەی خۆی لەئێران کردووە.

کریس کوچرا لەلاپەڕە (٧٢)ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ڕاپۆرتێکی باڵیوزخانەی بریتانیا کردووە لەتاران کە لەڕۆژی (١٩٣١/٤/١٧)دا ئامادەکراوە ژمارەی دوکیومێنتەکە (FO.371-153,9) لەو ڕاپۆرتەدا وتراوە:

((لەساڵی ١٩٣١دا حکومەتی ئێران هاوکارییەکی تەواوی کردووە لەگەڵ حکومەتی تورکیاداو ئەو (جلالی)یانەی چوبونە ناوچەی ئاراراتو

هەندێکیشیان چوبونە ناو خاکی سۆڤێتەوە بەدرێژایی (١٠)کیلۆمەتر، ئەوانەی لەشۆڕشەکەدا چوبونە ناو خاکی ئێرانەوە بەشێوەیەکی پەرەوازەیی بەژن و منالەوەو بەخۆیان و مەڕومالآتیانەوە هەموویان پێش خۆدران و خالد ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی جەلالی چاری نەما لەگەڵ پیاوەکانیا بنەو بارەگایان کۆکردەوەو ڕویانکردەوە ناو خاکی تورکیا (بەر لەمە لەباسی هەشتەمدا وەکو باسمانکردووە احسان نوری باسیکردووە کەچۆن (فتح الله خان)ی ئەفسەری ئێران لەمەدا محمد ئەمین ئاغای برای خالد ئاغای کوشتبوو).

دوکتۆر عزیز شمزینی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە(٤٢) دەربارەی هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بەکورد باسی ئەوەی کردووە کە لەنیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٣٠دا لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشگێڕانی کوردخەباتێکی سەختی بێ وچانیان دژی هێزەکانی تورك کردبوو، بەلأم هەڵوێستی ڕەزا شای ئێران بوو بەهۆی ئەوەی فشارێکی زۆر بخرێتە سەر شۆڕش و شۆڕشگێڕەکان کە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی شۆڕشەکە بشکێت و بەرگەی ئەو سوپا زۆرە مەشقپێکراوەی تورك نەگرێت کە لەهەموو لایەکەوە پەلاماری کوردیان دابوو.

دوکتۆر شمزینی لەشوێنێکی تری کتێبەکەیدا. لاپەڕە(٩٣) دوبارە چۆتە سەر باسی هەڵوێستی ڕەزا شای پەهلەوی کە لەناسکترین کاتی شۆڕشی کوردا فریای مستەفا کمال ئەکەوێت و هێزەکانی حکومەتی ئێران لەپشتەوە لەپێشمەرگەی کوردی‌داو لەئەنجامی ئەمەدا کورد کەوتە نێوان دوو هێزی دوژمنەوەو ژمارەیەکی زۆر لەشۆڕشگێڕانی کورد بەدیل گیران و ڕاپێچ کران بۆ زیندانی (قەسری قاجار) کە لەوێ زۆریان دەرمانخوارد کران و شەهید بوون.

دەربارەی ئەو هەڵوێستەی ئێران، صادق شرفكندی لەكتێبەكەیدا سەرچاوە(٧٠) باسی ئەوەی كردووە چۆن ئێرانیەكان بەبیانوی سەركوتكردنی جەلالیەكان هێزەكانی خۆی بۆ سوودی تورك بەكارهێنا دژی شۆڕشەكەی كورد.

حسن عرفە لەكتێبەكەیدا سەرچاوە (٥٢) باسی ئەو هێزەی ئێرانی كردووە كە حكومەت بەسەركردایەتی (كولونیل علی خانی نەخچەوانی) ناردبوو بەناو بۆلێدانی چەكدارەكانی جەلالی‌و لەئاراراتی بچوكدا پەلاماری كوردیانداو بوون بەهاوكاری تورك كە بەرامبەر بەمە حكومەتی توركیا وازی لەهەندێ ناوچەی (پاچیوك)دا كە لەڕۆژئاوای گۆلی وورمیەدابوو.

باسی دوازدەهەم

هەڵسەنگاندنی شۆڕش و کەم و کوورییەکانیو ئەو ڕەخنانەی لێی گیراوە

هەرچەند لەکۆتایی ئەم بەرگەدا باسێکی تایبەتی تەرخانکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکانی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا لەباکوری کوردستان لەگەڵ باسی ئەو ڕەخنانەی لەو شوێنانە گیراوە, بەڵام بەپێویستم زانی کورتە باسێکی هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئارارات و باسی کەمو کوڕییەکانیو ئەو ڕەخنانەی لێی گیراوە باس بکەین بەپێی ڕووداو بەسەرهاتەکان و لەژێر تیشکی ئەو بۆچوونانەی نووسەران لەباسەکانیانا دەربارەی ئەوە دواون.

شۆڕشی ئاگریداغ لەدوای شۆڕشی پیران یەکێك بووە لەو شۆڕشانەی کورد کەهەر لەسەرەتاوە ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێبەری بووەو سەرپەرشتی دەزگاکانی شۆڕشی کردووە کە بریتی بووە لەخۆیبوون و لەسەرەتای شۆڕشەکەوە هەتا دوای شکاندنی شۆڕشەکەش خۆیبوون هەر لەچالاکی خۆی نەکەوتووە هەروەکو لەدواباسی شۆڕشی ئاراراتدا کە بریتییە لەباسی

بارودۆخی باكوری كوردستان ڕوون دەبێتەوە جیاوازیی خۆیبونی ڕێبەری شۆڕشی ئاگریداغو ئازادیی شۆڕشی پیران ئەوە بووە ئازادی هەر لەسەرەتاوە هێشتا كە بەتەواوەتی دەستی پێ نەركردبوو توركەكان بەنهێنیو چالاكییەكانی ئازادیو ئەندامەكانی زانیبوو, بەڕووداني ڕووداوەكەی (بيت الشباب) تورك توانی سەركردایەتی كۆمەڵی ئازادی كە بریتی بوو خالد بگ جبرانو یوسف ضیاء بەگ بگرێتو ژمارەیەكی زۆر لەئەندامانی ئازادی كەشۆڕش دەستی پێكرد یا گیرابوون یاخۆیان دوورخستبووەوە لەشۆڕش لەبەر ئەوە توركەكان توانیبویان لەماوەیەكی كەمدا شۆڕشی پیران دامركێننەوەو ئەو سەركردایەتیە تازەیەی لە شێخ سعید پیرانو ئەوانەی كردبوونی بەسەركردایەتی جەبهەكان كە زوبەیان هەرچەند بەوپەڕی قارەمانێتیو ئازایەتیەوە خەباتیانكردبوو بەلاّم هیچ شارەزاییەكی ئەوتۆیان نەبووە لەكاروباری لەشكركێشیدا بۆیە شۆڕشەكەیان لەماوەی نزیكی ساڵێك كەمتر بەولاوە نەیتوانی خۆی ڕابگرێتو سەركردەكانی گیرانو لەسێدارەدران, بەلاّم شۆڕشی ئاگریداغ نزیكی (٣ –٤)ساڵە خۆی ڕاگرتو توانی لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە, هەرچەند بەداخەوە لەمەشدا هەندێ كاروباری پێویست بەشۆڕش نەخرابووە پێش چاو كەدەتوانین كورتەیەكی ئەوانە وەكو خوارەوە دەستنیشان بكەین:

١- ئایا بەرپابوونی شۆڕشی ئارارات بەڕێبەرایەتی خۆیبوون دوانەكەوتبوو لەچاو ئەو كاتەی كە دەبوایە بەرلەوە دەستی پێ بكردایە؟!

بەداخەوە ئەوانەی نەخشەی شۆڕشی ئاراراتیان كێشاو ئەو شۆڕشە گەورەیەیان دەستپێكرد زۆربەیان بەلای شۆرششی پیراندا نەچوونو بیریان

لـەوە نـەکردەوە هاوکـاری‌و بەشـداری بکەنلـەو شۆڕشـەدا کـە لـەدوای زینـدانیکردنی چـەند سـەرکردەیەکی لێهـاتووی کەسـێکی سـوپایی شـارەزا بەشۆڕش‌و لەشکرکێشی جێگەی ئەو گیراوانـەیان نەگرتـەوەو بەمە شۆڕشی پیران پشتگوێ خراو لەبەر نەشارەزایی سـەرکردە تازەکانی ئەو شۆڕشەی بەهـەزاران کـوردی خۆبەختکـەری لـەخۆبوردو گیـانی خۆیـان لـەپێناوی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا بـەختکردبوو لەماوەیەکی کەمدا لەلایەن سوپای تورکـەوە لـەناوبراو ئەگـەر ئەوانـەی لـەدرەنگ وەختـدا بیریـان لـەپێکهێنانی (خۆیبـون)و دەسـتپێکردنی شۆڕشـی ئاگریـدا کـردەوە لـەکاتی شۆڕشـەکەی پیرانا بکەوتنایە خۆیـان‌و لەجیاتی دوو شۆڕش لەدوو ناوچەدا شۆڕشێکی یـەککرتووی فراوانیـان دەسـت پـێ بکردایـە ئایاحکومـەتی تـورك هـەروا بەئاسانی دەیتـوانی ئـەو شۆڕشـەی کـورد دامرکێنێتـەوە بەبێ ئـەوەی دان بەتاقە مافێکی نەتەوەی کوردا بنێت؟

بێجگـە لـەو کەمتەرخەمییـەی بەرامبـەر شۆڕشـی پـیران کرابـوو، سـاتێك خۆیبـوون پێکهـاتوو نەخشـەی بـەرپاکردنی شۆڕشـی ئاگریـداغ بڕیـاری لەسـەردراو سـەرکردەی شـۆڕش لەناوچـەی ئاراراتـدا دانـرا ئایـا بـیر لـەوە کرایـــەوە پەیوەنـــدی بەســـەرکردەو ســـەرۆك عەشـــیرەتە بـــەتواناو دەسـەڵاتدارەکانی ناوچـەی دەرسیم بکرێـت وەکـو (سـەید ڕەزا) کـە ئەمـەش لـەدوای لـەناوبردنی ئـارارات ئەوسـا بـۆی دەرکـەوت کـەوا نـۆرەش هاتۆتـە سـەرخۆی پـاش ئـەوەی بـۆی دەرکـەوت لەنەخشـەیانا حسابی لـەناوبردنی خۆشـیان کردبـوو بـۆ ئـەوەی هـیچ کـوردێکی دەسـەڵاتدار لـەهیچ ناوچـەو پارچـەیەکی بـاکوری کوردسـتانا نـەمێنێت‌و سـاتێك سـەید ڕەزاش دەسـتی دایـە چـەك‌و شۆڕشـێکی بـەرپاکرد وەکـو لـەدوای شۆڕشـی ئاگریـداغ باسـی

دەکەین تورکەکان لەماوەیەکی کەمدا توانیان شۆڕشەکەی ئەویش خامۆش بکەن‌و سەرکردەکانی لەناوببەن‌و ناوچەی درسیم وەکو ناوچەکانی شۆڕشی پیران‌و ئاگریداغ ئەویش کاول بکەن‌و دانیشتوەکانی پەرەوازەو ئاوارە بکەن.

بەداخەوە, ئەو سەرچاوانەی باسی شۆڕشی ئاگریداغیان کردووە, لەهیچیانا شتێکی ئەوتۆ نایەتە بەرچاو کە نەدانیشتوانی درسیم بەتەنگ شۆڕشی ئاگریداغەوە هاتبون‌و نەشۆڕشگێڕانی ئاگریداغیش تەقەلایەکی ئەوتۆیان دابوو سوود لەناوچەی درسیم وەربگرن هیچ نەبێت بۆ حەوانەوەی خێزانەکانی شۆڕشگێڕان بۆ بارسووکیی شۆڕشەکەیان!!

٢- پەیوەندی کۆمەڵی خۆیبوون بەدەوڵەتان‌و میللەتانەوە لەسنووری ئەو تەقەلا سنوردارەی سریابدرخان‌و چەند کەسێکی کەم بەولاوە تێپەڕی نەکردبوو کە هەندێ چالاکی‌یان لەئەمریکاو ئەوروپادا کردبوو کە هەموو بەرهەمەکەی ئەو چالاکی‌و پێوەندی کردنە لەکۆکردنەوەی پارەیەکی کەم لەئەمریکاو پەیوەندیەکی سەرەتایی لەگەڵ ئەرمەنیەکانا, ئەوانەی گەرچی بەهۆی ئەو کوشتارانەی تورك لێی کردبون توانایەکی ئەوتۆی شۆڕشگێڕییان لەناو خاکی تورکیادا نەمابوو, بەڵام ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لێیانەوە دەسگیربێت هەمووی بریتی بوو لەبوونی نوێنەرێکیان کە ئەردەشیری مرادیان بوو لەناو شۆڕشدا کە ئەویش بەپیلانێکی بچووکی سۆڤێتی دۆستی تورك خەڵەتێنراو شۆڕشی بەجێ هێشت.

احسان نوری سەرکردەی شۆڕشەکە لەیاداشتەکانیا باسی ئەوەی کردووە ئەو چەکەی کە بەدەست شۆڕشگێڕانی کوردەوە بووە بریتی بوو

تەنها لەتفەنگ کە شۆڕشگێڕان بەو جۆرە چەکە نەیانتوانیبوو بەئاسانی بەرگەی چەکە قورسەکانو فڕۆکەکانی دوژمن بگرنو نەتوانرابوو لەرێگەی ئەو ئەرمەنیانەوە کە کاتی خۆی هەندێ لەولاتانی ڕۆژئاوا ئەوانیشی بەگورگان خواردوو دابوو هیچ نەبوایە بۆ ناویش بوایە دەبوو هەندێ چەکی کاریگەر بۆ شۆڕش پەیدابکەنو کاربەوەشەوە نەوەستابوو، جاروبار کەشۆڕشگێڕانی تفەنگ بەدەستی ئازاو نەبەردی کورد بەو چەکە سووکە توانیبویان چەند تۆپێك لەسوپای تورك بگرن. لەبەر نەبوونی شارەزاییەك لەناویانا نەتوانرابوو سوود لەو تۆپە داگیرکراوانە وەربگیرێتو لەجیاتی بەکارهێنانیان هەر ئەوەندە لەدەست هاتووە ئەو تۆپانەیان تێکداوە بۆ ئەوەی دوژمن جارێکیتر بەکاری نەهێنێتەوە کەبەمەش سوپای پڕچەکی تورك هیچ لاوازییەکی پێ نەگەیشتبوو.

سەیر ئەوەیە احسان نوری لەیاداشتەکانیا ڕەخنەی لەکاربەدەستانی ئێران گرتووە کەیارمەتی کوردیان نەدابوو بۆ فێربوونی چۆنێتی بەکارهێنانیو ڕەخنەی ئەوەشی لەئێرانیەکان، بەتایبەتی لەڕەزا شا گرتووە کەبوبوو بەلایەنگری تورکەکانو ڕێگەی دابوو بەهێزی تورك بچێتە ناو خاکی ئێرانەوەو لەپشتەوە لەهێزی شۆڕشگێڕان بداو بەمە خەباتکەرانی خستە نێوان ئاگری دوولاوە، تۆ بڵێی احسان نوری لەیاداشتەکەیدا ئەمەی باسکردووە ئاگاداری ئەوە نەبووبێت تورکیاو ئێران ماوەیەك بوو خەریکی ئەوە بوون پەیمانێکی دوو قۆڵی دۆستانە لەگەڵ یەکتردا ببەستن کە ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە بەئاشکرا خەنجەرێکی دووەمی دەبوو ئاراستەی سنگی کورد بکرێت بۆ لەناوبردنی!!

یا تۆ بڵێی احسان نوری ئاگای لەوە نەبوبێتکە ساڵەها بوو ڕەزا شا مۆخ و ئێسقانی کوردی دەشکان و لەهەمان ئەو ساڵەدا کە هێزەکانی لەپشتەوە لەشۆڕشگێڕانی ئاراراتی ئەدا, لەناو خاکی کوردستانی ئێرانیشدا شۆڕشەکەی سمکۆی شکاکی بەو دەردە بردبوو کەبردی و لەڕێگەی پیلانێکەوە سمکۆی لەناوبردو بەمە شۆڕشێکی تری لەبەشێکی کوردستانا لەناو برد ئیتر چۆن ڕەزاشا بیری لەلەناوچونی شۆڕشی ئاگریداغیش نەدەکردەوە؟!

٣- هەر شۆڕشێك کە دەست پێ دەکات, بەتایبەتی شۆڕشێکی جەماوەری وەکو ئەوەی ئارارات بڕواناکەم سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە حسابێکی بۆ باری ئابووری خۆی و بۆ چۆنێتی دابینکردنی دەرامەت و پێویستیەکانی ئەو شۆڕشە نەکردبێت.. ئایا لەشۆڕشی ئاراراتدا, چ خۆبەخشبوون و چ سەرکردایەتی شۆڕش تۆ بڵێی سودیان لەو کەم و کوڕیە ئابوریانە وەرگرتبێت کە لەشۆڕشەکانی بەر لەشۆڕشی ئاراراتدا هەستی پێکرابوو؟؟

بێگومان بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشێکی جەبهەوی زۆر جیاوازە لەبەرپاکردنی شۆڕشێکی پارتی‌زانی کە تاڕادەیەك ئەرکەکانی ئەمەی دوایی کەمترە لەوەی یەکەمیان..

بڕیاری دەستپێکردنی شۆڕشێکی جەبهەویی فراوان پێویستی بەچەند مەرجێك و بەدابینکردنی چەند پێویستیەك هەیە کە یەکێك لەو پێویستیانە بریتی‌یە لە دابینکردنی دەرامەتێکی ئەوتۆ کە بەشی ماوەی ئەو شۆڕشە بکات کە سەرکردایەتی ئەو شۆڕشە بەپێویستی دەزانێت و ئەگەر لەسەرەتاوە ئەو دەرامەتەی بۆ دابین نەکەیت لەبەرپاکردنی شۆڕشێکی

پـارتیزانی بـەولاوە مانـای خۆبەکوشـتدانێکی ئاشـکرایەو شۆڕشـگێڕانی میللەتان هەر بەو شێوەیە بۆی چوون.

احسـان نـوری نەخشەکێشـی شۆڕشـی ئاگریـداغو دانـەری سـەرکردەی هێزەکـانی شـۆڕش لەجەبهـەکان لەیاداشـتەکانیا دانـی بـەوەدا نـاوە کـە سـەختترین بارگرانییـەك کـە دەهاتـە بـەردەمی شـۆڕش بریتیبـوە لـەوەی شۆڕش لەتوانایدا نەبووە لەناسکترین کاتی شۆڕشدا, بێجگە لـەدابینکردنی چـەکێکی تێروتەسـەل بـۆ شۆڕشـگێڕان, نەشـتوانرابوو خـۆراك بـۆ شۆڕشگێڕانو بـۆ خێزانـەکانیان ئامـادە بکرێـت کـە زۆرجـار ئـەو خێزانانـە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانا بەناوچەکانی کوری شۆڕشدا هاتوچۆیان پـێ دەکراو لەسـەرەتادا حسـاب بـۆ چارەنووسـی ئـەو خێزانانـە نـەکرابوو کـە زۆرجـار شانبەشـانی چەکدارەکان خاووخێزانەکانیشیان نەکەوتنـە ژێـر بۆردومـانو گوللـەبارانی دوژمـن کـە ئەمـە زیـانێکی زۆری گەیانـدبوو بەشـۆڕشو بەشۆڕشگێڕان وەکو لەباسی ڕوداوەکانا بەدوورودرێژ باسیانکراوە.

٤- شۆڕشـی ئـارارات ڕێبـازی شۆڕشـی جەبهـەوی‌و فراوانـی گرتبووەبـەر, وەکـو احسـان نـوری پاشـا لـەزۆر شـوێنی یاداشـتەکانیا باسـی کـردووە, سـاتێك شۆڕشـگێڕان لەشـەڕو ڕووبـەڕوو بوونەوەیەکـدا دیلیـان لەسـوپای تـورك دەگـرت, تـەنها چـەکەکانیان لێ دەسـەندن ئـیتر بەریان ئەدانو ئەوانیش ئەچونەوە لای کاربەدەستانی خۆیانو دووبارە پڕچەك دەکرانـەوەو دوای پشوویەك کـە دەهاتنـەوە سـەرخۆیان دووبـارە دەنێررانەوە بۆ ڕووبەڕو بوونەوەو لێدانو کوشتاری کورد, چونکە کورد لەهیچ شۆڕشێکدا ڕەفتارو کرداری ئەوەندە لەپلەیـەکی نزمـدا نەبووە ئـەو بەدیل گیراوانە بکوژێتو لەبەرئەوەی توانای ئەوەشـی نـەبووە زینـدانێکی

کاتی بۆ ئەو دیلانە دروست بکات و خواردنیان بداتێ ئەو دیلانەی هەروا سوک و ئاسان دەنـاردەوە بـۆلای دوژمنـەکانی بـەبێ ئـەوەی هـیچ نەخشەیەکی ئەوتۆی کێشابێت بۆ سوود وەرگرتن و دانانی مەرجێك بۆ دوژمن بۆ بەردانی ئەو دیلانە کە شۆڕشی زۆر لەمیللەتان هەندێ جار لەسەر کێشەو چارەنووسی چەند دیلێك کارێکی وادەکەن سودێکی باشیان دەستگیربێت کەچی نەلەم شۆڕشەداو نەلەشۆڕشەکانی تری کوردا هیچ جۆرە تەقەلایەکی وا نایەتە پێش چاو کەکورد دابێتی بۆ سودی خۆی.

لەکۆتایی هەڵسەنگاندن و ئەو ڕەخنانەی دێنە پێش چاو دەربارەی شۆڕشی ئاگریداغ هەوڵ ئەدەم ئاماژە بۆ هەندێ سەرچاوە بکەم کە ڕەخنەیان لەشۆڕشەکە گرتووەو باری شۆڕشەکەیان بەپێی بۆچونی خۆیان هەڵسەنگاندووە.

احسان نوری سەرکردەی هێزەکانی شۆڕش لەلاپەڕە (٩٥)ی یاداشتەکەیدا ڕەخنەیەکی زۆری لەسەرکردەکانی شۆڕش گرتووەو وتوویەتی:

((هێزەکانی ئاگری ئاگاداری ئەوە نەبوون کە عەشیرەتی (حیدران) بەر لەکاتی دەستنیشانکراو دەستیانکردبوو بەهێرش بردن و ساتێك هەواڵی ئەو هێرش بردنەمان پێ گەیشت هێزەکانی حکومەت لەهەموو لایەکەوە پەلاماری ئەو عەشیرەتەیان دابوو کە بەمە زیانێکی زۆریان بەخۆیان و بەشۆڕش گەیاند)).

ئەو هەڵەیەی احسان نوری باسیکردووە یەکەم هەڵە نەبووە کەکورد لەشۆڕشەکانیا کردبێتی، لەشۆڕشی پیرانیشدا هەڵەیەکی وازل کرا کەبوو

بەهۆی ڕوداوەکەی (بيت الشباب) کە بەرگی پێشوودا باسی ئەو زیانە کراوە کە لەشۆڕشی پیران کەوتبو بەهۆی بەرپابوونی شۆڕش بەرلەو کاتەی بۆی دەستنیشانکرابوو کە بریتی بوو لە(٢١/مارت/١٩٢٥)و دەربارەی ئەمە زنارسلوپی (قدری جمیل بەگ) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) کە خۆی یەکێك بووە لەئەندامی کۆمەڵی ئازادی وتوویەتی: ئێمە کە ئەندامی کۆمەڵە بووین هیچ زانیارییەك نەگەیشتبوو بەئێمە کەوا جموجوڵ دەستی پێکردووەو کە گیراین و خراینە زیندانەوە لەناو زیندانەکەدا ئەوسا دەنگی تەقەی گوللەی پێکاچوونەکەمان هاتە گوێ))

احسان نوری لەیاداشتەکەیدا تاوانی ئەو هەڵە زلەی کەڕوویدابوو خستویەتیە ئەستۆی (ممد بەگ) و (سید رسول) کە هیچ ئاگاداریيەکیان لەو ڕووەوە نەگەیاندبوو بەسەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەوەی چی پێویست بوو لەو ڕووەوە بکرایە.

احسان نوری لەلاپەڕە (٩٦)دا ئاماژەی بۆ ئەو هۆکارانە کردووە کەبوبونە هۆی شکاندنی ئەو شۆڕشەی لە(زیلاندا) کرابوو کە ئەو هۆیانەی بەم جۆرەی خوارەوە باسکردووە:

١- عقید ابراهیم ئاغاو حمید بەگ ئەو پێشنیازو ڕاپرسیانەی لەگەڵ نەخشەیەکدا بۆیان نێررابوو پێڕەوییان نەکردبوو بەجێیان نەهێنابوو.

٢- گۆترەکاری و هەڕەمەیی و بەرەڵایی و ناڕێکی و کەمتەرخەمی لەبەڕێوەبردنی کاروباردا و ئاگادارنەبوون لەباروودۆخ و هەڵوێست زیانێکی زۆری بەشۆڕش گەیاند.

٣- لەهەموو ناخۆشترو کوشندەتر ئەو ناکۆکیو نایەکییە بوو کە لەنێوانی (ممد ئاغا)و (سید رسول)ی جووتە سەرکردەی ناوچەکەدا ڕوویدابوو کەبوو بەهۆی ئاژاوەو ناڕێکی لەنێوان ڕیزەکانی شۆڕشدا.

٤- هەڵەیەکی کوشندەتر بریتی بوو لەوەی لەو شەڕەدا هیچ حسابێکی ڕێکوپێك نەخرابووە بەرچاوو کاتێك شەڕەکە پێش وەخت دەستی پێکرد بەرلەوەی خۆ ئامادەبکرێت بۆ ئەو شەڕە گەورەیەو ئەنجام بەوە گەیشت هیچ دەرفەتێك نەمابوو بتوانرێت یارمەتی بگەیەنرێتە شۆڕشگێڕانو خۆشیان نەیانتوانیبوو بەرگەی ئەو هێزە زۆرەی دوژمن بگرن.

٥- خیانەتی عەشیرەتی (کسکوی) کەبوبوون بەهاوکاری دوژمن کارێکی وای کرد تورکەکان بەئاسانی بتوانن خۆیان بگەیەننە دۆڵی (زیلان) کە ئەمە هۆی سەرەکی شکاندنی شۆڕشەکە بوو.

بەو جۆرە هۆی شکاندنی شۆڕش لە(زیلان) لەلایەکەوەو کەمتەرخەمی دانیشتوانو چەکدارانی ناوچەی زیلان لەلایەکی ترەوە, بەهۆی دەمەقاڵەی نێوان ممد بەگو سعید رسول لەبەر کەللە ڕەقیو دەمار ئەستوری هەردوولایان کە بەداخەوە ئەمە یەکێکە لەنەریتی عەشایری, ئەمانە هەموویان بوون بەهۆی پەرەوازە بوونی چەکدارەکان کە هەریەکەیان بۆخۆی هەوڵی دابوو بەپەلە پروسکێ خۆی بگەیەنێتە لای ماڵو منداڵەکەی کە لەکوێستان بوون.

احسان نوری لەیاداشتەکەیدا لەسەری ئەڕواو دەڵێت:

بەو جۆرە ئەو شەڕە ناکامو ناپوختەی لە(زیلان)دا ڕوویدا پشتی شۆڕشی شکانو زیانێکی زۆری بەکورد گەیاندو لەم شەڕەدا (عوسمان)و (ئەبوبەکر)ی جووتەکەی (ئەمین پاشا) لەبەر ناڕێکی سەرکردەکانی ئەو

شـەڕە بـەخۆڕایی کـوژران و دوای ئـەم شـکاندنە تورکـەکان دەسـتیان کـرد بەکوشتار لەژن و منداڵ و پیری دانیشتوانی دۆڵی (زیلان) و بەکرێگیراوەکانی عەشـیرەتی کسـکوی هەرچـی لـەتوانادا بـوو کردیـان و دەسـتیانکرد بـەکاولکردنی هەرشـوێنێك دەسـتیان بیگەیشـتایەتی و تالانیـەکی زۆریـان لەدانیشتوانی ناوچەکە کرد.

دەربارەی کەم و کوڕیەکانی شۆڕشی ئاگریداغ، مامۆستا جەلال تاڵەبانی لەکتێبەکەیـدا سەرچـاوە(٢٢) ڕەخنـەی لـەخۆیبوونی ڕابـەری شۆڕشـی ئاگریـداغ گرتـووە کـە ئەمیش هـەر لەسـەر شێوەی کۆن پێکهاتبوو، هـەموو کەم وکوڕیـەکانی حـزب و کۆمـەڵ و ڕێکخراوەکـانی بەرلـەخۆی پێوەدیـاربوو، نـەیتوانی جـەماوەری کـورد بکـات بـەهێزی سـەرەکی شۆڕشـەکەو ڕێبـازێکی ڕاسـتی دەستنیشـان نـەکردبوو بـۆ چارەسـەرکردنی بـاری کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و شـەقلی عەشـایری و ئەرسـتوکراتی پێـوە دیـاربوو، دەتـوانرێ بوترێت حزبی خۆیبون بریتی بوو لەحزبی خاوەن موڵك و بۆرجوازییەکانی کورد.

بـەلام سـریا بـدرخان لەکتێبەکەیـدا سەرچـاوە (٧٩) دەربـارەی هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکە وتوویەتی:

((جیـاوازی شۆڕشـی ئـارارات لەگـەڵ شۆڕشـەکەی پیرانـا ئەوەیـە ئـەم دروشمـی سـەربەخۆی کوردی بـەرزکردبوەوە نـەك مـافی حـوکمی نـاوخۆی و بوژاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی.

بـەو جـۆرە جیـاوازی خۆیبـونی شۆڕشـی ئـارارات لەگـەڵ (ئـازادی) کـە خـاوەنی شۆڕشـی (پـیران) بـوو ئـەوە بـوو خۆیبـوون پرۆگـرام و پێڕەوێکـی،

ڕوون و ئاشكراى هەبووەو بریتی بووە لەشۆڕشی هەموو جەماوەری كوردو شۆڕشێكی ناوچەیی نەبووە وەكو ئەوەی پیران.

سریا بدرخان ڕەخنەی سەرەكی لەشۆڕشەكەی ئاگریداغ ئەوەیە كەلای وایە دەبوایە بێجگە لە (احسان نوری) جێگرێكیش هەبوایە بۆ ئەوەی ئەو جێگرە لەبریتی احسان نوری دەستی بكردایە بەشەڕێكی پارتیزانی.

كریس كوچیراش لەكتێبەكەیدا سەرچاوە (٤١) هەمان ڕەخنەی لەخۆیبوون گرتووە كە نەیتوانیبوو جێگرێك بۆ احسان نوری دابنێت بۆ ئەوەی ئەو جێگرە درێژە بەشۆڕشەكە بدات بەشێوەیەكی پارتیزانی.

لەڕاستیدا ئەو ڕەخنانەی لەشۆڕشەكەو لەخۆیبوون و لەسەركردەی هێزەكانی كورد گیراوە هەموویان لەشوێنی خۆیدابوون، بەلأم لام وایە دەبێ ڕەخنەیەكیش لە احسان نوری بگرین كە نەدەبوو شۆڕش بەجێ بهێڵێت و ببێت بەپەناهەندە لەئێران و دوور نەبوو ئەگەر احسان نوری خۆی شوێنی ئەو جێگرەی بگرتایەتەوە كە هەندێ لەڕەخنەگران وتویانە لەوانەبوو ئەو جێگرە بەشەڕی پارتیزانی بۆ ماوەیەكی دورودرێژ خۆی بگرتایەو مانەوەی بەو شێوەیە دوور نەبوو ڕێگەی لە دوژمنانی كورد بگرتایە كە نەتوانن بەئاسانی دەست بەو كاولكارییە بكەن كە لەدوای شكانی شۆڕشەكە كردوویان.

باسی سیازدەهەم

بارودۆخ لەدوای شکاندنی شۆڕشی ئاگریداغ

هەرچەند شۆڕشی ئاگریداغ شکابوو، سەرکردایەتی شۆڕش ئەندامەکانی پەرەوازە بوبوون و احسان نوری پاشای سەرکردەی شۆڕش لەتاران بوو بوە ئاوارەو لەوێ نیشتەجێ بووبوو، بەڵام تاوان و زەبرو زەنگی تورکەکان هەتا دەهات خراپتر دەبوو، بەوپەڕی دڕندەیەتی یەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دانیشتوانی کوردا دەکردو ئەوانەشی کە بەشدار نەبوبوون لەشۆڕشی ئاگریدا لەو جەورو ستەمەی تورك ڕزگاریان نەبوبوو، بۆیە لەهەندێ ناوچەدا کە دانیشتوانی گەیشتبووە تینیان بەناچاری و بۆ پارێزگاری کردن لەخۆیان و خاوخێزانیان ڕووبەڕووی دەسدرێژیکەرەکانی حکومەتی تورك دەبونەوە.

دەربارەی ئەوە زنار سلوپی کەخۆی ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵی خۆیبوون بووە، لەلاپەڕە (١٨٤)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) باسی چەند کەسێکی کردووە کەوتوویەتی:

((شێخ عبدالرحمن کەوەختی خۆی لەدوای شۆڕشەکەی (پیران) هێشتا کۆڵی نەدابوو, لەدوای شکانی شۆڕشی ئارارات هەر لەچالاکی خۆی نەکەوتبوو.

ئەو شێخ عبدالرحمانە بوبوو بەئەندامێکی چالاك لەلقی (موصل)دا هەمیشە لەچالاکی‌دا بوو دژی حکومەتی تورك.

ساتێك (عارف بەگ) لە(میکیس) لەساڵی ١٩٣٢دا ڕاپەڕینێکی دەستپێکردبوو لەناوچەکانی (هەکاری)و (میکیس)و هەواڵی گەڕانەوەی (داود ئاغای) کوڕی (ئیبراهیم پاشای هسکی) کە لەزۆر سەرچاوەدا بە (برۆ) ناوبراوەو کە (٤٠٠)چەکداری کۆکردبوەوەو سەرلەنوێ کرابوو بەبنەمای بزووتنەوەیەکی تازە لە(ئارارات)دا, کۆمەڵی خۆیبوون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو جموجوولە (شێخ عبدالحمن)ی لەگەڵ بیست چەکداردا نارد کە یەکێك لەوانە (یوسف میرزا)ی خەڵکی گوندی (ئیرس) بوو لەناوچەی (ئیقلیم کفر) لەگەڵ عبدالرحمن محمدو (علی قولنشی)و مەلاکانی (ئیرە)و ئەمانە هەموویان ڕویانکردە ئارارات, بەڵام لەڕێگادا ساتێك شێخ عبدالرحمن تفەنگەکەی ئەداتە دەست (نەجمۆ)ی پیاوی, نەجمۆ بەوپەڕی خیانەتو ناپیاویەوە بەو تفەنگە شێخ عبدالرحمن دەکوژێتو سەری دەبڕێتو کەللەی سەری بەتاریکای شەو ئەبات بۆ تورکەکانو بەو شێوەیە لەو ڕۆژە ناسكو سەختەدا میللەتی کورد تێکۆشەرێکی ئازاو کۆڵنەدەری وەکو شێخ عبدالرحمن لەکیس چوو.

گۆڤاری (گزینگ)ی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٦ باسی ئیبراهیم پاشای کردووە لەدوای شکانی شۆڕشی پیراندا (باوکی ئەو داود ئاغایەی بەرلەمە زنار سلوپی باسیکردووە) لەگەڵ (فەرزندە)دا توانیبویان (١٠٠٠) چەکدار

کۆبکەنـەوەو بڕیاریانـدا لەهەنـدێ ناوچـەی ئێـرانیش بـەهاوکاری کردنـی جەلالیەکانی نزیکی (ماکو) درێژە بەخەبات بدەن.

گۆڤاری گزینگ باسی فروفێڵی کاربەدەستانی ئێرانی کردووە کەچۆن ئیـبراهیم پاشـایان خەڵەتانـدبوو, بـەناوی گفتوگۆکردنـەوە شـوێنێکیان دەستنیشان کردبوو بۆ بینینی ئیبراهیم پاشا کە بەخۆیو (٩٧) سوارەوە ڕویـانکردبووە ئـەو شـوێنە, بـەلاّم لـەڕێگادا بۆسـەیان بـۆ نـابوەوەو تەقـەی لێ دەکـەنو ئیـبراهیم پاشـا دەکـوژرێو (فەرزنـدە) جڵـەوی کاروبـار دەگرێتـە دەست, بەلاّم (فەرزندە)ش هەمان هەڵەی ئیبراهیم پاشای دووبارە کردەوەو لەڕێگادا پەلاماریانداو ئەویشیان بەبریندارى بەدیل گرت.

دەربـارەی دڕندەیـەتی تـورك بەرامبـەر بـەکورد لـەکاتی شۆڕشـی ئـارارات و لـەکاتی سـزادانو ئـاوارەکردنی کـورد بەکۆمـەڵ دوکتـۆر عزیـز شمزینـی لەلاپـەڕە (١٠٥)ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە (٤١) ئامـاژەی بـۆ بڕیـارێکی کۆمیتـەی ڕاپەڕانـدنی مەکتـەبی (سوسـیال ئیـنتر ناسیونال)ی کرێکـاران کـردووە کـە لـەڕۆژی (١٩٣٠/٨/٣٠)دا لەشـاری (زویـرنخ)ی سویسرە کردووە کە لەو بڕیارەدا وتراوە:

((کۆمیتـەی ڕاپەڕانـدنی سوسیالیستی کرێکارانی جیهـان) سـەرنج بۆ ئـەو کوشـتارانە ڕادەکێشـێت کـە دەوڵـەتی تورکیا نـەك تـەنها دژی ئەوانـە کردوێتی کە بەشداربیان کردبوو لەشۆڕشدا, بەڵکو دژی ئـەو کوردانـەش کـە بەشـدار نـەبوون لەشۆڕشـداو هـەروەکو چۆن کـاتی خـۆی تـەنگیان بـە ئەرمەنیـەکان هەڵچنیبوو بـۆ لـەناوبردنیان, بەرامبـەر بـەکوردیش هـەمان بڕیـاری لـەناوبردنی ئەوانیشیاندا, کەچـی بەرامبـەر بـەم هـەموو تاوانانـە ڕایـی گشـتی نـاو نەتـەوە گـەورەکانی لێـی بێـدەنگن و ورتـەیان لێ نایـەو

دەنگی بێزاری خۆیان دەرنابڕن بەرامبەر بەو دڕندەیەتیەی تورك, لەبەر ئەوە دەستەی راگەیاندن داوا لەجیهان دەكات دژی ئەو بەسەرهاتو ڕووداوە خوێناویانە بوەستن و دەنگی بێزاری خۆیان دەربڕن)).

لەڕاستیدا توركەكان گوێیان نەدابووە ئەوەی ڕێكخراوێكی جدیهانی ڕەخنەیان لێ بگرن بەرامبەر بەو ڕەفتارانەی دژی كورد دەیان نواندو هەروەكو پروفیسۆر حسرتیان لەكتێبەكەیدا سەرچاوە (٤٩) باسی وتارێكی عصمت ئینونوی كردووە بەبۆنەی كردنەوەی هێڵی شەمەندەفەری (سیواس) لە ئەنجومەنی وەزیراندا ووتبوی:

((تەنها هەر نەتەوەی توركو ئەوەی بەڕەگەز خۆی بەتورك دەزانێت مافی ئەوەی هەیە خۆی بەهاوولاتی تورك بزانێتو ئەوی بەوە ڕازی نەبێت خاوەنی هیچ مافێك نییە)) بێجگە لەو وتارەی (عصمت ئینونو (محمد ئەسعد بەگ)یش كە وەزیری دادوەری توركیا بووە لەكاتی دەنگدانێكدا كەلە (ئەدیمش)دا كرابوو بەئاشكرا وتبووی:

((ئێمە لەولاتی توركیادا دەژین كە ولاتێكە لەهەرە گەورەترین ولاتانی جیهان دەژمێرێت لەڕووی سەربەستیەوە, ئەو كەسەی بیەوێ خۆی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ببێت بەنوێنەری ئێوە پێویستە ئەو كەسە لەڕەگەزی توركبێتو تەنها دەبێ تورك خۆی بەگەورەی ئەم ولاتە بزانێتو ئەوانەی بەڕەگەز خۆیان بەتورك نازانن تەنها مافی ئەوەیان هەیە وەكو كۆیلەیەك سەیری خۆیان بكەن و پێویستە لەسەر دۆستو دوژمن بەباشی لەم ڕاستیە بگات).

ڕۆژنامەی (حاكمیت میللەت) یش لەژمارەی ڕۆژی (١٩٢٠/٨/١٠)دا وتوویەتی:

((ئـەو داخوازیانـەی لەلایـەن کیـوی و وەحشـیەکانەوە داوا دەکرێـت (مەبەستی داخوازیـەکانی خویبـون بووە) زمـانی ئەو کەسـانە کـە قسـەی پـیٚ دەکـەن هـەموو ووشـەکانی لەدووسـەد ووشـە زۆرتـر تێپـەڕناکات کـە شێوەی ژیانیشیان وەکو ژیانی نیـوە مـەیمون‌و نیـوە مرۆڤێك وایـە, بـەڵام ئاسـایی لانکـەی شارسـتانێتی (کـەزۆرجار بەتورکیا ووتـراوە – ئاسـیای بچـووك) گـویٚ لـەو جـۆرە داخوازیانـە ناگرێـت چـونکە ئەوانـە (مەبەسـت کـوردە) بەوپـەڕی بـیٚ شـەرمییەوە داوای شـتیوا دەکـەن کـە لەسـەر ئـەو داخوازییەیان شایانی ئەوەن لەناوببرێن‌و لەڕاستیشدا تائیستە هەر بەو شێوەیەش ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە)).

پروفیسـۆر حسـرتیان بەرامبـەر بـەو بۆچـوونەی وەزیـری دادوەری تـورك‌و ئـەو دان پیانانـەی ئـەو ڕۆژنامەیـە, لەلاپـەڕە (١١١)ی کتێبەکەیدا هەمان سەرچاوەی پێشوو وتوویەتی:

((وڵاتێـك کـەوەزیری دادوەرییەکـەی بـەو شـێوەیەو بـەو پـەڕی بـیٚ شەرمییەوە لاف‌و گەزافی ئەوە لیٚ بدات کە وڵاتەکەی بەگەورەترین وڵاتـی سەربەسـتی دەژمێرێـت ئاخۆ ئیتر دەبـیٚ چـۆن ڕەخنـە لەڕاپـەڕینی کـورد بگیرێت کە خۆی ئەدات بەکوشت بۆ ئەوەی لەو تورکە داگیرکەرە خۆی ڕزگار بکات؟)).

ئەوەی شـایانی باسـە, دوکتـۆر جـەمال نەبـەزیش ئامـاژەی بـۆ هـەمان ڕۆژنامـەی میللـەت (Milliyet)ی ژمـارە (١٦٣٦)ی ڕۆژی (١٩٣٠/٨/٢١) کـردووەو باسـی ژمـارە (١٦٥٥)ی هـەمان ڕۆژنامـەی کـردووە کـە لـەڕۆژی ١٩٣٠/٩/١٩دا دەرچـووەو لەپـەڕە (١٠٤) کتێبەکەیـدا سەرچـاوە (٣١)

وتوویەتی ئەو ڕۆژنامەیە لەو ژمارەیەیدا ئاماژەی بۆ وتارێکی (محمود ئیسات بوزکورت) کردووە کە وتوویەتی:

((لەتورکیادا ئیمڕۆ ئازادی لەناویا لەهەموو سوچێکی ئەم دنیایە زۆرترەو ئەم نیشتمانە خاکی تورکەو ئەوی لەم ولآتەدا بەڕەگەز تورک نەبێت تەنها هەر یەك مافی هەیە ئەویش بریتییە لەخزمەتکاری‌و کویلەیی کەلام وایە (محمود ئەسعەد بەگی حسرتیان)و (محمود ئیسات بوزکورت) کە دوکتۆر جەمال ناوی هێناوە هەر یەکێك بوون.

لەڕاستیدا هەڵوێستی تورکەکان بەرامبەر بەکورد وەکو لەڕۆژنامەو وتارەکانی عصمت ئینون‌و محمود ئەسعد بەگدا باسیانکردووە تەنها ئەو هەڵوێستەیان بەرامبەر بەکورد هەر لەدوای شۆڕشی ئاگریداغ دەرنەبڕیوە, بەڵکو ئەو سیاسەتە پڕ لەڕەگەزپەرستیەیان بوە بەویردی دەمیان‌و لەو ڕووەوە دوکتۆر جەمال نەبەز لەلاپەڕە (١٠٥)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٣١) وتوویەتی:

((پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهان, یەکسەر ڕۆژنامەو بلآوکراوەکانی تورکیا دەستیانکرد بەبلآوکردنەوەی درۆو دەلەسەو بوختانکردن دژی کوردو لەو ڕووەوە ڕۆژنامەی (son post)ی ڕۆژی ١٩٤٦/٤/١١ وتوویەتی:

((لەتورکیادا کەمە نەتەوەیەك بەناوی کوردەوە نییە, لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەو شوێنانەی بێگانەکان بەکوردستان‌و ئەرمەنستان ناویان دەبردن, لەو شوێنانەدا تورکی دواکەوتوی تێدا دەژیاو زمانەکەیان کە بریتی بوو لەجۆرە تێکەڵی‌یەکی فارسی‌و عەرەبی زمانێکی

دیکـــەیان لـــەزمانی تورکیـــە ڕەســـەنەکەیانەوە دروســـتکرد, زمانێـــك کـــە ئاوازەیەکی زۆر سەیرو عەنتیکەی هەیەو ناویان ناوە کوردی)).

دەربارەی ئەو بۆچونەی ڕۆژنامەی (son post) کە دوکتۆر جەمال نەبەز ئاماژەی بۆ کردووە, دوکتۆر عەزیز شەمزینی لەلاپەڕە (١٠٤)ی کتێبەکەیدا وتوویەتی.

(ئەکرەم ئوزاقلی)ی گێل لەو گۆڤارەدا (کە سەرچاوەکانیتر بەڕۆژنامە ناویان بردووە) بیرو باوەڕە شۆڤێنیەکانی خۆی بەم شێوەیە دەربڕیوە کە وتوویەتی:

((لـەهیچ کاتێکـدا کەمایـەتی کـورد لـەتورکیادا نـەبووە نەبەنیشـتەجێ بـوون و نەبەکۆچـەریو دەیـان سـاڵ لەمەوبـەر لەناوچـەکانی تورکیـادا کـە بێگانـەکان بەکوردسـتان و ئەرمـەنیای دەزانـن هەنـدێ تـورکی دواکـەوتوو دەژیان, ئەو تورکە دواکەوتوانە لەبەرئەوەی بەدابڕاوی لەناوچەیەکی دوری ناو دەوڵەتی عوسمانیدا دەژیان فێری هەندێ وشەی عەرەبیو فارسی بون و ئەو زمانانەی ئەوانەی ئیمڕۆ پێی دەدوێن زادەی ئەو وشانەیە بۆنـاو زمـانی تورکی, بەلأم لەم ڕۆژگارەدا فێرگـەکان هەلومەرجێکی لـەباریان پێکهێنـاوە, لەبەرئەوە ئومێدەوارین لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو شێوە زمانـە بەیـەکجاری نەمێنێت و لەناو بچێت)).

بێگومان نوسەری ئەو باسەی (son post) کە دوکتۆر جەمال باسیکردووە, نوســەری هــەمان شــتە کــە دوکتــۆر عزیــز شمزینــی بەدوورودرێــژتر باســی کــردووە, کــە ئــەم جــۆرە بۆچــونانەی کاربەدەســتانی تــورك و نوســەرە ڕەگەزپەرستەکانی تـورك و ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانیـان قـەوانێکی کۆنـەو لایـان وایـە بـەو درۆو دەلەسـانەی ئـەوان واز لەزمانـە ڕەسـەنەکەی باووبـاپیرانی

خۆیان دەهێننو لایان وایە بەو پڕوپاگەندانەی بڵاوی دەکەنەوەو بەکورد دەڵێن (تورکی شاخاوی) مێژوونووسانو سیاسەتمەدارانی میللەتان کە ماوەیەکی زۆرە لەڕەگو ڕیشەی میللەتی کورد کۆڵیونەتەوەو ئیمڕۆ زمانەکەیان ئێجگار پوختەترە لەزمانە تورکیەکەی خۆیان کە پڕیانکردووە لەوشەی بێگانەو ئەوانە دوای حەفتا ساڵ بەسەر ئەو درۆو دەلەسانەی تورکدا ئیمڕۆ زمانی کوردی وای لێ هاتووە شارەزایانی مێژوو زمان، دان بەڕەسەنی میللەتی کوردو زمانی کوردیدا بنێنو میللەتی کوردیش شانازی پێوە دەکات.

تورکەکان تەنها بەو درۆو دەلەسەو پڕوپاگەندانەی دژی کوردو زمانی کوردی بڵاویان دەکردەوە کۆڵیان نەداو بێ ووچان خەریکی لەناوبردنی کوردو تواندنەوەی میللەتی کورد بوون لەبۆتەی تورکدا بێجگە لەوە هەوڵی ئەوەشیان ئەدا لەوڵاتان بگەیەنن کەلەتورکیادا شتێك نەماوە پێی بوترێ کورد یان بزوتنەوەی کورد.

دەربارەی ئەمە زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٨٥)ی کتێبەکەیدا باسی بەدرۆخستنەوەی ئەو هەواڵانەی کردووە کە تورکەکان دەربارەی هەڵوەشانەوەی (خۆیبون) بڵاویان کریدووەوە، ئەو بەدۆرخستنەوەیە لەلایەن خۆیبونەوە نێردرابوو بۆ ڕۆژنامەی (دوغری یول- ڕێگەی ڕاست) کە لەحلب دەرچووەو بەپێی لاپەڕە (١٨٥)ی کتێبەکەی زنارسلوپی وەرامەکەی خۆیبون بەم جۆرە بووە کە نێرراوە بۆ ئەو ڕۆژنامەیەو لەژمارەی (١٩٣٢/٨/١٢)دا بڵاوکرابووەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

((لەژمارەی ڕۆژی ١٩٣٢/٨/٦)ی ڕۆژنامەکەتانا هەواڵێکتان بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناوی (هەڵوەشانەوەی خۆیبوون) کەوا دیارە ئەو

هەواڵەتان لەڕۆژنامەکانی (ئەلف باء) و (النداء)ەوە وەرتان گرتووەو وتوتانە خۆیبــون بۆیــە خــۆی هەڵوەشــاندۆتەوە بــۆ ئــەوەی ســوود لــەو یاســای لێخۆشبوونە وەربگرێت کە لەلایەن حکومەتی تورکەوە دەرچووە, بەڵام ئەم کۆمەڵــەی ئێمــە (مەبەســت خۆیبونــە) کــەزمان حــاڵی کــوردەو ئامــانج و مەبەستەکانی کورد ڕادەگەیەنێت بڵاوی دەکاتەوە ئەو میللەتی کوردەی ساڵەهایە ماڵ و گیانی خۆی پێشکەش کردووە بۆ ڕزگاربوونی لەجەورو ستەم و چەوسانەوەو ئەم جمعیەتە بووە بەبەشێك لەهەست و ویژدان و گیانی میللەتەکەی و لێی جیانابێتەوەو سەرکردە نەبەردەکانی وەکو احسان نوری و (برو) و (فەرزندە) و (مەمۆ) و (نزیر) وەگەلێکی تر لەگەورەپیاوەکانی کورد کە هەریەکــەیان لاپەڕەیــەکی پــڕ لەشــەرەفیان لــەناو لایەنــەکانی مێــژووی میللەتەکەی خۆیانا تۆمارکردووەو ناویان لەناو دڵ و جەرگی میللەتەکەیان جێگیربوون و چەسپاون, ئایا ئەوانە هەموی هەروەکو ڕۆژی ڕوناك شتێکی ئاشــکرا نییــە کەڕێکخراوەکــەمان چاوەڕوانی هــیچ جــۆرە لێخۆشبونێکی حکومەت نییە, ئەو حکومەتەی هەموو مافەکانی کوردی پێشێل کردووەو هەموو جۆرە ڕەفتارێکی دڕندانەی بەرامبەر بەکورد کردووە, ئایا لەو بارو هەڵوێستەداو لەم ڕۆژانەدا شتێکی شێتانەو بێ مێشکی نییە ئەگەر داوای لێبوردن لەڕژێمێکی خوێناوی وابکات کە جێگە نەماوە لەکوردستانا کاولی نەکردبێت و هەزاران مرۆڤی بێ تاوانیان داوەتە بەر گوللەو (کمال فوزی, دوکتۆر فواد, محمود, طیب علی و گەلێکی تریان اعدام کردووە) تەنها لەبەر ئەوەی کورد بون و ئایا ئەوە کارێکی بێ ویژدانانە نییە کە سەر ڕای ئەو هەموو تاوان و کوشتارانە ناوی کورد دەزڕێنن و بەدناوی دەکەن تەنها لەبەر ئەوەی یەك دوو کەســی ناپیــاوو لاداو لــەڕێبازی میللەتەکەی خۆیــان لایــان

داوەو بۆ لێخۆشبونێکی درۆ کە جێگەی باوەڕ نییە سودیان لەبەڵێنی درۆی حکومەت وەربگرنو بەمەش بڵێن هەڵوەشانەوەی خۆیبون؟!

نامەکەی خۆیبون لەسەری ڕۆیشتووەو وتوویەتی:

تورکەکان پێنج ساڵ لەمەوبەر لێخۆشبونێکی تری لەو جۆرەیان دەرکرد (مەبەست ئەو لێخۆشبونەیە کەلەساڵی (١٩٢٨)دا حکومەتی تورک دەری کردبوو) بۆ ئەوەی خەباتو تێکۆشانی کورد لەناو ببەن, بەڵام دەرکەوت ئەو لێخۆشبونە هەمووی فروفێڵو دەسبڕین بوو لەبەر ئەوە جارێکیتر هیچ کوردێکی تێکۆشەر بەو فروفێڵانە هەڵناخەڵەتێت چونکە ئیمانێکی تەواوی بەپاکیو ڕاستی مەسەلەی میللەتەکەی خۆی هەیەو لاوانی کورد کۆڵنادەن هیچ شتێك وایان لێ ناکات ووره بەردەنو بەهیچ جۆرێك سارد نابنەوە لەخەباتو تێکۆشانی خۆیانو لاوانی کورد هەمیشە چاویان بڕیوەتە ڕێبازی تێکۆشەرانی خۆیان لەوانەی بەوپەڕی مەردایەتیەوە لەبەر دادگاکانو لەبەر قەنارەکانا کۆڵیان نەداو هاواریان دەکرد (بژی کوردو کوردستان).

تۆوی ئەو بیروباوەڕە پاکەی لەمێشکی لاوانا چەکەرەیان کردووە شتێك نییە والەکورد بکات لەخەباتی خۆی لابداو ئەوانەی قوتابخانەکانیان لێ بەستراوەو ڕێگەی خوێندنیان لێ گیراوە چاوەڕوانی ڕۆژی ڕزگاربونن..

لەبەر ئەوە تکایە ئەو هەواڵە پڕ لەدرۆیانەی بڵاوتانکردوونەتەوە ڕاستیان بکەنەوە)).

دەربارەی بەدرۆخستنەوەی کاربەدەستانی تورکو ڕۆژنامەکانی تورك کە گوایە (خوێبون) خۆی هەڵوەشاندبوەوە, بێجگە لەو نامەیەی کە لەلایەن خۆیبونەوە نێررابوو بۆ ڕۆژنامەی (دوغری یول) کە بەرلەمە

باسمانکرد, دوو هەڵوێستی تری خۆیبون بەڵگەی ترن بۆ ئەو درۆیانەی تورک دەربارەی هەڵوەشانەوەی ئەو کۆمەڵە بڵاوی دەکەنەوە.

هەڵوێستی یەکەم:

تورکەکان لەدوای شکانی شۆڕشی ئاگریداغ نەخشەیەکیان ئامادەکردبوو بۆ لەناوبردنی کوردو توانەوەی لەبۆتەی تورکداو نەخشەکێشی ئەمە (عابد عوسمان)بووە.

(عابدین عوسمان - یائوزمان) یەکێك لەپێشنیازەکانی ئەوە بووە ناوچە کورد نشینەکان بکرێن بەچەند بەشێکەوە کە نوسەران هەریەکەیان بەجۆرێك باسی ئەو بەشانەیان کردووە.

زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٥٦)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٠٥٧) وتوویەتی:

(ساتێك مصطفى کمال بۆی دەرکەوت ئەو بڕیاری لێخۆشبوونەی دەریکردبوو کارێکی وای نەکردبووە سەر کوردو لێی دڵنیانەبوون, بۆیە لەئایاری ساڵی ١٩٣٢دا یاسایەکی دەرکرد بۆ گواستنەوەی کوردو بەپێی ئەو یاسایە وڵات کرا بەچوار بەشەوە:

١- بەشی یەکەم: ئەو ناوچانەی دانیشتوەکانی خاوەنی ڕۆشنبیرێتی تورکن.

٢- بەشی دوهەم: ئەو ناوچانەی تەرخانکرابوون بۆ ئەو کوردانەی بەزۆرە ملێ لەشوێنی خۆیانەوە بۆ ئەم بەشە گوێزرابوونەوە بۆ ئەوەی لەبۆتەی تورکدا بتوێنرێنەوە.

٣- بۆ ئەوانە تەرخانکرا کە ڕاگوێزراوەکان دەتوانن بەسەربەستی تیابژین لەوانەی خاوەن ڕۆشنبیرێتی تورکن بەڵام حکومەت ئەرکی ژیان و دابینکردنی ژیانیان ناگرێتە ئەستۆی خۆی.

٤- بریتی بوە لەو ناوچانەی کە پێویست بوو حکومەت بەزۆرە ملی و بەبەکارهێنانی هێز دەستیان بەسەردا بگرێت و بۆ بەرژەوەندیی وڵات و لەبەر هەندێ هۆی ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی و سوپایی و دابینکردنی ئاسایش پێویستە دانیشتوانەکانی تەنها هەر لەو شوێنانەدا بمێننەوە کەبۆیان دەستنیشانکراوەو گواستنەوەی شوێنیان لێ قەدەغەیە؛

پروفیسۆر حسرتیان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٤٩) ئەو بەشانەی زنارسلوپی بەچوار بەش باسیکردون حسرتیان کردونی بەسێ بەشەوە، بەڵام بەپێی کتێبەکەی دوکتۆر عزیز شمزینی دەبێ ئەو یاسایەی زنار سلوپی باسیکردووە یاسایەکی تایبەتی بووە کە لەسەر پێشنیازو نەخشەکەی (عابد ئوزمان) سازی کردبوو، شمزینی ئەو بەشانەی بەم شێوەیەی خوارەوە باسکردووە.

١- موفەتیشیەتی گشتی ژمارە (١) کە مەڵبەندەکانی دیاربکربوە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی دیاربکرو بدلیس و وان و هەکاری و موش و ماردین و ئوفەو سعرتی دەگرتەوە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەم موفەتیشیەتە گشتی یە (ئیبراهیم تالی) کە یەکێك بوو لەدۆستە نزیکەکانی مستەفا کەمال لەگەڵ وەهبی کەوالی سیواس بوو، وەئابدین ئوزمان، عەونی یوسف ئەمانە هەموو کران بەکاربەدەست و لێپرسراوانی ئەم بەشە.

٢- موفەتیشیەتی دوهەم: ناوەندەکەی (مرکز)ەکەی (تراکیا) بوە.

٣- موفەتیشیەتی سێهەم: لە ئەرزروم.

٤- موفەتیشیەتی چوارەم: (ئەلازیك) كە سنوری ئەم بەشە هەموو ویلایەتە كوردنشینەكانی دەگرتەوە وەكو ئەلازیك, درسیم بنگول.

لەڕاستیدا پێشنیازو نەخشەكەی (عابدین نوزمان) تەنها بریتی نەبووە لەو دابەشكردنەی لەو سەرچاوانەدا ئاماژەیان بۆ كردووە بەڵكو بریتی بووە لە نەخشەیەكی دوورودرێژ كە لە(٢٣) لاپەڕەدا ئامادەی كردووەو حكومەتی تورك وەك گوێگرانێك هەندێكی كردووە بەیاساو بەجێی هێناوە كەهەندێ سەرچاوە باسی هەندێ لەناوەڕۆكی ئەو نەخشەو پێشنیازەیان كردووە. (لەباسی یەكەمی بەشی دووهەمدا- شۆڕشی درسیم كورتەی ئەو نەخشەیەی عابدین نوسمان باسی دەكرێت لەو ٢٣ لاپەڕەیەدا باسكراوە). دەربارەی ئەوە, پروفیسۆر حسرتیان لەكتێبەكەیدا سەرچاوە (٤٩) ئاماژەی بۆ هەندێ لەو مادانە كردووە كە وتوویەتی:

مادە (١-٢): دەسەڵات دەدرێت بەكاربەدەستانی توركو پۆلیس توانای ئەوەی دەبێت هەموو جۆرە پەیوەندییەكی نێوان عەشایرەكان لێك بپچڕێننو ڕێگە نەدرێت بەهیچ سەرۆك عەشیرەتێك دەسەڵاتی جارانی بمێنێت (حسرتیان ئەڵێ: ئەمە ئەو سەرۆك عەشتیرەتانەشی دەگرتەوە كە جاران خۆیان بەكرێیان دەگرتنو كردبوویانن بەكوتەكی دەستیان دژی شۆڕشگێڕانی كورد.

مادە (٣) هەموو زەویو زاری ئەو شوێنانەی حكومەت بەپێویستی دەزانێت دەبن بەموڵكی حكومەت (حسرتیان دەڵێ: بەپێی ئەم ماددەیە دانیشتوانی كورد لەهەمووماڵو موڵكی خۆیان بێبەش كران.

ماده(٤) ئەو موڵکانەی بەپێی مادەی (٣) دەستیان بەسەردا دەگیرێت دەدرێن بەو تورکانەی لەیۆنانەوە ڕویانکردۆتە تورکیا.

مادە (٥) کاربەدەستانی حکومەت دەسەڵاتی ئەوەیان دەبێت ئەگەر گومانیان لەهەرکەسێك هەبێت ئەو کەسە بەخۆی‌و خاوخێزانەوە لەو شوێنە دەرکەن.

مادە (٦-٧) پێویستە هەموو جۆرە هەنگاوێك بنرێت بۆ ئەوەی کورد وای لێ بکرێت زمانەکەی خۆی لەبیربچێتەوەو پێویستە کورد تەنها ڕێگەی ئەو کارو فرمانانەی پیێ بدرێت کە بەزەبری لەش‌و توانا جێبەجێ دەکرێن (یەعنی قەدەغەکردنی هەموو کاروبارێکی زانیاری‌و ڕۆشنبیری).

مادە(٨) ئەو کوردانەی لەناوچەکانی خۆیانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ناوچە تورك نشینەکان پێویستە ژمارەیان لە (١٠٪) دانیشتوانی تورکەکان تێپەڕ نەکات.

مادە (٩) وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت ڕەوەندو کۆچەرییەکان ئەگەرچی هەمووشی بەتورك حساب نەکرابن‌و دووربن لەڕۆشنبیرێتی تورکەوە، پێویستە ئەوانە دابەشبکرێن بەسەر گوندو شارەکانداو ئەو خێزانانەش کە لەسەر سنورەکاندا دەژین‌و جێگەی گومانن لەلایەن دەوڵەتەوە، پێویستە هەروەکو چۆن قەرەجەکان فێری ڕۆشنبیرێتی تورك نەبوون دەبێ ئەمانەش وەکو ئەو قەرەجانە دەربکرێن بۆ دەرەوەی وڵات.

مادە (١٠) فقرە (١) پێویستە ڕێگە بەهیچ سەرۆك عەشیرەتێك نەدرێت تواناو دەسەڵاتی هیچ شتێکیان هەبێت ئەگەرچی لەدادگاکاندا یا بەپێی هەندێ مەراسیم ئەو جۆرە دەسەڵاتەیان پێ درابێت.

ماده (١٠) فقره (٢) تەرخانكراوه بۆ چۆنێتی دابەشكردنی ئەو زەوی‌و زارانەی حكومەت دەستی بەسەردا گرتووه بۆ دابەشكردنی ئەو توركە ئاوارانەی ڕویانكردبووه توركیا.

ماده (١٠) فقره (٣) وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە سەرۆك عەشیرەت‌و شێخەكانی كورد بگوێزێتەوەو دابەشیان بكات بەسەر ئەو شوێنانەدا كەخۆی بەباشی دەزانێت ئەگەر بۆی دەركەوت مانەوەیان لەشوێنەكانی ئێستەیانا زیانی دەبێت بۆ ئاسایشی وڵات.

حسرتیان ئەڵێ:

بەبڵاوبونەوەی ئەم یاسایە ئاژاوەو نائارامی‌یەكی توندوتیژ لەكوردستانا پەیدا بوو, حكومەت بۆ خاوكردنەوەو خامۆشكردنی بارودۆخ بڵاوی كردەوە ئەو یاسایە لەدوای دە ساڵی‌تر ئەوسا كاری پێ دەكرێت, بەلآم سەیر ئەوە بوو هەمووی دوو ساڵ تێپەڕی نەكردبوو بەسەر ئەو یاسایەدا حكومەت لە (١٩٣٤/٦/١٢)دا یاسای ژمارە (٢٥١٠)ی دەركرد بۆ چۆنێتی ڕاگوێزان‌و ئاوارەكردن‌و نیشتەجێ كردنیان كە مەبەستی لەوە تەنها هەر كورد بوو.

حسرتیان لەلاپەڕە (١٦٠)ی كتێبەكەیدا لەسەری ڕۆیشتووەو وتوویەتی:

((ساتێك بورجوازی تورك بڕیاری نەهێشتنی دەسەلآتی سەرۆك عەشیرەتەكانی دەركرد, لەڕاستیدا ئەو دژایەتیەی بەرامبەر بەو سەرۆك عەشیرەتانەی بۆ ئەوە نەبوو كە پلەو ڕادەی ڕۆشنبیری‌و باری ئابووری جەماوەری كورد باش بكات‌و بەرزی بكاتەوەو ڕزگاریان بكات لەچەوساندنەوە, بەڵكو ئەو یاسایەی وەكو كوتەكێكی دەستی بەكاردەهێنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی نەتەوەی كوردو توانەوەی لەبۆتەی نەتەوەی

توركدا كە ئەم ڕاستی‌یە لەمادە (١١)دا ڕوون دەبێتەوە کە لەو مادەیەدا بەئاشکرا وتراوە:

١- ڕێگە بەهیچ کەسێك نادرێت لەوانەی زمانی توركی بەزمانی باوو باپیری خۆیان نازانن کە هیچ گوندێك یا گەڕەکێکی تازە دروست بکەن بۆخۆیانو بۆیان نییە هیچ ڕێکخراوێك بۆخۆیان پێك بێنن.

٢- وەزارەتی ناوخۆ دەسەڵاتی هەیە هەرچی بەباش بزانێت بیکات بەرامبەر بەوانەی دوورن لەڕۆشنبیرێتی توركەوەو بۆی هەیە دووریان بخاتەوە بۆ ئەو شوێنانەی بەباشی دەزانێت, وەبۆشی هەیە بێبەشیان بکات لەجنسیەی توركی.

٣- ڕادەیەکی سنووردار دانرابو بۆ کوردە ئاوارەکراوەکان کە بەپێی ئەو بڕیارە دەبوایە تێکەڵ بکرانایە بەکۆمەڵگاکانی تورك‌و ڕێگەیان پێ نەدرێت لەهیچ شوێنێکدا ببن بەزۆرینەی دانیشتوانی ئەو شوێنە.

حسرتیان بێجگە لەو مادانەی پێشوو, ئاماژەی بۆ مادە (٢٩)ی ئەو یاسایە کردووە کە وتوویەتی:

((ئەوانەی ناوچەی یەکەم دەبێ هەتا ماوەی (١٠)ساڵ لەو شوێنانەی بۆیان تەرخان دەکرێت بمێننەوەو نابێ بەهیچ شێوەیەك بەجێی بهێڵن.

دەربارەی ئەو یاسایەی پروفیسۆر حسرتیان باسی کردووە, زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٥٧)ی کتێبەکەیدا بەرامبەر بەو یاسایەی لەڕۆژنامەی (میللیت)ی ژمارە (٢٢٣٧)ی ڕۆژی ٥/ی ئایاری ١٩٣٢دا بڵاوکرابووەوە بەیانێکی (خۆیبون)ی بڵاوکردۆتەوە (کەئەمەش بەدرۆخستنەوەیەکی تری توركە کە بڵاویانکردبوەوە خۆیبون خۆی هەڵوەشاندبوەوە, لەو بەیانەدا وتراوە:

((ئەی هاوولاتیانی کۆڵنەدەر, وائیمڕۆ میللەتی کورد دووبارە تووشی مەترسیترین بەسەرهات هاتووە لەمێژووی خۆیداو ئەم جارە تورك بەئاشکراتر لەهەموو جارێك دەستی کەوتۆتە ڕوو بەرامبەر بەکورد.

ئەو یاسا شووم‌و ڕەشەی بیستوتانەو خوێندوتانەوە بریتییە لەوەی تاقمێکی درۆزن‌و ساختەچی لەژێر پەردەی ئەنجومەنی میللی گەورەدا چۆن خۆیان شاردۆتەوەو یاسایەکی زاڵمانەی پڕ لەساختەیان بۆکورد دەرکردووە کە لەڕۆژنامەی (میللەت)ی ڕۆژی (٥/ئایار/١٩٣٢)دا ژمارە (٢٢٣٧) کە لەو یاسایەدا وتراوە:

ئەوانەی زمانی تورکی بەزمانی نەتەوایەتی خۆیان نازانن ڕێگەی ئەوەیان پیێ نادرێت بەهیچ شێوەیەك گوندو گەڕەك‌و شوێنی کاروباری خۆیان چاك بکەنەوەو ئاوەدانیان بکەنەوەو نابێ هیچ جۆرە چالاکیەك بنوێنن.

کورد لەماوەی چوار هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە هەتا ئێستە لەناو خاکی باووباپیرانی خۆیدا ژیاوە, وائیمڕۆ بەخۆیان‌و خاووخێزانەوە دوورخراونەتەوە بۆ (ئەنادۆل)و هەموویان لەو پەڕی ژیانی هەژاری‌و برسێتی‌و نەبوونیدان... ئایا ئەمە ناگەیەنێت حکومەتی تورك زۆر دەمێکە نەخشەی لەناوبردنی کوردی کێشاوەو هەر لەڕاگوێزانی یەکەمەوە مەبەست‌و نیازەکانی تورك بەرامبەر بەکورد ئاشکرا بوەو لەو ڕۆژانەوە شیرو سونگیەکانیان ئاراستەی سنگی هەموو کوردێك کردووە, کە هەمان ڕەفتاریان لەگەڵ ئەرمەنیەکانیشدا کردو دەبێ چاوەڕوانی کردەوەی خراپتریشیان لێ بکرێت.

ئەی هاوولاّتی خۆشەویشت... تۆ ئەندامی ناو کۆمەڵگای میللەتەکەی خۆتی‌و بەرپرسیاریت بەرامبەر بەمیللەتەکەت کە بەداخەوە تائیستە نەمان توانیوە تواناو دەسەلاّتمان بۆ سوودی خۆمان بەکاربێنین‌و جارەها یەك لەدوای یەك خەڵەتێنراوین‌و لەخشتە براوین.

واحکومەتی تورك بێ پێچ‌و پەناو بەئاشکرا پێمان دەڵێت نابێ هیچ کوردێك بەزیندوویی بژی, لەبەرئەوە پێویستە لەسەر هەموان واز لەهەموو ناکۆکی‌و ناڕێکیەکانی ناو خۆیان بهێنن بچنە پاڵ نوێنەری میللەتەکەتان (کە مەبەستی (خۆیبون)ەو دەست بدەنە چەك کە ئەمە تاقە ڕێگایەکی ناچاری‌یە کە بتوانرێت لەڕێگەی ئەوەوە بەربەرەکانی تاوانەکانی تورکی تاوانبار بکرێت‌و هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانرێ کوردستانی پیرۆز ئازاد بکرێت‌و لەتاوانبار ڕزگار بکرێت.

ئەی هاوولاّتیان.. تۆزێك بیر لەوە بکەنەوە ئایا چۆن هەتا کەی دەتوانن بەرگەی برسێتی‌و نەبوونی‌و سزاو دەسدرێژیکردن‌و جنێودانی جەندرمەکانی تورك بگرن‌و پێویستە بەسەرهاتی ئاوارەبووەکانی پێشوو بخرێنە بەرچاو کەچۆن تووشی چەرمەسەری‌و ماڵ وێرانی بوبون‌و چۆن جەندرمەکانی تورك هەمیشە ئێمەیان بەکەرو گا ناودەبرد.

ئەم ولاّتەی باووباپیرانمانی تیادا نێژراوە, ئایا شایانی ئەوە نییە بێ پارێزین‌و مل کەچ نەکەین بۆ ئەو یاسا سەخت‌و گرانەی بۆ لەناوبردنی ئێمە دەرچووەو دەیانەوێت کوردێك لەناو خاکی خۆیدا نەمێنێت؟!

ئەی برایانی هاوولاّتی....دەست بدەنە چەك بۆ ئەوەی لەدنیا بگەیەنین ئێمەی نەوەی باووباپیرانی ئازاو نەبەردمان ئامادەین لەپێناوی پاراستنی شەرەفی خۆمان‌و ولاّتەکەماناو لەپێناوی ڕزگارکردنی کوردا گیانمان بەخت

نەكەین، ئەگەر ئێمە پیاوانەو ئازایانە شەڕ نەكەین، وامان لێ دێ هەموومان لەبرسا بمرین، لەبەر ئەوە ئەم بانگەوازە فەرامۆش مەكەن‌و بچنە پاڵ هاوولاتیەكانتان‌و هەمیشە ورەتان بەرزبێت‌و كۆڵ مەدەن... بڕواتان بێ، ئەگەر ئێوە دەست بەڕاپەڕینێكی چەكدارانە بكەن، ئەوا ژمارەیەكی زۆر لەئەفسەران‌و ڕۆشنبیرانی كورد بەدەنگتانەوە دێن‌و هاوكاریتان ئەكەن‌و بەهەموان شۆڕشێكی دلێرانە بەرپا دەكەین لەپێناوی سەرگرتنی میللەت‌و ولاتەكەمانا كە ئەبێ هەمومان سەروماڵمانی لەپێناودا فیدابكەین.

بێگومان شارەزای ئەوەن ڕزگاركردنی وڵات‌و نەتەوەكەمان پێویستی بەهەڵگرتنی چەك هەیە، لەبەر ئەوە سڵ مەكەنەوەو دوودڵ مەوەستن‌و دوورەپەرێز مەبن چونكە ئێمە هەروەكو مەڕێكی بەسزمان لەشوێنی خۆمانا بوەستین‌و جووڵە نەكەین ئەوا گورگەكان پەلامارمان ئەدەن‌و لەبەرئەوەی خۆتان بەكورد دەزانن توركەكان نەك تەنها هەرخۆتان بەڵكو بەخاوو خێزانەوە هەمووتان لەناو دەبەن، بۆیە پێویستی‌یەكی نیشتمانیە لەم ڕۆژە ناسكەدا ئامادەبن بۆ فیداكاری لەپێناوی ڕزگاركردنی نیشتماندا بۆ ئەوەی مافی ڕەوای گەلەكەمان مسۆگەر بكرێت‌و شەرەفی كورد بپارێزیت.

ئەگەر هەندێكیشمان لەپێناوی ئەم مەبەستە پیرۆزەدا شەهید ببین ئەوانی‌تر لەناو خاكی خۆیانا بەسەربەستی‌و ئازادی لەگەڵ خاووخێزانیانا بەئارامی لەناو گوندو شارەكانی كوردا دەژین.

برایانی خۆشەویست: ئەگەر ئەم هاوارو بانگەوازەی ئێمە لەناخی دڵ‌و دەرونمانەوە بەئێوەی خۆشەویستی دەگەیەنین‌و تۆش دەتەوێ لەكۆت‌و زنجیری دوژمن ڕزگار ببیت ئەوا پێویستە بەدەنگیەوە بچیت‌و

بەپیچچـەوانەوە کەمتەرخـەمی کـارێکی وادەکـات هـەمووومان لـەناو بچـین و کەرامەتمان پێشێل بکرێت.

ئەی هاوولاّتیان ... داوای سەرکەوتنتان دەکەین

لیژنەی ناوەندیی خۆیبون

١٩٣٢/٦/١٦

بێجگە لەو نەخشەیەی لەلایەن (عابدین ئوزمان)ەوە ئامادەکرابوو, جگە لەو یاسایانەش کە حکومەتی تورك دەری کردبوو وەکو لەباسەکەی پرۆفیسۆر حسرتیاندا بەدوورودرێژ باسیانکراوە حکومەتی تورك نەخشەیەکی نهێنی ئامادەکردبوو دژی کورد خۆیبوون دەقی ئەو نەخشەیەی دەستگیر بوبوو کوپیەکی ناردبوو بۆ حکومەتی بەریتانیا بۆئەوەی پێی ڕابگەیەنێت کەتورك چۆن نەخشەی لەناوبردنی کوردی کێشاوە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدرێت بەهیچ بزوتنەوەیەکی تری کوردو نامەکەی خۆیبون و فوتوکوپیی نەخشەکەی تورك لەبیروتەوە نیررابوو بۆ سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لەلایەن (SIR.SPEARS) کە نەخشەکە بەشێك بوە لەو نەخشە دوورودرێژەی (عابدین ئوزمان) ئامادەی کردبوو.

سەیر ئەوەیە دەقی ئەو نەخشەیەی (عابدین ئوزمان) لەدوای دە دوازدە ساڵ لەدوکیومێنتیکی بەریتانیادا بڵاوکراوەتەوە, ژمارە (FO.371-34966) ڕۆژی ١٠/٥/١٩٤٣ دۆکیومێنتە باسی ئەوە دەکات کە (SIR.SPEARS) لەناو نامەیەکدا ناردوێتی بۆ سەرۆکی وەزیرانی بەریتانیاو وتوویەتی:

((ئەو نەخشەیەی تورك پڕە لەهەڕەشەو بەئاشکرا هەمووی بۆنی خوێن ڕشتنی لێ دێت)).

کە ئەمەی خوارەوە وەرگێڕانی بەشێکی ئەو نەخشەیەیە کە ئابدین ئوزمان باسیکردووەو خۆیبون ناردوێتی لەڕێگەی (SIR.SPEARS)ەوە:

١- پێویستە حکومەتی تورکیا وریای ئەوە بێت کەنابێ ڕێگە بەوە بدرێت هیچ ڕاپەڕینێکی تری کورد ڕوبدات بەهاندانی بێگانە (دوکیومێنتەکە دەڵێ تورك لەمەدا مەبەستی سۆڤیەت و سوریەیە).

٢- نیشتەجێکردنی تورك لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا پاش داگیرکردنی زەوی‌و زارەکانی ئەو ناوچانە (بێگومان مەبەست زەوی‌و زارەکانی کوردبوە)وە دابەشکردنیشیان بەسەر جوتیارەکانی تورکدا.

٣- نابێ بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەوە بدرێت زمانی کوردی لەهیچ قوتابخانەیەکدا بەکاربهێنرێت‌و نابێ ڕێگەبدرێت لەزمانی تورکی بەولاوە هیچ زمانێکی‌تر لەناو ولاّتدا بەکاربهێنرێت.

٤- چاککردنی ڕێگەوبان بۆ ئاسانکردنی هات‌وچۆ لەو ناوچانەدا (بێگومان مەبەست ئاسانکردنی گەیشتنی هێزەکانی حکومەت بۆ هەر ناوچەیەك بیان ویستایە).

٥- باشکردنی باری ژیان‌و گوزەرانی کاربەدەستانی تورك لەوانەی لەدەزگا حکومەتیەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا کاروباری ڕۆژانەی حکومەت بەڕێوەدەبەن بۆ ئەوەی بەباشی لەو ناوچانەدا گوزەران دەکەن‌و پێویستە خانووبەرە بۆخۆیان‌و خاووخێزانیان دابین بکرێت.

٦- هەوڵبدرێت ئەو کارمەندانەی دەنێررێن بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەو فەرمانبەرانە بن کە کارامەو لێهاتووبن بۆ ئەوەی کاروبارەکانی حکومەت بەشێوەیەکی باش بەجێ بێنن.

کە ئەو نامەیەی (SIR.SPEARS)و کۆپی نەخشەکەی تورك دەگاتە لای سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا سکرتێرەکەی وەکو لەهەمان دوکیومێنتدا باسکراوە لەسەری نوسیوە:

((لەبەر ئەوەی سیاسەتی تورك لەسەر بناغەیەکی ڕەگەزپەرستی پێکهاتووە, بۆیە کاربەدەستەکانیشی هەر هەمان ڕێباز دەگرنەبەر بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو کەمەنەتەوەکانی تورکیادا لاوازبێت‌و

پەرەنەسێنێت و تورك وەکو میللەتێکی رەگەزپەرست و سەوداسەری سەربازێتی شتێکی ئەوتۆی لەباردا نییە بتوانێت خزمەتی رۆشنبیرێتی و شارستانێتی بکات)).

لەپاشکۆی ئەو دوکیومنێتەدا سکرتێرەکەی سەرەك وەزیران باسی سەرسوڕمانی خۆی کردووە کە خۆیبون چۆن و لە چ رێگەیەکەوە دەقی ئەو نەخشەیەی تورکی دەستگیر بووەو وتوویەتی:

((تۆ بڵێی ئەو پێشنیازەی مفەتیشە گشتیەکەی تورك ئامادەی کردووە (کەمەبەست عابدین ئوزمانە) لەلایەن مرکزی مخابەراتی رۆژهەلاتی بەریتانیاوە (the middle east intellegence army) کە کورتەکەی بریتییە لە (M.E.I.A) بەشێوەیەك لەشێوەکان گەیشتبێتە دەست خۆیبون؟))

لەباسی شۆڕشی دەرسیمدا، لەشوێنی خۆیدا دوبارە دەچینەوە سەر باسی پێشنیازەکانی ئەو نەخشەیەی (عابدین ئوزمان) کە پەیوەندی بەبارو هەلوێستی کوردستانەوە بوە بەرلەدەستپێکردنی شۆڕشی دەرسیمداو ئەوەی شایانی باسە لەباسی سێهەمی بەشی سێهەمدا دوبارە ئامارە بۆ ئەو یاسایانە دەکەینەوە کە حکومەتی تورك دەری کردووەو پروفیسۆر حسرتیان بەرلەمە ئامارەی بۆ هەندێکیان کردووە بۆ ئەوەی ئەوانەی پروفیسۆر حسرتیان بەرلەمە باسیکردون لەزنجیرەی ئەو یاسایانەی حکومەتی تورك لەپەیمانی لوزان بەدواوە دەری کردووە.

بۆ پوچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی تورکەکان دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی (خۆیبون) زنار سلوپی لەلاپەرە (٢١٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) باسی چالاکی حۆیبونی بەم جۆرە کردووە:

((ئەندامە تازەکانی خۆیبون بەو پەڕی چالاکیو بیٚ ووچان لەبارودۆخی سیاسی تازە کۆببوونەوە بۆ ئەوەی کاروباری خۆیان ڕێك بخەن بەشێوەیەکی چالاکانە لەپێناوی بەرژەوەندی نیشتماندا. چاوەڕوانی ئەوە داکرا هەندیٚ گۆڕانکاری تازە دەست پیٚ بکاتو لەگەڵ هەندیٚ لەڕێکخراوە سیاسیەکانا کەوتنە گفتوگۆ لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن تواناو دەسەڵاتی هەموویان یەك بخرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی هەموویان لەسەری ڕێکەوتبوون کە یەکێك لەو تەقەلایانە بریتی بوو لەو پێوەندییەی خۆیبون لەگەڵ مامۆستا رفیق حیلمی نیشتمانپەروەرو لیٚ هاتوو هەڵکەوتوو کە نوێنەری کۆمەڵی (هیڤی – هیوا) بوو لەباشووری کوردستاندا.

بۆ ئەو مەبەستە مامۆستا رفیق حیلمیو هاوڕێکانی (عزت عبدالعزیز بەگ– نقیب روکنی ناوسوپا٩یان نارد بۆ مەرکەزی خۆیبون (لەدوایدا عزت عبدالعزیز لەگەڵ سیٚ ئەفسەری تردا کە مصطفی خۆشناوو خیر الله حمە قودسی هەموویان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە اعدام کران).

لەئەنجامی ئەمەدا بڕیاردرا نوێنەری هیوا لەگەڵ (اکرم جمیل پاشا) و (عبدالرحمن علي یونس ئاغا) کە نوێنەری خۆیبوون بوون یەکتری ببینن، بەڵام بەهۆی دەستپێکردنی شەڕی جیهانەوەبارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆز بووبوو، لەو کاتەدا لەو شوێنەی دەستنیشانکرابوو نوێنەری هیوا نەیتوانیبوو نوێنەری خۆیبوون ببینێتو مامۆستا رفیق حیلمی ڕۆژی (١٩٤٤/٢/٩) نامەیەکی ناردبوو بۆ قدری جمیل بەگ (زنار سبوپی)و هۆی ئەو یەکتری نەبینینەی تیا ڕونکردبووەو داوای کردبوو (ئەسکەندەر بەگ)ی نوێنەری خۆیبوون بچێتە سەر سنوور (دیارە مەبەست سوریاو عێراقە)و لەڕێگەی (ئیبراهیم عزیز بەگ)ی نێردراوی هیواوە چاوی بە ئەسکەندەر بەگ

بکەوێت‌و نامەی هیوای بۆ بنێرن‌و بارودۆخی باشوری کوردستانی بۆ ڕوون بکەنەوەو کارێکی وا بکرێت پێوەندییەکی هەمیشەیی لەنێوان هەردوولادا بکرێت.

ئەوەی شایانی باسە, قدری جمیل بەگ لەلاپەرە (٢١٣)ی کتێبەکەیدا بەدوورودرێژ باسی نیشتمانپەروەرێتی‌و تواناو لێهاتوویی ماموستا رفیق حلمی کردووە, دەربارەی (ئەسکەندەر بەگ)یش-زنار سلوپی وتوویەتی ئەسکەندەر بەگ ئەندامێکی چالاکی خۆیبوون بووەو ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەدامەزراندنی کۆمەڵی خۆیبووونداو بەرلەوەی ببێت بەئەندامی خۆیبوون, لەدوای شەڕەکەی شێخ سەعیدی پیران ئەندامی (حزبی شعبی کورد) بوە.

بێجگە لەو چالاکیەی خۆیبوون لەگەڵ حزبی هیوادا لەباشووری کوردستان, دوای ئەوەی کۆماری مهاباد لەکوردستان دامەزرا قدری جمیل بەگ پاشای دیاربکری کە نوێنەری خۆیبوون بوو چووە مهابادو وەکو نوێنەری ئەو کۆمەڵە هاوکاریی کردووە لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری کوردستاندا لەمهابادو وێنەیەکی قدری جمیل پاشا لەگەڵ قازی محمدی سەرۆکی کۆماری کوردستان لەمهاباد لەلاپەرە (٣٢٢)ی کتێبەکەی قدری جمیل پاشا/ زنار سلوپی) بلاوکراوەتەوە.

بەشی دووهەم

شۆڕشی درسیم (١٩٣٦-١٩٣٨)

لەدوای شۆڕشی ئاگریداغ و کاولکردنی سەدان گوندو سووتاندنی هەزاران خانوو وەکاولکردنی رەزوباخ و ئاوارەکردنی دەیان هەزار کوردو دوورخستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەکان، ئیتر ڕژێمی تورك بۆ تەواوکردنی ئەو نەخشانەی لەشۆڕشی پیران و ئاگریداغدا بۆیان تەواو نەکرابوو، بڕیاریدا ناوچەی درسیمیش وەکو ناوچەکانی پیران و ئارارات کاول بکات و دانیشتوەکانی بەکۆمەڵ بگوێزێتەوەو لەخاکی نیشتمانی خۆیان دووریان بخاتەوەو بەشێوەیەکی پەرەوازەیی لەناوچە تورك نشینەکانا بەزورەملی نیشتەجێیان بکات بۆئەوەی لەماوەیەکی کەمدا وایان لێ بکات هیچ هەستێکی کوردایەتیان تیادا نەمێنێت و لەبۆتەی ڕەگەزی تورکدا بتوێنرێنەوە.

لەبەرگی دوهەمدا، لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم باسی ڕاپەرینێکی ناوچەی درسیم کرا لەریزی زنجیرە ڕاپەرینەکانی پێش شۆڕشی پیرانداو باسی ئەوە کرا تورکەکان لەماوەیەکی کەمدا توانیبویان ئەو شۆڕشە دامرکێننەوە کە بەداخەوە هەندێ لەسەرکردەکانی ناوچەی درسیم لەو ڕاپەرینەدا کەمتەرخەمیان کردبوو، بەلای شۆڕشەکەدا نەچوبون، بۆ نمونە

(سەید ڕەزا)ی دەسەڵاتداری ناوچەکە بێلایەن وەستاو لای وابوو حکومەت حسابی ئەو بێ لایەنییەی بۆ دەکات و نەیدەزانی ڕۆژێکیش دێ پەلاماری ئەویش دەداو بەدەردی سەرکردەکانی تری کوردی لێ دەکات و لەڕاستیدا لەدوای دامرکانەوەی شۆڕشی ئاگریداغ نورەش هاتە سەر ئەو، حکومەت بەئاشکرا دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر دانیشتوانی ناوچەکە دەربڕی و ساتێك سەید ڕەزا بۆی دەرکەوت حکومەت وازی لێ ناهێنێت و حسابی بێ لایەنیەکەی جارانی بۆ ناکات ئیتر ئەویش ناچاربوو، سەرکردایەتی شۆڕشێکی تری گرتە ئەستۆی خۆی بەڵام تازە کارلەکار ترازابوو، حکومەت خۆی بەهێز کردبوو نەخشەی لەناوبردنی کوردی کێشابوو بۆیە شۆڕشەکەی درسیمیش بەسەرکردایەتی سەید ڕەزا وەکو شۆڕشەکانی تر لەناوبرا.

باسەکانی ئەم بەشەی شۆڕشی درسیم بریتین لەم باسانەی خوارەوە:

باسی یەکەم: هەڵوێست لەباکوری کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و لەناوچەی درسیم بەتایبەتی بەر لەدەستپێکردنی شۆڕش.

باسی دوهەم: هۆی دەستپێکردنی شۆڕش و بەشداربوانی شۆڕش و سەرکردەکانی شۆڕشش.

باسی سێهەم: سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش و ڕووبەڕوو بوونەوەی شۆڕشگێڕەکانی درسیم بەرامبەر بەهێزەکانی حکومەت.

باسی چوارەم: شکانی شۆڕش و سەرەنجامی شۆڕش و سزادان دانیشتان و ئاوارەکردنیان.

باسی پێنجەم: هەڵسەنگاندنی شۆڕش و کەم و کوورییەکانی.

باسی یەکەمی

هەڵوێست لەباکوری کوردستان بەشێوەیەکی گشتیو لەناوچەی درسیم بەتایبەتی بەر لەدەسپێکردنی شۆڕش

دوای ئـەو هـەموو تاوانانـەی تورکـەکان دژی دانیشـتوانی ناوچـەکانی ئاراراتیان کردبوو زۆری پیێ نەچوو دەستیانکرد بەهەڕەشـەکردنو سزادانی دانیشـتوانی درسیمو کوردیـان ناچارکرد دووبـارە دەسـت بداتـەوە چـەكو شۆڕشێکی تـر دەسـت پـێ بکـاتو گـەلێك سەرچاوە باسـی هەڵوێسـتی ئـەو ڕۆژانەی ئەو ناوچەیەیانکردووەو لـەم باسـەدا هەوڵئـەدەین کورتەیـەکی ئـەو سەرچـاوانە بخەینـە پـێش چـاو کەباسـی هەڵوێسـتیان کـردووە بەرلەدەستپێکردنی شۆڕش.

دەربـارەی بـاوردۆخی پـێش شـۆڕش، باسـیل نیکـتین لەلاپـەڕە (١٩٣)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٤) ئامـاژەی بۆ باسـێکی (مارشـال دابیری) کـردووە کـە لەڕۆژنامـەی (لماتـان)ی ژمـارەی ڕۆژی (١٩٣٠/١٢/١)دا بـڵاوی کردۆتـەوە کـە وتوویـەتی: شۆڕشـی کـورد هێشـتا کۆتـایی پـێ نـەهاتووەو صـلاح الـدین کـوڕی شـێخ سـعید (مەبەسـتی شـێخ سـعیدی پیرانـە) کـەوەختی خـۆی لەدادگایەکی تورکدا زیندانکرابوو کەبەربوو ئەویش چوە پاڵ شۆڕشگێڕانی

درسیم کەخۆیان ئامادەکردبوو بۆ شۆڕش و جەندرمەکانی تورك لەساڵی (١٩٣٣)دا هێرشیان کردە سەر (شێخ فەخری) لەدەوروبەری دیاربکرداو دادگای حکومەتی تورك کە دادگایەکی سوپایی بوو زنجیرەیەك بڕیاری لەساڵی (١٩٣٤)دا دەرکرد بۆ لەسێدارەدان و زیندانکردنی هەمیشەیی چەند کەسێك و لەنێوان ساڵانی (١٩٣٤-١٩٣٧)دا کە حکومەت هەوڵی دابوو دەست بەسەر هەڵوێستدا بگرێت ڕاپەڕینی (اسبارتا) لەساڵی (١٩٣٥)دا بەرپاکرا کە (شیخ البدیع الزمانی کوردی) تیایا بەشدار بووبوو وەلەناوچەی (موش)دا جۆرە یاخیبوونێك ڕوویدا کەیاخی بووەکان بڕیاریاندا هیچ جۆرە باجێك نەدەن بەحکومەت و لەئەنجامی ئەمەدا شۆڕشی درسیم (تونجلی) دەستی پێکرد پاش ئەوەی حکومەت دەستی کردبوو بەدەسدرێژیکردن و کاولکردنی خانووی ئەو دێهاتانەی بەشدارییان کردبوو لەو ڕاپەڕین و یاخی بوونەدا.

باسیل نیکتین ئەڵێ: ئەگەر دەتەوێ بەتەواوەتی لەدڕندەیەتی و لەتاوانی تورکەکان بگەیت کتێبی (درسیم کردستان تأریخندە) بخوێنەرەوە (مەبەستی باسیل نیکتین کتێبەکەی نوری درسیمییە کە تێکۆشەرێکی ڕۆشنبیری کوردو هاوکاری سەیدڕەزای سەرکردەی شۆڕشی درسیم بوە وەکو لەدوایدا چەند جارێك باسی دەکرێت).

دەربارەی هەڵوێستی بەرلەدەسپێکردنی شۆڕش، پروفیسۆر حسرتیان ئاماژەی بۆ بەشێك لەو مقالەیە کردوە کە لەڕۆژنامەی (Temps)ی ڕۆژی ١٩٣٧/٨/١٨ دا بڵاوکراوەتەوە کەباسی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەی بەم شێوەیەی خوارەوە کردووە:

((هەتا ئێستا نەتوانراوە عەشایرەکانی کورد لەبۆتەی ڕەگەزی تورکدا بتوێنرێتەوە چونکە کێشەکە ئێجگار ئاڵۆزەو ژمارەی ئەوانەی حکومەتی تورک بەتاوانباریان دادەنێت زۆرن ئەمە ماوەی دوو ساڵە حکومەتی تورکیا یاسایەکی بێ سنووری دەرکردووە کە بەپێی ئەو یاسایە دەسەلأتێکی زۆرو فراوان دراوە بەوالیەکی سوپایی کە (عبداللە ئالب دوغان)ە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو دەسەلأتی خۆی بەکاربێنێت بۆ دابینکردنی ئاسایش لەناوچەکەداو ماوەی ئەوەی پێ دراوە هەموو جۆرە ڕێگەیەك بەکاربێنێت بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە، بەلأم لەوساوە هێشتا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەت هیچ شتێکیان بلأونەکردۆتەوە، هەرچەند ئەو هەنگاوانەی حکومەت نابوی بۆسەرگرتنی نەخشەکەی هەتا ڕادەیەك کاری خۆیانکردووە بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە کورد بێدەنگ بکاتو ئەو ترسو لەرزەی خرابووە دڵی دانیشتوانی (العزین)ەوە بۆ ترساندنیان ئەگەرچی لەسەرەتادا کاری خۆی کردبوو، بەلأم هەتاسەر ئەو ترسە درێژەی نەکێشا.

لەساڵی (١٩٣٤)دا حکومەت بڕیاریدا کارێکیوا بکرێت هەموو عەشیرەتەکانی ناوچەی درسیم بخرێنە ژێر کۆنترۆڵەوەو لەسەرەتادا بەزەبری پۆلیسو جەندرمەو پروپاگەندەو بلأوکراوەکانی ناو ڕۆژنامەکانی تورك لەلایەن زاناو نوسەرانی تورك کە بلأویان دەکردەوە کەوا کوردە زازاکانی (درسیم) بەڕەگەز دەچنەوە سەر ئەو تورکانەی لەدێرزەماندا لەدەشتەکانەوە ڕوویان کردۆتە چیاکانو بەمە لەچاو تورکەکانی تردا لەباری زمانو ڕۆشنبیرییەوە جیابوونەوەو دواکەوتوون، بەلأم لەگەڵ ئەمەشدا ئەمانە هەموویان بەپەرۆشنو

بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە هەوڵئـەدەن بچـنەوە ڕیـزی براهاوولاّتیـەکانی خۆیان و لەگەڵیانا ببنەوە بەیەك)).

حسـرتیان لەکتێبەکەیـدا ئامـاژەی بـۆ موسـوعەیەکی تـورکی کـردووە (موسـوعە الحیـاه) مجلـدی حەوتـەم، چاپی ئەسـتەمبول سـاڵی ١٩٣٢ کە لەلاپەڕە (٢٩٩٦)دا ووتراوە لەیەکێك لەو بنکانـەی بۆ کورد تەرخانکراوە (دیـارە بنکـەی ئاوارەکـان) بـووە، زۆربـەی کوردەکـانی کۆمـاری تورکیـا بـەزمانی تـورکی قسـە دەکـەن و بـاری ژیانیشـیان هـەروەکو تـورك وایـە لەبەرئـەوە ئێمـەی کاربەدەسـتانی حکومـەت ئەوانـە بەنەتەوەیـەکی تر ناژمێرین.

حسـرتیان لەباسـەکەیدا ئـەڵێ: حکومـەتی تـورك بـۆ سـەرگرتنی ئـەو نەخشـەیەی بـۆ درسـیمی ئامـادەکردبوو بەمەبەسـتی دابینکردنـی ئاسایش، ویلایەتێکی تازەی لە درسیمدا دروستکرد بەناوی (تونجلی)بۆ ئـەوەی نـاوی درسیم نـەمێنێت و هێزێکـی حکومـەتی تیاداناو بنکەیـەکی بۆ دروستکردنی بـەزمانی تـورکی و کاربەدەسـتانی حکومـەت بلاّویـان دەکـردەوە کـەوا لەبەرئـەوەی زازاکـان زمـانی خۆیـان بیرچـۆتەوە کـە زمـانی تورکی یـە، بۆیـە دووبـارە فێـری زمانەکـەی باووباپیرانی خۆیـان دەکرێنـەوەو بەشـێوەیەکی ڕەسمی بەکارهێنانی ووشـەی کـورد قەدەغـەکراو ڕێگەنـەدرا بـەهیچ کەسێك ئەو ووشەیە بـەکاربێنێت و ڕێگـەش لـەوە گیرا کەجلی کوردی لەبەربکرێت و گۆرانیش بەکوردی یاساغ کراو ڕێگەی لێ گیرا.

سەرچـاوەیەکی تر کـە بریتـی یـە لـەگۆڤاری (the kurds) سەرچـاوە (١) ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٢ باسی ئەوەی کردووە چۆن حکومەتی تورك دوای ئـەوەی لـەپاش تـەواوبوونی شـەڕی ئاگریـداغ دەسـتیکردبوو بـەئاوارەکردنی

کورد بەپێی ئەو یاسایەی لەساڵی (١٩٣٢)دا دەرچووبوو، ئەو کوردانەی ئاوارەکران لەناوچەکان درسیم کە ئیمرۆ پێی دەوترێت تونجلی، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هەرچەند شوێنەکەیان زۆر گەورە نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوەکانی خۆڕاگربوون و ساتێك سێ فەیلەقی تورك پەلاماری ناوچەکەیاندان توانیان تاساڵی (١٩٣٨) بەرگری لەخۆیان بکەن.

لەکۆتایی باسی شۆڕشی ئاگریداغدا – بەشی سیازدەهەم- بارودۆخی کوردستان دوای شۆڕشی ئاگریداغ باسی ئەو نەخشەو پێشنیازەمان کرد کە (عابد ئۆزمان – عابد عوسمان) ئامادەی کردبوو وەکو پرۆگرامێك بۆ حکومەت بۆ ئەوەی ڕێگە لەبزوتنەوەی کورد بگرێت جارێکیتر سەرهەڵنەداتەوەو حکومەت بۆ بەجێهێنانی ئەو نەخشەیە چەند یاسایەکی دەرکرد کە لەو باسەدا ئاماژەیان بۆ کراوەو ئەوی مابوەوە لەو نەخشەیە لەناوچەی درسیم و لەشۆڕشی درسیمدا بەکارهێنرا.

دەربارەی هەڵوێستی حوکمەتی تورك بۆ بەجێ هێنانی ئەو نەخشەیەو ئەو پێشنیارانەی لەناوچەی درسیمدا، دوکتۆر عەزیز شەمزینی لەلاپەڕە (٩٥)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٤١) بەم شێوەیە باسیکردووە:

لەساڵی (١٩٣٥)دا تورکەکان بۆ تەواوکردنی سیاسەتی بەزۆر کردنی کورد بەتورك ڕویانکردە ناوچەی درسیم و بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانیان پێویستییان بەڕاگەیاندنێکی تیوری و لەشکرکێشی هەبوو، لەو ڕووەوە ڕۆژنامەی (تان) لەژمارەی ڕۆژی (١٩٣٤/٨/١٨)دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە وتوویەتی:

(مەسـەلەی بـەتورك كردنـی خێڵـەكانی كـورد هێشـتا لـەقۆناغی سـەرەتاییدایە بەتایبـەتی پـاش ئـەوەی هەنـدێلا خـەریكی دەسـتتێوەردانن لەكاروباردا كەبەمە كێشەكە هەتا ڕادەیەك ئاڵۆزیی تێ كەوتووە.

نزیكی دوو ساڵ لەمەوبەر (مەبەستی لەدوای دەركردنی ئەو یاسایەی لەساڵی ١٩٣٢ دا دەركرا كەلەكۆتایی باسی ئاگریداغدا باسمانكردووە) سیستەمێكی تایبەتی هێنرایە كایەوە كە بەپێی ئەوە تێكڕای دەسەڵات هەمووی درا بەفەرماندەی سوپا كە(عبدالله ئالب دوغان) بوو, بەنیازی ئەوەی ئاسایش و هێمنی لەو ناوچانەدا بەرپابێت كە حكومەت مەبەستی بووە)).

دوكتۆر عزیز شمزینی لەكتێبەكەیدا ئاماژەی بۆ بەشێك لەڕاپۆرتەكەی – یا پێشنیازەكەی– عابدین ئوزمان كردووە (بەداخەوە باسی سەرچاوەكەی نەكردووە) كەوتوویەتی ئەو ڕاپۆرتە بریتی بوە لە(٢٣) لاپەڕە كە بەناوی (مفتشیەتی گشتی ژمارە(١), مەكتەبی تایبەتی)یەوە ناردوێتی بۆ وەزارەتی ناوخۆی توركیا كە وەكو دوكتۆر شمزینی باسیكردووە كورتەو پوختەی ئەو ڕاپۆرتە بەم جۆرە بووە:

((ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتێكی تایبەتە بەچۆنێتی داڕشتن و دەستنیشانكردنی سیاسەتی كاروباری ناوخۆی ویلایەتەكانی سەر بەناوچەی موفەتیشیەتی گشتی یەكەم (واتە ویلایەتەكانی بدلیس, دیاربكر, وان, هەكاری, موش, ماردین, ئورفە, سیرت (سعرت) كە سەیر ئەوەیە ناوچەی درسیم لەناو چوارچێوەی ئەم موفەتیشیەتەدا ناوی نەهاتووە).

ڕاپۆرتەکـە دەڵێـت: مەبەسـت لەڕاپۆرتەکـە دەسـتەبەرکردنی مانـەوەی ناوچـەکە وەك بەشـێکی جیانـەکراوە لەنیشـتمانی تـورك، بەتایبـەتی ئـەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە بەسامانی سروشتی.

ڕوداوەکەی شێخ سعید زادەی بیروباوەڕی کوردایەتی بوو (دان نانی ئەم ڕێبـەرو لێپرسـراوەی تـورك بەڕاسـتیی شۆڕشـەکەی شـێخ سـعیددا کـە وتوویـەتی شۆڕشـێکی ناسیونالسـتی بـووە هـەموو درۆو دەلەسـەکانی کاربەدەسـتانی تـورك‌و ڕۆژنامـەکانیان بـەدرۆ دەخاتـەوە کـە هەمیشـە ویستبویان ئـەو شۆڕشـە بـەیاخی بـوونێکی کۆنەپەرستانە لەقەڵـەم بدەن). هەروەها ئەو ڕاپەڕینەی تر کە بەسەرکردایەتی چەند کەسێك لەناو چیاکاندا هەڵگیرسـا وەك جوڵانەوەکـەی (حـاجۆ)و ئـەوەی دانیشـتوانی (ساسـون)و ڕاپەڕینەکـــەی (ئاگریـــداغ)، ئەمانـــە هـــەموویان بەهـــەمان بیروبـــاوەڕ زاخـاودرابوون‌و ئەوانـەی پڕوپاگەنـدە بـۆ ڕوداوەکـانی (زیـلان) پڕوپاگەنـدە دەکەن ئەوانیش هـەر بەهـەمان شـت پشـت ئەسـتور بوون وچەتەکانی (علـی جـان)، (سـەید خـان)و دەسـت‌و پێوەنـدەکانیان کەلـە (٨٠ – ١٠٠) چـەکدار پێکهـاتبوون، هـەروەها بزوتنەوەکـەی (محمـد یـونس)و عبـدالرحمنی کـوڕی لە(ملکان) کە ئیمڕۆ خراوەتە سـەر ناوچـەی قەدەغـەکراوی (ساسـون) ئەمانـە هـەموویان زادەی بیروبـاوەڕی کوردایـەتی‌و چـەنەبازی‌و دەم درێـژی بـۆ مەبەستی وەدەسهێنانی ئۆتۆنۆمی بەتایبـەتی نـاوبراو (کـە مەبەسـتی محمـد یونسە) بەهـەڵس‌و کـەوتیا وەکـو مامۆستایەکی ژیـر دێتـە بەرچـاو، کەسـانی تریش وەکو (فەرزنـدەی حەسـەن نلـی حـەدۆ، یـادۆ، علـی خـان، سـەید خـان، عـزەت موسـی، جبرانلـی خالـد، حەسـنالدی خالـد، بدلیسـی، زیـاو (مەبەسـت

یوسف ضیاء بەگە) واحسان نوری پاشاو هیتر, هەروەها زیندووەکانو هەم مردووەکان هەموویان بەپاڵەوانو تێکۆشەری نەتەوەیی دادەنرێن.

ئەبێ دان بەوەدا بنرێت کە پروپاگەندەی دەرەوەی کوردستان لەوپەڕی برەودایە, لەبەرئەوە ئەگەر بەزانیارییە گرنگەکانی دەنگوباسە ڕەسمیەکانو تایبەتەکان پشت ببەستم دەتوانم بەئاسانی بیروبۆچوونەکانی خۆم بسەلمێنم:

چالاکی بدرخانییەکان لەسوریە, پروپاگەندەو ئامۆژگارییەکانی مارکسیزم لینینزم لە (یریڤان – ئەرمەنیای سۆڤێت), چالاکیەکانی ئەرمەنیەکانی دەرەوەی وڵاتو بڕیارەکانی کۆنگرەی کوردی لەیریڤان, ئەمانە هەموویان بەمەبەستی بوژانەوەی گیانو هەستی کوردایەتیە, خورت بونو درێژەپێدان بەو چالاکییانە زیانێکی زۆر دەگەیەنن بەنیشتمانەکەمان.

ئیمڕۆ کوردەکان ئەگەرچی بەیارمەتی ئەرمەنیەکان هیچیان بەهیچ نەکردووە, بەڵام بەتەمای ئەوەن لەکاتێکدا دەست بکەن بەڕاپەڕین کە تورکیا سەری لێ شێوابێو گیروگرفتی ناوخۆو شەڕی دەرەکی تەنگی پێ هەڵچنیبێت.

لەڕاستیدا کوردو ئەرمەنیەکان کە ئیمڕۆ لەسوریادا گیرساونەتەوە, ئەگەر بیانەوێ دەتوانن هێزێکی چەکداری دە هەزار کەسی پێکەوەبنێنو کوردەکانی ناوخۆی وڵات ڕاپەڕێننو لەهەرکاتێکدا تورکیا تووشی تەنگەتاویو تەنگو چەڵەمەیەکی سیاسی بوو ئەوسا پەلامار دەدەنو لەگەڵ کوردەکانی ناو وڵاتدا هاریکاری دەکەن.

مەبەستم لەباسکردنی ئەم مەسەلانە بریتییە لەخۆدەربازکردن لەو زیانە ناوخۆیو دەرەکییانەی بەهۆی مەسەلەی کوردەوە تووشی کۆماری تورکیا

دەبێت و مەبەستم دەستنیشانکردنی ئەو هەنگاونان و کارانەیە کە پێویستە بنرێن و بکرێن بۆ سەرکوتکردنی جولانەوەکە کە دەبوایە ئەم کارە زوو بکرایەو نەخرایەتە ئیمڕۆ.

بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانمان ئایا پێویستە کام ڕێگا بگرینەبەر؟؟ ئایا پێویستە ئەو ناوچەیەی لە(١٦) پارێزگا - ویلایەت- کەکوردنشینن، کەبەڕاستی ئەو شوێنانە لەجوانی دیمەن و سامانی زۆردا بەهەشتێکن بۆ خۆیان، ئایا دەبێ ئەو شوێنانە بەشێکی جیانەکراوەی تورکیا دابنرێن و دانیشتوە کوردەکەی بۆ یەکجاری بکرێن بەتورك یاخود ئەبێ درێژە بەو ڕێو شوێنە بدەین کەچەند ساڵێکە پێڕەوی دەکرێ و کارگەیشتووە بەوەی ناوچەکە لەژێر دەسەلاتی هەمیشەیی و چاودێری حکومەت و هێزەکانی دەوڵەتدا بێ؟

لێرەدا پێویستە ڕێز لەگەورە پیاوانی ناوچەکە بگرین، بەپارەو دیاری، فریوبدرێن و چاویان تێربکرێت و جۆرە ئارامیەك بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنرێت و هەر بەزمو کێشەیەکیش لەدواییدا ڕوویدا پێویستە هەنگاو بەهەنگاو چارەسەر بکرێت.

بەبروای من، ئەگەر هەل‌ومەرجی ناوخۆو دەرەوەی ولات لەبەرژەوەندیی خۆمانابێ، پێویستە ڕێگای یەکەم هەڵبژێرین بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەدەرەوەی سنوری ڕۆژهەلات و باشوردا بۆ مەسەلەی کورد کار دەکەن (مەبەستی کوردستانی ئێران و عێراقە) دەبێ لەوە تێبگەن و بێنە سەر ئەو باوەڕەی لەناوخۆی ولاتدا کەس نییە لەزمانیان بگات یا هاوهەستی ئەوان بێت، بۆسەرگرتن و بەجێهێنانی ئەم مەبەستانەش چەند ڕێگایەك هەیەو پێویستە لەچەندین لاوە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بۆ مەسەلەکە بچین:

أ- پێویستە تورکە کۆچەرەکان لەهەردوو لای ڕێگەوبانی سەرزەمینیو هێڵی شەمەندەفەری دەریاچەی (وان)و پێدەشتەکانی (موش)و شارۆچکەکانی (بولانق)و (ملازکرد)ی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات هەموویان نیشتەجێ بکرێنو بۆ بەجێهێنانی ئەم مەبەستە پێویستە پرۆژەیەکی چەند ساڵی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانە دابڕێژرێو دابەشکردنی زەوی بەسەر کۆچەریەکاناو دەست بکرێت بەدروستکردنو ئاوەدانکردنەوەی دێهات لەو ناوچانەدا.

بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی ئەو شوێنانە پێویستە تاقمێك کارگێڕی هەمیشەیی دیاری بکرێ لەشارەزایانی پزیشك, ئەندازیار, وەستاو شارەزای تکنیكو ئەگەر هەموو ساڵێك (٣-٥) دێهاتی تورك نشینی سەد خێزانی بەبەردەوام ئامادەبکرێت پێم وایە کارەکەمان زۆر سەرکەوتوو ئەبێتو ئەو دێهاتانەو مەسەلەی بەتورك کردنو تواندنەوەی گەلێکی دواکەوتووی نەخوێندەوار (مەبەستی کوردە) لەبۆتەی گەلێکی ڕوناکبیری پێشکەوتوودا ئاسانتر دەکات, ئەگینا کوردێکی شاخەوانی لەش ساغو تەڕپۆش بەکابرایەکی ئاوارەو دەستکورت ناکرێت بەتورك لەبوتەی تورکدا ناتوێنرێتەوە, بەتایبەتی هەموو جلو بەرەشرو دادڕاوی ئەو کابرایە لەدەرپێیەکی سپیو کراسێکی شین بەولاوە هیچیتر نییە..
کابرایەك نەخۆشی مەلاریای تیێ ورووژابێ, لەخانویەکی کۆندا بژی, لەبرسانا هەڵتروشکابێ, نەخۆشی هەراسانی کردبێت (مەبەستی تورکە ئەگەر حکومەت فەرامۆشی بکات)و هەمیشە خەریکی ئەوە بێ لەڕێگەی دادگاوە ببێت بەخاوەن زەویو زاری خۆی ئەو کابرایە چۆن دەتوانێت

بەئاسانی ئەو کوردە شاخاوییە لەش و مێشک ساغە لەبۆتەی تورکدا بتوێنیتەوە؟!

ب- پرۆژەی فێرکردنی زمان:

ئەوانەی دەمانەوێ بیان توێنینەوەو لەزانکۆکانی تورکیادا پەروەردەیان بکەین پێویستە وایان لێ بکەین لەجیاتی زمانی کورد بەزمانی تورکی بدوێن کە ئەمە کارێکی زۆر گرنگە لەبەرئەوە پێویستە بەر لەهەموو شتێك منداڵەکانیان لەباوك و دایکەکانیان دووربخەینەوەو لەفێرگەی شەوی تایبەتدا (وەکو شوێنی هەتیوخانەکان) کۆبکرێنەوەو بۆ شوێنی خەوتنیان قەرەوێڵەیان لەداروتەختەی ساکار بۆ دروست بکەین و مامۆستای لێوەشاوە کارامەو بەتواناو باشیان بۆ تەرخان بکەین کە فێرگەکانیان ببەن بەرێوە بۆ ئەوەی ئەو منالآنە بەگیان و هەستی تورکیزم پەروەردەو گۆش بکرێن و پێویستە لەسەر دەوڵەت داموو دەزگای پێویست بۆ ئەو مەبەستە ئامادەبکات و پێویستە زمانی تورکی بکرێت بەتاکە زمانی ئاخافتن لەناو ئەو فێرگانەدا.

شان بەشانی ئەمە دەبێ بەرنامەی تایبەت بەپڕوپاگاندەی تورکیستی و ڕێزگرتن لەگەورە پیاوانی تورك ئامادەبکرێت چونکە بەو جۆرە پڕوپاگاندانە دەتوانرێ گەورەپیاوانی تورك لای ئەو منالآنە خۆشەویست بکرێن و ماوەی ئەم پرۆژەیە سێ ساڵ بخایەنێت بەمەرجێك هەموو منالێك هەر ساڵەی (١٠ - ١١) مانگ لەخوێندندا بێت و پاش ئەو ماوەیە یاسایەکی تایبەتی دەربکرێت بۆ ئەوەی مەسەلەی تواندنەوە وەك کاری کۆمیسیونەکانی لێ بێت.

ج- پرۆژەی تواندنەوە:

پێم وایە پرۆژەی تواندنەوە لەسێ ڕشەدا جێبەجێ بکرێت.

١- ڕشەی ئابووری

٢- ڕشەی تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی

٣- ڕشەی فەرهەنگی

یەکەم: کارتێکردنی ئابووری:

پێویستە دەسەڵاتی ئابووری تەنها بۆ ئەو کەسانە بسەلمێنرێت کە بە یەکجاری وازیان لەکوردایەتی هێناوەو پێویستە لەڕێگەی ئەنجومەنی میللی‌یەوە (دوکتۆر شمزینی لە وەرگێڕانەکەیدا بۆ کوردی بەخانەی گەل ناوی هێناوە) بازرگانەکان فێربکرێن چۆن کاسبی بۆ خۆیان بکەن‌و چۆن لەگەڵ کوردەکانا هەڵس‌وکەوت بکەن‌و لەگەڵ کوردە شاخاویەکانا پێویستە بەتورکی بدوێن‌و پێویستە وا لەکورد بکرێت چۆن دەوڵەتی خۆش بوێت‌و لێرەدا نابێ ڕێگە بەهیچ بازرگانێکی گەڕۆك بدرێت لەخۆیەوە لەگوندێکەوە بچێت بۆ گوندێکی‌تر، چونکە ئەو بازرگانە گەڕۆکە (چەرچی) کە هەموو جۆرە کالآیەکی وەکو ڕۆن‌و هێلکە دەگۆڕێتەوە وەیا بەنرخێکی هەرزانی دەفرۆشێ ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دێهاتەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوەو لەئەنجامی ئەمەدا لەناو خۆیانا بەکوردی دەدوێن‌و زۆرجاریش بەپڕوپاگاندەو بڵاوکردنەوەی دەنگ‌وباس والەگوندنشینەکان دەکەن لەشاروشارۆچکەکان دووربکەونەوە.

بۆ زۆرتر چەسپاندنی دەسەڵاتی مەڵبەندە ئابوریە ناوبراوەکانیش ئەبێ بۆ فەرمانبەرە کشتۆکاڵیەکان‌و بۆ پزیشکەکان چەند ولآخێك تەرخان بکرێن

بۆ ئەوەی هەمیشە بەناو دێهاتەکانا بگەڕێن و پەیوەندی بەلادێیەکانیشەوە بکەن و بەتێکەڵاوبوون و ئاخافتن بەزمانی تورکی پێویستە لەگەڵ ئەمەدا پروپاگاندەی پێویست بڵاوبکرێتەوە.

دوهەم: کارتێکردنی تەندروستیی و کۆمەڵایەتی.

بۆ ئەوەی کارتێکردنی تەندروستیی و کۆمەڵایەتی ئەو ئەنجامەی هەبێت کەخۆمان دەمانەوێت سەربگرێت، پێویستە لێپرسراوانی شارۆچکەکان بەسواری وڵاخ بەناو دێهاتەکانا بگەڕێن و پێوەندی بەدێهاتەکانەوە بکەن و تورك و کوردو قزلباش و علی ئیلاهیەکان هان بدەن ژنی یەکتر بخوازن و سەرلەیەکتری بدەن و ئەو فەرمانبەرو سەربازانەی لەڕۆژ ئاواوە ڕەوانەی ناوچە کوردنشینەکان کراون هەموویان هان بدرێن ژنانی کورد بخوازن و بۆ ئەم مەبەستە پێویستە دەوڵەت زەوی و زاریان بەسەردا دابەش بکات بۆ ئەوەی لەو ناوچانەدا جێگیر بن.

ڕاپۆرتەکەی عابد ئوزمان لەسەری دەرواو دەڵێ:

بەر لەهەموو شتێك پێویستە بەهیچ شێوەیەك ماوە بەڕوناکبیران و فەرمانبەران و کارگوزارانی دەوڵەت نەدرێت بەزمانی کوردی بدوێن بەتایبەتی لەکاتی کارکردنداو تەنانەت نابێ فەرمانبەر لەگەڵ کارخوازە لادێیەکانیشدا کە فریان بەسەر زمانی تورکیەوە نییە لەگەڵیانا بەزمانی کوردی بدوێن و ئەو فەرمانبەرەی بەکوردی بدوێ دەبێ هەر لەسەرەتاوە ئاگاداربکرێن کەنابێ لەکاتی کارکردندا زمانی کوردی بەکاربێنێت و ئەگەر دوبارەشی کردەوە پێویستە ورده ورده مووچەکەی لێ ببڕێت و لەدواییدا مەسەلەکە بوو بەشتێکی ئاسایی و هەر فەرمانبەرێك زمانی کوردیی بەکارهێنا پێویستە لەسەر کار لاببرێت و ئەبێ هەموو لێپرسراوێکی دەزگای

حکومەت و هەموو ئەفسەرێکی ئاسایش و پۆلیس لەبەجێهێنانی ئەم ئەرکە خۆی بەبەرپرسیار بزانێت.

عابدین ئوزمان لەسەری ئەرواو دەڵێت:

پێش ئەوەی کۆتایی بەمەسەلەی تواندنەوە بهێنم بەپێویستی دەزانم سەرنج بۆ چەند مەسەلەیەکی گرنگ ڕاکێشم کە بریتیە لە:

ئەو کوردانەی لایان وایە هەڵوێست و ڕوفتاری نەرمی دەوڵەت زادەی سۆزو بەزەیی نییە بەڵکو زادەی ئەو کردەوانەیە کە خۆیان ئەنجامیان داوە, هەروەها ئەوانەی دێهاتەکانیان کەوتۆتە سنووری ئەو ناوچە قەدەغەکراوانەی کە کاتی خۆی بەرهەڵستی دەوڵەتیان کردووەو بەپروپاگەندەکانی دەرەوەی وڵات خۆیان کردووە بەوابەستە, ئەمانە هەموویان یەك بابەتن و هەموویان ئێجگار زیانبەخشن و لەسەرێکی ترەوە زۆر گرانە بۆ ئێمە بیان توێنینەوە, لەبەرئەوە پێویستە یەکەیەکە ئەوانە دەستنیشان بکرێن و لەدوایدا دەرپەڕێنرێن, ئیمڕۆ کەس نازانێت ژمارەی ئەو جۆرە کەسانە چەندە, بەڵام ئەم ساڵ دەوڵەت بەژێرزارەکی بڕیاریداوە نزیکەی سێ‌هەزار کەسیان لەناوچەکانی ڕۆژئاوادا نیشتەجێ بکات و بەپێی بەرنامەیەکی ڕێك‌وپێك لەماوەی (١٥–٢٠)ساڵدا ئەوانەی ناتوێنرێنەوە بەیەکجاری لەناودەبرێن و ئەوانەی دەمێننەوە بەیەکجاری بەفەرهەنگی تورکی گۆش دەکرێن و بەبێ بەجێهێنانی ئەمانەی خوارەوە مەسەلەی توانەوە سەرناگرێت.

أ- لەپرۆژەی تواندنەوەدا پێویستە:-

١- پێویستە بایەخ و گرنگی‌یەکی تەواو بدرێت بەئەنجومەنی میللی.

٢- بۆ خوێندنەوەی هەواڵی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان پێویستە پەرتوکخانەی تایبەتی دابین بکرێت.

٣- بۆ ناساندنی شوێنەواری کۆنی تورك مۆزەخانەو پێشانگەی تایبەتی دامەزرێنرێت, تیپی گەڕۆکی گۆرانی بنێررێت بۆ دێهاتەکانو سینەماو ئیستگە دامەزرێنرێت کە ئەمانە هەمووی ئەنجامی باشیان ئەبێت.

لەدوای ئەوەی بۆچونی خۆمم بەکورتی دەربڕی دەربارەی چۆنێتی تواندنەوەی بەزۆرە ملی بەپێویستی دەزانم باسی ئەو مەسەلانەش بکەمکەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەسەرگرتنی ئەو مەسەلەیەوە هەیە.

خاڵی یەکەم: بۆ لەناوبردنی کوردایەتی, یا بۆ بەجێهێنانی دامەزراندنی دەزگایەکی کارگێڕی توندوتۆڵ لەناوچە کوردنشینەکانا, پێویستە ڕێگەوبانی تازە هەبێتو ئەو ڕێگاوبانانەی من بەپێویستی دەزانم چاك بکرێن بریتین لە:

ا-ڕێگای دیابکر – سیلوان – ملکان – زیارەت – بتلس – رتاتوان.

ب-ڕێگای زیارەت- سیرت – هەکاری – بەرواری – جەناق – وان.

ج-ڕێگەی وان – باشقەلا – هەکاری – بەرواری.

د-ڕێگای ماردین – ساوور – میدیان – کەرجۆش – سیرت.

ئەگەر ئەو ڕێگاوبانانە بەناوچەی دەسەلاتی موفەتیشیەتی گشتی ژمارە (١)دا (کە عابدین ئوسمان خۆی موفەتیشی گشتی ژمارە (١) بووە). ئەوا ئەو موفەتیشیەتە کەمترخەمی ناکاو بەهەموو شێوەیەك یارمەتی کاربەدەستان ئەدات.

بێگومان بەچاککردنی ئەو ڕێگاوبانانە ناوچەکە هەم لەڕووی مادیو هەم لەڕووی زارەکی‌یەوە (مەبەست سەپاندنی زمانی توركی بەسەر كوردنا) گەشەدەكاتو بەخورتیو بەڕێكوپێكی دەبەسترێتەوە بەدایكی نیشتمانەوە (كەمەبەست توركیایە).

ئەو كوردانەی لەبۆتەی فەرهەنگی توركدا ناتوێنەوەو هەزاران پروپاگەندەی كوردایەتی كاریان تیَ دەكات, بەپێویستی دەزانم بخرێنە گروپی كارەوەو لەكاتی كردنەوەی ئەو ڕێگەوبانە تازانەدا كەڵكیان لیَ وەربگیرێتو لەهەمان كاتدا دەبیَ فێری زمانی توركیش بكرێنو هەوڵی تواندنەوەیان بدرێتو نابیَ هیچ چاوپۆشی‌یەكیان لیَ بكرێت.

خاڵی دوهەم: پەیوەندی بەكوردەوە نەبوە

خاڵی سیَهەم بەجیَ بەجێكردنی پێشنیازەكانی ناو ڕاپۆرتەكەم گەلی تورك بەختەوەر دەبێتو توركیا بەرەو پێشەوە دەبات.

ئەم ڕاپۆرتەم دەخەمە بەردەمی بەڕێوەبەری دەوڵەتی مەزن (عصمت ئینونو) كەبۆ وەدەسهێنانی شادمانیو بەختەوەری گەلی تورك لەسەركەوتنێكەوە بەرەو سەركەوتنێكی تری دەباتو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توركیا بەرەو پێشەوە دەڕوات.

من لەكاتێكدا ئەم ڕاپۆرتەم پێشكەش دەكەم, چارەسەركردنی یەكێك لەگیروگرفتەكانی وڵاتەكەمان بەئەركی سەرشانی خۆم دادەنێم بۆ ئەوەی دەربارەی ئەوە بڕیارو ئامۆژگاری پێویست دەربكرێت.

امزا/ موفەتیشی گشتی ناوچەی ژمارە (١)

ئابدین ئوزمان

(عابدین عوسمان)

دەربارەی ئەو ڕاپۆرتەی ئابدین ئوزمان کە دوکتۆر شمزینی دیارە باسی پێشەکیەکەی ئەو ڕاپۆرتەی کردووەو کورتەیەکی لێ وەرگرتووە کە ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو ڕاپۆرتە (٢٣) لاپەڕە بووە, بەلاَم زنار سلوپی (قدری جمیل بەگ دیاربکری) لەلاپەڕە (١٦٠)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە (٥٧) بەدوورودرێژ باسی ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتەی کردووەو ڕەخنەی لەکەموکوورییەکانی ئەو زانیاریو ژمارانەی گرتووە کە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی کردووەو وتوویەتی:

((ئەو زانیارییانەی هەتا ساڵی (١٩٢٤) لەدائیرەی قائیمقامیتی (بیلیجیك) داو لەدەزگاکانی تری ویلایەتەکانی ڕۆژهەلاَتدا هەلگیرابوون لەگەڵ ئەو سەرژمێرییەی لەساڵی (١٩٢٧)دا کرابوو پڕبوون لەهەڵەی ئاشکراو ژمارەی کورد دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیە بووە کە لەو ڕاپۆرتەدا (مەبەست ئەوەی ئابدین ئوزمانە) ئاماژەی بۆ کردووەو هۆی ئەمەش بریتییە لەوەی ژمارەیەکی زۆری کورد نەخرابووە ناو ئەو سەرژمێرییە کە مەبەستیش لەکەمکردنەوەی ژمارەی کورد ئەوە بووە ئەو سەرژمێرییەی پێ پینە بکرێت کە لەدوایدا لەساڵی (١٩٣٥)دا کرابوو.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئابدین ئوزمان کوردی کردووە بەدوو بەشەوە.

بەشی یەکەم: ئەو تورکانەی بوبوون بەکورد (کە وتراوە ئەمانە هەموویان بەڕەگەز تورك بوون بەلاَم لەدواییدا بوبونەوە بەتورك وەکو زۆرجار لەباسو ڕۆژنامە تورکیەکانا بلاَویان کردۆتەوە).

بەشی دوهەم: ئەو کوردانەی نازانرێت چۆنو لە چ کاتێکدا بوون بەکورد.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کە وتوویەتی. ژمارەی کورد لەو ناوچانەدا (١,٢٦٧,٥٧٣) کەس بوون بەلاَم تائێستە نەتوانراوە لەناو ئەم ژمارەیەدا

بەشی یەکەمو دوهەم لێك جیابکرێتەوە, تەنها ئەوەی ڕوون بۆتەوە ئەوەیە دانیشتوانی کورد پترن لەنیوەی دانیشتوانی ناوچەکە کە ئەمە ڕاستی‌یە لەڕووی ڕەئی گشتی جیهانی‌یەوە زیانێکی زۆری هەیە بۆ بەرژەوەندێتی ولآتەکەمان (زنارسلوپی لەپەراوێزی لاپەڕە (١٦١)ی کتێبەکەیدا وتوویەتی بەپێی سەرژمێری ڕەسمی لەساڵی (١٩٦٥)دا دانیشتوانی تورکیا بریتی بووە لە (٣١,٣٩١,٢٠٧)و ئەوانەی بەزمانی کوردی قسەیان کردووە ژمارەیان (٢,٣٢٥,٧٧٨)کەس تۆمارکراوە (بێگومان کوردێکی زۆریش هەبووە یا نەیانوێراوە بەکوردی قسەبکەن‌و یالەترسی کاربەدەستانی تورك خۆیان بەکورد دانەناوە لەئەنجامی ئەو هەموو جەورو ستەمەوە کە لەکورد کراوە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٤ تا ١٩٦٥) کە تورکەکان خۆیان دانیان بەوەدا ناوە بەزۆر کوردیان لەبۆتەی تورکدا تواندۆتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئابدین ئۆزمان کەزنار سلوپی باسیکردووە, عابدین عوسمان وتوویەتی:

(لەڕاستیدا لەناوچەکەدا کوردی تیادا نییە بەڵکو تەنها ئەو تورکانەی تیادایە کە تورك بوون‌و بوون بە کورد!!).

بەڕاستی شتێکی پڕ لەسەیرو سەمەرەیە کەبوترێ تورکی واهەبووبێت بووبێت بەکورد, لەهەمووشی سەیرتر نە عابدین ئوزمان‌و نەنووسەران‌و ڕۆژنامە تورکیەکان کە هەمیشە ئەو قەوانەیان لێداوەتەوە جارێك لەجاران نەیان وتووە: هۆی چی بوە کە تورك خۆی کردبێت بە کورد! ئایا کورد ڕۆژێك لەڕۆژان دەوڵەت‌و حکومەت‌و دەسەلآتێکی ئەوتۆی هەبووە بەزۆر ئەو تورکانە بکات بەکورد وەکو چۆن تورکەکان بەئاشکراو بەزورە ملی کوردیان کردبوو بەتورك!؟!

ئەگەر تورکەکان لەو ڕووەوە هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە کەبۆچی تورك بوە بەکورد, بەڵام بەپێچەوانەوە کورد بەڵگەیەکی زۆر بەهێزی بەدەستەوەیە کەچۆن هەندێ لەکوردەکان لەکاتی خۆیدا بوون بەتورك‌و ئەگەر تورکە ڕۆشنبیرەکان چاوێك بگێڕن بەشرفنامەی شرفخانی بدلیسیدا کە بەئاشکرا وتوویەتی: ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان حەزیانکردووە جنسیەی عوسمانی‌یان دەستگیربێت‌و لاشیان وابووە کوردو تورك هەردوولایان موسوڵمانی سوننی مەزهەب بون‌و لەبەرئەوە پشتاوپشت خۆیان بەتورك تۆمارکردووە.

ئابدین ئوزمان لەگەڵ ئەو هەموو بۆچوونە پڕ لەپێچ‌و پەنایەی دەربارەی کورد دەری بڕیوە نەیتوانیوە لەڕاستی‌یەك لابدا کەوتوویەتی:

((هەستی نەتەوایەتی لای کوردەکان ئەوەندە بەهێز بووە کە تورکەکانی دراوسێیان توانای ئەوەیان نەبووە لەناو بۆتەی خۆیانا کوردەکان بتوێننەوە... لای کوردەکان بیروباوەڕی نەتەوایەتی‌و سەربەخۆیی بەشێوەیەك بڵاوبوبوەوە کە مێشکی کوردەکانی ناوچەکەی پڕکردبوو)).

بێگومان عابدین ئوزمان ئەم ڕاستی‌یەی بۆیە وابەزەقی‌و بەئاشکرا باسکردووە لەڕاپۆرتەکەیدا بۆ ئەوەی کاربەدەستانی حکومەتەکەی خۆی ناچاربکاو هانیان بدات بەوپەڕی توندوتیژییەوە خەریکی تواندنەوەی کوردبن لەبۆتەی تورکدا.

زنار سلوپی لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئەوەی عابدین عوسمان وتوویەتی کوردەکان تورك بون بەرەگەز بەڵام لەماوەیەکدا بون بەکورد بۆیە پێویستە بگەڕێنەوە ڕیزی برا تورکەکان‌و دەربارەی ئەمە ڕوی دەمی کردۆتە ئابدین ئوزمان‌و پێی دەڵێت:

((باشە ئەگەر ئەو لای وایە کورد بەرەگەز تورك بوون بۆچی ناچێت سەیری لاپەڕەکانی ناو فایلەکانی دادگاکانی تورك بکات کەچۆن کوردەکان لەبەردەمی دادگاو لەبەردەمی پەتی قەنارەدا ئامادە نەبوون لەکوردایەتی خۆیان لادەن‌و بەپێچەوانەوە هاواریان دەکرد بژی کوردو کوردستان؟؟

ئەگەر لای وایە ئەوانە تورك بوون ئیتر بۆچی لەشوێنەکانی خۆیان هەڵیان دەکەندن‌و ئاوارەیان دەکردن بۆ ناوچە تورك نشینەکان؟

زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٦٧)ی کتێبەکەیدا باسی موئتەمەرەکەی (یریڤان)ی کردووە کە ئابدین ئوزمان وتویەتی ئەو موئتمرە بۆ دژایەتی تورکیا تەرخانکرابوو, ئەوەی ئەو کونفرانسە کۆبونەوەیەکی مێژوویی بورە وەکو زنار سلوپی باسیکردووە, بەپێویستم زانی بڕیارەکانی ئەو کۆبونەوەیە بخەمە پێش چاو.

ا) پاککردنەوەی مێشکی ڕۆشنبیرانی کورد لەکارتێکردنی ڕۆشنبیرێتی تورك.

ب) لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕەگەزو مێژوی کورد لەسەر بناغەی بەڵگە مێژووییەکان‌و ئامادەکردنی نەخشەی کوردستان.

ت) لێکۆڵینەوە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندی ڕەگەزی نێوان کوردو یزیدی‌و ئەرمەنی.

ج) یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردی بەنیازی سازکردنی زمانێکی یەکگرتوو,وە خوێندنی دەستوری زمانی کوردی‌و دانانی قاموسێکی کوردی لەگەڵ ئەبجەدیەتێکی (ئەلف با) تایبەتی بۆ نووسینی کورد.

هەروەکو زنارسلوپی باسیکردووە, وەرامی ئابدین ئوزمان بۆ ئەو برایانەی یریڤان ئەوە بووە وتوویەتی:هەمووی دژی بەرژەوەندیی دەوڵەتی

ئێمەو ئەو دەوڵەتانەشە کە کوردیان تێدا نیشتەجێ بوە (مەبەستی ئێران‌و عێراق‌و سوریا بوە).

زنار سلوپی دەربارەی ئەو راپۆرت‌و پێشنیازەی عابدین ئوزمان بۆ حکومەتی تورکیای ئامادەکردووە وتوویەتی کاشکی ئەو کابرا لێ پرسراوەی تورك دەرسێکی وەربگرتایە لەو وتارەی (ماکنمارا)ی وەزیری بەرگری حکومەتی ئەمریکا لەکاتی مناقەشەکردنی بۆجەی سوپای ئەمریکادا بۆ ساڵی ١٩٦٥ لەکۆنگرێسی ئەمریکادا (لام وایە ئەبوایە بی وتایە لەدواییدا دەبوو دەرسی وەربگرتایە چونکە ئابدین ئوزمان راپۆرتەکەی لەساڵانی سی‌یەکانا ئامادەکردووە کە هێشتا وتارەکەی (ماکنمارا) نەزانرابوو.

((لەرۆژهەلاّتی ناوەراستدا هیچ جۆرە ئاسایشێك بەرپانابێت هەتا ئەم سێ شتەی خوارەوە چارەسەر نەکرێت:

١- ئاشتبوونەوەی دەوڵەتانی عەرەب لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیلدا.

٢- سازکردنی دۆستایەتیەکی باش لەنێوان دەوڵەتە عەرەبیەکان لەناوخۆیانا.

٣- دابینکردنی مافی کەمایەتیەکانی کورد لەناوچەکانی رۆژهەلاّتی ناوەراستدا.

زنار سلوپی لەلاپەرە (١٦٨)ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ سەرنج‌و بۆچونێکی تری عابدین ئوسمان کردووە کە لەراپۆرتەکەیدا وتوویەتی:

((لەدەرەوە، نزیکی دە رێکخراوی کورد بەناوی جۆربەجۆر هەیە هەموویان هەوڵی دروستبونی دەوڵەتی کوردستانی گەورە ئەدەن‌و داوا لەولاّتان کراوە یارمەتیان بدەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، ئەو رێکخراوانە

هەرچەندە هەموویان هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەکەن بەلام ئیمڕۆ هێشتا توانای ئەوەیان نیە هیچ سەرکەوتنێك وەدەست بێنن چاوەڕوانی هەل و دەرفەتێکی لەبار دەکەن, بۆیە پێویستە لەسەرمان بەتوندوتیژیو بەشێوەیەکی کاریگەرانە دژی ئەوانە کاربکەین کە لەسوریادا دە هەزار کوردی ئەویٚ خۆیانی بۆ ئامادەدەکەن و ئەبیٚ بەهەمووومان هەوڵی پوچەڵکردنی ئەو تەقەلایە بدەین)).

زنار سلوپی لەلاپەڕە (١٦٩)دا لەسەری دەڕوات و دەڵێت:

((عابدین ئوسمان پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ئەو ملیۆنە کوردەی لەناوچەی موفەتیشیەتی یەکەمدا دەژین(ئەم بەشە لەژێر دەستەلاتی ئایدین ئۆزمان دابوە)کە شوێنەکەیان هەروەکو بەهەشت وایە لەناو خاکی نیشتمانی تورکدا, ڕێگەی ئەوەیان لیٚ بگیرێت کەنەتوانن هیچ جۆرە جم وجۆڵێك بکەن ئەو جمۆجۆڵە بچوك بێت یاخود گەورەو پێویستە لەوانەی دەرەوەش بگەیەنرێت لەوانەی لەچالاکیدان بۆ نەتەوایەتی کورد کەوا لەو شوێنانەدا کەسێکی وای تیادا نەماوە لەزمانەکەی ئەوان بگات یاخود هەستیان وەکو هەستی ئەوان وابێت)).

لێرەدا ووتەیەکی تۆفیق فکرتی شاعرونووسەری تورك دێتەوەبەرچاو کەکاتی خۆی ووتوویەتی((دنیا هەمیشە هەروا تاریك نابێت,چونکە هەمووشەوێك ڕۆژێکی خۆشیشی بەدوادا دێت)).

عابدین لەشوێنێکی تری ڕاپۆرتەکەیدا ووتوویەتی:

((بەڵیٚ,ئەو شەعبە دوا کەوتووەی لەشارستانیەتی دواکەوتووە(مەبەستی کوردە),ئەو تورکانەی هێنراوەتە ناویانەوە, ئەوانەی حکومەت هێناونی هەتا چارەسەری کێشەکانیان نەکرێت و پۆشتەو پەرداخ نەکرێن و

لەنەخۆشـیی ملاریـای ناوزنجـەکان ڕزگاریـان نـەبێت ئایـا چـۆن دەتـوانن بەئاسانی ئـەو کـوردە دواکەوتوانـە لـەناو بۆتـەی خۆیانـا بتوێننـەوە؟؟ ئایـا سوودی بوونی ئەو تورکانە چی‌یە لەوناوچانەدا ئەگەر هەل‌ودەرفەتی لەبارو باشـیان بـۆ نەڕەخسـێنرێت‌و ژیـانێکی باشـیان بـۆ دابـین نـەکرێت‌و چـۆن دەتـوانن جێگـەی ئـەو چـەند ملیـۆن کەسـە بگرنـەوە کەلەوناوچـەوە دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنی تر؟

(لێـرەدا عابـدین عوسمـان بەئاشـکرا دانـی بـەوەدا نـاوە کـەکوردە گوێزراوەکان چەند ملیۆنێك بوون).

زنار سلۆپی لەلاپەڕە/١٧١ی کتێبەکەیدا باسی عصمت ئینونوی کردوە لەساڵی(١٩٣٥)دا ساتێك چوە بۆ کوردستان‌و لەدەشتاییەکانی دیاربکردا چاوی بەچـەند دامـاوێکی نیشـتەجێ بـوو کـەوتوە(کـەدیارە کوردبـوون)و بەلووت بەرزییەکەوە لێ‌ی پرسیون‌و پی‌ی ووتوون:

((لام وایە لەسایەی خواوە ئێستە ئێوە لەو تورکانـەوە کەلەدەوروبەرتانا دەژین فێری هەندێ شت بوون؟ لەوەرامدا گەنجێك پێی دەڵێت:

((بەڵێ جەنابی پاشا, ئێمە بەهۆی ئەوانەوە فێری کوردی بوین...عصمت لەوەرامی ئەمەدا بەگەنجەکە دەڵێت: کوڕم شتێکی زۆر باشە گەر پیاو فێری چەند زمانێك بێت))

ئابـدین ئوسمـان لەڕاپۆرتەکەیـدا داوای لەحکومـەت کـردوە لەوشوێنانەدا کەکوردی بۆ گوێزراوەتەوە قوتابخانەی تایبەتی بکرێتەوە بـۆ فێربـوونی زمـانی تـورکی‌و بەشـی داخلـی بکرێتـەوە بەتایبـەتی لەناوچەکانی(کافاشا-لەویلایەتی وان)و لـە(بیـت الشـباب-لەهـەکاری)و لە(هێزان-لەبدلیس)و لـە(ملازکرد-لـە موش)و لە(برنـاری-لـە سیرت)و

لە(ئیڤل شربتی- لەدیاربکر)و لە(دیریك-لە ماردین)و لە(وێرانشهر-لە ئورفە) بۆئەوەی لە ڕێگەی ئەو قوتابخانانەوە بیری کوردایەتی لەمێشکی ئەو مندالأنەدا نەهێلرێت.

زنار سلۆپی بۆ وەرامی ئەو پێشنیازەی ئابدین ئوسمان وتوویەتی:کاشکی نووسەری ئەو ڕاپۆرتە گەشتەکەی(ئەولیا چلبی)بخوێنیتەوە کەوتوویەتی:

((پلەو ڕادەی زانیاریو خوێندەواری لە شوێنێکی وەکو(بدلیس)دا کەمرکزی ئەمارەتی(ڕۆژەکی)بوە, زۆرباشترو بەرزتر بوە لەهی دانیشتوانی ناوچەکانی تری ناو ئیمپراتۆریتی عوسمانی)).

عابدین ئوسمان لەکۆتایی ڕاپۆرتەکەیدا دانی بەڕاستیەکدا ناوە کە وتوویەتی:

((لەگەل ئەو هەموو تەقەلایانەی دەدرێت بۆ تواندنەوەی کورد لەناو بۆتەی نەتەوەی تورکدا لەناوچەی ژێر دەسەلأتی حکومەتداو ئەو هەموو هەولەی دەدرێت بۆ نەهێشتنی هەستی نەتەوایەتیی کورد لەناو مێشکی ئەوانەدا بەهۆی ئەو کوردانەی ترەوە کە لە شوێنەکانی تردا هەن کەئەو یاسایەیان بەسەردا نەسەپێنراوەو هێشتا هاتو چۆی نێوانیان لەگەل یەکتیردا هەرماوەو سەرۆکەکانیان یارمەتیان دەدەن, بەمە دووبارە هەستیان دەبزوێنرێتەوە))

تائێرە بریتی بوو لەباسی ڕاپۆرتەکەی عابدین ئوسمان هەروەکو دوکتور عزیز شمزینیو زنار سلۆپی باسیانکردوەو دەربارەی هەمان ڕاپۆرت(کریس کوچرا)ش لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١کورتەی هەمان ڕاپۆرتی باسیکردوەو وتوویەتی:

((دەوڵەتی تورکیا لەساڵی(١٩٣٢)بەدواوە یاسای پەرەوازەکردنی کوردی دەرکردو لەسەرەتادا بڕیاریدا نابێ هیچ منداڵێك هەرلە منداڵیەوە بەتورکی نەبێت نابێ بەهیچ زمانێکی تر بدوێت و عابدین ئوسمان داوای لەحکومەتەکەی خۆی کردبوو دەستەلاتێکی تەواو بدرێت بەدادگا تایبەتیەکان بۆئەوەی هەموو عەشیرەتەکانی کورد ناچاربکرێن لەژێر چەتری ئەو یاسایە دا بژین و بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە هەروەکو(پرۆفیسۆر بیلی)باسی یاسای ساڵی(١٩٣٧)ی کردوە کەچۆن بەپێی ئەم یاسایە هەموو کتێب و چاپەمەنی و بڵاوکراوەیەك بەزمانی تورکی نەبوایە هەمووی قەدەغە کرابوو.

لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەی(سون تلگراف)کەلە ئەستەمبوڵەوە دەردەچوو ئەگەرچی ئەو ڕۆژنامەیە سەربە حکومەت بوو بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی لەباسێکدا شتێکی بڵاوکردبوەوە کەبەدڵی کاربەدەستانی حکومەت نەبوو ئەو ڕۆژنامەیەش داخرا)).

زنار سلۆپی لەلاپەرە/١٧٦ی کتێبەکەیدا دەربارەی بارودۆخی ئەو ڕۆژانەو هەڵوێستی حکومەتی تورك بەرامبەر بەکوردو بەجێهێنانی نەخشەی تواندنەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا وتوویەتی:

((لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و جەورو ستەمو چەوساندنەوەو ناپیاوەتی یەی کاربەدەستانی تورك لەگەڵ کوردا کردبوویان, تورکی واش هەبوە بەویژدان بوەو بەچاوی ڕەگەز پەرستەکانی تورکەوە سەیری کوردی نەکردوەو بۆنمونەی ئەمە ئاماژەی بۆ باسی موفەکیریکی تورك کردوە(بەداخەوە ئاماژەی بۆ ناوەکەی نەکردوە)کەلە ڕۆژنامەی(دوغری یوڵ-ڕێگەی ڕاست)ی

ژمـــــاره/٧٤٥ی ڕۆژی(١٧/ئایـــــاری/١٩٣٢)دا بلاْوکراوەتــــەوە لــــەژێر ناوی(کوردەکان چی‌یان دەوێ‌و پێویستە چی‌یان بدرێتێ؟)کەوتوویەتی:

((ساڵەهایا تورکیا تووشی سەریەشەو هەڕەشەیەکی گەورە بوە بەهۆی ڕاپەڕینەکانی کوردەوەو لەم دواییەدا ژمارەیەك لەکوردەکانی ناو خاکی ئێران‌و عێراق چەند جارێك ڕاپەڕیون، بەتایبەتی ڕاپەڕینی بارزانیەکان سەرنجێکی تایبەتی ڕاکێشاوە، ئێمەش لەم هەڵوێستەدا پێویستە بیرو بۆچوونی خۆمان دەربارەی کێشەی کورد بۆ میللەتەکەمان ڕوون بکەینەوە کەهەندێ جار ڕۆژنامەکانمان هەواڵ‌و دەنگ‌و باسی لەیەکنەچوو بلاْودەکەنەوە دەربارەی هەریەك لەو ڕاپەڕینانەوبۆ ئەوەی بتوانین ئەو شتانە ڕوون بکەینەوە کەسوودی هەردوشەعبەکەی تیادایە(مەبەست تورك‌و کورد)و چارەسەری کێشەی کوردیش بکرێت بەتایبەتی کوردستانی تورکیاو ئەبێ بەرلە هەموو شتێك ئەوە بخرێتە بەرچاو کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی گشتی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی کارێکی تەواوی کردۆتە سەرباری سیاسی‌و کۆمەلاْیەتی‌و ژیانی تایبەتی هەموو میللەتان بەگەورەو بچوکیانەوە ئەگەر بەقوڵی بچینە سەرباسی کورد بۆمان ڕوون دەبێتەوە هەموو بزوتنەوەکانی کورد بۆ دەسگیر بوونی مافی خۆیان بوە، بەلاْم حکومەتی جمهوری تورکیا لەجیاتی ئەوەی دان بەهەڵەکانی ڕابردووی خۆیدا بنێت‌و چارەسەری کێشەکە بکات‌و سیاسەتێکی تازە بگرێتەبەر دەربارەی میللەتی کورد کەچی بەهەڵە وای بۆ حسابکراوە کە جێگەی مەترسی‌یە بۆ تورك ئیتر کاتی ئەوە هاتوە واز لەبۆچوونە پڕ هەلاْنەی پێشوو بهێنرێت چونکە چەندان سەدەیە هەردوو میللەتەکە پێکەوە ژیاون‌و لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی نیو سەدەیە کوردەکانی فێری زمانی

تورکی بونو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانیان لە قوتابخانە تورکی یەکانا خوێندوویانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بەبوونی میللەتی کوردا نەنرێت کورد واڵێ بکرێت هەمیشە لەگەڵمانا ناڕێك بێت چونکە هیچ سوودێك لەوەدا نابینرێت کە تۆ بەکوردێك بڵێ یت تۆ تورکیو، ئێمە ئەگەر ئێمە بڵێین کوردستان نیەو شتێك نیە پێی بوترێت کوردستان لە ڕاستیدا شتێك لەو ڕاستیە کەم ناکەینەوە کوردستان هەرهەیەو دەمێنێتو ڕاسترین هەنگاو بریتیە لەوەی دان بەشەعبی کوردو بەوڵاتی کوردا بنرێت.

هەنگاوی دوهەمی پێویست ئەوەیە تورك بە برایەکی گەورەی کورد حساب بکرێتو بۆئەوەی ئەو برایەتیە بەهێز بکرێت پێویستە بەدەنگ داخوازییەکانی کوردەوەبچین وە ئەگەر ئێمە باری ژیان بۆ خەڵکی تر بەهێز بکەین بۆ ئەوا خۆشمانی پێ بەهێز دەبین کەلە ڕاستیدا ئەمە ڕێبازی ژیانە. بانەختێك سەیری حکومەتی بریتانیای گەورە بکەین بۆ ئەوەوی بزانین چ جۆرە سیاسەتێك بەکار دەهێنێت بەرامبەر بەوانەی ئینگلیز نینوبزانین تا چ ڕادەیەك ڕێز لە دانیشتوانی میصرو استرالیاو کنداو شوێنەکانی تر دەگریت، لەڕاستیدا ئینگلیز لە تورك باشتر نین بەڵام سوودو بەرچەوەندیی خۆیان وای لێکردون ئەو جۆرە هەڵوێستە بگرنە بەر لەگەڵ میللەتانی تردا.

ئایا دانانی ڕوسیا بەجمهورییەتەکانی جورجیاو ئەرمەنیاو ئەوانی تر نموونەیەکی زۆر باش نین کەلە هەندێکیانا قوتابخانەشیان بۆ کوردەکان کردوتەوە کە ژمارەی کورد لەو شوێنانەدا پەنجا هەزار کەس دەبنو لەمۆسکۆ ئەکادیمیی زانیاری ڕوس لە مۆسکۆ ئەبجەدیەتێکی تایبەتی

بۆ کورد داناوە(مەبەستی ئەو ئەلف بایەیە کە ڕۆژنامامەی ڕێ یاتازەی پێ دەرئەچوو لە ئەرمەنیا) پێویستە دەرس و پەندێکی باش لە هەڵوێستی ئینگلیز وەربگرین بەرامبەر بە ئیرلندە....ئایا حکومەتی بریتانیا تواناى ئەوەی نیە سزای ئیرلندییەکان بدەن بەرامبەر بەو هەموو داخوازییە زۆرو قورسانەی لە ئینگلیزەکانیان داواکردبوو..

هەروەها هەڵوێستی فرنسە بەرامبەر بەسوریا کە هەندێکەس بە هەڵەوای لێك ئەدەنەوە ئەوشێنەییەی فرنسە لەبەر لاوازییەتی لەکاتێکدا ئەمە مانای لێکدانەوەو دووربینی و بەهێزیی دەستەڵاتێتی.

پێویستە تورکیا لەسەر ڕێبازی ئێران و عراق نەڕوات بەڕێوە بەرامبەر بەکورد چونکە تورکیا دەوڵەتێکی گەورەیەو شوێن و پلەیەکی بەرزی هەیە لەڕووی سیاسەتی دەوڵەتانەوەو پێویستە بچێتە سەر ڕێبازی میللەتانی پێشکەوتووی جیهان لەڕووی ئایدۆلۆجی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە. هەرچەند تورکیا لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بەیەکێك لە پێشکەوتووترین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێرێت بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەنابێ کوردیش وەکو میللەتانی تری لێ بێت.

ئەگەر تورك ڕێگە بدەن بەکورد وەکو وڵاتانی ئەوروپا چۆن دەکەن تورکیش ڕێگا بدات بەکورد زمانی خۆی بەکار بهێنێت و ڕۆژنامەکانیان بەکوردی بلاوبکەنەوەو خوێندن لەقوتابخانەکانیانا بەزمانی کوردی بێت ئەوسا بۆیان دەرئەکەوێ کورد چۆن ڕێبازێکی تازە دەگرێتەبەر کەسوودی بۆهەردوو شەعبی تورك و کورد دەبێت.

لاموایەوبگرە دڵنیاشم لەوەی ساتێك کورد داوای سەربەخۆیی دەکات لەهەمان کاتیشدا ئارەزووی ئەوە دەکات لەچوار چێوەی زمانی نەتەوایەتیی و ڕەوشتو تەقالیدی خۆیدا بژیو لەسەر تورکیش پێویستە وەکو برا گەورەیەکی کورد ئەو داخوازییانەی بەجێ بێنێتو مافی نەتەوایەتیی خۆیان بۆ موسوەگەر بکاتو لامرایە تورك توانای ئەوەشی هەیە ئەگەر کورد داوای شتی لەوەش زیاتری کرد پێویستە دەست نەنرێت بە ڕوویانەوە.

ئەو میللەتە زیرەکو سەربەستی پەروەرو ئازایە بکرێت بەدۆستو هاوکاری تورکو خۆی بەکوڕێکی دڵسۆزی دایکی نیشتمان دابنێت.

بەداخەوە هەندێ لەکوردەکان لەسەر هەندێ داخوازی تۆزێك پەلەدەکەن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە ئەو پەلەکردنەیان ببێتە هۆی دوژمنایەتیو ئەبێ ڕاستی یەك هەیە بخرێتەبەر چاوو فەرامۆش نەکرێت ئەویش ئەوەیە: ئەوەی بەنووکی شیرو ڕم دروست دەکرێت بەنووکی شیرو ڕمیش دەرووخێنرێتو لەناو دەچێت، بۆیە پێویستە پێوەندی کۆمەڵایەتی بناغەکەی لەسەر خۆشەویستی داڕێژرێت کەبەمە ئەو پەیوەندییە خۆڕاگر دەبێتو ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە تورك پێویستە لەگەڵ کوردا بیگرێتەبەر)).

لەڕاستیدا لەدوای خوێندنەوەی ئەوباسەی لەڕۆژنامەی(دوغری یۆڵ)ی تورکیدا بڵاوکراوەتەوە بەپێنووسی تورکێکی ڕۆشنبیرو دووربینی بەویژدان چەند سەرنجێك دێنە پێش چاو:

١- دوورنیە ئەوباسە لەلایەن ڕۆشنبیرێکی تورکی ئەو سەردەمەی وەکو یشار کمالو اسماعیل بێشکچی ئەم سەردەمەوە نوسرابێت کە زۆر دووربینانە ویستوویەتی خزمەتی پاشەڕۆژی تورکو دەوڵەتی تورکیاش

بکات, بەڵام دوورنیە ئاخۆ ئەو نووسەرە لەدوای ئەوباسەی بیانووی پێگیراوەو زیندان کراوە یانا؟ وەئایا ئەو ڕۆژنامەیە لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو باسە داخراوەیانا؟

٢- بەرلەمە باسێکی کریس کوچرامان بڵاوکردەوە کەلەو باسەیدا وتوویەتی:

(ڕۆژنامەی سون تلگراف) کەلە ئەستمبوڵ دەردەچوو, لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکە سەربە حکومەتو لایەنگری حکومەت بوویەڵام تەنها لەبەر ئەوەی شتێکی تیادا بڵاوکرابۆبوە وە کەبەدڵی کاربەدەستانی حکومەت نەبوو,ئەو ڕۆژنامەیان داخست, تۆبڵێی ڕۆژنامەی(دوغری یۆڵ) پاش بڵاوکردنەوەی ئەوباسەی بەناوی موفەکرێکی تورکەوە بڵاوکرابوبوە وە هەروا بەئاسانی لەداخستن ڕزگاری بووبێت نووسەر بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەکوردو بەمافی کوردو داواکردنی لەحکومەت کە ڕێبازێکی دیموکراتیانە بگرنە بەر لەگەڵ کوردا, کەلام وایەو هیچ گومانیشم لەوەدانیە کە کاربەدەستانی ئەو ڕۆژانەی تورك بەچاوێکی پڕ لە نارەزاییو بەدڵێکی پڕ لە خەشمو قینەوە سەیری ئەو باسەیانکردبێت, بەپێویستی دەزانم بۆ چوونێکی تری لەوجۆرەکە (١٩)ساڵ بەرلەوە لەلایەن زاناو ڕۆشنبیرێکی کوردی ناسراوە وە وەلە (٣٠/ی ئۆکتوبەری(١٩١٣)دا لەلایەن(عبدالله جودت)ەوە لەگۆڤاری(ڕۆژی کورد)دا بڵاوکراوەتەوە بخەمە بەرچاو(بەرلەوەی باسەکەی بڵاوبکەمەوە, حەزمکرد باسی(عبدالله جودت)بکەم:

(ڕۆژی کورد)کە عبدالله جودت ئەم باسەی تیادا بڵاوکردۆتەوە ئۆرگانی کۆمەڵی (هێڤی-هیوا بوە تاساڵی(١٩١٤) وەلەدوای ئەوە ناوی کراوەبە

(هەتاوی کورد) کەلەبەرگی یەکەمدا لەباسی ئەو گۆڤارەدا وتراوە عبداللە جودت یەکێك بوە لەنووسەرانی ئەو گۆڤارە.

لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم لەشۆڕشی پیرانیشدا هاوکاری شۆڕش بوەو ڕۆژنامەی (ئەقشام)ی تورکی لەمانگی کانونی دوهەمی (١٩٢٥)هێرشێکی توندو تیژی کردۆتە سەر عبداللە جودت بەتاوانی ئەوەی هەوڵی دابوو حکومەتێکی سەربەخۆی کورد دروست بکرێت.

عبداللە جودت لەدوای اعلانی مشروطیە (ساڵی١٩٠٨)گەڕابوەوە بۆ تورکیا و گۆڤاری(اجتهاد)ی دەرکردبوو کەپیرە مێردی شاعری مەزن یەکێك بوە لەهاوکارەکانی لەو گۆڤارەدا.

عبدالله جودت لاپەڕە/٣١٤ی کتێبەکەی زنار سلۆپی

عبدالله جودت لەگۆڤاری(ڕۆژی کورد)کەلە ۳۰/ی‌تشرینی یەکەمی ساڵی(١٩١٣)دا لەژێر ناوی (ڕێگای یەکگرتن) کەلەو باسەیدا لەوە دوا بوو چۆن کوردو تورك پێکەوە بژین. قدری جمیل بەگ لەلاپەڕە/١٨٠ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ دەقی ئەو وتارەی بەم جۆرە بلاوکردۆتەوە:

((ساتێك یەکێك لە دۆستە نزیکەکانم گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ی چاوپێکەوت لەسەر مێزەکەم بەسەر سوڕمانێکەوە پرسی: ئەم بلاو کراوەیە چی‌یە؟؟ منیش کە تێم گەیاند ئەمە زمانی حاڵی کوردەو بەشێکە لە ڕۆژنامە گەرێتی کە هەوڵئەدات لەباسی ژیانی کۆمەلایەتی و (ئەنتۆگرافی) بکۆڵێتەوەو لەسەری بنوسێت... ساتێك ئەو دۆستەم گۆڤارەکەی کردەوەو سەیری لاپەڕەکانی کرد کە بەزمانی کوردی نوسراوە وتی: لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە بەزمانی کوردی نوسراوە, کەواتە ڕۆژنامەکە لایەنگری جیابوونەوەیەو گۆڤارەکەی لەسەر مێزەکەم دانایەوە!! (کەدیارە دۆستەکەی تورك بوە)

بەلای منەوە مەبەستی(عبدالله جودت)خۆیەتی ئەم گفت‌وگۆیەی هەردەکمان شایانی لێکۆڵینەوەیە, چونکە بیرو بۆچونی گشتی بەرامبەر بەم مەسەلەیە جێگەی داخەو زۆر خەفەتبارم کە ئەو فەلسەفەیە لەناو دەورووبەرە کەشمانا جێگەی خۆی کردۆتەوە.

تورکیا لەگەڵ ئەوەشدا گەلێك لەو وولاتانەی ئەورووپای جاران لەژێر دەستیا بوە لەکیس چوە بەلام هێشتا هەر بەئیمپراتۆرییتێکی گەورە دەژمێرێت‌و هێشتا گەلێك لە میللەتان هەر لەژێر سایەی ئەو ئیپراتۆریەتە داماون‌و بەتەمای ئەوەیە ئەو میللەتانە یەك پێ بگرێ یا

هیچ نەبێ لەیەکتریان نزیک بکاتەوەو هەوڵی ئەوە دەدات ڕێگە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە خۆش بکات.

من وەکو تورکێك یا کوردێك نا, بەڵکو وەکو هاو وڵاتیەکی سەربەست کە لایەنگرو ئاواتە خوازی سەرگرتنی سەربەستیم, وائەزانم خوای گەورە خەڵکیبۆ ئەوە دروستکردوە لەناو خۆیانا بەڕێكو پێکی پێکەوە بژین کەهەروەکو لەقورئانیشدا فەرموویەتی(وخلقناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا)کەواتە هەموو میللەتێك بۆی هەیە بەو پەڕی سەربەستییەوە دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی هەڵبژێرێت بەو شێوەیەی لەگەڵ ئارەزوو سروشتی میللەتەکەیدا یەك بگرێت, بۆئەوەی لەڕێگەی ئەمەوە بتوانێت دۆستایەتی خۆی لەگەڵ میللەتانی تردا پەیدابکاو بەهێزی بکات.

ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کەدەوترێ:ڕێگەی یەککگرتنی ئەو میللەتانەی لەناو ئیمپراتۆریەتێکی چەند میللەتیدا تەنها لەڕێگەی بەکارهێنانی تاقە زمانێکەوە ئەو یەککگرتنە دێتەدیو سەردەگرێت.

دووساڵ لەمەوبەر داوام لێکرا محازەرەیەك پێشکەش بکەم دەربارەی یەکێتی شەعبی(کادیکیۆ)لەیانەی(اتحاد دوترقی)و منیش لەو محازەرەیەدا ووتم:

یەککگرتنی هەموو شەعبێك بەرلە هەموو شتێك بەیەککگرتنی(پەرژەوەندی–مصالح)پێك دێتو ئەمەشم بەڕێگەیەکی ڕاست دانا بۆ ئیمپراتۆرێتی تورکیا کەبیکا بەڕێبازی خۆی.

بۆنمونە:ئەگەر دووکەسمان بەپەت بەستەوە بەیەکترییەوە وەی تریشمان لەملاولای ئەو دووکەسەدا دانا ئایا لەم دووتاقمە چلایەکیان

لەناو خۆیانا لەگەڵ یەکتردا ڕێکوپێک دەبن؟ ئایا ئەو دوانەی بەپەت بەیەکەوە بەسراون(کە بێگومان مەبەستی عبدالله جودت ئەوەبوە بڵێن ئەو دوانەی بەزۆرە ملیٚ پێکەوە بەسرابوون) یائەوانەی تر؟؟

عبدالله جودت لەباسەکەیدا دەڵێت:

ئەم پرسیارە پێویست بەڕوونکردنەوە ناکات... لەشوێنێکی وەکو(سویسرە)کەلە(٢٢)کانتونات پێکهاتوەو هەریەکەیان بریتیەلە کانتۆنێکی سەربەخۆ لەڕووی ئیداریو حقوقی دانیشتوانیوە.

بۆ وێنە: نابیٚ لەکانتۆنی(جنێف)داکەس حکوم بدرێت بە اعدام چونکە یاسای ئەم کانتۆنە ڕێگا بەهەڵواسینی کەس نادات و ئەوەبوو بەرلە دەساڵ کە(لۆکورتی)ی گێرەشێوێنی ئیتالی(ئیلیزابت)ی خاتو ئیمپراتۆری نەمسا لە(جنێف)دا کوشت و حکومەتی نەمسا داوای لە حکومەتی مرکزیی سویسرا کرد لە (برن) سزای لۆکورتی بدات بە اعدامکردن,بەرامبەر بەم داخوازییە حکومەتی کانتۆنی(جنێف) ئەو داخوازیەی پشت گویٚ خست و وەرامی حکومەتی نەمسای وادایەوە کە سزای ئەو کوشتنە بەپێی یاسای کارپێکراوی کانتۆنی(جنێف) ئەدرێت چونکە ئەو ڕووداوە لەناو خاکی حکومەتی(جنێف)ڕوویداوە لەبەرئەوە داخوازییەکەی حکومەتی نەمسا سەری نەگرت.

ئەو جمهوریەتە(کانتۆنانە)بچوکانەی لەهەموویان حکومەتی فیدڕاڵی سویسرەیان پێکهێناوە هەریەکێک لەوانە بەقەد یەککێک لەویلایەتەکانی تورکیا دەبێت و هیچیان لەژێر دەسەڵاتی ئەوەی تریانا نیە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندیٚ کاروبار هەیە پێکیانەوە دەبەستێتەوە دانیشتوانی سویسرە لەنوێنەرانی سیٚ ڕەگەزی جیاواز پێکهاتوە...

فرنسی...ئەڵمانی... ئیتاڵی و دیانەتەکانیشیان لەسەر یەك شێوە نیە: پرۆتستانت, کاثولیك, ئەرثوزکس, فالونیست,بەلاّم لەڕاستیدا جیاوازیی نێوانیان لەڕووی ڕەگەزو ئاینەوە تەنها هەربەناو هەیەو بەهۆی ئەو دەسەلاّتە سەربەخۆییە کەهەریەکێك لەو کانتۆنانە هەیەتی.. هیچ بایەخێك نەدراوە بەبوونی ئەو جۆرە جیاوازییەی نێوانیان.

ئەوشارەزاییەی دەسگیرمان بوە بۆمان روون دەکاتەوە ئەم سەردەمە(باسی ساڵی ۱۹۱۳ی کردوە)بریتیە لەسەردەمی بووژانەوەی نەتەوایەتی و بێدەنگ بکات و لەناوی ببات و بەرهەڵستی کردنی و تەقەلای نەهێشتنی لەڕێگەی هێزو بەزۆرە ملی سەرناگرێت و بەپێچەوانەوە پێویستە ڕێگەی ئەوە بدۆزرێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕاست وباش ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت و پەندێکی کۆن هەیە لەو ڕووەوە کە دەڵێت: برا برایە,بەلاّم هەریەکەیان مافی تایبەتی خۆی هەیە(لەکوردیدا ووتراوە: براییمان برایی وکیسەمان جیایی کە ڕەنگە عبدالله جودت مەبەستی ئەمە بووبێت).

کورد دەیەوێ زمانەکەی خۆی پەرە پێ بدات و هەستی نەتەوایەتیی بگەیەنێتە پلەیەکی بەرزو پێشکەوتوو, حکومەتەکەمان ڕۆژێك دێ لەم داخوازییەی کورد بەباشی تێ بگات.

هاو ولاّتیانی کورد شان بەشانی هاو ولاّتیانی ئەرمەنی دەژین و لەگوندی ئەرمەنیەکاندا(هاملێت)ی شکسپیر دەخوێننەوەو نووسینەکانی(مونتیسکۆ)و (دانتی)و (داروین)کەبەرلە پەنجا ساڵ بەشێوەیەکی زۆرباش وەرگێڕراون بۆ زمانی ئەرمەنی لە قوتابخانەی (منجتاریت)دا لەشاری(ڤینسیا)....ئایا ئەو جۆرە چالاکیە ڕۆشنبیریە لەناو ئیمپراتۆریەتە کەی ئێمەدا هەرلە خۆیەوە پەیدا بووە؟؟

هیوادارم ئەوکەسەی ڕەشبین و نائومێدە لێم نزیک نەکەوێتەوەو ئەوەش کە دێتەلام بەبێ دڵخۆش بوون لام نەڕوات.

عبدالله جودت
٧/تموزی/١٩١٣

زنار سلۆپی لەدوای بلأوکردنەوەی ئەوباسەی عبدالله جودت کەلەگۆڤارا ڕۆژ کوردا بلأوکرابوەوە وتوویەتی:
ئەو ڕۆژەی ئەو باسەی تیادا بلأوکرابوەوە(ژون تورک)لەو بیرو بۆچوونە وردەی ئەو نووسەرە ڕۆشنبیرە نەدەگەیشت و بگرە تورکیای ئیمڕۆش هێشتا هەر لێی تێ نەگەیشتوەو ناشیەوێ لێی تێ بگات چونکە ڕەگەز پەرستێتی کوێرانە ڕێگەی ئەوەی لێگرتوە.
(بەڕاستی نەخشەی ئابدین عوسمان بۆ تواندنەوەی کورد نمونەیەکی زەقی ئەو بیرو بۆ چوونە ڕەگەز پەرستی‌یەیە کە ساڵەهایە کاربەدەستانی تورک نەیانتوانیوە بەبست لێی دوور بکەونەوە).

*ن

باسی دووهەمی

هۆی دەسپێکردنی شۆڕش وبەشداربوانی شۆڕش و سەرکردەکانی شۆڕش

لەباسی پێشوودا بەدورو درێژ باسی هەڵوێستی حکومەتی تورك کرا کە چۆن نەخشەی تایبەتی کێشابوو بۆکۆتایی هێنان بەهەموو جۆرە بزووتنەوەو راپەرینێکی تر پاش ئەوەی شۆڕشی ئاگریداغی خامۆش کردبوو، خۆشی ئامادە کردبوو بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوەی تورکداو تەنها مابووەوە سەرناوچەی درسیم کەهەتا ئەوکاتە هێشتا بەتەواوەتی دەست درێژی نەکردبوە سەر دانیشتوانەکانی وهێشتبویەوە بۆدوای لەناو بردنی شۆڕشی ئاگریداغ و وادیاربوو حکومەت لەکاتی شۆڕشی کورد لەناوچەی ئاگریداغدا بۆبێدەنگردنی دانیشتوانی درسیم نەمێنێت بەڵام دوای شۆڕشی ئاگریداغ بەو بڕیارەیدا چوە وە ودەستی کردبوو بەسەندنی باج.

دەربارەی ئەمە پرۆفیسۆر حسرتیان لەلاپەرە/١٦٥ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٩باسی کردوە کە حکومەت بڕیارێکی تازەو تایبەتی دەرکرد،

بۆسەندنی باج لەسەردانیشتوانی درسیم و ئەم بڕیارەی حکومەت بوو بەهۆی پشێویو شۆڕشێکی تازە کەلەساڵی ١٩٣٧دا لەوناوچەیەدا دەستی پێکرد.

ئەو بڕیارەی حکومەتو بڕیارێکی تری کەبریتی بوو لەداگیر کردنی زەویو زاریکوردودابەش کردنی بەسەرئەو تورکانەدا کە هێنابویانە ناوچەکە ئەوەندەی تر هەڵوێستی ئاڵۆز کرد.

حسرتیان لە باسەکەیدا ووتوویەتی:

((لەسەرەتادا سەندنی باج بەئاسانی سەری نەگرت چونکە دانیشتوان بەربەرەکانی حکومەتیان دەکردو بەرامبەر بەمە حکومەت دەستیکرد بەهەڕەشەکردن وترساندنو سزادانو کوشتوبڕی خەڵكو لەسەر جادەکانی(العزیز)بۆ ترسلاندنی خەڵك چەند کەسێکی لەسێدارەدا لەوانەی دژی حکومەت وەستابوون لەنەدانی باج بەپێی ئەو بڕیارە تازەیەی دانیشتوان ماوەیەك بوو فێری نەدانی بوبون وئەم ڕەفتارو هەڵوێستە تازەیەی حکومەت بوو بەهۆی ڕاپەڕین وهەڵگیرساندنی شۆڕشێکی تازە کە هەموو ناوچەی درسیم یگرتبۆوەو شۆڕشگێڕان توانیبویان(٣٠هەزار)چەکدار ئامادە بکەنو پەلاماری فەیلەقێکی تورکیان داوپردەکانیان ڕوخاندو ڕێگەوبانەکانیان تێکداو ڕێگەی هاتو چۆکردنیان بڕی(لام وایە ئەو ٣٠هەزار چەکدارەحسرتیان دەبێ لەدەمی دانیشتوانەوە بیستبێتی کە دوورنیە زیادە ڕۆیی لە ژمارەکەدا کرابێت چونکە لەدوایدادەردەکەوێت ئەگەر شۆڕش خاوەنی ئەو هەموو چەکدارانە بوایە بەئاسانی ئەو شۆڕشە کۆتایی پێ نەدەهێنرا).

حسرتیان دەڵێ: حکومەت بەرامبەر بەو بزووتنەوەوجم وجۆڵەی کورد ئـەویش (٢٥هـەزار) سـەربازی لەسـاڵی١٩٣٧دا لـە(تـونجلی) ئامادەکردوبەپاڵپشتی هێزی ئاسمانی بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە توانی شۆڕشەك خامۆش بکاتو لەناوی ببات))

بەرلـەوەی بەدوورودرێـژ بچینەسـەر باسـی دەسـپێکردنی شۆڕشـەکەو ئەنجامەکـەی بەپێویسـتم زانـی کورتـە باسـێکی ژیـانی ئـەو سـەرکردەو شۆڕشگێڕانەی کوردبکەم کەلەو شۆڕشەدا بەشدارییان کردبوو.

کریسکوچـرا لەلاپـەڕە/٢٠٣ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە/ ٤١ باسـیژیانی (سـەید ڕەزا)ی کردوەکەسـەرکردەی ئـەم شۆڕشـە بوەکـە ووتوویـەتی سـەید ڕەزا لەساڵی١٨٦٢دا لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٣٧داکۆچی دوایی کردوەکە بـەپێی بۆچـوونی کـریس کوچـرا سـەید ڕەزا(٧٥)ساڵژیاوەوکەلە سێدارە دراوە لەتەمەنی(٧٥)ساڵیدابوە.

کوچرادەربارەی ژیانی سەید ڕەزا وتوویەتی:

((سـاتێك ڕاپـەڕینی درسـیم دەسـتی پێکردئـەو دپلۆماسـی وسیاسـییانەیلە ئەنقـەرەبوون نـەیان دەزانـی کێسـەرکردەو ڕێبـەری شۆڕشەکەیەو لایانوابوو سەید ڕەزا تەنها بریتی بووەلە سەرۆکێکی ئاینی و مەزهەبی لەناوچەکەدا.

کـریس کوچـرا لەباسـەکەیدا ئامـاژەیبۆ کتێبەکـەی (نـوری درسیمی)کردوەبەتورکی لەژێرناوی (درسیم کردستان تاریخندە)کەلەدوایدا لەساڵی١٩٥٢دابەزمانی تورکی لەلایەن (ئالـپ)ەوەچاپکراوە کەلـەو کتێبەدا بەدورودرێـژ باسـی سـەید ڕەزاو مێژووی ژیـانی کـردوە کـە نوری درسیمی خۆی ماوەیـەکی دورودرێـژ لەگـەڵ سـەید ڕەزا دا ژیـاوە وپێکـەوە خـەباتیان

کردوه(لەبەرگی دوهەمدا وێنەی نوری درسیمی هەیە)بەپێی کتێبەکەی نوری درسیمی سەید ڕەزا کوڕی سەید ئیبراهیم بوە کەسەرۆکی عەشیرەتی(حەسەنان)بوە کەلەڕۆژئاوای درسیمدابوە کەئەم عەشیرەتە یەکێك بووەلە عەشیرەتە بەناوبانگەکانی ئەوناوچەیە.

(بەلام حەسەن عرفە لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٢وتوویەتی:سەید ڕەزا لەخێڵی (عباس ئوشاقی)بوەکە ڕەنگە ئەو خێڵی عباس ئوشاقی‌یەی حسن عرفە باسیکردوە هەریەکێك بوە لەخێڵەکانی عەشیرەتی حەسەنان کە نوری درسیمی باسیکردوەو کریس کوچرا ئاماژەی بۆ کردوە).

بەپێی کتێبەکەی نوری درسیمی لەناو شیعەکانی درسیمدا کەکریس کوچرائاماژەی بۆکردوە(کەمەبەستی علوی‌یە)شێخەکانی درسیم بە (سەید)ناودەبران وسەید ئیبراهیم چوار کوڕی بوەکە (سەید ڕەزا)کوڕی بچوکی بوەو لای باوکی زۆر خۆشەویست بوە.

سەیدڕەزا دەرسی(زانین-علم)ومەلایەتیی لای(محمدعلی‌ئەفەندی) خوێندوەکەیەکێك بوەلەزانایانی ئەوسەردەمەومرۆڤێکی‌ئاینی‌ومەزهەبیی بەناوبانگی ناوچەکەبوەو ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە لەچەسپاندنی بیروباوەڕی نەتوایەتی لەمێشك ودڵی سەید ڕزاداو سەید ڕەزا بەهۆی ئەوەوەو بەهاندانی ئەو مامۆستایەوە مێشکی پڕبوە لەهەستی نەتەوایەتی. بەپێی وەسیەتی سەید ئیبراهیم، سەید ڕەزا جێگەی باوکی گرتۆتەوەو لەگوندی)ئاغداد)دانیشتەجێ بووە کە گوندێکە لەداوێنی کێوی (توژیك).

هەڵوێت وڕەفتاری سەید ڕەزا ڕوونی کردۆتەوە کە ڕێبازێکی کوردایەتیی گرتبوەبەرو مرۆڤێکی خاوەن ڕەوشت‌وخوویەکی بەرز بوەو خزمەتێکی زۆری میللەتەکەی خۆی کردوە.لەدوای شۆڕشەکەی شێخ سعید

لەساڵی١٩٢٥داسەید ڕەزا خزمەتێکی زۆری ئاوارەکانی کردوەو خەڵکی لاواندۆتەوەو پەنای داون(کاشکی ئەو خزمەتە زۆرو گەورەیەی سەید ڕەزا دوای شۆڕشەکەی پیران لەکاتی شۆڕشەکەدا بوایەولەکاتی دەست درێژی کردنی تورك بۆسەر شۆڕشگێڕانی پیران بیلایەن نەبوایەو بێدەنگ دانەنیشتایەو ئەو کۆنە قینەی بەهۆی سوارەی حمیدیەو ڕەفتاری سوڵتانەکانی عوسمانیەوە لەناو سونیو علویدانەبوایە بەهۆی کەمتەرخەمی بەدەنگ یەکەوە نەچوونی ڕێبەرانی ئەو دوومەزهەبە,کەلە شوێنی خۆیدا لەباسی هەڵسەنگاندنی ئەم شۆڕشەو شۆڕشەکانی تریباکووربەشێوەیەکی گشتی دەچینەوەسەرئەم باسە).

کریس کوچرالەلاپەڕە/٢٠٤ی کتێبەکەیدا باسی دوکیومینتیکی ناوئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیای کردوە ژمارە (F0.361-A.F.20864)کەلەو دوکیومینتەدا باسی نیشتیمان پەروەریتی وڕووناکبیریتی سەید ڕەزای تیادا کراوە کەوتوویەتی:

((سەید ڕەزا لەگەڵ چەند هاوکاریکیدا نامیلکەیەکی بە فرنسزی لەژێر ناوی (درسیم-کوردستان)داچاپکردوەو ناردویتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا(بێگومان نوری درسیمی کەشارەزای زمانی فرنسی بوە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەنوسین ولەهاندانی سەید ڕەزا بۆناردنی ئەو نامەیە). بەپیی کتێبەکەی کریس کوچرا(وەرگێرانی محمدریانی بۆکوردی) پوختەی ئەو نامیلکەیە بەم شێوەیەبوو:

((زۆر لەمێژە,واتە بەدرێژایی ساڵەهای ساڵ تورکەکان لەناو وڵاتی کوردستاندا کارێکیوایان کردوە کەکوردێك نەتوانێت ڕۆژنامەیەك بخوێنێتەوە بەزمانی زگماکی خۆی بنوسێت یاخود پەرتوکێك چاپ

بكات وبلاوى بكاتەوە وەيابەزمانى خۆى ووت و ويژبكات و حكومەتى كوردى دوور خستۆتەوە بۆناوچەى (ئەناتوليا)كە بريتى يەلەشوێنێكى ووشك وبىٚ ئاو،زەوىوزارە كانيشى بەكەڵكى هيچ نايەت ولەئەنجامى ئەمەدا ژمارەيەكى زۆرى كورد لەناوچوە وحكومەت شان بەشانى ئەمەش ئەوپەرى جەوروستەمى بەكار هێناوە لەگەڵ دانيشتوانى درسيمدا وخەڵك هەمووى تووشى نائارامى بون وئاوارەكراوى ودووردخراونەتەوەلەخاكى ولاتى خۆيان واەئەنجامدا ئەوانيش ناچاربوون دەست بدەنە چەك بۆ ئەوەى ولاتەكەيان ومافى خۆيان بپارێزن كەنمونوى ئەمە لە راپەرينى ئاراراتى ساڵى١٩٣٠دا لەناوچەكانى (زيلان)و (بايزيد)دا دەركەوتوە.

هەرچەندە ئەوا ماوەى سىٚمانگ تێپەرى كردوە بەسەر ئەو شەرە بىٚ ئەمان وئەو شەرە نابەرامبەرييە لەيەكنەچوەى نێوان هێزى دوولادا(مەبەستى حكومەتودانيشتوانى درسيمە)دەستى پێكردوە لەم ناوچەيەدا وحكومەت بەبۆمباى ناپاڵم وژەهراوى ولاتى كوردستان بۆردومان دەكەن كەلەئەنجاميا ژن ومنداڵێكى زۆرى بىٚ تاوان دەكوژرێت بەبىٚ ئەوەى بەزەييان بەهيچ كەسێكدا بێتەوە, لەگەڵ ئەوەشدا حكومەت هێشتا نەيتوانيوە سەربكەوێت و بگرە تووشى زيان وشكستيش بووەو بەرامبەر بەو خۆراگرتن ووەستانەى ئێمە, فرۆكەكانى حكومەت ئاوايييەكانن بۆردومان دەكەن و دانيشتوان لەلايەن حكومەتەوە ئاوارەدەكرێن ولەماڵ وشوێنى خۆيان دوور دەخرێنەوەو ناوبەنديخانەكان پرو سيخناخن لەگيراوەكان كەدەستە دەستەش رۆشنبيرانى كورد لەناو بەنديخانەكانا تيرباران دەكرێن ودەكوژرێن.

سیّ ملیۆن کورد کەلەگەڵ میللەتی تورکدا دەژین دەیانەویّ بەزمانی خۆیان بخوێنن و بنوسن و بەئاشتی و بەهێمنی و بەئازادی لەناو خاکی خۆیانا بژین وداب ونەریت وفەرهەنگ وڕەگەزی خۆیان بپارێزن...

ئایا میللەتی کوردکەبەوشێوەیەداوایمافی خۆیدەکات بەلای ئێوەوە شایانی ئەوەیە بەوجۆرە ڕەفتاری لەگەڵابکرێت و بەوجۆرە تاوانی بەرامبەربکرێت؟!

ئایاپێویست نیە لەسەرحکومەتی تورك واز لەوهەڵوێست و کردارانەی بێنێت و چارەسەری کێشەکەبکات؟ئاغای وەزیر(مەبەستی وەزیری دەرەوەی بریتانیایە)منلەناخی دەروون و دڵمەوەئەم قسانە دەکەم و هیوادارم لەڕێگەی ئەم نامیلکەیەوە توانیبیتم هەستی دەروونم بەرامبەر بەڕووداوەکان لەلای ئێوەکاری خۆی بکات.

امزا

ژینرال-ئیسمی درسیم سەید ڕەزا



وێنەیەکی سەید ڕەزا

دکتۆر عبدالجبار قادر وەرگێڕی سەرچاوە/٧لەتورکیەوە بۆ کوردی وتوویەتی کاربەدەستانی حکومەتی بریتانیا هیچ وەرامێکی ئەو نامەیەی سەید ڕەزایان نەداوەتەوە.

بێجگەلەونامەیەی سەید ڕەزا کە بۆوەزیری دەرەوەی بریتانیای ناردبوو,حسن عرفە لەکتێبەکەیدا- سەرچاوە/٥٢(کوردستان ازبیرون)ئاماژەی بۆنامەیەکی ترکردوە کەلەلایەن(امام قاسم/و(ئیسماعیل حقی)یەوە کەلەڕۆژی ١٩٣٧/٨/١١داداویانەبە حکومەتی عراق و بەنوێنەرانی دەوڵەتە بێگانەکانی عێراقدا ولەونامەیەدا داوایانکردوە ڕەخنە لەو ڕەفتارە دڕندانەیەی تورك بگرن و داوای وەستانی ئەو شەڕە خوێناویە بکەن و کۆمیسیۆنێك پێك بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژانەی ناوچەی درسیم.

حسن عرفە جگە لەباسی ئەو نامەیە باسی عەشیرەتەکانی (حیدران)و(رمان)و(ئوشاق)ی کردوە کەبەشدارییانکردبوو لەشۆڕشی درسیمدا وقدری جمیل بەگ(زنار سلوپی)لەلاپەڕە/٢٠١ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧, باسی کۆبوونەوەی چەند عەشیرەتێکی کردوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزەکانی حکومەت ببنەوە کە عبدالله ئاڵب دوغان کرابوو بەسەرکردەی هێزەکانی حکومەت بۆ لێدانی ناوچەکەو ناوی (درسیم)ی بەشێوەیەکی ڕەسمی گۆڕیبوو بۆ (تونجلی)و عەشیرەتەکان لەو کۆبوونەوەیەدا هەوڵیاندابوو یەك بگرن و بەشێوەیەکی یەککگرتوو ڕووبەڕووی نەخشەکەی حکومەت ببنەوە, بەلأم بەداخەوە لەو کۆبوونەوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجامێکی بەسوودو نەیانتوانی ئەوانیش بەرامبەر بەنەخشەکەی حکومەت نەخشەیەك بۆ خۆیان ئامادەبکەن

کـــەلووت بەرزی‌وهەلوێســـتی تاکەکەســـی یـــەکێك بـــوو لـــەهۆکانی سەرنەگرتنی ئەوکارەگرنگە لەو ڕۆژە ناسکەدا, لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەو عەشیرەتانەی پێوەندی‌و خزمایەتی یان لەگەڵ یەکتردا بەهێز بوو وەبۆ چوونەکانیان دەربارەی هەلوێست لەیەکەوە نزیك بوو جۆرە ڕێکەوتنێکیان لـەنێوان خۆیانـا سـازکردبوو, پـەیمانێکیان بەسـت کەبەپێی ئەو پەیمانە بەلێنیان دا ڕووبەڕووی هێزەکانی حکومەت ببنەوەو(سەید ڕەزا)توانیبووی جۆرە هاوکاری‌و تەبابیەك لـەنێوان هەندێکیانا پێك بێنێت وەکو عەشیرەتی (ئەباسیات, فرهادان, کارابالینـان, بـەختیار, یوسـفیان, دوموەمـان, حسـن عرفـه بەعەشـیرەتی دمـان نـاوی هێنـاوە, لەگـەڵ عەشـیرەتی حیـدران), بـەلام عەشیرەتی(کالان)بەنیوەچلی لەگەڵ عەشیرەتەکانی تیهەلبوە.

زنار سلوپی لەباسەکەیدا لەسەری ڕۆیشتوەووتوویەتی:

عبدالله ئالـپ دوغـان هـەولی دا لەڕێگەی(خضـر) ناوێکەوە کەکۆنە قائمقامێکی خەلکی درسیم بوو چاوی بەسەید ڕەزا بکەوێت لە(العزیـن)و خضـر گـەرەنتی دا بەسـەید ڕەزا کەلەوچوونەیدا دەیانپارێزێت بـەلام سـەید ڕەزا لـەنیوەی ڕێگایـا لەمەبەسـتە ناپاکـەکانی ئالـپ دوغـان گەیشتبوو بۆیە گەڕایەوەو چاوی بەئالپ دوغان نەکەوت.

دوای ماوەیەك دووبارە ئالـپ دوغـان(رائـد شـوکت)کەلێپرسـراوی حکومەت بوولەکاروباری هات‌وچۆیا ناردی بۆ درسیم بۆئەوەی لەوێ چاوی بەسەرۆکەکانی کورد بکەوێت‌و بۆ ئەو مەبەستە رائد شوکت چوە(ئوفاجیك)ودووسێ‌سەرۆك عەشیرەتی کوردیشی لەگەڵ خۆیدا برد بۆئەوەی بەهەموویان سەید ڕەزا قایل بکەن چاوی پێیان بکەوێت بەلام

سـەید ڕەزا نەچـوو بـەپیر رائـد شـوکتەوەوبەرامبەر بەمـە رائـد شـوکت بڕیـــاریدا ڕووبکاتـــە لای (ڕێبـــەر)ی بـــرازای ســـەید ڕەزا کەلـــە گوندی(حاجلی) دادەنیشێت.

ساتێك سەید ڕەزا بەو چوونەی رائد شوکتی زانیبۆلای ڕێبەری، سەید ڕەزا(علیشیر-علی شیرۆ)دەنێرێت بۆلای ڕێبەرو،ماوەیەك بوو سەید ڕەزاو ڕێبەری برازای لەسەر زەوی وزار لەگەڵ یەکتردا لەکێشەکە دا بوون وناڕێك بوون وسـەید ڕەزا علیشـیر ڕادەسـپێرێت لەڕێبـەر بگەیـەنێت کەتورکـەکان جێگەی باوەڕنین بۆیە نابێ باوەڕ بە درۆودەلەسەکانیان بکرێت، بەڵام ڕێبەر گوێنەداتـە قسەونەسـیحەتەکانی سـەید ڕەزاو بەقسـەکانی رائـد شـوکت هەڵدەخەڵەتێت و لەگەڵیا دەچێت بۆ(العزیز)بۆئەوەی چاوی بە عبدالله دوغان بکـەوێت و لـەوێ بـە عبـدالله پاشا دوغـان پـارەو دیـاریو بـەرتیلێکی دەدات بەڕێبەرو هانی دەدات سەید ڕەزای مامی بەهیچ نەزانێت بەوجۆرە ڕێبەری لەسەید ڕەزا هەڵگێڕایەوە))

(سـەیر ئەوەیـە کـورد بـەهیچ شـێوەیەك دەرس و پەنـدی لەبەسـەرهاتو ڕووداوەکـانی نـاوخۆی وەرنـەگرتوە وەئـەم هەڵوێسـتەی ڕێبـەر لەگـەڵ سـەید ڕەزای مامیدا ئەو ناکۆکیەمان بیردەخاتـەوە لەنێوان بەدرخان پاشـاو یـزدان شیری برازایـدا کەلەبەرگی یەکەمدا بەدوورودرێـژ باسـی ئـەو ناکۆکیـەو هـۆی ئـەو ناکۆکیـەمان کـردوە کەچـۆن لەئەنجامـدا بـو بووبـەهۆی لـەناوبردنی ئـەو نیمچە حکومەتـەی بدرخان پاشا پێکـی هێنـابوو وەتورکەکەکان توانیبویـان یزدان شیری برازای بدرخان لـەمامی هەڵگێڕنـەوە کەبەمـە هـەڵو دەرفـەتێکی ئێجگار گرنگ لەکیس نەتەوەی کورد چوو).

باسی سێهەمی

سەرەتای دەسپێکردنی شۆڕش و ڕووبەڕووبونەوەی هەردولا

لەدوای ئەوەی عبدالله ئاڵپ دوغان توانیبوی(ڕێبەر)ی برازای سەید ڕەزا قایلبکات ودژی مامی و شۆڕشگێڕەکانی تر بوەستێت ئیتر دەستی کرد بەبەجێهێنانی ئەو نەخشەیەی بۆ لێدانی ناوچەی درسیم تەرخانکرابوو, لەپێشدا فەرمانێکی دەرکرد بۆ دانیشتوانی درسیم کەپێویستە(٢٠٠) چەك بدەن بەحکومەت و بەرامبەر بەو داخوازییەی حکومەت درسیمیەکانیش کەوتنە خۆیان بۆ پارێزگاری کردن لەخۆیان و لەناوچەکەیان و رائدشوکتیش بەناوچەکانی عەشایری(خوزات-هوزات) دادەستیکرد بەگەڕان بۆ ئەوەی تۆوی ناکۆکی لەنێوان درسیمیەکان بچێنو بڵاوی کردەوە هەرعەشیرەتێك چەکەکانی خۆی بدات بەحکومەت بەرامبەر بەوە دەتوانێت لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە.

بۆ وەرامی ئەوجم وجۆڵەی رائدشوکت عەشیرەتی(دومانین) وهەندێك لەعەشیرەتی(ناظمیة)ئەو کۆسپ و دەزگا و ڕێگرانەی کرابوون بەهێڵی سنووری جیاکردنەوەی ئەوعەشایرانەی بەرلەمە کۆچیان پێکرابوو هەموویان ڕووخان, لەسەرەتادا سەید ڕەزا داوای لەعبدالله پاشا ئاڵپ

دۆغان کرد واز لەو هەڵوێستە بێنێت بۆ فشار خستنە سەر دەرسیمیەکان‌و لەبریتی ئەوە حکومەت دەزگایەك دامەزرێنێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە بەمەرجێك ڕێز لەهەستی نەتەوایەتی دانیشتوانی درسیم بگرێت، وەرامی عبداللە پاشا بۆ ئەو داخوازییەی سەید ڕەزا بریتی بوو لە دامەزراندن‌و بڵاوکردنەوەی هێزەکانی حکومەت لەسەر سنورەکانی ناوچەی درسیم‌و فڕۆکەکانی حکومەت بۆ هەڕەشە کردن‌و چاوترساندنی خەڵك هەموو ڕۆژێك سەر لەبەیانیان لەدیاربەکرەوە دەهاتن‌و بەسەر ناوچەی درسیمدا دەفڕین.

زنار سلۆپی لەلاپەڕە/٢٠٤ی کتێبەکەیدا باسی چۆنیەتی دەستپێکردنی شەڕی کردوە کەلەبەهاری١٩٣٧داحکومەت هێزی ناردە سەر عەشیرەتی(یوسفیان)بەبیانووی لێ سەندن‌و کۆکۆدنەوەی چەك‌و سەربازێکی تورك لەکاتی پشکنیندا کچێکی کوردی فڕاندو لەئەنجامی ئەو دەسدرێژییەدا کوڕێکی سەرکردەی عەشیرەتی(فیندیك)تاقمێك چەکداری ناردە سەر ئەو هێزەی حکومەت کەچوبوە ناوچەکەو هێزەکەی حکومەت ناچار کرا ئەو ناوچەیە بەجێ بێڵێت.

ساتێك سەید ڕەزا ئیبراهیمی کوڕی نارد بۆ(العزیز) بۆئەوەی لەوێ باسی‌ئەوتاوانەی تورك بگەیەنێت بە عبداللە پاشا، لەگەڕانەوەیدا لەگوندی(دەشت) کە لەناوچەی عەشیرەتی (کیرغان) بوو، چەکدارەکانی رائد شوکت لەکاتی نوستندا پەلاماری ئیبراهیمیان داو کوشتیان.

(ئەوەی شایانی باسە کریس کوچرا لەلاپەڕە/٢٠٧ی‌کتێبەکەیدا باسی کوشتنی ئیبراهیمی بەجۆرێکی تر کردوە کەووتوویەتی ساتێك ئیبراهیم

لەشاری(هـۆزات) گـەڕابوەوە سـەربازەکانی تـورك‌و چـەند چـەکدارێکی عەشیرەتی(گورگان)پەلاماریان دابوو کوشتبوویان.

لەئـەنجامی ئـەو کوشـتنەدا سـەید ڕەزا داوا لەحکومـەت دەکـات ئـەوی ئیبراهیمـی کـوڕی کوشـتبوو پێویسـتە بیدرێتـە دەسـتی بـەڵام رائـد شـوکت داخوازییەکـەی پشـتگوێ خسـت‌و بەوەشـەوە نەوەسـتا بـەڵکو فەیلـەقێکی لەدیاربەکرەوە نـارد بـۆ دەرسیم‌و ئـەو هێـزە هێرشـی کـردە سـەر عەشـیرەتی یوسفیان‌و سەرکردەی هێزەکەی حکومەت لـە(العزیـز) کـە ئیسـماعیلی حقـی ناوێـك بـوو,چـەکدارە خەڵـەتێنراوەکانی عەشـیرەتی(کیرغـان)ی‌بـەکار هێناوپـەلاماری ئەوناوچـەیەدرا کەسـەید ڕەزای لێبـوو(کـریس کوچـرا لەکتێبەکەیدا وتوویەتی لەم پەلاماردانەی تورکدا بۆسەر سەید ڕەزا, ڕێبەری برازای سەید ڕەزاش لەگەڵ هێزەکەی حکومەتدابووەو هـەوڵی گرتنی مـامی دابـوو). بـەوجۆرە هێزەکـەی سـەید ڕەزاو هـەموو هاوکارەکـانی پـەلاماری هێزەکـەی حکومـەتیان دالـە(خـوزات-هـۆزات)لەئـەنجامی ئـەو هێرشـەدا هێزەکەی حکومەت ناوچەی خوزاتی بەجێ هێشت.

پاش ئەو شکان وپاشەکشەیەی حکومـەت, هێـزی تـازەی یارمەتیـدەری حکومـەت لەدەرنجان‌وئەرزومـەوە بـەکێش کـراو فڕۆکـە دەسـتیکرد بـە بۆمبارانی هێزەکەی سەید ڕەزا.

لەگەرمەی ئەو شەڕەدا سەید ڕەزا ناوبژیکەرێکی ناردەلای عبدالله ئاڵپ دوغـان وپـێی ڕاگەیانـد ئەگـەر دان بـەمافی کـوردا بنرێـت‌و ئەوکەسـەی ئیبراهیمی کوڕی کوشتبوو بدرێتە دەستی بەرامبەربەمانە ئامادەیە ئەو چەك وجبەخانـەو ئەودیلانـەی گیرابـوون هـەمووی بدرێتـەوەو بـەریان بـدات بـەڵام عبدالله پاشا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە ئەو شتانە بەبێ مەرج

بدرێنەوە بەحکومەت و بێجگە لەمەش پێویستە هەشت هەزار تفەنگی ماوزەریش بدرێت بە حکومەت.

ئەمداخوازییە تازەیەی عبداللە دوغان لەسەیدڕەزا بوو بەهۆی تازەکردنەوەی شەڕو حکومەت سەرلەنوێ دەستی پێکرد بەئاگرباران و بۆردومانکردنی دانیشتوان بەبێ جیاوازی لەنێوان چەکدارو نێوان ژن و منداڵ و پیری بێتاواندا.

زنار سلۆپی لەکتێبەکەیدا چۆتەوە سەرباسی(ڕێبەر)ی برازای سەید ڕەزا کەلەگوندی(بیامە)دا دەژیا لەنزیك شاری(خوزات) کەئیعلانی بێلایەنی خۆی کرد, بەڵام لەڕاستیدا لەژێرەوە هەرلەگەڵ حکومەتدا بوو, بەپێی نەخشەی حکومەت دەچووبەڕێوەو حکومەت بەدرۆو بۆچاوبەست بڵاویان کردەوە کەوا(ڕێبەر)لەبێ لایەنیەوە بۆلایەنگری یاخی بوەکان.

ڕێبەرو تاقمەکەی چونەلای عەشیرەتی(بەختیار)ولای ئەوانەوە نامەیەکی نارد بۆ سەید ڕەزای مامی و داوای لێبوردنی لێکردو پاکانەی ئەوەی کردبوو کەتائەوکاتی پەشیمان بوونەوەیەی لەمەبەستە ناپاکەکانی حکومەت بەباشی نەگەیشتبوو.

ئەوسەرۆك عەشیرەتانەی هاوکاری سەید ڕەزا بوون بەپاکانەو بەقسەکانی(ڕێبەر)خەڵەتابوون و باوەڕیان پێکردبوو هەرچەند سەید ڕەزا لەو هەڵوێستەیان ناڕازی بوو پەسەندی نەکردبوو.

بەو جۆرە(ڕێبەر)و تاقمەکەی بەو فڕوفێڵە چوونە پاڵ هێزەکەی(علی شیر-علی‌شیرۆ) کەیەکیك بوو لەسەرکردەکانی هۆزەکەی سەید ڕەزاوڕێبەرلای ئەوان واخۆی پیشاندابوو نیشتمانپەروەرو هاوکاری ڕاپەڕیوەکان بەڵام زۆری پێنەچوو ڕوون بوەوە ئەمەش هەریەکێك بوە

لەنەخشەو فرۆفێڵەکانی عبداللە ئاڵپ دوغان بۆئەوەی لەڕێگەی(ڕێبەر)ەوە بەهەر نرخێك بێت علی شیروی ئازاو نیشتمانپەروەر لەناو ببات کەیەکێك بوو لەهاوکارە پاك‌و دڵسۆزەکانی سەید ڕەزاو شۆڕشگێڕێکی ئازاو نەبەردی کورد بوو.

بەرلەوەی بچینەسەر باسی چۆنیەتی سەرگرتنی ئەو نەخشەیەی عبداللە ئاڵپ دوغان‌و کوشتنی علی شیرۆ.

بەپێویستم زانی کورتە باسێکی علی شیرۆ بخەمە پێش چاو بەپێی ئەو سەرچاوانەی لێی دواون.

کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١دەربارەی علی شیرۆ وتوویەتی:

((علی شیرۆ لەناوچەی(کوجگیری)لەدایك بوەوهەروەکو سەیدا ڕەزا لەعەشیرەتی (حەسەنان)بوەو سەرەتا لەقوتابخانەی(سیواس)دا خوێندویەتی‌ولەزەمانی سوڵتان عبدالحمیددا وەکو شاعیرێکی کورد هەستی نەتەوایەتیی خۆی بەشیعردەربڕیوەو مرۆڤێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ئەدیب بوەو بوەبە(مرزا-کاتب)وموستەشاری مصطفی بەگی سەرۆکی عەشیرەتی کوجگیری‌و پاش ئەوەی مصطفی بەگ لەلایەن حاکمی درسیمەوە لەسێدارە درا کوڕەکەی مصطفی بەگ بووبەجێگری باوکی‌و علی شیرۆش هەروەکو ڕابەرێك‌و سەرپەرشتیکەرێکی دڵسۆز چاودێریی کوڕەکەی مصطفی بەگی کرد.

علی شیرۆ لەناو عەشیرەتی کوجگیریدا دەستەڵاتێکی زۆری هەبوەو هەمیشە هەوڵێکی زۆری داوە لەناو کوردا یەکێتی‌و تەبایی هەبێت‌و لەساڵی١٩٢٠دا یەکێك بوە لەئەندامانی جمعیتی(کوردستان تعالی

جمعيتـــى)و هـــەوڵى داوە لقێكـــى ئـــەو كۆمەڵـــە لەدرســـيمدا دامـــەزرێنرێت و لەشۆڕشـى كوجگيريـدا هاوكـارى شۆڕشـگێڕەكان بـوەو لەسـەرئەوە لەلايـەن حكومەتى توركەوە بڕيارى لەسێدارەدانى دەرچوە.

دەربارەى شاعيريتى على شيرۆ كەكريس كوچرا باسيكروە,قدرى جميل بەگيش لە كتێبەكەيدا سەرچاوە/٥٧باسى شعرێكى على شيرۆى كردوە كە وەكـو مەلحەمەيـەك بـەو شعرە باسـى شۆڕشـى كـوجگيرى كـردوە دەربـارەى كوڕەكـەى مصـطفى پاشـا كـەكريس كوچـرا باسـى كـردوە كـەبوە بـەجێگرى بـاوكى و لەكتێبەكەيـدا نـاوى نـەهێناوە هـەروەكو لەباسـى سـىٚهەمى بەشـى نۆهـەمى بـەرگى دوهەمـدا (زنـار سـلۆپى) وتوويـەتى ئـەوكوڕەى مصـطفى پاشا-يامصطفى بەگى درسيمى ناوى (على شـان)بوەو لەوبەرگـەدا لەباسـى دووهـەمو سـىٚهەمى بەشـىنۆهەمدا باسـى ڕاپـەڕينى يەكـەمى درسـيمو شۆڕشـى كـوجگيرى كـرا وەلەسـالأنى(١٩٢٠و١٩٢١)دا هـەروەكو كـريس كوچرا باسيكروە على شيرۆ لەشۆڕشى درسيمى دوهەمدا (١٩٣٦-١٩٣٨) تـەنها هەرخـەريكى كاروبـارى شـۆڕش و پێشـمەرگايەتى نـەبوە بـەڵكو خـەريكى نوسين و بلأوكراوەش بوە بەشيعرو بەووتار بۆ ڕوونكردنـەوەى كێشەى كورد و بزواندنى هەستى نەتەوايەتى لەناو هاولأتياندا.

دەربـارەى چـۆنييتى كوشـتنى علـى شـيرۆو لەلايـەن ڕێبـەرەوە بـۆ بەجێهێنانى نەخشـەكەى ئالـپ دوغـان هـەروەكو زنـار سلۆپى باسيكردوە, سـاتێك سـەيد ڕەزا بڕيـار دەدات علـى شـيرۆ بنێرێـت بـۆلاى نوێنـەرانى دەوڵەتـە گـەورەكان بۆئـەوەى جەورسـتەمو تاوانـەكانى تـورك بەرامبـەر كورديـان بـۆ ڕوون بكاتـەوە (وەكـو وتمـان بـەر لەمـە نامەيـەكى بەفرنسزى

ناردبوو بۆ وزیری دەرەوەی بریتانیاو نامەکەیان بلاوکردەوە,بەلام دیارە هیچ وەرامێکی لەو ڕووەوەی نەگەیشبوو بۆیە علی شیرۆی ناردبوو).

ساتێك ڕێبەر کەبەناو لەحکومەت جیا بوبووەوەو چوبوە لای عەشیرەتی(بەختیار)ی سەر بەسەید ڕەزا, ڕێبەر خۆی دەگەیەنێتە لای علی شیرۆ کەخەریکی خۆ ئامادەکردن دەبێت بۆ ڕۆیشتن و پێی ڕادەگەیەنێت کەماوەیەکە زۆر ماندوەو حەزدەکات سەری لێ بدات و لەکاتی خۆ ئامادەکردندا بۆ ڕۆیشتن کەخەریکی ئامادەکردنی خواردن دەبن, ڕێبەر بەدەمانچەکەیەوە پەلاماری علی شیرۆ دەواو دەیکوژێ, هەرچەندە ژنەکەی علی شیرۆ کەناوی (ظریفة) بوە دەست ئەداتە دەمانچەو چەند گوللەیەك بە ڕێبەرروە دەنێت بەلام گوللەکانی بەر ڕێبەر ناکەوێت بەلکو بەر پیاوێکی ڕێبەر دەکەوێت کە لەگەڵیا هاتبوو بۆلای علی شیرۆ, ڕێبەر ژنەکەشی دەکوژێت و سەری هەردوکیان دەبرێت و دەیان بات بۆلای تورکەکان و بەمە بۆ ئێجگاری خیانەتی ڕێبەر ئاشکرا دەبێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە دەربارەی چۆنیەتی کوشتنی علی شیرۆ بەو شێوەیەی زنار سلۆپی باسیکردوە کەپرسیارەکەشی بریتیەلەوەی تۆ بڵێی علی شیرۆ سەرکردەوئازاونەبەردی کورد,خیانەتەکەی پێشوو ڕێبەری لەبیر چووبێتەوەو هەروا بەئاسانی تەنها خۆی‌و ژنەکەی لەوکاتەدا لەگەڵیابوونبن وهیچ چەکدارێك لەوکاتەدا لەوێ نەبووبێت کە ڕێبەرو پیاوەکەی بەئاسانی توانی بوویان خۆی‌و ژنەکەی بکوژن‌و سەریان ببڕن‌و سووك‌وباریك پاش ئەوتەقەی دەمانچانە بەئاسانی ڕزگاریان بووبێت کەئەمە شتێکە جێگەی گومانەو کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا باسی کوشتنی علی شیرۆی بەشێوەیەکی تر کردوە کە وتوویەتی:

((لەمانگی تموزی/١٩٣٧سەید ڕەزا داوای لەعلی شیرۆ کرد بچێتە ئێران وەیا عراق بۆئەوەی لەوێوە پیوەندی بە ئینگلیزو فرنسیەکانەوە بکاتو داوایان لێ بکات ببن بەناو بژیکەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی نێوان کوردو تورکو بۆئەوەی ئەو دەوڵەتانە کارێکی وابکەن لەوەزیاتر تورکەکان کوردستان کاول نەکەنو هەرئەوشەوەی بەتامابوو بکەوێتەڕێ، بەپێی پیلانی عبداللە ئالپ دۆغان لەناوبردنی علی شیرۆپێسیرا بەرێبەرو ساتێك علی شیرۆ لەئەشکەوتی(ئاغداد)دەبێت بەدەستی ڕێبەر دەکوژرێتو بەکوشتنی ئەو شۆڕشی کورد زیانێکی زۆری لێ کەوتو شۆڕشگێڕێکی ئازاو نەبەردی لەکیس چوو.

زنار سلۆپی لەلاپەڕە/٢٠٧ی کتێبەکەیدا بێجگە لەو خیانەتەی ڕێبەر کردبووی باسی خیانتێکی تری کردوە کە(خضر ئەحمەد)ناوێك بەرامبەر(شاهێن ئاغا)ی سەرۆکی عەشیرەتی بەختیاری کوشتبوو کەباسی کوشتنەکەی بەم جۆرە کردوە:

((لەگەرمەی شەڕدا لەناوچەکانی عەشیرەتی بەختیار. سەرۆکی ئەو عەشیرەتەکە(شاهێن ئاغا) بوو ساتێك ویستی ماندوویەتی خۆی دەربکاتو نەختێك بحەسێتەوە (خضر ئەحمەد) کەئەویش سەرکۆك عەشیرەتی ناسراو بووە ڕایسپارد لەماوەی پێشوودانیا لەجیاتی ئەو کاروبار ببات بەڕێوە، بەڵام (خضر ئەحمەد) هەمان ڕێبازی خیانەتی ڕێبەری گرتەبەرو لەکاتی نوستندا شاهێن ئاغای کوشتو کەللەسەرەکەی کرد بەدیاری دەستی خۆیو بردی بۆ تورکەکان کەلە (خوزات)بون تەنها بۆئەوەی حکومەت لێی خۆشبێت، بەڵام برایەکی شاهێن ئاغا بەهاوکاری هەندێك لەخزمەکانی

ئابلۆقـەی(خـوزات)یانـداو توانیبویـان خضـر ئەحمـەدیخانن و ئەوانـەش کەلەگەڵیابون بیانکوژێت.

عەشیرەتی بـەختیار هەرچەند شاهێن ئاغای سەرۆکیان کوژرابوو بـەڵام هـەتا ماوەیـەك دژی حکومـەت ڕاوەسـتان و خۆیـان گـرت هـەتا لەدواییـدا حکومەت بەپیلان و بەناردنی هێزێکی گەورە توانی ناوچەی ئەم عەشیرەتە بگرێت و بیخاتەوە ژێر دەستەڵاتی خۆی.

هەروەکو زنار سلۆپی باسیکردوە, پاش ئەوەی حکومـەت لـە ئەرزنجان و ئەرزڕوم و دیاربکرەوە هێزێکی زۆری بەکێش کردو ژمارەی خۆفرشو خائنان ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ لەپەرەسـەندندابوو ئیتر سـەید ڕەزا ناچاربوو ناوچـەکەی خـۆی بـەجێ بێڵێـت و ڕووبکاتـە ناوچـەی عەشـایرە بێلایەنـەکان بەئومێـدی ئەوەی بتوانێت بیانکـات بەلایـەنگرو بـەهاوکاری شـۆڕش دژی تـورك, بـەڵام سـوپای تـورك دەمـی ئەشـکەوتێك کەلـەلاپاڵی چـیای(توریکـداغ)و دۆڵـی(دیسـکور)دابـوو کەبـە هـەزاران ژن و منـداڵی ئـاوارەو دەربەدەروبرسـی لـەتاو بۆردومـانی فڕۆکـەو تۆپـەکانی سـوپای تـورك خۆیـان تیـا حەشاردابوو, حکومـەت ئـاگرێکی گـەورەی لـەدەرگای حەوشـەکەدا کـردەوەو ئەوانـەی لـەناویابوون بـەئاگرو دوکـەڵ سـووتان و خنکـان و هەروەکوگێڕاویانەتەوە هەندێك بەو ژن وکچانەی لەناو ئەو ئەشکەوتەدا بوون لەترسـی دەسـدرێژیکردنی سـەربازەکانی تـورك لەبەرزاییەکانـەوە خۆیـان هەڵدێرابوە خوارەوەو ئەو مردنەیان لاباشتر بوە وەك لـەوەی بکەونـە دەست ئەو تورکە دڕندانەی بەو بێشەرمیەوە ڕەفتاریان لەگەڵا کردبوون.

کریس کوچرا لەلاپەڕە/٢٠٥ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١جگـە لەوباسـەی دەربارەی علی شیرۆ باسیکردوەو بەرلەمـە خستوومانەتە پێش چاو, باسی

هەنـــدێ شـــتی تـــری تۆمـــار کـــردوە کەهەنـــدێکی لەکتێبەکـــەی نـــوری درسیمی‌یەوە(درسیم کوردستان تاریخندە)وە وەرگرتوە کە هەندێ بۆچوونی لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا یەکناگرێتەوە, بۆنمونە..وتوویەتی: عبـداللە ئاڵپ دۆغـان کەفەرمانـدەی هێزەکـانی حکومـەت بـوو لەناوچـەی(العزیـن)هەوڵیـدا چاوی بەسەید ڕەزا بکەوێت‌و چاویان بەیـەکتری کـەوت‌و داوای لەسـەیدڕەزا کـرد کەپێویسـتە دووسـەد هـەزار تفـەنگ بـدات بەحکومـەت کـەلام وایـە ئەمـە دەبـێ هەڵەیـەکی چاپەمەنی بێـت, چونکە نـەك سـەید ڕەزا بەڵکـە حکومـەتی تورکیش بەهـەموو سوپاکانی(٢٠٠هـەزار چەکی نەبوە کەداوای ژمارەیـەکی وا لەســــــەید ڕەزا بکـــــــات‌و سەرچـــــــاوەکان تــــــەنها باســــــی داواکردنـی(٢٠٠)چـەکیانکردوەو لـەوەش نـەدواون کەسـەید ڕەزا چـاوی بەعبداللە ئاڵپ دۆغان کەوتبێت چونکە وەکو زنار سلوپی باسیکردوە سـەید ڕەزا لـەنیوەی ڕێگایـدا بـۆلای عبـداللە ئاڵـپ دۆغـان هەسـتی‌بەفروفێڵی ئـەو کردبوو بۆیە گەڕابوەوەو چاویان بەیەکتری نەکەوتبوو.

بێجگـە لەمـە کـریس کوچـرا وتوویـەتی سـەید ڕەزا هـەوڵی دابـوو نـوری درسـیمی بنێرێـت بـۆ ئـەوروپا بـۆ ڕونکردنـەوەی کێشـەی کـورد لای ئـەو دەوڵەتانە.

کریس کوچرا دەربارەی دەسپێکردنی شۆڕش وتوویەتی:

ئەگـەر شۆڕشـەکەی درسـیم لەسـاڵی١٩٣٦دا دەسـتی پێکـرد بـوو بـەلام لەزسـتانی سـاڵی١٩٣٦-١٩٣٧دا هـیچ پێکـادان‌و ڕووبـەڕوو بونەوەیـەکی ئـەوتۆ ڕووی نـەدابوو, بـەلام کاتێـك بـەفری زسـتان توایـەوە تورکـەکان دەستیانکرد بەجم وجۆڵ‌و بەبیانووی پشکنین‌و چەك داماڵین دەسـتیانکرد بەپشکنینی ناوچەی(مازژێر)

کریس کوچراش باسی کوشتنی ئیبراهیمی کوڕی سەید ڕەزای کردوە لەلایەن حکەمەت و چەکدارەکانی عەشیرەتی(گورگان)ەوە کەئەم کوشتنە ئەوەندەی تر بارودۆخی ناوچەکەی ئالۆز کرد.

دوای ئەوەی حکومەت هێزێکی زۆری تازەی تری نارد, شۆڕشگێڕانی کورد ناچار بوون بەرەو باشوور پاشەکشە بکەن و لەوشەڕەدا شێخ عبدالرحیمی برای شێخ سعیدی پیران کەبوبووبە هاوکاری شۆڕشگێڕانی درسیم کوژرا(حسن عرفە لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٢وتوویەتی لەوشەڕەدا کوڕێکی(جمیل شەیدا)ش لەگەڵ سیدعبدالرحیمدا شەهید کراوە).

دکتۆر عزیز شمزینی لەلاپەڕە/١٠٢ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤١ دەربارەی چۆنیەتی دەستپێکردنی شۆڕشی دوهەمی درسیم وتوویەتی:سەر ڕای ئەو هەموو هەڕەشەو چاوترسانن و تیرۆرکارییەی تورکەکان بەرامبەر کورد نواندبوویان, لەساڵی١٩٣٧دا لەناوچەی درسیم دا دەستکرا بەڕاپەڕین.

دکتۆر شمزینی لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەم ڕۆژنامانە کردوە کەباسی شۆڕشەکەی درسیمیانکردوە, هەوڵئەدەین کورتەیەکی ئەو ڕۆژنامانەی ئەو باسی کردون بخەینە پێش چاو کە هەندێکیان بریتی بون لە ڕۆژنامە تورکیەکانی سەربە حکومەت و هەندێکیشیان پەیوەندیان بەحکومەتی تورکەوە نەبوە.

دکتۆر شمزینی بەرلەوەی بچێتە سەربلاوکراوەکانی ئەو ڕۆژنامانە کەدەربارەی شۆڕشی درسیم دواون ئاماژەی بۆ کتێبەکەی(ڕامبۆ)کردوە کەلەپاریس بەزمانی فرنسی لەساڵی١٩٤٧دا چاپیکردوە لەژێر ناوی(کورد و یاسا)ولەوکتێبەدا ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی(تان)ی تورکی کردوە کە وتوویەتی:سەبارەت بەکوردە یاخی بوەکان پێویستە بەو پەڕی

توندوتیژییەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێتو هەموویان لەناو ببرێنو پێویستە ڕاپەڕینی درسیم بۆ ئێجگاری خامۆش بکرێتو دانیشتوەکانی یالەناو ببرێن. یا ئاوارە بکرێنو دووربخرێنەوە بۆناوچە جیاجیاکانی شوێنە تورك نشینەکان بۆ ئەوەی دانیشتوانی درسیم بەتەواوەتی بکرێن بەتورکی ڕەسەنو لەشوێنی ئەوان تورك نیشتەجێ بکرێت))

ڕۆژنامەی جمهوریتی تورکیش بەرلەوەلە١٩٣٧/٠٤/١٦دا بڵاوی کردبووەوەکە ژمارەی چەکدارەکانی کورد لە پێنج هەزار چەکدار پێکهاتوە.

بەرلەوەی شۆڕشەکە دەست پێ بکات وەکو دکتۆر شمزینی ئاماژەی بۆ کردوە. دانیشتوانی درسیم داوایان لەکاربەدەستانی حکومەت کردبوو سوپاو جەندرمەکانی حکومەت لەناو چەکەیان بکێشرێنەوەو دووربخرێنەوەو واز لە پرۆژەی هێڵی شمندو فەر بێنن بەنیازی ڕێگا خۆ شکردن بۆ گواستنەوەی سەربازو واز لەسەندنی ئەویاج و سەرانە تازانە بێنن کەلەو دواییەدا بڕیاریان لەسەر دابوو, لەگەڵ چاکردنی باری دەرامەدی دانیشتوانی ناوچەکەو دامەزراندنی دام ودەزگایەکی تازە کە بەپێی ئەوە ئۆتۆنۆمی بسەلمێنرێت بۆ کورد, بەلأم کەمالیەکان بە پێچەوانەوە سووربوون لەسەر بەجیهێنانی نەخشەکەی خۆیان بۆ لەناو بردنی کوردو بۆ ئەو مەبەستە(٣٠هەزار) چەکدارو سەربازیان ئامادە کردو ناردیان بۆ ناوچەکە.

ڕۆژنامەی(العمل القومی) کەلە سوریا دەردەچوو ووتارێکی بلأوکردەوە دەربارەی ئەو پەیمانەی لەنێوان(ئێران و عێراق و تورکیا)دا مۆر کرابوو(کەمەبەستی پەیمانی سعداباد بوە کەلەساڵی١٩٣٧ دا مۆر کرابوو کەناوەڕۆکەکەی بێجگەلە مەبەستی ڕێگەگرتن لەبلأو بوونەوەی بیروباوەڕی

مارکس و دەستەڵاتی سۆڤیەت, پەیمانەکە دژی هەموو بزووتنەوەیەکی کورد ئاڕاستە کرابوو کەلەو ڕۆژانەدا حکومەتی بریتانیا لەهەموو کاتێك توندو تیژ تربوە بەرامبەر هەر بزووتنەوەیەکی کورد لەو ڕۆژانەدا ڕوویدات).

ڕۆژنامەکە باسی ئەوەی کردوە کە ساتێك شۆڕشی درسیم دەستی پێکردمندالأن و کچان و ژنانی کورد هەموو بەپەرۆشەوە هەریەکەیان بەشێوەی خۆی بەشداریی تیادا کردوە و هەموویان ئازایانە بڕیاریاندا سەنگەری نەبەردیی خۆیان چۆڵ نەکەن.

ڕۆژنامەی(الاخبار)یش کەلەو ڕۆژانەدا هە لەسوریا دەرچوە نوسیویتی.

((سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان ڕایدەگەیەنن کەوا شۆڕشەکەی درسیم هەتا بێت زۆرتر کڵپە دەسێنێت و بەهێزتر دەبێت و شۆڕشگێڕانی کورد سوپای تورك ناچار دەکەن هێزەکەیان بکێشنە دواوە و زیانێکی زۆری گیانی وماڵیشیان لێ کەوتوەو لەسەرانسەری کوردستان بلأوکراوەی شۆڕشگێڕانە بلأوکراوەتەوە کەباسی ئەوەی تیادا بلأوکراوەتەوە کەکورد ئەو شۆڕشەی بۆ ڕزگار کردنی کوردستان بەرپاکردوە دژی جەوروستەمی تورکی داگیرکەر دەربارەی چۆنیەتی دەسپێکردنی شۆڕشی درسیم, هەرلەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامەی(الشرق)کە لەبێروت دەرچوە نوسیویتی:

((سیازدە ساڵە میللەتی کورد(مەبەستی لە شۆڕشی پیرانەوەیە) بۆ ڕزگار بوون و بۆوەدەسهێنانی مافەڕەواکانی خۆی دەستی داوەتە چەك و

له پێدەشتەکانی(موش)و چیاکانی ئاراراتیشدا خەباتێکی چەکدارانەی سەخت دەکەن و دلێرانە دژی تورکە داگیر کەرەکان تێدەکۆشن)).

دوکتۆر شمزینی لەکتێبەکەیدا باسی درۆو دەلەسەی تورکەکانی کردوە دەربارەی ئەو شۆڕشە وتوویەتی:

((ئەگەر چی کمالیستەکان بەتەواوەتی دەیانزانی و دڵنیابوون لەوەی شۆڕشگێڕەکانی درسیم لەشۆڕشەکەیان تەنها هەرپشتیان بەخۆیان بەستبوو، هیچ لایەکی بێگانە یارمەتی کوردی نەدابوو، کەچی تەنها بۆ پینە کردنی تاوانەکانی خۆیان و بۆپاکانەکردن لەو درندەیەتی و خوێنرێژییەی بەرامبەر کورد دەیانکرد بڵاویان دەکردەوە سۆڤیتەکان یارمەتی کوردی درسیم دەدەن)).

ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە لەو بڵاوکراوە پڕ درۆو دەلەسانەی تورك ئەوەیە، تورکەکان لەگەڵ ئەوەشدا کاتی خۆی پەیمانێکی دۆستانەیان لەگەڵ سۆڤێتدا بەستووکە ناوەڕۆکەکەی بەئاشکرا دژی هەموو بزووتنەوەیەکی کوردبن وەکو لە زۆر شوێندا دەربارەی ئەمە دواوین، بەلام زۆری پێنەچوو کمالیەکان گێڕیان گۆڕی و بەئاشکرابوون بەوابەستەی دەوڵەتە ئیمپریالزمەکان و مۆرکردنی پەیمانی سعداباد شان بەشانی ئێران و عراق کەبەپێی نەخشەیەکی تایبەتی ئەو دەوڵەتانە بەتایبەتی هی حکومەتی بریتانیا، ئیتر تورکەکان لەوە نەدەسڵمینەوە گەلێکی درۆو دەلەسەی وا دژی سۆڤێتی دۆستی کۆنیان و نەیاری تازەیان بڵاوبکەنەوە)

دکتۆر شمزینی لەباسەکەیدا دەچێتەوە سەرباسی کتێسبەکەی(ڕامبۆ)کە باسی هەڵوێستی تورکی کردوە لەو شەڕەدا

وتوویەتی سوپای تورك تەنها بەکوشتنی چل هەزار کەس تێریان نەخوارد بەڵکو دەرگای ئەشکەوتەکانیشیان بەتاشە بەرد هەڵچنی کەلەناویانا هەزاران لەو سەرماو سۆڵەدا بەناچاری خۆیان تیادا شاردبوەوەو بەهەزاران ژن و منداڵی بێ تاوانیان لەناوبرد... ئەمە هەرچۆنێکی ناو ببرێت بەلاّم لەلای تورکەکان کەخۆیان بەپێشکەوتوو تردا دەنێن ئەو ڕەفتارەی خۆیان بەشێکی ڕەوا زانیوە.

شمزینی ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی(ئەقشام)ی تورکی کردوەکە دەربارەی شۆڕشی درسیم نوسیوویەتی:((کوردەکانی درسیم دوبارە لەساڵی١٩٣٨دا ڕاپەڕین و دەستیانکردەوە بەداواکردنی ئەو داخوازییانەی بەمافی خۆیان دەزانی و بەرامبەر بەم هەڵوێستەیان سوپای حکومەت هەموو ناوچەکەی پاککردەوەو هەمووگرووپە یاخیبوەکانی ڕاماڵی.

لەدوای شکستی شۆڕشەکەی درسیم لەساڵی١٩٣٨دا وەزیری کاروباری ناوخۆی تورکیا لەووتارێکیا بەشانازی و بەلووت بەرزییەوە وتبووی:

((ئیتر لەمەودوا لەتورکیادا شتێك نەماوە پێی بوترێت مەسەلەی کورد))

بەلاّم بەرامبەر بەو بۆچوونەی ئەو وەزیرە، ڕۆژنامەی(ئیکۆنۆمیست)ی ڕۆژی ١٦/ی ئایاری/١٩٤٦(یەعنی دوای هەشت ساڵ شکستی شۆرششەکەی درسیم) وتوویەتی:

((لەوساڵەوەکە تورکەکان بەڕەسمی بلاّویان کردبۆوە کە ئیتر شتێك نیە پێی بوترێ مەسەلەی کورد، ئەم قسەیە مەگەر دوا ڕۆژ ساغی بکاتەوەو بزانرێت ئایا گەلی کورد لەتورکیادا وەکو هێزێك ماوە یانەماوە)).

هەرچەند تورکەکان لەساڵی١٩٣٨دا بلاّویانکردبوەوە شۆڕشی درسیم لەناوبراوە، بەلاّم هەر خۆیان لەساڵی١٩٣٩دا خۆیان بەدرۆ خستەوە پاش

ئـەوەی ڕۆژنامــەی(ئولــوس)ی تــورکی بــلاّوی کــردوە کــەوەزیری نــاوخۆ لەپەرلمانـدا ڕایگەیانـد ئیمـڕۆ یـاخی بوونەکـەی(تونجلی)لـەناوبرا. دەربارەی چۆنیەتی دەسپێکردنی شـۆڕش لـەکۆتایی ئـەم بەشـی سـیّهەمەی درسیم باسێکی دوورودرێژ ئەخەینە پێش چاو کەکاتی خۆی لەگۆڤاری(NOKTA– نۆکتـا)ی تورکیـدا لـەڕۆژی٢٨/٠٦/١٩٧٨دا بلاّوکراوەتـەوە یـەعنی نزیکـی پاش پـەنجا سـالّ بەسـەر شۆرشـشـەکەی درسیمدا ئەوباسـە لەلایـەن(دکتـۆر جبـار قـادر غفـور)ەوە لەتورکیـەوە کـراوە بـەکوردیو بـەپیتی لاتینـی لــەگۆڤاری(پێشــەنگ)ی ژمــارەی١٥/یســالّی١٩٨٨لــە ســتۆکهۆلم بلاّوکراوەتـەوەو(حسـن کـوفی)ش کردویـەتی بەشـێوەی کرمـانجی ژوورو، لەپاشکۆکەیدا ووشەگرانەکانی ئەوباسـەی کـردوە بـەعربی بـۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنو لەگۆڤاری(ڕۆشنبیری نویّ)ژمارە/١٢٦ی سالّی١٩٩٠داکەلەبغداد دەردەچێت ئەمەی حسن کوفی بلاّوکراوەتەوە, بەپیّی نوسینەکەی گۆڤاری نۆکتا ووتراوە:

((شــاری درســیم کــە ئیمــڕۆ ناوەکــەی کراوەبــە (تــونجلی), دەکەوێتـە خوارووی ڕۆژهەلاّتی تورکیاو لەسالّی١٩٣٧دا ڕاپەڕینێکی تیادا بەرپاکرا،وە کەهەتا نزیکی سالّی١٩٣٨ درێژەی کێشاوە بەسەر کردایەتی(سەید ڕەزا)ی سەرۆکی عەشیرەتی(عباسیە)یکورد(بەرلەمە لەباسی ژیانی سەید ڕەزا دا هەندیّ سەرچاوە وەکو باسمان کردوە بەجۆرێکی تر باسیانکردوە, نوری درســیمی وتوویــەتی ســەید ئیبراهیمــی بــاوکی ســەید ڕەزا لەعەشــیرەتی حەسەنانو حسن عرفەش وتوویەتی لەخێلّی عباس ئوشاقی بوە).

گۆڤاری(نوکتا)لەسەری دەڕواو دەلّێت:

هەروەکو چۆن شەڕی یەکەمی جیهانی بەهۆی کوشتنی وەلی عەهدی نمساوە دەستی پێکردو هەروەها ڕاپەڕینی شۆڕشی درسیمیش لەسەر شتێکی وا دەستی پێکرد کە ساتێك لەبەهاری ساڵی(١٩٣٧)دا ئەو پردە لەتەختە دروستکراوەی لەسەر ڕوبارێك دروستکرابوو لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە سووتێنرا, سووتاندنی ئەو پردە بووبەهۆی ڕووبە ڕوو بوونەوەی کوردو تورك و لەئەنجامی ئەم شەڕەدا سەید ڕەزاو هاوکارەکانی کە (١٣کەس)بوون بەفرۆفێڵ و بەپێی نەخشەیەکی تایبەتی گیران و لەڕۆژی(١٩٣٧/١١/١٨)دا هەڵواسران.

لە ڕاستیدا شۆڕشەکە بەهەڵواسینی ئەوانە کۆتایی پێ نەهات چونکە لەساڵی(١٩٣٨)دا لەناوچەی(KALANقالان)داگەلێك ڕووداوی تر ڕوویدا وەو سەرەك وەزیرانی تورکیای تازەی ئەو ڕۆژانە کە (جلال بایار)بوو بەدەمی خۆی باسی کێشەکەی بەم جۆرە کردوە:

هەرچی کراوەو ڕوویداوە پێویستە لەسەرمان کێشەی درسیم کۆتایی پێ بهێنین ولەم ساڵەدا(مەبەست لەساڵی١٩٣٨)نەخشەی سەرەکیی ئێمە بریتیە لە ئابڵۆقە دانی درسیم لەهەموولایەکەوە.

گۆڤارەکە دەڵێت: ئەو شۆڕشەی تاساڵی(١٩٣٨)درێژەی کێشابوو لەئەنجامیا حکومەت زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لێکەوت و هەرەسهێنانی نەفسی زۆر زیاتر بوو لەو زیانانەی لەشەڕی یۆناندا لەتورکەکان کەوتبوو))

نوسەری گۆڤارەکە نوکتا بەدووروودرێژی باسی ڕەفتارو دڕەندە یەتیی تورکەکانی کردوە لەو شەڕەداو وتوویەتی:(هەندێ نوسەرەو ڕۆژنامەنوس هەروەکو سەرباز لەو شەڕەدا بەشداریانکردبو بۆ دامرکانەوەی ئەو شۆڕشەو هەروەکو(محسن باتۆر)کەنووسەرێکی تورك بوە, لەکتێبەکەیدا کەبەناوی

(بیرەوەریـــەکانی خــۆم)ەوەبــڵاوی کردۆتـــەوەو(ناشـــد ئولـــوغ)یـــش لـــە کتێبەکەیـدا(تونجـەلی لەشارسـتانێتی چـۆتە دەر)لەگـەڵ هەنـدێك باسـی تـر کەلـەدەمی خـەڵکی درسـیمەوە وەرگـیراوە وەکـو(ولی جلیـك)و (شـوکری بایکـەر)و (محمـد کانگوتـان)و ئافرەتێـك کـەناوی(منـز ئاقایـان)بـوە کـە ئـەو ڕۆژانە بەدەمی خۆی باسیکردوە کە وتوویـەتی لـەو ڕۆژانـەدا ژنێکـی جوانو شـۆخو شــەنگ بـووم کـە سـەربازە چـەکدارەکانی کمالیـەکان هاتنـە نـاو گوندەکـەمانو لەسـەرەتادا ئـەو سـەربازانە هیچیان لەکـەس نەکردو ئێمـەش ئێمەش لەنیازو مەبەستی هاتنیـان نەگەیشـتبووینو ئەوانـە لـەناو خۆیـان بەزمانی تورکی لەگەڵ یەکتردا ئەدوانو ئێمـە لـیٚ یـان تیٚـنەدە گەیشـتینو کـە هاتنـەناو گوندەکـەمان هـەموو دانیشـتوانی گوندەکـەیان کـۆکردەوەو بـەژنو منـداڵو پـیرو گەنجـەوە کـەژمارەمان (٢٠٠-٣٠٠) کـەس دەبـوو هەمووما‌نیان بردە ئەو بەری ڕووباری(ڕیزە مەنتاش)و لـەویٚ پـیٚی ووتـین ئێمـە بـۆ ئـەوە هـاتوین چـەکەکانتان لیٚ بستێنینو دوای ئـەوە هـەمووتان بەرئەدەین, بەڵام هێشتا لەڕوبارەکە نەپەڕیبوینەوە هەمووما‌نیان دایە بەر گوللـەو مێردەکـەی مـن کـوژراو لەهـەموو (٢٠٠-٣٠٠)کەسـە تـەنها سـیٚکەسمان ڕزگارمـان بـوو, هەرسـێکمان بۆمـاوەی سـیٚ ڕۆژ بیٚنـانو خـۆراك لـە نـاو لاشـەی کوژراوەکانـا دەسـوڕاینەوەو هـۆی ئـەو ڕزگـار بوونـەشمان ئـەوەبوو خۆمـان هەڵواسـیبوو بـە لقێکـی ئـەو دارەوە کەلەناوەڕاستی ئاوەکـەدابوو, بـەخۆ هەڵواسـراوی خۆمـان ماتـداو بـەوە ڕزگارمان بوو.

دوای ئەمـە گۆڤـاری نوکتـا دەچـێتە سـەر باسـی یاداشـتی(شـوکری بایکەر)کەباسی خۆی کردوەو وتوویەتی:

لەساڵی(١٩٣٧)دا ڕێگەیەکی سوپایی دروستکرا کەمن لەو ڕۆانەدا تەمەنم(١٩-٢٠)ساڵ بوو,لەماوەی سێ ڕۆژدا ئەو ڕێگایە دروستکراو سوپای تورك لەکردنەوەی ئەو ڕێگەیەدا هەرچییەکی هاتە بەردەم هەمووی کاولکردو لە پێشدا دوو فڕۆکە لەمانگی گولانی(١٩٣٧)دا بەیاننامەیەکی بڵاو کردوە بۆ ئەوانەی بەیاخی بوو ناو بردبوون, بۆئەوەی هەموو خۆیان بدەن بە دەستەوەو بە پێچەوانەوە هەموو شوێن و ناوچەکانیان بۆردومان دەکرێت.

لەیاداشتەکەی(محمد کانگوتان)یشدا کەخەڵکی ناوچەی درسیم بوو وتوویەتی:

لەساڵی(١٩٣٧)دا تەمەنم یازدەساڵ بوە,عبدالله پاشا ئاڵپ دوغان لەلایەن حکومەتەوە دەستەلاتێکی زۆری پێدرابوو, بۆی هەبوو بڕیاری کوشتنی هەرکەسێك بدات کەبە پێویستی بزانیایەو بەیانێکی بلاوکردەوە بۆ هەموو دانیشتوان کە پێویستە چەکەکانیان بدەن بەحکومەت.

گۆڤاری نوکتا ئامارژەی بۆ دوکیو مینتیکی سەرکردەی سوپا کردوە کەناوی(جمال بەگ)ی والیی دیار بکرێن کە بەپیێ ئەو دوکیو مینتە جمال بەگ ڕاپۆرتێکی ناردوە بۆ وەزیری ناوخۆی تورکیا کە تیایا ووتراوە:

((خەڵك لەناوچەی درسیمدا زۆر نائارامن و زۆربەیان لەترسدا خۆیان چەکدار کردوە, لەبەرئەوە بڕیاردرا دەبێ تونجلی بخرێتە ژێر کونترۆڵەوە بۆ سەرگرتنی ئەم مەبەستە لەناوچەکانی(کاهموت,سن,قەرە ئوغلان,ئاموتکا,داترك,حیدران) بنکەی سوپایی دامەزرێنرا لەگەڵ

دامەزراندنی قەزایەك لە (Qulan)کەئەمانە ترسێکی زۆری خستۆتە دڵی ئاغاو سەرۆکی عەشیرەتەکانەوە.

سەرۆك عەشیرەتی(ئەباس-عباس)ی ژوورو لەگەڵ عەشیرەتی(هیدران-حیدران)و(دەمان)و قراشیان), ئەمانە هەموویان لەناو خۆیانا کۆبوونەتەوەو پەیمانێکیان دژی حکومەت دەرکردوە, هەروەها ئەویاسایەی بەناوی (یاسای دارستان)ەوە دەرچوە لەناوچە دارستانەکاندا ترسێکی زۆری خستۆتە دڵی ئەوانەی مەڕو ماڵاتیان هەیە چونکە لەوە دەترسن بەپێی ئەو یاسایە مەڕو ماڵاتەکانیان لەبەر بێ لەوەڕی لەناو بچێت))

گۆڤاری نوکتا دوای ئەمە دەچێتە سەرباسێکی تر بەناوی(بەهارێکی خوێناوی)کەلەوباسەدا وتراوە:

((لەبەهاری ساڵی(١٩٣٧)دا لەدرسیم لەچیاکاندا لافاوی خوێناو هەستاوژمارەی چەکدارانی حکومەت لەوناوچانەدا تادەهات زۆر دەبوو, سەرکردایەتی سوپا بەیانی ژمارە(٣٨٢)ی دەرکرد کەلەوبەیانەدا ووترابوو:

هەواڵی چەتەکان هەموو ڕۆژێك وا دەگەیەنێت پەلامار ئەدەنەسەر هێزەکانی حکومەتو بەرامبەربەمە حکومەتیش بەفڕۆکەکانی چەند جارێك ناوچەکانی ئەوانی بۆردومانکردوە, بە تایبەتی ناوچەکەی(سەید ڕەزا)و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شەڕ گەرمتر دەبێتو ڕۆژی(١٩٣٧/٠٤/٢٦)هێزێکی کورد(کەبەقەرەقول ناوی بردوە)لەناوچەکانی(سن)ێ(هۆزات)کە ژمارەیان(٣٦)چەکداربوو سەعات هەشتی شەو لەلایەن چەکدارەکانمانەوە گیرانو بەپێی هەواڵێکی تر

نزیکی(٨٠)چەکداری تری چەتەکان شەوی(٢٦-٢٧ی نیسانی ١٩٣٧) هێرشیان هێنایە سەر تابووری ژمارە(٩)کەلەنێوان(قارجك)و (بەهە)دابوون و شەڕ هەتا بەیانی درێژەی کێشا.

بۆردومانی فڕۆکە لەلایەن(صبیحە گوکچە- کەحسرتیان لەلاپەڕە/١٦٦ی کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو ژنە فڕۆکەوانە بە صبیحە نمکچی ناوی بردوەو لەهەندێ سەرچاوەدا ووتراوە صبیحە ئەو کچە بوەکە مصطفی کمال کردبووی بەکچی خۆی و گەورەی کردبوو، بوبوو بە فڕۆکەوان و لەباسی داهاتوودا دەچینەوە سەرباسی چۆنیەتی بۆردومانکردنی فڕۆکەکەی صبیحە)، بەیانەکەی حکومەت وتوویەتی ئەو بۆمبایانەی دەهاوێژران نەیانتوانیبوو بەتەواوەتی دانیشتوانی ناوچەکە تەمێ بکات، بەڵام لەئەرشیفی سەرکردایەتی لەشکردا بە پێچەوانەوە ووتراوە ئەو بۆمبا پەنجا کیلۆییەی فڕۆکەکەی صبیحە فڕێی دەدایە خوارەوە زیانێکی زۆر گەورەیان گەیاندبوو بەچەتەکان لەباکوری گوندی(کەچزەکین)دا.

هەمان گۆڤاری نوکتا ئاماژەی بۆ بیرەوەرییەکانی(محمد کانگوتان)کردوە کەچۆن خۆی و براکەی لە گوندەکەی خۆیانا لەبەر بۆمباران و گوللەی مەترە لیوز ڕایانکردوەو بەچاوی خۆیان کۆشکە گەورەکەی ماڵی خۆیان دیوە چۆن ئاگری تێ بەردراوسووتێنراو ئەوی لەگوندەکە نەیتوانیبوو ڕابکات و خۆی دەرباز بکات هیچیان بەساغی نەمابوونەوە.

گۆڤاری نوکتا باسی ڕاپۆرتەکانی کردوە کە لەزۆربەیانا ناوی سەید ڕەزای تیادا کراوەو لەیەکێکیانا لەمانگی حزیرانی(١٩٣٧)دا وتوویەتی:

هـەموو ناوچـەکانی چـەتەکان پـاك کراونەتـەوە بـەڵام هێشـتا سـەید ڕەزاو داروەدەستەکەی نەگیراون.

بەرلەمە باسی دوهەمدا باسی نامەیەکی سەید ڕەزامانکردو دەقەکەیمان بلاّوکردەوە کەناردبووی بۆ وزیری دەرەوەی بریتانیا و, ووترابوو ئەو نامەیە بـێ وەرام مـابوەوە, بـەڵام لەوباسـەی گۆڤـاری (نوکتـا) بـلاّوی کردۆتـەوەو دەردەکـەوێ کـەوا وزیـری دەرەوەی بریتانیـا لـە(١٩٣٧/١٠/٢٥)دا نامەیـەکی نـاردوە بـۆ باڵیوزخانەکـەی خۆیـان لـە ئەستمبوڵو لـەو نامەیـەدا داوای لـە باڵیوز کردوە کە بەشێوەیەکی غـەیری ڕەسمـی ئاگاداری حکومـەتی تورکیا بکـات کـە حکومـەتی بریتانیـا هـیچ جـۆرە نامەیـەکی نـەناردوە بـۆ سـەید ڕەزا(ئـەوەی شـایانی باسـە ئەوەیـە ئـەو نامەیـەی وزیـری دەرەوە کـە بـۆ باڵیوزەکـەی خۆیـانی نـاردوە لـە ئەستمبول دوای گرتنـی سـەید ڕەزا بوە لـە ڕۆژی(١٩٣٧/٠٩/١٠) دا وەکو لەباسـی داهـاتوودا ڕوون دەبێتـەوە ولام وایـە حکومـەتی بریتانیـا دوورنیـە حسـابی ئـەوەی کردبێـت ڕەنگـە سـەید ڕەزا لەدوای گرتنی و دادگا کردنـی دوورنیـە باسـی ئـەو نامەیـەی خـۆی کردبێت کەکاتی خۆی ناردبووی بۆ وزیری دەرەوەی بریتانیا.

لەباسی داهاتوودا, بەپیێ ئەو سەرچاوانەی دەربارەی شۆڕشی درسیمو سەید ڕەزاشیان نوسیوە کورتەیەکی ئەو سەرچاوانەی پێشکەش دەکەین.

باسی چوارەمی

شکاندنی شۆڕش و سەرەنجامەکەی و سزادان و ئاوارەکردنی دانیشتوان

لەباسی پێشودا ئاماژەمان بۆئەو سەرچاوانە کرد کە هەریەکەیان بەشێوەیەك باسی هۆی دەسپێکردنی شۆڕەکەو شوێنیتی دەسپێکردنی شۆڕشەکەیان کردوە بەداخەوە ئەم شۆڕشەش هەروەکو شۆڕشەکانی تری کورد ئەنجامەکەی بەوە گەیشت شۆڕشگێڕەکان بەو چرکە کەم و نەشارەزاییەی سەرکردەکانی شۆڕش هەیانبوە نەیانتوانیبوو بەرگری ئەو هێزە پرچەکە زۆرەی حکومەت بگرن کەڕوو بەرویان بوبونەوەو لەباسی داهاتوودا باسی هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکەو کەموکوڕییەکانی و ئەو رەخنانەی لێی گیرابوو باسی دەکەین و دەتوانین لێرەشدا ئەوە دوبارەبکەینەوە کە جگە لەوەی هێزی شۆڕگێڕان ژمارەکەیان بەرامبەر بە هێزەکانی حکومەت ئەوەندە نەبوو کە بتوانێت بۆ ماوەیەکی دورودرێژ شۆڕشێکی پارتیزانانەی درێژ نەفەس خوی رابگرێت و حکومەتی تورك هەرجارەی بەشێوەیەك و بەجۆرە فروفێڵێك دەچوە پێشەوەو بێجگە لە

فریودانی هەندێ لە شۆڕگێڕان و خیانەتی هەندێکیان کە خیانەتی (ریبەر)ی برازای سەید رەزا نمونەیەکی ئاشکرای سەرکەوتووی تورکەکان بوە کە چۆن توانیبویان برازا لەمامی خۆیان بکەن و بێجگە لەمە سەید رەزاش کەوا دیارە لە شۆڕشەکەیدا نەیتوانیبوو دەزگایەکی سەرکردایەتی بۆ شۆڕشکەی داین بکات و لەپاش کوشتنی عەلی شیرو کەسێکی لێهاتووی تر نەیتوایبوو جێگەی بگرێتەوە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ سەید رەزاداو سەید رەزا خۆشی تووشـی هەڵەیـەکی زۆر گـەورەبوو لـەوەدا کەبەدڵنیاییـەوە چـوبوە لای تورکەکان بۆ گفتوگۆکردن و لەوێ وەکو کەوی ناو داو بەئاسانی گیراو خۆی دابەدەستەوەو بەداخەوە هەروەکو چۆن سمکۆی شکاك لەساڵی ١٩٣٠دا هەمان هەڵەی کردبوو, سەید رەزاش بەپێی خۆی چوبوە لای تورکەکان بۆگفتوگۆکردن بەبێ ئەوەی هیچ بارمیتەیەکی دوژمنەکەی خۆی لای شۆڕشگێڕەکانی خۆی دانابێت و سەید رەزاش بەوشێوەیە خۆی توشکرد.

کریس کوچرا لەلاپەڕە ٢١ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤١ئاماژەی بۆ دوکیومێنتێکی ژمارە (Fo.371-35012)ی رۆژی ٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٣کردوە کەلەو دکیومێنتەدا وتراوە:

(کاتی خۆی لەمانگی خریرانی ١٩٣٧دا لەئەنکەرە وابلاوکرابوەوە کە راپەرینی دەرسیم لە ٢٤/ی حزیرندا بەتەواوەتی تێکشکابوو, هەرچەند زەرەوزیانی ئەو شەڕە نەزانرابوو بەلام سیاسی و دبلۆماسیە ئەوروپاییەکان وایان راگەیاندبوو هێزی ئاسمانی و جندرمری زیانێکی زۆری لێکەوتبوو ئەو کاربەدەستانەی حکومەتی تورك کەلەشەڕەکە گەڕابونەوە بۆئەنقەرە, رامیارییەکانی ئینگلیز گفتوگۆیان لەگەڵاکردبوون وتبویان جنرال عبدالله

ئالــب دوغــان بەتـــەمای ئەوەنـــەبووبتوانرێت لەســـاڵی ١٩٣٧دا شــۆڕەکە دامرکێنێتەوەو لەناو ببرێ، بەڵکو دایناوبوو لەساڵی ١٩٣٨دا تەواوی بکات).

لەگۆڤاری (NOKTA) سەرچاوە٧ ئاماژەی بۆ راپۆرتێکی سەرکردایەتی هێزەکـانی حکومــەت کـردوە کەلــەوەدا ژمــارەی شــەهیدەکانی کـورد لــەو شۆڕشــەدا بریتـی بـوە لەچوارهەزار بەڵام گۆڤارەکە ئەم ژمارەیـەی بەراسـت نەزانیوە و بۆ بەڵگەی ئەم بۆچونەی نمونـەی گونـدێکی خستۆتە پێش چاو کەوتویـەتی لـەفلان گونـدا (نـاوی گوندەکـەی نـەبردووە) (٧٩٥٤) کـوژاروو و بریندار هـەبووە، جگەلەمە ئـاخۆ بـۆ هێرشـبردنی هێزێکـی حکومـەتی کـە ژمارەکـەی ٥٠-٦٠ هـەزار بوبێـت بۆسـەرکورد ئـاخۆ چـەند کـوردی تیـادا کوژرابێت؟ کریس کوچرا لەکتێبەکەیدا وتویـەتی: (لەدوای کوشـتنی عـەلی شـێرو) ئـیتر بنکـەی بزوتنــەوەی شۆڕشــگێڕەکان گوێزرایــەوە بۆناوچــەی (بەختیار) و تورکەکان لەو ناوچانەدا بەوپەڕی دڕندەییەتی و خوێنڕێژییـەوە رەفتاریــان لەگــەڵ دانیشــتوانی بــێ چــەکدا کــردووەو دارســـتانەکانیان سوتاندووە و سەرۆکی دانیشتوانی ناوچەکە کە (شاهیم ئاغا) بوو حکومەت کوشـتی (بەرلەمــە باسمــانکرد کـە شــاهین ئاغـا لەلایـەن (خفـر ئەحمــەد) ناوێکـەوە کوژرابـوو) تورکـەکان لـەدۆڵی (دیکسـور) هــەزاران ژن و منـداڵ و پیری بێ تاوانیان کوشتبو کە پەنایان بردبوە بەر ئەشکەوتەکان و دەرگـای ئەشکەوتەکانیان دەبەست و ئاگریـان تیـادا دەکـردەوەو خـەڵکێکی زۆریـان کوشت و سوتاند کە یەکێك لەوانە (حسین رەسیك)ی کوڕی سـەید رەزابوو کە دایکی بەبریندراری دابووە دەست ئەفەسـەرێکی تورك بۆئـەوەی ببرێـت بـۆ (العزیــن) و لــەوێ تیماربکرێــت (ئەمــە وەکــو ئــەوە وایــە بــەرخێك بـدەی بەگورگێك) بەڵام لەجیاتی تیمارکردن لەژێر سزادانا کوشتبویان.

کریس کوچرا وتویەتی: حکومەت تەنها بەکوشتنی و سزادانی شۆڕشگێڕەکان وازی نەدەهێنا بەڵکو عەشیرەتەکانی (قورەیشان) و (کورگان) کەبەهیچ شێوەیەك بەشداریان نەکردبوو لە شۆڕشەکەدا, بەماڵ و منداڵ'وە هەموویان گرتن و خانوو بەرەکانیان سوتاندو دەیان کەسیان لێکوشتن.

لەو هێرش بردنەی حکومەت بۆسەر شۆڕشگێڕان چەند جارێك فڕۆکەکان بۆردومانی شۆوێنەکەی سەید رەزیان دەکرد, بەلاّم سەید رەزا خۆی دەربازکردو خۆی گەیاندە (ئوئاسێك).

کریس کوچرا لەلاپەڕە ٢١١ی کتێبەکەیدا باسی چۆنێتی سەید رەزی بەم جۆرە کردوە:

(حاکمی ئەزربایجان لەمانگی سپتمبەری ١٩٣٧دا بلاّوی کردەوە حکومەتی تورك دەیەوێ دان بەداخوازیەکانی کوردا بنێ و شەڕو کوشتار بوەستێنێت و هەرزەرەرو زیانێك لەخەڵك کەوتبێت بۆیان ببژێرێت.

سەید رەزا بۆ تاقیکردنەوەی نیازی حکومەت دەچێتە ئەزربایجان و لەوێ لەدوای گفتوگۆکردن دەیەوێ بچێتە دەرەوە بەلاّم دەمو دەست لەسەر پلیکانەکانی کۆشکی ئوستانداری ئەزربایجان دەسبەستی دەکەن و دەیگرن و ئەویش هاوار ئەکات: ئەی حکومەتی تورکی درۆزن و بێ شەرەف ئاوا بەم جۆرە و بەم شێوە ناپیاوەتیە دەمگرن؟

لەدوای ئەو گرتنە دەدرێت بەدادگای (العزیز) لەکاتی دادگایکردندا حکومەت بەوە تاوانباری دەکات کە پێوەندی بەشورەویەوە هەبوە و چەك و یارمەتی لێ وەرگرتووە و ئەفسەرەانی سۆڤیت لەناو

چەکدارەکانیان بوون، بەڵام سەید رەزا ئەو درۆو دەلەسانە هەمووی بەدرۆ دەخاتەوەو بەدادگاکە دەڵێت: (پشتیوانی من لەشۆڕشدا تەنهای هەر میللەتی کورد بوەو بەدرێژایی ساڵانی ژیانم خەباتم تەنها لەپێناوی میللەتەکەی خۆمدا کردووە و هەوڵم نەداوە یارمەتی لەهیچ لایەك وەربگرم) لەدوای چوار رۆژ دادگایکردن لە ١٤/ی نۆڤەمبەری ١٩٣٧دا سەید رەزاو دە کەسی تری هاوکاری حوکمی ئیعدام دەدرێن و لە ١٨ی ئەو مانگەدا هەموویان لەسێدارە دران.

کریس کۆچرا ئاماژەی بۆ دۆکیمنتی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کردوە ژمارە (Fo.371-35012)ی رۆژی ٩/١٠/١٩٤٣ یەعنی دوای پتر لەشەش ساڵ هەڵواسینی سەید رەزا لەو دکیۆمنتەدا راپۆرتێکی کورنوالیسی تیادایە (کورنوالیس ماوەیەك موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عراق بوە، کەتا ماوەیەکی زۆر ئینگلیزەکان لە وەزارەتەکانی حکومەتی عراقدا موستەشاری خۆیان بەناوی کاربەدەستێکی حکومەتی عراقەوە دائەنا بۆ ئەوە لەرێگەی ئەو موستەشارانەوە ئاگاداری هەموو کاروبارێکی عراق بن) لەو راپۆرتەدا باسی چۆنێتی لەسێدارەدانی سەید رەزای کردوە کەلەدوای بڕیاری لەسێدارەدانی لەبەردەمی دادگادا سەید رەزا وتویەتی:

(من تەمەنم گەیشتوەتە ٧٥ ساڵ و ساتێکی تر دەچمەلای شەهیدانی تری کوردستان، هەروەکو ئاگادارن بزوتنەوەکەی دەرسیم تێك شکا بەڵام کوردو کوردستان هەروەکو خۆیان دەمێنێتەوەو هەرگیز لەناوناچن و لاوانی کورد بەهیچ شێوەیەك نایەڵن ئەم بزوتنەوەیەی کورد بکوژێنرێتەوەو خامۆش بکرێت و ئەوان تۆڵەی من دەسێننەوە... ئیتر هەربژی کوردو

کوردستان و بروخێت دام ودەزگای زۆرداران و ستەمکاران و نەفرینی خوا لەهەمووی بێت).

لەهەمووی سەیروسەمەرەترو نیشانەی ئەوپەڕی بێ عەدالەتی و بێ رەوشتی کاربەدەستانی حکومەتی تورك و دادگاکانی, هەروەکو دکتۆر عبدالرحمان قاسملو لەلاپەڕە ٧٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ١٦ وتویەتی: (جگەلەوەی سەید رەزا بەوە تاوانبارکرابوو کە پێوەندی بە سۆڤیەتەوە هەبوەو یارمەتی لەوان وەرگرتووە, سەید رەزایان بەشتێکی تر تاوانبار کردبوو کە ئێجگار دوربووە لە رەوشت و کردەوەی ئەو ساتێك دادگا خۆی و هاوکارەکانی بەوەش تاوانبار کردبوو کە دزیان کردبو.

بەرامبەر بەو درۆو دەلەسە بێ سەروبەرەی دادگای حکومەتی تورك (A.Romanette) لە کتێبەکەیدا بەناوی (Lekurdistan ET laqestion kurds) لەلاپەڕە ٦٢یدا چاپی پاریس ساڵی ١٩٣٧ گاڵتەی بەکاربەدەستانی تورك کردوە کە تاوانی دزینی دابوە پاڵ سەرکردایەتی شۆڕش لەکاتێکدا هەموو تاوانی ئەو سەرکردایەتیە بریتی بوە لە خەبات و تێکۆشان بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەیان, درۆیەکی تری نوسەرانی تورك بەرامبەر بە شۆڕشی کورد هەروەکو قاسملو باسیکردوەو ئاماژەی بۆ نوسەرێکی تورك کردوە کەناوی (عوسمان میتە) بوە لەرۆژنامەی (sun post)دا لەساڵی ١٩٤٨دا یەعنی دوای دە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر دامرکانەوەی شۆڕشەکەی دەرسیمدا لەو رۆژنامەیەدا بەشان و باهوی کارەبدەستانی حکومەتی تورکدا هەڵیداوەو وتویەتی حکومەت خزمەتێکی زۆری ناوچەکەی کردوە بۆ پێشکەوتنی شارستانێتی کەچی هەروەکو نوری درسیمی لە کتێبەکەیدا باسی کردوە ئەو نوسەرە هەرخۆی دانی بەوەدا ناوە کە ساتێك چۆتە ناوشارەکە

لەکاربەدەستی باج کۆکردنەوە بۆ حکومەت و لەسەربازو جندرمە بەولاوە کەسێکی تری وای لێ نەبوە خزمەتی پێشکەوتنی شارستانێتی بکات.

هەمان نوسەر (عوسمان میتە) لەباسەکەیدا وتویەتی: زۆرم هەوڵدا بگەمە ناخی دەرونی دانیشتوانەوەو شتێکیان لێ تێ بگەم، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئێمە (مەبەست حکومەتی تورك) هیچمان بۆ نەکردبوون و هیچ جۆرە پیشەسازی و بازرگانیەك شوێنەواریان دیار نەبوو، لەوشارەدا تاقە دکتۆرێکی تیادانەبوو، خەڵك مانای دەرمانیان نەدەزانی و ڕێگەوبان نەکرابوەوە بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆکردن لەنێوان دانیشتوانی گوندەکانا (لەباشی هۆی دەسپێکردنی شۆڕشی دەرسیمدا باسی ئەوەکرابوو کە تەنها حکومەت بایەخی دابوو بە چاکردن و کردنەوەی ئەو ڕێگاو بانانەی سودیان هەبوە بۆ گواستنەوەی هێزەکانی سوپا بۆلێدانی حکومەت کە کردنەوەی ڕێگای شەمەندەفەرو لەناوچەی دەرسیمدا یەکێك بوە لەو کارە بێ سودانەی حکومەت کە دانیشتوانی دەرسیم گلەییان لێ کردووە و لێی بێزار بوون).

دەربارەی چوونی سەید ڕەزا بۆلای کاربەدەستانی حکومەت و گرتنی سەید ڕەزا وەکو بەرلەمە کریس کۆچرا باسیکردوە، قدری جمیل بەگیش/ زنارسلوپی لەلاپڕە ٢٠٨ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٧ بەم شێوەیە باسی چوون و گرتنی سەید ڕەزای کروە کە ئەم بەشێوەیەکی فراوانتر لە باسەکە دواوەو وتویەتی:

(بەنزیکبونەوەی وەرزی زستان و سەرماو سۆڵە باری شۆڕشگێڕەکان ئێجگار گران و ئاڵۆزبوو لەناوچە شاخاوییەکانی دەرسیمدا لەبەرئەوەی بۆماویەکی کەم شەڕ ڕاوەستا، سوپای تورك بەرلەمە زیانێکی زۆری لێ

کەوتبوو، سەرکردایەتی سوپای حکومەت لەرێگەی والیی ئەزربایجانەوە نامەیەکی ناردبوو بۆسەید ڕەزا کەلەو کاتەدا لەبەرئەو بۆردومانەی فڕۆکەکانی حکومەت کردبوویانە سەر سەید ڕەزا بنکەکەی خۆی گواستبووەوە بۆ (ئوئاستیك)، لەو نامەیەدا کەبۆ سەید ڕەزا نێررابوو بەڵێنی ئەوەدرابوو حکومەت ئامادەیە داخوازییەکانی دانیشتنی دەرسیم بەجێ بێنێت و داوا لە سەید ڕەزا کرابوو بۆئەو مەبەستە بچێتە ئەزربایجان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتدا.

سەید ڕەزا باوەڕی بەناوەڕۆکی ئەو نامەیە دەکات و دەچێتە ئەزربایجان و لەوێ دەسبەجێ خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون دەگیرێن و دەنێرڕێن بۆ (العزیز) لەپاش دادگایکردنێکی هەرەمەیی سەید ڕەزا و کوڕەکانی لە سێدارەدران لەگەڵ (قمرئاغا)ی سەرۆکی عەشیرەتی (یوسفیان) و (سەید حسین) ی سەرۆکی عەشیرەتی (قریشان) و علی ئاغا زنارسلوپیش هەروەکو کریس کوچرا باسی قسەکانی سەید ڕەزای کردوە لەبەردەمی سێدارەدا بۆیە پێویست ناکات ئەو قسانە دوبارەبکەینەوە.

قدری جمیل بەگ زنارسلوپی باسی ئەوەی کردوە لەدوای لەسێدارەدانی سەید ڕەزا ئەوسا نۆرەش هاتەسەر (ڕێبەر)ی برازای سەید ڕەزا کە خیانەتی لەکوردو لەمامی خۆی کردبوو، قارەمانێکی ئازاو دلاوەری کوردی کوشتبوو کە (علی شیرو) بوو.

(ریبەر) لای وابوو بەو خیانەتەی کردبووی ئیتر تورکەکان وازی لێ ئەهێنن و جێگەی مامی دەگرێتەوە لەسەرکردایەتی‌داو نەیدەزانی لەدوای سەید ڕەزای مامی نۆرەش دێتەسەر خۆی و تورکەکان لەشوێنێکدا کە پێی دەوتری (تیشان) ڕێبەرو کوڕەکەی ئەدەنەبەر گوللە و هەردوکیان دەکوژن و

خانوەکەشیان کەلە (بیامە)دابوو داگیری دەکەن و لەراستیدا بەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ بۆ (ریبەر) و خائینانی تری لەونیەی ئەو وتراوەکە دەڵێت: هەزار ساڵ بکەیت بێگانە پەرستی، لەئەنجامدا هەردەهێنیت نوشوستی.

لەگۆڤاری نوکتادا، سەرچاوە/٧ لەباسی گرتنی سەیدرەزادا لە (ئەرزنجان) وتویەتی لەدوای دادگاکردنی، خۆی و (رەشك حسین)ی کوڕە بچوکی و برازایەکی (یوسف خان قمیر) کە سەرۆك عەشیرەت بوو لەگەڵ (سید حسین) سەرۆکی قریشان لەگەڵ دە کەسی تردا لەڕۆژی (١٩٣٧/١١/١٨) دا لەسێدارە دران.

(دەربارەی ئەو (رەشك حسین)ەی گۆڤارەکە باسیکردووە کریس کوچرا ناوەکەی بە (حسین رسیلك) ناوبردووەو کریس کوچرا نەیوتووە لەگەڵ باوکیا لەسێدارە درابوو بەڵکو وەکو بەرلەمە کریس کوچرا باسیکردووە وتوویەتی لەو ئەشکەوتەی تورکەکان ئاگریان تێبەردابوو کوڕێکی سەید رەزا کەناوی (حسین رەسیك) بوو بەبرینداری دایکی دایە دەست ئەفسەرێکی تورك بۆ ئەوەی لە (العزیز) تیماربکرێت بەڵام بەپێچەوانەو لەژێر ئەشکەنجەو ئازاردا کوشتبویان).

گۆڤاری نوکتا سەرچاوە (٧) دەربارەی هەڵوێستی دوای لەسێدارەدانی سەید رەزا وتوویەتی:

((بەلەسێدارەدانی سەید رەزا شۆڕشەکەی درسیم کۆتایی پێ نەهات و لەساڵی (١٩٣٨)دا دوبارە راپەڕین و بزوتنەوە سەری هەڵدایەوەو لەو ڕووەوە (ناشد ئولوغ) کە ڕۆژنامەنوسێکی تورك بووە لەباسێکیدا وتویەتی: ئەوا دوبارە نائارامی لە•قالان) دەستی پێکردەوەو هۆی ئەمەش ئەوەیە

حکومەت پەرەی بەڕۆشنبیرکردنی خەڵك نەداوە, لەبەرئەوە کە هەوا خۆش بوو هێرش کرایە سەر (قایان)و دەبێ بەهەموو شێوەیەك کۆتایی بەم کێشەیە بهێنرێت و پێویستە بەپێی مادەی (٦)ی ئەو پرۆژەیەی حکومەت ئامادەی کردووە گوندی (کوتفنکا) پاك بکرێتەوەو ناوچەکە بسوتێنرێت.

هەمان گۆڤار ئاماژەی بۆ باسێکی (شوکری بایکار) کردوە کە لەو باسەیدا وتوویەتی: ئەو شەڕەی لە (٢١ی تیرمەهی ساڵی ١٩٣٨)دا ڕویدا, هەموو چەتەکان ڕایانکرد بۆناو ئەشکەوتەکان و سوپا دەورەی دان و بەتۆپ و مەترەلۆز بەربوونە دانیشتوانی ئەو ناوچانەو لەئەشکەوتێکدا کە (٢١٦) کەسی تیابوو هەموویان کوژران و لەناوچەی (مونزر Munzir)یشدا لاشەی (١٢) کەسی‌تر دۆزرانەوەو بەفڕۆکەش (٤٠) کەسی تر کوژراو لەچیای (مامك Mamek) هێزەکانی حکومەت هێرشیان کردە سەر گوندی (جات)و لەو (٧٠) چەتەی لەو گوندەدا بوو بیست کەسیان لێکوژرا.

بەرلەوەی بچینە سەر باسی هەڵسەنگاندنی شۆڕشی درسیم و کەم‌وکوورییەکانی و ئەو ڕەخنانەی لێی گیراوە بەپێویستم زانی ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی تورك بخەمە پێش چاو کەلەلایەکەوە هەر دانیان بەبوونی کوردا نەناوەو ئەو کوردەی کە هەبوون بەپێی ئەو درۆو دەلەسانەی کاربەدەستانی حکومەتی تورك و ڕۆژنامە تورکیەکان بلأویان دەکردەوە, لەلایەکی تریشەوە هەوڵیان داوە لەو سەرژمێرییە ڕەسمیانە حکومەتی تورکیا جاربەجار کردویێتی هەموو جارێك ژمارەی کورد لەسەرژمێریەکەدا کەم بکاتەوە, بۆ ڕونکردنەوەی ئەو تەقەلایانەی حکومەت باسی هەندێ سەرچاوە دەخەینە پێش چاو کە دەربارەی سەرژمێری هەموو دانیشتوانی تورکیاو کوردو کەمە

نەتـەوەکان دواون پرۆفیسـۆر حسـرتیان لـەو کتێبەیـدا دەربارەی ئـەو باسـە دواوە

لـەکتێبی یەکـەمیان، سەرچـاوە (٤٩) لەلاپـەڕە (١٦٩)دا ئامـاژەی بـۆ باسـێکی (istatistic yilligi) کـردوە کەلەسـاڵی (١٩٥١)دا بڵاوکراوەتـەوە، لەلاپـەڕە (٧٢-٧٣)یـدا لیسـتـەیەکی کـردووە بـۆ دانیشـتوانی زۆربـەی ویلایەتـەکانی ڕۆژهـەڵات (ناوچە کورد نشینەکان)و بەراوردی دانیشـتوانی ئەو ساڵەی کردووە لەگەڵ دانیشتوانی ئـەو ویلایەتانـەدا کەلەساڵی (١٩٣٥، ١٩٤٠، ١٩٤٥)و لەبـەراوردکردنی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٣٥) لەگـەڵ سەرژمێری (١٩٤٠)دا دەرکەوتووە سەرژمێری ساڵی (١٩٤٠) بریتی بووە لە (٢٩٨٨٦٥) کەس کەمتر لەوەی لەساڵی (١٩٣٥)دا بوە.

حسرتیان لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئەو کەمبوونەی نێوانی ساڵی (١٩٣٥) لەگەڵ سەرژمێری ساڵی (١٩٤٠)دا، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەدا هیچ جۆرە نەخۆشیەکی کوشندەی وا بڵاونەبوبوەوە کە ئەو نەخۆشیە بووبێت بەهۆی ئەو ژمارە زۆرە، کەواتە هـۆی کەمبونەوەکە تـەنها بەهۆی ئـەو کوشتارانەوە پەیدا بووبوو کە لەشۆڕشەکانی کوردا لەو دەوروبەرەدا لێیـان کرابوو لەگەڵ ئەوانەی لەشوێنەکانی خۆیان هەڵکەنرابوون و ئاوارەکرابوون بۆ ناوچە تورک نشینەکان (کـەبێگومان ئەمانـەی گوێزرابوونـەوە لەسـەرژمێریەکانا بـەتورک تۆمـارکرابوون کـە حسـرتیان ژمـارەی کـوردە ئاوارەکـانی ئـەو سـەردەمە بەچوارسەد هەزار کەسی داناوە).

پروفیسـۆر حسـرتیان لەلاپـەڕە (٦٩)ی کتێبەکەیـدا سەرچـاوە (٤٥) (القومیە فی ترکیا)، لـەو باسەیدا لـەوە دواوە چۆن تورکـەکان تەقـەلایان داوە بۆ شاردنەوەی ژمارەی ئەوانەی لەراستیدا بەڕەگەز تورک نەبوون و دەڵێت:

(دوای ئەوەی تورکیا بوو بەجمهوریەت, حەوت جار حکومەت سەرژمێری دانیشتوانی کردوە بەلأم هیچ جارێکیش لەدوای تەواوکردنی سەرژمێری بەهیچ شێوەیەك بەرەسمی ئەنجامی سەرژمێریەکەی بلأونەکردۆتەوەو لەڕاستیدا ئەگەر بلأویشی بکردایەتەوە هیچ شتێکی بەشێوەیەکی ڕاستەو دروست نیشان نەدەدا چونکە لەو سجلاتو لیستانەی حکومەت ئامادەی کردبوو بۆ تۆمارکردن سەرژمێری تیایانا بەهیچ شێوەیەك خانەیەکی لەوسجلاتو لیستانەدا تەرخان نەکردبوو بۆ ئەوانەی بەڕەگەز تورك نەبوون و هیچ گومان لەوەدا نیە کاربەدەستانی تورك بۆیە شوێنێکی وایان لەسجلاتو لیستەکانا تەرخان نەکردبوو بۆ غەیری تورك چونکە نەیان ویستبوو ژمارەی نەتەوەکانی تری غەیری تورك بزانرێت چەند بووە.

لەسەرژمێری سالْی (١٩٢٧)دا حکومەتی تورکیا لەگەلْ ئەو هەموو تەقەلاو درۆو دەلەسەو ئەو هەموو فروفێلأنەی کردبووی نەیتوانیبوو ئەوە بشارێتەوە لەشوێنێکی وەکو ئەستەمبولدا کە ژمارەی کەمە نەتەوەکان لەو شارەدا (٢٧,٤٥٪) بوە لەگەلْ ئەوەشدا لەسالْی (١٩٢٧)دا نسبەتی کوردی بە (٣٤,٤٪) داناوە لەناوچەکانی ڕۆژهەلأتی ئەنادۆلدا, کە لەویلایەتی (وان) نیسبەتی کورد لە(٢٧٪)و لە بدلیس و موش و سیرت (٧٥٪) بوەو لەدیاربەکرو هەکاریدا (٦٩٪) بوەو لەماردیندا (٦١٪)و لە العزیز دا (٥٣٪) بوە.

هەروەکو سجلاتی حکومەت پیشانی داوە سەرژمێری کورد کورد لەسالأنی بیستەکانا لەتورکیادا (٩,١٥٪) بوە بەلأم لەسالْی (١٩٤٠)دا بە(٧,٨٦٪)و لەسالْی (١٩٥٠)دا بە(٦,٢٤٪) دەسنیشانکراوە.

دەربارەی ئەو سەرژمێرییەی پرۆفیسۆر حسرتیان لەو دوو کتێبەیدا باسیکردووە کە سریا بەدرخان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە (٧٩) دەربارەی

ئەو سەرژمێریەی حکومەت لەساڵی (١٩٢٧)دا کردبووی، ژمارەی هەموو دانیشتوانی تورکیای بە (١٣)ملیۆن کەس داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا تورکەکان خۆیان زۆرباش دەیانزانی ژمارەی تورك لەو ساڵی سەرژمێریەدا تەنها (٥,٥) ملیۆن بوە بەهەموو دانیشتوەکانیەوە کە تەنها لەوەش (٣,٥)ملیۆنی تورك بووە.

سریا بدرخان لەپەراوێزی لاپەڕە (٥٨)ی کتێبەکەیدا لەباسی ئەو سەرژمێرییەی حکومەتی تورك ژمارەی دانیشتوانی تورکیای بە (١٣,٦٤٩,٩٤٥) داناوە بەهەموو نەتەوەکانی تریشەوە وتوویەتی ئەو ژمارەیە لەکاتی خۆیدا سەرنجی (یوشن نادی) ڕاکێشاوە کە نوسەری ڕۆژنامەی (جمهوری) ڕەسمی حکومەت بوە، وتوویەتی لەساڵی (١٩١٤)دا (یەعنی پێش شەڕی جیهانی و ئەو هەموو کوشتارانەی بەهۆی ئەو شەڕەوە کرابوو) هەموو دانیشتوانی خەلافەتی عوسمانی لەو ساڵەدا هەمووی بریتی بوە لە (٢٠,٩٧٣,٩٠٠) کەس و ئەگەر دانیشتوانی ئەو سەردەمەی سوریاو میسوبوتامیاو فەلەستین و عەرەبستانی لێ دەربکرایە - کە لەشوێنێکی وەکو سوریادا فەرەنسیەکان کە سوریایان لەژێردەستدا بێ لەساڵی (١٩٢١)دا لەم ساڵەدا تەنها ژمارەی دانیشتوانی سوریا بریتی بوە لە(٢,٩٢٨,٢١٨) کەس و لەساڵی (١٩٢٣)دا ئەو سەرژمێریەی سوریا (٢,٩٨١,٨٦٣) بوە ئەگەر ئەمەی سوریاو دانیشتوانی فەلەستین و عەرەبستان و کوردو یونان و ئەرمەنی و ئەوانەش کە لەشەڕی جیهانیدا کوژرابوون دەردەکەیت ئەوەی کە مابوەوەو تورك بوە تەنها لە پێنج ملیۆن تێپەڕی نەکردووە.

<u>*باسی پێنجەمی*</u>

هەڵسەنگاندنی شۆڕشی درسیم و کەم و کوڕییەکانی

شۆڕشی درسیم‌و ڕاپەڕینی دانیشتوانی لەدوای دامرکانەوەی شۆڕشی ئاگریداغ شتێکی ناچاری بوو دەبوایە هەر ڕووی بدایەو تورك بۆ تەواو کردنی ئەو تاوانەی کاتی خۆی لە شۆڕشەکانی تری کوردا تەواوی نەکردبوو, هەروەکو تکتیکی کمالیەکان بۆ لەناوبردنی کورد قۆناغ بەقۆناغ ناوچەی درسیمیان هێشتبووەوە بۆماوەیەك بۆ ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە نەووژێن‌و بەشداری نەکەن لەشۆڕشی پیران‌و ئاگریداغدا وازیان لەسەرکردەکانی ناوچەی درسیم هێنابوو,باجیان لێ نەدەسەندن‌و لە ڕاستیشدا ئەگەرچی هەندێ سەرچاوە وتوویانە سەید ڕەزا لەدوای شۆڕشی پیران یارمەتیی هەندێ لەئاوارەکانی دابوو بەڵام تەنها ئەوە بەس نەبوو وەکو کوردێکی بەتوانا‌و دەستەڵاتدا‌و لەکاتی شۆڕشەکانی تردا کەمتەرخەمی بکات‌و لام وایە وای زانیبوو بەو بێدەنگ بوونەی ئیتر تورکەکان وازی لێ دەهێنن‌و حسابێکی تایبەتیی بۆ دەکەن لەمانەوەیدا لەناوچەکەی خۆیدا, بەڵام تورکەکان دەمێك بوو نەخشەی خۆیان کێشابوو, پێشنیازەکانی(عابدین ئوسمان)وازی لێ نەهێنرابوو تەنها بەرامبەر بەدرسیم

دواخرابوو, ساتێك كاتی خۆی هات توركەكان خۆیان پێ نەگیراو ئەوەو باج نەسەندنەیان لەدانیشتوانی ناوچەكە شتێكی كاتی بوو, لەدوای شۆڕشی ئاگریداغ دەستیانكرد بە دەستدرێژیكردن بۆسەر درسیم و ساتێك دانیشتوانی ناوچەكە بەسەركردایەتی سەید ڕەزا بەناچاری كەوتنەخۆیان و دەستیان دایە چەك تازە كارلەكارترازابوو كوردی ناوچەی درسیم بەو چەكە كۆن و ژەنگاویانەی هەیانبوو نەیانتوانی بۆماوەیەكی درێژخایەن بەرگەی دوژمن بگرن و لەڕاستیدا ڕاپەڕین و شۆڕشەكەیان لەچاو شۆڕشەكانی پیران و ئاگریداغدا لەپلەیەكی زۆر نزمدابوو ئەگەر چی شۆڕشگێڕەكان بەوپەڕی فیداكاریەوە خۆیان بەخت كردبوو بۆ ڕوو بەڕووبونەوەی دوژمن و بەو چەكەی هەیان بوو بەبێ بوونی نەخشەیەكی تایبەتی بۆ شۆڕش و بێ سەركردایەتەكی لێ هاتوو بەهەڕەمەیی دەستیانكرد بە شۆڕش و ڕێكخراوێكی سیاسی ئەو تۆی نەبوو بتوانێت كاروباری شۆڕش و لەشكركێش بەباشی ببات بەڕێوەو لەماوەیەكی كەمدا لەلایەكەوە خیانەتی هەندێكیان وەكو(ڕێبەر)ی برازای سەید ڕەزا كە (علی شیرۆ) شۆڕشگێڕی كوشت و خیانەتی لەكوردو لەشۆڕشی كوردو لەسەید ڕەزای مامی كردو(خضر ئەحمەد)یش(شاهێن ئاغا)ی كوشت كە ئەویش كوردێكی نیشتیمانپەروەرێكی لێ هاتووبوو, جگە لەوە سەید ڕەزا خۆشی دەرس وپەندی لەڕووداوو بەسەرهاتەكانی تر وەرنەگرتبوو, بەوپەڕی ساویلكەیەتیەوە بەپێی خۆی چوبوە بەردەستی دوژمنەكانی و ئەوانیش دەمودەست لەناویان بردو گوێیان نەدایە هیچ ڕەوشت و بەڵێن و پەیمانێك كەدابوویان بەسەید ڕەزا كەبەنیازی گفتوگۆ كردن داوایانكردبوو چاوی پێ یان بكەوێت و لەوڕووەوە زنارسلۆپی لەكتێبەكەیدا باسی لووت بەرزیی

هەندێ لەسەرکردەکانی درسیمی کردوە کەلام وایە مەبەستی سەید ڕەزا خۆی بوە کەبەلای ئەوەوە وابوە لووت بەرزی سەید ڕەزا بو بەهۆی ئەوەی لەهەموو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی بەرلە شۆڕشی درسیمی سالی(١٩٣٦)دەستی پێکردبوو وەکو ڕاپەڕینەکانی ملاطیەو درسیم و کۆچگیری کەلەبەرگی دوهەمدا باسی هەمووی کراوەو دەرکەوتوە سەید ڕەزا بەلای هیچیانا نەچوە ئەگەرچی وتراوە یارمەتی هەندێ لەئاوارەکانی داوە.

لەبەرگی دوهەمدا باسی ڕاپەڕینی یەکەمی دانیشتوانی ناوچەی درسیم کرا کەلەسالی(١٩٢٠)دا دەستی پێکردبوو, لەوڕۆژانەدا هێشتا کمالیەکان خۆیان بەهێز نەکردبوو, دوژمنیان زۆربوو,شەڕی یۆنان لەلایەکەوەو بوونی پاشماوەی خلافەت لە ئەستمبول لەلایەکەوە کارێکی وای کردبوو ئەگەر لەشۆڕشی یەکەمی درسیم و کۆچگیریدا لەهەمان کاتدا دەستەلاتێکی وەکو سەید ڕەزا هاوکاری بکردایە لەگەلْ شۆڕششەکانی تردا تورکەکان هەروا بەئاسانی ئەو ڕاپەڕینەی سالی(١٩٢٠)یان پێ لەناو نەدەبراو ئەوەی سالی(١٩٢٠)لەدرسیمدا ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەلْ شۆڕشەکەی درسیم دا لەسالانی(١٩٣٦-١٩٣٨)دا دەردەکەوێت کەئەوەی سالی (١٩٢٠) پێشکەوتوو تربوە لەڕووی چالاکیی سیاسیەوەو سەرکردەکانی ئەو ڕۆژە توانیبویان لە شۆڕشێکی یەکگرتوویانداو بەتلگراف داوایان لە حکومەتی ئەنقەرە کردبوو دەمو دەست بڕیارەکانی سیڤەر پەسەند بکات و ئالأی کوردستان هەلْکراو حکومەتی ئەنقەرە ئەگەرچی بەدرۆش بووبێت ناچارکرا دان بەوەدا بنێت کە ئامادەیە داخوازییەکانی کورد سەیر بکات و ساتێك حکومەتی تورك هەولیدا بۆ خاو کردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە ئامادەیی خۆی پیشان بدات کە ئامادەیە(علی‌شان)بکات بە متصرفی(سیواس)و

براكەی بكات بە جێگری متصرفی ناوچەی درسیم بەڵام لەوەی شۆڕشی درسیمی ساڵی(١٩٣٦-١٩٣٨)دا هەرلەسەرەتاوە ساردو سڕی و كەمتەرخەمی تیادا بەدیكراوەو سەید ڕەزا كە سەركردایەتی ئەو شۆڕشەی گرتە دەست وەكو سەركردەیەكی نەتەوەیی نەیتوانی كاروباری جەماوەری ناوچەكەی ببات بەڕێوەو نەیتوانیبوو جەماوەری خاوەنی مافی ڕاست دڵنیا بكات كەئەوەی لەگەڵ دوژمندا دەكرێت بریتیە لە تاقیكردنەوەیەكی زۆر تاڵ و ئەگەر هەموویان نەكەونە خۆیان و سەركردایەتیەك كەلەناوجەرگەی جەماوەری ناوچەكەوە هەڵقوڵابێت سازنەكرێت ئەوا شۆڕشەكەیان بەزووترین كات لەناو دەچێت و سەید ڕەزا لەو كاتە گرنگ و ناسكەدا نەیتوانیبوو لەناو ئەو جەماوەرەدا لە دەرەبەگێكی دەسڕوییەوەببێت بەنوێنەری ڕاستی ئەم جەماوەرەی كە هەندێ لەسەرچاوەكان لەباسی سەید ڕەزادا هەندێ شتیان تۆماركردوە بەپێی ئەو یاسانەو بەپێی ئەو هەڵوێستتانەی سەید ڕەزا لەگەڵ خەڵكدا هەیبوەلە ڕابردوودا نەیانتوانیبوو بەئاسانی لاپەڕەیەكی تازەیان لەگەڵا بكاتەوە.

دەربارەی ئەمە هەروەكو پرۆفیسۆر حسرتیان باسیكردوە سەید ڕەزا توانیبووی بەزۆرە ملێ دەستەڵاتی خۆی بەسەر دانیشتوانی(٢٣٠) گوندی ناوچەی درسیمدا بسەپێنێت و دانیشتوانی ئەو گوندانە ناچار بوون سەرانەیەكی هەمیشەیی بدەن بەسەید ڕەزا كە ساڵی واهەبوە دووجار ئەو سەرانەیان لێ سەندراوە كەپێی وتراوە(دوما).

بێجگە لەوە سەید ڕەزای سەركردەی شۆڕش لەبەر ئەو ناكۆكیەی لەگەڵ(ڕێبەر)ی برازایدا پەیدا بوبوو لەسەر موڵك بووبەهۆی ئەو خیانەتەی ڕێبەر لە شۆڕشەكەی كردو سەید ڕەزا كە نەیتوانیبێت

کێشەیەك لەگەڵ برازاکەی خۆیدا چارەسەر بکات بەهیچ جۆرێکیش قایل نەبوە کێشە لەگەڵ هیچ کەسێکی تر بەخۆشی چارەسەربکات ولاشم وایە هەرئەمەشە کە زنار سلۆپی وتوویەتی لەبەر لووت بەرزیی هەندێك نەتوانرا ئەو کۆبوونەوەیەی لە نێوان سەرکردەو سەرۆکی عەشیرەتەکانا کرا سەربگرێت لە کاتێکدا لەساڵی (١٩٢٠)دا لەهەمان ناوچەدا توانرابوو کۆبوونەوەیەکی یەککگرتوو پێك بێت..

دەربارەی ئەو پڕوپاگەندانەی تورکەکان بلأویانکردبوە وەکە حکومەتی سۆڤیت هاندەری شۆرششەکەی درسیم بوەو لەدادگادا سەید ڕەزا بەوەتاوانبارکرابوو کە ئەفسەری سۆڤیتی لابوەو یارمەتیی لەوانەوە وەرگرتوە, ئەمە شتێك نەبوە کە تورك بۆ پینە کردنی تاوانەکانی خۆی دەس بەبلأوکردنەوەی درۆو دەلەسەی وانەکات ولام وایە سەید ڕەزاو داو دەستەکەیشی ڕێکخراوێکی ئەوتۆیان نەبوە کە بیر لەپەیدا کردنی جۆرە پەیوەندییەك بکاتەوە لەگەڵ سۆڤێتداو سۆڤیتیش وەنەبێ ئاگای لەبۆ چوون و هەڵوێستی سەید ڕەزا نەبووبێت ولەوەنەگەیشتبێت کەسەید ڕەزا ئەو سەرکردەنەبوە کە جەماوەری کورد لەسەر بناغەیەکی پتەوی بیروباوەڕ لەخۆی کۆکاتەوە.

دەربارەی ئەو درۆو دەلەسانەی تورکەکان لەو ڕووەوە بلأویانکردۆتەوە دکتۆر عبدالرحمن قاسملۆ لە کتێبەکەیدا سەرچاوە(١٦)ئامارەی بۆ کتێبەکەی(م.بوغوریلون)کردوەبەناوی (المساله الکردیه) ئەو نووسەرەلە لاپەڕە(٨٠)ی کتێبەکەیدا ووتوویەتی:

((لەڕاپەڕینی ساڵی (١٩٣٧)دا حکومەتی تورك و دەوڵەتە ئیمپریالستیەکان گەلێك درۆو دەلەسەیان دەربارەی شۆڕشی درسیم

بلاوكردۆتــەوە گوایــا سـۆڤیێت دەســتی تیــادا هــەبوە, تورکــەکان لــەو درۆو دەلەســەیەیاندا بــۆ بیانوویــەك دەگــەڕان لــەکورد بــدەن لەلایــەکی تریشــەوە لــەژێرەوە دەیــان ویســت لەنازیــەکان نزیــك ببنــەوە بۆیــە دروشمــی دژی سۆڤیێتیان بەرزکردبوەوە, ساتێك ئەم تەقەلایەیان سەری نەگرت چوونە پاڵ ئەوانەی دەیانویست پەیمانێکی ناوچەیی دروست ببێت کەلە دواییدا ئەو پەیمانە بەسراو ناوی نرا پەیمانی(سعداباد)کە بریتی بوو لەئێران و عراقی دراوسێشی بەمۆر کردنی ئەم پەیمانە ویستی ئەوە موسوەگەر بکات کەئەو دوو حکومەتەی تریش وەکو خۆی دژی هەموو بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی کوردبن کەلەیەکێك لەمادەکانیا ووتراوە:

((هەرلایەك لەوانەی پەیمانی سعدابادیان مۆرکردوە بەڵێن بەلاکانی تر دەدات کە دەبیٚ ڕێگە لەجم وجۆڵ و بزوتنەوەی تاقمێکی چەکدا بگرێت کە ئەو تاقمە بەچەك یا لەڕێگەی کۆمەڵ و ڕێکخراوی سیاسیەوە هەوڵ بدات دژی لاکانی ئەو پەیمانە جم وجۆڵ بکات(کە بێگومان مەبەستی تورك بەتایبەتی لەمەدا بزوتنەوەی کوردبن)).

لەدوای مۆرکردنی ئەو پەیمانە بارە هاتورکەکان بلاّویانکردەوە کە ئیتر شتێك لەئارادا نەماوە پێی بوترێت کوردو ڕۆژنامەی(SUN POST)ی تورکی لەساڵی (١٩٤٦)دا هەمان قەوانی کۆنی پێشووی لێدابوەوە کەوتبووی: تازە ئیتر لەتورکیادا ناتوانرێت بوترێت هیچ کەمایەتیەك هەیە لەتورکیادا بەناوی کوردەوە.

بەشی سێهەم

لە کۆتایی ئەم بەرگەدا بە پێویستم زانی لەم بەشەدا ئەم باسانە خوارەوە بەکورتی بخەمە پێش چاو:

باسی یەکەم: ئەو ڕەخنانەی لە شۆڕشەکانی کورد گیراوە بەشێوەیەکی گشتیو لەشۆڕشەکانی باکوری کوردستان بەتایبەتی.

باسی دوهەم: ئەو دەرسو پەندانەی پێویستە کورد لە شۆڕشەکانی کورد بەشێوەیەکی گشتیو لەشۆڕشەکانی باکوری کوردستان بەتایبەتی وەریگیرێت.

باسی سێهەم: هەڵوێستی حکومەتی تورک بەرامبەر بەکورد بەشێوەیەکی گشتیو ئەو یاساو بڕیارانەی دژی کوردو مافی کورد دەری کردبوو.

باسی یەکەمی

ئەو ڕەخنانەی لە شۆڕشەکانی کورد گیراون بەشێوەیەکی گشتی و لەشۆڕشەکانی باکوری کوردستان بەتایبەتی

لە هەرسێ بەرگەکانی ئەم کتێبەدا, ئەو ڕەخنانەی بەشێوەیەکی تایبەتی لە هەرشۆڕشێك گیرابێت بەپێی سەرچاوەکان خراونەتە بەرچاوو لەم باسەدا هەوڵئەدەین ئەو ڕەخنانەی بەشێوەیەکی گشتی لە تێکڕای شۆڕشەکان گیراون باس بکەین و ئاماژە بەکورتە باسێکی ئەو سەرچاوانە بکەین کە لێیان دواون.

ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان باسیان کردوە بریتین لە چەند خاڵێکی زۆر گرنگ کە زۆربەیان سوورن لەسەر ئەوەی ئەو هۆیانە هۆیەکی سەرەکی بوون لەسەر نەگرتنی شۆڕشەکانی یەك لەدوای یەکی باکووری کوردستان کە لێرەدا هەوڵئەدەین کورتەیەکی ئەو هۆ گرنگانە بخەینە پێش چاو و لەدواییدا ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوانەش دەکەین کەلەو باسە دواون:

١- بەرلەوەی حکومەتی عوسمانی پێك بێت و ببێت بە حکومەتێکی بەهێزی دەستەڵاتدار لەناوچەیەکی فراواندا, کورد لەو سەردەمەدا لەباکوری کوردستانا خاوەنی چەند ئەمارەتێکی نیمچە سەربەخۆی پچڕ پچڕو لێك

دابڕاوی خۆی بوەو هەرئەمارەتە میرێك یا سەرکردەیەك بردوێتی بەڕێوە کە بەداخەوە ئەو میرە زۆر جار لەگەڵ سەرۆك و میرەکانی تردا ناڕێك بوەو هەوڵی لاوازکردنی داوەو ئامادە بوە وەکو ڕەوشتێکی عەشایریی زۆر کورتبینانە سەیری دواڕۆژی خۆیان و ئەمارەتەکەیان بکەن و ئامادەبوون بۆمانەوەی خۆیان و بۆ لەناو بردن و لاواز کردنی ئەمارەتێکی تری کورد لەگەڵ دوژمنێکی بێگانەدا هاوکاری بکەن.

ئالەو بارو دۆخەدا بوە کە شرفخانی بدلیسی بەپێی چەند مەرجێك لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیدا ڕێك کەوت کەلەبەرگی یەکەمدا باسی ئەو ڕێکەوتن و مەرجانە کراوەو بەپێیی ئەو ڕێکەوتنە قەواڵەی طاپۆی ئەمارەتەکەی خۆی و هی ئەمارەتەکانی تر کە توانیبووی ئەمیرەکانیان قایل بکات کە هەموویان ببن بەوابەستەی دەوڵەتی عوسمانی(کە دوورنیە ئەمەی لەترسی صەفویەکان کردبێت)هەمووی پێشکەش بکات بە خەلیفەی عوسمانی کەبەدرۆ ناوی خۆی نابوو خلیفەی ئیسلام کەلەبەرگی یەکەمدا بەدوورو درێژی لەباسی ئەمارەتەکانی کوردا لەو کارەساتە مێژووییە دواوین, ڕەخنەی زۆربەی ڕەخنەگران لەم ڕووەوە ئاڕاستەی شرفخان کراوە بەڕادەی یەکەم و بۆ ئەو میرانەی تری کورد کە بەو پەڕی کورت بینی و ساویلکەیەتیەوە ئەو پێشنیازەی شرفخانیان پەسەند کردبوو.

بەداخەوە لەو ڕۆژانەدا هەروەکو چۆن تورکەکانی عوسمانی توانیبویان لەپاشەبەرەی مەغۆلیەکان و ئەو تورکانەی بەکۆچ وبار لەکاتی خۆیدا لە ڕۆژئاوای چینەوە گەیشتبونە ئەو ناوچەیەی ئیمڕۆ پێیی دەوترێت تورکیا حکومەتێکیان دروست کردو ئەگەرچی ئەو حکومەتی عوسمانیە لەسەرەتای دروستبوونیا و هەتا ماوەیەکی زۆریش تووشی دەیان گێرەو

کێشەی ناوخۆ بو بوو, برالەسەر کورسی‌ی سوڵتانی و لەسەر دەسەلاّت برای خۆی دەکوشت و بگرە لەهەندێ جاردا باوکیش کوڕی خۆی لەناو بردە بەلاّم لەئەنجامدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی زۆر مایەوەو بەرگەی گرت و بووبەو ئیمپراتۆریەتەی ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەلاّتی ئەوروپاو باکووری ئەفەریقای گرتەوە, بەلاّم بەداخەوە ئەمیرەکانی کورد بەلای ئەوەدا نەچوبون و هەولّی ئەوەیان نەدابوو ئەوەی عوسمانیەکان بۆی چوبون تاقی بکەنەوە کە بێگومان قایل نەبوونی هیچ ئەمیرێکی کورد بەدەستەلاّتی ئەمیرێکی‌تر هۆی سەرەکی بوە بۆ بیرکردنەوە لەو تاقیکردنەوەیەو بێگومان شەرفخانی بدلیسیش ئەوەی لەخۆیدا بەدی نەکردوە کە بتوانێت ئەو ئەمارەتە کوردانە لەژێر دەستەلاّتی خۆیدا یا لەژێر دەسەلاّتی ئەمیرێکی ترا بکات بەیەك.

پاش ئەوەی عوسمانیەکان بەتەواوەتی بەسەر صەفوییەکانا سەرکەوتن و وردە وردە توانیبویان ئەمارەتەکانی کورد لاواز بکەن و بیانکەن بەدوژمنی یەکتر ئیتر لەبەلّێنو پەیمانەکانی خۆیان پەشیمان بوونەوە کە دابوویان بەکوردو یەکە یەکە ئەمارەتەکانی کوردیان هەلّوەشانەوە.

٢-بێجگە لەکێشەی نێوان میرو سەرۆکەکانی ئەمارەتەکانی کوردو کێشەیەکی مالّوێرانکەری تر پەیدا بوو کە بریتی بوو لە کێشەی نێوان کوردی سوننی مەزهەب و کوردی علوی کەلەباسی سوارەی حمیدیەدا لەبەرگی یەکەمدا بەدوورودرێژ باسی ئەو دەردە کوشندەیەمانکرد کە چۆن تورکەکانی عوسمانی بۆ سوودی خۆیان لەکوردە سونیەکان ڕێکخراوێکی عەشایری چەکدارنەیان دروستکردبوو لە شێوەی(قۆزاق)ەکانی ڕوسی قیصەری و تورکەکان ئەم ڕێکخراوەیان بۆ دوو مەبەستی سەرەکی و بۆ سوودی خۆیان پێکهێنابوو یەکەم بۆ بەکار هێنانی ئەو هێزە بۆ پاراستنی

سنوورەکانی خۆیان دوهەم حکومەت ویستی لە ڕێگەی ئەو هێزەوە کورد بکات بە دووبەشەوەو ڕێگەی ئەوە بگرێت لە دوا ڕۆژدا یەك بگرێت کە لەڕاستیدا تورکەکان لە هەردوو مەبەستەکەیانا سەرکەوتن و بەکاریان هێنا بۆ سنورەکانی خۆیان و کردیشیان بەداردەستی خۆیان بۆ بەکار هێنانی دژی هەرلایەك بەرامبەر حکومەت بوەستایەو کوردە علوییەکان تووشی زیانێکی زۆربوون بەهۆی ئەو هێزە وە وەکو لەباسی سوارەی حمیدیە دا لێی دواین و ئەنجام بەوە گەیشت لەدوا ڕۆژدا هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێك سەرکردەکانی بریتی بوونایە لە کوردی سوننی مەزهەب, علویەکان بەلایا نە دەچوون و هاوکارییان لەگەلاَ نە دەکردن و لە زۆر هەلوێستدا دەبوون بەلایەنگری حکومەت دژی شۆڕشی کورد کە نمونەی ئەمە لە شۆڕشی پیران و ئاگریداغدا بەئاشکرا ڕوون بۆتەوەو کاتێکیش کوردە علوییەکان دژی جەورو ستەمی کاربەدەستانی توورك ڕاپەڕین, لەو ڕاپەڕین و شۆڕشەی علوییدا کوردە سوننیەکان بەشدار نەدەبوون وەکو هەلوێستی سوننیەکان لەکاتی شۆڕشەکەی درسیمدا بەسەرکردایەتی(سەید ڕەزا).

پرۆفیسۆر حسرتیان لەلاپەڕە(٩٢)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە(٤٥)باسی ئەوەی کردوە چۆن تورکەکان سودێکی زۆریان وەرگرتبوو لەناکۆکیی نێوان سوننیەکان و علویەکان لەشۆڕشەکانی باکوری کوردستاندا.

بەئاشکرا ڕوون بۆتەوە کەلەگەلْ ئەوەشدا شێخ سعید بەناو چەند عەشیرەتێکی کوردی بیْلایەن و هەندێك لەعەشیرەتە علویەکان گەڕابوو بەلاَم نەیتوانیبوو هیچیان بکات بە دۆستی خۆی و بەهاوکاری شۆرششەکەی و بگرە لەکاتی شۆڕشەکەیدا هەندیْ لەو عەشیرەتانەی هانای بۆ بردبوون و

داوای هاوکـاریکردنی لێکردبـوون لەناسـکترین کاتـدا بوبـون بەلایـەنگری حکومەت دژی شۆرششی پیران.

جگە لەو تەقەلا بێ سوودانەی درابوون بۆ پەیدا کردنی دۆستی ناوخۆ، سـەرکردەکانی شـۆڕش نـەیانتوانیبوو کـارێکی وابکـەن باسـی کێشـەی میللەتەکەی خۆیـان بـۆ میللـەتان ڕوون بکەنـەوەو ئـەو هـەوڵو تەقەلایانـەی سریا بدرخان دابووی بۆ موسوەگەر کردنی لایەنگریتی و یارمەتیدانی کورد لەوچوونەیدا بـۆ ئەمـەریکا بـەهاوکارییی ئەرمەنیـەکان،ئـەوەی توانیبـووی بیکات بەشی ئەوەی نەکردبوو بتوانێت یارمەتیـەکی تـەواوی پـارەو چەك بۆ شۆڕشەکەی ئارارات وە دەس بنێت.

لەڕاسـتیدا کـورد لەکۆنـەوە لـە سیاسـەتدا کـۆڵ بـوەو نـەیتوانیوە وەکـو میللەتان دۆستو دوژمنی خۆی لێك جیا بکاتەوە.

لـەو ڕووەوە دوکتـۆر عبـدالرحمن قـاسملو لەلاپـەڕە (٦٩)ی کتێبەکەیـدا سەرچاوە(١٦)ڕەخنەیەکی توندو تیژی لەکورد گرتوە دەربارەی ئەوەی کورد نەیتوانیوە دۆستو دوژمنـەکانی خۆی بەباشی لێك جیـا بکاتـەوەو بۆئەمـە دۆسـتایەتی کردنـی کـوردی لەگـەڵ(تاشـناق)ەکـانی هێناوەتـە بـە نموونـە کەلەمەدا قاسملۆ ئەگەرچی لە بۆ چوونەکەیدا نیوەی بۆ چوونەکەی ڕاست بـوە بـەڵام لەهەندێکیشـیا بەباشـی نیشـانی نـەپێکاوە ، بـۆ ئەمـە لای وابـوە سۆڤیەتی ئەو ڕۆژانە تاقە جێگەیـەك بـوە کـە هیـوای کوردی تیـادا بـەدی کـرا بـەڵام کـورد بـەلای ئـەوەدا نەچـوەو بـە پێچـەوانەوە ڕوویکردۆتـە دەوڵەتـە ئیمپریالیزمەکانو بەتەمای ئەوەبوە لە ڕێگـەی ئەوانـەوە کورد بـەمافی خـۆی بگاتو لەو ڕووەوە وتوویەتی:

((لەبەر تەسکی بینینی سەرکردەکانی کورد, بەلای ئەوەدا نەچووبوون داوای یارمەتی لەدۆستە ڕاستەکانی کورد بکەن بەڵکو پشتیان بەستوە بە دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان لەوانەی تەنها بۆیە بوبون بەلایەنگری کورد کە تورکەکانی پیێ لاواز بکەن))

قاسملۆ لەلاپەڕە(٧١)دا هێرشی بردۆتەبەر هاوکاریکردنی نێوان کوردو ئەرمەنیە تاشناقەکان پاش ئەوەی ئەو ئەرمەنیيانە هیوای ئەوەيان نەمابوو بەتەنها خۆيان بتوانن دژی تورکەکان بوەستن و بگەن بەمەبەستی خۆيان.

دەربارەی بەشی دوهەمی ئەم ڕەخنەیەی کەوتوویەتی تاشناقەکان دژی سۆڤیەت بون و وابەستەی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان بوون بۆ چوونێکی ڕاستەو ئەو ئەرمەنیانەش لە قۆناغێکدا بەهاندانی وڵاتانی ڕۆژئاوای دەسبڕ بە شێوەیەکی دۆستانە نەچوبوونە پێشەوە لەگەڵ کورد داو چاويان بڕیبوە ئەوەی بەشێکی زۆری ناوچە کوردییەکان بخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە بەنیازی پێکهاتنی ئەرمەنیای گەورە کەباسی ئەمەمان لە پەیمانی سیڤەردا بەدورو درێژ کردوەو پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە, بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕووداوە مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندوە کەلە سیاسەتدا نە دۆستی هەمیشەیی هەیەو نە دوژمنی هەمیشەیی چونکە هەردوکیان بەندن بەوەی کەلە ڕووداوێکدا بەرژەوەندییان لەگەڵ یەکتردا یەك دەگرێتەوە یانا؟ لەڕاستیدا سۆڤێت لەسیاسەتیا هەر ئەم ڕێبازەی گرتبوەبەر.

لێرەدا ئەگەرچی ئەرمەنیەکان لەهەندێ هەڵوێستیانا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کوردا نەبوون بەڵام لەدواییدا کە هەڵەی خۆيان بۆ دەرکەوت ئیتر ئامادەیی خۆيان پیشاندا بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردن لەگەڵ کوردا کە نموونەی ئەمە لەباسەکەی سریا بدرخاندا ڕوون بۆتەوە کە

چۆن ئەرمەنیەکان لە ئەمەریکا ڕۆلێکی گەورەیان هەبوە لە ڕونکردنەوەی تاوانەکانی تورك بەرامبەر بەکوردو لە شۆرششەکەی ئاگریداغدا نوێنەری ئەرمەنیەکان لەکۆڕی شەڕەکانا لای احسان نوری پاشای سەرکردەی شۆرششەکە بوون, ئایا بەپێی بۆچوونەکەی قاسملو, دەبوایە کورد ئەو یارمەتیانەو ئەو هاوکاری کردنەی ئەرمەنیەکانی پەسەند نەکردایە کەلەو ڕۆژانەدا بەئاشکرا تورکەکان دەستیان خستبوە بینەقاقای کورد بۆلە ناوبردنی؟... وەکو لە شۆڕشەکەی ئاراراتدا ڕوون بۆتەوە لەو ڕۆژە ناسکەدا ئەرمەنیەکان تاقە دەروازەیەك بوون کە لە ڕێگەیانا بگەنە ئەو شوێنانەی توانیبویان دەنگی بێزاریی خۆیان بەرز بکەنەوە.

ئایا ئەگەر کوردەکان ئەو پەیوەندییەی کە قاسملو ڕەخنەی لێگرتوە کورد لەگەلْ ئەرمەنیدا نەیبوایە تۆ بلْیّی ئەوسا سۆڤیت لەبەر خاتری کورد وازی لەو پەیمانی دۆستایەتیە بهێنایە کەلەگەلْ تورکە کمالیەکان بەستبووی کە لە شوێنی خۆیدا باسمانکردوە کە بەئاشکرا یەکێك لەمادەکانی ئەو پەیمانە دژایەتیەکی تەواوی تیادا بەدی دەکرێت بەرامبەر کوردو بەلْگەی ئەمەش نموونەیەکی لەوباسەی دکتۆر عزیز شمزینیدا دەردەکەوێت کەلە لاپەڕە(٨٨)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە(٤٢)کەلەوەدا ئاماژەی بۆ ئەو نامەیەی حکومەتی ئارارات کردوە کەنێردرابوو بۆ قونسولْخانەی سۆڤیت لە (ماکۆ) لەسالْی (١٩٢٨)دا کەلەونامەیەدا وترابوو:

((لەمەوبەر حکومەتی کورد لەئارارات نامەیەکی بۆناردبون بەلاّم تائێستە هیچ وەرامێکی پێنەگەیشتوە. شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسەتی ئیمڕۆ ئێمەی هێناوەتەسەر ئەوەی کەباوەڕی کورد وایە

بەبێ یارمەتی و پشتیوانی سۆڤیت ڕزگاری نابێت و مافی نەتەوایەتی خۆی دەسگیر نابێت و, بۆیە دەمانەوێ مەسەلەی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخوازیمان لە (انتر ناسیونالی)دا باس بکرێت و چالاکی ی خۆمان لەگەڵ سیاسەتی سۆڤیتدا هاوجووت بکەین, هەلومەرجی ئیمڕۆ بۆ گەیشتن بەو مەبەستە زۆر لەبارەو هەرکاتێك ئەم داخوازییەی ئێمەتان پەسەند کرد حکومەتی ئارارات ئامادەیە نوێنەرانی خۆی بۆ شوێنی دیاریکراو بنێرێت بۆ گفت وگۆ کردن بۆ ئەو مەبەستە)).

لەڕاستیدا,ئاخۆ داواکردنی یارمەتی لەدۆستێکی وەکو سۆڤیت لەوڕۆژەدا دەبوایە بەچ شێوەیەکی تربوایە بۆ ئەوەی سۆڤیت لای ئە کورد بکردایەتەوە؟؟

لام وایە دکتور قاسلو ئەگەر ئەم ڕاستی یانەی بزانیایە, بواری ئەوەی نەدەبوو لە کتێبێکی دکتۆراکەیدا کە لەولاتێکی سەربە سۆڤێتی ئەو ڕۆژانە دا دکتۆراکەی وەرگرتبوو باسی بکردایە.

بێجگە لەو ڕەخنەیەی قاسملو کەلە پەیوەندیکردنی کوردبە ئەرمەنیە تاشتاقەکان و بەدەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانەوە هەیبوە وەکو ئەو باسیکردوە, دوورنیە قاسملو ڕەخنەکەی لەوەوە دەست پێکردوە کە بەهۆی تاشناقەکانەوە کورد هەولی داوە پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپرلیزمەکانا پەیدا بکات لام وایە پێویستە بچینە سەر باسی دوو هەلویستی جیاوازی دەوڵەتان بەرامبەر بەکورد کە دکتۆر قاسملۆ لای وابوە دۆستی کورد تەنها بریتی بوە لە یەکێتی سۆڤیت و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی, ئەو دەوڵەتانەی دژی سۆڤێت بون نەدەبوو کورد لێیان نزیك ببێتەوە...

له ڕاستیدا کورد هەوڵی دابوو تەنها لە سۆڤیت نزیك ببێتەوە کەلەهەموو تەقەلاکانیا لەو ڕووەوە کورد هیچی دەستگیر نەبوە, دەوڵەتانی تر, بەتایبەتی ئەوانەی لە (ئومەمیەتی دوهەمدا) بەشداریان کردبوو بەپێ پێوانەکەی قاسملۆ ئەوانە لەخانەی دوژمنانی کوردابوون بەلاّم ئەگەر بەووردی بچینە بنج و بناوانی باسەکە بۆمان دەردەکەوێت کە ئومەمیەتی یەکەم و سێهەم کەبەسەرکردایەتی سۆڤیت و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی بەسرابوو, ئەگەرچی لە هەردووکیانا باسی چەوساندنەوەی میللەتانی ژێر دەستی ئیمپریالیزمیانکردوە و دروشمی مافی چارەنووسی گەلانیان بەرزکردبوەوە, بەلاّم لەهیچ کۆبونەوەو باسێکیانا باسی چەوساندنەوەی میللەتی کوردیان نەکردبوو لەهەموو بەشە داگیر کراوەکانیا, بەپێچەوانەوە ئومەمیەتی دوهەم کە حزبە ئیشتراکیەکان بەستبوویان لەکۆبوونەوەی مانگی ئابی(١٩٣٠)دا هەروەکو دکتۆر عزیز شمزینی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە(٤٢)باسیکردوە لەو کۆبونەوەیەدا کەلەشاری (زوریخ)بەستبوویان بڕیارەکانیان ئەوانەی میلەتی کوردیان گرتبوەوە زۆر ڕونترو ئاشکرا تربون بەرامبەر بەمافی کوردو دەربڕینی هەستی ئەو اشتراکی یانە دژی هەڵوێستی حکومەتی فاشستی تورك بەرامبەر کورد بەئاشکراو بێ پێچ و پەنا شتێك نەبوە کە بەنەهێنی بووبێت.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو تاشناقانەی کە قاسملۆ ڕەخنەی لە دۆستایەتی کردنیان گرتوە یاداشتێکیان دابوو بەبەشداربوانی کۆنگرەی حزبە اشتراکیەکان دەربارەی مافی کوردو ئەو تاوانەی تورکەکان لەکوردەکان کردبوویان کە یاداشتەکە بەم شێوەیەبوە:

((مەسەلەی کورد باسێکی زۆر گرنگە بۆ ئەم کۆنگرەیەو ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێت ئەمە دەبێتە هۆی نەبوونی ئاشتی و نائارامی لەناوچەکەداو دەبێتەهۆی ئەوەی تورکەکان لە ئومەمیەتی سێ‌هەمدا کێشەی کورد بقۆزنەوە, لەبەر ئەوە لایەنگرێتی ئومەمیەتی دوهەم بۆ کورد دەبێتە وەرامدانەوەیەك بۆ ئەوانەی لایەنگری هەڵوێستی سۆڤێت دەبن))

بلەچ شێرکوە لە لاپەڕە(١١٧)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە(٦٠)باسی ئەوبڕیارە تایبەتیەی لیژنەی تنفیذی مکتبی کرێکارانی اشتراکیەتی دولی کردوە کەلە(١٩٣٠/٠٨/٣٠)دا دەربارەی کورد دەریانکردبوو هەروەکو دەقەکەی لە رۆژنامەی (الاهرام)ی رۆژی(١٩٣٠/٠٩/٠٩)دا وەکو خوارەوە بلاْوکراوەتەوە:

((لیژنەی تنفیذی مکتبی کرێکارانی‌اشتراکیەتی دولی(مەبەستی لەئومەمیەتی دوهەمە کە حزبە اشتراکیەکان نەك کۆمۆنیستەکانی تیایا بەشداربوون) ئەو کوشتارانەی حکومەتی تورك دەیکات لەو کوردانەی بۆ ئازادی‌و سەربەستی خۆیان تێدەکۆشن‌و ئەوانەش کە بەشداریان نەکردوە لە خەباتی کوردا تورکەکان دەیانەوێ چی یان بەسەر ئەرمەنیەکانا هێنابوو کوردیش بەو دەردە ببەن بەبێ ئەوەی رایی گشتی جیهانی ناڕەزایی‌و بیێزاری خۆی دەرببڕێت بەرامبەر بەم دڕەندەیەتیەی تورك‌و دوورنیە دەسدرێژیش بکەنە سەر وڵاتی فارس‌و ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کۆمەڵی گەلان(مەبەستی عصبە الامم) توانای ئەوەی نیە میللەتە بێ هێزو بێ دەسەلاْتەکان لە دەسدرێژیکردنی دەوڵەتەکان بپارێزێت.

لەبەر ئەمە هەیئەتی تنفیذی داوا لەهەموو جیهان دەکات بێزاری خۆیان دەربڕن بەرامبەربەو کارەساتە خوێناویەی بەرامبەر بەکورد دەکرێت))

بلە چ شێرکوە لەهەمان کتێبیا ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی(میلیت)ی تورك کردوە کەلەو ڕۆژنامەیەدا وتراوە: لەدوای شکانی شۆڕشی ئاگریداغ: ئەمە گۆڕی خەیاڵی کوردستانە.

(بلە چشێرکوە بۆ وەرامی ئەوباسە ڕۆژنامەی میلیت وتوویەتی:دەبوایە بی نووسیایە: گۆڕی سەربازی نەناسراو لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا...)

کۆڕی خەباتی کوردستان/ڕۆژنامەی میلیت

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە:

ڕاستە ئەو دەوڵەتانەی حزبە اشتراکیەکانیان لە ئومەمیەتی دوهەمدا بەشداریانکردبوو وەنەبووبێ ئەو حکومەتانەیان لەوەی سۆڤیت پاکترو ڕاستربووبن بەرامبەر بە ئازادیو بەرامبەر بەمافی میللەتانو ئەوەش کەلە ئومەمیەتی دوهەمدا ناوی کوردی تیادا باسکراوە تەنها بریتی بوەلە دەربڕینی بێزاریی ئەو حزبە اشتراکی یانە نەك هی دەوڵەتەکانیان, بەلاّم ئایا نەدەبوو لە ئومەمیەتی سێهەمدا کەیەکێتی سۆڤێت جڵەوی گرتبوە دەستو بڕیارەکانی ئومەمیەتی دوهەمی ڕیسوا کردبوو, ئایا نەدەبوو بەقسەش بوایە شتێکی دەربارەی کورد دەربکردایە بەرامبەر بەوتاوانە زۆرەی تورکەکان لەکوردیان کردبوو؟؟!!

. لام وایە قاسملۆ دەبوایە ڕووی دەمی ڕەخنەکەش بکردایەتە سۆڤێت کە بەهیچ شێوەیەك باسی کوردی نەکردوەو بێگومان تائەو ساش هێشتا سۆڤێت هەر ئومێدی لەوە نەبڕابوو کە هەوڵبدات تورکیا بەلای خۆیدا دابشکێنێتو ڕێگەی پێ نەدات بچێتە باوەشی ولاّتە سەرمایەدارەکانەوە کە لەدواییدا لەپەیمانی(سعداباد)دا کەلەساڵی (١٩٣٧)دا مۆرکرا بەئاشکرا بوویە کوتەکی دەستی ئەو دەوڵەتانەو لەژێر سێبەری مادەکانی ئەو پەیمانەدا ئەوەندەی تر کورد بچەوسێنێتەوەو هەوڵی توانەوەی کورد بدات لەبۆتەی نەتەوەی تورکدا..

لێرەدا شتێکی مێژوویش هەیە نابێ لێی نەدوێن ئەویش ئەوەیە جیاوازیی سۆڤیتو دەوڵەتە ئیمپریالیزەکان ئەوەبوە سۆڤێت ئەگەرچی بەڵێنی بەکورد نەدابوو, بەلاّم دەستیشی نەبڕیبوو بە بەڵێنی درۆ ئەگەرچی لەوەی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد پەنجە بۆ ئەوە درێژ دەکرێت کە

یەکێك لەو هۆ گرنگانەی سۆڤێت دەسبەرداری ئەو کۆمارە بو بوە، بریتی بوەلەو گفتوگۆ نهێنیانەی لەگەڵ (توام السلطنة)دا کرابو کە بەدرۆ بەڵێنی دابوو بە سۆڤێت کەنەوتی باکوری ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤێتەوە.

بە کورتی بۆ وەرامی ڕەخنەکەی دوکتۆر قاسملۆ، هەرچەند لەبەرگی دوهەمدا، لەباسی پەیمانی سیڤەردا باسی هەندێ هەڵویستی سۆڤێتمان کردوە، بەڵام لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ هەندێ لەو سەرچاوانە بکەین کە بەڵگەی ئەوەیان داوە بەدەستەوە کە کورد جگە لەو داخوازییەی لەلایەن شۆڕشگێڕانی ئاگریداغەوە بۆ سۆڤێت نێرابوو جارەها داوای یارمەتیی لەسۆڤێت کردوە بەڵام بەداخەوە سۆڤێت بەدەنگ ئەو داخوازییانەوە نەچوە کە ئەمانە نمونەیەکن لەو ڕاستی یە:

١- کورد هەرلە تەقەلا بێ سوودەکەی شێخ مەحمودەوە کە ساتێك ملیکی کوردستان بوەو ئیمپریالیزمی بریتانیا گەڕی لە شێخ مەحموو حکومەتەکەی ئاڵاندبوو بۆ ئەوەی لەناوی ببات، هەروەکو لەلاپەڕە(٤١٩)ی بەرگی دوهەمی کتێبەکەی شێخ مەحمود دا سەرچاوە(٨٠)نامەکەی شێخ مەحمودمان بڵاوکردۆتەوە کە بۆ سۆڤێتی ناردبوو، بەڵام لەلایەن حکومەتی سۆڤێتەوە وەرامی نەدرابوەوە.

بێجگە لەو تەقەلا دانەی شێخ مەحمود سمکۆ شکاکیش هەوڵێکی لە هەمان جۆری دابوو لەگەڵ سۆڤێتداو(ئەحمەد تەقی)ی کردبوو بەنوێنەری خۆی بۆ ئەوەی ئەو داخوازییەی بگەیەنێتە کاربەدەستانی سۆڤێت هەروەکو لەکتێبی(سمکۆو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد)چاپی سوید ساڵی (١٩٩٥) بەدورو درێژی باسمکردوە ئەو هەوڵ وتەقەلادانەی سمکۆش هەربێ سوو، بوە.

سەیر ئەوەیە قاسملۆ خۆشی لەلاپەڕە(١١٢)ی کتێبەکەیدا دانی بەوەدا ناوە کە سۆڤێت نەیویستبو یارمەتی کورد بدات لەبەرگی دوهەمی ئەم کتێبەدا لەباسی سێهەمی بەشی دووهەمدا ناوەڕۆکی ئەو دوکیومنیتەمان بلاوکردۆتەوە کە سۆڤێت بە ئاشکرا نەیویستبوو یارمەتیی کورد بدات‌و خۆ هەڵوێستی سۆڤێت بەرامبەر کۆماری کوردستان لەمەهاباد شتێك نیە چاوی لێ بپۆشریێو پینە بکرێت وەکو بەرلەمەش ئاماژەمان بۆ کردوە.

بەو شێوەیە دەردەکەوێت لەکاتێکدا کە کورد لەژێر فشاری حکومەتی فاشستی تورکدا بوەو بەهاوکاری‌و لایەنگرێتی ئەمریکا کۆماری کوردستان ڕووخێنرا, لەهەردوکیان سۆڤێت بەدەنگ‌و هاواری کوردەوە نەچوە.

لەکۆتایی ئەو ڕەخنەیەی دکتۆر قاسملۆدا دوو هەڵوێستی تری سۆڤێتیم هاتەوە بیرکە هەردوکیان لەیەك ناچن‌و نیشانەو بەڵگەی ئەوەیە کە سۆڤێت هەمیشە سەیری پەرژەوەندیی خۆی کردوەو زۆربەی ئەو دروشمانەی بەرزی کردبوەوە ووشەی سەر کاغەزبون.

هەڵوێستی یەکەم بریتیەلەوەی لەساڵی(١٩٦٣)دا فاشستەکانی بغداد بەشمندوفەری ئەمریکا هاتن‌و بغدادیان داگیر کردوو دەستیانکرد بەکوشتن‌و قەلاچۆکردنی ئازادیخوازانی عراق کە حزبی کۆمونیستی عراق لەهەموان زۆرتری لێ کوژراو خرانە ناو زیندانەکانەوە, بەرامبەر بەم هەڵوێستە دڕندانەیەی فاشست ڕۆژنامەی پراڤدا لەلاپەڕە(٩٥)ی حزیرانی(١٩٦٣)دا باسێکی بلاوکردەوە بەناوی((ئەو تاوانانەی لەعراقدا دەکرێت بیان وەستێنن)) هەروەها لەژمارەکانی ڕۆژی(٢٠)یونیوو لە(١٠)ی‌تموزی هەمان ساڵدا باسی دوو تاوانی تری ڕژێمی بغدادی کردوە یەکەمیان دەربارەی ئەو جینۆسایدەی لە کوردی باشوور کرابوو لەلایەن هەمان ڕژێمەوەو دوهەم باسی ئەوەی کردوە نوێنەری سۆڤێت وەکو لەبراڤدا

ژمارەی ڕۆژی(١١)ی تموزدا بڵاوی کردبوەوە بێزاریی خۆی دەربڕیبو بەرامبەر بەو تاوانەی لەکوردستاندا دەکرێت (کە بێگومان هەردو بێزاری دەربڕینەکە لەوکاتەدا بوە کە سۆڤێت ڕژێمی بغدادی بەنەیاری خۆی حساب کردوە کەچی هەمان ڕژێمی بغداد کەلە دواییدا بون بەدۆستی سۆڤێتو ئەو تاوانە گەورەیەی هڵبجەیانکرد کە بەغازی ژەهراوی حەوت هەزاریان لەناوبرد، ڕۆژنامەی پراڤدا بەو پەڕی بێ شەرمیەوە بڵاوی کردەوە کە درۆیە حکومەتی عراق. غازی ژەهراویی لە هڵبجەدا بەکار نەهێناوە دژی کورد...

ئەوی شایانی باسە بەرامبەر بەهەڵوێستی سۆڤێت لەکاتی خۆیدا(جاسمی جلیل)کە ئەندامێکی حزبی شیوعی بوەو ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سۆڤێت بوە یاداشتێکی دابوو بە (گۆرباچۆڤ) لەوەدا بێزاری خۆی دەربڕیبوو..

بێجگە لە جاسمی جلیلی، لەو کۆنگرەیەی لەناوەڕاستی مانگی ئۆکتوبەری(١٩١٩)دا لەپاریس بەسترا پرۆفیسۆر(نادر نادروف)وتارێکی خۆی بڵاوکردەوە دەربارەی ئەو هەڵوێستە نامبدئیەی سۆڤێتو وتی: خەڵك لەیەکێتی سۆڤێتدا شتیان لێ شاراوەتەوەو نەیان هێشتوە ئاگاداری ئەو تاوانە گەورەیە ببن کە لەکورد کراوە.

لەبەشی یازدەهەمی باسی شۆڕشی ئاگریداغدا باسی چەند هەڵوێستێکی سۆگیتیمان کردوەو پێویست ناکات لێرەدا دوبارەی بکەمەوە.

٢- ئایا لەسنوری ئەو ڕەخنەیەی دوکتۆر قاسملۆ لە شۆڕشگێڕانی کوردی گرتوە کە داوای یارمەتی یان لە سۆڤێت داوانەکردبوو، بەڵکو بەتەمای یارمەتیی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان بوون، تۆ بلێی ئەگەر شۆڕشگێڕانی کورد لە شۆڕشی پیراندا کە تورکەکان بەئاشکرا ویستبویان کورد لەناو ببەن، داوایان لە سۆڤێت بکردایە تۆبڵێی سۆڤێتی دۆستی

تورکی کمالی کە پەیمانێکی دۆستانەیان لەنێواندا هەبوە وازی لەو دۆستایەتیە بهێنایە؟ یاهەر هیچ نەبوایە فشاری بخستایەتە سەر ئەو حکومەتە تورکەی دۆستی بەو شێوە دڕندانە ڕەفتار لەگەڵ کوردو لەگەڵ دانیشتوانی بێ تاوانیان نەکات.

دوورنیە تورکەکان هەروەکو لە باسی شۆڕشی پیراندا بەدوورو درێژی باسکراوە، هەوڵیان دابوو لەووڵاتان بگەیەنن شۆڕشەکەی کورد بەهاندانو بەیارمەتیی حکومەتی بریتانیا بوە کە لەدواییداو بەپێی ئەو سەرچاوانەو ئەو دوکیومیتانەی ئاماژەمان بۆکردوون دەرکەوت ئەمانە هەمووی پڕەپاگەندەو درۆو دەلەسەی کاربەدەستانی تورك بوەو تۆبڵێ موخابەراتی سۆڤێت کە بەکونی دەرزیدا دەچوون ئەوەندە گەمژە بووبن لەدرۆو دەلەسەکانی تورك نەگەیشتبن‌و سەیر ئەوەشە ئەو درۆو دەلەسانەی تورك کارێکی وایکردبوو سۆڤێتەکان شۆڕشەکەی پیران‌و سەرکردەکانی ئەو شۆڕشەیان بەوابەستەی ئینگلیز دەزانی‌و یەکێکی وەکو شێخ عەبدالقادری شمزینی کە گیانی خۆی لە پێناوی ئازادی‌و مافی میللەتەکەی خۆیدا پێشکەشکرد سۆڤێتەکان بە شۆرششگێرێکی سەربە ئیمپریالیزیان لەقەڵەم ئەداو تاماوەیەکیش ئەو کوردانەی لە سۆڤێدا بیان ویستایە دوکتۆرا لەشۆڕشەکانی کوردا وەربگرن یاباسی ئەو شعرانەشیان بکردایە کە بۆ شۆڕشگێڕە شەهیدەکانی کورد وترابوون دوکتۆراکەیان پەسەند نەدەکرا کە ئەمە باسێکی زۆر دورو درێژەو ئەو کوردانەی بۆ خوێندن‌و بۆ دراسەی ئەوباسانە بچوونایە بۆ سۆڤێت کە پەیوەندی بۆ شۆڕشەکانی باکوورەوە هەبوو هەریەکەیان دەردی سەریی خۆی لەلایە کە چۆن لەو ڕووەوە بەئاسانی نەیانتوانیبو مامۆستاکانیان واڵێ بکەن کە شۆڕشەکانی کوردی باکوور بە شۆڕشێکی دژی ڕژێمێکی فاشست لەقەڵەم بدەن.

باسی دووەمی

ئەو دەرس و پەندانەی پێویستە لەبەسەرهات و رووداوەکانی باکووری کوردستان سوودیان لێ وەربگیرێت

مێـــژووی میللـــەتان بـــۆ ئـــەوە دەنووســـرێت کەبەســـەرهات و رووداوە گرنگەکانی ئەو میللەتەی تیادا تۆمار بکرێت بۆ ئەوەی نەوەی دواڕۆژی هـەر میللـەتێك ئاگاداری بەسـەرهات و ڕووداوەکـانی وڵاتـی خـۆی و جیهـان بێـت و بزانێت هۆی ئەو ڕووداوانە چیبوەو چۆن ڕویـداوەو بەچـی گەیشـتوەو هـۆی سـەرکەوتن و ژێـر کـەوتنی ئـەو ڕاپـەڕین و شۆڕشـانەی میللەتەکـەی خـۆی کردوێتـی چـیبوە بەمەبەسـتی سـوود وەرگـرتن لێیـان و لـەناو میللـەتانی جیهاندا نەتەوەی کورد مێژوویەکی تاڵ و ترش و پڕ لەکێشـەو چەرمەسـەری بوەو زنجیرەلێك نەپچڕاوەکانی ئەو کارەسـات و بەسـەرهاتانەی بەسـەر کـوردا هاتوون بەدە کتێب و بیست کتێب کۆتـایی نایـەت، بـەڵام بەداخـەوە تائێسـتە میللـەتی کـورد نـەیتوانیوە وەکـو میللـەتانی تـر دەرس و پەنـد لـەڕووداوو بەسـەرهاتەکانی ڕابـردوو وەرگرێـت و ڕێگەنـەدات بـەدووبارە بوونـەوەی ئـەو هەڵە زلانە کراوەو ئەکرێت.

بێجگەلـەو کتێبـە مێژووییانـەی لـەم سـەردەمەدا لەلایـەن چـەند پسـپۆڕو مێـژوو نـووس و شـارەزایانی خۆمانـەوە نووسـراون و بلاوکراونەتـەوە، لـەڕابردوودا لەچـەند سەرچـاوەیەکی کـەم بـەولاوە کـە نووسـەرانی کـورد تۆماریـانکردوە وەکـو شـرفنامەکەی بـدلیس ئـەو سەرچـاوانە تـر کـە باسـی مێژووی کوردیان تۆمار کردوە بریتـی بوون لـە نووسـەران و مێژوونووسـانی بێگانـە، بەدۆسـت و نـەیارەوە، بەشـارەزاو نەشـارەزاوەو ئەمانـە هـەموویان بەسەرچـاوە بـۆ نووسـەرانی خۆمـان و بێگانـەو لـە کتێـب و نووسـینەکانا ئاماژەیان بۆ کراوە.

بەداخەوەلەبـەر نـەبوونی حکومـەتێکی کـوردیی دەسـڕۆیو کـە دەرفـەتی ئەوەی تیـادا هـەبوو بێـت نووسـەرانی خـۆی مشـووری تۆمارکردنی ڕووداوو بەسەرهاتەکان بن بۆ ئەوەی ببن بەسەرچاوە بۆ بەراورد کردنـی ئـەو ڕووداو بەسـەرهاتە تۆمـار کراوانـە لەگـەڵ ئـەوەی نووسـەری بێگانـە دەربارەی کـورد نوسـیویانە، بۆیـە زۆرجار دوژمنـی کـورد لـەو کەلێنـەوە دەرفەتیان هێنـاوەو ئـەو بۆشـاییەی لەقۆناغـەکانی مێـژووی کـوردا هـەبوە بەئارەزووی خۆیـان و دەستڕۆ بوو کاربەدەستانی حکومەتەکانی خۆیان زۆرجار مێژووی کوردیـان چەواشـەکردوەو بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت ڕووداوەکانیـان تۆمـار نەکردوەو گەیشتوەبەو ڕادەیەی هەندێ لەنووسەرانی بێگانە مێژووی کوردو ڕەگەزی کوردیان تێکەڵ کردوە بەئەفسانەو چیرۆکی جنۆکەو خێوو کەسیش نـەبوە لـەکاتی خۆیـدا وەرامـی ئـەوکارە ناڕەوایـەو ئـەو درۆو دەلەسـانەیان بداتـەوە، بۆیـە ئـەرکی نووسـەرانو مێژوونووسـان و شـارەزایانی کـوردە بـەو هەموو سەرچـاوە گومـان لێکراوانـەدا بچنەوەو بژاریان بکـەن و بەشێوەیەکی زانیاریانـەو بەبەڵگـەی مێـژوویی کـە جێگـەی بـاوەڕبن ئـەو هـەموو درۆو

دەلەسانە پوچەڵ بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕاست لەدرۆ جیا بکرێتەوەو میللەتان بەباشی لەمێژووی کورد بگەن.

دەربارەی ئەم هەوڵو تەقەلادانە پێویستو پیرۆزە, ماوەیەکە بەتایبەتی لەشەڕی جهانیی یەکەم بەدواوە هەندێ لەشارەزایانو مێژوونووسانی کورد لەوانەی دڵیان بەمیلەتەکەیان سووتاوە ئەم ئەرکە پیرۆزەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیانو بەتایبەتی لە دوای ئاشکرابونی بەڵگە نەهێنەکانی ناو ئەرشیفی وڵاتان کە زۆربەیان ناوەڕۆکەکانیان لەکاتی ڕووداوو بەسەرهاتەکانا تۆمار کراون گەلێك بەرهەمی بەنرخ تۆمارکراوە, کەیەکێك لەوانە کتێبە بەنرخەکەی مامۆستای مێژوونووسی گەورەی کورد, مامۆستا ئەمین زەکی بەگە کە بۆیەکەم جارلە سەرەتایی ساڵی سییەکانا ئەوبەرهەمە بەنرخەی بەناوی(پوختەی مێژووی کوردو کوردستان) چاپکردوە بڵاوی کردۆتەوە بێگومان بێجگە لە ئەمین زەکی بەگ گەلێك مێژوونوسی تر توانیویانە هەتا ڕادەیەك گەلێك لەو کەلێنانەی لەمێژووی کوردا هەستی پێکرابوو پڕی بکەنەوەو لەم باسەدا هەوڵئەدەین, ئەوباسە گرنگو بەسوودەی ئەمین زەکی بەگ لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئەو کەمو کوڕییانەی لەشۆڕشەکانی کوردا بەدیی کردوە کە ئەو باسەی ئەو لەگەڵ ئەم باسەی ئەم بەشەدا یەك دەگرێتەوە, کورتەیەکی پێشکەشی خوێندەواران بکەین. بەرلەوەی بچینە سەر ئەو باسەی ئەمین زەکی بەگ, داوای لێبووردن ئەکەم لەو هەموو کەسانەی کە خۆیان بە ڕێبەرو بەسەرکردەی بزووتنەوەو ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی کورد زانیوەو دەیزانن کە لێرەدا بەو پەڕی بێلایەنێتیو دوورلە عاطفەو لایەنگرێتی ئەمو ئەو ئەم ڕەخنە ڕاستو ڕەوانە پێشکەش بە هەندێکیان بکەم کە پوختەی ئەو ڕەخنەیەم هەرلە

بۆچوونەکەی ئەمین زەکی بەگەوە وەرگرتوزە کەلەباسەکەیدا لەزۆر شوێندا داخ و خەفەتی دڵ و دەروونی خۆی هەڵڕشتوە بەرامبەر بەو نەشارەزایی و لێنەهاتوییەی هەندێ لە ڕێبەرانی کورد لەوانەی جڵەوی شۆڕشیان گرتۆتە دەست و هەموو جارێکیش هەوڵ و تەقەلاکانیان لەبەرناکامی و نەشارەزایی بێسوود بوە.

ڕەخنەش بریتیەلەوەی زۆربەی ئەوانەی ڕێبەرایەتی شۆڕشەکانیان کردوە مێژووی بەسەرهات و ڕووداوەکانی بەرلە خۆیان نەخوێندۆتەوەو ئەگەر هەندێکیشیان خوێندبێتەوە لێی تێ نەگەیشتون و ئەگەر تێشی گەیشتبن سوودو پەندیان لێ وەرنەگرتوەو بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە بەزنجیرە یەك لەدوای یەك هەڵە زەق و ئاشکراکانی خۆیان دووبارە کردۆتەوەو هەروەکو فۆتۆکۆپیی یەکتر هەمان هەڵەیان دووبارە کردۆتەوەو بەداخەوە زۆریشیان لەوانەنین بەرگەی هیچ ڕەخنەلێگرتنێك بگرن و ڕۆژێك لە ڕۆژان دانیان بەو کەمو کوڕییانەی خۆیانا نەناوە.

ئای لەو هەناسە ساردو قوڵەی هەڵم کێشا دوای خوێندنەوەی یەکێك لەو دوکیومنیتانەی وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی ئەو مۆرەیان ناوە بەسەر ناوچەوانی کوردا کە لەدۆکیومنیتی ژمارە(C.O.730-6-9700)ڕۆژی(٢٨)ی ئۆکتۆبەری(١٩٢١)لەناو دۆکیومیتەکانی ناو ئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی بریتانیادا(کەوا دیارە بەپێی مێژووی دوکیومینتەکە دەبێ مەبەستی کاتی ڕاپەڕینەکەی کوجگیری و درسیمی‌یەکە مە کەلەبەرگی دوهەمدا بەرلە شۆڕشی پیران باسمانکردوە)، ئابەم شێوەیەی خوارەوە لەو ڕۆژانەدا باسی کوردی کردوە:

((پێرسی کوکس-مندوبی سامی بریتانیا لە بغداد-میسوپۆتامیا-دژی ئەوەیە بەهیچ شێوەیەك یارمەتی کورد بدرێت چونکە لای وایە ئەو یارمەتیدانە هیچ سوودێکی نیەو زیانی بۆ بریتانیا دەبێت)).

لەهەمان دوکیومنیتدا باسێکی(BULLARD)ی تیادایەو وتوویەتی:

((کوردەکانی باکوور بەهیچ شێوەیەك لەناو خۆیانا یەکناگرنو شۆڕشو ڕاپەڕینەکانیان هەمووی پچڕ پچڕو لێك ترازاوەو هیچی بەسەر هیچەوە نیەو هیچ لایەکیان لەگەڵ لاکانی تردا هاوکاری ناکاتو ئەو شۆڕشانە جارێك لە بدلیسو دیاربکرو درسیمو جارێکی تر لەشوێنێکی تردا هەڵدەگیرسێت کە ئەو ڕاپەڕینەی دوایی کەلە(شرناخ)دا کرا نمونەیەکی ئاشکرایەو هیچ گومان لەوەدانیە شۆڕشی هیچ ناوچەیەك بەتەنها سەرناکەوێتو بەتەنها خۆی پێ ڕاناگیرێتو بەرگەی سوپای ڕێكوپێکی پڕ چەکی تورك ناگرێت بۆیە یارمەتیدانمان بۆ هیچ لایەکیان سوودی نیە)).

ئالێرەدا خەفەتی ئەو هەڵوێستەی کورد لەدڵو دەروونمدا زۆرتر پەنگ دەخواتەوە کەهەتا ئێستە نەیتوانیوە سوود لەو کەمو کووری یانەی خۆی وەربگرێتو تائێستە نەیتوانیوە ستراتیجیەتێك بۆ بزووتنەوەکانی لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا لەڕێگەی ڕێکخراوێکی لێهاتووەوە دەستنیشان بکات وەکو چۆن میللەتانی تر لەو قۆناغەی کوردا لەڕێگەی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی کوردستانیەوە ئەو ستراتیجیە دەستنیشان بکات بۆئەوەی ببێت بەڕێنمای شۆڕشگێڕانو سەرکردەکانی شۆڕشەکانو بۆئەوەی هەرلایە بەهەرەمەیی و بەلەیەکترازان لەیەکتر جارلەدوای جار شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی کورد لەبارنەبەن کە هەموو جارێك لەماڵ وێرانیو کاولبوونی کوردستان بەولاوە هیچ سوودێکی تریان نەبوە دەربارەی ئەو پەندو

نەسیحەت‌و دەرسانەی کە پێویستە لەبەسەرهات‌و ڕووداوەکانی کوردستان بەشـێوەیەکی گشـتی‌و لەڕاپـەڕین‌و شۆڕشـەکانی بـاکوور وەربگرێـت، مامۆسـتای مێژوونووسـی کـورد ئـەمین زەکـی بـەگ لەلاپـەڕە(٢٤٤)ی کتێبەکەیـدا بـەرگی یەکـەم سەرچاوە(٣٢) باسێکی دوورودرێـژو ووردی زۆر بەنرخی تۆمار کردوە کەلەڕاستیدا لەدوای خوێندنەوەی ئەوباسە چڕوپڕەی ئەمین زەکی فلیمێکی سینەمایی دێتەبەرچاوو لێرەدا باسەکەی ئەو وەکو خۆی چۆنی تۆمارکردوە پێشکەشی دەکەین.

ئەمین زەکی لەوباسەیدا بەقووڵایی مێژوودا چوەو لەدێر زەمانەوە باسی پەیوەندیی کوردو میللەتەکانی دراوسێی کردوە کە کورد چەند خزمەتی ئەو میللەتانـەی بـەخۆڕایی کـردوەو ئەنجامیشی بـەوە گەیشـتوە حکومەتـەکانی ئەو میللەتانە هەمیشە کوردستانیان کاولکردوەو کوردیـان چەوسـاندۆتەوە کەلەمەدا کورد خۆی تاوانباری سەرەکی بوە لەو ڕووداوانەی بەسەریا هاتوە هـەروەکو ئـەمین زەکـی بـەزنجیرە ئامـاژەی بـۆ زۆربـەی ئـەو بەسـەرهات‌و کارەسـاتانە کـردوەو داوای لـەکورد کـردوە دەرس‌و پەنـدیان لێوەربگـرن بـۆ ئەوەی لەوە زیاتر تووشی ماڵ کاولی‌و ماف خوراوی نـەبن کە باسـەکەی بـەم شێوەیە دەست پێکردوە:

((بەشـێوەیەکی گشـتی دەتـوانین بلـێین ئـەو هـەموو شـۆڕش‌و بزوتنەوانـەی کـە کـراون لەشۆڕشـەکەی کـوڕی(جانصـۆلاد–جـانبلاط– کـەمانای لەشـی پـۆلایین دەگرێتـەوە)کـە لەبنەماڵـەی(ئـەمیر حسـن)بـوە کەسـاتی خۆی‌بگلربـەگی(حلـب)بـوە کەلەلایـەن حکومـەتی عوسمانیـەوە دامـەزرابوو، بـەڵام لەدواییـدا کـوڕی جـانپولاد لەحکومـەتی عوسمـانی هەڵگەڕایـەوەو لەسـاڵی (١٠١٦)ی کۆچـیدا بەرامبـەر سـاڵی (١٦٠٧)ی

زایین شەڕێکی گەورە لەنێوان ئەو و حکومەتی عوسمانیدا ڕوویداو لەدواییدا جانبولاد ناچاربوو خۆی بگەیەنێتە ئەستمبوڵ و داوای لێخۆشبوونی لێ بکات و سوڵتان لێی خۆشبوو کردی بگلربەگی (تمشوار)کە یەکێك بوو لەناوچەکانی وڵاتانی نەمسا(کەدیارە ئەوکاتە لەلایەن عوسمانیەکانەوە داگیر کرابوو)، بەڵام(مرادپاشا)ی خوێنڕێژ ئەمەی بەدڵ نەبوو بۆیە جانبولادی کوشت لەکاتێکدا کە خەریك بوو بچێت بۆ ئەو ویلایەتە.

ئەمین زەکی لەلاپەڕە(٢٤٥)دا وتوویەتی ئەگەرچی (میر علی)ی کوڕی جانبولادیش لەدوای یاخی بوونی لەحکومەتی عوسمانی لەماوەیەکی کەمدا توانیبووی حکومەتێکی بەهێز دروست بکات بەڵام حسابی ئەوەی نەکردبوو لەئەنجامدا بەرگەی هێزەکانی حکومەتی عوسمانی ناگرێت و ئەوەبوو(قۆیوجی مراد پاشا)بە هێزێکی چل هەزارکەسی‌یەوە کە هەرلەکورد دروستکرابوو پەلاماری داو حکومەتەکەی هەڵوەشانەوە ئەمین زەکی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕواو دەڵێت:

ئەو ڕاپەڕینەی(میر علی)ی کوڕی جانپۆڵادو ئەوەی ئەمیر خانی برادۆست و تەیموور پاشای میللی و کوڕەزاکانی و شۆڕشەکەی ئیبراهیم پاشای میللی هەمووی بۆ یەك مەبەست بوەو دەربارەی ئەمە ئەوباسەی(میجر-میلنگ)نوسیویتی ئەم بۆچونەی ئێمە (ئەمین زەکی) پەسەند ئەکات میللەتی کورد لەزەمانی کۆنەوە توانیویەتی بوونی نەتەوایەتیی خۆی و ڕەوشت و خووی خۆی بپارێزێت لەگەڵ ئەو هەموو ڕوەداوانەی بەسەریا هاتبوو کەلەو ڕوەوە میلنگن وتوویەتی:

((ئەو ڕووداوانەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەکوردستانا ڕوویدابوو دەری ئەخەن کە هەستێکی نەتەوایەتی تەواوو ڕەسەنی ئاشکرا هەبوە لەناو کوردەکانا هەر لەبزوتنەوەکانی محمد پاشای ڕەواندزیو ئەحمەد پاشای بابانو بدرخان بەگو من خۆم(میلنگن)چاوم بە ئەحمەد پاشای بابانو ڕسول پاشای ڕەواندزیو گەلێك لەسەرۆکەکانی تری کورد کەوتوەو لەگەڵ هەموویانا لەو ڕووەوە گفتوگۆمانکردوەو لەهەمویا بۆم دەرکەوتوە هەستی نەتەوایەتیو سەربەخۆیی لەناو کوردا خامۆش نەبۆتەوە-هەروەکو میلنگن لەلاپەڕە(٢١٦)ی کتێبەکەیدا بەناوی-ژیانێکی سەرەتایی لەناو کوردا)باسی کردوە.

ئەمین زەکی دەڵێت:بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ڕاپەڕینانەدا ئەبێ ئەوە بخەینە بەرچاومان کە هەموویان بریتی بوون لەتەقەلادانێکی ناتەواوو لەکاتی خۆیداو لەکاتی پێویستدا دەستی پێ نەکراوە, چەنکە لەڕاستیدا کورد لەوکاتەنەدا خۆی بۆسەرگرتنی مەبەستێکی وا گرنگ ئامادە نەکردوەو ئەبێ ئەوەش بزانرێت کە ڕادەی پێشکەوتنی زانیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو چالاکیەکانی تری ناو ژیانی کۆمەڵایەتی دەتوانێت دەستنیشانی ئەوە بکەنو بڕیاربدەن چکاتێك باشە بۆ ئەومەبەستەو لەچ کاتێکدا بەباشی سەردەگرێتو هەرتەقەلایەك بەرلەوەی ئەم مەرجانە پێبگەن لەزیان گەیاندن بەولاوە هیچ سوودو بەرهەمێکی نابێتو بەڵگەش بۆئەمە بریتیە لەسەرەنجامی ئەو هەموو شۆڕششو بزوتنەوەو ڕاپەڕینانەی کوردە لەسەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویداوە لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٢٧)(مەبەستی شۆڕشی ئاگریداغە).

لەگەڵ ئەوانەی دوای ئەویش کە جاروبار لەهەندێ ناوچەدا بەکۆمەڵ یالەلایەن تاکە کەسەوە ڕووئەدات بێجگە لەمە, دەبێ ئەوەش لەبیر نەچێت کەلەناو هۆکانی سەرنەگرتنی شۆڕشەکاندا هۆیەکی زۆر گرنگ هەیە کەبریتیە لەو ناکۆکی و ڕقەبەرایەتیەی لەناو ئەمارەتەکانی کوردا هەبوە کە هەریەکەیان بەخیلی بەوی تر بردوەو چاوی بەرایی نەهێناوە کاروباری لاکەی تر باشتربێت لەوەی لای خۆی.

بەکورتی, دان بەوەدا بنرێت هۆی سەرنەکەوتن بەهۆی ناوخۆوە زۆرکاریگەرتربوە لەهۆی دەستێوەردانی بێگانەو ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوانەی بەوشۆڕشانە هەڵساون ئەوەندە کارامەو لێهاتوو نەبون کە بتوانن و بزانن چ حسابێك بۆ بارودۆخ و هەڵوێست و باری سیاسەتی دەوروپشتی خۆیان بکەن.

ئەوڕحمان پاشای بابان لەشەڕی دەربەندی بازیان زۆر خراپ شکا لەئەنجامی خیانەتی خالد پاشای برایدا کەلەو شەڕەدا بووبەلایەنگری والیی بغدادو ژمارەیەکی زۆری لە هێزەکەی ئەوڕحمان پاشای برای جیاکردەوەو دایە پاڵ هێزەکەی والیی بغداد کەلەئەنجامیا ئەوڕحمانپاشا شکاو وڵاتەکەی تووشی کارەسات و ماڵ کاولی بوو.

ئەم کارەساتە جەرگبڕە ناخۆشانە سێجاری تر ڕوویانداوە:

١- لەساڵی(١٢٢٠هـ-١٨٠٥زایین)دا لەکاتی ویلایەتی علی پاشادا.

٢- لەساڵی(١٢٢٣هـ-١٨٠٨زایین)دا لەکاتی سلێمان پاشای(اللاظ)دا.

٣- لەساڵی(١٢٢٧هـ-١٨١٢زایین)لەکاتی عبدالله پاشادا.

کەئەو سێ‌کەسە هەریەکەیان لەکاتی خۆیدا والیی بغداد بون‌و هەرسێ ڕووداوەکەش هەرلە دەربندی بازیاندا ڕوویاندابوو, جارێکیش لەنزیك(کفری)ڕوویدا.

ئەمین زەکی دەربارەی هۆی لەناوچوونی ئەمارەتەکەی محمد پاشا لەڕواندز وتوویەتی:

هۆی لەناوچوونی ئەو ئەمارەتە بریتیی بوە لەمانە:

١- لایەنگریتیەکی کوێرانەی بێ حساب‌و پشت بەستن بەبۆچوونی هەندێ لە عالمە ئاینیەکان کە شارەزای کاروباری سیاسی نەبوون.

٢- ڕێك نەکەوتن لەگەڵ ئەمارەتەکانی دراوسێدا بەنیازی هاوکاریکردن‌و یەکخستنی توانای هەموویان.

٣- بەخیلی‌و بین برکێ‌یەکی سەخت لەنێوان ئەمیرەکانی ئەمارەتەکانی بابان‌و بادینان‌و عزیزان لە جزیرە.

ئەمین زەکی لەلاپەڕە(٢٤٦)دا وتوویەتی:

ئەگەر محمد پاشا بەوڕادەیە لەخۆی بایی نەبوایەو ئەمیرەکانی ئەمارەتەکانی دراوسێی لەخۆبایی نەبونایەو بین برکێ یەکی خۆ کوژانەیان لەگەڵ یەکتریدا نەکردایەو ڕق‌وقین‌و ناکۆکیی نێوان خۆیانیان بخستایەتەلاوەو بیرو بۆچوونی هەموویان یەکی بگرتایەو سەرکردایەتیەکی لێهاتووی یەکگرتوویان هەبوایە حکومەتی عوسمانی‌وا بەئاسانی نەیدەتوانی بەسەر بزوتنەوەکانی کوردا زاڵ بوایە.

بەڵێ, دوورنیە هەندێ لایان سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت, بەڵام لەبەر ناکۆکی‌و ناڕێکی‌و دووبەرەکی نێوانیان ئەنجامی ئەوسەرکەوتنەش هەرپووچەڵ بۆتەوەو یەك لەدوای یەك لەناوچوون.

ئەبێ سەیری ئەوەش بکەین کە ئیسماعیل پاشای بادینانی ئەوەندە دوژمنایەتیی خۆی بەرامبەر محمد پاشای ڕواندزی توندوتیژو بەتین نەکردایە لەکاتێکدا کە حکومەتی عوسمانی ئەمارەتەکەی سۆرانی محمد پاشای دەرووخان و لەناوی ئەبردو ئیسماعیل پاشا بەو لەناوچوونەی ئەمارەتی سۆران دڵی خۆش نەبوایە عوسمانیەکان بەئاسانی ئەمارەتەکانی تری دراوسێشی بەوشێوەیە نەدەڕووخان و ئەوی عمادییەشی وەکو ئەمارەتەکەی ڕواندز نەدەڕوخان و ئەمیرەکەی بەزنجیر کراوی نەدەنارد بۆ بغداد. ئەمارەتەکەی ئەحمەد پاشای بابانیش سەربەخۆییەکەی هەروەکو هی ئەمارەتەکانی تری کورد تیاچوو کە بێگومان ئەوڕق و قینەی لەلایەن عبدالله پاشای برایەوەو لەلایەن محمود پاشای مامیەوە دژی ئەحمەد پاشا هەیانبوو نەدوبوە هۆی ڕووخاندنی ئەمارەتەکەی بابان.

ئەمین زەکی لەسەری ئەڕواو دەفەرموێت:

ئەگەر بەووردی بچینە بنج و بناوانی هۆی سەرنەکەوتن و سەرنەگرتنی شۆڕشەکەی بدرخان بەگ بۆمان دەردەکەوێت هۆی لەناو چوونەکە بەهۆی ناوخۆوەبوە نەك بەهۆی دەرەوەو یەکێکی وەکو عزالدین شێر(مەبەستی ئەمین زەکی یزدان شێری برازای بدرخان بەگە) گەورەترین خیانەتی کرد بەرامبەر بەنیشتمانەکەی خۆی و لەکاتی تووڕەبوون هەڵچوونیا لایدایە لای دوژمنی جارانیکە (عوسمان پاشا)ی عوسمانی بوو, وەلەگەڵیاڕێك نەدەکەوت دژی خزمەکەی خۆی و ئەو ئەمارەتە سەربەخۆیەی کورد وابەئاسانی لەناو نەدەچوو, هەرچەند عزالدین شێر لەدواییدا ناچاربوو ئەویش دژی حکومەتی عوسمانی ڕاپەڕێت, بەڵام تازە کارلەکارترازابوو ئەو ڕاپەڕینەی دژی عوسمانی بەکەڵکی نەهات چونکە تورکەکان وەکو چۆن

ئەمارەتەکـــەی بـــدرخانیان لـــەناوبردبوو بەهـــەمان شـــێوە خۆشـــیان لەناوبرد(لەبەرگی یەکەمدا, لەباسی شۆڕشەکەی بدرخان پاشادا بەباشی ئەو هەڵوێستەی یزدان شێری برازای کراوەو لەهەمان بەرگدا باسی چۆنێتی لەناوبردنی یزدان شێریش بەدوورودرێژی کراوە).

ئـەمین زەکـی لەباسـەکەیدا داخـی دڵـی خـۆی دەربڕیـوە بەرامبـەر لـەناو چوونی ئەمارەتی کوردییەکان یەك لەدوای یەك و دەڵێت:

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێت دەوڵەتی عوسمانی لەئەنجامی ئـەو هـەموو ناڕێکی و دووبـەرەکی و یەکنەگرتنـەی کوردو دوژمنایەتی یـان لـەناوخۆیانا بەرامبـەر بەیـەك بووبـەهۆی ئـەوەی هەربـە چـەکدارو سـەربازەکانی کـورد ئەمارەتـە کوردییـەکان لـەناو ببـات و ئـەمارەتی(بـدلیس)یـش لەناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەهەمـدا بـەهۆی نـاکۆکی و دووبـەرەکی وقـین و ڕقـی یـەك بەرامبەربەیەك ئەم ئەمارەتەش وەکو ئەوانی‌تر لەناوببات و(شرف بگ)کە دوا ئەمیری ئەم ئەمارەتەبوە هەرچەند بۆماوەیەك توانی ئەمارەتەکەی بپارێزێت بەڵام بەهۆی ناکۆکی و چەند بەرەکی و ناڕێکیی نێوان کوردەکان و کێشـەی نێـوان عەشـیرەتەکان نـەیتوانی خـۆی بگـرێ و هیچـی پـێ نـەکراو کاربـەوە گەیشـت کـەکورد خـۆی یارمـەتی تـورکی‌دا ئەمارەتەکـە لـەناو بچـێت کەلەساڵی(١٢٦٠)کۆچی بەرامبەر بەساڵی(١٨٤٩)زایین لەناو چوو.

بـەکورتی:بۆمـان دەردەکـەوێ هـەموو بزووتنـەوەکانی کـورد بۆدەسـتگیر بـوونی سـەربەخۆیی بەخـەبات و بـەپێی بیروبۆچـوونی تاکـە کـەس و بەبێ‌لایـەنگرێتی و هاوکـاریکردنی هاوڵاتیـان هیچـیان سـەرنەکەوتن و بەخیلی و حەسادەت کارێکی کوشندەو کاریگەر بوە لەو سەرنەکەوتنانەدا. یەکێکی وەکو(میجرسۆن)لەوڕووەوە زۆر باش بۆی چوە کەوتوویەتی:

((کورد هەمیشە ئازاو چاونەترس بوەو کۆڵنەدەربوەو ئامادەنەبوە لەژێر دەستی بێگانە دا بیٚو بەهیچ جۆرێك سەری بۆکەس دانەواندوەو تەنها لەشەڕەکانی ناوخۆیدا شکاوە کە لەئەنجامدا نەمەبوە بەهۆی ئەوەی دوژمنەکانی بەسەریا زاڵ بن‌و سەریکەون)).

ئەمین زەکی لەلاپەرە(٢٤٨)دا فەرموویەتی:

بەڕاستی مێژوو ئاوێنەیەکی بالأنمایەو پێویستە دەرس‌و پەندو ئامۆژگاری لێوە وەربگرین‌و زۆر بەووردی لێی بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێت‌و نەکەوێتە ژێر باری هەمان هەڵەو نارێکیەکانی پێشوو کەبوە بەسەرگەردانی‌و ماڵ وێرانی کە هۆی سەرەکیی ئەو سەرگەردانی‌و ماڵ وێرانیە دەگەرێتەوە بۆ بلأوبوونەوەی دەردی نەخوێندەواری لەناو هاولأتیانی کوردو سەرۆك‌و سەرکردەو میرو کاربەدەستانی کورد کەشارەزا نەبوون کە بەداخەوە ئێستەش هەربەو شێوەیە.

ئەبێ باش بزانرێت دروستبوونی دەزگایەکی سەربەخۆ بەتایبەتی لەم سەدەیەدا پێویستی بەبوونی دووشت هەیە: پێنووس‌و پارە... هەرمیللەتێك لەو دووشتە بیٚبەش بێت هیچ بەتەمای ئەوە نەبێت جۆرە سەرکەوتنێك بەدەس بێنێت‌و لەهیچ کاروبارێکی سیاسیدا سەرناکەوێت‌و هەربزوتنەوەیەك بناغەکەی لەسەربوونی ئەم دووشتە پێك نەهاتبێت لەماڵوێرانی‌و سەرگەردانیی میللەت بەولاوە هیچی تری لێ نایەتە بەرهەم تەنها مەگەر ڕێکەوت‌و بارودۆخ‌و هەڵوێستی سیاسی دەوڵەتان ببێتەهۆی یارمەتیدانی بۆ گەیشتن بەوئامانج‌و مەبەستە کەلەمەشدا هێشتا میللەت بەباشی ناگاتە مەبەستەکانی چونکە لەم

کاتەشدا هەرپابەستی جۆرە وابەستەییەکی بێگانە دەبێت کەنموونەی ئەمە لەزۆرکاتدا بینراوە.

(لێرەدا ئەمین زەکی وەکو ئەحمەدی خانی بۆی نەچوە کەوتوویەتی شیرۆپێنوس‌و لام وایە ئەمین زەکی حسابی ئەوەی کردوە ئەو میللەتەی خاوەنی زاناو ڕۆشنبیرو سیاسەتمەداری لێوەشاوەبێت‌و پارەداربێت دەتوانێت بەپارە لەهەرکاتێکدا بیەوێ چەك پەیدا دەکات).

ئەمین زەکی لەلاپەڕە(٢٤٩)ی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردوە چۆن هەمیشە بێگانەکان کوردیان بەکارهێناوە بۆ سوودی خۆیان‌و کورد تەنها هەر خزمەتی حکام‌و مەلیکە بە انصافەکانی نەکردوە لەوانەی کاروباری کوردستانیان گرتۆتە دەست‌و بەڕێوەیان بردوە(مەبەستی هی خۆمانەبوە)، بەڵکو هی ئەو میللەتانەشی کردوە کە دەستەڵاتیان هەبوە بەسەر کوردستانا، لەوانەی مافە ڕەواکانی کوردیان خستۆتە پێش چاوو بەشێوەیەکی بەویژدانانە لەگەڵ کوردا ڕەفتاریانکردوەو ئەو میللەتانە خۆشیان سوودێکی زۆریان لە کارگوزارێتی کوردو لەئازایەتی‌و پاکی وپاڵەوانێتی کورد دەسگیر بوەو لاپەڕەکانی مێژوو شایەتی ئەوەن کەئەوەی بەپێچەوانەی ئەمە لەگەڵ کوردا ڕەفتاری کردبێت‌و بەشێوەیەکی ستەمگەرانە لەگەڵ کوردا جووڵابنەوەو لەمافی خۆیان بێبەش کردوە هەمیشە لەتەقەلاکانیان سەرنەکەوتون‌و تووشی کارەسات‌و زیانێکی زۆر بوون. بۆنموونە:حاکم‌و پادشاکانی ئاشووری کە بەوپەڕی دڵڕەقی‌و خۆبەزل زانین‌وبێبەزەییانە ڕەفتاریان لەگەڵ کوردا کردوە. هەرلەسەرەتای دروستبوونی حکومەتەکەیانەوە هەتا کاتی لەناو چوونی، زیانێکی زۆروماڵوێرانیەکی بێشوماریان بەکوردو کوردوستان

گەیاندوەو لەئەنجامی ئەوڕەفتارو هەڵوێستە یانا تووشی زیانێکی کوشندە بوون و زۆر جار تێك شکاون بێجگە لەوەی ئاشوورییەکان، کوردستان ماوەیەك بوو بە گۆڕەپانی ئەو شەڕانەی لەنێوان حکومەتەکانی(السبرث-اشفان-اشکان) و ساسانیەکان و ڕۆمانانەکاناکرابوو، لەو شەڕانەدا کورد هۆی هەرە گەورەو چالاکترین بەشداربوانی شەڕەکەبوەو هەرکوردیش بوە زۆربەی سوپای ئێرانی لێ پێك هاتبوو، کورد هەربەو شێوەیە مایەوە هەتا کاتی هاتنی ئیسلامەکان بۆناوچەکە، هەرچەند لەسەرەتادا بەربەرەکانیی ئەوانیشیانکرد بەشێوەیەکی زۆر سەخت، بەلاّم لەدواییدا کورد خۆی گۆشەگیر نەکرد، و هاوکارییەکی گەرمی کرد لەکاتی دامەزراندنی خلافتی عباسیداو چەسپاندنی دەسەلاّتی ئەو خلافەتە لەناوچەکاندا کە نموونەی ئەمە لە ابا موسلمی خوراسانیدا دەردەکەوێت.

ئەمین زەکی لێرە دا ئاماژەی بۆ کتێبەکەی بلەچ شیرکۆ کردوەکە وتوویەتی باوکی ابا موسلمی خوراسانی کورد بوەو بەڵگەش بۆ کوردایەتیی باوکی ابا مسلم بریتیە لەو شعرەی(ابی دلامە) کەدەربارەی ابا مسلمی خوراسانی وتوویەتی:

ابا مجرم ماغیر الله نعمە علی عبدە حتی یغیرها العبد
اڤی دولە المنصور حاولت غدرە الا ان اهل الغدر اباؤك الکرد

(سەیرئەوەیە نووسەرانی عەرەب زۆربەیان بەرپەرچی ئەوە ئەدەنەوە، کە ابا مسلمی خوراسانی کورد بووبێت چونکە لایان وانیە کورد شتی،

وای تیا هەڵکەوتبێت‌و وەکو مێژووی صلاح الدینی ئەیوبی یان نەخوێندبێتەوە, بەڵام هەرکاتێك ویستبێتان کوردو ناوی کورد بزرێنن یەکێکی وەکو ابا موسلمی خوراسانیان بەتاوانبار لەقەڵەم داوەو لەرێگەی ئەوەوە هێرشیان بردۆتە سەر کوردو ناویان زڕاندوە, مەگەر شاعیرێکی بەویژدانی وەکو(نعیم بسیو)دانی‌بەم ڕاستیەدا نابێ کە وتوویەتی:

کم اکره من علمني
الدرس الاول من التاريخ
كرد ياكان صلاح الدين
وانتصر واصبح عربيا
ماذا لو هزم صلاح الدين
لاصبح جاسوسا كرديا

ئەمین زەکی بێجگە لە (ابا مەسلمی خوراسانی) ئاماژەی بۆ ئەوەکردوە کە ساتێك(ابو جعفر المنصور) بەرلەوەی ببێت بە خلیفە والیی کوردستان‌و ئازربایجان بوەو ئەگەر یارمەتی‌و هاوکاری کردنی کوردی لەگەڵا نەبوایە نەیدەتوانی هێرشی, ڕۆمانەکان بەربەست بکات‌و ئەگەر(ملکشا)ی سلچوقی بەهاوکاریکردن‌و یارمەتیدانی کورد نەبوایە نەیدەتوانی(قاورت)لاتەمێ بکات‌و(سلطان مودود)یش بەبێ یارمەتیدانی کورد نەیدەتوانی موصڵ داگیر بکات‌و (محمدی کوڕی ملکشا)یش بەبێ کورد نەیدەتوانی(شام)داگیر بکات.

پوختــەو کورتــەی ئــەم باســە ئــەوە ڕوون دەکەنــەوە کــە دانیشــتوانی کوردســتان گــەورەترین خزمــەتی خەلافــەتی ئیســلامیان کــردوەو لــەپێناویا سەروماڵو گیانی خۆیان فیدا کردوە. ئایا(الباز ابو شجاع الکردی)نەبوو کە خلیفــەی بغــدادی پاراســتو خلافەتەکــەی چەســپاندو بــەهێزی کــرد دژی(ال بویە)؟ هەروەها ئەوی لێشاوی هێرش بەرانی ڕاوەستان دژی ئیسلام لەولاتە ئیسلامیەکانا کوردو عەشایرەکانی کورد بوو کە بەهۆی ئازایەتیو وریایی کاربەدەستانی حکومەتی(مروانی)کوردەوە هێرشی داگیرکەران وەستێنرانو کوردەکــانی عەشــایری(حمیدیــە)ی بــەناوبانگ تووشــی زەرەرو زیــانێکی زۆر گــەورەبوون لەئــەنجامی ئــەوەی خۆیــان تــەرخانکردبوو بــۆ پاراســتنی خلیفە(المسترشد باللە)ی عباسی دژی هێرشو پەلامارەکانی (عمادالدین)ی زەنکیی ماڵ وێرانکەر.

بێجگــە لەمانــە, کــورد ئەوپــەڕی خزمــەتی پێشکەشــکردوە بــۆ (ســلطان سلیم)ی عوســمانیو بــەو پــەڕی پاکیو دڵسۆزییەوە شــەڕی بــۆ کــردوە دژی حکومەتی ئێرانو ڕۆڵێکی زۆر گرنگــی هــەبوە لەســەرکەوتنی ئــەو سوڵتانەدا لەشــەڕی(چــالدیران)دا(مەبەســتی ئــەو شــەڕەیە کەلــەنێوان عوســمــانیو صفوییەکانا لەچالدیران ڕوویدا بوو), هەروەها بەپێچەوانەی ئەوە, ئەوانەی دوای شا ئیسماعیلی صفوی کاروباری ئێرانیان گرتبوە دەست سوودێکی زۆریان لە کوردەکانی(موکریان) وەرگرتبوو, شا عباس کەلەساڵی(١٠٥٤هـ)دا بەرامبەر(١٦٤٤ی زایین) ســاتێك کاروبــاری ســوپای ڕێکخســت ژمارەیــەکی زۆری لەکوردەکان خستە ناو سوپاکەی خۆیەوە.

بەلام سەیر ئەوەیە کاربەدەستانی عوسمانی هەربەهۆی کوردو لەڕێگەی کوردەوە بوەتوانیبوویان بەئاسانی ئەمارەتەکانی کورد لەناو ببەن!!

بەوجۆرە، مێژووی ئێران و عوسمانی پڕن لەو نموونانەی کە بێگانەکان سوودیان لە کورد وەرگرتوەو ئەوانەی ئەو چاکەیەی کوردیان لەبەرچاو نەبوە زیانێکی زۆریان بەخۆیان گەیاندوە.

ڕووسەکان لەشەڕی ساڵی(١٢١٩)کۆچی بەرامبەر بە(١٨٠٤-١٨٠٥)ی زایین پێوەندیان بەکوردەوە کردو لەو شەڕانەی نێوانی تورك و ڕوسدا لەساڵانی(١٢٤٤)ی کۆچی بەرامبەر(١٨٢٨)ی زایین، و(١٢٩٤)ی کۆچی بەرامبەر بە(١٨٧٧) زاین و (١٢٩٥)کۆچی بەرامبەر بە(١٨٧٨)ی زاییندا ڕوویدا کورد لەوشەڕانەدا تووشی زیان و ماڵوێرانیەکی ئێجگار زۆر بوو، ئەو هاتنەپێشەوەی ڕووس بوو بەهۆی ئەوەی شارەزایی دەربارەی کورد پەیدا بکەن و ساتێك ڕووسەکان لە ئازایەتی و بەتوانایی کورد گەیشتین ئەویش توانی سوودێکی زۆر لە کورد وەربگرێت و لەساڵی(١٢٤٥)یکۆچی بەرامبەر بەساڵی(١٨٢٩)ی زایین هێزێکی تەواویان لەکوردەکان پێکهێنا و هانیان دان بۆ ئەوەی هەندێ لە عەشایرەکانی کورد بچن بۆ قفقاس و لەدوای شەڕی (قرم) لەساڵانی(١٢٦٩)تا(١٢٧٥)یکۆچی بەرامبەر(١٨٥٣-١٨٥٨)یزایین ڕووسەکان دووهێزی تریان لە کوردەکان پێکهێنا.

حکومەتی عوسمانیش هەتا کۆتایی سەدەی دوازدەهەم سودیان تەنها لە هێزی عەشایرەکانی کورد وەرگرت بەلاّم لەدوای ئەوەی عوسمانیەکان شەرەزاییان پەیداکرد لە ڕێکخستنی هێزی سوپاو لەشکرکێشیدا، ئیتر ئەمانیش هەروەکو ڕووسەکان دەستیانکرد بەوەی هێزی تایبەتی لەکوردەکان ڕێکبخەن، بەتایبەتی لەدوای شەڕی (١٢٩٤)ی کۆچی-(١٨٧٧)ی زایین،وشەڕی ساڵی(١٢٩٥)ی کۆچی بەرامبەر

بەساڵی(١٨٧٨)ی زایین کەلەوکاتانەدا ئاسایش لەکوردستاندا تێکچوبوو لەئەنجامی لاواز بوونی حکومەتی مرکزی‌یەوەو لەپەیمانی(برلین)دا لەمادە(٦١)یدا بڕیاری ئەوە درابوو کە پێویستە دەسبەجێ باشکردن‌و گۆڕانکاری بکات لەناو وولاتدا بەبیانووی پاراستنی ژیانی ئەرمەنیەکان لەهێرشی کوردو چرکسەکان.

بەلام حکومەتی عوسمانی بڕیارەکەی پەیمانی برلین والێکدایەوە کەتەنها بۆ سوودی ئەرمەنیەکان ئەو بڕیارە دەرچوبوو، بەپێچەوانەوە زیانێکی زۆری دەگەیاند بەدەوڵەتی عوسمانی بۆیە ئەو بڕیارەی پشتگوێ خست، لەئەنجامیا ئەرمەنیەکان دووبارە دژی تورك ڕاپەڕین‌و کۆمەلانی ئەرمەنی لەلندن‌و ڕوسیاو سویسرە دەستیانکرد بەچالاکیی مادی‌و ئەدەبی‌و ئالۆزی کەوتە نێوان ئەرمەنی‌و کوردە وەو ئەو ئاشتی‌و برایەتیەی لە نێوانیانا هەبوو هەمووی تێکچوو، ڕق‌و قین پەرەی سەندو ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنیەکان پەنایان بردەبەر دەسڕۆیوە بەهێزەکانی کورد بۆ ئەوەی بیان پارێزن.

پاش ئەوە لەزەمانی سوڵتان عبدالحمیدی دووهەمدا لەساڵی(١٣٠٢)ی‌کۆچی بەرامبەر(١٨٨٥)ی زایین هێزی ئێسترسوار لەکوردەکان دروستکرا(مەبەستی سوارەی حمیدیە)لە وێنەی(قۆزاق)ەکانی ڕوس بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو ئێستر سۆرانەوە بتوانێت ئاسایش لەناو کوردستانا بپارێزێت کەنەخشەکێشی ئەو هێزی ئێستر سوارە(موشیر شاکر پاشا)بوو.

عوسمانیەکان ویستیان بەهۆی ئەوەوە دۆستایەتی‌و لایەنگرێتی، عەشایەرەکانی کورد بۆ خۆیان موسوەگەر بکەن‌و ئیبراهیم پاشای سەرۆکی،

عەشایری میللی کە کوڕەزای تەیموور پاشا بوو هەموو عەشیرەتەکەی خۆی خستەناو ئەو هێزەوە وعوسمانیەکان سوودیان لەو هێزە وەرگرت هەتا کاتی اعلانیچاکردنی دەستوور(مشروطیة) ئەوسا سوارەی حمیدیە ناوەکەی گۆڕراو کرایە (خفیف سواری ئالایلری).

پاش باسی ئەم هەموو بەسەرهاتو کوێرەوەریانە ئەمین زەکی چۆتە سەرباسی بارودۆخی کوردستانو باکووری کوردستانو سەرەتای شۆڕشی پیران لەسالّی(١٩٢٥)داو داخو خەفەتی خۆی هەڵڕشتوە بەرامبەر بەوناکۆکیو ناتەباییەی لەناو کوردا هەبوەو چەن جار لەدوای جار لە زیانو مالّ کاولی بەو لاوە هیچ شۆڕشێکیان سوودێکی دەستگیر نەبوە لەگەلّ ئەو هەموو لەخۆ بوردنو فیداکاری یانەی پێشکەش کرابونو لەو ڕوەوە فەرموویەتی:

لەکاتێکدا کە کۆمەڵی گەلان(عصبەالامم)باسی کێشەی موصلّی دەکرد شۆڕشێکی گەورەی کورد لەناوچەی(خربوط-دیاربکر) ڕوویدا بەسەرۆکایەتی شێخ سعیدی پیران لەسالّی(١٤٤٣)یکۆچی بەرامبەر بە(١٩٢٥)ی زایینو هێشتا کاتی ئەوە نەهاتوە پیاو بتوانێت حوکمێکی عادلانەی پاك بدا دەربارەی ئەو شۆڕشەو شۆڕشەکانی تر چونکە هێشتا هۆی ڕوودانی ئەو شەڕانە بەتەواوەتی نەزانراوە(مەبەستی ئەمین زەکی تاکاتی سالّی(١٩٣١)بوە لەکتێبەکەی مێژووی کوردو کوردستانی تیادا تەواو کردوەو بلاّوی کردۆتەوە, بێگومان تا ئەو کاتەی ئەو ئامـاژەی بۆکردوە, هەرچەندە ئەمین زەکی بەگ ئەفسەرێکی شارەزاو لێهاتوو بوە لەناو سوپای عوسممانیداو لاشم وایە ئاگاداری جەورو ستەمی تورکە کمالیەکان بوە کەچۆن بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە ویستبویان کورد لەناو ببەنو

ئەوی بمایە ئەوەلەناو بۆتەی توركدا بیانتوێنێتەوە, بەلأم هێشتا ئەو سەرچاوانەی دەربارەی ئەو شۆڕشانەو ئەو ڕاپەڕینانە دواون هێشتا تائەوسا بلأو نەكرابوونەوە, بەتایبەتی ڕەنگە, ئەوسا دكیومنیتەكانی ئەرشیفی ولأتانی وەكو بریتانیاو ڕوسیاو سۆڤێت شاراوەبون و كاتێك دەرقەتی بلأوكردنەوەیان هات ئەوسا بەباشی زانرا چ كارەسات و بەسەرهاتێك بەسەر كوردا هاتبوو)

ئەمین زەكی لەسەر باسەكەی ئەڕواو دەڵێت:

هەرچۆنێك بێت ئەو شۆڕشانە ئەنجامەكانی زۆر كاریگەرو زیان بەخش و دڵتەزێن بون و ویژدانی مرۆڤ خۆی پێناگیرێت و ناتوانێت بێدەنگ بێت بەرامبەر بە ئەنجامەكانیان و جێگەی داخ و نیگەرانیە ئەو هەموو كارەسات و ماڵ كاولیەی ڕویدابوو نەتوانرابوو بەشێوەیەكی ئاشتی و برایانە چارەسەر بكرێن وەكو چۆن جاران پەیوەندییەكی تاڕادەیەك دۆستایەتی و خۆشەویستی هەبوو كە بێگومان هۆی سەرنەگرتنی ئەوە ئەكەوێتە ئۆباڵی حكومەتی توركیا چونكە لەجیاتی ئەوەی پاداشی چاكەكانی ڕابردووی كوردی بدایەتەوەو دەبوایە تورك بەجۆرێك سەیری كوردی بكردایەو دانی بەمافی سروشتی ڕەوای كوردا بنایەو ڕێگەی بدایە بزوتنەوەیەكی زانیارییانەو شارستانییتی هەمولایەكی بگرتایەتەوەو دەبوایە توركەكان بیان زانیایە كەدانی ئەو مافە لەدەستەلأتداریێتی و حاكمیەتی حكومەتی توركی كەم نەدەكردەوە, بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەوەندەی تر حكومەتی توركیای پێ بەهێزترو بەسامانتر دەبوو, كوردیش بەچاوێكی ترەوە دەیڕوانیە ئەو حكومەتەی بێبەشی نەكردبوو لەمافی خۆی و ئەبوایە ئەوەی لەبیرنەچوایەتەوە كە كورد هەمیشە هۆیەكی گەورەبوە بۆ باری پێشكەوتنی

تورکیا و بۆ تێروتەسەلکردنی چ لەکاتی شەڕداو چ لەکاتی ئاشتیداو هەمیشە پاڵ پشتێکی بەهێز بوە بۆ تورك لەهەر کاتێکدا دەستدرێژی بکرایەتەسەر تورکیا.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕەفتارانەی تورك لەگەڵ کوردا کردی، دەری دەخات کەناتوانرێت هەتا سەر ڕێگە لەمیللەتان بگیرێت کە تەقەلای ئەوە بدات خواستو ئارەزوەکانی بۆ سەربەخۆیی و سەربەستی و ئازادی موسوەگەر بکاتو کاربەدەستانی حکومەتانو لێپرسراوەکانیان، بەتایبەتی ڕۆشنبیرەکانیان پێویستە حساب بۆ ئەوە بکەن-سەربەخۆیی و ئازادی مەبەستو ئامانجی هەموو لایەك بێت بەبێ ئەوەی لە ڕێبازی بەکارهێنانی عەقل دووریکەونەوەو بیر لەوە بکەنەوە کە هەتا کاتی خۆی نەیەت بیر لەوە نەکرێتەوە موجازەفە بکرێتو پێویستە بەر لەهەموو شتێك لەگەڵ هاو وڵاتیاندا بەشێوەیەکی گشتی و جەماوەری کاربکرێت لە ڕێگەی پێشکەوتنی بیروباوەڕو ئابوورییەوە بنەمایەکی بەهێزو پتەو سازبکەن بۆ گەیشتن بەو قۆناغەی کە دەتوانرێت شۆڕشی تیادا بەرپا بکرێتو دەبێ بزانرێ تەنها بەمانە دەتوانرێت میللەت بگات بە هیواو سەرگرتنی مەبەستەکانی.

ئەمین زەکی ئەڵێ: لەڕاستیدا لەم سەدەیەدا لەتوانادا نیە سەربەخۆیی دەسگیر ببێت ئەگەر برسێتیو نەخوێندەواری زاڵ بێت بەسەر کۆمەڵایەتی ئەو میللەتەداو بەپێچەوانەوە ئەو میللەتانەی دەبنە ئامێری گەمە پێکردنو دەبن بەداردەستی بێگانەو تەنها چاو دەبڕنە سوودی تایبەتی خۆیانو میللەتەکەیان بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی خۆیان بەکار دەهێنن لەماڵوێرانی و زیان بەولاوە هیچ ئەنجامێکی تری نابێت پێویستە دەستەڵاتدارانو کاربەدەستان وەکو باوکێك چۆن دەڕوانێتە منداڵەکانی بەوشێوەیەش

سەیری هاولاتیانی خۆی بکاتو ئەوی بەوجۆرە نەجولێتەوە هەرچەند بشتوانێت درێژە بەماوەی دەسەلاتداریتی خۆی بدات, بەلام لەئەنجامدا هەرسەرکەوتوو نابێنو ڕۆژێك دێ لەو بۆچوونو هەلویستەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەدا کە ئەوسا هەست بەوەدەکات چەند پێویستی بەلایەنگریتی جەماوەر دەبێت.

میژوو نووسی گەورەی کورد مامۆستا محمد امین زکی
(بەرگی یەکەمی کتێبەکەی میژووی کوردوکوردستان)

باسی سێهەم

هەڵویستی تورک بەرامبەر کوردو ئەویاسانەی حکومەت دژی کورد دەری کردبو

١- بـاروډۆخ لەناوچـەی کوردنشـینەکانی بـاکووری کوردسـتانداو هەڵویستی حکومەتی تورك لەدوای شۆڕشی درسیم:

حکومـەتی تورکیا کەلەسـەر بناغەیـەکی فاشسـتی پێکهاتبوو, لـەدوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی درسیمو لـەناوبردنی سـەرکردەکانیو ئاوارەکردنی کوردو تالأنکردنی موڵكو ماڵیان, ئیتر وەنـەبێ بەمانە کۆتاییان بـەرەفتارە درندەکانی خۆیـان هێنـا بێت, بـەڵکو ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ پتر لـەجاران هـەوڵی تواندنـەوەو لـەناوبردنی کوردیـان ئـەداو بۆسـەرگرتنی ئـەم مەبەسـتەیان بەشـێکی زۆری بۆجـەی سـالأنەیان لـەجیاتی ئـەوەی بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی وڵات تـەرخان بکـەن, چـەکێکی زۆریـان پێکڕیو ئەگەرچـی تـورك لەشـەڕی جیهانی دوهەمدا بەشداریی نەکردبوو, بەڵام دەی ویست سوپایەکی گـەورەو بەهێزو پڕچەکی هەمیشەیی هەبێت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا ئاواتـەکانی بهێنێتـەدی کـەبریتی بـوو لـە بوژانـەوەی بیری طـورانیزمو دەسـەلأتدارێتی

تورك بەسەر ئەو ناوچانەی دەکەوتنە نێوان تورکستان و تورکیاوەو لایان وابوو دەتوانن بەو سوپاو چەکە زۆرە ئیمپراتوریەتێکی تری وەکو ئەوەی جارانی عوسمانی دروست بکەنەوە, بەلآم بارودۆخی جهانی و ڕێبازی ئەو شەڕەی لەنێوان دەوڵەتە شەڕکەرەکانی شەڕی جیهانیدا ڕوویدا بەشێوەیەك نەبوو بتوانێت سوود لە هەڵوێست وەربگرێت و ئەگەرچی توانیبووی لەنگەرێك ڕابگرێت لەنێوان بەرەی ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشتی لەلایەك و لەولاشەوە ئەمریکاو بریتانیاو سۆڤیێت و هاوکارەکانیان و لام وایە ئەگەر بەرەی یەکەم سەربکەوتایەو بەرەی دوهەم نوشوستی بهێنایە هەوڵی ئەوەی ئەدابێت بەپارسەنگی بەرەی یەکەم کەلەشەڕی جهانیی یەکەمدا هاوکاری بوو, بۆ ئەوەی تۆڵەی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی عوسمانی بکاتەوەو دەست بگرێت بەسەر زۆربەی ئەو ناوچانەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا کەمرخی لێیان خۆشکردبوو...

وەکو لاوێکی سەردەمی شەڕی جهانی دوهەم لەبیرم دێ ئەگەرچی تورکیشم نەدەزانی بەلآم زمانزانەکانی ئەو ڕۆژانە باسەکانی حسێن جاهدیالچین و هەندێکی تریان بۆ دەکردین بەکوردی کە لەئیستگەی ئەنقەرەوە بەسەر گەرمیەکی توندو تیژەوە بەزمانی تورکی باسی شەڕەکەیان لێك ئەدایەوەو بەئاشکرا قسەکانیان بۆنی ئەوەی لێ دەهات ئاواتە خوازی سەرکەوتنی نازی و فاشیستەکان بوون کە بناغەی دەوڵەتەکەی خۆیان لەسەربناغەی ئەوانە دامەزرێنرابوو, بەلآم نەیانتوانی خۆیان بەسەر هیچ لایەکدا ساغ بکەنەوە و کە شەڕ بڕایەوەو دەوڵەتە سوێند خوارەکان سەرکەوتن ئیتر حکومەتی تورك چاری نەماو بایدایەوە بەلای ڕۆژئاوا دا کە قۆناغێکی تازە هاتبوە پێشەوەو لەدوای ڕوخانی ڕژێمەکانی

ئەڵمانیا و ئیتاڵیا دووبەرەی تازە هاتە کایەوە کە بریتی بوون لەبەرەی وڵاتانی سۆشیالستی بەسەرکردایەتی سۆڤیێت و بەرەی سەرمایەداران بەسەرکردایەتی ئەمریکا و تورکیای ئەو ڕۆژانە کە لەکوردی هەردوو جەژنە بوبوو, بە ئومێدی ئەوەی لە سەرڕێگەی وڵاتە سەرمایەدارەکانەوە بتوانێت چارەسەری کێشەی ئابووریی خۆی بکات کەلەو ڕۆژانەدا هاووڵاتیانی تورکیا لەگەڵ ئەوەشدا وەکو شەڕی یەکەمی جهانی تووشی ماڵ کاول و کوشتار نەبوبون, بەلأم باری ئابووری یان ئێجگار قورس و لاسەنگ بوو, کەچی ئالەوبارە ئالۆزەشدا هێشتا لەدەمی میللەتەکەی خۆیان دەگێڕایەوەو لەجیاتی ئەوەی پرۆژەی ئاوەدانی و پیشەسازیی لێ بهێننە بەرهەم کەوتنەوە سەر کەڵکەڵەو خەیاڵەخاوەکەی جارانیان بۆ ئەوەی بەیەکێك لەدەوڵەتە گەورەکان بژمێرین و میللەتی کورد لەباکوری کوردستانا کەوتە ژێر بارودۆخێکی ئێجگار نالەبارەوەو بەئاشکرا کاربەدەستانی تورك دەستیان نابوە بینەقاقای بۆ ئەوەی بۆ ئێجگاری لەناوی ببەن.

لەوڕووەوە هەروەکو سەریابدرخان لەکتێبەکەیدا سەرچاوە(٧٩)لەلاپەڕە(٥٩)دا ئامـاژەی بـۆ کـردوە, هەواڵنێری کۆمەڵی(BROOKLYN EAGLE)لە ئەستەمبوڵەوە ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەو ڕۆژانە ناردوە بۆ کۆمەڵە کە تیایا وتوویەتی:

((حکومەتی تورکیا سەرڕای ئالۆزبوونی باری ئابووری ناوخۆو دانیشتوەکانی, باجی لەسەر هەموو شتێك داناوە کە ئەمە کارێکی زۆر خراپی کردۆتە سەر باری ژیانی هاوڵاتیانی و حکومەت بەرامبەر بەمە ناچاربوە قەرزێکی زۆر لەوڵاتان وەربگرێت و هەتا بێت ژمارەیەکی زۆر

لەهونەرمەنـدان و بازرگـان و پیشەسـازان ولأت بـەجیّ دەهـیّلّین و ڕوودەکـەن ولأتانی دەرەوە.

ئەگـەر تورکیـا بـۆ ماوەیـەکی کـاتیش بتوانیـت چارەسـەری ئـەم کێشـەیە بکات بەلأم نابیّ بەتەمای ئەوە بێت بتوانێت ئەو نەخشەیەی بۆ دانیشـتوانی کوردی کێشاوە بەجیّی بێنێت و ئەگەر مصطفی کمال تاسەر بەتەمایی ئەوە بێت کە دەتوانێت کێشـەی خۆی لەگـەلْ کوردا بـەزۆرە ملیّ چارەسـەر بکـات ئەوا بەهەلّەدا چوەو ئەگەر واز لە کوردستان نەهێنێت بەتـەمای ئـەوە نـەبێت باری ئابوریی ولأتەکەی چارەسەربکات.

دوکتـــۆر عزیـــز شمزینـــی لەلاپـــەڕە(١٦٢-٥)ی کتێبەکەیـــدا سەرچاوە(٤١)باسـی هەلّویسـتی دڕندانـەی تـورکی کـردوە بەرامبـەر بـەکوردو وتوویەتی:

((لـەدوای دامرکانـەوەی شـۆڕشـی درسـیم حکومـەتی تورکیـا ڕێگـەی نـەدابوو بـەهیچ ڕۆژنامـەنووس و پـەیامنێرێکی بێگانـە سەرلەناوچـە کـورد نشینەکان بدەن و لەگەلْ ئەمەشدا دەنگی ناڕەزایی و بێزاریی کوردیان پـیّ کپ نەکراوەو دروستکردنی ئەو کۆسپ و بەرهەلّستی‌یانەی تورك کردویـەتی بۆ لێکترازانی کورد لەیەکتری و بۆ دابڕینیان لەولأتانی جهان بیّسوود بـوەو کوردەکـانی بـاکوور زۆر بـاش ئاگـاداری بـارودۆخی کوردسـتانی عـراق و ئێرانن.

لـەو ڕوەوە کـاتبێکی تـورکی بـەناو بـانگ(ئوسـتونگیل)لەلاپـەڕە(٥٢)ی یاداشـتەکانیا کەلـەکاتی خۆیـدا لەزینـدانی فاشسـتەکانا نوسـیوێتی, سـەری ڕێزو نەوازش بۆ خەباتی گەلی کورد دا ئەنەوێنین و نوسیوێتی:

((بەشێوەیەکی گشتی گریك(یۆنان), کورد, ئەرمەنی, لەزگی هەموویان بەجۆرێك تووشی ئازارو ئەشکنجەی ژاندرمەکانی تورك بون و کە پیاو ئەو باسە دەخوێنێتەوە مووچرکە بەلەشیدا دێت.

شاری ماردین کە کەوتۆتە سەرچیایەك و ئەم شوێنە دوورە وای لێکراوە لەقەفەزێکی ئاسنین دەچێت کە ئاوی بەژێردا بڕوات و بەبەرچاوی خۆمانەوە لەم شوێنەدا لاوانی کوردو عەرەب لەناو قەفەزە ئاسنینەدا گیانیان دەردەچێت و دەمرن.

کوردەکانی تورکیا لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کوردی ئێران و عراقدا هاتوە ئاگادارن و گروپە پێشکەوتنخوازەکانی تورکیاش هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ ڕابەرانی بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستانی عراق و ئێراندا هەیە, بێگومان بزوتنەوەی چەکدارانەی کوردەکانی عراق و دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی ساڵی(١٩٤٥)لەکوردستانی ئێراندا لەناو تورکیادا دەنگی دابوەوە, بەڵام کوردەکانی تورکیا نەیانتوانیوە خەباتی خۆیان لەگەڵ خەباتی براکانی ئێران و عراق یەکبخەن و ئەم دیاردەیە هۆی تایبەتی خۆی هەیە:

١- لەساڵانی دەوروبەری جەنگی جیهانی دوهەمدا, لەدوای هێرش بردن بۆسەر ستالینگرادو بەرەو پێشەوەچوونی سوپای ئەڵمانیا, ئەڵمانەکان مرخیان لەداگیر کردنی قفقاس و ئاسیای ناوەڕاست خۆشکردبوو, تورکەکانیش دەیان ویست ئەو ناوچانە بکەن بەبەشێکی جیانەکراوە لەتورکیا و بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش دەوڵەتی تورکیا پتر لە نیو ملیۆن سەربازی خۆی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا, واتە لەناوچە کوردنشینەکانا مۆڵدابوو, بێگومان بوونی ئەو ژمارە زۆرەی

سوپای تورکیا که به تازەترین چەك‌و کەرەسەی شەڕ پڕ چەك کرابوون، ڕێگە لەبەرپا بوونی هەموو جۆرە چولاّنەوەیەکی چەکدارانەی کوردی ئێران‌و عراق گرتبوو بۆ ئەوەی هیچ جۆرە یارمەتیەکی کوردی تورکیا نەدەن‌و بەو شێوەیە ناوچە کورد نشینەکانی تورکیاش هەروا بەقەدەغە کراوی مانەوەو لەوناوچانەدا هەموو کاروباری بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی ناوچەکەو دادگاکان‌و دەزگاکانی دەولّەت هەمووی لەژێر دەسەلاّتیی میلیتاریستەکانی تورکدا بوون.

٢- دەولّەتە ئیمپریالسیتە گەورەکانی وەکو بریتانیاو ئەمەریکا بەهەموو جۆرێك ڕژێمی تورکیان دەپاراست دژی هەرجولاّنەوەیەکی کورد گەر ڕووی بدایە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەموو کردارو هەلّوێستانە هێشتا هەر نەیانتوانیبوو خەباتی گەلی کورد کپ‌وخامۆش بکەن‌و بەپێی بلاّوکراوەکانی ناو ڕۆژنامەی جمهـوریتی تـورکی دەردەکـەوێ لەئۆکتۆبـەری(١٩٤٧)دا ڕاپـەڕینێکی چـەکدارانە بەسـەرکردایەتی(مصـطفی شـاهێن) لەناوچـەی جزیـرەدا هەلّگیرسـاوە(مصـطفی شـاهێن بـەگی بـەرازی یـەکێك بـوە لـە ئەنـدامانی دامەزرێنەری خۆیبون).

مستەف شاهێن بەگ

هـەروەکو(ئوستونگیل)باسیکردوە, هەرچەندە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا ئاماژەیان بۆ بەرپابوونی ئەو ڕاپەڕینە کردوە, بەڵام هیچ شتێك دەربارەی ئەو ڕاپەڕینـە بەشـێوەیەکی تێـرو تەسـەل بڵاونەکراوەتـەوەو بێگومـان دەوڵـەتی تورکیـا لـەکاتی خۆیـدا ڕێگـەی نـەداوە هـیچ شـتێك دەربـارەی بڵاوبکرێتـەوە, بـەڵام هـەروەکو(ن.ئـە.ئۆفۆسـلیۆف) لەپەرتووکەکەیـدا بـەزمانی ڕوسـی لـەژێر نـاوی (تورکیـا)چـاپی مۆسـکۆ ساڵی(١٩٥١)لەلاپەڕە(٣٩)دا باسیکردوە تورکەکان لەدواییدا ناچاربوون شـتێك دەربـارەی ئـەو ڕاپەڕینـە بڵاوبکەنـەوەو لـەو ڕووەوە(ئۆفۆسلۆف) نووسیویتی:

((لەسـاڵی(١٩٤٩)دا بـەپێی ئەوباسـانەی لەڕۆژنامـەکانا بڵاوکراونەتـەوە(کـە بێگومـان مەبەسـتی ڕۆژنامـەکانی تورکیـا بـوە) لەئـەنجامی ڕووبەڕووبوونـەوەی چـەکدارانەی نێـوان جووتیارەکـان لەلایـەك و پـۆلیس و جندرمـە لەلایـەکی تـرەوە بـەهاوکاریی هێـزە چـەکدارەکانی تـری حکومـەت ڕوویـداو لـەم پێکانـەدا جوتیـاران دەزگـا دەوڵەتیو فیودالەکانیان سووتاندو دەستیانگرت بەسەر کۆگاو ئاژەڵو کێڵگەکانی دەوڵەتداو زەویو زارێکـی زۆریـان داگیر کردو لـەناو خۆیانـا بەشیانکرد)).

هەروەکو دوکتۆر عزیز شمزینـی ئاماژەی بۆ لاپەڕە(٩٢)ی کتێبەکەی (ڕامبـۆ) کـردوە کـە لەسـاڵی(١٩٤٧)دا لـەپاریس چـاپکراوە, لەسـاڵی(١٩٤٨)دا لـەکاتی هەڵبـژاردنی ئەنـدامانی پارلمانـدا حکومـەتی تورکیا ڕێگـەیان لـە دانیشـتوانی(٦٠)گونـدی کـورد لـەویلایەتی ئەرزڕومـدا

گـرت بەشـداری بکـەن لـەو هەڵبژاردنـە گشـتیەداو لەئـەنجای ئەمـەدا هەموویان مانیان گرت‌و بێجگە لەدەم ڕاستی دێ کەسی تر دەنگیان نەدا.

ڕەفتـارو کـردەوەی کاربەدەسـتانی تـورك بەرامبـەر کـورد لەشـێوەی ڕەفتارو پێوەندیی نێوان کۆیلەو کۆیلەدار وابوو, لەلایەکەوە ڕقی لـەکورد بـوو لەلایـەکی تریشـەوە لەهـەموو بزووتنەوەیـەکی کـورد دەترسـا‌و بـەو پەڕی دڕندەیەتیەوە لەناوی دەبرد.

هەروەکو ڕامبۆ ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەگەریی تورك(ئۆزاقلی گێل)ی ژمـارەی ڕۆژی (١١/٠٤/١٩٤٦) کـــردوە کـــە وتوویـــەتی ڕۆژنامـــەی(ســـون پۆست)نوسیوێتی:

((لامان ڕوون‌و ئاشکرایە لە ئێران‌و عێراقدا کە سانێکی هوشیاری ئـەوتۆ لـە ئـارادانین, بـەلام ئـەوەی ئێمـە لێـرەدا مەبەسـتمانە ئەوەیـە کەلـەتورکیادا کوردنیە)).

هەمان ڕۆژنامە خوێندەوارەکانی دڵنیادەکات‌ودەڵێت((لـە تورکیـا تورکی کێوی, یاخود تورکی دڕندە هەیە بۆیـە پێویستە لەسەرمان بەزووترین کـات بیانکەینـەوە بـە تـورك‌و ئەگـەر دراوسـێکانمان نایانـەوێ بـڕوخێن, ئـەوا پێویستە هەمیشە وریا‌و بەئاگاداربن)).

شمزینی ئەڵێ: سەیر ئەوەیە ئەو تورانیە شۆڤێنیستە نازانێت تەنها سـێ ڕۆژ بەرلەوەی ئەو ووتارەی بلاوبکاتـەوە(سـەراج ئۆغلۆ)ی سـەرەك وەزیرانـی تورکیـای ئـەو ڕۆژانـە بەناچاری دانـی بـەبوونی کوردەکـانی تورکیـا دانـابوو, لـە)٠٨/٠٤/١٩٤٦)دا سـەراج ئۆغلـۆ لەپرسـیارەکانی چـەند پـەیامنێرێکی ئەمریکیدا وتبووی: ((لەتورکیادا تەنها یەك کەمەنەتەوە هەیە ئەویش کـوردە

بەڵام هەموو ڕاپەڕینەکانیان زادەی چەند هۆیەکی ئاینیەو مۆرکی سیاسی بەخۆیەوە گرتوە.

دەربـــارەی هەڵوێســـتی تـــورك بەرامبـــەر بـــەکورد(PhilipRobins) سەرچاوە(٤٦)وتوویەتی: داڤید هونام کەلەکتێبەکەیدا(The Kurds)چاپی لندن ساڵی(١٩٤٧)لەلاپەڕە(١٧٨)نوسیویێتی:

((تورکـە نەتـەوە پەرسـتەکان لەترسـی دروسـتبونی حکومـەتی کـوردو ئەرمـەنی, لـەکاتی حۆیدا ناکۆکیـەکانی خۆیـان خسـتبوە لاوە, بـەڵام لەگـەڵ ئەوشدا شتێکی ئاسان نەبوو ئەو دوونەتەوەیە بەهەویەی تورك قایل بن‌و لەساڵی(١٩٦١)دالە دەستوورێکی تازەدا هەوڵدرا ئەوکێشـەیە بـەوە سـووك بکرێت کە بوترێ: هەموو دانیشتوویەکی تورکیا بـەتورك حساب دەکرێت‌و هەنـدێ وشـەی هێـواش کـەرەش هێنرایـە ئـاراوە وەکـو ئـەوترا تورکـە شاخاوییەکان یا دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژهەلاّت(کەمەبەستی کورد بوە).

سەرچـــاوە(٤٦)ئامـــاژەی بۆکتێبەکـــەی(ئەنـــدرۆ مـــانگۆ)ی چاپی(١٩٧٥)کـردوە کەلەلاپـەڕە(٥٢)یـدا کەنسـبەتی دانیشـتوانی کـوردی بەگـەلێك جـۆر باسـکردوە وەکـو:٧,١٪.١٧,٪.١٨,٪ کـە ئەمانـە دوایـی تۆزێـك لەژمارەیەکی نزیك بەڕاست‌و ڕێك‌وپێك دەژمێرێن‌و بـەپێی ئـەو سـەرژمێریەی ساڵی(١٩٩٠)داکراوە ژمارەی تورکیای بە(٧٥)ملێۆن داناوەو بـەپێی ئەمـە دەبـێ ژمارەی کورد(١٣,٢)ملیۆن بێت بـەڵام بـەهیچ شێوەیەك لـە(١٠)ملیۆن کەمتر نیە.

هەمان سەرچاوە ئاماژەی بۆ کتێبەکەی(جیفری لویس) چاپی ئۆکسفۆرد سـاڵی(١٩٦٨) لەلاپـەڕە (٣٢٣)یـدا کەباسـی علویـەکانی کـردوە لـەتورکیادا کەوتوویەتی ژمارەیان نزیکی لە(٤٠٪)ی دانیشتوانە بەڵام ئەوانەی شارەزای

ئەو باسەن ئەم ژمارەیە ئێجگار زیادە ڕۆیی تێدایەو علویەکان لە(١٥٪-٢٠٪)ی تورکیا تێپەڕناکەن کە بەوپێ یە دەبێ ژمارەیان نزیکی(١١,٧)ملیۆن بێت(لەتورکیادا علوی لەناوترك و کوردا هەیە بەڵام هیچ سەرچاوەیەك باسی ژمارەی هەردوولای بەجیا نەکردوە).

نوسەر ئەڵێ لەبەر ئەوەی سونی مەزهەبەکانی تورکیا ڕقیان لە علویەکانە, بۆیە ئەمانە دوایی ئەو هەستەی سونی وای لێکردوون بەرەو چەپ ڕەوی بڕۆن کە تاقمێك لەمانەی زۆر سەر بزێون پیێیان دەڵێن(قزل یۆڵ) کەبنکەکەیان ئێستە لە ئەڵمانیایەو داوای درۆستکردنی حکومەتێکی جیاوازی علوی ئەکەن هەروەکو چۆن کوردەکان داوای جیابوونەوەو حکومەتێکی سەربەخۆ ئەکەن.

(سەرچاوەی ئەم بۆچوونەی(Philip Robins)بریتیە لەکتێبەکەی(ڕۆژ ماندل) لەژێر ناوی (تورکیاو ئەڵمانیا), لاپەڕە(١٦٦)چاپی لندن ساڵی(١٩٩٠).

لەکۆتایی ئەو باسەدا(فلیپ ڕۆبنسن)ئەڵێ: لەڕاستیدا پێکهاتنی حکومەتێکی علوی لەتورکیادا شتێکی نەگونجاوە چونکە وەکو چێشتی سواڵکەر وان و بریتین لە چەند ڕەگەزێکی پێکەوە نەلکاو کەهەر لایەیان بەشێوەیەك ئەو ڕێبازی مەزهەبیەیان گرتوتەبەر.

هەمان نوسەر لەلاپەڕە(٣٩)دا لەباسێکی کوردا وتوویەتی: بەپێی سەر ژمێری ساڵی (١٩٨٥), لەناوچە کوردییەکانا لە(٢٪)ی خاوەن زەوی و زارەکان نزیکەی لە(٣٠٪)ئەو زەوی و زارانەیان بەدەستەوەیە کەبەکەڵکی کشتوکاڵ بێن و لەم ساڵانەی دواییدا خاوەن زەوی و زارو ئاغای گەورەکانی کورد توانیویانە خۆیان دەوڵەمەند بکەن و نەك هەرئێستا بەڵکو هەرلە

زەمانی عوسمانیەکانەوە ئەو ئاغاو دەرەبەگانە زۆربەیان سەربە حکومەت بون و حکومەت پاڵپشتیان بوەو بایەخی پێداون و حکومەت لەڕێی ئەوانەوە توانیویتی دەسەلأتی خۆی بەسەر ناوچە کوردیەکانا بسەپێنێت.

حکومەت لەکۆنەوە پێشکەوتن وپێشخستنی باری ئابوری و کۆمەلأیەتیی لەناو کوردەکانا پشتگوێ خستوەو هەروەکو غرفەی بازرگانیی ئەستمبول لەڕۆژنامەی(Turkish daily news) لەژمارەی (٢٠)ی ئایاری(١٩٩٠)دا بلأوی کردۆتەوە نسبەتی دەرامەدی سالأنەی کوردی ناوچە کوردییەکان لە(٤٠٪)ی دەرامەدی شوێنەکانی ترەو لەمەدا جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت لەنێوان هەردوولادا. دەربارەی پشتگوێ خستنی ناوچە کورد نشینەکانی تورکیا، ڕۆژنامەی گاردیانی لندنی لەژمارەی ڕۆژی(٣)ی ئایاری(١٩٩٠)دا باسێکی تیایە دەربارەی بارودۆخ لەکوردستانا و تووییەتی لەشوێنێکی وەکو دیاربەکردا پیشەسازی لەڕیزی نەبوان دەژمێرێت و بێجگە لەئاغاکان لەناو کوردەکانا ئەوەی تۆزێك باری ئابوریی باشتر بێت لەکوردەکانی تر تەنها بریتیین لەوانەی گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشتوەو ڕووەیانکردۆتە شارەکان و لەوێ نیشتەجێ بون و ئەوی لەو ڕوەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە ئیمڕۆ شاری ئەستەمبولٚ گەورەترین شوێنە کە ژمارەیەکی زۆری کوردی تیادا کۆبۆتەوەو نیشتەجێ بوە.

دەربارەی بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان لەتورکیاداو هەڵوێست و سیاسەتی حکومەتی تورکیا لەپشتگوێ خستنی باری ژیانی کوردەکان بەپێ ی کتێبەکەی (ولیم هایل)

(Political and economic development Of modern Turkey) چاپی لندن سالّی (١٩٨١) لەلاپەڕە(٢٢٤)یدا وتوویەتی:

((ناوچە دیهاتیەکانی کورد لەڕووی کۆمەڵایەتی و خوێندەوارییەوە لەڕۆژهەلأت و خواروی ڕۆژهەلأتی ئەنا دۆڵدا نزمترین و دواکەوتووترین پلەی خوێندەواری و کۆمەلأیەتییی تیادا بەدی دەکرێت کە هۆی سەرەکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری و دەستکورتی و کەم دەرامەتی دانیشتوان و نەبوونی قوتابخانەو نەبوونی مامۆستا بۆ ئەو قوتابخانە کەمانەی کەهەن و لەئەنجامی ئەمەدا مامۆستایان خۆیان دوور دەخەنەوە لەوناوچە پڕ هەژارو دواکەوتوە کەم ژمارانەی لەوناوچانەدا دەژین.

لەلایەکیترەوە لووت بەرزیی تورکەکان و خۆبەزل زانین بەرامبەر کورد لەوناوچانەدا بۆتە کۆسپێکی تری زۆر گەورەو ڕێگەی لەوە گرتوە هیچ پڕۆژەیەك لەناوچە کورد نشینەکانا بکرێتەوەو دەسەلأتدارێتی دەرەبەگەکانی کوردیش بەپالٌ پشتێتی حکومەت بوە بەسەرباری ئەو دواکەوتنانەو ئەو حزبە سیاسیيانەش کەلەو ناوچانەدا چالاك بن تەنها هەر اعتماد ئەکەنە سەر ئەو ئاغاو دەرەبەگە دەسەلأتدارانە بۆ ئەوەی دەنگیان بۆ کۆبکەنەوە لەکاتی دەنگدانداو لەڕاستیدا ئەو حزبانە هیچیان تەقەلای ئەوەنادەن کاروباری ئەو ناوچانە باش بکرێت و ئەو تەقەلایەی لەسالّی(١٩٧٨)دا درابوو ئەویش سەری نەگرت چونکە ڕێگەی سەرگرتنی لێگیرا.

دەربارەی هەمان شت ڕۆژنامەی(Independent)ی ڕۆژی(٠٧/٠٤/١٩٩٠) کەلە لندن دەردەچێت وتوویەتی:

((كۆچكردنی كورد لەناوچە دێهاتیە هەژارەكانەوە, لەبەر كەم دەرامەدی ڕوویانكردۆتە شارەكان و ئەم كۆچكردنەیان لەكۆچ پێكردنی پێست ڕەشەكانی ئەمریكا دەچێت كەلەناوچەكانی خوارووەوە ڕوویانكردە ناوچە پڕ پیشە سازییەكانی باكوور لەدوای شەڕی جیهانی دووەم)).

لەڕاستیدا توركەكان وەنەبێ تەنها هەر دژی كوردبووبن لەباكوری كوردستانا, بەڵكو هەمیشە چاویان بڕیبوە كوردی ڕۆژهەلآت و باشوریش و لەهەرلا یەكیانا بزوتنەوەیەكی نەتەوایەتی كورد ڕووی بدایە تورك ئامادەبوو لەگەڵ شەیتانیشدا هاوكاری بكات بەمەرجێ ئەوەی ئەو هاوكاریكردنە ببیتە هۆی لەناو چوونی ئەو بزووتنەوەی كورد, بۆنمونەی ئەمە:

لەباشوری كوردستاندا, هەرلەدوای شەڕی یەكەمی جیهانی بەدواوە, یەكەم كێشەی تورك كەلەگەڵ حكومەتی بریتانیا دا پەیدابوو لەسەر ئەوەبوو لەسەرەتادا حكومەتی بریتانیا ڕێگەی دابوو بەشێخ مەحمود بۆماوەیەكی كاتی ئەو ئیدارەیەی لەناوچەی سلێمانیدا پێكی هێنابوو جۆرە دەسەلآتدارییەكی كوردی تیا بەدی بكرێت... بۆلەناو بردن و ڕووخاندنی ئەو ئیدارەیە لەگەڵ ئەوەشدا سوودێكی ئێجگار زۆری لە سۆڤێت دەسگیر بوبوو, بەلآم ساتێك ئینگلیزەكان لەتوركە كەمالیەكان گەیاند ئامادەن باسی كوردو مافی كورد لەپەیمانی سیڤەردا پشتگوێ بخەن بەمەرجێك توركیش واز لە دۆستایەتی سۆڤێت بهێنێت و دەمودەست توركیا بایدایەوە بەلای هاوكاریكردن لەگەڵ ڕۆژئاوا داو ئەوەبوو لەدواییدا بوو بەئەندامی پەیمانی(سعداباد)لەساڵی(١٩٣٧)دا كەیەكێك لەمبادئەكانی ئەو پەیمانە ڕێگرتن بوو لەهەر بزوتنەوەیەك لەلایەن كوردەوە بكرایە.

لەرۆژهـەلأتی کوردستانیشـدا لـەدوای شـەڕی جیهـانیی دوهـەم، سـاتێك کۆمـاری کوردسـتان لـەمهاباد پێکهـات تورکـەکان ئارامیـان لێ بـڕاو کەوتنـە پەلەقاژەو هاندانی دۆستەکانیان بۆ لەناو بردنی ئەو کۆمارە بەزووترین کات کەنەخشەی ئەو لەناوبردنـەی کۆمـاری مهابـاد لەلایـەن حکومـەتی ئـەمریکاوە کێشرابوو.

لێرەدا بۆبەڵگە ئاماژە بۆنـاوەڕۆکی دوکیـومتیکی نـاو ئەرشـیفی سۆڤێت دەکەین کەچۆن تورکەکان پەلەقاژەی لەناوبردنی کۆماری مهابادیان کردبوو

دوکیـومنتی یەکـەم-دوکیـومینتی سـۆڤێت ژمـارە(ف094-ئـو٤-د-١٨٨پ١٨.لەلاپـەڕە(١٠هـەتا١٤)-کەلـەگۆڤاری گـزنگ لەسـوید لـەژمارە(١١)ی(١٩٩٦)دا بلأوکراوەتـەوە دەربـارەی دەربڕینـی نیگـەرانێتی حکومـەتی تورکیـا بەرامبـەر ڕووداوەکـانی کوردسـتانی ئێـران لـەنێوان ساڵانی(١٩٣٥-١٩٣٨و١٩٤٠-١٩٤٥):

ڕاپۆرتەکە دەڵێت:

((ڕۆژی پێنجـەمی سـبتمبر سـکرتێری گشـتی وزارەتـی دەرەوەی تورکیا سەبارەت بەو مەسـەلەیە، ڕای گەیانـد کەلەوانەیـە حکومـەتی تورکیـا سـوپای خۆی بنێرێت بۆسەر سنوور.

سـیربۆلارد(کـەدیارە لێپرسـراوی حکومـەتی بریتانیـا بـوە لـەو ڕۆژانـەدا) وتوویەتی:

لەگـەڵ هاوتـای خۆیـدا لەحکومـەتی شـوورەوی قسـەی کـردوەو ئـەویش لەوەرامـدا ڕای گەیانـدوە کـە هاوتـای تـورك لـەو ڕوەوەو خـاتر جـەم بکـات-- مەبەست دڵنیا بکات).

لای سیربۆلارد وایە تورکەکان لەچوونی سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد بۆ (باکۆ) نیگەرانن و بەرامبەر بەمە باڵیوزی شوورەوی ڕایگەیاند کە ئەوچاوپێکەوتنانە تەنها لایەنی فەرهەنگی یان هەبوە.

لە(١٥)ی سبتمبردا دەوڵەتی تورکیا دوهەم نامەی خۆی نارد دەربارەی چالاکیی کوردەکان و حکومەتی تورکیا دەری بڕی هێزە داگیر کەرەکانی شوورەوی پشتیوانی لەکورد دەکەن و لەم ڕووەوە پێوەندیی تورکیاو ئێران تێکچوەو بارودۆخێکی نائارامی پڕ لەمەترسیی پێکهێناوە.

هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی تورکیا زۆر زیادە ڕۆیی تێدایە بەڵام لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی تێکچوونی پێوەندیی نێوان ڕوسیاو تورکیا))

هەروەکو گۆڤاری گزنگ بڵاوی کردۆتەوە, لەبەشی دوهەمی هەمان دوکیومنیتدا وتراوە:

لەهاوڕێ(مولوتۆف)ەوە بۆ(کریس-کەباڵیوزی حکومەتی بریتانیا بوە لەسۆڤێت لەنێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٢) نامەیەك لەڕۆژی(١٩٤١/١٢/٢٨)دا نێرراوە سەبارەت بەونامە نیگەرانییەی تورکیا کەلە(٢٠)ی دیسمبری(١٩٤١)دا نێراوە بۆ ئیدن کە وەرامەکەی مۆلۆتۆف وتوویەتی:

((حکومەتی ئێران بەهیچ جۆرێك گلەیی دەرنەبڕیوە بەرامبەر بە هەڵویستی سۆڤێت دەربارەی کوردو لەکۆبونەوەیەکی ئاغای(فروغی)ی سەرەك وەزیرانی ئێران لەگەڵ بالیۆزی شوورەوی وای ڕاگەیان کە ئینگلیزەکان پشتیوانی یان لەکوردەکان کردوەو لەهەندێ ناوچەدا کوردەکانیشیان دژی ئێران هانداوە, کەواتە تورکیا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نیە کە بڵێت شوورەوی کوردەکانی ئازربایجان هان ئەدەن و ئەوپیوەندییەش کەکراوە بەبینینی چەند شەخسیەتێکی کورد,

سەفەری ئەوانە تەنها بۆ مەبەستی فەرهەنگی بوەو بۆ هیچ جۆرە مەبەستێکی تر نەبوە.

ئەو بۆ چوونەش کە(بۆلارد)بۆی چوە کە پێی وایە لەو ناوچانەی هێزی شوورەوی تیادایە تەئسیرێکی کەمیان هەیە لەسەر دانیشتوان و ئەمە بەڵگەیە بۆ دڵنیابوونی تورکەکان)).

تائیرە بریتی بوو لە باسی بارودۆخی باکوری کوردستان و هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرامبەر بەکوردو پاش ئەمە دەچینە سەر باسی ئەو بڕیارو یاسایانەی حکومەتی تورك دژی کورد دەریانکردبوو.

٢-بڕیارو یاساکانی حکومەتی تورکیا:

بۆ ئەم باسە ئاماژە بۆ دوو سەرچاوە دەکەین, یەکەمیان کتێبەکەی پرۆفیسۆر حسرتیان سەرچاوە(٤٥)دوهەهەم-ئەو کوراسەیەی لە فرنسیەوە لەلایەن انتتیۆنی کوردی لەپاریسەوە کراوە بە ئینگلیزی لەژێر ناوی(The Boning Of Kurdish Culture) ئەگەرچی لەباسی شۆڕشەکانی پیران-ئاگریداغ-درسیم دا باسی گەلێك لەویاسایانە کراون, بەلأم لەپاشکۆی ئەم بەرگە دا بەپێویستم زانی ئاماژە بۆ ئەم دوو سەرچاوەیە بکەمەوە.

پرۆفیسۆر حسرتیان لەلاپەرە(٧٤)ی کتێبەکەیدا باسی هەندێ لەوبڕیارانەی کردوە کە تورکەکان دەریانکردبوو بۆ بەربەستکردو ڕێگەگرتن لەهەموو جۆرە جموجوڵ و چالاکیی سیاسی و ئابووری لەلایەن ئەوانەوە کەتورك نەبون کەوتوویەتی:

١- ((لەبەهاری(١٩٢٤)دا پرۆژەیەك لەلایەن کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانەوە ئامادەکرا(مەبەستی پێشنیازەکانی عابدین ئۆزمانە

کەلەباسی شۆڕشی ئاگریداغدا بەدوورودرێژی باس کراوە) بەپێی ئەوە دەسنیشانی ئەو هێلانەکرا کەبۆ نیشتەجێ بوونی کەمەنەتەوایەتیەکان ئامادەکرابوو وەبڕیاردرا ژمارەی ئەوکەمە نەتەواییانە لەهیچ شارێکدا لە(١٠٪)ی دانیشتوانی ئەوشارە تێپەڕنەکەن و بەپێی ئەوبڕیارە بڕیاردرا(٢٠٠)هەزارکەس بگوێزرێنەوە لەشوێنەکانی خۆیانەوە بۆ ئەوشوێنانەی بۆیان تەرخانکرابو(سەرچاوەی حسرتیان بۆئەمە بڕیتین لەبڵاوکراوەی ڕۆژهەڵاتی تازە ژمارە(١)لاپەڕە(١٢٨)چاپی ساڵی(١٩٢٥)).

٢- لەحزیرانی (١٩٢٧)دا ئەنجومەنی میللی تورکی یاسای ژمارە(١٠٩٧)ی دەرکرد بۆ گواستنەوەی کورد لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەو کوردانەی حکومەت لێیان ڕازی نەبوو, لەئەنجامی ئەمەدا بەهەزاران خێزانی کورد ئاوارەکران و زەوی و زارەکانیان لەکیس چوو.

٣- لەو وتارەدا ئەمینی گشتیی حزبی شعبی جمهوری تورکی لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی(١٩٣١)دا خوێندبویەوە کە(رجب بکر)بوو, دەربارەی لێکدانەوەی ووشەی نەتەوە وتبووی:

((ئێمە هەموو دانیشتوانی تورکیا بەیەك نەتەوە دەژمێرێن چ لەڕووی سیاسیەوە بێت چ لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە و ئەمە ئەوکەسانەش دەگرێتەوە کەبەخۆیان ئەڵێن نەتەوەی کورد, یاچرکس, یا(اللان), یا(ئەلبوماکیە)و پێویستە لەسەر کمالیەکان ئەو عبارەتانەی بەهەڵە بەوناوانەوە ماونەوە هەموویان ڕاست بکرێنەوە کەلەمیراتی کۆنی مێژووەوە بۆمان ماوەتەوە(مەبەستی ماوەی خلافتی عوسمانیە). ئێمە ئەوانە بەنەتەوە ناژمێرین کە ژمارەیان (٥)هەزار, دەهەزار, یاسەدهەزار, یاملیۆنێکیش بێت).

٤- لەحزیرانی(١٩٣٤)دا ئەنجومەنی میللی تورك یاسای ژمارە(٢٥١٠)ی دەرکـرد وبـەپێی ئـەو یاسـایە حکومـەت پرۆگرامێکـی ئامـادەکرد بـۆ ئاوارەکردن و دابەشکردنی کەمەنەتەوەکان و نەخشەی تازە کێشرا بۆ تورکیا بەپیێ ئەوە تورکیا کرا بەسێ بەش:

یەکەم: ئەو ناوچانەی پێویستە تەنها تورکی تیادا نیشتەجێ بێت.

دوهـەم: ئەوناوچـانەی بـۆ ئاوارەبوەکـان تـەرخانکرا بەمـەرجێك والـەو داانیشتوانە بکرێت کەتەنها بەتورکی فێری زانستی و ڕۆشنبیری بن.

سـێهەم: ئەوناوچـانەی پێویسـتە لەبـەر هـۆی ئابووری و تەندروسـتی و ڕۆشنبیری وسیاسـی و سـوپایی و بەمەبەسـتی دابین کردنـی ئاسـایش چـۆڵ بکـرێن و ڕێگەنـەدرێت کـەس تیایانـا نیشـتەجێ بێـت کەئەمـەش تـەنها بـۆ ئـەوەکرابوو کـە کوردەکـان بگرێتـەوەو بکرێـت بـەبیانوو بـۆ دەرکردنیـان لەشـوێنەکانی خۆیـان و جێگـەکانیان چـۆڵ بکرێـت(بێگومـان مەبەسـت لـەو چۆڵکردنەش ئەوەبوە حکومەت بەئارەزووی خۆی بیدات بەتورك).

٥- لەساڵی(١٩٣٤)دا گەلێك مادەی تـر خرایـە سـەر ئەویاسایەی بەرلەمـە باسـیکراوەو بـەپێی ئـەو مـادە تازانـە دەسـەڵات درابـوو بـەکار بەدەسـتانی حکومەت بەئارەزووی خۆیان دانیشتوانی کورد بەکۆمەڵ بگوێزنەوە.

حسـرتیان ئـەڵێ: دوای ئـەوەی ئەوانـەی بڕیـاری گواسـتنەوەیان درابـوو گوێزرانـەوە, بەهیچ شـێوەیەك ڕێگـەیان پـێنـەدرا پێوەنـدیان بـەماڵ و موڵك و زەوی و زارەکانیانەوە بمێنێت.

پڕۆفیسۆر حسرتیان لەباسەکەیدا لەسەری ڕۆیشتوەو وتوویەتی:

((تورکـە ڕەگـەز پەرسـتەکان ژەهـری ناکۆکی و دووبـەرەکی و دوژمنایـەتی یـان بـڵاو کـردەوە بەمەبەسـتی لـەناو بردنـی کەمەنەتـەوەکان و توانـەوەیان

لەبۆتەی ڕەگەزی تورکدا. (نهال ئادسن) کەیەکێك بوو لەتوندڕەوە ڕەگەز پەرستەکانی تورك لەوتارێکیدا بڵاوی کردەوە کە پێویستە ڕگەزی تورك هەموو دانیشتوان بگرێتەوەو ئەوی لەم ڕەگەزە نەبێت پێویستە لەووڵات دەربکرێن و بەهیچ شێوەیەك نابێ ڕێگە بدرێت تاقە کەسێك لەکەمە نەتەوەکان لەناو دەزگاکانی دەوڵەت و ئەفسەرانی ناو سوپا دابمێننەوە (سەرچاوەی حسرتیان بۆ ئەمە بریتیەلە: پەیامنێری ئەکادیمی علومی سۆڤیاتی ژمارە(٨)لاپەڕە(١٠١)ساڵی(١٩٤٩)).

بەوپێیە تورکەکان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیان ئاوارە کرد بۆ ڕۆژئاوایی تورکیاو سەرۆکەکانیان نارد بۆ ئەو سەربازگانەی بۆ ئیش تەرخانکرابون بۆ ئەوەی لەویێ قورسترین و گرانترین ئیشیان پێ بکرێت و, حکومەت بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو باجێکی تایبەتی دانرا لەسەر کەمە نەتەوەکان بۆ ئەوەی باری ژیان و گوزەرانیان گرانتر بکرێت.

حسرتیان لەلاپەڕە(٨١)ی کتێبەکەیدا باسی بارودۆخی ناوچە کورد نشینەکانی کردوە کە چۆن حکومەت سیاسەتێکی وایان بەکارهێنابوو دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەڕووی کشتوکاڵ و تەندروستی و خوێندەواری و ڕۆشنبیریەوە بەدواکەوتووترین ناوچەکانی تورکیا بژمێرێن. ڕۆژنامەی (یەنی صباح)ی تورکی لەژمارەکانی کانونی یەکەمی(١٩٦٠)دا چەند باسێکی بڵاوکردەوە کە لەلایەن(تیزگین)ی هەواڵنێریەوە بۆی نێرابوو کەبەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا گەڕابوو, لەوباسانەدا لەباری ژیان و هەژاری و بێ دەرامەدی و بێ بەش بوونی دانیشتوانی کورد لەمافی مرۆڤایەتی دوابوو, ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو چۆن حکومەت هەڵوێستێکی ئەوتۆی هەبوە بوەبە هۆی ئەوەی کوردەکان لەویلایەتی(ئورفە)دا خۆیان و وڵاغەکانیان لەتاقە

ژوورێکی بێ پەنجەرەدا دەژیان‌و لەهاویندا ناچاردەبون لەژێر دەوارا بژین‌و لەیەکێك لەقەزاکانیا کەژمارەیان (١٠)هەزار کەسە تەنها(٦)قوتابخانەی تیادایەو سێ قوتابخانە لەوشەشە داخرابوون‌و حکومەت ڕێگەی دابوو بەئاغاو دەرەبەگەکان زەوی‌و زارێکی زۆریان بەدەستەوە بێت‌و هی وایان هەبوە دەیان گوندی هەبوە لەکاتێکدا جووتیارو فەلاحەکان بێبەشکرابوون لەزەوی‌وزار.

پرۆفیسۆر حسرتیان لەلاپەرە(٨٢)دا دەربارەی چۆنێتی نەهێشتنی ناوی کوردو ناونەبردنی ئەو ووشەیە چەند مەڵبەندێکی تورکی کردبوەوەو لەباسێکدا ساتێك باسی کوردو تورك هاتبوە پێشەوە(فخرالدین کینین)کە مامۆستای مێژوو بوو, داوای ئەوەی کردبوو ئەوانەی خۆیان بەتورك نازانن پێویستە لەڕەگ‌و ڕیشە دەربهێنرێن.

پرۆفیسۆر حسرتیان لەسەری ئەڕواو دەڵێت:

لەڕۆژی(٢٤)ی تشرینی دوهەمی ساڵی(١٩٦٠)دا(جمال کورسیل)ی سەرۆك کۆماری تورکیا لەشاری دیاربکر ختبەیەکی‌دا لەوەدا بە سەروباڵای بیرو باوەڕی شۆڤێنێتی تورك هەڵی دابوو,(ضیاء کوك ئاڵب) کەبەتورکێکی شۆڤێنی ناسراوبوو لەلایەن جمال کورسیلەوە کرا بەنموونەی تورکێکی ڕۆشنبیرو زاناو ساتێ باسی کورد هاتە ئاراوە ووتی: لای ئێمە کوردنیەو کوردو تورك هەردوولایان بەڕەگەز دەچنەوە سەریەك‌و لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا لەتورك بەولاوە کەسێکی تری تیادا نیەو بەدەستەوەیە یاسایەکی تازە دەرچێت هەرکەسێك لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا خۆی بەکورد دابنێت بەرامبەر بەمە سزا بدرێت...

ڕۆژنامەکانی تورکیش دەستیانکرد بەبڵاوکردنەوەی هەمان بەیت و بالۆرەو ڕۆژنامەی(یەنی‌گون) لەڕۆژی(٢٨/١٠/١٩٦٠)دا باسێکی بڵاوکردەوەو بەئاشکرا لەوباسەدا وترابوو: ئێمە کەس ناناسین کەپێی بوترێ کورد،دانیشتوانی تورکیا هەموویان تورکن و هەندێ لەڕێکخراوەکانی لاوانی ڕەگەز پەرستی تورك لەشوێنە گشتیەکانا بەزۆر خەڵکیان ناچار دەکرد تەنها هەربەزمانی تورکی بدوێن و گەنجە شۆڤێنیە ڕەگەز پەرست و قوتابیەکانیان بەسەر دوکانەکانا ئەگەڕان و نوسینیان بەدیوارەکانا هەڵدەواسی کە بەزمانی تورکی لێی نوسرابوو پێویستە لەسەر هەموو کەسێك تەنها هەر بەزمانی تورکی قسە بکەن و ئەوانەی سواری پاص و ئوتۆمبیلی حکومەت بوایە ئەگەر بەتورکی قسەی نەکردایە ماوەی سواربونیان نەئەدان کاربەدەستانی سوپای حکومەت بەتایبەتی لەئەستەمبوڵ لایەنگری ئەم نەخشەیە بون و متصرفی ئەستەمبوڵی کە(ڕفیق تولخا)بوو لەگفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەئاشکرا وتبووی:

((داوامان لەوانە کردوە کە بەتورکی قسەناکەن نابێ کارێکی وابکەن بەقسەکردن بەزمانێکی‌تری جگە لە تورکی سەری خەڵك بیەشێنن لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان تەنها بەزمانی تورکی قسەبکەن))

حسرتیان لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: بەڵام ئەم هەڵوێست و نەخشەیەی حکومەت بوویە هۆی ڕیسواکردنی حکومەتی تورك و زڕاندنی ناوبانگی لەدەرەوەی وڵاتدا, بۆیە حاکمی هێزی سوپا لە ئەستەمبوڵ ناردبوی بەشوێن سەرۆکی یەکێتی قوتابیاندا و داوای لێکرد دەسبەرداری ئەو کردەوانە بن و وازی لێ بێنن.

حسرتیان لەلاپەرە(٨٥)ی هەمان سەرچاوەدا باسی نەخشەی تورکی کردوە چۆن بەپێی ئەوە لەسەر چەوسانەوەی کورد دەڕۆیشتن و لە(٨)ی ئایاری(١٩٦٠)دا لەدوای دوو ڕۆژ بەسەر هەڵگەڕانەوەی عسکریدا(مەبەستی حسرتیان ئەو هەڵگەڕانەوەی سوپایە کەبەسرکردایەتی جمال کورسیل لەساڵی(١٩٦٠)دا ڕوویدابوو)، کاربەدەستانی سوپا ژمارەیەکی زۆریان لەکورد گرت لەناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا کە(١٥٠)کەس لەتاقەمانگێکدا گیراو لەکۆتایی مانگی ئەیلولدا ژمارەی گیراوەکان گەیشتە(٢٢١٨)کەس جگەلەگرتنی(٢٨)پیاوی ئاینی لەکوردەکان کەلەناو ئەمانەدا(شێخ علی رضا، شێخ صلاح الدین)بون کە هەردوکیان لەنەوەی شێخ سعیدی پیرانی سەرکردەی شۆڕشی ساڵی_١٩٢٥)بون.

لەڕۆژی(١٩/١٠/١٩٦٠)دا(لیژنەی یەکێتی نەتەوایەتی)شان بەشانی ژمارە(٢٥١٠)کەبەرلەمە دەرچووبوو یاسایەکی تری دەرکرد ژمارە(١٠٥)بەپێی ئەم یاسا تازەیە دەسەڵات درا بەکاربەدەستانی حکومەت هەرخێزانێکی کورد کە جێگەی متمانەی حکومەت نەبێت لەشوێنی خۆیان دووربخرێنەوەو بگوێزرێنەوە بۆناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا و بۆ ئەو مەبەستە نامەبۆ(١٩) ویلایەت نووسرا کە بریتی بوون لە(هاتای، موش، سیرت، دیاربکر، ئورفە، ماردین، ئاگری، بدلیس، وان، ئەرزڕوم، قزل تەپە، ماراش(مرعش)، ئادیمان،ملاطیە، العزیز، تونجلی(درسیم)، بنگول، هەکاری، ئەرزنجان)و داوا لەکاربەدەستانی ئەو ویلایەتانە کرا ناوی ئەوانە دەسنیشان بکەن کەئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

لەسەرەتای کانونی دوهەمی(١٩٦١)دا(٤٩)کورد گیراو دران بەدادگای سوپایی لە ئەنقەرە لەزەمانی (مندریس)داو دادگاکردنی ئەوانە بەنەهێنی،

کـراو تـاوانی ئـەوە درایـە پاڵیـان کـە دەیانـەوێ حکومـەتێکی کـوردییی سـەربەخۆ دامـەزرێنن و یـەکێتی وڵاتـی تورکیـا تێـك بـدەن و ئەمانـە لـە(٨-١٥)ساڵ حەپس کران کەلەناویانا محامی و دکتۆرو قوتابی‌یان تیادا بوو.

لـــە(٦)ئایـــاری(١٩٦١)دا(٨)کـــورد لەشـــاری(بورصـــە)کەلـــەمانگی حزیرانـی(١٩٦٠)دا گیرابـوون بـەپێی یاسـای(قـانون اسـتیطان-یاسـای نیشتەجێ‌کردن) بەڕوخێنەر تاوانبارکران. بەرلەمە لەساڵی (١٩٦٠)دا (٢٧٥) کەسایەتیی ناسراوو سیاسەتمەداری کورد کەلەناویانا ئەندامی پەرلـەمان و فرمانبـەرو مامۆسـتاو پیـاوی ئـاینیی و سـەرۆك عەشـیرەت هـەبوو, لـەپاش دادگاکردن(٢٢٠)کەس لەو گیراوانە بڕیاری ئەوەیان بەسەرا درا کەپێویستە لەشـوێنێکی تایبەتیـدا بـەزۆرە ملـێ نیشـتەجێ بکـرێن و (٥٥) کەسـیان هەریەکەیان بۆچەند ساڵێك بڕیاری زیندانی‌کردنیان دەرچوو.

لـــەپایزی ســـاڵی(١٩٦١)دا حکومـــەتی تـــورك بەســـەدان خێزانیـــان لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتەوە گواستەوە بۆ ڕۆژئاوا بەبیانووی ئەوەی حکومەت ویسـتبووی ئـەو خێزانـە کوردانـە لەچەوسـاندنەوەی دەرەبەگـەکان ڕزگـار بکـرێن (وەکـو حکومـەت خـۆی دەسـتی نـەبوو بێـت لەوچەوسـاندنەوەی ئەوخێزانانە) کە سەرچاوەی پرۆفیسۆر حسرتیان بۆ ئەمە بریتیە لە:

کتێبەکـەی (ئـا.م.شمـس الـدینوف-الجمهوریـە الترکیـە,چاپی مۆسـکۆ ساڵی(١٩٦٢) لاپەڕەکانی (٧٨-٧٩).

پرۆفیسۆر حسرتیان لەکۆتایی باسەکەیدا, لەلاپەڕە(٨٦)دا وتوویەتی:

((ئا ئەمەیە ڕەفتـارو سیاسـەتی شـۆڤێنی و کۆنـە پەرسـتانەی حکومـەتی تـورك و تـاقمی کاربەدەسـتە دکتـاتۆرە کۆنـە پەرسـتەکانی ئـەم حکومەتـە بەرامبـەر نەتـەوەکانی کـوردو ئەرمەن و یۆنانیەکان... بـەڵام ئـەم سیاسـەتەی

تابێت لەنرخی ئەو حکومەتە کەم دەکاتەوە, لەلایەکی ترەوە مەعنەویاتی ئەو میللەتە چەوسێنراوانە هەتا بێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرزتر دەبێتەوەو کۆڵنادەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی دەیانگەیەنێتە سەربەستی و ئازادی و ڕزگاربوون لەقین و ڕقی طورانیەکان کەئەم طورانیانە دەیانەوێ بەو سیاسەتە ڕەگەز پەرستانەیان ئەو میللەتانە لەناو بۆتەی خۆیانا بتوێننەوە)).

تائیرە بریتی بوو لەوباسە بەنرخەی پرۆفیسۆر حسرتیان دەربارەی ئەویاسایانەی حکومەتی تورك بەرامبەر کوردی باکوور دەریان کردبوو, پاش ئەم باسە دەچینە سەر ئەو باسەی (ئەنیستیتۆی کوردی لەپاریس) لەفرنسیەوە باسەکەی کردوە بەئینگلیزی لەژێر ناوی (The Boning Of Kurdish Culturo) بەلاّم بەرلەوەی بچینە سەر ئەو باسە ئەنستیتۆتی کوردی بەپێویستم زانی لێرەدا جارێکی‌تر کورتە باسێکی ئەو مادانەی لەپەیمانی(لۆزان)دا کردبوویان بەمەرج بەسەر حکومەتی تورکیاوە کە دەبوایە بەپێی ئەو مەرجانە حکومەت پێویست بوو ناوەڕۆکی ئەو مادانە بەجێ بهێنێت کەلەو پەیمانەدا بڕیاری لەسەر درابوو وە حکومەتی تورکیاش مۆری کردبوو.

لەبەرگی دوهەمی ئەم کتێبەدا لەباسی دووهەمی بەشی حەوتەمدا کەبۆ ئەوپەیمانە تەرخانکراوە دەربارەی ئەو مادانەی لەوپەیمانەدا دانیشتوانی کوردی گرتبووەوە لەباکووری کوردستاندا ئاماژەمان بۆ مادەکانی(٣٧,٣٨,٣٩,٤٤)کردبوو کەلەو مادانەدا کوردی دەگرتەوە وەکو لەخوارەوە باسکراون:

ماده:٣٧-حکومەتی تورکیا بەڵێن ئەدا هیچ بڕیارو یاسایەك دەرنەکات کە بەپێچەوانەی ناوەڕۆکی مادەکانی ئەم پەیمانەی(لۆزان)بێت.

ماده:٣٨-حکومەتی تورکیا بەڵێن ئەدات هەموو دانیشتوانی وڵاتەکەی سەربەستییەکی تەواویان دەبێت بێ جیاوازی لەڕووی نەتەوایەتی و زمان و ڕەگەزو ئاینی ئەو دانیشتوانەوە.

کاده:٣٩-هیچ جۆرە فشارو بەرهەڵستیەك ناخرێتە سەر هیچ هاوڵاتیەکی تورکیا و ڕێگەی لێ ناگیرێت لەبەکارهێنانی هەر زمانێك کە بیەوێ بەکاری بێنێت لەکاروباری خۆیدا وەکو کاروباری بازرگانی و ڕاگەیاندن و نووسین و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی لەشوێنە گشتیەکانا.

ماده:٤٤-بەڵێنەکانی حکومەتی تورکیا لەبەجێهێنانی مادەکانی ئەم پەیمانە بریتین لەبەجێهێنانی بڕیارەکانی نێو دەوڵەتی کە بەهیچ شێوەیەك حکومەتی تورکیا بۆی نیە لێ یان پاشگەز بێتەوەو ئەو وڵاتانەی کۆمەڵی نەتەوەکانیان لێ پێك دێت(مەبەست عصبە الامم)ە مافی سەرپەرشتیکردنی بەجێهێنانی ئەو مادانەیان هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا تورکیا بەجێیان دەهێنێت یانا؟ وەمافی ئەوشیان هەیە دەست لەکاروباری تورکیا وەربدەن تا ئەوکاتەی ناچاری دەکەن بەڵێنەکانی بەجێ دەهێنێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەو پەیمانەلە (٢٤)ی تەموزی(١٩٢٣)دا لەلایەن حکومەتەکانی: بریتانیا, فرنسە, ئیتاڵیا, ژاپۆن, یۆنان, ڕۆمانیا, صرب, کرواتیا, سلۆڤینا و تورکیاوە مۆرکراو نوێنەری تورك لەکاتی مۆرکردنی پەیمانەکەدا وتبووی:حکومەتی تورکیا بەناوی حکومەتی تورك و (٧٥)

ئەندامی کورد کە لەئەنجومەنی میللیی تورکدان لە ئەنقەرە ئەوپەیمانە مۆر دەکات...

بەلأم هەمووی چەند مانگێگ تێپەڕی نەکرد بەسەر ئەو پەیمانەدا, مصطفی کمال ئەنجومەنی میللیی تورکی هەڵوەشانەوەو لەرۆژی(۰۳/۰۳/۱۹۲٤)دا زمانی کوردیو قوتابخانە کوردییەکانی قەدەغەکردو ئیتر هەربڕیارو یاسای تازە بوو لەلایەن حکومەتەوە دەرئەچوو کە هەموویان پێچەوانەی بڕیارەکانی لۆزان بونو ئەو حکومەتانەش کە بەرپرسیاربوون لە بەجێهێنانی مادەکانی لۆزانو سەرپەرشتیکردنیان هیچیان وتەیان لێوە نەهاتو ئەو(۷٥)ئەندامە کوردەش کەلەو ئەنجومەنە هەڵوەشێنراوە دابوون هیچ حسابێکیان بۆ نەکراو حکومەت بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە سەرکوتی کردن.

بەپێیی وەرگێڕانەی ئەنیستیتۆتی پاریس لە فرنسیەوە بۆ ئینگلیزی حکومەتی تورکیا زنجیرەیەك بڕیارو یاسای دەرکرد هەروەکو لەخوارەوە باسیکراوە:

١) لەساڵی(۱۹۲٤)دا یاسایەکی تازە بلأوکرایەوە دەربارەی ڕێبازی نەتەوایەتیی ڕژێمی تورکیا کەبەو ئایدیۆلۆجیانە دەوترا(کمالیزم-Kamalism)و پاراستنی ئەو کمالیستە خرایە ئەستۆی سوپاو دەسەلأتێکی تەواوی پیٚدرا بۆ سەرگرتنو ئەو ئەرکەی پێی سپێرابوو, وەلە هەمان ساڵدا یاسایەك دەرچوو بەپێی ئەو یاسایە هەموو جۆرە ڕەخنە گرتنێك لە مصطفی کمال یالە ئایدیولۆجیەتی تورکیا لەڕووی ڕەگەزەوە دەبێ بەتورك بژمێرێنو بەوجۆرە ناوهێنانی کوردو کوردستانو باسکردنیان بەتاوان دەژمێرێت.

ئـەو یاسـایانەی لەلایـەن حکومەتـەوە دەرکـران کـە پێچـەوانەی بڕیارەکانی لۆزان بوون بریتی بوون لە:

٢) لەسـاڵی(١٩٢٦)دا بـەپێی مادەکـانی(١٤١)و(١٤٢)ئەویاسـایەی بەرچو بوو بڕیـاردرا کـورد بـۆی نیـە مەریـەی کوردایـەتی خـۆی بـاس بکـاتو دەستنیشـانی بکـاتو بـۆی نیـە هـیچ کۆمـەڵو ڕێکخراوێکـی تایبەتیی خۆی هەبێت.

٣) لەیاسـای ژمـارە(٢٨٢٠)دا وتـراوە: نـابێ هـیچ پـارتێکی سیاسـی لەتورکیادا دان بـەبوونی کـوردا بنێـت یـا پارێزگـاری لـەبوونو بلاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی کورد بکات.

لـە(١٩٢٦/٠٣/٠٣)دا یاسـای ژمـارە(٧٦٥)بلاوکرایـەوە کـە پێیـی وتراوە(قانونی عقوباتی تورکی) لەمادە(١٤١)دا فقرە(٤)یدا ووتراوە:

((ئەوانـەی بـەناوی ڕەگەزایەتیـەوە هەوڵبـدەن بەشـێك یاهـەموو ئـەو مافانـەی لەیاسـادا دەستنیشـانکراون لاواز بکـەن یـا تێکیـان بـدەن (٥-١٢)سـاڵ زینـدانی دەکـرێن (مەبەسـت لـەماف-مـافی دەسـەلأتدارێتی بەسەلأتدارانی حکومەتە).

٤) بـەپێی فقـرە(٥)ی مـادە(١٤١)ی هـەمان یاسـا(مەبەسـت یاسـای ژمـارە(٧٦٥) ئەوانـەی دەبـن بەلایـەنگری ئەوانـەی لـەفقرە(٤)داباسـکراوە بەپێی ئەویاسایە(٥-١٢)ساڵ زیندانی دەکرێن.

٥) بەپێی فقـرە(٦)یمـادە(١٤١)ی هـەمان یاسـای پێشـوو, دەتـوانرێ ئەگەر ئەو کردارەی لەمـەدا باسکراوە پێوەنـدیی بەیـەکێك لـەدەزگا کـانی بەڕێوەبردنی حکومەتـەوە هـەبێت وەیـا ئـەوکارە لـەناو هـۆڵو خـانووی دەزگاکـانی حکومەتـدا ڕوویـدات کـەنرخی ئـەو هـۆڵو خـانوو شـوێنانە

بەپارەی حکومەت کراین ئەوا دەتوانرێ سێیەکی ئەو سزایەی دراوە بخرێتە سەر سزاکەی ئەمە خانووی نەقابەی کرێکاران و [illegible] و [illegible] یەکانیش دەگرێتەوە. [illegible]

٦) بەپێی فقرە(٨)ی مادە(١٤١)هەروەکو بونەوەی ڕێکخراوێک کەلەدووکەس پتر تیایا بەشداربن مادەکەی پێشوو دەیانگرێتەوە(دیارە ئەوانەی بەرەزامەندی حکومەت نەبوبێت).

٧) فقرە(٣)ی مادە(١٤٢)هەرکەسێك بەمەبەست و نیازی ڕەگەز پەرستێتی هەوڵ بدات بەشێك, یاهەموو ئەو دەسەلاَتانەی دراون لاواز بکات یا تێکی بدات لەڕێگەی بلاَوکردنەوەی پڕوپاگەندەوە بۆماوەی(٥-١٠)ساڵ زیندانی دەکرێت.

٨) فقرە(٤)ی مادە(١٤٢)هەرکەسێك ڕەفتارو کرداری ئەو تاوانبارانەی ئەو مادانە دەیانگرێتەوە بەڕاست و بەباشیان بزانێت بۆماوەی(٢-٥)ساڵ زیندانی دەکرێت.

٩) فقرە(٥)ی مادە(١٤٢)ئەگەر ڕووداوێك لەوشوێنانەدا ڕوویدا کەبەرلەمە لەفقرە(٦)ی مادە(١٤١)دا باسیکراوە ئەوا دەتوانرێت سێیەکی ئەو مادانەش کەبۆیان دەستنیشانکراوە بخرێتەسەری.

لەم ساڵانەی دواییدا گەلێك یاسای تر دەرچوە وەکو:

١- یاسای ژمارە(٢٨٨٠)کەلە(١٩٨٣/٠٤/٢٤)دەربارەی حزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی ناو تورکیا و بەپێی ئەم یاسایە گەلێك مەرجی گران و توندو تیژ دانراوە بۆ ئەو حزبانەی بۆچوون و پرۆگرامەکانیان لەگەڵ بیروباوەڕی کمالیستەکانا یەکی نەدەگرتەوە.

٢- لە(١٠/٠٩/١٩٨٣)دا یاسای ژمارە(٢٣٩٢)دەرچوە کە تایبەت بوە بەچاپەمەنیو بلاوکراوەکانو ڕۆژنامەو گۆڤارو فلیمو گەلێك شتی تر.

- ئەوەی شایانی باسە، جگە لەو دووباسە پرۆفیسۆر حسرتیانو وەرگێڕاوەکەی ئەنیستیتۆتی کوردی لەپاریس دەربارەی ئەو یاسایانەی دژی کورد دەرچوون، هەندێ سەرچاوەی تریش باسی هەندێ لەو یاسایانەیان کردوە وەکو کتێبەکەیعبدالرحمن قاسملۆ سەرچاوە(١٦)کەلە لاپەڕە(٧٨)یدا ئاماژەی بۆ کتێبەکەی ڕامبۆ کردوە دەربارەی ڕاگوێزانی کورد لەژێر ناوی (Rambour Les Kurds) کەبەرلەمە دکتۆر عزیز شمزینیش باسیکردوە بێجگە لەوە دکتۆر قاسملۆ ئاماژەشی بۆ کتێبەکەی(م.تیکیا لب)کردوە کە بەزمانی چیکی دەربارەی کەمالیەکن لەسالی(١٩٣٨)دا چاپکراوە لەلاپەڕە(٢٢٢)یدا باسی چۆنێتی قەدەغەکردنی زمانی کوردی کردوە.

قاسملۆ ئاماژەشی بۆ کتێبی نووسەرێکی تورك کردوە(ئەحمەد رشید) کە مامۆستایەکی ئەکادیمیەو لەلاهای کتێبەکەی چاپکردوە بەناوی(مافی کەمایەتیەکان لە تورکیا لەڕابردوو لە ئێستاداو لەو کتێبەیدا کە بەئارەزووی حکومەت نوسیویتیی، هەندێ شتی بەپێچەوانەی ڕاستیەکان تۆمارکردوە کە وتوویەتی(مێژوو دەری خستوە تورکیا هەمیشە وە بە شێوەیەکی چەسپاو ڕێزی لەمافی کەمەنەتەوەکان گرتوە هەرچەند زۆرجار ڕووداوەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی یاسادا یەکناگرێتەوەو ئەو کێشەیەش کە لەنێوان حکومەتی تورکیاو هەندێ کۆمەڵو تاقمدا ڕوویداوە هیچ پێوەندییەکی نەبوە بەمافی کەمەنەتەوەکان)).

قاسملۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەکانی ئەو نووسەرەو ئەوانەیتر کە بیستوویانە پێ شێلکردنی مافی کەمەنەتەوەکان بشارنەوەو بیانوو درۆو دەلەسەی بۆ بدۆزنەوە, ئاماژەی بۆ ئەوبەیانو ووتارەی مصطفی کمال کردوە کەسالی(١٩٣٦)دا لەئەنجومەنی میللیدا بەئاشکرا وتبووی:

((گرنگترین کێشەی ناوخۆ بریتییە لەکێشەی درسیم(مەبەستی شۆڕشەکەی درسیمە بەسەرکردایەتی سەید ڕەزا)و بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستە کاربەدەستانی حکومەت لەوناوچەیەدا ئەوپەڕی دەسەلاتیان پێ بدرێت بۆ کەم کردنەوەو نەهێشتنی ئەو کێشەیە)), سەرچاوەی قاسملۆ بۆ ئەمەی مصطفی کمال بریتیەلە کێشەکەی نوری درسیمی لاپەڕە(١٠٥) لەباسی دەهەمی شۆڕشی ئاگریداغیشدا بەرلەمە ئاماژەمان بۆیاسای ژمارە(١٨٥٠)کردوەکە هەروەکو گۆڤاری(The Kkurds) بلاوی کردۆتەوە دەربارەی لێ نەپرسینەوە لەهەر کوشتارو ڕەفتارێك کەلەلایەن کاربەدەستانی سوپاییو مدنی تورکەوە کرابێت بەنیازی دابینکردنی ئاسایش لەناوچەکانی(Zelan-Ercisو ئاگریداغو ئورفەو ئەرزنجان یالە هەرشوێنێکیتری ئەناتولیا هەروەکو لەڕۆژنامەی میللیت دا بلاوکراوەتەوە.

تائێرە, لەم بەرگی سێهەمەدا باسی شەڕی جهانی دوهەمو هەندێ لەویاسایانەی دوای شەڕی دوهەمی جهانی دەرچوە خرایە پێش چاوی خوێندەوارانی بەرێزو هیوادارم لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی کورد لەباکور ئەوانەی لەمن شارەزاتر ئاگاداری ڕووداوەکانن زنجیرەی مێژوی باکوری کوردستان تەواو بکەنو لاشم وایە میللەتێك دوای ئەو هەموو فیداکاریو خۆبەختکردنانەی لاپەڕەکانی مێژوو تۆماریانکردوە, ئەوا

هەربەئامانجی خۆی ئەگات و ڕژێمی فاشستی وورده وورده گەندەڵ ئەبێت و ئازادی و دیموکراتی سەردەکەوێت.

لەکۆتایی ئەم بەرگەدا سوپاسێکی بێ پایانی ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە هەندێ سەرچاوەیان بۆناردم بەتایبەتی برای بەڕێزم مامۆستا محمدی ملا کریم کەهەمیشە خەمی هەموو نووسەرێکی خواردوە بۆ دەستگیر بوونی ئەو سەرچاوانەی لەتوانایدا بوە پەیدایان بکات.

سەر چاوەکانی بەرگی دووەم

زنجیرە	ناوی سەرچاوە	نووسەرو وەرگێر	شوێن و ساڵی لەچاپدانی
١	گۆڤاریThe Kurds	David Macdwell	ژمارە/٣ لندن ١٩٨٢
٢	اعلام الكرد	مير بصري	لندن-قبرص ١٩٩١
٣	مێژووی ڕۆژنامەگەری	دکتۆر جمشید حیدری	گۆڤاری پەیڤ ژمارە/١٦ لندن ١٩٩٢
٤	People With Out Contry	نوسینیChallandوەرگێرانی دکتۆر احمد عوسمان	گۆڤاری نووسەری کورد ژمارە/٤ ساڵی ١٩٨٦
٥	ڕۆژنامەی کوردستان	دەستەی نووسەرانی گۆڤاری چوار چرا	گۆڤاری چوار چرا ژمارە/٢ ساڵی ١٩٨٦
٦	پێوەندیی نێوان کوردو ڕوسیا	دکتۆر کمال علی	گۆڤاری چوار چرا ژمارە/٣ ساڵی ١٩٨٦
٧	شۆڕشی درسیم	وەرگێڕنی لە تورکیەوە بۆ کرمانجی ی ژوورو لەلایەن دکتۆر جبار قادر بەپیتی لاتینیو وەرگێرانی حسن کوخی بۆ پیتی عەرەبی بە کوردی	گۆڤاری پێشەنگ ژمارە/١٥ سوید ساڵی ١٩٨٨و گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە/١٢٦ ساڵی ١٩٩٠
٨	مەسەلەکانی کورد	د.جی.نیلنستن، وەرگێری عبدالقادر حشمت بۆ کوردی	لەبلاو کراوەکانی دەنگی گێتی
٩	کوردستانی تورکیا بەزەمینەی مێژوییەوە	دکتۆر عصمت شریف وانلی	گۆڤاری خوندکاری کورد پاریس ١٩٩٠
١٠	گۆڤاری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٠	فەرهاد پیربال	چاپی پاریس ١٩٩٠
١١	چل ساڵ لەمیرەوەریی جلادت بدرخان	کونی ڕەش	گۆڤاری هیوا پاریس ژمارە/٨ ساڵی ١٩٨٦
١٢	البارزاني والحركة التحررية انتفاضة بارزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢	مسعود بارزانی	چاپخانەی خەبات ١٩٨٦
١٣	ملاحظة تاريخية حول نشاة الحركة القومية الكردية	سیامند احمد عوسمان	گۆڤاری دراسات كرديه-پاریس ساڵی ١٩٨٤
١٤	ڕابەری ڕۆژنامە گەری	جمال خەزنەدار	بغداد ١٩٧٣

١٥	ڕۆژنامەكانی بانگی كوردستان و ڕۆژی كوردستان ١٩٢٢-١٩٢٣	جمال خەزنەدار	١٩٧٣و١٩٧٤ بغداد
١٦	كردستان والاكراد	دكتۆر عبدالرحمن قاسملۆ	بيروت١٩٧٢
١٧	جمهوريه مهاباد	وليم ئيگلتن-وەرگێڕانی جرجس فتح الله بۆ عەرەبی	بيروت ١٩٧٢
١٨	ڕاپەڕينی كوردەكان ساڵی ١٨٨٠	نوسينی دكتۆر جليلی جليلی وەرگێڕنی دكتۆر كاوس قەفتان بۆ كوردی	بغداد ١٩٧٨
١٩	كێشەی كورد لەسيڤەرەوە بۆ لۆزان	دكتۆر فواد حمه خورشيد	گۆڤاری ڕەنگين ژمارەكانی٧٩،٨٠،٨٩ساڵانی ١٩٩٥،١٩٩٦-بغداد
٢٠	دەربارەی ڕۆژنامەی كوردستان	محمد ملا كريم	گۆڤاری ڕەنگين ژمارە/٧٩-١٩٩٥
٢١	كوردەكانی ئيمپراتۆرێتی عوسمانی	نوسينی دكتۆر جليلی جليل وەرگێڕانی دكتۆر كاوس قەفتان بۆ كوردی	بغداد ١٩٨٧
٢٢	كردستان والحركة القومية الكردية	جلال تاڵەبانی	بيروت ١٩٧١
٢٣	كوردو كردستان في الوثائق البريطانية	دكتۆر وليد حمدي الاعظمي	قبرص ١٩٩٢
٢٤	كوردستان لە ساڵەكانی شەڕی جهانيدا	دكتۆر كمال مەزهەر	بغداد ١٩٧٥
٢٥	عرب واكراد-رؤوية عربية	منذر الموصلي	بيروت ١٩٨٦
٢٦	ڕۆژی كورد ساڵی ١٩١٣	جمال خەزنەدار	بغداد ١٩٨١
٢٧	ياداشتەكانی ميجر نۆئيل	ميجر نۆئيل	دوكيومنيتی-Fo.371-13947ئەرشيفی وزارتی دەرەوەی بريتانيا
٢٨	جمهوری اول توركی	ڕيچارد رالينسۆن و ئيرج ئەمنی كردويەتی بە فارسی	چاپی تاران ١٣٥٦/٠٤/٠٧ كۆچی
٢٩	كوشتاری ئەرمەنيەكان	كاك باجلانKak Bajalan	گۆڤاریKurdish Timeژمارە/٢ ساڵی١٩٩٢ ئەمريكا

٣٠	كمال ئەتاتورك	محمد محمد تۆفيق وسماعيل فراهانى كردويتى بەفارسى	چاپخانەى موسوى-ئەراك ئێران سالى ١٣١٨ى كۆچى
٣١	كوردستان و شۆڕشەكەى	نوسينى دكتۆر جمال نەبەزو دكتۆر كوردۆ لە ئەلمانيەوە كردويتى بە كوردى	چاپى سويد سالى ١٩٨٥
٣٢	خلاصة تاريخ كردو كردستان	نوسينى ئەمين زەكى بەگ بەكوردى وەرگێرانى محمد على عونى بۆ عەرەبى	چاپى قاهرە ١٩٦١
٣٣	گەشتەكەى(بيور)لەكورد ستاندا	شوكر مصطفى لەتوركيەوە كردويتى بەكوردى	گۆڤارى كۆڕى زانيارى-بغداد ژمارە/٢ سالى ١٩٨٣
٣٤	كورد لاى گردليڤسكى	دكتۆر كمال مەزهەر	گۆڤارى كۆڕى زانيارى ژمارە/٢ سالى ١٩٨٣
٣٥	عرب‌واكرام-خصام او وئام	دكتۆر دريە محمد على عونى	قاهرە چاپى سالى ١٩٩٣
٣٦	كوردو مەسەلەكەى	ميخائيل سيمۆ نۆڤيچ لازاريف وەرگێرانى دكتۆر كمال على بۆ كوردى	گۆڤارى(سوكسە)سويد
٣٧	الاكراد شعبا وقضية	صلاح بدرالدين	بيروت ١٩٧٨
٣٨	مێژوو-كوردو مێژوو	دكتۆر كمال مەزهەر	بغداد ١٩٨٣
٣٩	چەند لاپەرەيەك لەمێژووى گەلى كورد	دكتۆر كمال مەزهەر	بغداد ١٩٨٣
٤٠	كۆمەلّ و ڕێكخراوو حزبەكورديەكان لەنيو سەدەدا	دكتۆر عبدالستار طاهر شريف	بەرگى ١٨-١٩ گۆڤارى كۆڕى زانيارى-بغداد ١٩٨٨
١/٤٠	الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن	دكتۆر عبدالستار طاهر شريف	بغداد سالى ١٩٨٩
٤١	مێژووى كورد لەسەدەى نۆزدەو بيستدا	كريس كوچرا-وەرگێر محمد ريانى	چاپى تاران ١٣٦٩ى كۆچى
٤٢	جولانەوەى ڕزگاريى نيشتمانى كورد	نوسينى دكتۆر عزيز شمزين وەرگێرانى بۆ كوردى(ئەسە سەرد)	چاپخانەى ئيبراهيم عزو سالى ١٩٨٥
٤٣	كورد	مينورسكى وەرگێرانى بۆ عەرەبى دكتۆر مارف خەزنەدار	بغداد ١٩٨٤

٤٤	الرجل الصنم-ئەتاتورك الجزء الاول والثاني	ظابط تركي سابق وترجمه عبدالله عبد بۆ عربي	بيروت ١٩٩٢
٤٥	القومية في توركيا	پرۆفيسۆر حسرتيان وەرگێرانی بۆ عربي(سيامند سرتی)	شوێن و ساڵی چاپی لەسەر نيه
٤٦	تركيا والشرق الاوسط	Philip Robins تەرجمەی بۆ عربي-ميخائيل نجم خوری	ليما سول-قبرص ١٩٩٣
٤٧	العرب والترك في العهد الدستوري العثماني١٩٠٨-١٩١٤	دكتۆر تۆفيق برو	دمشق ١٩٩١
٤٨	الدولة العثمانية-قراءة جديدة لعوامل الانحطاط	دكتۆر قيس جواد العزاوی	فلوريدا ١٩٩٤
٤٩	كردستان توركيا بين الحربين	پرۆفيسۆر حسرتيان و ترجمەی بۆ عربي سعدالدين ملاو باقی نازی	بيروت ١٩٨٧
٥٠	بنەماڵەی شێخی پيران	Robertolson	جامعەی كنتاكی ١٩٨٤
٥١	سياحەتنامەی ئەوليا چلبی	وەرگێڕی سعيد ناكام بۆ كوردی	بغداد ١٩٧٦
٥٢	كورد از ديرون	حسن عرفه-وەرگێرانی حامد گەوهەر	سويد ١٩٨٥
٥٣	جنبشهای كورد از ديرون تا اكنون	م.كاردوخ	يوتوبوری/سويد ١٩٩٣
٥٤	الاكراد	باسيل نيكهتين وەرگێرانی صلاح بروارى	١٩٩٣
٥٥	نهضة الاكراد الثقافية	دكتۆر جليلی جليل-باقی نازیو(د.ولاتو)كرديانە بەعربي	بيروت١٩٨٦
٥٦	كردستان والحركه القوميه الكرديه	صلاح بدرالدين	نيقوسيا ١٩٨٣
٥٧	في سبيل كردستان(مذكرات	زنار سلپی(قدری جميل پاشا)	بيروت ١٩٨٧
٥٨	تاريخ الدولة العلية العثمانية	فريد بكری المحامی	بيروت ١٩٨١
٥٩	جولانەوەی رزگاری خوازيی كورد	رادۆڤان باڤيج وەرگێرانی محمود ملا عزت	سويد ١٩٨٥
٦٠	القضية الكردية-ماضي	بله ج شيركۆ(جلادت بدرخان)	بيروت دار كاوه للنشر ١٩٨٦

	الكرد وحاضرهم		
٦١	انتفاضة ئاگرى-مذكرات	وەرگێڕانی صلاح بروارى بۆ عربى	بيروت ١٩٩٠
٦٢	محازەرەيـــەك دەربـــارەى كوردستان	ژنەكەى ميجرسون	گۆڤارى Journal The Royal Centreحزيرانى١٩٣٥
٦٣	الحركة الكردية في الزمن الحديث والمعاصر	تاليف مجموعة من المستشرقين الروس ترجمه بۆ عربى كرم السويدى	مسۆدەيەكى چاپ نەكراوە
٦٤	The Baning Of Kurdog is Culture	نوســينى پرۆفيســۆر حســرتيان ترجمە(ش.خ.محو)	انستيتوتى كوردى لە پاريس
٦٥	ياداشــتەكانى مامۆســتا رفيق حلمى	رفيق حلمى	چاپى دوهەم بغداد ١٩٨٤
٦٦	The Conflict Of Tribes in Iran And Afganistan	مارتن ڤان بروسنون	لندن ١٩٨٣
٦٧	بيرەوەريـــەكانى عزيـــز ياموڵكى	عبدالعزيز ياموڵكى	ڤۆگـــــارى مامۆســــــتاى كورد(١٩٦٦)سويد
٦٨	گەشتەكەى (ريچ)	وەرگێڕانى حەمەى حەمە باقى	چاپى تەورێز ١٩٤٢
٦٩	ياداشــتەكانى ئەحمـــەد تقى	ئامادەكردنى جلال تقى	بغداد ١٩٧٠
٧٠	كوردو عجم	صـالح محمـد ئـەمين(نوشـيروان مستەفا)	چاپى ساڵى(١٩٩٢)
٧١	كورتـــــە ميـــــژووى بزوتنـەوەى نەتەوايـەتى كورد	صادق شرفكندى	سويد١٩٩٥
٧٢	ذكر الاكراده اصولهم من كتابات المسلمين الاوائل	دكتۆر احمد عوسمان ابوبكر	گۆڤارى كـۆڕى زانيـارى ژمـارە/١٢ ساڵى ١٩٨٥ بغداد
٧٣	شێخ و ئاغاو دەوڵەت	مـارتن برومنـوف بـەرگى يەكـەم ترجمەى دكتۆر كوردۆ على	سويد١٩٩٦
٧٤	الـــــتراث الكـــــردي في المؤلفات الايطالية	Mirello Galletti وەرگێڕانـى دكتۆر يەنس حبى بۆ عربى	گۆڤـــارى كـــۆڕى زانيـــارى ژمارە/٨ساڵى١٩٨١
٧٥	شرفنامە	شـــرفخانى بـــدليس-هـــەژار لەفارسيەوە كردوێتى بەكوردى	چاپى تاران چاپخانەى جەوهـەرى ساڵى١٩٨١
٧٦	ڕۆژنامـــەى كوردســـتان لەساڵانى١٨٩٨-١٩٠٢	كۆكردنـەوەو لەسەرنوسـينى محمـد ئەمين بۆز ئەرسەلان	دوجلد-سويد
٧٧	گۆڤارى ژين	كۆكردنەوەو لەسەر نوسينى محمـد	چوار جلد-سويد

		ئەمین بۆز ئەرسلان	
٧٨	ژیانی شریف پاشای خەندان		گۆڤاری مامۆستای کورد-سوید ساڵی١٩٩٥
١/٧٨	Dicavkaniye Swedi De Motiven Kurdi	ڕوهات ئالاکۆم	چاپی سوید ١٩٩١
٧٩	The Case Of Kurdistan Against Turkey	سریا بدرخان	فلادلیفیا ساڵی١٩٢٨ چاپی دووەمی سوید١٩٩٥
٨٠	بەرگی یەکەمو دووەمی کتێبەکەی شێخ محمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی کوردستان	محمد رسول هاوار	١٩٩٠ لندنو١٩٩١ ستۆکهۆڵم
٨١	گزیدەی اسناد سیاسی ئێرانو عوسمانی در دورەی قاجاریە-جلداول	دفتر مطالعات ساسي، بين الملل ئيران	تاران ١٣٦٩کۆچی
٨٢	الامبراطوية العثمانية	سعيد احمد بر جاوى	بيروت ١٩٩٣
٨٣	الترك في العصور الوسطى وبيزنطة و سلاجقة الروم	دكتوره زبيدة عطا	كويت-دار الفكر العربي مێژووی چاپی لەسەر نیە
٨٤	The Emegenco Of Kurdish Nation alism And Shaikh Said Rebilion 1880-1925	Robert Olson	چاپی امریکا ١٩٨٩
٨٥	Ataturk The Birth Of Nation	Patrick Kinross	لندن١٩٩٥
٨٦	المغول	السيد الباز العريني	بيروت ١٩٨٦
٨٧	ژمارەکانی گۆڤارەکانی ڕۆژی نوێ	ئیسماعیل حقی شاوەیس	١٩٦٠-١٩٦١ سلێمانی
٨٨	مجلات الهلال خلال سنوات	منشاها جرجى زيدان	مطبعة الهلال-فجالة-مصر
٨٩	The Otoman Empire Osoman	Wane.S.Vucinich سهیل ئازری کردویتی بەفارسی	چاپخانەی شفق/تەورێز ساڵی١٣٤٦ی کۆچی
٩٠	تاریخ عوسمانی از تشکیلات تافتح استمبول	دکتۆر ئیرج نوبخت کردویتی بەفارسی	١٣٦٨ی کۆچی
٩١	کوردستان موکریان یا اتروپاتین	حسین حوزنی موکریانی	رواندز ١٩٣٨

٩٢	الاكراد والعرب	ئیبراهیم ئەحمەد	بغداد چاپی یەکەم ساڵی ١٩٣٧
٩٣	تاريخ الامارات الكردية من الامبراطورية العثمانية	پرۆفیسۆر جلیلی جلیل وەرگێڕانی دکتۆر محمد عبدوالسنجاری بۆ عربی	دمشق ١٩٨٧
٩٤	پێوەندارێتی کورد	دکتۆر جمال نەبەز	١٩٨٦ ستوکهۆڵم
٩٥	معاهده سیڤەر	م.رسول هاوار	گۆڤاری الثقافة الكردية ژمارە٢/ چاپی لندن- مەڵبەندی رۆشنبیری ١٩٨٨
٩٦	الاكراد حفيد الميديين	مینورسکی وەرگێڕانی دکتۆر کمال مەزهەر	گۆڤاری کۆڕی زانیاری بغداد
٩٧	ئاوێستاو نامەی مەینەتی ئاینی زەردەشت بەشی یەکەم	ئەنداز حوێزی	سوید ١٩٩٢
٩٨	کوردستان لەچەند گەشتێکی رۆژ ئاواییەکاندا	شوکر مصطفی لەتورکییەوە کردوێتی بەکوردی	گۆڤاری کۆڕی زانیاری ژمارە/٨ ساڵی ١٩٨١ بغداد
٩٩	مێژووی حەسەنوەیلی و عەیاری	محمد جمیل رۆژ بەیانی	بغداد ١٩٨٦
١٠٠	رۆژنامە گەریی کورد	مالمیسانژ(مالمیخانژ)	سوید ١٩٨٩
١٠١	دوکیومینتەکانی ئەرشیفی حکومەتی بریتانیا	نووسەری راپۆرتەکان	....
١٠٢	خەبات(کێشە)لەرێی کوردستاندا	پرۆفیسۆر خالفین.جلال تقی لەروسیەوە کردوێتی بەکوردی	١٩٨٢
١٠٣	اضواء على قضايا دولية	دکتۆر کمال مەزهەر	بغداد ١٩٧٨
١٠٤	مێژووی مۆسیقای کورد	محمدی حمە باقی	سەقز ١٩٩٦
١٠٥	ئیسلام مردم پەسند، ناسیونالیزمی کورد- سەرهڵدانی شێخ سعید لەتورکیا ساڵی ١٩٢٥	مارتن ڤان برنسون و Gerard Beneck وەرگێڕنی حسنی قازی بۆ کوردی	Publick Record لندن
١٠٦	بەشی سێیەمی یاداشتەکانی مامۆستا رفیق حلمی	ئامادەکردنی دکتۆرە پاکیزە رفیق حلمی	بغداد

١٠٧	Mesopotamia And Kurdistan Disgiuse	میجرسون	چاپی لندن١٩١٢
١٠٨	کوردستان-یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی	کۆکردنەوەو لەسەر نوسینی د.کمال فوئاد	سلێمانی١٩٩٨
١٠٩	شۆڕشی شێخ سعید	د.عوسمان علی	گۆڤاری ئالأی ئیسلام ژمارە/١٤ سالّی١٩٩٨
١١٠	باسی عصبە الامم ومبادئی ولسون	دکتۆر عصمت شریف وانلی	گۆڤاری دراساتی کوردی ژمارە/٢١ بەشی عربی-پاریس
١١١	بدرخانیو جزیرە بۆتان	نوسینی مالمیانژو وەرگێڕانی بۆ عەرەبی شوکر مصطفی	اربیل١٩٩٨

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر / وەرگێڕ	بابەت	جۆری چاپ
٤٧٠	بیبلۆگرافیای چاپ و بڵاوکردنەوە	جەبار سابیر	بیبلۆگرافیا	چاپکردن
٤٧١	ئینسایکلۆپیدیای منداڵ/ گەردوون	ئاوات عەبدوڵڵا	منداڵان	چاپکردن
٤٧٢	ئینسایکلۆپیدیای منداڵ/ زەوی	ئاوات عەبدوڵڵا	منداڵان	چاپکردن
٤٧٣	هەرزەکاران با خۆیان بدۆزن	گەلاوێژ عەبدولقادر	کۆمەڵایەتی	چاپکردن
٤٧٤	ڕووەکەکان	سۆزان جەمال	زانستی	چاپکردن
٤٧٥	سایکس پیکۆ	ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی	ڕامیاری	چاپکردن
٤٧٦	سەرمەشقی دالیا	عالیە عەبدولکەریم	چیرۆک	چاپکردن
٤٧٧	کەشکۆڵی گەردوون	جەمال محەمەد	زانستی	چاپکردن
٤٧٨	پیاوێك لەبەراوێزدا	ئەسعەد عەزیز	چیرۆك	چاپکردن
٤٧٩	چیرۆکی ئادەمیزاد	ڕەئوف زوهدی	چیرۆك	چاپکردن
٤٨٠	گۆڤاری هەنار ژمارە (١٢)	چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٨١	گۆڤاری هەنار ژمارە (١٣)	چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٨٢	ڕەخنەی نوێی کوردی	د. کەمال مەعروف	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٤٨٣	گفتوگۆ لەسەر خوانی خوێنی کۆڕامانێك لەئەنفال	حەمەکاکە ڕەش	گفتوگۆ	چاپکردن
٤٨٤	ڕەفتار تێکچوونی منداڵ	نوری سەعید قادر	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٤٨٥	پرنتەر	سەلام مارف	کۆمپیوتەر	چاپکردن
٤٨٦	کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد	عەتا قەرەداغی	ڕامیاری	چاپکردن
٤٨٧	ژیان لەپێناو گێڕانەوەدا	جەبار سابیر	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	چاپکردن
٤٨٨	گۆڤاری هەنار ژمارە (١٤)	ب. چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٨٩	گۆڤاری هەنار ژمارە (١٥)	ب. چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٩٠	دیوانی ئاوات حەسەن	ئاوات حەسەن	شیعر	چاپکردن
٤٩١	ئۆڤیانۆوسێك لەئاوان	جەمال وەلی ئیبراهیم	کۆمەڵایەتی	چاپکردن
٤٩٢	دەستنووسی لەقێکان	نەجات نوری	ڕۆمان	چاپکردن
٤٩٣	گۆڤاری هەنار ژمارە (١٦)	ب. چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٤٩٤	دیوانی غەوسە	ئا: مارف ئاسراو	شیعر	چاپکردن
٤٩٥	الثدي	د. نهرین جون عزیز	تەندروستی	چاپکردن

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر / وەرگێڕ	بابەت	جۆری چاپ
٤٩٦	دیوانی جەمیل ڕەنجبەر	جەمیل ڕەنجبەر	شیعر	چاپکردن
٤٩٧	زنجیرەیەك باس و لێکۆڵینەوە	و. ڕەفعەت مورادی	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٤٩٨	مافی سروشتی	و. دلێر میرزا	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٤٩٩	بیرەوەرییەکانی پانزە ساڵی زیندانیم	فوئاد محەمەد تۆفیق	بیرەوەری	چاپکردن
٥٠٠	ئاهەنگی نێو کاتژمێر	شیرین تاهیر	چیرۆك	چاپکردن
٥٠١	ئەزموونی شانۆگەری گەڕۆك	بورهان قەرەداغی	شانۆ	چاپکردن
٥٠٢	ئەفسانەی جەنگەڵ	حەمە ڕەشید ئەحمەد شانە	چیرۆك	چاپکردن
٥٠٣	هەڵۆ بەرزەکان	جەلال مەحمود عەلی	چیرۆك	چاپکردن
٥٠٤	گۆڤاری هەنار ژمارە (١٧)	چاپ و بڵاوکردنەوە	گۆڤار	چاپکردن
٥٠٥	بەجیهانیبوون	عومەر ڕەسوڵ شێنکی	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٥٠٦	نیشتمانی من	ئیدریس شەهداهۆ	نووسینی ڕۆژنامەوانی	چاپکردن
٥٠٧	نوح	ئەنوەر قادر محەمەد	چیرۆك	چاپکردن
٥٠٨	ئارمان و ئازارەکانی ژن	سەروەر کەریم	وتاری ڕۆژنامەوانی	چاپکردن
٥٠٩	ئاشنابوون بەئەرستۆ	و: ڕێباز مستەفا	فەلسەفە	چاپکردن